# سیروان کاوسی

## کۆبەرهەم
## ژمارە (١)




نۆرویژ:

مانگی گوڵان ٢٠١١

# Collected works (1)

## By: Sirwan Kawsi

This book contains a number of interviews, political articles, historical researches and social analysis that were presented by Sirwan Kavose through radio programs, newspapers, magazines and via different Kurdish websites in the years 2002 – 2011.

**Other works by the same author:**

1- Drugs, opium and narcotics. Published in Norway 2009
2- A history of the evolution of religious rule in Iran. Published in Norway 2010.

Norway – Oslo 2011



**سیروان کاوسی**

# کۆبەرهەم

# ژمارە (١)

**نۆرویژ – ئۆسلۆ**

**مانگی گوڵانی ٢٠١١**

ناوی پەرتۆک: کۆبەرهەم ژمارە (1)

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

چاپی یەکەم: لە چاپخانەی

Digital Printservice AS, Oslo

مانگی گوڵانی ساڵی 2011، لەسەر ئەرکی نووسەر چاکراوە.

ئەژمار: 1000 دانە.

مافی چاپکردنەوەی تەنێ بەدەست نووسەرە.

# ناوەرۆك


وتەیەکی پێویست بۆ چاپی ئەم بەرهەمە ......................................... 1

ناسنامە و مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لەچەند لاپەڕەیەکدا..................4

پێناسە و ئامانجی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ................................ 20

کۆماری کوردستان لەنێوان ئەفسانە و راستی دا .................................... 25

وتووێژی رادیۆ رۆژاوای کوردستان لەگەڵ سیروان کاوسی............................ 35

سمکۆی شکاک لەنێوان تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی و، رق و بێزاریی داگیرکەرانی کوردستان ...................................................................... 57

هەڵەبجەی شەهید، رەمزی پێشاندانی دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان و قوربانیی دەستی سیاسەتی چەواشەی خۆیی ...................................................... 73

کورتەمێژووی چەکی ئەتۆم و قەیرانی ئەتۆمیی ئێران ............................. 95

خەونی خۆشی "فیدراڵی" سەرکردەی حیزبەکان و چارەنووسی نادیاری کورد ..... 106

هەڵەبجە و پەیماننامەکانی تایبەت بە هۆلۆکاست وجێنۆساید .................. 111

رامیاریی چەوتی ئەمریکا و کورد، لەعێراق و لەئێران .......................... 122

رۆژی 24/7/2007، هەشتاوچوار ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر پەیمانی نگریسی لۆزان، ساڵڕۆژی دابەشکردنی کوردستان ............................................... 126

ئەگەری لێدانی گورزی سەربازیی لە ئێران و سەرلێشێواوی و ناتەبایی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ 136

جەنگی تازەی کەنداو، رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران و، سەرلێشێواویی ئۆپۆزسیۆنی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ 142

ئێران، گرێپووچکەی رۆژهەڵاتی ناڤین و پارووی چەوری زلهێزەکان .............. 148

پرۆژەی رووخانی رژێمی ئێران و شەڕەگەڕەکی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.. 157

رەخنەی بان کی مۆن لەرژێمی ئێران و، پشتگوێخستنی مافی دوانزە ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ 167

عەرەبی سوننە، ئەمریکا و، سیاسەتی عەرەبی شیعە لەعێراقی تازە ............ 171

دیمانەیەک لەگەڵ سیروان کاوسی لەلایەن گۆڤاری "رێگا" وە .................. 176

بەئاگاداری و رەزامەندیی نوێنەرانی کورد، داگیرکەران پیلان بۆ پاکتاوکردنی سەر لە نوێی نەتەوەی کورد دادەڕێژنەوە ........................................ 193

وتووێژی رۆژنامەی "هاووڵاتی" لەگەڵ سیروان کاوسی ........................... 199

گەلی کورد لەنێوان گێژاوی بێچارەنووسی و پرسی "بەشداری، یان بەشدارینەکردن" لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئێراندا ........................................ 207

دیمانەی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" لەگەڵ سیروان کاوسی ....................... 216

رژێمی خوێن و شکەنجە و سێدارە و پێبینایە (31) مینساڵی دامەزرانییەوە..... 237

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەڕوانگەی رژێمی تورکیاوە ......................... 245

بەشدارینەکردنی (پارتی و یەکێتیی) لەکۆنگرەی (6)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، چەند پرسیارێک ..................................................... 250

کوردی بێ ناسنامە، هەلی مێژوویی و، سەرکردەیەتیی بێ ستراتیژ ............. 253

درۆشمی تازەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەنێوبردنی مەترسیی "پەیمانی سێڤر" و بووژاندنەوەی "پەیمانی لۆزان" ................................................ 261

رێوڕەسمی (28ی گەلاوێژ) و وەرامێک بۆ عەلیڕەزا نووریزادە و دارودەستەکەی... 265

پیلانگێڕیی هاوبەشی رژێمەکانی ئێران و تورکیا و، دۆخی ئێستای کورد ......... 282

لەیادی 22 ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال دا، کورد شایی و لۆغان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق دەگێڕێت ............................. 287

سەدەیەک جینۆسایدی بەردەوام و چارەنووسی بزووتنەوەی باکووری کوردستان لەسایی رێبەریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا ........................................... 290

کوردستان لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی دا ........................... 306

هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد بەڕێوەیە، بەمەرجێک ئەم هەلەش نەکرێتە قوربانیی حیزبحیزبێنە و هەوڵوهەڵپەی کورسی و پووڵ و پلەوپایە ........................ 349

بەرهەمی چاپکراوی نووسەر ......................................................... 353

وێنە ........................................................................... 354

## وتەیەکی پێویست بۆ چاپی ئەم بەرهەمە!

ئەم پەرتۆکە کە ناوی "کۆبەرهەم ژمارە (1)" م بۆ داناوە، بەشی یەکەمی کۆمەڵەوتاری رامیاری و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سەروتار و دیمانەی رادیۆیی و رۆژنامەگەرییە کە هەر لەسەرەتای ساڵی 1999 وە تاکو ساڵی 2011 بەناوی خۆمەوە، یان بەناوی سەرۆکایەتی کۆنگرە، یان بەناوی خوازراوەوە بڵاوکراونەتەوە.

لەوەرزی بەهاری ساڵی 1999ی زاینەوە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانم خستەسەر شانی خۆمەوە تاکو ئەورۆ کە لەمانگی گوڵانی 2011 داین، جگە لەوەی کە بەتاقی تەنێ **(53)** ژمارە گۆڤاری "کۆنگرە" م بڵاوکردووەتەوە، هەروەها ماڵپەڕی "کۆنگرە"، بە هەردوو شێوە زاری کرمانجی سەروو (لاتین) و کرمانجی ناوەڕاست، بەشی زمانی فارسی و عەرەبیم بردووەبەڕێوە. جگە لەمانە، سێ دانە پەرتۆکی خۆمم بە چاپگەیاندووە.

لەساڵی 2005 وە تاکو ساڵی 2008 ئامادەکردنی بەشی زۆری بەرنامەکانی رادیۆ رۆژاوای کوردستان لە ئەستۆم بووە و، بەهاوکاریی لەگەڵ **هاوبیرانی دڵسۆز و هێژا شیلان بەرزنجی، شوان بەرزنجی، بەڕێز گۆران دەرگەزێنێ، ماناز گۆرانی و چەندین هاوبیری دیکە** بیروباوەڕی نەتەوەیی و دەنگ و بیروبۆچوونی نیشتمانپەروەران و زانستکاران و شارەزایانی کوردمان لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا بەگوێی گەلەکەمان گەیاندووە.

جگە لەبەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە، هەروەها (3) پەرتۆکی **هاوبیری هێژا مامۆستا جەمال نەبەز، بەناوی "خوێندەواری بەزمانی کوردی"،**

**"وەرگێڕان هونەرە"، ناسنامە و کێشەی ناسیۆناڵی کورد"** م تایپ و ئامادەکردووە و ناردوومەبۆی. پێشەکیم نووسیوە بۆ دوانیان و، لەدانەکەی دیکەشدا بەچەند وشە سوپاسیکردووم و، ئەوەشی نووسیوە کە بیری کۆکردنەوە و چاپکردنی بابەتەسەمیناری و وتووێژ و وتارەکانی دیکەی، هەر لەسەرەتاوە پێشنیازی من بووە. پەرتۆکێکی دیکەی مامۆستا نەبەز بەناوی **"یارسان"**، بەهاوکاریی **هاوبیری هێژا کاک سمکۆ عەلی**، تایپ و ئامادەی چاپکراوە بۆی.

ئەگەر تێکرای ئەم ئەرک و ماندووبوونانەم بە خزمەتێکی بچووک بۆ نەتەوەکەم حیساب بکرێت، خۆبەخشانە و لەپێناو بیروباوەڕی خۆمدا کردوومە، ئامانجم تەنیا بڵاوکردنی بیروباوەڕی زانستانەی نەتەوەیی بووە لەنێو چینی خوێندەوار و رۆشنبیری گەلەکەم. جگە لەتەرخانکردنی کات و پارە و پووڵی خۆم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی راگەیاندنی کۆنگرە، سەدان رۆژ کاتی خۆمم بەنووسینی وتار و ئامادەکردنی گۆڤاری کۆنگرە وتایپکردنی پەرتۆکەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بردووەتەسەر و، شەونخوونی زۆرم کێشاوە بۆ ئەوەی لەبەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزمدا کەمتەرخەمیم نەکردبێت. بەپێویستمزانی تاکو خۆم ماوم و، زۆربەی ئەو کەسانەش ماون کە پێکەوە ئەرکی سیاسی و نەتەوەییمان بەڕێوەبردووە، ئەم چەند دێڕەبنووسم.

کۆیلەتی نەتەوەکەم و، سیاسەتی هەڵەی حیزبەکانی بەتێکڕا و بێجیاوازیی، بارودۆخی پڕکارەساتی دەیانساڵەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان کە داگیرکەرانی خوێنڕێژی گەلەگورگئاسا بەربوونەتە جەستەی و سامان و کانزا وبەربووی بەئاشکرا

تالاَندەکەن، هاندەرمبوون کە هەموو ژیان و کاتی خۆم تەرخان بکەم بۆ بلاَوکردنەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان. ئەمەش گران تەواو بووە بۆم، چۆنکە جگە لەوەی کە بیستویەکساڵە لە ئۆروپا دەژیم و نەمتوانیوە وەک دەیانهەزار کوردی دانیشتووی ئۆروپا ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاوسەر و منداڵەکانم دابین بکەم، بەڵکو چواردیوارییەکی بنەماڵەکەمان کە لەشاری سەقز هەمانبوو، دوای مردنی بابم، اطلاعات (دەزگەی پاراستنی رژێمی مرۆڤخۆری ئیسلامیی ئێران) رێگەینەدا دایکی پیرم بیفرۆشێ، دیسان دەستیانگرتەوە بەسەر ماڵەکەیدا، ئەویشم بەدەردی خۆم برد، کە دەبێ بەتەمەنی 84 ساڵەوە، لەشاری سنە، تووشی کرێنشینی و ماڵگواستنەوە لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک بێت.

هیوام وایە ئەم پەرتۆکە شیاوی خوێندن بێ و، رووی ئەوەی ببێت لەسووچێکی کتێبخانەی کوردیدا جێی بێتەوە

**سیروان کاوسی:**

8/5/2011

**مانگی گوڵانی 2711 ی کوردی.**

# ناسنامە و مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد

# لەچەند لاپەڕەیەکدا

**نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی سەرەکی و هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانیتی و مێژوویەکی کۆنی هەزاران ساڵەیە و بە درێژاییی مێژووی، لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی.**

نەتەوەی کورد خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی و، هەزاران ساڵە بەم زمانە دەپەیڤێ و قسەدەکا پێی. کۆنترین شێوەی وشەی کوردی لەنێو نووسراوەی مێخیدا لە فۆرمی **(مات کورداکی)** دا هاتووە کە بۆ هەزارەی سێی پێشزایین دەگەڕێتەوە. سەرزەوینی کوردستان، بەدرێژاییی مێژووی، بە هەزاران فەیلەسووف و زانا و بلیمەت و مرۆڤی ژیهاتی لێهەڵکەوتووە وکردەوە وپەیڤ و وشەی بەنرخیان بوونەتە رێنوێن و رۆناکیبەخشی ڕێگەی پیرۆزی ئازادی و یەکسانی و سەرفرازیی مرۆڤی کورد. **فەیلەسووفی مەزنی کورد زەردەشت – داڕێژەری بیروباوەڕی بەرزی مرۆڤانە و پەیامهێنەری (بیرکردنەوەی باش و وتەی باش و کردەوەی باش) زانا پاپەکی خوڕەمدین، فەیلەسووفی مەزن سوهرەوردی، سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی، ئەبوومسلم (بێزادان) کوردی خۆراسان، شەرەفخانی بتلیسی، ئەحمەدی خانی، سوڵتان سەهاکی کاکەیی، ،شێخ هادی ئێزدی، پیری عەلەوی، پیرشالیاری هەورامان، حاجی قادری کۆیی، جەلادەت بەددرخان، گیوی موکریانی، عوسمان سەبری و جەمال نەبەز، چەند نموونەیەکن لەهەزاران رۆڵەی هەڵکەوتوو و زانای کورد لە چاخ و سەردەمەکانی جۆراوجۆردا تا ئەمرۆ.**

**نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی بەرەنگاری هەموو داگیرکەر و**

دوژمنانی بووەتەوە کە ویستوویانە نیشتمانەکەی داگیربکەن و، قەڵاچۆی بکەن و سەروەت و سامانی بە تاڵان بەرن. هەرلە تێکشکانی ئیمپراتۆریی ئاشوور لە 2613 ساڵ لەمەوبەرەوە تا بەرەنگاری و پێکدادانی مێژوویی لە دژی سوپای دەهەزار سوارەی یۆنانی بەسەرۆکایەتیی مێژوونووس و سەرکردەی سوپای یۆنان بەنێوی (ئێگزێنۆفۆن) کە لە 2400 پێش ئێستادا لە کتێبی (ئانابازس) دا نووسراوە ، تا بەرگریی بێوێنەی شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزێن، تا ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران، سمکۆی شکاک، سەیدرەزای دەرسیم، شۆرشی ئەیلول بە سەرۆکایەتیی مەلامستەفا بارزانیی، تا راپەڕینی باکووری کوردستان لەدژی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا کە لەساڵی 1984 ەوە تاکو ئەوڕۆ درێژەی هەیە، هەروەها ڕاپەڕینی بەشکۆی بەهاری ساڵی 1991 ی باشووری کوردستان، کە داوودەزگەی رژێمی خۆێنڕێژی داگیرکەری بەعس ڕاماڵدرا، هەرهەمووی ئەمانە نموونە و بەڵگەن بۆ زیندووبوون و ورەبەرزی و شێلگیربوونی نەتەوەی کورد، لە تێکۆشیندا بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیی و، پارێزگاریکردن لە نیشتمانەکەی کوردستان.

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووی خاوەنی چەندین ئیمپراتۆریی و حکوومەت و کیانی کوردی بووە. **دامەزرانی ئیمپراتۆریی میدیا بە سەرۆکایەتی دیاکۆ 2701 ساڵ پێش ئێستە، ئیمپراتۆریی سەلاحەدینی ئەیووبی لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین، حکوومەتی زەند بە سەرۆکایەتیی کەریمخان کە نێوچەی بندەسەڵاتی جگە لە کوردستان هەموو ئێرانیشی گرتبووەوە، حکوومەتی بەدرخان، میرنشینی حەسنەوی، میرنشینی دۆستەکی، حکوومەتی شێخ مەحموودی نەمر و کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد نموونە و بەلگەی**

**مێژوویین کە کورد توانیویەتی لە چاخ و سەدەکانی جۆراوجۆردا بە باشترین شێوە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی بەڕێوەبەرێت.**

لەگەڵ پەرەسەندنی ئاینی ئیسلام و، پەلهاوێشتنی بۆ داگیرکردنی وڵاتانی ناموسڵمان، بە سەتان شەڕی خوێناوی لە نێوان سوپای ئیسلام و نەتەوەی کورددا روویاندا و پاش قەڵاچۆ و کوشتنوبڕینێکی زۆر و داسەپاندنی کۆچورەوی زۆرەملێ، لەزۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، بەرەبەرە ئاینی ئیسلام جێی ئاینی کۆنی کوردان - ئاینی میترایزم و زەردەشتیی گرتەوە. نیشتەجێبوونی ئاینی ئیسلام، گۆڕانێکی زۆری بەسەر نەریت و دەستووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێنا. جیا لە گۆڕینی فەرهەنگ و نەریتی کۆنی کوردەواریی، هەست و بیری نەتەوەیی کوردی سست و لاواز کرد. دەسەڵاتدارانی داگیرکاری عەرەب بەنێوی موسڵمانێتی و برایەتی و یەکسانییەوە، ڕێگەی هەر جۆرە بیرێکی سەربەخۆبوون و ئازادیخوازانەیان لەنەتەوەی کورد زەوت و بەربەستکرد. هەموو پەرتووکێکی کۆن و پەرستگەکان لە نێوبران و سوتێندران. هۆزانڤان و نووسەرانی کورد ناچارکران خزمەتی وێژە و زمانی عەرەب بکەن. لەو ڕێگەوە بەدەیان پسپۆڕ و زانای کورد خزمەتی زۆر گەورەیان بە پێشخستنی زمان و وێژە و شێوەی دەوڵەتداریی و پەرەپێدانی ئاینی ئیسلامییەوە کرد.

پاش نیشتەجێبوونی تورکان لە ئاسیای بچووکدا و گواستنەوەی نێوەندی دەسەڵاتداریێتیی ئیسلامیی لە وڵاتانی عەرەبەوە بۆ ئەستەمۆڵ و، پاش دامەزراندنی ئیمپراتۆریی عوسمانی، تێکهەڵچوونێکی گەورە و خوێناوی بەنێوی شیعەیەتی و سونییەتی، بەڵام لەنێوەرۆکدا بەمەبەستی داگیرکردنی وڵاتانی بەپیتوبەرەکەتی وەکو کوردستان، لە نێوان دوو

ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانیدا دەستیپێکرد. وڵاتی کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوانیان و، کورد تووشی زەرەر و زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵی هات. لەئاکامی تێکشکانی لەشکری **شائیسماعیل سەفەویی** لەجەنگی **"چالدێران"** دا، کەوتنە وتوویژ و، لە ساڵی **1514** ی زاینیدا ڕیککەتننامەیەکیان مۆر کرد کە بە ڕیککەوتننامەی چالدێران نێوی رۆیی. بەپێی ئەو ڕیککەوتننامەیە، وڵاتی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکەدا دابەشکرا کە بە یەکەمین دابەشکردنی رەسمی دەژمێردرێ و، نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی کرد بە دوو بەشەوە . لەپاش ئەم دابەشکردنە، وڵاتی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانییەوە بە چەندین ئەمارەت و میرنشین دابەشکرا و، ئەم میرنشینانە تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیی نێوخۆییان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە گەورەپیاوانی کورد لەوانە **بەدرخان و پاشا کۆرە و هەلۆخانی ئەردەڵان** و ....هتد، هەرکاتێ هەلیان لەبار زانیبێ، لە دژی دەسەڵاتداریتیی بێگانە ڕاپەڕیون و، سەربەخۆیی کوردستانیان ڕاگەیاندووە .

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوانیان بۆ دەستبەسەراگرتنی وڵاتانی بەپیتوبڕشتی جیهان، شەڕوشۆڕێکی گەورەو خوێناوی بەپانتایی هەموو جیهان لە نێوان هێزەکانی کۆلۆنیالیستی جیهانیدا دەستیپێکرد. ساڵی **1918** لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم و، سەرکەوتنی **بەرەی هاوپەیمانەکان (ئینگلیز وئیتالیا و فەرەنسە)**، دنیا پێینایە دۆخێکی نوێوە. کیشوەری پانوبەرینی ئیمپراتۆریی عوسمانی وەکو لایەنی تێکشکاوی جەنگ، پارچە پارچە کرا و لە نێو دڵیەوە چەندین وڵات و حکوومەتی نوێی وەک **تركیە، ئێران، سووریە، ئەردەن، کوێت، عێراق، یەمەن، عومان، عەرەبستانی سعوودی** و..... هتد داتاشران و، سازکران. **وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەرەنسە و ئیتالیا)**، بۆ داڕشتنی

سیستەمێکی نوێی جیهانیی، بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ناڤین، لە سالی **1920** دا کۆبوونەوەیەکیان بەست کە بە **(پەیمانی سیڤەر)** نێوبانگی دەرکرد.

**بەپێی بەندەکانی 62 و 63 و 64 ی پەیمانی سیڤەر**، سەربەخۆیی بۆ کوردستان پەسەندکرا و بڕیاردرا کۆمیسیۆنێک لەنوێنەرانی **بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا**، لەگەڵ نوێنەرێکی کورد و نوێنەرێکی ئێرانی پێکبێت، بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی ئەوگوندانەی کە لەسەر سنووری تورک و هاوسێکانی دیکەی کورددان.

**پەیمانی سیڤەر، یەکەمین بەڵگەنامەی نێونەتەوەییە کە تێیدا مافی سەربەخۆیی بۆکورد بەڕەسمی ناسرا.** لەسەروبەندی بەستنی پەیمانی(سیڤەر) دا رژێمی نوێی تورک بەسەرۆکایەتیی **مستەفا کەمال (ئەتاترک)،** پاش ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر، کەوتە هەوڵوتێکۆشینێکی بەرفرە بەمەبەستی پاشگەزکردنەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ جێبەجێنەکردنی بەندەکانی پەیمانەکە. لەولاشەوە لەگەڵ **یەکێتی سۆڤێت بە سەرۆکایەتیی لینین**، پەیمانی هاوکاری مۆرکرد. لەنێوخۆشەوە **(لەتورکیە و باکووری کوردستان)** بەدانی وادە و بەڵێنی زۆر و بەدرۆ و دەلەسە و هەڵەخڵەتاندنی کوردان  کە حکوومەتی تورک ئامادەیە لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا هەموو مافێکی کوردان بپارێزێ، توانییان کار بکەنەسەر بۆچوونی وڵاتانی هاوپەیمان و، لە ئاکامیاندا پەیمانی سیڤەر هەڵوەشێندرێتەوە. **لەرۆژی 24/7/1923 دا پەیمانی لۆزان** هاتە کایەوە و جێی بڕیارەکانی پەیمانی سیڤەری گرتەوە. بەپێی پەیمانی لۆزان، نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەلایەن کۆلۆنیالیزمی جیهانییەوە، **لەنێوان چوار رژێمی دەستکرد و شۆڤێنیست و پاشکەوتوو و کۆمپرادۆری وەک سووریە و تورکیە، ئێران و عێراق دابەشکرا و، پارچەی پێنجەمی کوردستانیش، درا بە یەکێتی سۆڤێتی هاوپەیمانی ئەوکاتی رژێمی تورکی**

**کەمالیست.** نیشتمانپەروەرانی نەتەوەی کورد لە هەموو نێوچەکانی کوردستانەوە بەرەنگاری ئەم ستەمەنامرۆڤانەیە بوونەوە و، بەرخودان و راپەڕینی گەورە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەڵگیرسێندران. **لەباکووری کوردستاندا چەندین بزاڤی چەکدارانە بە ڕێبەرایەتیی شێخ سەعیدی پیران و کۆمەڵەی خۆییبوون بە سەرۆکایەتیی ئێحسان نووری پاشا، بزووتنەوەی هەرێمی دەرسیم بەسەرۆکایەتیی سەید ڕەزای دەرسیم،** لە دژی رژێمی داگیرکەری تورک هەڵگیرسان. **لەباشووری کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، لە دژی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز و، حکوومەتی دەستکردی پاشایەتی مەلیک فەیسەڵ لە بەغدا راپەڕی و شانشینی سەربەخۆی کوردستانی راگەیاند. لەرۆژهەڵاتی کوردستان سمکۆی شکاک سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند.** بەڵام هەموو بزاڤێکی یەک لە دواییەکی کوردان بەدڕندانەترین شێوە و بە هەموو چەکێکی سووتێنەر و قڕکەرەوە لە لایەن سوپای داگیرکەرانەوە بەرپەچدرایەوە و، لە خوێن و باروووت و ئاگردا نوقم کران. بۆ دەرخستنی گەورەیی و بەربڵاویی ژینۆسایدی کوردان بەدەستی داگیرکەرانیەوە و، نیشاندانی دڕندەیی و خووی نامرۆڤانەی داگیرکەران بەرامبەر بە کورد، تەنیا وتەی وەزیری دادی رژێمی تورک بەنێوی **(عیسمەت پاشا)** وەبیر دێنینەوە کە **رۆژنامەی (ملیت)** لە مانگی ئاپریلی **1930** دا قسەکانی بڵاوکردەوە کە گوتبووی: بڕوا و تێوری من ئەمەیە ! با دۆست و دوژمن و هەموو جیهان، تەنانەت با چیاکانیش گوییان لێ بێ و بزانن! نەتەوەی تورک سەردار و گەورەی ئەم وڵاتەیە و ئەوەی کە بە خوێن و رەگەز ترک نەبێ، تەنیا یەک مافی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ نۆکەر و کۆیلەی تورک بێ....."

سالی **1930** دوای تێکشکانی **راپەڕینی کۆمەڵی خۆییبوونی کورد بەسەرۆکایەتیی ئێحسان نووری پاشا،** کە لەئاکامی هێرشەکانی سوپای

تورکدا ملیۆنێک کورد کوژران و، پتر لە ملیۆنونیوێکی دیکەش لە زستان و لە نێو بەفر و کڕێوە و باهۆز و بەپێی پەتیی بە زۆرەملێ بەرەو شار و مەڵبەندە تورکنیشنەکان راگوێزران، پتر لە سێسەت هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لە ڕێگەدا مردن. لەپاش ئەو قەڵاچۆ دڕندانەیە، **ڕۆژنامەی "ملیت"ی تورک وێنەی چیای ئاگری کێشابوو و، کێلی گۆڕێکی لەسەر دانابوو و، لەسەری نووسیبووی کوردستان! بەو مانایە کە کورد و کوردستان بۆ هەمیشە لە گۆڕنراوە.** بەم چەشنە نەتەوەی کورد لەکۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، لەئالی نێونەتەوەییەوە گەورەترین ستەمی مێژوویی لێکرا. نەتەوەی کورد بەم دابەشکردنەی نەتەنیا بەرەوڕووی داگیرکردنی خاک و ژینۆسایدی ئابووری و کەلتوری و مرۆڤیی بووەوە، بەڵکو لەئالی نێوخۆییشەوە هێزوتوانا و خەباتی، وەک خاکەکەی دابەش و پارچە پارچە کرد و، لە درێژخایاندا بوو بە هۆی لاوازیی بیروباوەری نەتەوەیی و، بەرەبەرە درۆشم و بیرۆکەی چەوت و لابەلای سەرلێشێوێن، جێی درۆشمی رزگاری و ئازادیی کورد و بیروباوەڕی نەتەوەییان گرتەوە.

سالانی نێوان هەردوو جەنگی دنیاگری یەکەم و دووەم، بیری دیمۆکراسی و ئازادیخوازی و رزگاریی لە دنیادا پەرەگر بوو. هەر بەو پێیەش چالاکی و سیاسی و رۆشنبیریی لە نێو رۆناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دەستیپێکرد و، گەلێک بنکەی رۆشنبیری و هونەریی پێکهاتن. کۆمەڵەی ژێکاف لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابوردوودا، دەورێکی باش و گرنگی دەگێڕا لە ناساندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی لە نێو رۆشنبیرانی نەتەوەکەماندا .

لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، لەگەڵ نێزیکبوونەوەی هێزەکانی

ئەڵمانی نازی لە قەفقاس و باشووری سۆڤێت، دەوڵەتانی هاوپەیمانیش هێزەکانی خۆیان کشاندە نێو خاکی ئێرانەوە. هاتنی سوپای سۆڤێت و ئینگلیز و ئەمریکا بۆ نێوئێران، بوو بەهۆی رووخانی حکوومەتی رەزاشای دیکتاتۆر کە هاوپەیمانی ئەڵمانی نازی بوو. ئەمە دەرفەت و هەلێکی لەباری بۆ نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا رەخساند کە بە ئاشکراو بەربڵاوتر لەپێشوو، دەستبکەن بە چالاکیی سیاسی و نەتەوەیی. **ساڵی 1946 حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن ئەندامانی پێشووی کۆمەڵەی ژێکاف و ژمارەیەکی دیکە لە نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان دامەزرا و، قازی محەمەد بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا. دووی رێبەندانی ساڵی 1946 کۆماری سەربەخۆی کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەمەد لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد دا راگەیەندرا.** کۆماری کوردستان سەرەڕای کورتبوونی ماوەی دەسەڵاتدارێتیی، لاپەڕێکی زێڕین و گەشی لەبەردەم خەباتی نوێی گەلەکەماندا کردەوە و، گەلێک داهێنان و شێوازی مۆدێرن و نوێی لە کۆمەڵگەی ئەوسای کوردەواریدا داڕشت. کۆماری کوردستان لێوەشاوەیی کوردی لە پێڕەوکردنی دێمۆکراسی و حکومەتدارییەوە بە کردەوە نیشاندا و، ئاسۆیەکی رۆشنی لەبەردەم خەباتکاران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەماندا کردەوە. کۆماری کوردستان بەرێککەوتنی **ستالین دیکتاتۆری سۆڤێت و قوام السلطنه سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران**، کۆتاییپێهات و چرا و هیوای کوردان بۆ ماوەیەک کوژایەوە.

**جەنگی جیهانیی دووەم** بەلەنێوچوونی نازیزم و هاوپەیمانەکانی کۆتاییپێهات و، دنیا بەرەو کێبەرکێ و ناکۆکییەکی نوێ راکێشکرا. **سەرجەم وڵاتانی جیهان لە نێوان دوو بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات (بەرەی کۆمۆنیزم و بۆرژوازی)** دا جێگیرکرابوون. دوو دەوڵەتی رووس و ئەمریکا سەرقافڵە و کارگێڕی هەردوو بلۆکی دژبەر بوون و، دژایەتی و

کێبەرکێیەکی توندوتیژ بەنێوی **"جەنگی سارد"** لەنێوانیاندا دەستپێکرا. هەر لە ڤێتنام و کامبۆج و رۆژهەڵاتی ئاسیاوە تا لێوارەکانی ئەفریقیا و، باشووری ئەمریکا، سەرتاسەری جیهان گۆڕەپانی چالاکیی سیخوڕی و کودەتای سەربازی و راپەڕین و ئاژاوە و پیلانگێڕان و دژایەتیی نێوبەریان بوو. **داگیرکەرانی کوردستان (تورکیا و ئێران)، لە بەرەی رۆژئاوادا بوون و دوو رژێمی سووریا و عێراقیش لە بەرەی سۆڤێت جێگیرکرابوون.** هەر دوو بلۆک بۆ پاراستنی بەرژەوندییەکانیان لە ئاستی جیهاندا، حکوومەتەکانی هاوپەیمان و وابەستە و ئالقەلەگوێیان، بە جۆرەها چەکی مۆدێڕن و نوێی کۆمەڵکوژ و قڕکەر تەیارکردبوو. بەهۆی گرنگیی رۆژهەڵاتی ناڤین لەباری جیئۆپۆلیتیکەوە، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کرابوونە زاخە و هەماری چەک و جبەخانە و پێگەی گەورەی سەربازیی. لە بارودۆخ و کەشێکی ئەوتۆدا کە بەسەر دنیادا داسەپابوو، نەتەوەی کورد، دەرەتان و رێگەی هەرچەشنە دەربڕینێکی ئازادانەی سیاسی و نەتەوەیی لێزەوتکرابوو. بە ئاشکرا و بەنهێنیی داگیرکەرانی کوردستان هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان دەدا و، زلهێزەکانی دنیاش ئامادەنەبوون بۆ خاتری نەتەوەی کورد، چاو لەبەرژەوەندییەکانیان بنووقێنن و دڵی هاوپەیمانەکانی خۆیان بڕەنجێنن.

**لە گەرماوگەرمیی (جەنگی سارد) دا، راپەرینی بێوێنە و جەماوەریی گەلەکەمان کە بە "شۆرشی ئەیلوول"** بەنێوبانگە، لەساڵی 1961 بەسەرۆکایەتیی **مەلامستەفا بارزانیی** دەستیپێکرد. دەنگوباسی بەرەنگاری و پێکدادانی قارەمانانەی پێشمەرگە و رووداوەکانی کوردستان لە دنیادا بڵاوبووەوە. بەهۆی شپرزەبوونی هێزەکانی رژێمی عێراق لە بەرەکانی جەنگی کوردستاندا، رژێمی عێراق لەبارودۆخێکی ئاڵۆزدا خۆی ناچاربینی لەگەڵ سەرۆکایەتیی کورد بکەوێتە وتووێژەوە. ساڵی **1970**

ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لەنێوان ڕژێمی داگیرکەری بەعس و سەرکردەیەتیی شۆڕشدا مۆرکرا. **ڕیککەوتننامەی ساڵی 1970 سەرەڕای گەلێک کونوکەلەبەر و ناتەواویی، بەیەکەمین دەستکەوتی سیاسیی بۆ کورد دەژمێردرێ، کە بەشێوەیەکی فەرمی لە لایەن داگیرکەرێکی کوردستانەوە، لە یاسا و دەستووری وڵاتدا گونجابێ.**

بێبڕوایی سەرۆکایەتیی ڕژیمی بەعس بەرامبەر بەڕێوەچوونی ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی و، پیلانگێڕان و دژایەتیکردنی داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، گیروگرۆی گەورەیان لەبەردەم سەقامگیربوون و پێشڤەچوونی نێوچەی ئۆتۆنۆمیداردا پێکهێنابوو. جگە لەوەش نێزیکبوونەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کورد بەمەبەستی لاوازکردنی ڕژێمی عێراقی سەر بە سۆڤێت، دڵگەرمییەکی زۆری بەکورد و بەسەرۆکایەتیی شۆڕشەکەی بەخشیبوو. بەتایبەتی ڕژیمی حەمەڕەزاشای ئێران بەدانی وادە و بەڵێنی زۆر و، بەبەخشینی یارمەتی لۆجیستیکی و پارەیەکی زۆر بە سەرۆکایەتیی شۆڕش، لەو نێوەدا ڕۆڵ و فێڵ و فەرەج و نەخشێکی گەورەی دەگێڕا و، توانی چارەنووسی شۆڕشەکە ببەستێ بە بەرژەوەندیی رامیاری و ئامانجی شۆڤێنیستانەی خۆیەوە.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، پاش گەیشتن بە پلان و ئامانجە سیاسییەکانیان لە نێوچەکە، نەتەوەی کوردیان لە بەرامبەر ڕژێمی فاشیستی سەددام و، سوپای دڕندە و پڕچەکیدا بەتەنێ هێشتەوە و، پاش تێکشکانی شۆڕش، ڕێگەیان لە سەددام و ڕژیمەکەی نەگرت تا بەرامبەر ژینۆسایدی کوردان دەست بپارێزێ و، قڕکردن و پاکتاوکردنی رەگەزیی نەخاتەڕێ. شۆڕشی ئەیلوول سەرەڕای هەموو کەموکورتی و ناتەواوییەکی نێوخۆیی و،

پیلانگێران و دەستێوەردانی دەرەکییەوە، بەیەکێک لە راپەڕینەکانی مەزنی کورد دەژمیردرێ لە سەدەی رابردوودا.

**رژێمی سۆڤێت (وڵاتی دایک)** کە سەرقافڵە و پێشرەوی دەوڵەتانی کۆمۆنیستی بوو لە جیهان، تا کاتی هەرەسپێهێنانی لە ساڵی 1990، بەرامبەر کیشەی رەوای کورد، سیاسەتێکی نامرۆڤانە و دوژمنکارانەی گرتبووە بەر. **رژێمی سۆڤێت لەسەردەمی لێنین**، لەساڵی 1921دا یەکەمین رژێمی جیهان بوو کە حکوومەتی تازەدامەزراوی تورکیا بەسەرۆکایەتیی کەمال ئەتاتورکی بەڕەسمی ناسی. **رژێمی سۆڤێت لە سەردەمی ستالین لە ساڵی 1925 دا، بەمەبەستی دانانی بناخەی هاوکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ کەمالیستەکانی شۆڤێنتستی تورک (ژۆن تورک) کە لەلایەن ئەتاتورکەوە سەرکردەیەتییدەکرا، راستەوخۆ کەوتە دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد و راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و، لایەنێکی سەرەکی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی (پەیمانی سیڤەر).**

ساڵی 1946 بە رێککەوتنی ستالین، سەرۆکی رژێمی سۆڤێت و رژێمی شای ئێران، کۆماری سەربەخۆی کوردستان و دەسەڵاتداریتیی کورد رووخێندرا. رژێمی سۆڤێت بۆ ماوەی نێزیک بە هەشتا ساڵ بەرامبەر ژینۆسایدی کوردان لە باکووری کوردستان بەدەستی تورکان بێدەنگ بوو، بەرامبەر ئەنفالەشوومەکانی سەدام و، بۆمبابارانی کیمیایی هەڵەبجە و کۆچڕەوی گەلی کوردمان لەباشوور کە ساڵی **1991** روویدا بێدەنگبوو. یەکێتی سۆڤێت هەر لەساڵی **1970** وە تا کاتی رووخانی، پشتیوان و یارمەتیدەرێکی گەورەی دوو رژێمی داگیرکەری کوردستان- عێراق و سووریە بوو لە ڕووی چەک و تێکۆلۆژیی جەنگییەوە . رژێمی سۆڤێت بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداریتیی، بۆ جارێکیش دەنگی نارەزایەتیی بەرامبەر

تاوانی هیچیەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان دەرنەبڕی. رژێمی سۆڤێت هەروەها لەنێوخۆشیدا بۆ رەزامەندیی رژێمی کەمال ئەتاتورک، **کۆماری ئۆتۆنۆمیداری کوردستانی سۆری** لەنێوبرد و، دانیشتووانیشی بەسەر چەندین ئەیالەتی سۆڤێتدا پرشوبڵاو کردەوە.

**بە کورتی نەتەوەی کورد هەر لەکۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا کۆتایی "جەنگی سارد"، فڕیدرابووە دەرەوەی هەردوو بازنەی دنیای دوو جەمسەرییەوە و، سەرەڕای هەموو بانگەواز و درۆشمێکی مرۆڤی و ئازادیخوازانە کە هەردوو بلۆکی دەسەڵاتدار بڵاویان دەکردەوە، نەبەرەی سۆسیالیزم و نەبەرەی بۆرژوازی و دیمۆکراسی لە جیهاندا، بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی رێگەی پێنەدان هەڵوێستێکی مرۆڤانە بەرامبەر بە کورد بگرنەبەر و، بەکردەوە پێش بە پاکتاوکردن و لەنێوچوونی بگرن.**

لە ئالی نێوخۆییەوە لە ماوەی پەنجاساڵی رابردوو بەملاوە، دوو فاکتەری گرنگ رۆڵ و کارکردێکی زەق و گەورەیان لەلاوازکردن و لەنێوبردنی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی لەنێو گەلەکەماندا گێڕاوە و، خەباتی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بەهۆیانەوە تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوییەکی زۆر هاتووە:

*- فاکتەری یەکەم، **سەرهەڵدانی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بوو لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا. ئایدیۆلۆژیی مارکسیزم لەرێگەی حیزبەکۆمۆنیستەکانی نەتەوەکانی باندەستی کوردەوە و، بەرێگەی بەشێک لە خوێندەوارانی خۆبە رۆشنبیرزانی کوردەوە هاتە نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانەوە.** ئەم خوێندەوارانەش لەباتی ئەوەی بچن تیۆری ماکسیزم لە سەرچاوەکەیەوە کە ئۆروپایە وەربگرن و، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵیسەنگێنن و بیگونجێنن، هاتن

مارکسیزمیان لەزمان و لەدەمی دەسکەلا عەرەب و فارس و تورکەکانی مۆسکۆوە وەرگرت، کە ئەمانەش بە دەم کۆمۆنیست و، بە کردەوەش شۆڤێنیست و دوژمن بە کورد بوون. بەبیانووی خەباتی ئینترناسیۆنالیستی و یەکێتی گەلان و یەکسانیی مرۆڤ و، پێشکەوتنخوازی و بەرگریکردن لەمافی چینی پرۆلیتاریای جیهان و، درۆشمی دیکەی لەم بابەتانە، کەوتنە پرۆپاگەندە و پەلاماردان و سووکایەتیپێکردن و تیرۆری ولاتپاریزان و هەلگرانی بیری سەربەخۆیی و کوردستانیی.

بەنێوی خەباتی چینایەتییەوە کەوتنە دژایەتیکردنی بیری نەتەوەیی و، بیری نەتەوەیی کوردییان بە دەستکرد و هەولی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و بەرەی بۆرژوا و کۆنەپەرستی نێوخۆ دایەقەلەم. زۆربەی هەرەزۆری رێکخراوەسیاسییەکانی کوردستان خۆیان لەبەرەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا دانابوو و، هەر یەکەیان بۆ ئەوەی رەوایەتیی بە قسەکانی بدا، رێکخراوەکەی دیکەی بە کۆنەپەرست و بۆرژوای نێوخۆ نێودەبرد. بۆ سەلماندنی بوونی خەباتی چینایەتیی لە کوردستان، لەکەرەنای شەڕیان دەدا و، لەو رێگەوە بە هەزاران رۆلەی کورد لە پێناو سیاسەتی چەوت و نانەتەوەییانەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان بەدەستی یەکدی هاتنەکوشت. ئەنجامەکەشی چاندنی تۆوی رق و کینە و دوژمنایەتیی نێوچە و شار و پارچەکانی کوردستان بوو بەرامبەر بە یەک. هاتنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی، نەتەنیا گرێیەکی لە کلافەی پڕئالۆزی کورد نەکردەوە، بەلکو بۆخۆشی بوو بە کۆسپێکی گەورەتر لەسەر رێگەی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستان. داگیرکەرانی کوردستان و رێکخراوە شۆڤێنیستەکانی نەتەوەکانی باندەستی کورد، گەلێک سوودیان لەم بیروباوەڕە لە کوردستاندا وەرگرت. کێشەی نەتەوەی کورد بەهۆی

پرۆپاگەندە و کارتێکردنی پارتەکۆمۆنیستەکانی نێوخۆیی و نەتەوەکانی باندەستی کوردەوە، تێکەڵ بە کێشە نێوچەیی و جیهانییەکان کرابوو، بێئەوەی هیچیەکێک لەدەوڵەتانی کۆمۆنیست، یان دەوڵەتانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، بچووکترین حیسابێکیان بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە یەکلایەنەی کورد و رێکخراوەسیاسییەکانی کردبێت. زۆر مخابن شوێنەوار و ئاسەواری ئەم روانگە و بیرۆکە چەوتە، ئەمڕۆکەش لەنێو بەشێک لە رێکخراوە و پارتەسیاسییەکانی کورددا هەرماوە و لەنێو نەچووە. ئەزموون و تاقیکارییەکان لەمبارەوە نیشانیانداوە کە خۆهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی نەتەوەی کوردی بێدەوڵەتی بێدەرەتانی بندەست و کۆیلە لەهەر کێشەیەکی نێوچەیی و جیهانی و دەربڕینی هەر چەشنە هاوپەیمانێتی و هاوکاریکردنێک، چ لەئاستی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین و، چ لەئاستی نێونەتەوەییەوە، ئەگەر بەروانگەیەکی زانستی و بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردەوە لێکنەدرێتەوە، جگە لەزەرەر و زیان، هیچ سوودێکیان بۆ کورد و کێشەکەی تێدا نەبووە نایانبێت.

*- فاکتەری دووەم - **هاتنی بیروباوەڕی ئۆتۆنۆمی، یان خودموختاری بوو بۆ نێو گۆڕەپانی بزافی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان.** چاوکانی و چۆنێتیی هاتنی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی لەبنەڕەتدا، لە ژێر کاریگەریی شێوەی بەڕێوەبەرێتیی نێوخۆیی وڵاتی پانوبەرینی سۆڤێت، لە لایەن پارتەچەپەکانی نەتەوەکانی باندەستی کورد، لەوانە حیزبی توودەی ئێران و، پارتەکۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکانی عێراق و سووریا و تورکیاوە، هاتە کوردستانەوە، بەرەبەرە و پاش ماوەیەکی کەم نێزیک بەتەواوی رێکخراوە کوردییەکان بوون بەهەڵگری بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی. بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی ستراتیژی نەتەوەیی کوردی گۆڕی بە بەخشینی مافی

فەرهەنگی لەلایەن داگیرکەرانییەوە و، گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەی کوردی گرێدا بە چوارچێوەی سنووری داگیرکەرانەوە. بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی ناسنامە و هەبوونی نەتەوەیی ون و شلوێ کرد و، کەسایەتیی کوردی لەنێوبرد. بیری ئێرانچێتیی و عێراقچێتی و تورکچێتیی، جێی بیری کوردستانی و نەتەوەییان گرتەوە. بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیخوازیی هۆکارێکی سەرەکی بوو لەگەشەپێدانی بیری تەسکی نێوچەگەرێتیی و پاوانخوازی و زاڵکردنی بەرژەوەندیی حیزبایەتیی بەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا. بیری ئۆتۆنۆمیخوازیی کارکردێکی زۆری داناوە لە دوورخستنەوەی هەست و خۆشەویستی و هاوچارەنووسیی پارچەکانی کوردستان بەرامبەر یەکدی. سەرهەڵدانی دیاردەی دزێوی شەڕی نێوخۆیی و، ناکۆکی حیزبایەتی و نێوچەگەرێتیی و بەشەڕدانی کوردی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکدی و، چاندنی تووی دوژمنایەتی و بەکوشتندانی هەزاران رۆڵەی کورد بەدەستی یەکدی و .... هتد، گەورەترین زیانیان لە یەکێتیی نەتەوەیی و بیروباوەڕی کوردستانیی گەیاندووە. هەڵگیرسانی شەڕی چەکداریی بەچەکی سووکەڵە و بچووکەوە و بەگژداچوونی سوپای پڕچەک و جۆرەها چەک و بۆمبای قڕکەر و تووناکەری داگیرکەران، ئەویش نەک لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، بەڵکو بۆ رازیکردنی رژێمی نێوەندیی بۆ **مفاوضە و مذاکرە**، کە داواکارییەکانیش قەت سنوورێکی دیاریکراویان نەبووە، یارمەتیوەرگرتن لەداگیرکەری بەشێک و تەقەکردن لە داگیرکەری بەشەکەی دیکە بەحیسابی وەرگرتنی مافی فەرهەنگی لەنێوچەکەی خۆیدا، پتر لە نێو سەدەیە بێ هیچ گۆڕانێکی هزری و پێداچوونەوە و هەست بە بەرپرسیارەتیکردنێک بەرامبەر گیان و ماڵ و چارەنووسی نەتەوەی کورد، هەروا درێژەی هەیە. داگیرکەرانی کوردستان زۆر بەئاسانی توانیویانە

بەکەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخە شڵەژاوەی کە ئەم ڕێکخراوانە بۆ کوردیان پێکهێناوە، بەبەردەوامیی ئاگری شەڕی نێوخۆیی لەنێو کورددا رابگرن و لەپێناو تێکدانی راپەرینەکانی کورد و ئامانجەسیاسییەکانی خۆیاندا کەڵکی لێوەربگرن. زۆرمخابن شوێنەوار و ئاسەواری ئەم بیرۆکە تێکدەر و زیانبارە ئەمڕۆکەش لەنێو گۆڕەپانی بزاڤی رزگاری نیشتمانیی کوردستاندا هەرماوە و ریشەکێش نەبووە .

لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە مەبەست لەنێوهێنانی کۆمۆنیزم و ئاینی ئیسلام، بەمانای دژایەتیکردنی ئەو بیروباوەڕ و فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە نە کۆمۆنیستی کورد و نە موسڵمانی کورد، هیچیان بەبیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردستانییەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی، یان دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی لە کوردستان تێنەکۆشین، بەڵکو بوون بە پاشکۆ و گرێدراوی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی داگیرکەرانی کوردستان. لە کاتێکدا پێڕەوکردنی ئاینی ئیسلام، یان بیروباوەڕی کۆمۆنییستی لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی باندەستی کورد بەتایبەتی و لەجیهان بە گشتیی، هەڵبژاردنی ڕێگە و هەوڵدانێک بووە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی.

لە نێو ئەم تەمومژ و کلافە پڕ ئاڵۆز و سەرلێشوێنەی کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان تووشی بووە، هەر لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە ، کۆمەڵێک رۆشنبیر و خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەییی، بۆ گەشەپێدان و ناساندنی بیری ئازادی و سەربەخۆییخوازیی بەشێوەیەکی زانستی و هاوچەرخانە، لە **ساڵی 1959 دا ڕێکخراوەی "کاژیک" (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)** یان دامەزراند. **ڕێباز و فەلسەفەی کاژیک بە قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم ناسرا و، رزگاری و سەربەخۆیی هەموو کوردستانی داوا دەکرد. ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ و**

**کۆمەڵگەی کوردەواریی، ئامانج و ستراتیژی رامیاری و نەتەوەیی کاژیکی پێکدەهێنا.** ئەگەرچی کاژیک بەهۆی بارودۆخی دژواری سیاسیی ئەوکاتی کوردستانەوە وەکو رێکخراوە نەیتوانی درێژە بە چالاکیی خۆیبدات، لێ بیروباوەڕەکە لەنێو نەچوو و هەر ما و بەردەوامیش لە تەشەنەسەندنداب‌وو تاکو **لە ساڵی 1985 دا ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرانی دڵسۆزی گەلەکەمان لە دەرەوەی وڵات کۆبوونەوە و، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند.**

هۆی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن پێکهێنەرانییەوە لەو روانگەوە بوو کە بە لەبەرچاوگرتن و لێکدانەوەی ئەزموونی تاڵی سەرجەم شۆڕش و راپەڕینەکانی پێشووی گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان، بەو راستییە مێژووییە گەیشتن کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە تاکەکەس و بە تاکەحیزبێکی سیاسی و بە راپەڕینی جیالەیەکی پارچەکانی کوردستان و، بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی نەگونجاو و داسەپاوی جۆراوجۆر، نەتەنێ سەرناکەوێ، بەڵکو رۆژ لەگەڵ رۆژ بارودۆخی کوردستان بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتی چەوت و چەوێڵ و نانەتەوەییانەوە بەرەو فەوتان و نوقمبوونی زیاتر دەچێ. لەبەر ئەوە نەتەوەی کورد پێویستی بە دەزگە و سازییەکی نەتەوەیی راستینە هەیە کە بتوانێ هەموو بیروباوەڕ و چین و توێژ و ئاین و کۆڕ وکۆمەڵێکی کوردستان لەدەوری یەکدیی کۆبکاتەوە. ئەرکی ئەم دەزگە نەتەوەییە، پاراستنی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی و، بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد دەبێت.

**بۆ کۆتاییهێنان بە کۆیلەتی و ماڵوێرانی و قەڵاچۆکردنی نەتەوەی کورد لەدەستی داگیرکەرانی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، نابێ چیدیکە چارەنووسی نەتەوەی کورد ببەسترێتەوە بە "قەزا و قەدەر و**

رۆحم" و جوولانی هەستی مرۆڤانە لە لایەن داگیرکەرانییەوە. دەبێ بناخەی یەکگرتنێکی نەتەوەیی دابرێژرێ و، لەهەموو بوارێکی پێویست کەڵکوەربگیرێ بۆ پێشخستنی بیروئامانجی نەتەوەی کورد و بۆ رزگاریی کوردستان..

## تێبینیی!

**ئەم وتارەم لەوەرزی زستانی ساڵی 2001 دا نووسی و، لەپێشەکیی دەستووری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا دانرا. لەپێشدا دەستووری کۆنگرە بریتیبوو لە سێ لاپەڕەی A4، ئەوە بوو ماوەی زیاتر لە سێ مانگ کاتم تەرخانکرد بۆ نووسین و داڕشتنی دەستوورو پێڕەوی تازەی کۆنگرە و، دوای ئامادەکردنی لەقەوارەی کتێبێکدا ناردم بۆ هاوبیران مامۆستا جەمال نەبەز و سەرۆکایەتیی کۆنگرە، ئەوانیش دوای خستنەڕووی چەند تێبینییەک، رەزامەندییان بەرامبەر دەستوورەکە پێشاندا و، وەک دەستووری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان تاکو ئەمڕۆ کاریپێدەکرێت کە لەمانگی گوڵانی 2011 داین. هەر لەساڵی 2002 دا، لەلایەن نووسینگەی کۆنگرەوە لە شاری لەندەن دووهەزار دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە.. دەقی رەشنووسی دەستوور و پێڕەوەکە لە ئەرشیودا پارێزراوە!**

**سوپاس و پێزانین بۆ هاوبیری بەڕێز و دڵسۆز کاک شوان بەرزنجی، کە ساڵی 2010 بە پرۆگرامی Word تاپیکرد بۆم،**

# "پێناسه و ئامانجی
# کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان"

**تێبینیی!**

**ئەم نووسراوەیەم مانگی بەفرانباری ساڵی 2001 نووسی و لەهێندێک لەژمارەکانی گۆڤاری "کۆنگرە" دا دامدەنا. دوای ئامادەکردنی دەستووری کۆنگرە، هەموو ئەم بەندانە بوون بە ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی و سیاسی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. لەساڵی 2005 وە لەلایەن هاوبیری دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کاک گۆران دەرگەزەنی یەوە لەسەر کاسێت تۆمارکرا و بەدەنگی زوڵاڵی خۆی ماوەی 3ساڵی لەرادیۆ رۆژاوای کوردستان پەخشدەکرا.**

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، مانگی گوڵانی ساڵی **1985**لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی و زانای نیشتمانپەروەری کورد، لەوانە **دوکتۆر جەمال نەبەز، دوکتۆر جەواد مەلا، ژنەراڵ عەزیز عەقراوی، هەندازیار بروسک ئیبراهیم، دوکتۆر ساڵح گابوری، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆما، شێخ لەتیف مەریوانی و چەندین نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی دیکەی گەلەکەمان، لەشاری لەندەن لە بەریتانیا دامەزرا.**

ئەورۆکە، کۆنگرە لە ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی، وەک ئۆرگانێکی بەرپرسیار لەسەر کێشەی کورد ناسراوە و، گەلێک جار لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکادا بانگهێشتکراوە و دەکرێت. بەدەیان دیپلۆمات و کەسایەتیی ئوروپایی و ئەمریکایی، لەرێگەی کۆنگرەوە بوونەتە دۆستی گەلی کورد و، لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا بەشداریدەکەن و، پشتگیری لە کێشەی کورد دەکەن. میدیای

کۆنگرە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. جگە لەگۆڤاری "**کۆنگرە**" و بلاوکردنەوەی چەندین پەرتۆکی زانستی، سەبارەت بە کورد و لایەنەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەکەمانەوە، هەروەها چەندین سایتی کۆنگرە، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر ئینتەرنێت دانراون. ساڵی **2005**ی زاینی، **رادیۆ دەنگی رۆژاوای کوردستان** لەسەر سەتەلایت دەستی بەوەشان کرد کە ٢٤ سەعات کاردەکا و، لە رۆژهەلاتی ناڤین و لە ئوروپا بڵاودەبێتەوە. لەرووی دیپلۆماسی و سیاسییەوە، کۆنگرە بەردەوام بۆ بەرەسمی ناساندنی کێشەی کورد و، "**بوون بە دەولەت**" کاریکردووە.

لە **کۆنگرەی پێنجەمی – کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** کە رێکەوتی **30/7/2005** لە لەندەن گیرا، پێشنیازی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لقی رۆژهەلات، هەروەها پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان لە تاراوگە، بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا. سەرۆکایەتی و هاوبیران لە کۆمیتەی کاروباری پێوەندیی دەرەوەی کۆنگرە، لە پێوەندی و چاوپێکەوتنی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریکردنی ولاتانی دیمۆکرات و ئازاد، تا لەکاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە پڕۆژەکە دەرببڕن. لەئالی نێوخۆ و دەرەوەدا، گەلێک رێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاری و پیشەیی و ئاینی، بەئاشکرا، یان نائاشکرا، بوونەتە ئەندام لەکۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. رێکخستنی جەماوەریی لەنێوخۆی ولات بەرادەیەکی باش و بەرچاو پەرەیسەندووە و، سەدان کوردی وڵاتپارێز، لەنێو شانە نەتەوەییەکان و کۆمیتەکانی کۆنگرە لەنێوخۆی ولاتدا رێکخراون. خەبات و تێکۆشینی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، تا رزگارکردنی نەتەوەی کورد

له کۆیلەتی و بندەستی و، گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، درێژەی دەبێت!

**لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**

**نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێی نایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدوایییەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تالانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.**

**دینەمۆ و بزوێنەری هەموو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە، نەیتوانیوە و ناتوانێ ئەو راستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.**

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی وڵاتەداگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکەرێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

*لەم ڕوانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!*

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەباتدەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەباتدەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەباتدەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە تورککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەباتدەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی، لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن!**

**هەر شەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

# کۆماری کوردستان

# لەنێوان ئەفسانە و راستی دا!

## ئایا کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، هەرێمی "خودموختاریدار" بوو، یان کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی بوو!؟

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (36)

مانگی بەفرانبار (Junuary) ی 2006ی زاینی.

بەدرێژایی سەدەی بیستەم، نەتەوەی کورد سێ جار هەل رەخسابۆی تا حکوومەت و کیانی نەتەوەیی خۆی پێکبێنێت. یەکەمیان **مەملەکەتی شامەحموودی بەرزنجی** بوو کە لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دامەزرا و، ماوەی چەندساڵێک لەگەڵ بریتانیای کۆلۆنیالیست کەوتە ناکۆکی و شەڕ و تێکهەڵپرژانی چەکدارییەوە و، لەئەنجامدا ساڵی 1923 بەئاگری بۆمبای فڕۆکە و هێرشی سەربازیی رووخێندرا و باشووری کوردستان بەزۆری لەشکر لکێندرا بەخاک و سنووری دەستکردی عێراقی عەرەبەوە.

**دامەزرانی دووەم دەوڵەتی کوردستان**، لەشاری مەهاباد لەڕۆژی (2) ی رێبەندانی ساڵی 1946 هاتەدی. لەڕۆژەدا، **پێشەوا قازی محەممەد لەگۆڕەپانی "چوارچرا"**، لەڕێوڕەسمێکی گەورە و شکۆدار، بەبەشداریی هەزاران کوردی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی ورزگاریی کوردستان،

سوێندی یاسایی خوارد و دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و، بەو بۆنەپیرۆزەوە پەیامێکی بۆ جەماوەری بەشدار لەڕێوڕەسمەکە و، بۆ نەتەوەی کورد خوێندەوە.

**دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەروەک شانشینی باشووری کوردستان، لەسایی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و بەهۆی هەلومەجی نێونەتەوەییەوە بوو.**

پێنج ساڵ بەرلەدامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، ڕێکخراوەیەکی نهێنیی خاوەنبیری نەتەوەیی بەناوی **"کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" (ژێکاف)**، لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی مەهاباد و ناوچەی موکریانەوە دامەزرابوو. کۆمەڵەی ژێکاف یەکەمین ڕێکخستنی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کوردی بوو لەڕۆژهەلاتی کوردستان کە بڵاوکردنەوەی تۆرە و پەرەپێدانی بیری ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراوی کردبووە ئامانجی خۆی. کۆمەڵەی ژێکاف نەتەنێ لە مەهاباد و دەوروبەری، بەڵکو توانی پەلبهاوێژێ بۆ نێو ڕۆناکبیران و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و لق و کۆمیتە لەبەشەکانی دیکەشدا پێکبێنێت. چالاکیی ڕۆشنبیری و تێکۆشینی نەتەوەیی کاژیک، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەپەرەپێدانی هەست و بیری ناسیۆنالیزمی کورددا هەبوو. هەربۆیە ڕانیی ئەو کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی لەدامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بەشداربوون و ڕۆڵیان هەبوو، لەوانە وەک پێشەوا خۆی، هەر بەبیری **"کاژیک"** وە دەیانڕوانییە حیزبەنوێکەوە، ئەوەش بەڕادەیەکی زۆر لەنێوەرۆکی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا ڕەنگیداوەتەوە.

**ئەورۆ پاش شەست ساڵ کە بەسەر دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا تێدەپەڕێ، رۆناکبیر و لێکۆڵەوەر و سیاسەتکارانی کورد، هەروەها ئەندامانی کۆن و ئێستای سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بیروڕاو شرۆڤەی جیاوازیان بەرامبەر ستراتیژی سیاسی و ئامانجی پێشەوا و رێبەرانی دیکەی کۆماری کوردستان هەبووە و هەیانە. هێندێکیان لەو باوەڕەدان کۆماری کوردستان هەموو پێناسە و پێوانەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لەخۆگرتبوو. هێندێکی دیکەش بەتایبەتیی ئەو بەشەی کە لەدوای کۆنگرەی سێیەمی حیزبەوە سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردووە، زۆربەیان لەسەر ئەوە سوورن و، پێدادەگرن کە کۆماری کوردستان دامەزراوەیەکی سیاسیی بوو لەڕۆژهەڵات، لەقەوارەی "خودموختاری" (ئۆتۆنۆمی) لەچوارچێوەی جۆگرافیای سیاسی ئێراندا و، نەیویستووە و لەبەرنامەیدا نەبووە خۆی لەئێران جوێ بکاتەوە.**

گەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورتی **"خودموختاری" (ئۆتۆنۆمی)** بکەین، مانای بەخشینی هێندێک مافی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوخۆیی لەهەرێمێک دەگەیەنێت کە لەلایەن رژێمی نێوەندیی (مرکزی) یەوە دەبەخشرێت پێی. دیارە نێوەرۆک ورادەی بەخشینی ئەو مافەش پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بەئاستی بڕوا و تێگەیشتنی سیاسی و، فەرهەنگی دێمۆکراتی نەتەوە و رژێمەسەردەستەکەوە. هەر بۆیە جێبەجێبوونی رێککەوتننامە و نیشتەجێبوونی قەوارەی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی رژێمەکانی دیکتاتۆر و داگیرکەردا، هیچکات و زەمانێک نایەتەدی. چۆنکە ئەو رژێم و نەتەوانە لەبنەڕەتدا بڕوایان بەدابەشکردنی دەسەڵات و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ ولەیەکسانی و دێمۆکراسی نییە.

ئەوجا ئەو هەرێمەی کە مافی ئۆتۆنۆمی وەردەگرێت، لەم سەرچاوەسەرەکییانەی خوارەوە کە دەبنەهۆی چەسپاندنی دەسەڵات، بێبەش و بێوەری دەبێت:

**(1*) – سەربەخۆیی ئابووریی: واتە لەباری ئابوورییەوە پێبەندی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە دەبێ کە لەژێر سێبەریدا دەژی.**

**(2*) – سەربەخۆیی سوپایی: واتە نابێ هیچ هێزێکی چەکداری هەبێ بۆ پارێزگاریکردن لەدەسەلاتی خۆی و لەسنوورەکانی.**

**(3*) – سەربەخۆیی لەپێوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسیدا: واتە نابێ و ناتوانێ لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا پەیمان ببەستێ و لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت داوودەزگە جیهانییەکاندا نابێ نوێنەری هەبێ.**

بەهەڵسەنگاندنی ئەم چەند خاڵەی سەرەوە بابزانین سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان لەبەرنامەی خۆیدا چلۆن لەو خاڵانەی روانیوە!

**(1*) – دوای دامەزرانی کۆمار، دەستکرا بەسازکردنی سوپا (ارتش) ی کوردستان بۆ پارێزگاریی لەکۆمار و سنووری ژێردەسەڵاتی و، لەنیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لەوانە بارزانیی نەمر و ئەفسەرانی لێهاتووی باشووری کوردستان یارمەتیوەرگرت بۆ پەروەردەکردنی هێزی کۆمار. وەزارەتی جەنگ و وەزیری بەرگریی دامەزران کە ئەمانە هەمووی لەدەرەوەی دەسەلاتی "هەرێمی ئۆتۆنۆمیدار" دان.**

**(2*) – لەهەرێمی "ئۆتۆنۆمیدار" دا، نەخشەی سیاسی و ئاڵای حکوومەتی نێوەندیی بەڕەسمی دەناسرێ، لەکاتێکدا، پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئاڵای ئێران لەنێوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار فڕێدرایە خوارەوە و، لەجێی ئاڵای کوردستان هەڵکرا.**

**(3*) – هەرێمی خودموختاریدار، نەخشە و سنووری حکوومەتی نێوەندیی بەرەسمی و قانوونی دەناسێ و کار و تێکۆشینی رامیاریی خۆی تێکەڵ بەبەشەکانی دیکەی**

**کوردستان ناکات. کوردی بەشەکانی دیکە وەک ئەندامی رەسمی لەنێو حیزب و داوودەزگە و ئۆرگانەکانی "هەرێمی ئۆتۆنۆمیدار" دا وەرناگرێت. چۆنکە کوردی بەشەکانی دیکەش بەکوردی کوردستان نازانێ، بەڵکو بەکوردی ئێران و تورکیا و سووریا و عێراقیان دەزانێ. بەڵام لەسەردەمی کۆماردا، نیشتمانپەروەرانی کورد لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەچوونە رۆژهەڵات و بەوپەڕی دلسۆزییەوە لەنێو دەزگەکانی جۆراوجۆری کۆماردا پلەودەسەڵاتیان پێدرابوو، ئەوانیش بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کۆمار تێدەکۆشین و ئەو دەستکەوتە مێژووییەیان بەرۆناکی و چرای هەموو نەتەوەی کورد دەزانی.**

**(4*) – بەستن و مۆرکردنی پەیماننامە و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی، لەدەسەڵاتی هەرێمی ئۆتۆنۆمیداردا نییە، بەڵام دەستوور و بەرنامەی کۆمار دەڵێ: "حکوومەتی میللی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی، پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووریی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دائەمەزرێنێ، بەپلەی یەکەم لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتیی سۆڤێت. کۆماری کوردستان نەک هەر خۆی بەهاوپەیمانی نێزیکی سۆڤێت دەزانی، بەڵکو لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بەسەرۆکایەتیی جەعفەر پیشەوەری رێککەوتننامە و پەیمانی هاوکاری سوپایی و سیاسیی مۆرکرد.**

**(5*) – حکوومەتی خودموختار مافی ئەوەی نییە، ئیمتیازی کانزادەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی هەرێمی خۆی، بدات بەهەرکەس کە بیەوێ، چۆنکە ئەوە لەدەسەڵاتی حکوومەتی نێوەندیی (مرکزی) دایە. بەڵام بەندی (18) ی دەستووری کۆماری کوردستان دەڵێ: "حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانەدەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان، بدات بەهەرکەس کە بیەوێت.**

هەموو ئامانج و رامیاریی دەرەوەی کۆمار لەمادەی (20) دا رەنگیداوەتەوە کە دەڵێ:

**"حکوومەتی میللی پەرە بەئابووریی کوردستان دەدا و، لەهەموو شارەکاندا کارگە دادەمەزرێنێ. دەبێ دەستی گڵاوی ئیستعمار لەسامانی سروشتیی ئێمە ببڕدرێت. دەبێ بۆخۆمان سوود لەم سامانە وەربگرین، هاوکات سوود بەمرۆڤایەتیش بگەیەنین".**

لەم مادەی سەرەوەدا حکوومەتی ئێران وەک رژێمێکی داگیرکەر و کۆلۆنیالیست چاولێدەکرێ و، خوازیاری بڕینی دەستی گڵاوی ئیستعمارە لەکوردستان، کە ئەویش بێگومان رژێمی داگیرکەری ئێرانە.

**جگە لەم چەند خالە گرنگانەی سەرەوە بۆ روونبوونەوەی زیاتر، ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگی دیکە دەکەم:**

**یەکەم، ئێران لەوسەردەمەدا خاوەنی سیستەمی پاشایەتیی بوو، بەڵام پێشەوا و سەرکردەیەتیی ئەوکاتی کورد، سیستەمی کۆمارییان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. رژێمی کۆماری لەگەڵ رژێمی پاشایەتیی، دوو سیستەم و دوو شێوەی دەسەڵاتداریێتیی جیاوازی سیاسین و، لەچوارچێوەی سنوور و ولاتێکی هاوبەشدا لەگەڵ یەکدی ناگونجێن.**

**هەروەها نێوی حیزب، لەو سەردەمەدا، "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" ، نەک "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!".**

هەموو ئەم بەڵگانەی سەرەوە روونیدەکەنەوە کە تەواوی ئەو پرۆپاگەندانەی لەدژی کۆمار دەکرێن، ناڕاستن و، پێشەوا و سەرۆکایەتیی ئەودەمی کورد لەڕۆژهەڵات، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان دامەزراندووە و ئامانجی سەرەکیشیان رزگارکردنی هەموو کوردستانی گەورەبووە. ئەم بۆچوونەش جگە لەو بەڵگانەی سەرەوە ئاماژەمپێکرد، بەزەقی لەنەخشەی کوردستانی گەورەدا دەخوێنرێتەوە کە پێشەوا بەدیواری نووسینگەکەی خۆیدا هەڵیواسیبوو.

**لەسالانی کۆتایی سەدەی بیستەم، هەلێکی دیکەی گەورە بۆ کورد هەڵکەوت کە دەیتوانی بەرەو سەربەخۆیی و رزگاریی یەکجارەکیی ببات، ئەویش لەئاکامی جەنگی دووەمی کەنداو و، راپەڕینی ساڵی 1991 ی باشووری کوردستان و دیاریکردنی "هەرێمی نەفڕین" وە هاتەدی،** کە بەهۆیەوە سوپا و داوودەزگەی رژێمی بەعسی عێراق لەبەشێکی گەورەی باشووری کوردستان راماڵدرا و، کوردستان کەوتەدەستی کورد خۆی. بەئازادبوونی باشووری کوردستان، لای تێکڕای نەتەوەی کورد ئەو هیوایە دروستبوو، کە ئێدی سەردەمی کۆیلەتی و بندەستیی کۆتاییان هاتووە و رۆژانی ئازادی و سەرفرازیی بەرێوەن، **بەڵام ئەوە بوو "پارتی" و "یەکێتیی" لەباتی جێبەجێکردنی ویست و ئامانجەکانی لەمێژینەی گەلەکەیان، کەوتنە دابەشکردنی گوند و شار و نێوچە وداهاتی کوردستان لەنێوان خۆیاندا و بەهەزاران چەکداریان لەیەکدی کوشت، پاشان کەوتنە هەوڵی بێوچان بۆ دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی عێراق و چەواشەکردنی گەلی کورد و لەباربردنی ئەو دەرفەتەگەورەیە و، ئەو نیوە کیان و سەربەخۆییەیان گۆڕییەوە بەپووڵوپارە و پلەوپایەی سیاسیی کاتی و، ناسنامەی عێراقییان دایەوە بەنێوچاوانی نەتەوەی خەمساردی کورددا و، لەوەرامی پەیام و داوا و تکای نەتەوەییەکانی کوردیشدا کەوتنە دژایەتیکردنیان و بانگەشەکردنی ئەوەوە کە گوایە سەربەخۆیی خەون و خەیاڵە و قەت نایەتەدی!**

لەدەستدانی ئەو نیوەسەربەخۆییەی کورد لەباشوور، نەک لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، کە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی عەشیرەتی و خێڵەکی و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواری باڵی بەسەر نێوچەکەدا کێشابوو، کە دەیان نەتەوەی دیکە وەک کورد کۆیلەبوون و،

هێشتا رزگاریان نەبوو، بەڵکو لەکات  وزەمانێک روویدا کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاین و لەچەرخی پێشکەوتن و ئازادی و دیمۆکرسیدادەژین. لەسەردەمێکدا کە هەموو نەتەوەکانی خاوەن کیان و ئازاد و سەرفراز لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستیی کەوتوونەتە ململانێ  وپێشبڕکێوە، **کەچی خوێندەوار و نەخوێندەواری کورد، لەکوردستان و لە وڵاتانی ئۆروپا و لەئەمریکا، بەئاڵای کوردستانەوە، شایی و سەما و هەڵپەڕکێ بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی خۆی و گەڕانەوە بۆ ژێر ئاڵای بەعس و عێراقی تازە دەگێڕێت!!؟**

هەر بۆیە ئەم پاشەکشە و دوورکەوتنەوەیە لەباوەڕ و پرنسیپ وئامانجەکانی نەتەوەی کورد، بەتەنێ داوێنی سەرکردەیەتیی ئێستای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ناگرێتەوە، بەڵکو لەهەموو بەش و پارچەکانی کوردستاندا، ئەم دیاردەیە لەمێژە جێکەوتووە و، بەهۆیەوە دەیان ساڵە بزاڤی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، لەلایەن حیزب و رێکخراوەسیاسییەکانەوە تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواویی هاتووە و، بەبەردەوامی لەنێو بازنەیەکی بۆشدا سووڕاوەتەوە.

بەکورتی، لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی بەملاوە، تاکو ئەوڕۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا دەژین، خەبات و راپەڕینەکانی گەلی کورد، بەڕێگەی پارتی و حیزبەسیاسییەکانییەوە سەرپەرشتیکراوە، بەڵام ئەم خەباتە دووردودرێژە و، ئەم هەموو قوربانیدان و کارەساتانەی بەسەریهاتوون، نەبوونەتە هۆی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و هەوێنی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵی کوردیی. هۆکەشی ئەوەیە سەرۆکایەتیی حیزب و پارتەسیاسییەکان هەریەکەیان وەک دەستە و گروپی جیاواز کاریانکردووە و تەنێ بیریان لەدەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و حیزب و دەستەکەی خۆیان کردووەتەوە و مەبەستیان پێشخستنی

فەرهەنگ و بیروباوەڕی نەتەوەیی نەبووە. ئەوەش وایکردووە کە لەدرێژخایەندا فەرهەنگێکی دزێو و نانەتەوەییانە، جێی فەرهەنگ و بیروباوەڕی نەتەوەیی بگرێتەوە و، پاوانخوازی و بەرژەوەندیی سەرۆک و سەرکردەیەتی و هۆز و بنەماڵە و حیزب و دەستەیەکی تایبەت بکرێنە ئامانج وستراتیژ، نەک بەرژەوەندی و ئامانجەڕەوا و پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد. لەو پێناوەشدا بەداتاشینی تیۆری ناقۆڵا و نەگونجاو و، چەواشەکردنی ئەندام و لایەنگر و خەڵکەوە، رەوایەتیی (شرعیت) دراوە بەپێوەندیگرتن و یارمەتیوەرگرتنی دارایی و هاوکاریکردنی داگیرکەرانی کوردستان وهەڵگیرسانی شەڕوپێکدادانی چەکداری لەدژی حیزبی دیکە، یان بزاڤی بەشێکی دیکەی کوردستان. گوتنەوە و بانگەشەی درۆشم و وشەپیرۆزەکان و، بەڵێندان بە جەماوەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان، تەنێ بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی جەماوەری راپەڕیوی کورد، بۆ گەیشتن بە ئامانج و پلەوپایەی کەسی و بەهێزترکردنی قەوارەی حیزب و دەستەودایرەی حیزبیی، ئەمانە بەتێکڕا کارکردی زۆریان لەسەر لاوازکردنی هزروهۆشیاریی نەتەوەیی داناوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار و بەرخۆدانی یەک لەدواییەک، مەرج و پێوانە نین بۆ سەرکەوتنی خەباتی گەلێکی بندەست، بەڵکو مەرجی سەرەکیی، داڕشتنی ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەییە، شانبەشانی ئەوەش بردنەسەری ئاستی هۆشیاری سیاسی ونەتەوەیی جەماوەری گەلی کوردە کە بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بناسێ و، شوێن درۆشمی چەواشە و بریقەدار نەکەوێت.

سەرکردەیەتیی حیزب و رێکخراوەکوردییەکان، ساڵانی ساڵ ئەرکی خەیاڵیی نیشتەجێکردنی **"دیمۆکراسی"** و دامەزراندنی **"رژێمی کۆمۆنیستی"** یان لەوڵاتانی داگیرکەردا خستبووە ئەستۆی خۆیانەوە، ئەوا ئێستاش

لەژێرناوی درۆشمی **"فیدرالی"**، وەک رابردوو پێڕەوی لەبیرۆکەی ئێرانچێتی و تورکچێتی و سووریاچێتی و عێراقچێتی خۆیاندەکەن.

سەرکردەیەتیی کورد بەدرێژایی هەشتاساڵ، وشەی سەرزاریان ئەوە بوو دەیانگوت: **"ئێمە بەزۆر دابەشکراوین و بارودۆخ لەبارنین بۆ کورد"**، بەڵام کە ئێستا ئالیی نێونەتەوەیی لەبارە بۆکورد، سەرکردەی حیزبەکان سەربەخۆیی کوردستانیان پێکەمە و پێیان شەرمە و، باس لەسازکردنی **فیدراسیۆنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین** و، **بەدێمۆکراتیکردنی سیستەمەکانی دیکتاتۆر و پاشڤەڕۆی ناوچەکەدەکەن!!** ئەمەش بێگومان لەبێبڕواییان بەرامبەر بیروباوەڕی نەتەوەیییەوە سەرچاوەدەگرێ و، لەنێو رووداوەسیاسییەکاندا وەک **"گرتنی ماسی لەئاوی لیڵ"**، تەنێ بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن.

گەلێک مخابن، سەرەڕای سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی گەورە لەنێوچەکەدا و، رەخسانی هەلی گەورە بۆکورد، رامیاریی پارتی و رێکخراوەی هەموو بەشەکانی کوردستان هیچ نەگۆڕاوە و، ئێستاش بیری پاوانخوازی و شەڕو ناکۆکی و دەستەگەریی بۆبەدەستەوەگرتنی سەرۆکایەتیی حیزب و، دژایەتی و تیرۆری کەسایەتیی یەکدیی وەک رابردوو لەبرەودایە.

بەکورتی، رێزگرتن لەپێشەوا و کۆماری کوردستان، گەڕانەوەیە بۆ ئامانج و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان. شایی وسەما و هەڵپەڕکێ و بۆنەسازکردن لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەبیری ئێرانچێتی و لەژێر درۆشمی بریقەدار و چەواشەی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیی لەچوارچێوەی ئێراندا، بێڕیزیکردنی ئاشکرایە بەرامبەر ئامانج وپرنسیپەکانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بەتایبەتی و نەتەوەی کورد بەگشتی.

بەلێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان وناوچەکە بەگشتی، ئەرکی نەتەوەییەکان و ئازادیخوازان وخەباتکارانی ڕێگەی پیرۆزی ڕزگاریی کوردستان نەتەنێ کەمینەکردووە، بەڵکو شێلگیرتر و پتر لەرابردوو دەبێ تێبکۆشین بۆ پەرەپێدانی وێژە و هزری نەتەوەیی و سازکردنی ڕێکخستنی جەماوەریی لەدەوری درۆشم وبەرنامەی ڕزگاری و سەربەخۆیی لەهەموو بەشەکانی کوردستان.

**لەشەستەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا، یادی سەرکۆماری کوردستان شەهید قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کۆمار بەرز و بەڕێز رادەگرین و، تارزگاریی یەکجارەکی و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ڕێگەی پیرۆزیان بەردەوام دەبێت**

**لەکۆتاییدا باپێکەوە سوێندخواردنی قازی محەممەد، ئەو کەڵەتێکۆشەرەی ڕێبازی ئازادی و سەربەخۆیی کورد وکوردستان بخوێنینەوە کە 60 ساڵ لەمەوبەر و لەبەردەم هەزارانکەسدا ئەم پەیامەی بۆ نەتەوەی کورد خوێندەوە و گوتی:**

**"ئەمن بە خودا، بەکەلامی عەزیمی خودا، بەنیشتمان، بەشەرافەتی میللی کورد و بەئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێنددەخۆم، کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم، بەگیان و بەماڵ، لەڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای ئاڵای کوردستان تێبکۆشم و نیسبەت بە رەئیس جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان مطیع و وەفادار بم".**

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**پیرۆزبێت یادی (2) ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان!**

**(*)- سەرچاوە: پەرتۆکی "ناسنامە و کێشەی ناسیۆناڵی کورد"، لاپەڕە 152کۆپلەی (1) دێڕی (1) تا (4)، نووسینی دوکتۆر جەمال نەبەز.**

# وتووێژی رادیۆی رۆژاوای کوردستان (1*)

# لەگەڵ سیروان کاوسی

## سازدانی: گۆران دەرگەزەنی

## مانگی پووشپەڕ (June) ی ساڵی 2006 بڵاوکراوەتەوە.

## هەر لەو مانگەدا لە گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (38)

## بڵاوکرایەوە!

**یەکەم پرسیار: بەڕێز کاک سیروان، ئەم کاتەتان باش. داواتان لێدەکەین، سەبارەت بە کۆنگرە بۆ گوێگرانی رادیۆ رۆژاڤای کوردستان باس بکەن، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کەی دامەزراوە و مەبەست لە پێکهێنانی چی بوو! داواتان لێدەکەین لەوبارەوە رۆنکردنەوەیەک بۆ گوێگرانی رادیۆ رۆژاڤا باسبکەن، لەماوەی دامەزرانییەوە چی کردووە و، چەندە توانیویەتیی لە بەرنامە و کار و چالاکییەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت؟!**

**و: ئەم کاتەی ئێوەش باش**

**سڵاووڕێزم هەیە بۆ بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و، تێکڕای نەتەوەی دلێر و خۆڕاگری کورد.**

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، مانگی گوڵانی ساڵی **1985** لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی و نیشتمانپەروەر و زانای کورد، لەوانە **دوکتۆر جەمال نەبەز، بەڕێز جەواد مەلا، ژنراڵ عەزیز عەقراوی، شێخ لەتیف مەریوانیی، پرۆفیسۆر دوکتۆر موزەفەر پەرتۆماە، هەندازیار بروسک ئیبراهیم** و چەندین نیشتمانپەروەر و دلسۆزی دیکەی گەلەکەمان،لە شاری لەندەن لە

بریتانیا دامەزرا. مەبەست لە پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، چەندین خاڵ و تەوەری گرنگی لەخۆگرتبوو، کە ئەمانە بوون:

**1- خەبات لەپێناو پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بە کورد بزانێ و، کوردستان بە خاک و نیشتمانی خۆی و باوباپیرانی بزانێ کە لەلایەن داگیرکەرانی فارس و ترک و عەرەبەوە زەوتکراوەلێی. بۆ ئەوەی هیچ کوردێک،خۆی بە ئێرانی و ترکی و عێراقی و سووری نەزانێ و، سەربەخۆیی و کیان و دەوڵەتی کوردیی ببێتە بیروباوەڕ لەلای و بەکردەوە کاری بۆ بکات.**

**2 - خەبات لەپێناو دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان، بەڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسی و، کارکردن لەپێناو خۆشکردنی زەوینەی لەبار لەکوردستان بۆ ئەنجامدانی رفراندۆم، بە چاودێریکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ولاتانی دێمۆکراتی جیهان.**

**3 - داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی کوردستان بکات، تا لەژێر چەترێکی هاوبەشدا کۆوەبن و، لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەنێوی کورد بپەیڤێ و، راستەوخۆ کار بکرێ بۆ پشتگیریکردنی نێونەتەوەیی لەکورد بۆ دامەزرادنی دەولەتی سەربەخۆی کوردی.**

هاوبیرانی دامەزرێنەری کۆنگرە، بەباشی دەیانزانی کە ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی ئەرکێکی وا پیرۆز، کار و ماندووبوونێکی زۆر و بەردەوامی دەوێت، چۆنکە بەلانی کەمەوە، لە ماوەی هەشتا – نەوەت ساڵی رابوردوو، کە کوردستان لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی دابەشکرا، داگیرکەرانی کوردستان، بەدارِشتنی سیاسەتێکی هاوبەش، پلانی تواندنەوەی رەگەزی و، سڕینەوەی ئاسەوار و کەلەپوور و شارستانییەت و زمان و کولتووری

کوردیان دارِشت. فەرهەنگ و زمانی خۆیان زاڵکرد بەسەریدا و، جینۆسایدی فەرهەنگی و ئابووری و رەگەزییان لەسەری بەکار هێنا. لەلایەکی دیکەوە، بەلانی کەمەوە، لەماوەی پەنجا ساڵی رابوردوو بەملاوە، لەلایەن چینی خوێندەواری هوردەبورژوای کوردەوە،گەلێک حیزب و رێکخراوەی سیاسیی دامەزران، کە ئەمانەش بەهێنانی بەرنامە و پرۆگرامی نابابەتانە و نەگونجاو لەگەڵ کێشە و، داخوازیی رەوای کورد، هێندەی دیکە بوونە هۆی سەرلێشێواوی و پەرتەوازکردنی گەلی کورد و زیانگەیاندن بە بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی. لەدرێژخایەندا ئەو دوو هۆکارە کاریگەریی زۆریان لەسەر مرۆڤی کورد دانا، تا بڕوای بەخۆی نەمێنێ و بیری خۆیبوونی تێدا بکوژرێت. جا لەبەر ئەو هۆیانە، هاوبیرانی دامەزرێنەری کۆنگرە، بەتەواوەتیی ئاگاداری ئەوە بوون کە چ بەرپرسیارەتی و ئەرکێکی گەورە و دژوار و مێژووییان وەئەستۆی خۆیانگرتووە.

لەوماوەیەدا کە کۆنگرە دامەزراوە، گەلێک کۆسپی نێوخۆیی و دەرەکیی هاتوونەتە سەررێی، بەڵام هۆشیاری و بڕوا و ئیمانی لەرادەبەدەری سەرکردەیەتیی و هاوبیرانی **KNC**، و پاراستنی پرنسیپەکانی نەتەوەیی و کوردستانیی، بوونە هۆی ئەوە کە ئاستەنگ و کەند و کۆسپەکان نەتوانن کاریان بکەنەسەر کۆنگرە،رۆژ بە رۆژ و ساڵ لەگەڵ ساڵ، توانیویەتی ئەرک و خەباتی پیرۆزی خۆی پتر و سەرکەوتوانەتر بباتە پێشەوە و، لەسایی ئەو هۆشیاری و پاکی و راستی و پاراستنی باوەڕ و پرنسیپەکانییەوە،ئەورۆکە بووەتە جێی هیوا و ئاواتی سەدان و هەزاران نیشتمانپەروەری کورد لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات. بێگومان ئەو خەباتە پیرۆزەش تا یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و، رزگارکردنی سەرتاسەری

خاکی کوردستان لەژێرچنگی داگیرکەرانی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەردەوام دەبێت.

سەبارەت بەوە کە، کۆنگرە تا ئێستا چیکردووە؟ بەپێویستیدەزانم بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گەورەترین خزمەتی بە پەرەپێدانی بیروباوەڕی رەسەنی کوردایەتی و نەتەوەیی کردووە. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەشێوەی بابەتانە و زانستانە، چاوکانی و نێوەندی بڵاوکردنەوەی بیری پیرۆزی رەسەنی رزگاری و سەربەخۆییە لە کوردستان و لەدەرەوە. هاوبیرانی کۆنگرە نموونەی دڵسۆزترین و پاکترین رۆڵەکانی گەلەکەیانن کە وازیان لە بەرژەوەندی ماڵی و خۆشی و رابواردن و، ژیانی ئاسایی خۆیان هێناوە و، بە شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆرەوە،هەوڵی بلاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی بە شێوەی زانستانە و هاوچەرخانە دەدەن. ئەوجا جێبەجێکردنی هەموو پێداویستییەکانیش لەلایەن ئەندامان خۆیانەوە دابیندەکرێ. بۆیە ئەگەر وشەی (پاکترین و دڵسۆزترین) بۆ هاوبیرانی کۆنگرە بەکار دێنم، بەزانیاری و باوەڕی تەواوەوە ئەوە دەڵێم! ئەگەر ئێمە لەنێوخۆماندا راست و پاک نەبین و، خاوەنی بڕوا و ئیمانێکی لەبننەهاتوونەبین، ناتوانین ئەرکێکی وا گەورە و دژوار بگرینە ئەستۆی خۆمان.

لەماوەی پتر لە بیست ساڵی رابوردوودا، کۆنگرە لە ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا، وەک ئۆرگانێکی بەرپرسیار لەسەر کێشەی کورد ناسراوە و، گەلێک جار لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکادا بانگهێشت کراوە و دەکرێت. بەدەیان دیپلۆمات و کەسایەتیی ئوروپایی و ئەمریکایی، لەرێگەی کۆنگرەوە بوونەتە دۆستی گەلی کورد و، لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی - کۆنگرەی نیشتمانیدا بەشداری دەکەن و،

پشتگیری له کێشەی کورد دەکەن. میدیای کۆنگرە لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. جگە لە گۆڤاری کۆنگرە و، بلاوکردنەوەی چەندین پەرتۆکی زانستی، سەبارەت بە کورد و لایەنەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەکەمانەوە، هەروەها چوار سایتی کۆنگرە، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر ئینتەرنێت دانراون. ساڵی **2005 رادیۆ دەنگی رۆژاڤای کوردستان** لەسەر سەتەلایت دانرا، کە **24** سەعات کاردەکا و، لە رۆژهەلاتی ناڤین و لە ئوروپا بڵاودەبێتەوە. لەرووی دیپلۆماسی و سیاسییەوە، کۆنگرە بەردەوام بۆ بەرەسمی ناساندنی کێشەی کورد و، "بوون بە دەولەت" کاری کردووە. ئەوە بوو. کۆنگرە هەروەها، پڕۆژەی مەزنتری بۆ داهاتوو بەدەستەوەیە، ئەویش دامەزراندن و راگەیاندنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان دەبێت لە تاراوگە. هەر لە ئێستاوە، سەرۆکایەتیی کۆنگرە و، هاوبیرانی کۆنگرە لە کۆمیتەی کاروباری پێوەندیی دەرەوەی کۆنگرە، لە پێوەندی و چاوپێکەوتنی بەردەوامدان بۆ پشتگیریکردنی ولاتانی دیمۆکرات و ئازاد، تا لەکاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پشتگیریی خۆیان لە دەوڵەتە دامەزراوەکە دەرببڕن. لە ئالیی نێوخۆوە، رێکخستنی جەماوەریی لەنێوخۆی وڵات دەستپێکردووە و، بە سەدان کوردی وڵاتپارێز، لەنێو شانە نەتەوەییەکان و کۆمیتەکانی کۆنگرە لەنێوخۆی وڵاتدا رێکخراون.

**پرسیار: پاش دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، دواتر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە برۆکسل دامەزرا. زۆر جار ئەو پرسیارە بەرەوڕووی کۆنگرە کراوەتەوە، هەروەها ژمارەیەک لە هاوبیران و کۆمیتەکانی کۆنگرە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات پرسیویانە و دەپرسن، جیاوازیی نێوان کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان چییە. ئەگەر ئەم دوو دەزگەیە، بۆرزگارکردنی نەتەوەی کورد و**

**پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی دامەزراون، هۆی چییە یەکناگرن و، هێز وتوانایان بۆچی یەکناخەن؟!**

**و:** بەڵێ، سالآنی **95 و 96ی** زاینی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دامەزران. سازبوونی ئەو دوو دەزگەیە بەرێگەی تەلەفزیۆنی **"مەد تی ڤی"** و، بەشێک لە راگەیاندنی کوردی و بێگانەوە، بڵاوکرایەوە. زۆربەی پارتی و رێکخراوە سیاسییەکان، هەروەها کۆمەڵێک لە کەسایەتی و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانی کورد لەدەوری ئەو کۆنگرەی وا پی کی کی پێکیهێنابوو، کۆبوونەوە. ئەوکات چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، ڕێبەرانی کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستاندا پێکهات. سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەبەر رۆناکایی باوەڕ وپرنسیپە گشتییەکانی نەتەوەی کورد، لە دانیشتنەکاندا خوازیاری ئەوە بوون کە کۆنگرەی نەتەوەیی، پێویستە بەپێی پرنسیپی کوردستانیی بچێت بەڕێوە و، نابێ بکەوێتە ژێر کارکردی هیچ حیزبێکەوە و، پی کی کی، یان حیزبی دیکە، بۆچوون و سیاسەتی خۆیان بەسەر کۆنگرەکەدا نەسەپێنن. کۆنگرەکە نەبێتە دەزگەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی حیزبیی. ئەوکات ئێمە دەتوانین پێکەوە ناوەندێکی بەهێزی کوردستانیی پێک بێنین. بەڵام بەداخەوە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەی نەتەوەییی کە راستەوخۆ سیاسەتی پی کی کییان دەبرد بەڕێوە، ئامادەنەبوون پێشنیازی دڵسۆزانە و نەتەوەییانەی هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی قەبووڵ بکەن. زیاتر دەیانویست، سازکردنی ئەو دەزگە و کۆڕ و کۆمەلانە بەکار بێنن بۆ گەشەی پی کی کی و پرۆپاگەندەکردن بۆ حیزبەکەیان. ئەوە بوو پاش ماوەیەک هەموو ئەو لایەن و حیزب و کەسایەتییانەی لەگەڵیان کەوتبوون، لێیان جیابوونەوە و خەڵکێکی زۆریشیان تووشی دڕدۆنگی و ناهومێدی

کرد. بۆیە بەباوەڕی ئێمە، کۆنگرە و دەزگەی ڕاستینەی نەتەوەییی، کاتێ دەتوانێ لە بەرنامە و خەباتی نەتەوەییدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، کە تەنیا بیروباوەڕی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵ بێت. لە پرنسیپی نەتەوەیی لانەدات.

**ئەوجا پرنسیپی نەتەوەیی چین؟!**

پرنسیپی نەتەوەیی، بڕوا و تێکۆشینە لەپێناو یەکگرتنەوەی گەلی کورد و ڕزگارکردنی خاکەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان،نەتەوەیی، چ وەک تاک، یان ڕێکخراوە، هاوکاری داگیرکەرانی کوردستان بە تاوان و خیانەت دەزانێ. بەبیانووی جۆراوجۆرەوە، یارمەرتی لەهیچ داگیرکەرێکی کوردستان وەرناگرێت. شەڕی نێوخۆیی بەتاوان و خیانەت دەزانێت. لە هەڵوێست و بیروباوەڕی نەتەوەییدا نەگۆڕە... بەئالای کوردستانەوە، خەڵک ڕاکێش ناکات بۆ سەقامگیرکردنەوەی سنوور و دەسەڵاتی داگیرکەران لە کوردستان. بەکورتی، نەتەوەییبوون، چوارچێوە و مەرج و پێوانەی خۆی هەیە و، کەس و لایەنێک دەتوانێ بەخۆی بڵێت نەتەوەیی کە ئەو مەرجانە وەک گلێنەی چاوی بپارێزێت.

هەروەها خاڵێکی گرنگی دیکە هەیە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە، ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین، بەردەوام لەلایەن چوار داگیرکەری خوێنڕێژ و دڕندەوە دەچەوسێینەوە. خاوەنی تاقە بستێکی خاکی خۆمان نین. ڕۆژانە سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوینمان بەتالان دەبرێ، لە داهات و بووجەی کوردستان، لەشکرگە و پێگە و هەزاران زیندان سازکراوە و، دۆزەخێکیان بەپانتایی خاکی کوردستان بۆ دروستکردووین، بەبیانووی شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگە، کوردستانیان کردووەتە مۆڵگەی جاش و جەیش و بەکرێگیراوان و بەهەزاران پێگە و

لەشکرگەیان لە کوردستان دامەزراندووە. بەملیۆنان کورد لەسەر گوند و شاری خۆیان ئاوارەبوون...، ئایا ڕەوایە و دەکرێ و دەگونجێ کە ئێمە لەباتی ئەوەی کار بۆ نەهێڵانی ئەو دۆخە سامناکە لەسەر گەلەکەمان بکەین، بێین، ببینە ئاڵاهەڵگری ئایدۆلۆژییەک کە ڕاستەوخۆ دژایەتیکردن بێت لەگەڵ ولاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا و ئورووپا؟! دیارە من، نە دژی کۆمۆنیستم و نە دژی هیچ فەلسەفە و ئایولۆژییەکی دیکە، تەنیا ئەوە دەڵێم، ئێمەی کورد، بەتایبەتیی لەم بارودۆخە ناسک و هەستیارەی ئەوڕۆدا، پێویستمان بە یارمەتی و پشتیوانیی ولاتانی گەورە هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە، تێیانبگەیەنین کە ئێمە نەتەنێ دژیان نین، بەڵکو دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی، ڕاستەوخۆ لەخزمەتی پێشخستنی ئامانجەکانی ئەوانیشدا دەبێ کە دەیانەوێ تیرۆر و دیکتاتۆری لەنێوچەکەدا نەهێڵن و، لەو بوارەشدا یارمەتییان دەکەین. بەڵام ئەگەر بێین بە قوتکردنەوەی تیۆری و بیروباوەری ناقۆلا و نەگونجاو، دنیای دەرەوەش بکەینە دوژمنی خۆمان، ئایا لەخزمەتی کێدا دەبێ؟ دیارە قسە زۆرن و لە وتووێژیکی ڕادیۆییدا هەر هێندە کات و دەرفەت هەیە.... هەروەک پێشتریش گوتم، **KNC**، دەزگە و چەترێکە بۆ هەموو کورد و کوردستانییەک پێکهاتووە و، داوا لەهەموو حیزب و لایەنێک دەکەین، پاوانخوازی و ناکۆکیی حیزبی وەلا بنێن، با پێکەوە کار بکەین بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی کۆیلە و خاکی دابەشکراومان. ئێستە هەلێکە و ڕووناداتەوە، با یەکبگرین. بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و بەختەوەریی، تەنیا یەک ڕێگەمان هەیە، ئەویش یەکگرتنە و، هەر دەبێ یەک بگرین.

**پرسیار: پێوەندیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لەدەرەوە و لەنێوخۆی ولات چۆنە و، حیزب ولایەنە کوردییەکان چۆن بەپیری داوا و بانگەوازەکەی کۆنگرەوە هاتوون؟!**

**و:** کۆنگره، حیزب نییه، بەڵکو چەترێکی سەرتاسەریی نەتەوەیی و کوردستانییە، بۆ یەکگرتنی هەموو لایەنێکی رامیاری و نارامیاری و، ئاینی و چین و توێژی جیاوازی نێوکۆمەڵگەی کوردەواریی دامەزراوە. لەرۆژی دامەزرانیشیەوە بەردەوام هەوڵیداوە و لە گەڵ هەموو لایەنەکان پێوەندیی گرتووە و، ئێستە و داهاتووش بەردەوام دەبێت لە پێوەندی ودانووستانەکانی.

لە **کۆنگرەی چوارەمی – کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1998 گیرا.** بەپێی بریاری کۆنگرە، ئەو پێوەندییانە چڕترکرا و، کۆمیتەیەکیش دەستنیشانکرا تا لە باشووری کوردستان و لەدەرەوە، لەگەڵ هەموو لایەنێکی رامیاری و نارامیاریی کورد و کوردستانیی پێوەندیی بگرێ و،داوایان لێبکات، پێکەوە پلاتفۆرمێکی سیاسی ونەتەوەیی هاوبەش دابڕێژین، نێوەندێکی نەتەوەیی پێک بێنین کەلە دەرەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زمانڕەوشی گەلی کورد بێت، کە راستەوخۆ کاربکات بۆ بوون بە دەوڵەت و گەیشتن بە سەربەخۆیی. هەروەها داوا لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێ، رێگە بدەن بە کۆنگرە و، کارهاسانی بکەن تا بەرەسمی لە باشووری کوردستاندا نووسینگە بکاتەوە و، لەنێزیکەوە لە ئەنجامی کار و ئەرکی نەتەوەییدا هاوئاهەنگی و هاوکاریی یەکدیی بکەن، بەڵام زۆر مخابن،نەتەنێ بەدەنگ بانگەوازەکەی کۆنگرەوە نەهاتن، بەڵکو تا ئەمڕۆش رێگەیاننەداوە لەباشووری کوردستان کۆنگرە بەرەسمی نووسینگە بکاتەوە و، سەرەرای وادە و بەڵێنی زۆر،بەکردەوە هیچ هەنگاوێکیان بە مەبەستی هاوکاری لەگەڵ کۆنگرە هەڵنەگرتووە.

بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆی ساردبوونەوەی سەرۆکایەتیی و هاوبیرانی کۆنگرە و، بەردەوام کار کراوە بۆ پێشخستنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و

ناساندنی بیری ڕەسەنی کوردایەتیی لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات. خاڵێکی گەش هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە بارودۆخی نێوخۆی کوردستان وەک جاران نەماوە، ئێستاکە لەدەرەوەی بازنەی حیزبەکان لەنێو جەماوەری کورد، بەتایبەتیی لەنێو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و لاوانی کوردەواری لەسەرتاسەری کوردستاندا، هۆشیاری نەتەوەیی سەریهەڵداوە کە بڕوایان بە حیزب و حیزبایەتی و، پڕۆپاگەندەی هەڵخڵەتێنەری وەک برایەتی تورک و عەرەب و فارس نییە و، تەنیا بیر لەسەربەرزیی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەنەوە. ئێمە بە گەشبینییەوە سەیری ئەو گۆڕانە هزرییە دەکەین و، لەو باوەڕەداین کە پێویستە پتر هەوڵبدەین و تێبکۆشین بۆ پەرەپێدانی زیاتری بیری نەتەوەیی و ڕێکخستنی نەتەوەیی، تا لەداهاتوویەکی نێزیکدا ببێتە شەپۆلێکی جەماوەری و ئەو حیزبانەی وا هەر خۆیان دەبینن، ناچار بکرێن مل بۆ داخوازییەکانی ڕەوا و لەمێژینەی کورد دانەوێنن و، بێئاگاداریی گەلی کورد بڕیار لەسەر چارەنووسیان نەدەن.

لەگەڵ ئامادەنەبوونی ئەو حیزبانەی کە بیری ئێرانچێتی و ترکچێتی و عەرەبچێتی بەسەریاندا زاڵە، بۆ هاوکاریی لەگەڵ کۆنگرە، بەڵام بەشێک لە حیزب وڕێکخراوەکان لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بەئاشکرا، یان نهێنیی هاوخەباتی و ئەندامەتیی خۆیان لەگەڵ کۆنگرە دەربڕیوە. هەروەها بەسەتان کەسایەتی نیشتمانپەروەر لەهەموو بەشەکانی کوردستان، هاتوونەتە نێو ریزەکانی کۆنگرەوە. سەبارەت بەو حیزب و لایەنانەی کە بەهەر هۆیەک نەیانویستووە لەگەڵ کۆنگرەدا هاوکاریی بکەن، پێیان دەڵێن، کۆنگرە جێگەی خەباتی هەموومانە و شێوەی کار و بیرکردنەوەش ئەوە نییە کە ئەگەر حیزبێک ئەوڕۆ ئامادەی هاوکاری نەبوو لەگەڵ کۆنگرە، ئیدی پێوەندیی لەگەڵ نەگرینەوە. ئێمە هەمیشە و هەرکات ئامادەین بۆ

پێوەندیگرتن و هاوکاریکردن و، داوایان لێدەکەین لەدەوری یەکدی کۆبینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەکردەوە خزمەتی بیری رزگاری و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان بکەین.

**پرسیار: ئایا کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ داگیرکەران ئەوەیە کە لەنێو دەسەڵات وحکوومەتدا بەشدار بین، یان کورد بۆ ئامانجی دیکە هەوڵدەدات.! ئایا بەشداریکردنی کورد لە نێو دەوڵەتانی ولاتانی داگیرکەردا، مافەکانی کورد دەستەبەر دەکات؟ ئەگەر نا، کورد بە چ رێگەیەک دەتوانێ کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بکات ؟!**

**و:** کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ داگیرکەران، کێشەی خاک و نەتەوەیەکی داگیر و دابەشکراوە. ئەو کێشەیەش تەنیا بە رزگارکردنی خاکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد چارەسەر دەکرێت. ناکۆکیی سەرەکی و بنەرەتیی لە کوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە. لابردنی ئەو ناکۆکییەش تەنێ بە دەرکردنی داگیرکەران و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد کۆتایی دێت. ئەمانە پرنسیپ و هێڵی سۆرن بۆ ئێمە و، بۆ هەموو ئەوانەی خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن و لادان لێیان بەمانای تاوان و خیانەتە لە بیروباوەڕی نەتەوەیی و بە خوێنی شەهیدان و ئامانجەکانی لەمێژینەی کورد.

لە وڵاتانی داگیرکەردا کێ حکوومەت دەکات و، گەلانی ترک و فارس و عەرەب چ جۆرە دەوڵەت و حکوومەتێک بۆخۆیان هەڵدەبژێرن، پێوەندیی بە کوردەوە نەبووە و نییە. ساڵی **1979** تێکڕای خەڵکی ئێران رژێمی پاشایەتییان رووخاند و لەجێی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند. ئایە کورد دەیتوانی رێگە نەدا کۆماری ئیسلامی دامەزرێنن و، لەجێی کۆمارێکی دیمۆکراتی بێنێتەسەرکار؟ لە تورکییە و سووریا و عێراق هەروەتر. بۆیە زۆر هەڵەیە و سیاسەتێکی چەوتە کە حیزبەکانی ئێمە، ئێستاش رۆڵی

برابچووک دەدەن بە خۆیان و، داوا لە گەلانی سەردەستی کورد دەکەن، ببنە دیمۆکرات و ئازادیخواز و، برایەتیی کورد بەرەسمی بناسن. ئەوجا ئەوانیش لەکات  ورۆژ و دەرفەت بگەڕێن بۆ بندەستکردن و کۆیلەکردنی دووبارەی کورد.

**بابەتێکی دیکە کە بە پێویستیدەزانم ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، تا ئێستا چەندین کەسایەتی و بنەماڵەی نێوداری کورد، لەوانە تۆرگوت ئۆزال لە تورکییە، بنەماڵەی حەیدەر عەلی ئۆف لە ئازەربایجان، بنەماڵەی حافز ئەسەد لە سووریا، جەلال تاڵەبانی لە عێراق، هەروەها گەلێک وەزیر و سەرلەشکر و کاربەدەستی دیکەی کورد لەنێو سوپا و داوودەزگەی رژێمەکانی داگیرکەردا بەشدارییان کردووە، بەڵام بەقەدەر سەرە دەرزییەک سوود و قازانجیان بۆ گەلەکەیان نەبووە و، ناشیانبێت.** هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسانە **(جا سەر بە حیزبێک بن، یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو)**، ئەوا لەپێناو گەیشتن بە پلەوپایە و، ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیان، راستەوخۆ بوونەتە پارێزەری بەرژەوەندیی نەتەوەی بالادەستی کورد، بەکردەوە، بوونەتە پارێزەری سنوور و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەی بالادەست. قانوونی دەوڵەت و نەتەوە سەردەستەکەیان سەپاندووە بەسەر گەلەکەی خۆیان و گەلانی دیکەشدا. بۆیە ئێمە هەر جۆرە بەشداریکردنی کورد لەنێو رژێمەکانی داگیرکەر، بەبیانوو و درۆشمی درۆزنانەی وەک **"فیدراڵی" و "برایەتی"** و **"پێکەوەژیانی وەکیەک" و "یەکسانیی"** و.. هتد، بەتاوان و لادانی ئاشکرا دەزانین لە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد. هەڵبژاردنی بەڕێز جەلال تاڵەبانیی بۆ سەرکۆماریی عێراق لەم دواییانە، لەداهاتوویەکی نێزیکدا دەریدەخات کە مافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی سنووری رژێمەکانی داگیرکەردا دەستەبەر ناکرێ. هۆکەشی ئەوەیە ئامانج و بیروباوەڕ و بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگ و

شارستانییەتی ئێمەی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، یەکدی ناگرنەوە. بەکورتی ئەگەر دەمانەوێ پێش بەماڵوێرانی وتاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکەمان بگرین، ئەگەر دەمانەوێ کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتوومان ببێت، پێویستە ئێمەی کوردیش بیر لەبەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان بکەینەوە، بەبێدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ناتوانین رووی ئاسایش و ئازادی بۆ خۆمانەوە ببینین.

لەبەر ئەوە بەباوەڕی من، لەئەگەری رووخانی رژێمەکانی داگیرکەر، پێویستە کورد یەکسەر داوای ئەنجامدانی رفراندۆم بکات، بە چاودیرێکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ولاتانی دیمۆکراتی جیهان. دیارە گەلی کورد کە بەدرێژایی دەیان و سەدان ساڵ، جگە لە کوشتنوبڕین وماڵوێرانیی هیچ خێرێکی لە داگیرکەرانی نەدیوە، کاتێ رێگەی پێبدرێ لە ئازادی تەواودا دەنگ بۆ چارەنووسی خۆیبدات، گومانی تێدانییە، دەنگ بۆ ئازادی و سەربەستیی دەدات، نەک بۆ کۆیلەیەتی و بندەستکردنی دووبارەی خۆی. ئەوجا رفراندۆمێکیش بە ئاگاداری و چاودێریکردنی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بێت، هیچ دەوڵەت و لایەنێک ناتوانێ دژایەتی بکا و، هەڵیوەشێنێتەوە.

**پرسیار: "جەنگی سارد" و دنیای دووجەمسەریی، بوونەتە بەشێک لەمێژوو، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئەوڕۆکە لە کوردستان و لەنێوچەکەدان. هێندێک لە لێکۆڵەوەرانی کورد و بیانیی، لەو باوەرەدان کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان بەدەستەوەیە، ئێوە لەوبارەوە چۆن بیردەکەنەوە! ئەگەر وایە و ئەمریکا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هاتووە، بۆچی بەهەموو توانایەوە تێدەکۆشێ دەوڵەتی عێراقی نوێ دامەزرێنێتەوە؟!**

**و:** بەڵێ، سەرچاوەی گۆرانکارییەکان و خولقانی ئەم بارودۆخەی ئێستا، دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی **1989 – 1990** کە **یەکێتیی سۆڤێت** هەرەسیهێنا.

دوابەدوای ئەوە بەدەیان نەتەوە لەرووس جیابوونەوە و، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانیان راگەیاند. ئەوجا **یووگسلاڤیا** پارچە پارچەکرا و چەندین دەولەتی سەربەخۆ لەنێودڵیدا هاتەدەر. ئەو بارودۆخە نوێیە کاریکردە سەر پەرەسەندنی بیری ئازادی و سەربەخۆیی، لەجیهان و لەنێوچەکەدا.

لەگەڵ نەمانی سۆڤێت، پلانی لەنێوبردنی پاشماوەی رژێمەکانی پێشووی هاوپەیمانی سۆڤێتی رووخاو و رژێمەکانی دیکتاتۆر، لەلایەن ولاتانی رۆژاڤاوە دارێژرا، شانبەشانی ئەوەش، بەرە بەرە، دنیا بەرەو ململانێیەکی نوێ راکێشکرا کە ئەویش شەڕی نێوان دنیای ئازاد و ئیسلامی بنچینەگر بوو، ئەمەش گەلێک رووداو و ئاڵوگۆڕی تازەی لێ خولقا، بەتایبەتیی لە رۆژهەلاتی ناوەراست. دیارە چاوەڕوانیی ئەوەدەکرێ لە داهاتووشدا ئالوگۆری گەورەتر لەنێوچەکەدا روودەن.

وەک دەزانین **رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لەساڵی 1979 لەلایەن چینی مەلاکانی ئێران بەسەرۆکایەتیی خومەینییەوە، بوو بە هۆی پەرەسەندنی بیری ئیسلامەتی و، بیرۆکەی دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆری ئیسلامیی سەریهەڵدایەوە.** دژایەتیی ئاشکرای خومەینی و رژێمەکەی لەگەڵ ئەمریکا و ولاتانی رۆژاڤا و، سازکردنی دەستە و گرووپی ئیسلامیی توندڕەو لەنێوچەکە، بەرە بەرە، ناکۆکیی نێوان کۆمۆنیزم و بۆرژوازیی گواستەوە بۆ ناکۆکیی نێوان ئیسلامی بنچینەگر و دنیای ئازاد. ئەورۆکە دەبینین، بەوێنەی سەردەمی **"جەنگی سارد"** ئەمریکا و رۆژاڤای ئورووپا کەوتوونەتە بەرەیەکەوە، بەلام ئەمجارەیان نەک لەدژی یەکێتیی سۆڤێت و بەربەرەکانێی کۆمۆنیزم، بەڵکو دژی رژێمەکانی ئێران و سووریا و دەستە و تاقمی میلیشیای ئیسلامی یەکیانگرتووە کە لە عێراق و

ئەفغانستان و لوبنان و سووریا و پاکستان و شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بلاوبوونەتەوە.

**ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا** و، دواتر ڕووخانی ڕژێمی دڕندەی سەددام حسێن، ئاسۆیەکی ڕۆشنی لەبەردەم کورد و کێشە سیاسییەکەیدا کردەوە. پاش سەدان ساڵ بۆ یەکەمجار لەمێژووی کورددا، بەخت ڕوویتێکرد و، گەورەترین هێز و دەسەڵاتداری دنیا، کەوتووەتە بەربەرەکانێی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان و، هەڕەشەی لەنێوبردنیان لێدەکەن. بەسەدانهەزار سەبازی ئەمریکایی و ئینگلیزی و، سەربازی وڵاتانی هاوپەیمانیان ڕژاونەتە نێوچەکەوە. کاربەدەستەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، نەبەرەسمی و، نەبە نارەسمیی، هیچ کات ڕایاننەگەیاندووە کە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی هاتوونەتە نێوچەکەوە، بەڵام کورد دەیتوانی – ئێستاش کات و دەرفەت ماوە ئەگەر سەرکردەیەتیی حیزبە سیاسییەکان لە کیسی نەدەن، گوشار بخەنە سەر ئەمریکا و، کۆمەڵی نێونەتەوەییی، بۆ ئەوەی ڕێگە بە کورد بدەن و، ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی لە کوردستان ئەنجامبدەن. ئەو گوشار و داواکارییانەش بە دیپلۆماسییەکی بەهێز و بەسازکردنی خۆپێشاندانی جەماوەریی گەورە گەورە دەکرێ لەهەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان و، لە دەرەوەی وڵات و، دەبێ حیزبەکانی کوردستان بە یەکدەنگ، پشتیوانی گەلی کورد بکەن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

**گەلەک مخابن**، سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور، نەیتوانی لەئاست گۆڕانکارییەکاندا خۆی پێشانبدات و، پتر هەر چاویان لەزاری ئەمریکاییەکان بڕی. کات و ڕۆژەمێژووییەکانیان لە ئێوارەخوان و نیوەڕۆخوان و، گێڕانەوەی نوکتە و قسەی خۆش لەگەڵ کۆنە بەعسی و کۆنەبکوژ و نەیارانی کورد و کۆمەڵێک ڕەگەزپەرستی عەرەبدا بردەسەر

که جلی دیمۆکراسییان لەبەر کردبوو. لەباتی گوشارخستنەسەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی کە ئەو کات کوردستانیان دەپاراست، بۆ سازکردنی رفراندۆم لە کوردستان و، پێداگرتن و مکوڕبوون لەسەر گەڕانەوەی نێوچە بەعەرەبکراوەکان، هاتن، کەوتنە هەوڵ و دەوڵەتی عێراقی نوێیان دامەزراندەوە و، دەسەڵاتیاندایەوە دەستی کۆمەڵێک رەگەزپەرستی دیکەی عەرەب. ئەوجا پاش گلەیی و گازندەی زۆر لە دەوڵەتی جەعفەری، رەگەزپەرستێکی دیکەیان هینایەجێی، کە ئەویش هەر جەعفەرییەکی دیکەیە بۆ کورد، وەک بڵێی کێشەی ئێمەی کورد لەگەڵ تاکێکی عەرەبدا بووبێت، واتە هەشتاساڵ قوربانیماندا بۆ لابردنی سەددام بوو، نەک بۆ ئازادی و رزگارکردنی کوردستان. ئەورۆش جەعفەری لابرا و، جێگرەکەی هاتەجێی، ئیدی کێشەکە چارەسەر کرا و. کورد داخوازیی نەما!!

**ئێستاش** ئەگەر سەرتاسەری باشووری کوردستانمان بۆ بکەن بە ئالای کوردستان، ئەو ناسنامە و پاسپۆرتەی دەچێتە گیرفانی کوردی باشوورەوە، لەسەری نووسراوە "**جمهوری عراق**". **ئەو عێراقەی کە بەپێی یاسای نوێ، دیسان بەشێکە لە نیشتمان و (جامعەی عەرەبی).** جارێکی دیکە خەون و ئاواتی لەمێژینەی کورد لەگۆڕ نرا و، نەبووینە خاوەنی خاک و ئاڵا و ناسنامەی خۆمان. کێشەی نێوچە تەعریبکراوەکانیش لەولاوە بمێنێ، جاران رژێمی سەددام و بەعس هەوڵی پاکتاوی رەگەزی کوردیان دەدا، ئێستاکە شیعە و سوننەی عێراق، بە جیا و پێکەوە، پلانیان بۆ کەرکووک هەیە و، تەماح و پیلانی ئێران و تورکیا و ولاتانی دیکەی عەرەبیش لەولاوە با بوەستێت....

**دوێنێ** لەدەستچوو. ئەورۆش ئەمریکا کەوتووەتە گێژاوێکەوە لە عێراق کە بۆ دەربازبوون لێی، بەپەلە پەل، کۆمەڵێک لایەنی نەیار و ناتەبای، بەزۆر و گوشار و پاڵەپەستۆ خستەپاڵ یەک و، نێوی لێنا، "**حکوومەتی**

**عیراقی نویّ**". بێگومان ئەم کارەی ئەمریکا، هەڵەیەکی گەورەترە لەسەر هەڵەکانی پێشووی، چۆنکە ئەمریکا هێشتا لەبەر رازیکرنی دڵی تورک و هاوپەیمانەکانی عەرەبی، نایەوێ ئەو راستییە قەبووڵ بکات کە دەوڵەت و جوگرافیا و نەخشەیەکی دەستکرد بەنێوی عێراق، نەما و، چووە زبڵدانی مێژووەوە. ئەو لایەنانەش وا ئێستە دەیانەوێ دەسەلاتی عێراقی نوێ بگرنەدەست، بەرژەوەندی و فەرهەنگ و ئامانجیان، جۆری بیرکردنەوەیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و یاسا و دەوڵەت ودەسەڵات، زۆر زۆر لەیەک دوورن. خوێنڕشتن و دوژمنایەتی قووڵ و مێژوویی و کێشەی ئاینی و دەستدرێژی و سووکایەتی و مافپێشێلکردنی دەیان و سەدان ساڵەیان لەنێواندا هەیە. ئەو دوژمنایەتییەش بە دەستومشتاقکردن وماچومووچی دوو سەرکردەی کورد و بەبزە و پێکەنینی پڕ لە فێڵ و درۆی چوار سەرکردەی عەرەبی شیعە و سوننە کۆتایی نایەت. لە داهاتوویەکی نێزیکیشدا، کێشەکانی نێوانیان دەتەقێنەوە و، نێوچەکە بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەڕوات. ئەوجا، کورد کە دەیتوانی رۆژانێک کاری باش بۆ داهاتووی خۆی بکات و، ئاگری شەڕ و ناکۆکییەکان لەخۆی دوورخاتەوە، دیسان دەکەوێتەوە بەر تیر و شیری دوژمنان و ناحەزانی .

ئەمە قسەی ئێستامان نییە. سەرۆکایەتی و هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان،چەندین ساڵە، بەردەوام چ بە نووسین و پێوەندیگرتن بە سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور، چ بە وتار و نامەی سەرئاواڵە لەراگەیاندنی کۆنگرە و، بە ناردنی دەیان نامە بۆ سەرۆکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها بۆ سەرۆکی ئەمریکا و بریتانیا، داوامان کردووە و، گوتوومانە، باشترین چارەسەریی بۆ بنبڕکردنی کێشەکان لە عێراق و نێوچەکە ئەوەیە، پشتگیریی گەلی کورد بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی

خۆی و، جارێکی دیکە ئەو هەڵە مێژووییە دووپات نەکرێتەوە و، باشووری کوردستان نەلکێننەوە بە عێراقەوە....

**بەڵام** ئەگەر لە خۆمان بپرسین، باشە چیبکەین؟! من دەڵێم، دەبێ خەڵک هۆشیاربن. لەوە زیاتر چاویان لە سەرۆکی حیزبەکان نەبێ، تا بزانن چییان بۆ دەکەن. دەبێ خۆیان رێکبخەن و،خۆپیشاندان ساز بکەن. کۆمیتەی سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندانەکان پێک بێن، درۆشمی **"رفراندۆم بۆ کوردستان"** ببێتە درۆشم و داوای سەرەکیی لەهەموو کوردستان. داواکاری و درۆشم و کۆکرنەوەی ئیمزای خەڵک راستەوخۆ بەرەورووی نووسینگەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و ولاتانی دیمۆکراتی جیهان بکرێتەوە، نەک بدرێ بە حیزبەکانی دەسەڵاتداری کورد،کە ئەمانیش،وەک "کارت" بەرامبەر عەرەبەکان لە بەغدا بەکاری بێنن بۆ وەرگرتنی پۆست و پلەی باشتر بۆخۆیان. تەنیا رێخستنی خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری و بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵی نێودەولەتیی ناچاربکات، سەر بۆ داخوازیی رەوای گەلێک دانەوێنێ کە بەپێی بەندەکانی یاسای نێونەتەوەیی داوای دیاریکردنی مافی چارەی چارەنووسی خۆی دەکات. ئێوە باش ئاگادارن کە هەر دوێنێ و پێری بوو کە ئەیالەتی مۆنتەگرۆ، لەئەنجامی رفراندۆمێکی ئازاد و، بەزۆرینەی دەنگ لە **سربستان (یوگسلاڤیا)** جیابوونەوە. ژمارەشیان تەنیا **650000** (شەشسەت و پەنجا هەزار) کەسە، نەک وەک ئێمە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بن، کە هێشتا بە کۆیلەتی و بندەستی ماوینەتەوە. ئەمریکا و هیچ دەوڵەتێکی دیکەی دنیا، دەوڵەت و حکوومەت بۆ گەلێک دانامەزرێنن کە بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی خۆی نەناسێت. دەوڵەت بۆ گەلێک دانامەزرێنن، کە سەرکردەکانی بەبۆنە و بێبۆنە هاواردەکەن ئێمە نامانەوێ لەعێراق جیاببینەوە و، کاردەکەین بۆپاراستنی یەکپارچەیی عێراق! تەنیا

هۆشیاریی کورد خۆیەتی  دەتوانێ بە دنیای بسەلمێنێت کە نایەوێ چیدی لەبندەستیدا بژی و، خوازیاری رزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیەتی. گەلەک مخابن، سەرەرای خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار، دەبێ بڵێم هێشتا کێشەکەمان - وەک کێشەی گەلێکی بندەست لەئاستی کۆمەڵی نێونەتەوەییدا نەناسراوە و بایەخی پێنادرێت. هۆی سەرەکیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە سەرۆکایەتیی ئەو حیزبەکوردییانەی وا بەڕێوەبەرێتیی بزاڤ و راپەڕینەکانی گەلی کوردیان بەدەستەوە بووە و هەیە، هەمیشە خەباتی حیزبەکەیان و کێشەی گەلی کوردیان بەستووەتەوە بە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتە داگیرکەرەکەوە و، تەنیا خوازیاری وەرگرتنی مافی فەرهەنگی و ئۆتۆنۆمی بوون و، بەردەوامیش گوتوویانە، جیابوونەوەخواز نین و، لە هەر ئێرانی ئێرانیتر و، لەهەر تورک، تورکتر و لە هەر عێراقی و سووری، عەرەبترن. واتە کێشەی کورد، هەمیشە لەلایەن خۆیەوە کراوە بە کێشەیەکی نێوخۆیی لەنێو چوارچێوەی ولاتانی داگیرکەریدا.

ئەمریکا بەرنامە و ستراتیژێکی دیاریکراوی خۆی هەیە لەنێوچەکەدا و، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیدا، رێگەچارە و ئالترناتیڤی جیاواز هەڵدەبژێرێت، واتە ئەگەر ئەمرۆ بارودۆخ هێنایەتە سەر ئەو باوەڕەوە لەکورد نێزیک ببێتەوە باشرە بۆی، رەنگە ئەوە لەگەڵ سیاسەتی سبەینێ و دوارۆژیدا نەگونجێ، لەبەر ئەوە پێویستە کورد، ستراتیژ و بەرنامەی دیاریکراوی خۆی هەبێت کە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەییی خۆیدا یەکبگرێتەوە، کە ئەویش گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. بەبێ دیاریکردنی ئەو ستراتیژە نەتەوەییە، ناگەینە ئامانج و هەروا بیدەرەتان و کۆیلە دەمێنینەوە.

**پرسیار: نەتەوەیی بەکێ دەگوترێ و، بەرەی کوردستانیی دەبێ چ مەرج و پێوانەیەکی هەبێت؟!**

**و:** زۆر کەس بە قسە و سەرزارەکی بەخۆی دەڵێت: **"نەتەوەییی"**، لەکاتێکدا نەتەوەییبوون بە قسە نییە، بەڵکو بەکردەوەیە. نەتەوەیی بە کەسێک دەگوترێ کە هەست بە بندەستیی خۆی و نەتەوەکەی بکات و، بە کردەوە و، نەک بە قسە، کار بکا و تێبکۆشێت بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. واتە نەتەوەیی بە کەسێک دەگوترێت کە بڕوای بە رزگارکردنی خاکی کوردستان و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە و، لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە، بەکردەوە خەبات دەکات و تێدەکۆشێ. **نەتەوەیی بەو کەسە ناوترێت کە سەرزارەکی باس لە کوردایەتیی دەکا و ئالای کوردستان بەرزدەکاتەوە (وەک ئێستا بووە بە باو)، بەڵام کردەوە و بیری، پاریزگاریکردن بێت لە سنوور و دەسەڵاتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان. نەتەوەیی بە کەس و لایەنێک ناگوترێت کە بە بەیتوبالوورەی "برایەتی" و "پێکەوە ژیانی وەکیەک" و هتد، بیری ئێرانچێتی و عێراقچێتی و سووریاچێتی و ترکچێتی بلاودەکاتەوە و، بۆ شاردنەوەی ئامانجی نانەتەوەییانەشی، بیرۆکەی نازانستانە و نانەتەوەییانە دادەتاشێت و خەڵک چەواشەدەکات.** مرۆڤی نەتەوەییی، دژایەتیی هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی خۆی بە کەمتر لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانانێت. باوەڕی تەواوی بە یەکسانیی مرۆڤ هەیە و، لەوباوەڕەدایە کاتێک مافی مرۆڤی کورد بەتەواوەتیی دەپارێزرێ کە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە، خاوەنی مافی یەکسان و بەرامبەر بێت.

سەبارەت بە "**بەرەی کوردستانیی**"، لەکوردستان بەهەڵە واجێکەوتووە، نێوی "**بەرەی کوردستانیی**" واتای ڕێککەوتنی چەند حیزبێکی سیاسیی دەگەیەنێت. بەباوەڕی من، "**بەرەی کوردستانیی**" لەنێوان ئەو لایەنانەدا پێکدێ کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە و، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان تێدەکۆشن و، بەپێی ستراتیژێکی روونی نەتەوەییی دەچنبەڕێوە. بەڵام سازکردنی "**بەرە**" لەنێوان دوو، یان سێ حیزبی کوردی و، پشتگوێخستنی حیزب و لایەنەکانی دیکە و، گرێدانی خەباتی حیزبەکەیان و بزاڤی گەلی کورد بەچوارچێوەی ولاتانی داگیرکەر - بۆ ئامانجی تایبەتی کەسی و حیزبیی، ئەوا پێیناگوترێت "بەرەی کوردستانیی"، بەڵکو پێیدەگوترێت "**بەرەی حیزبیی**". لەبارودۆخی ئێستا لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا حیزب و ڕێکخراوەیەکی نەتەوەیی شکنابەین کە بێ پێچوپەنا، ستراتیژ و ئامانجی، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بێ و، بە ئاشکرا بانگەواز بۆ ئەو بیروباوەڕە بکات. **پێشتر هێندێ حیزبی بچووک هەبوون لە باشووری کوردستان، کە بەرنامە و درۆشمی نەتەوەییان هەڵگرتبوو، بەڵام دواتر تێکەڵ بە حیزبە گەورەکان بوون، یان بوونە گرێدراوی ئابووریی ئەوان و، ناچار بەپاشەکشە لە پرنسیپە نەتەوەییەکانیان بوون، یان بەهۆی بێپارەیی و لاوازبوونی باری داراییەوە هەڵوەشانەوە. چەندین حیزبی بچووکی دیکە هەن لە دەرەوەی ولات، کە بەهۆی دوورییان لە کوردستان و، کەمیی ئەندام و کادری هەڵسووڕاو و لاوازیی ئابووریی، بەکردەوە نەیانتوانیوە و ناتوانن، کارکردیان لەسەر گۆڕینی باروذۆخە داسەپاوە سیاسییەکە بێت لە کوردستان**، بەڵام ئێمە لە پێوەندیی بەردەوامداین لەگەڵیان کە بێنەریزی کۆنگرەوە، یان ببنە ئەندام لەکۆنگرەدا، بۆ ئەوەی نەتەوەییەکانی کورد بتوانن لەدەوری نێوەند و

دەزگەیەکی راستینەی نەتەوەییدا کۆببنەوە و، خەبات و توانا و لێوەشاوەیی و تێکۆشینیان بەخاسار نەچێ.

لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەم کردپێی، بەباوەڕی من، تاکە دەزگەیەکی نەتەوەیی کە ئەوڕۆکە،لە ئاستی نێونەتەوەیی و لەنێوخۆی ولات، دوور لە ئامانج و بەرژەوەندیی کەسی و دەستە و دەستەگەرێتی و حیزبایەتی، توانیویەتی لەسەر پێی خۆی راوەستێ و، بە کردەوە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی و، رزگاریی کورد و کوردستان خەبات بکات و تێبکۆشێت، تەنیا کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە.

**سەبارەت بە پێکهێنانی "بەرەی کوردستانی"، لە روانگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، ئەم سێ خاڵەی خوارەوە، مەرج و پێوانەن بۆ دروستکردنی "بەرەی کوردستانیی!"**

**1 - پێویستە بەرەی کوردستانیی، بەبەشداریی هەموو حیزب و لایەنی سیاسی و کەمایەتی نەتەوەیی و ئاینی و کوردستانیی پێکبێت و، هیچ لایەن و بیروباوەڕ و چین و هۆز و ئاینێک پشتگوێ نەخرێت.**

**2 - پێویستە لایەنەکانی ئەندام لەنێو "بەرەی کوردستانیی"، کورستان بە خاک و نیشتمانی خۆیان بزانن و خۆیان بە "کوردستانیی" بزانن.**

**3 - پێویستە بەپێی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەییی، کار و خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکەن.**

**ئەو سێ مەرجەی سەرەوە دەبێ وەک پرنسیپ رەچاوبکرێ و، هەموو لایەنەکانی بەشدار لەنێو "بەرە"، پێڕەوی بکەن.**

**پرسیار: سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران بیروراتان چییە و، بەبۆچوونی ئێوە، ئاکامی ئەو قەیران وناکۆکییەی نێوان ئەمریکا و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی لەگەڵ ئێران ئەنجامەکەی بەکوێ دەگات؟!**

بەرنامەی ئەتۆم و سازکردنی چەکی ئەتۆم لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، بەو بیروبۆچوون و ئیدەلۆژییەوە کە هەیەتی، وەک بابەتێکی گرنگ وچارەنووسساز چاویلێدەکات. رژێمی ئێران باشدەزانێت کە رۆژاوا، بەتایبەتیی ئەمریکا، بەرازیبوون و وازهێنانی لەسازکردنی چەکی ئەتۆم، لەکۆڵی نابێتەوە و، ئەوجا دەبێ ریفۆرم و چاکسازی لەنێوخۆیدا بکات و مافی مرۆڤ بپارێزێت، لە سیاسەتی دەرەوەشیدا، حکومەتی نوێی عێراق بەرەسمی بناسێ و، بەکردەوە وازبێنێت لە دەستێوەردانی لەکاروباری نێوخۆی ولاتانی لوبنان و، فەلەستین و ئەفغانستان و عێراق و، دەستبەردات لە پشتیوانیکردنی رێکخراوەی تێرۆریستیی لەجیهان. واتە بەوازهێنانی لە پرۆژەی چەکی ئەتۆم، قۆناخ بە قۆناخ دەبێ ئەو گۆرانکارییانە لەخۆیدا بکات، ئەنجامەکەشی لەئێستەوە دیارە و دەبێتە هۆی ئەوە کە چاری نامێنێ و، دەبێ لەبەرامبەر گوشاری دەرەوە و، ناڕەزایەتیی نێوخۆدا گۆڕان لە قانوونی بنچینەیی ئێراندا بکات. بەوەش دەسەڵاتی "وەلی فقیە" کەمدەبێتەوە کە بناخەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو خاڵە دامەزراوە. لەبەر ئەو هۆیانە، ئێران چ رێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە جگە لەوە کە پێدابگرێ لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی و، بەردەوام هەوڵبدات بۆ شێواندنی بارودۆخی نێوچەکە بەزیانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. لەراستیدا ئێران توانیویەتی، لەپاش رووخانی سەددام، سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێ و، بەرەیەکی دژە ئەمریکایی لەنێوچە دروستبکات، کە سەرێکی لە فەلەستینە و، سەرەکەی دیکەی لە عێراق و ئێران خۆیەتی. دروستکردنی چەکی ئەتۆمیش لەلایەن ئێرانەوە، بارودۆخی نێوچەکە خراپتر و ئاڵۆزتردەکات. لەبەر ئەوە، بەدووری نازانم و لەو باوەڕەدام، لەداهاتوویەکی نێزیکدا گورزی سەربازیی لە ئێران دەدرێت، ئەویش نەک بەمەبەستی لاوازکردنی، بەڵکو بەمەبەستی لەنێوبردنی. چۆنکە ئێستا ئیدی،

دنیای ئازاد لەو راستییە گەیشتووە، تاکو رژێمی ئیسلامیی ئێران لەسەر کار بمێنێت، نەتەنیا رۆژهەڵاتی ناڤین، بگرە جیهانیش رووی هێمنی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێت.

**دواپرسیارمان لە بەڕێزتان ئەوەیە، لەکۆنگرەی پێنجەمی – کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا، پاش شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی ئێوە سەبارەت بە رۆژهەلاتی کوردستان، پێشنیازی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی رۆژهەلات کرا، کە وەک لقی کۆنگرە لە رۆژهەڵات کار بکات بۆ پەرەپێدان و یەکخستنی بیروباوەڕ و بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لە رۆژهەڵات. ئەوە بوو بەتێکرای دەنگ، لە کۆنگرەی پێنجەمدا بڕیاری دامەزرانی کۆنگرەی رۆژهەڵات درا. پرسیارمان ئەوەیە، ئێوە لەو ماوەیەدا چیتانکردووە و، دامەزرانی کۆنگرە لە رۆژهەلات بەکوێ گەیوە؟ تکایە لەوبارەوە رۆنکردنەوەیەک بۆ هاوولاتیان باس بکەن!**

و: **بەڵێ،** هەروەک باستانکرد، مەبەست لە پێکهێنانی لقی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژهەڵات، بۆمەبەستی کۆکردنەوە و رێکخستنی هەموو ئەو تێکۆشەرانەیە کە خۆیان بە نەتەوەییدەزانن و، گرێدانی خەباتی نەتەوەی کورد لەلایەن حیزبەکانەوە بە چوارچێوەی سنووری داگیرکەرانی کوردستانەوە بە ناراست ونارەوا دەزانن و، خوازیاری رزگارکردنی نیشتمانەکەیانن لە بندەستیی. بەهۆی نەبوونی دەزگەیەکی نەتەوەیی و کوردستانییەوە، بۆشاییەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدیدەکرا. دیارە ئەو بۆشاییە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەیە. رووداوەکانی ئەمدواییەی باشووری کوردستان، پتر ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەوە کە مەرجی سەرەکیی رزگاریی هەر گەلێک، بوونی هۆشیاری نەتەوەییە. بۆ ئەوەی لەئەگەری رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، چارەنووسی کورد لەرۆژهەڵات، وەک باشوور لەلایەن حیزبەکانییەوە نەبەسترێتەوە بە سنوور و جوگرافیای ئێرانەوە، پێویستە کاربکرێت بۆ پەرەپێدانی هزر و باوەڕی

نەتەوەیی. بۆ ئەوەش بڕیاردرا کە لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، کار و ئەرکی پێگەیاندن و پەروەردەکرنی چین و توێژەکانی گەلەکەمان، بکرێتە بەرنامەی سەرەکیی کار و تێکۆشینی سیاسیمان لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان. بەهەوڵوتێکۆشینی هاوبیرانی دڵسۆز، توانراوە لە زۆربەی شار و نێوچەکانی کوردستان، لە تاران، چەندین کۆمیتە و شانەی نەتەوەییی دامەزرێنین. ئەوەش سەرەتایەکە بۆسازکردنی ئەو ڕێکخستنە جەماوەرییە کە لەداهاتوودا بەوێنەی زەریایەکی بەرین بکەوێتەڕێ و داوای سەرفرازی و بەختەوەریی خۆی بکا و، بەرەو شارێی ئازادی و سەربەخۆیی مل بنێت.

**بەڕێز سیروان کاوسی زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونتان لەو وتووێژە. لەکۆتاییدا ئەگەر وتەیەکتان ماوە، بۆ گوێگرانی باس بکەن!**

و: بەهیوای ئەو ڕۆژە کە گەلی کورد لە شار و گوندەکان و، لەسەرتاسەری کوردستان، بە بیستنی هەواڵی ڕزگاریی یەکجاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بڕژێنە سەر جادە و شەقام و گۆڕەپانەکانی شارەکان، کچ و کوڕ و گەورە و بچووکی نەتەوەکەم، دەست لەنێودەستی یەک، جێژن و شادی سەرکەوتن و سەرفرازیی بگێڕن.

لە کۆتاییدا هیوای شادی و سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کوردمان دەخوازم و سوپاسی ئێوەش دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم وتووێژە.

**(1*) – ڕادیۆی ڕۆژاوای کوردستان، لەسەر ساتەلایت بۆ ماوەی نێزیک بە سێ ساڵ، لەساڵی 2005 وە هەتاکو ساڵی 2008 بەرنامەکانی پەخشدەکرد. کۆمەڵێک لە هاوبیرانی دڵسۆز، لەوانە شیلان بەرزنجی، سۆنیا، شوان بەرزنجی، گۆران دەرگەزێنێ، ماناز قورئانی و نووسەری ئەم دێڕانە پێکەوە کاری ڕادیۆکەمان دەبردبەڕێوە. ڕادیۆ ڕۆژاوای کوردستان توانی لەماوەی کارکرندیدا لەبوارەکانی سیاسی و مێژوویی ونەتەوەییدا گەلیک بەرنامەی بەپێز و زانستانە پێشکێش بکات، ئەمەش**

کارکردی باشی لەسەر رۆشنبیران و، خوێندوار  ونیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لەنێوخۆ و لەدەرەوە دانابوو. زۆربەی ئەوانەی گوێبیستی بەرنامەکانی رادیۆکە بوون، هەموو رۆژێک پێوەندییان بە رادیۆوە دەگرت و، هاوکاری وپشتیوانیی خۆیانیان بۆ کۆنگرە و ئامانجەکانی دەردەبڕیی.

# سمکۆی شکاک،

# لەنێوان تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی و رق و بێزاریی داگیرکەرانی کوردستان!

**ئەم وتارە بەدرێژایی مانگی گەلارێزانی ساڵی 2006 لە رادیۆ رۆژاوای کوردستان بڵاوکرایەوە. هەروەها لەسەر ماڵپەڕەکانی هەڵوێست و بروسکە و رۆژهەڵات و، چەندین ماڵپەڕی دیکە بڵاوکرایەوە. ئێستاش لە Google بەم ئەدرەسە:**

http://www.peace4world.blogfa.com <u>(ئازادی بو کوردستان و ئاشتی بو جیهان) بەسانسۆرکراوی دانراوە!</u>

داگیرکەران و دوژمنانی گەلی کورد، جگە لە تاڵانکردنی سامان و بەروبووی سەرزەوی و کان و کانزاکانی کوردستان و، هەوڵی بەردەوام بۆ ژێنۆسایدکردنی رەگەزی و ئابووری و فەرهەنگیی کورد، هەروەها تێکۆشیون بۆ شکاندنی کەسایەتی و سووکایەتیپێکردن بە رێبەرانی کلاسیکی کورد، بەتایبەتیی ئەو سەرکردانەی کە بە باوەڕ و هەستێکی پاک و نیشتمانپەروەرانەوە، هەوڵی رزگارکردنی گەلی کوردیانداوە و، بەرەنگاری سیاسەتی دزێو و نامرۆڤانەی داگیرکەران بوونەتەوە. مەبەستی سەرەکیی داگیرکەران لە پرۆپاگەندەکردن دژی رێبەرانی نەتەوەیی و ئازادیخوازی کورد بۆ ئەوە بووە، لەلایەک مێژوویەکی ناڕاست و پڕ لەدرۆ، بۆ وەچەکانی داهاتووی خۆیان جێبێڵن و، راستیی رووداوەکانیان لێ بشارنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، بڵاوکردنەوەیان لەنێو کورددا، ببێتە هۆی

ئەوە کە کورد بڕوای بە سەرکردەی خۆی نەمێنێ و، ڕێبەرەکانی خۆی بە کەسانێکی نەشارەزا و دواکەوتوو بێتەبەرچاو، کە هیچ شتێکیان لەبارەی سیستەمی دەوڵەتداری و دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە نەزانیوە و، گەلی کورد و دراوسێکانی کوردیان تووشی شەڕ و خوێنڕشتن کردووە. ئەوجا گەلێکی وا، کە سەرکردە و ڕێبەری وا نەزان و خوێنڕێژی لێهەڵبکەوێت، نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی نزمە و، نەگەیشتووەتە ئاستێک بتوانێ خۆی ببابەڕێوە، ڕێگەچارەش ئەوەیە، گەلی کورد، لەلایەن گەلانی زانا و دێمۆکرات و ئاشتیخواز و خاوەن شارستانییەتی وەک فارس و تورک و عەرەب ببرێت بەڕێوە. جێی داخە، ئەو پرۆپاگەندە و درۆ و بوختانکردنانەی داگیرکەران، بەرادەیەکی زۆر کاریان کردبووە سەر سیاسەتکار و خوێندەواری کوردەواری و، ئێستاش پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، هێشتا ئەو بیرەچەوتە لە مێشکی هێندێکدا ماوە و، گەلێک جار گوێبیستی، سووکایەتیکردن دەبین بە سەرکردە و نیشتمانپەروەرانی گەورە و زانای وەک **شێخ مەحموودی نەمر و، پێشەوا قازی و سمکۆی شکاک** و... هتد. هەروەک لەم دووایییانەدا، کابرایەکی ڕەگەزپەرستی ئازەری بەنێوی **"دوکتۆر عەلیڕەزا ئەمیر نەزمی ئەفشار"** کە گوایە سەرۆکی **"کۆمیسیۆنی دیپلۆماتیکی ئازەربایجان"** یشە، نامەیەکی نووسیوە بۆ **ڕێزدار کاک مستەفای هێجری سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران** و، **لەنامەکەیدا، گەلێک جنێو و سووکایەتیی بە سمکۆی شکاک و، سەربەخۆییخوازانی کورد کردووە و، هێرشی کردووەتە سەر پێ کێ کێ و ژڕاک و، گاڵتەی بە ئاڵای کورستان و، نەخشەی کوردستان کردووە. بەڵام کاک مستەفا هێجری کە ئەوڕۆکە خۆی بە جێنشین و درێژەدەری ئامانجەکانی پێشەوا قازی دادەنێت، لەباتی ئەوەی بەرپەرچی قسەکانی**

**کابرای ڕەگەزپەرستی ئازەری بداتەوە، پشتی قسەکانی گرتووە و، کابرای ئازەری بە دۆستی خۆشەویستی خۆی و، بە کەسێکی بەتۆرە و زانا و، خاوەن هەڵوێست نێوی هێناوە و، پشتگیریی لە قسەکانی کردووە، کە ئەوە جێگەی سەرسووڕمان و، داخێکی گرانە.**

هەروەها، میدیای کوردی، کە دەبوو ئەوڕۆکە، بەشێک لە بەرنامەکانی، ئاشکراکردنی رووی راستینەی کەسایەتی و ئامانج و خەباتی ناوداران و سەرکردەکانی کلاسیکی کورد بوایە و هەوڵی ناساندنی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی بدایە، بۆ ئەوەی بەڕێگەی میدیاوە، گەلی کورد لەمێژووی راستینەی خۆی ئاگاداربێت، کە ئەوەش لە پەرەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوەییدا کارکردی بەرچاوی هەیە، زۆر بەداخەوە، دەبینین، هەموو کاتێکیان تەرخان کردووە بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی و، بەشان و باهۆهەڵدانی سەرکردەی حیزبەکەی خۆیان.

**یەکێک لە سەرکردەکانی گەورەی کورد، کە هێندە دوژمنانی کورد لەسەری نووسیویانە، بەداخەوە نیو هێندە نەتەوەکەی خۆی باسی نەکردووە و، نایکا و، گەلەکەی خۆی لەژیان و خەبات و بیروباوەڕی بێئاگایە، سمکۆی شکاکە.**

لێرەدا ئەم چەند لاپەڕەیە لە ژیان وتێکۆشینی سمکۆی شکاک - شۆڕەسوارەی ڕێگەی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان دەخەمە بەرسەرنجی ئێوەی هێژا و، نیشتمانپەروەری کورد، بەوهیوایەی لەداهاتوودا، کەسانێکی لەمن شارەزاتر و، قەڵەم بەبڕشتتر، هەوڵبدەن لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلتر و بابەتانەتر پێشکێشی گەلەکەیان بکەن. هەروەها ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ ساخکردنەوە و، نووسینەوەی ژیان و خەباتی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد. چۆنکە داگیرکەرانی کوردستان، مێژووی راستینەی کوردیان، بە پێی ئامانج و سیاسەتی

داگیرکەرانەیان شێواندووە و، تێکیانداوە، لەبەر ئەوە ئەرکی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردە، هەوڵبدەن بۆ توێژینەوە و، نووسینەوەی مێژووی گەلەکەیان بەهەموو تەوەر و لایەنەکانییەوە، تا لەداهاتوودا ببنە وانەی نێو پەرتۆکی قوتابخانە و خوێندنگەکان، لەکوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا.

**سمکۆی شکاک کوڕی حەمە ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوو.** عەشیرەتی شکاک لە دووتیرەی "**عەبدوویی**" و "**مەمدوویی**" پێکهاتوون و، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە بەشی سەرووی گۆلی "**ورمێ**" لەرۆژهەڵاتی کوردستان. پاش مردنی حەمە ئاغا، برای گەورەی سمکۆ بەنێوی جەعفەر ئاغا، دەبێتە سەرۆکی هۆزی شکاک.

عەشیرەتی شکاک لەنێوچەکەی خۆیدا ملی بۆ هیچ هۆز و دەسەڵاتیک دانەنەواندووە. ئەوەش هۆیەک بووە کە عەشیرەتە کوردەکان و، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش، بەچاوێکی دیکە لێیبڕوانن. ساڵی **1904**ی زاینی، لەسەر داوای **نیکۆلای دووەم – ئیمپراتۆری رووسیای تزاری، جەعفەر ئاغا و عەبدولڕەزاق بەدر خان و سەی تەهای شەمدینان** سەردانی رووسیایان کرد. سەردانەکەی جەعفەر ئاغا، حکوومەتی قاجارەکانی ئێرانی خستە دلەڕاوکە و پەژارەوە. ئەوە بوو، **ساڵی 1907ی زاینی، "نزامولسەڵتەنە" سەرۆکوەزیرانی ئێران، بەنێوی وتووێژ سەبارەت بە ئاسایش و هێمنی نێوچەکە، جەعفەرئاغای بانگێشتی شاری تەورێز کرد، بەڵام کاتێ جەعفەر ئاغا و چەکدارەکانی دەگەنە شوێنی دیاریکراو، لەهەموو لایەکەوە دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە و دەیانکوژن.**

**کوژرانی جەعفەر ئاغا و پاسەوانەکانی بە نەخشە و پیلانی کاربەدەستانی ئێرانی، شۆرشێک لە مێشکی سمکۆدا بەرپا دەکا و، ئەو بیرە لای چەکەرە دەکا، کە نابێ، بەوادە و بەڵێنی داگیرکەران باوەڕ بکا، تاکە**

**ڕێگەیەک لەبەردەم کورددا هەبێت، ئەوەیە خەبات بکا و تێبکۆشێ بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی.**

لەو کاتەدا، ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ڕوودەدات کە ئەویش لەداوخستنی **زانا و نیشتمانپەروەری کورد، عەبدولڕەزاق بەدرخان** دەبێ لەلایەن هێزێکی عوسمانییەوە. عەبدولڕەزاق بەدرخان، بەهۆی زەخت و گوشاری ڕژێمی عوسمانی، لە تورکیا ڕادەکا و، پاش ماوەیەک لە شاری **تەورێز – نێوەندی ئازەربایجان** دەگیرسێتەوە. بەدرخان، لە تەورێز، دیسان دەستدەکات بە چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتیی. دەولەتی عوسمانی، لەساڵی **1912**ی زاینی، هێزێکی چەکدار دەنێرێت بۆ گرتنی بەدرخان و، هێنانەوەی بۆ تورکیا. دیارە، ئەو پلانە بەرەزامەندیی ڕژێمی ئێران ئەنجامدەدرێت. چەکدارە تورکەکان دەگەنە تەورێز و عەبدولڕەزاق بەدرخان دەگرن و، کوت و زنجیری دەکەن و، ڕێگەی گەڕانەوە دەگرنەبەر. کاتێ دەگەنە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنیوچەی بندەسەڵاتی عەشیرەتی شکاک نێزیک دەبنەوە، سمکۆ لە چۆنێتیی ڕووداوەکەی بەدرخان ئاگادار دەبێ، لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری عەشیرەتەکەی هەڵدەکوتنەسەر هێزی تورک و، چەندین کەسیان لێدەکوژن و، ئەوانی دیکەشیان چەکدەکەن و، بەدرخانیش ڕزگار دەکەن. سمکۆ فەرمانی کوشتنی چەکدارە تورکەکان دەدات، بەڵام بەدرخان ڕێیلێدەگرێ و، دەبێتە تکاکار و، دەڵێ، ئەمانە سەربازی ئاسایی و بێتاوانن. سمکۆ وازیان لێدێنێ و، ڕێگەیان دەدات بەرەو وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە (1*).

**لەگەڵ تێکشکانی سوپای عوسمانی، لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لەساڵی 1918ی** زاینی، سمکۆ، بارودۆخەکە بە هەلودەرفەت دەزانێ و

لەماوەیەکی کەمدا، هێزەکانی عەسمانی و ئێران لەسەرتاسەری نێوچەکانی دەوروبەری **"ستانی ورمێ"** راماڵدەدا و، دەیخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە.

لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم و پاش تەواوبوونی جەنگیش، حکوومەتی بنەماڵەی قاجاریی لەئێران، لەهەموو روویەکەوە لاواز بوو. لەکۆتایی ساڵانی **1914** تا **1921**ی زاینی، هەموو سوپای ئێران بریتیبوو لە **12000** ژاندارم و **7000** قەزاق. لەشکری قەزاق لەژێر کۆنترۆڵ و فەرماندەیەتیی ئەفسەرانی رووسدا بوون و دەوڵەتی رووس جیرە و خواردەمەنیی سوپای ئێرانی دابیندەکرد. حکوومەتی ئێران، کە بە هاوبەشی رووس و ئینگلیز دەچووبەڕێوە، لە ئەنجامی پیلانێکی سێ قۆڵی و، بە مەبەستی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی زیاتری سمکۆ، داوێکیان بۆ نایەوە و، بۆمبایەکیان لە نێو نامەیەکدا نارد بۆی. بومباکە تەقییەوە و یەکێک لە براکانی سمکۆی بەر کەوت و کوژرا، بەڵام سمکۆ خۆی لە پیلانەکە رزگاری بوو.

**هاوینی ساڵی 1919، سمکۆ** هێرشی بردە سەر شاری **"ورمێ"** و رزگاری کرد.

ساڵی **1921** هێزیکی زۆر لەتارانەوە، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی هێزەکانی ئێران لەنێوچەکە، گەیشتە شاری تەورێز. هێشتا سوپای ئێران لە تەورێزەوە بەرەو کوردستان رێنەکەوتبوون کە سمکۆ فەرمانی گرتنی شاری مەهابادی دەرکرد. رۆژی **6**ی ئۆکتۆبەری ساڵی **1921** هێزەکانی کورد شاری مەهابادیان گەمارۆدا. ئێران تیپێکی **550** (پێنجسەت و پەنجا) کەسی ژاندار و سەربازیان لە مەهاباد مۆڵدابوو. پاش چەند رۆژ گەمارۆدانی شار، لە ئەنجامی شەویخوێن و هێرشی خێرای هێزەکانی سمکۆ، سەنگەرەکانی چەکدارانی ئێران، یەک لەدواییەک گیران و، توانای بەرگریکردنیان نەما. لە ئاکامدا سەت و پەنجا ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کوژران و، چوارسەت کەسی دیکەشیان لێ بەدیل گیرا.

دوابەدوای داگیرکردنی مەهاباد لەلایەن سمکۆوە، ئەفسەرێکی سوێدی بەنیوی **"لاند بێرگ"**، فەرماندەیەتیی هێرشێکی تازەی پێسپێردرا. لەشکری لاند بێرگ، ملی ڕێگەی گرتەبەر و، لەنێوچەکانی رزگارکراوی کوردستان نێزیک بووەوە. سمکۆ، هێزێکی **2000** کەسیی کۆکردەوە و، بەرنامەی تێکشکانی لەشکری ئێران بەفەرماندەیەتیی ئەفسەری سوێدیی داڕشت. لەهێرشێکی خێرا و لەنەکاوی هێزی چەکداری کوردستاندا، بە سەتان چەکداری ئێرانی کوژران و، پاشماوەی هێزەکەشیان هەڵاتن و لەنێوچەکە دوور کەوتنەوە. شایانی باسە، لەو شەڕانەدا فەرماندەی هێزی ئازەرییەکان، **"سام خانی ئەمیر ئەرشەد"** بوو. ئەمیر ئەرشەد برای **"زەرغام"**، فەرماندەی سوپای ئازەرییەکان و، ئەو کەسە بوو کە لەشاری تەورێز بە داڕشتنی پیلان، **جەعفەر ئاغا**، برا گەورەی سمکۆی کوشتبوو. **سام خانی ئەمیر ئەرشەد**، بەدەستی سمکۆ کوژرا و، سمکۆ تۆڵەی خۆی لە زەرغامی دوژمن بە کورد و بکوژی براکەی، سەندەوە.

هێزەکانی ئێران لەبەرامبەر هێزەکانی سمکۆدا، پەیتا پەیتا تووشی شکست دەبوون و، شار و نێوچەیەکی زیاتری کوردستان ئازاد دەکرا و، دەکەوتەژێر دەسەڵاتی سمکۆوە.

فەرماندەکانی ئێران، جارێکی دیکە، هێزوتوانای خۆیان تاقیکردەوە و هێرشیان هێنایەوە. لەدوو نەبەردی گەورە و خوێناویدا کە لە **"ئەزدیکان"** **و "قەرەتەپە"** روویاندا، هێزەکانی ئێران تێکشکان و، بەرەو شاری خۆی هەڵاتن، بەڵام هێزی کوردستان بەردەوامبوون لە هێرشیان و، لە سەرەتای دێسەمبەری ساڵی **1921**ی زاینی، سەرکەوتووانە چوونە نێو شاری **"خۆی"** و ئەو شارەی کوردستانیش لە هێزەکانی داگیرکەری ئێرانی پاک کرایەوە.

ڕێز و خۆشەویستیی خەڵکی کورد بەرامبەر بە سمکۆ، بەرادەیەکی زۆر پەرەی سەند. تەواوی سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان،

بەتایبەتیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەریان بۆ نەوی کرد و، سمکۆیان بە سەرۆک و ڕێبەری خۆیان دانا. هەرلە سنووری باکووری کوردستان – لە **ماکۆ** وە تاکو **بانە و مەریوان،** بەدرێژایی سەتان کیلۆمەتر، لەژێر دەستی هێزەکانی داگیرکەری ئێران پاک کرایەوە.

**سمکۆ** لە گەرمەی سەرکەوتنەکانیدا، نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان، بەنێوی **زەفەرولدەولە** دەنووسێ و، تێیدا دەڵێت:

**"ئێوە ببینن، نەتەوەکانی بچووکی جیهان کە ژمارەیان لە نەتەوەی کورد زۆر کەمترە، چلۆن توانییان مافی خۆیان لە وڵاتانی گەورەی وەک ئەڵمان بستێنن و، بە سەربەخۆیی بگەن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران بستێنێت، مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە".**

سمکۆ هەروەها لەوەرامی پرسیاری "جەنەراڵ مستەفا پاشا"، نوێنەری مەڵبەندە کوردییەکانی شاری ئەستەمۆڵ دا دەڵێت:

**"لەبارودۆخی ئێستەدا، من ڕێبەرێتیی بزووتنەوەکە دەکەم و، ڕێکخراو و کۆڕێکی سیاسیی تایبەتمان نییە. کاری گرنگ و سەرەکیمان رزگارکردنی کوردستانە. کاتێ بە ئازادی گەیشتین و، کوردستان رزگار بوو، گرنگ نییە چ کەسێک دەبێتە سەرۆکی کوردستان. من خۆم لەوبارەوە، بیری سەرۆکایەتی و دەسەڵاتخوازیم نییە، سەبارەت بە "ئاڵا" کە پرسیارتان کرد، بەباوەری من، کاتێ کوردستان رزگار بوو دەتوانین ئەوکات بیر لە ئالایەکیش بکەینەوە کە رەمزی ولاتەکەمان بێت...".**

سمکۆ هاتبووە سەر ئەو باوەڕەوە کە، بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی، پێویستی بە پشتیوانیی وڵاتانی گەورەی دنیا و، چەکوچۆڵی جەنگیی هەیە. ئەوە بوو لەمانگی گوڵانی ساڵی **1919**ی زانیی، سەی تەها راوێژکاری سمکۆ، بەرەو بەغدا دەکەوێتەڕێ، تا لەگەڵ کاربەدەستی ئینگلیز لە عێراق بەنێوی **"ویلسن"** گوتوبێژ بکات و، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و، پرۆژەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی لەگەڵدا باس بکات.

**ویلسۆن** دژایەتیی بۆچوونەکەی سەی تەها لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکا، بەڵام سمکۆ هەر بەردەوام دەبێت لە پێوەندیگرتنی بە ئینگلیزییەکانەوە و، لە مانگی خەرمانانی سالی **1921**، لە شارۆچکەی "**شنۆ**" ی رۆژهەلاتی کوردستان، لە گەڵ کاربەدەستێکی دیکەی ئینگیزی بەنێوی "**کاکس**"، دیدارێک رێکدەخا. سمکۆ لەو چاوپێکەوتنەیدا، دیسان داوا لە دەولەتی بریتانیا دەکات، تا پشتگیریی کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی. ماوەیەک دوای ئەو دیدارە، کەسێک بەنێوی **بابەکرئاغای پشتدەری** دەبێتە خانەخوێ و میواندار و، هاوکات، بەشداری وتووێژێکی بەردەوام لەنێوان سمکۆ و ئینگلیزەکاندا، کە سێ مانگی دەخایەنێت. بەڵام وەک دواتر ئاشکرا بوو، ئینگلیزەکان چاویان لە ساویلکەیی و گوێڕایەڵی خان و شێخ و، خێروبێری وڵاتانی ئێران و عەرەب بڕیبوو و، کوردیان لەدەرەوەی بازنەی ئامانج و نەخشەی ئابووری و رامیارییان دانابوو لە نێوچەکە، لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێکی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان بێ ئاکام مایەوە. سمکۆ بۆ دواجار بەڕێگەی "**مستەفا پاشا**" وە لەگەڵ ئینگلیزەکان پێوەندیی دەگرێ و، نامەیەک دەنووسێ بۆیان. **سمکۆ لەنامەکەیدا دەڵێ:**

**"ئەمن و سەی تەها، بەڵێنتان پێدەدەین، ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا چەکوچۆڵ و تەقەمەنیمان پێبدا و پشتوانیمان بکا و، مەرجەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی پەسند بکات، ئەوا ئێمە ترکەرەگەزپەرستەکان لە شارەکان و مەڵبەندەکانی وان و ئەرزرۆم و سیواس و هەکاری و بتلیس پاک دەکەینەوە. هەروەها لە رەواندوز رایاندەماڵین و لەنێویان دەبەین... ئێمە دەتوانین شاری ئانکاراش داگیر بکەین!** ئەگەر بەریتانیا رێگەمان بدات، لەماوەیەکی کورتدا شاری "**سنە**" ش داگیردەکەین و، ئێرانییەکان لەوێ رادەماڵین".

بەڵام دەولەتی ئینگلیز، وەک پێشتر ئاماژەم کردبۆی، نایەوێت هێچ گۆڕانێک لە ستراتیژ و نەخشەی داگیرکەرانەی خۆی لەنێوچەکەدا ئەنجام

بدات و، هەر بەردەوام دەبێ لە سیاسەتی پشتگوێخستن و نکوولیکردنی کورد.

**لە وەرزی بەهاری ساڵی 1922 دا، سمکۆ** هەوڵیدا لە **یەکێتیی سۆڤێت بە سەرۆکایەتیی لێنین** نێزیک بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرێکی خۆی نارد بۆلای رووسەکان، بەڵام دەوڵەتی نوێی رووسیا، بەپێی **رێککەوتننامەی 26ی فوریەی ساڵی 1922**، پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردبووەوە و، وازی لە پشتیوانیکردنی شۆرشگێرانی باکووری ئێران بەسەرۆکایەتیی **"میرزا کوچک خان"** هێنابوو. ئێدی نەیدەویست نێوانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تێکبدات. بەوشێوەیە **لێنین و دەولەتەکەی، بە کردەوە پشتیان لە پرنسیپەکانی مارکسیزم کرد، کە پشتیوانیکردنی گەلانی بندەست، لە خاڵەکانی بنگەهینی رێبازەکەیەتی.**

مانگی گەلاوێژی ساڵی **1922**، حکوومەتی ئێران، جارێکی دیکە بەهێزێکی زۆرەوە، بە فەرماندەیەتیی **"ژنەراڵ شەیبانی"**" رووی لە کوردستان کرد. لەنێو سوپاکەی ئێراندا، کەسێک بەنێوی **"خاڵۆ قوربان"**، فەرماندەی هێزی عەشایری بەکرێگیراوی حکوومەتی پێسپێردرا. **خاڵۆ قوربان بەبنەچە کوردی کرماشان** بوو. لەسەردەمی راپەڕینەکەی **"میرزا کوچک خان" (میرزا بچکۆل خان)** کە لە باکووری ئێران، لەدژی حکوومەت و بنبڕکردنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەئێران بەرپاکرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری عەشیرەتەکەی، چوون بۆ یارمەتی و پشتیوانیکردنی راپەڕینەکەی باکووری ئێران. لەوێ خۆی و چەکدارەکانی گەلێک نەبەردی قارەمانانە ئەنجامدەدەن و لەماوەیەکی کەمدا نێوبانگی ئازایەتیی خاڵۆقوربان لەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە. خاڵۆ قوربان، دوایی پشت لە بچکۆل خان دەکا و، لەگەڵ رژێمی قاجاری ئێرانیدا رێدەکەوێت. ئێران و ئینگلیزییەکانیش بەهەلی دەزانن و، پلانی شەڕی کورد لەگەڵ کورد

دادەڕێژن. **"خاڵۆ قوربان"** ی کۆنە شۆڕشگێڕ، جلوبەرگی جاشایەتی لەبەر دەکا و، بەرەو کوردستان ڕێدەکەوێت.

خاڵۆ قوربان بە هێزیکی **600** کەسی تەیار و پۆشتەوە دەگاتە شاری میاندووئاو. لەکاتی دیاریکراودا، هێزەکانی ئێران لە چەندین قۆڵەوە بەرەو نێوچەکانی بندەسەلاتی سمکۆ پێشڕەوی دەکەن و، بەشێکیان بەرەو بۆکان و مەهاباد دەکەونەڕێ. هێزەکانی کوردستانیش لە چەندین قۆڵەوە هێرش دەکەنە سەریان و، لەهەموو بەرەکانی جەنگدا تێکیان دەشکێنن. لەئاکامدا بەسەتان سەرباز و ژاندار و جاش و ئەفسەری سوپای ئێران دەکوژرێن و، ژمارەیەکی زۆریش بە دیل دەگیرێن. لاشەی خاڵۆ قوربانی خاین بەکورد، لەنێو لاشەی کوژراوەکاندا بەجێدەمێنێ. هێزەکانی سمکۆ، لەدرێژەی هێرشەکەیاندا شاری میاندووئاو، نێوەندی فەرماندەیەتیی سوپای ئێران گەمارۆ دەدەن و، ئازایانە و دلێرانە، لەماوەیەکی کورتدا شارەکە داگیر دەکەن و، پاش کوشتن و ڕاوەدوونانی هێزەکانی ئێران، چەکوچۆڵ و کەلوپەلێکی زۆر دەکەوێتە دەستیان.

کاتێ سمکۆ، لە پێوەندییەکانی لە گەڵ ئینگلیز و، وڵاتانی ئوروپایی ناهومێد دەبێ، بیر لەوە دەکاتەوە، لە ناکۆکیی نێوان ترک و ئینگلیزەکان کەڵکوەربگرێ و، داوای چەک و چۆڵ و پێداویستیی جەنگی بکات لێیان. بەو مەبەستە، لە گەڵ والی پێشووی شاری مووسڵ، بەنێوی **"حەیدەر بەگ"** ی ترک، لە شەمدینان دیدار دەکات. ترکەکان بە وتە و سەرزارەکی بەڵێنی پێدەدەن کە هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێدەکەن. سمکۆ بە وادە و بەڵێنی ترکان باوەڕ دەکا و، زۆر گەشبین دەبێ. ئەو دیدارە، ئینگلیزەکان دەخاتە پەژارەوە و، لەمانگی خەرمانانی **1922،** هێزێکی ئامادەی پەروەردەکراو، لە تارانەوە بە فەرماندەیەتیی **"ژنەراڵ جهانبانی"**، هەروەها لەشکرێک لە ئازەرییەکان ئامادە دەکرێت. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکانی ئێران، خولی ڕاهێنانی سەربازیی تەواو دەکەن و، خۆبەخشانە تیپیکی سەربازیی پێکدێنن. کابرایەکی ئەرمەنی بەنێوی

"**زرایۆف**"، دەبێتە فەرماندەی تیپی ئەرمەنییەکان کە لە سوپای پێشووی رووسیای تزاریدا، ئەفسەر بووە. ئەوجا نەخشەی هێرش بۆ سەر داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و، لەنێوبردنی هێزی چەکداری کورد، دادەڕێژن.

سوپای ئێران بەرەو شارەکانی **سەلْماس** و **ورمێ** دەکەوێتەڕێ. هێزەکانی کوردستان سێ هێرشی گەورە دەکەنە سەریان و زەرەر و زیانێکی زۆر بە دۆژمن دەگەیەنن، بەڵام وەک جارەکانی پێشوو ناتوانن هێزی دوژمن بشکێنن. بۆ جارێ چوارەم، هێرش دەبەنەوە سەریان و، ئەوجارەیان دەبێتە "**شەڕی مان و نەمان**". لەزۆرجێگەدا بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە و لێیان دەبێتە شەڕی دەست و یەخە و، بە خەنجەر و شمشێر، پەلاماری یەکدی دەدەن. لەئاکامدا بەهۆی تۆپبارانی خەستی تۆپخانەی ئینگلیزەکان و، زۆربوونی ژمارەی چەکدار و چەک و فیشەکی دوژمنەوە، لەشکری کورد دەشکێ و، بەناچاری پاشەکشە دەکات. سوپای دوژمن، پاش چەند رۆژ، شاری "**ورمێ**" داگیر دەکاتەوە. شایانی باسە، شاری ورمێ ماوەی چوار سال لەژێر دەسەلاتی کورددا بوو. لەماوەی ئەو چوارسالەدا کە ورمێ بەدەست کوردەوە بوو، رۆژنامەیەکی کوردی بەنێوی "**رۆژی کورد و شەوی عەجەم**"، بڵاودەکرایەوە کە سەرنووسەرەکەی نێوی **محەممەدی تورجانیزادە** بوو **(2*)**.

هێزەکانی ئێران، پاش داگیرکردنەوەی ورمێ، درێژەیان بە هێرشەکانیان دا و، هەموو نێوچەکانی کوردستانی ئازادیان داگیر کردەوە و، دەستیان کرد بە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد و، سووکایەتیکردن بە خەڵکی رەشوڕووتی کوردەوارییی.

سەرۆکی کورد، سمکۆی شکاک، کە نەیتوانی لەبەرامبەر گەلەکۆمەی رووسی وئەرمەنی و ئازەری و ئینگلیزی و سوپای ئێرانی داگیرکەر و، سیاسەتی پڕ لەدرۆ و فێڵبازانەی ترکان، سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەرەو باشووری کوردستان رۆیی و، ساڵی **1923** پێینایە شاری سلێمانییەوە.

**لەوکاتەدا، شای کوردستان، شێخ مەحموودی نەمر، لە باشووری وڵاتەکەمان، حکوومەتی سەربەخۆی کوردستانی دامەزراندبوو. شێخ مەحموود، بەوێنەی سەرۆکی کوردستان، پێشوازی لە سمکۆ کرد. لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە، پشووی رەسمی راگەیەندرا و، بەموزیک و رێزی سەربازی و تەقاندنی حەوت گوللە تۆپ و، چەپڵەرێزان و هوتافکێشانی تێکرای دانیشتووانی سلێمانی و گوندەکانی دەوروبەری، ئەوپەڕی رێز لە سمکۆ – قارەمانی کورد گیرا. باشووری کوردستان بەو پێشوازییە گەرمەی، سوپاس و ئەمەگ و خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر سمکۆ - خەباتکاری ماندووییەناسی رێگەی سەرفرازیی کورستان دەربڕی.**

سمکۆ، ماوەی مانگ و نیوێک لە سلێمانی مایەوە و، میوانی شای کوردستان بوو. پاشان بەرەو باکووری کوردستان رۆیشت. ساڵی **1924**، بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی راپەڕینێکی نوێ، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕایەوە و، ژمارەیەک پێشمەرگەی لەخۆی کۆکردەوە و، **"دەشتی سەڵماس"** ی داگیر کرد و، گەمارۆی شاری سەڵماسی دا، بەڵام لەبەرامبەر هێزەکانی ئامادە و پڕچەکی دوژمندا شکستی خوارد و، بەرەو باکووری کوردستان پاشەکشەی کرد.

لەوکاتەدا، رژێمی ئەتاترکی خوێنڕێژ و دوژمن بە کورد، بە هەوڵی دیپلۆماسی و، پشتیوانی سیاسیی یەکێتیی سۆڤێت، توانیبووی **"پەیمانی سێڤر"** هەڵوەشێنێتەوە و، کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دوور بخاتەوە و، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنووری ترکیای نوێ، کە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی لەخۆگرتبوو،دابسەپێنێ و، پێوەندیی نێوچەیی و جیهانیی خۆی لەگەڵ دەولەتان ئاسایی ئاسایی بکاتەوە. دوابەدوای ئەوە، لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێکەوە رێککەوتن بۆ بنبڕکردنی هەر بزاڤێکی نوێی گەلی کورد. ئەوە بوو لەگەڵ پەڕینەوەی سمکۆ و هاوڕێکانی بۆ نێو خاکی کوردستانی

بندەستی ترکیا، لەلایەن سوپای ترکەوە گەمارۆ دران و، پاش خافڵاندنیان بەنێوی ئەوەوە گوایە گوتوبێژیان لەگەڵ دەکەن،چەکیان کردن و، داوایان لە سمکۆ کرد خاکی ترکیا جێبێڵێت..!.

سالانی **1926 تا 1929**، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، بەپاڵپشتی و یارمەتیدانی دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستیی، لەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە جێکەوتن و، لەرووی سەربازی و، چەکوچۆڵی جەنگیشەوە بەهێزتر بوون و، دەسەلاتی رەشی خۆیان بەسەر کوردستان و سنوورەکانی دەستکردیاندا پتەوتر کرد. داسەپاندنی شەوەزەنگ و ترس و سام و دیکتاتۆری، بوون بە سیاسەتی داگیرکەران لە کوردستان. لەو بارودۆخە دژوار و سامناکەدا، سمکۆی شکاک، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە و هاورێکانی، لەکاتێکدا تەنیا دە - دوانزە کەس لەگەڵی مابوون، ناهومێد و بێهیوا بە ژیان و چارەنووسی خۆی و گەلەکەی، بەنێو دۆڵ و ئەشکەوت و هەرد و شاخەکانی نێوان سێ سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، دەسووڕایەوە.

ساڵی **1930**، رژێمی ئێران پێوەندیی لەگەڵ گرت و، داوای لێکرد، خۆیبدات بەدەستەوە و، گوایە بەر لێبوردنی شای خاوەن شکۆی ئێران!! دەکەوێ. سمکۆ گەڕایەوە، **بەلام رەزاشای دیکتاتۆر، کە درۆ و فێڵ و پیلان لە باوباپیرانییەوە بەمیرات ماوەتەوە بۆی**، پێشتر بڕیاری لەنێوبردنی دابوو. بەوجۆرە، سمکۆ، قارەمانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، لە ساڵی **1930**ی زایینی، لە شاری شنۆ بەدەستی بەکرێگیراوانی ئێران، شەهید کرا.

رەنگە هیچ سەرکردەیەکی کورد، هێندەی سمکۆی شکاک، نەکەوتبێتە بەر رِق و کینەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە. لەنووسراوەکانی هەموویاندا، گەلێک وشەی دزێو و نامرۆڤانەیان لەدژی بەکارهێناوە و، بە

چەتە و بکوژ و خوێنڕێژ و دڕندە نێویان بردووە. هۆی ئەوەش ڕۆن و ئاشکرایە. سمکۆ، شکستی سەربازیی زۆر گەورەی بە دەیان ژنەراڵی ئێرانی و ئەوروپایی هێنا، بەچەشنێ کە بە پەلەپڕووزە و سەرشۆڕییەوە لەبەری هەڵدەهاتن، یان لاشەیان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێدەمان. ئەو ئەفسەرانەی کە لە خوێندنگە و زانستگەی سەربازیی مۆدێرنی ئەو سەردەمەدا پێگەیشتبوون،یەک بە یەکیان لەبەرامبەر ئازایەتیی هێزی کورد و، شارەزایی جەنگی و دلێری سمکۆی سەرکردەدا بە چۆکدا دەهاتن. هەروەها سمکۆ، ڕێبازێکی ڕۆشنی لەبەردەم خەباتەکەیدا گرتبووەبەر و، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەدا و، خوێنی ڕۆڵەی کوردی بە فیڕۆ نەدەدا بۆ پاراستنی سنووری نگریسی داگیرکەران و، پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و بنەماڵەکەی و، وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی، کە داگیرکەران بیبەخشن پێی. ئاوات و ئامانجی سمکۆ، ڕزگارکردنی کورد بوو لە کۆیلەتی و بندەستی و، دامەزراندنی کیانێکی کوردی لەسەرتاسەری خاکی نیشتمانەکەی، ئەوەش لەلایەک مایەی دڵخۆشی و پشتیوانیی گەلی کورد بوو لە سمکۆ، لەلایەکی دیکەوە، ترس و پەژارەی خستبووە دڵی هەموو داگیرکەران و، هەموو دەوڵەتەکانی گەورەی ئەو سەردەمە – وەک **رووس و بەریتانیا،** کە لەئێران و لەنێوچەکە، شوێن بەرژەوەندی و سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان کەوتبوون.

**سمکۆی شکاک وەک هەر سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد، بێگومان دوور لە هەڵە و کەموکورتی نەبووە. تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی کلاسیک بریتین بوون لەوە کە، ئامانجیان ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان بوو لەبندەستیی. بەدڵێکی پاکژوتەژی لەهەستی نیشتمانپەروەرییەوە، بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی کوردستان خەباتیان دەکرد. زیاتر خۆیان لە ڕۆل و نەخشی پێشەوای ئاینی، یان کۆمەڵایەتیدا دەدیت، وەک باوکێکی ڕۆحی**

**و ریش سپی و، دەمڕاستی گەلەکەیان. هیچ هەڵاواردن و جیاوازییەکیان لەنێوان تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەیاندا نەدەکرد. گوێیان بە جیاوازیی ئاینی و، بیروباوەڕ و، زاراوەی جیاواز نەدەدا. بەکورتی، بەیەک چاو، سەیری گەلەکەیان دەکرد. باوەڕیان بە سازکردنی حیزب و دەستوور و پێڕەوی حیزبی و، کاری ڕێکخراوەیی و راوێژ و کۆبوونەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان و، دانیشتن لەگەڵ لێژنە و کۆمیتەی سەرۆکایەتی و، دەنگدان بۆ بیروراوەرگرتن نەبوو.... زۆربەی زۆری ئەو ئاکار و تایبەتمەندییانە لەژیان و هەڵسوکەوتی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد – لە شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی یەوە بیگرە هەتا مەلا مستەفا بارزانی، کە دوایین سەرکردەی کلاسیکی کورد بوو، زەق و دیاربوون.**

لەبەر ئەو هۆیانە، وەک ئاماژەمان کردپێی، سمکۆی شکاکیش، لە هەڵە و کەموکورتی بێوەری نەبووە، بەڵام، ئێمە با بێین، کوردستانی نەوەت تا سەت ساڵ و، پێشتریش بهێنینە پێش چاوی خۆمان، کە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و بیری عەشیرەتی و خێڵەکیی، بەسەر کوردستان و سەرتاپێی نێوچەکەدا زاڵ بوو، لە کات و سەردەمێکی ئاوادا، سەرکردەیەکی وەک سمکۆ هەڵبکەوێ لە کوردستان، کە چوارچێوەی روانینی، لە سنووری عەشیرەت و خێڵەکەی خۆی بترازێ و، بیرلە رزگارکردنی نیشتمانەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە. بۆ جێبەجێکردنیشی پەنا بۆ سەرۆک و نوێنەری ولاتانی گەورەی سەردەم ببات و، لێیان بپاڕێتەوە و، داوای پشتگیرییان لێبکات. بە کردەوەش هێزی رزگاریخوازی کوردستان پێکبێنێت، بەنیازی راماڵینی هێزی داگیرکەر لە کوردستان و، هەموو ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت بکات، ئەوجا، بەراوردی بکەین لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئەوڕۆی جیهان و رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان، ئاکار و هەڵسوکەوت و روانگەی ئەم سەرکردانەی

ئەوڕۆکەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان لێکبدەینەوە، کە هەموو ئامانج و بیروباوەڕێکیان، بووەتە خۆدەوڵەمەندکردن و، هەوڵ و هەڵپەی دەسەلاتی زیاتر، بۆخۆیان و حیزب و بنەماڵەکەیان و، بەفیڕۆدانی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان و، فریودانی کورد بە درۆشم و قسەی بریقەدار و، هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دەسەلات و سنووری دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان، ئەوکات، ئاست و رادەی دڵسۆزی وبیروباوەڕی بەرز و، گەورەیی سمکۆ، لەلامان، زیاتر ئاشکرادەبێت.

**بەڵێ، سمکۆ هەموو ژیانی لەپێناو سەربەرزی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا بەخت کرد. لەو رێگەیەشدا، دوو برای و ژنەکەی شەهیدکران و، کوڕەکەشی بەدیلی کەوتەدەستی دوژمنەوە. سەرئەنجام، خوێنی پاکی خۆشی پێشکێش بە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.**

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سمکۆی شکاک و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**(1*) – لە پەرتۆکی "بقعه ضوء" (پارچەیەک رۆناهی) وەرگیراوە. ئەم پەرتۆکە، دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە ئەرشیڤی سەردەمی دوەڵەتی رووسیای قەیسەری دەرهێناوە و، لە رووسییەوە کردوویە بەکوردی. حەیدەر عومەر و، عەلی جەعفەر کردوویانە بە عەرەبی.**

**(2*) – مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی سەرنووسەری رۆژنامەی "رۆژی کورد و، شەوی عەجەم"، پاش تێکشکانی شۆرشی رزگاریخوازانەی سمکۆ، بەرەو عێراق رۆیی و، لە شاری بەغدا گیرسایەوە و. لەوێ بە نێوی "مەلا محەممەدی قزڵجی" دەناسرا.**

**سەرچاوە:**

1"- بزووتنەوەی نەتەوەی کورد" نووسینی: "کریس کۆچرا". (ئیبراهیم یۆنسی) لە فەرەنسییەوە کردوویە بە فارسی.

2" - مێژووی 18 ساڵەی ئازەربایجان" نووسینی: ئەحمەد کەسرەوی.

تێبینیی!

ئەم وتارە ماوەی مانگێک لە رادیۆ رۆژاڤای کوردستان بڵاوکرایەوە. هەروەها لە لەچەندین ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوکرایەوە.

# هەڵەبجەی شەهید ڕەمزی پێشاندانی

# دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان و،

# قوربانیی دەستی

# سیاسەتی چەواشەی خۆیی!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (37)
مانگی ڕەشەممە (March) ی 2006
هاوکات لەچەندین ماڵپەڕی دیکەشدا بڵاوکراوەتەوە

شانزەی مانگی ڕەشەممەی ساڵی 1988، شاری هەڵەبجە بوو بە ڕەمزی سەردەم بۆ پێشاندانی دڕندەیی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ کە نێوی "سەددام حسێن" ە، دەشتی شارەزوور و شاری هەڵەبجە، بوونە سەرقافڵەی شەهیدانی دەرسیم و ئامەد و کەرکووک و سنە و سلێمانی و بارزان و مەهاباد و پاوە و قامیشلوو و ، سەرتاسەری ئەم کوردستانە کۆسپ و قەڵاچۆ لێکەوتووە.

ڕۆژی شانزەی مانگی ڕەشەممە، فڕۆکەکانی سوپای داگیرکەری عێراق، لە چەندین هێرشی بەربڵاودا، بەجۆرەها چەکی کۆمەڵکوژ، شاری هەڵەبجە وگوندەکانی دەوروبەریان بەخەستی وچڕی بۆمباباران کرد و، لە ئاکامدا دەمودەست، بە هەزاران ژن و منداڵ و پیاو و پیر و پەککەوتە، بە ئاگری بۆمبا و دووکەڵی گازی کیمیایی خنکێندران و، هەزاران بریندار و ژەهردەرخواردراوی دیکەش، لەکات و وڵاتی جیاوازدا مردن، یان بۆ هەمیشە بەنەخۆشی و پەککەوتوویییەوە مانەوە.

رژێمی سەددام، پاش هێرشەکەی بۆ سەر هەڵەبجە، هەوڵێکی زۆریدا تا شوێنەواری کۆمەڵکوژییەکەی بەروخساری شار و خەڵکەکەیەوە نەهێڵێ و، تاوانەکەی بشارێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، زۆربەی ئەو بریندارانەی کە بۆ تیمارکردن بۆ نەخۆشخانەکان بەڕێکران، کۆیان کردنەوە و لەنێویان بردن. بەڵام گەورەیی کارەساتەکە بەڕادەیەک بوو کە تەنانەت وڵاتانی رۆژاڤا کە ئەوکاتە بەرژەوەندییان لەگەڵ رژێمی عێراق بە هێڵێکدا دەڕۆیی، نەیانتوانی رێ لەبڵابوونەوەی هەواڵی قڕکردنی شاری هەڵەبجە لەنێوخۆی وڵاتەکانیاندا بگرن.

شاری هەڵەبجە، لەهەموو دەور و سەردەمێکدا، مەڵبەندی تێکۆشینی خەباتکاران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان بووە، هەر بۆیە، دەوڵەتەکانی یەک لەدواییەکی عێراق، چەند بۆیان لوابێ، دەستی خۆیان لەم شارە وەشاندووە و، هەوڵی کوشتوبڕی دانیشتوانی و، وێرانکردنی شارەکەیان داوە.

یەکەمجار، شاری هەڵەبجە لە کۆتایی جەنگی دنیاگری یەکەم و، لەسەردەمی حکوومەتی پاشایەتیی شێخ مەحموودا، لەلایەن سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیزەوە بۆمباباران کرا و، بەشێکی زۆر لە خانووبەرەی شار وێران و کاول کران.

جاری دووەم، لەساڵانی 1963–1965، لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی عەبدولسەلام عارف دا تووشی کارەسات و وێرانی هات. دوژمنایەتی عەبدولسەلام عارف لەگەڵ نەتەوەی کورد بەڕادەیەک بوو، کە بۆ لەنیوبردنی کورد و شۆرشەکەی، داوای یارمەتی سوپایی لە میسر و سووریا کرد. سەرۆکایەتیی سوپای رژێمی داگیرکەری عێراق لەو سەردەمەدا، بەدەستی زەعیم سدیق بوو، کە ئەمیش وەک رێبەرەکەی (عەبدولسەلام عارف)، بەڕەگەزپەرستی و دڕندەیی و کوردکوشتن

نێوبانگی دەرکردبوو. زەعیم سدیق، پاش ئەوەی چەند حەفتەیەک گەمارۆی ئابووری خستە سەر هەڵەبجە و، ڕێیگرت لە چوونی هەر جۆرە خواردن و خواردەمەنییەک بۆ دانیشتوانەکەی، ئەوجا دەستیکرد بە بۆمبابارانکردن و، فەرمانی بە هێزەکەیدا شاری هەڵەبجە داگیربکات. لەگەڵ نێزیکبوونەوەی سوپای داگیرکەری عێراق بۆ شار، شەڕ و پێکدادانی گەرم و خوێناویی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای داگیرکەر بەرپاکرا. ژمارەی پێشمەرگە تەنێ سیی کەس بوون و، چەکەکانیشیان هەمووی چەکی کۆن و سووکەڵە بوون. بەشێک لە پێشمەرگەکان کاریان ئەوە بوو، لەسەر جادە و دەوروبەری جادەکەدا چاڵ هەڵبکەنن و خۆیانی تێدا حەشار بدەن و، لەگەڵ گەیشتنی تانک و زیلەکان بۆ سەر چاڵەکانیان، "ماین" و بۆمباکانی دەستیان ببەستن بەژێری تانک و زرێپۆشەکانەوە، کە ئەوەش کارێکی ئێجگار پڕمەترسیدار بوو، هەروەک پێشمەرگەیەک بەنێوی عەلی ئەحمەد، زووتر لەکاتی گونجاو هاتەدەرەوە، کە چاویان کەوت پێی و، لەژێر زنجیر و زرێی تانکدا ئەنجن ئەنجیان کرد. یان پێشمەرگەیەکی قارەمانی دیکە بەنێوی "حەمە هەورامی"، بە نارنجۆک و خەنجەر هەڵیکوتایە سەر تانکێکی دوژمن و شەهید کرا. بەو چەشنە پێشمەرگەکان توانییان چەندین تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی بتەقێننەوە وزەرەر و زیانی گەورە بە سوپای عێراق بگەیەنن و بەدەیان چەکداری دوژمن لەنێو ببەن، لێ مخابن بەهۆی ژمارەی کەمی پێشمەرگە و، نەبوونی چەک و تەقەمەنییەوە. سەرەنجام زەعیم سدیقی خوێنڕێژ، شاری هەڵەبجەی داگیرکرد و، جاشە خۆفرۆشەکانیش، وەک پیشەی هەمیشەییان، لەپێشی لەشکری داگیرکەرەوە رژانە نێو شار و، شانبەشانی هێزەکانی داگیرکەر، دەستیانکرد بە تاڵانکردنی ماڵ و سامان و گرتن و ئازاردان و سووکایەتیپێکردن و، گوللەبارانکردنی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە.

**سێیەم جار، لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوول، لەرێکەوتی 24/4/1974 فرۆکەکانی رژێمی بەعسی عێراق بۆمبابارانی شاری هەڵەبجەیان کرد. لەو هێرشەدا، پتر لە دووسەدکەس کوژران و پتر لە حەفتاکەسی دیکەش برینداربوون. رژێمی بەعس لەو پەلاماردانەیدا بۆمبای رووخێنەری گەورەی بەکارهێنا، بەجۆرێک هەر بۆمبایەک بەپانتایی دووسەد مێتر دەوروبەری خۆی وێرانکردبوو، هەروەها بەقووڵایی ٥ مێتر زەوینی چاڵ کردبوو.**

**چوارەمین جار و، دوا کارەساتیش ساڵی 1988 بوو کە هەڵەبجە شەهیدکرا و، لەگەڵ شەهیدبوونی، بانگی بێکەسی و بەشمەینەتی وکۆیلەتی خۆی وگەلەکەی بەگوێی هەموو دنیا گەیاند.**

رژێمی داگیرکەری بەعسی عێراق بەسەرۆکایەتیی سەددام حسێن، پێش ئەنجامدانی کارەساتی هەڵەبجە و "ئەنفال"، پتر لە چوارهەزار گوند و دەیان شارۆچکەی کوردستانی وێرانکرد، بەسەدان هەزار کوردی لە شار و نێوچە بەپیتوبەرەکەتەکانی کوردستانەوە بەزۆرەملی راماڵدا و عەرەبی لەجێدانان. سەروەت و سامان و داهاتی کان و کانزاکانی کوردستانی تەرخانکرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و، سازکردنی پێگە و لەشکرگە و کرینی هەموو جۆرە چەکێکی قرکەر و کۆمەڵکوژ و، بەکارهێنانیان لەدژی نەتەوەی کۆیلە و بێدەرەتانی کورد. ئەمانە و هەزاران تاوان و کردەوەی نامرۆڤانەی دیکە، لەلایەن رژێم و سوپای داگیرکەری عێراقەوە لەماوەی 35 ساڵ دەسەلاتی رەشیان بەدژی نەتەوەی کورد ئەنجامدران، بەڵام درندەیی رژێمی داگیرکەری عێراق، یان داگیرکەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەوە ناگەیەنێ و ئەو مانایە نابەخشێ، کە ئێمە نەتوانین، یان رێ بە خۆماننەدەین هەڵە و کەموکورتییەکانی بزاڤ و راپەرینەکانمان بخەینەروو، یان چاوپۆشی بکەین لە سیاسەتی چەوت و لاروولەوێری

سەرۆکایەتیی حیزبەکانمان، کە لەو قۆناخ و هەلومەرجە تایبەتەدا، لەغاوی رابوونی جەماوەری و بزووتنەوەی چەکداریی کوردیان بەدەستەوە بووە.

هەر نەتەوەیەک، کە وڵاتەکەی لەلایەن دەوڵەت و نەتەوەیەکی دیکەوە داگیرکرابێت و، هەولی رزگاربوون بدات لەبندەستی و، خولیای ئازادی و سەربەخۆیی بێت، بەڵام نزمبوونی ئاستی هۆشیاریی رێ بگرێ لێی و، نەتوانێ خاڵە لاوازەکانی خۆی ببینێ، ئەوا خەباتەکەی نەتەنیا پێش ناکەوێ و ئازادی و سەربەخۆیی بەخۆیەوە نابینێ، بەڵکو کارەساتەکانی بەسەریهاتوون، هەموو جارێک دوبارە دەبنەوە و، ئاسۆی تاریک دەبێ و، رێی رۆناکی لێ ون دەبێ.

بەدرێژایی سالانی **1980 – 1988**، لە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێران، هەردوو رژێمەکانی ئێران و عێراق تێدەکۆشێن بۆ سەرکەوتنی خۆیان و، رووخان، یان شکستپێهێنانی سەربازیی ئەوی دییان. لەو پێناوەدا، ئێران، بە ملیۆنان جەماوەری حیزبوڵلایی و کفنلەبەر و موسڵمانی خۆبەخش پشتی بەستبوو. رژێمی عێراقیش پشتیبەستبوو، بەسوپایەکی ئامادە و پۆشتە و پەرداخ و، پشتیوانی دارایی وڵاتانی عەرەب و کڕینی کەرەستە و تەکنۆلۆژیای جەنگی و جۆرەها بۆمبای قڕکەر و کۆمەڵکوژی وەک چەکی کیمیایی لە وڵاتانی رۆژاڤا و، وەرگرتنی زانیاری جەنگی بەڕێگەی سەتەلایتی سیخوڕیی رۆژاڤا، سەبارەت بە جموجۆڵی هێزەکانی ئێران لەبەرەکانی شەڕ.

سەرەتای مانگی گوڵانی 1983، فەرماندەکانی سوپای ئێران نەخشەی رزگارکردنی شاری **"خورەمشار"** و، نێوچەکانی دیکەی خوزستانیان داڕشت، کە لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە داگیرکرابوون. کۆتایی مانگی گوڵان، هێرشی هێزەکانی ئێران دەستپێکرد و، لەرۆژی **3/3/1361 هەتاوی، (مانگی پووشپەڕی 1983ی ز)** دەیانهەزار پاسداری ئیسلامیی

بەهاوبەشیی لەگەڵ سوپای ئێران، بەرەو شاری "خوڕەمشار" هێرشیان برد و ئەو شارەیان لە چنگی هێزەکانی عێراق دەرهێنا. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا، سوپای عێراق بۆ یەکەمجار، بەرەوڕووی شکستێکی گەورەهات و، نۆزدەهەزار سەربازی بە دیلی کەوتنە دەستی ئێرانییەکان و، بەدانی شانزەهەزار کوژراو و بریندارى دیکەش لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا، پاشماوەی هێزەکەی بەرەو نێو خاکی عێراق کشایەوە.

شکستی گەورەی سوپای عێراق لە بەرەی "خوڕەمشار" و خوزستان، ئەو بیرەی بردە مێشکی ئایەتوڵڵا خومەینی و، کاربەدەستانی سیاسی و لەشکریی ئێرانەوە، کە دەرفەتی ئەوە هاتووەتەپێش، لەورەبەردانی هێزەکانی عێراق سوودوەربگرن و، هێزەکانیان بکشێننە نێوخاکی عێراقەوە. بەوەش زەوینە خۆشدەکرێ بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیی سیاسیی رژێم لەنێوچەکە، کەلەژێر درۆشمی **"راه قدس، از کربلا می گذرد" (رێی قودس، لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ)**، رەنگیدەدایەوە.

فەرماندەکانی سوپای پاسداران بەسەرۆکایەتیی موحسێن رەزایی، باشووری عێراقیان بۆ پێشڕەویکردنی هێزەکانیان بۆ نێو خاکی عێراق دەستنیشانکرد. بۆچوونەکەشیان ئەوە بوو، باشووری عێراق نێوچەیەکی شیعەنشینە و، زۆربەی کەسایەتیی ئاینی و زۆربەی شیعەکانی نەیاری رژێمی سەددام لەئێران دەژین. داگیرکردنی باشووری عێراق دەبێتە هۆی رزگاربوونی شیعە لەژێردەسەڵاتی سەددام و، راپەڕینێک لەنێویاندا دروستدەکات. بەوەش زەوینە بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس و هێنانەسەرکاری حکوومەتی شیعە لەعێراق خۆشدەکرێت.

سوپای پاسدارانی ئیسلامیی، جێبەجێکردنی نەخشەکەی گرتە ئەستۆی خۆیەوە و، لەرۆژی 25/11/1364 هەتاوی (1986) دەیانهەزار پاسداری ئیسلامیی بەدرۆشمی "اللّه اکبر – خومینی رهبر"، **بەرەو "فاو" و "مەجنون"**

و، دوورگە و قامیشەڵانەکانی باشووری عێراق هێرشیان برد و، بێگوێدانە گۆڕەپانەکانی بە مین چێندراو، بەسەر لاشەی کوژراوی خۆیاندا تێپەڕبوون و، بەدەیان کیلۆمێتری چوارگۆشەیان داگیرکرد.

سوپای عێراق، جگە لەوە کە لەبەرەیەکی بەرفراوان لەگەڵ هێزەکانی ئێران لەشەڕدا بوو، هەروەها بەشێک لە سوپا و جبەخانەی لە کوردستان مۆڵدابوو، بۆ بەرەنگاریکردنی پێشمەرگە. هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، بەسایی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەوە، دەرفەتی باشتر لوابوو بۆی، تا هێرشی زیاتر بکاتە سەر لەشکرگە و پێگە سەربازییەکان، کە پتریان لەنێوچەی **"منع التجول" (رێبەندکراو بۆ گەڕان)** دا دامەزرابوون. لەسەرەتای هەشتاکاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێزێکی چەندین هەزار کەسیی ئازا و دەستوەشێنی پێکەوەنابوو. لەماوەی ساڵانی نێوان **80 – 84**، بەدەیان پێگەی سەربازیی رژێم، لەسەر چیا و گردۆڵکەکانی نێوچەی **"رێبەندکراو"**، لەلایەن پێشمەرگەوە گیران و، بەسەتان سەرباز و بەکرێگیراوی رژێم تێداچوون. رێکخستنی نهێنی و، چالاکیی نێو شارەکان سەرلەنوێ بووژانەوە. گەلێک لەو گوندانەی پاش هەرەسەکەی شۆرشی ئەیلوول کاولکرابوون، لەلایەن بنەماڵەی پێشمەرگە و، هێندێک لە جۆتکارەکانی گوندەکانەوە ئاوەدان کرابوونەوە و، نێوچەی ئازادکراوی پێشمەرگە، تادەهات بەرینتر و فراوانتر دەبوو.

**لەسەرەتای هەشتاکاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی دەسەلات بەسەر "پشتوێنی رێبەندکراو بۆ گەران" ی باشووری کوردستان، لەچەند شەڕ و هێرشێکدا بۆ سەر پێشمەرگەکانی بەرەی "جود" (بەرەی نیشتمانیی – دیمۆکراتی)، لەکات و ساڵی جیاجیادا، لە قڕناقا و پشتئاشانی قەندیل و لە شاربازێر و شارەزوور و دۆڵی جافەتی و ... هتد، سەتان پێشمەرگەی "جود" ی لەنێوبرد و، دەستیگرت**

**بەسەر بنکە و بارەگە و کەلوپەلیاندا. ئەم شەڕ ولێکدانانە بۆ ئەوە بوو، کە ڕژێمی عێراق، یەکێتیی نیشمانیی کوردستان وەک هێزی سەرەکیی نێوچەی "ڕێبەندکراو بۆ گەڕان" بناسێت و، حیساب بۆ ئەوانی دیکە نەکات!**

بۆ سەددام و ڕژێمەکەی، درێژەدان بە شەڕ لەدوو بەرەی فراوان و بەریندا هاسان نەبوو، شکستی گەورەی بە هێزەکانی دێنا و، تووشی کارەساتی دەکرد. بۆ دەربازبون لەو قەیرانەی تووشی ببوون، دەبوو ڕێگەچارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە. ئەوە بوو ساڵی 1984، ڕێگەی وتووێژی لەبەردەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردەوە، تا بتوانێ بەدڵنیاکردنی سەرکردەیەتیی یەکێتیی، ئەو سوپا و چەکوچۆڵەی لە کوردستان مۆڵیداوە، بەئەرخایەنی و بێترس، لە کوردستانەوە بەرەو باشووری عێراق، بۆ پێشگرتن لە هێرشی سوپای ئێران بیانگوێزیتەوە.

کاتێک، ڕژێمی بەعسی عێراق توانی بەو گاڵتە و گەمەیەی نێوی نابوو **"مفاوضات"**، هێرشی پێشمەرگە بوەستێنێ و، بە گواستنەوەی هێزەکانی لە کوردستانەوە بۆ باشووری عێراق، بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی کیمیایی و 75 ڕۆژ جەنگی خوێناویی بەردەوام، **"فاو"** و، هەموو ئەو نێوچانە ئازاد بکاتەوە، کە لەدەستی ئێرانییەکاندا بوون و، دەیان هەزار پاسداری ئێرانی بە گازی کیمیایی بخنکێنێ و، تۆڵەی شکستی گەورەی خورەمشار بکاتەوە لێیان و، لە باشووری عێراق بەتەواوەتیی ڕاماڵیان بدات، ئەوجا نەتەنێ لەهەموو بەڵێنییەکانی دابووی بە **ی. ن. ک.** پاشگەزبووەوە، بەڵکو داوای چەکداماڵێن و تەسلیمبوونەوەی کردلێیان و، گوتیشی: **"ئامادەیە لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێت!"**، بەڵام ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی، نیازی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەمێشکیدا بێت، ئەوا سوپای عێراق، بە توندترین شێوە هێرشدەکاتەوە سەریان و، چیا و دەوەن و دارسانی کوردستانیشیان لەگەڵ دەسووتێنێت. **دواکۆبوونەوەی نێوان بەعس و یەکیتیی کە کاک**

**نەوشیروان سەرپەرشتیدەکرد، لەدوارۆژەکانی گوتوبێژی بێئەنجامی یەکساڵەیان، لەساڵی 1985، لە شارەدێی "بنگرد" ی سەر بە دۆڵی "مەرگە"، لەنێزیکی دوکان بەگرژی و وشەی هەڕەشەئامێز لەلایەن هەردوو لایانەوە کۆتاییهات.**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،** نەچووە ژێر داواکەی بەعس و، سەرلەنوێ بڕیاری شەڕکردنی دایەوە. هاوکات، لەوەش دڵنیابوو کە رژێمی عێراق، ئەوجارەیان هێرشی گەورەتر دێنێتەوە سەریان. لەبەر ئەوە، دەبوو کات بەفیڕۆنەدرێ و **"پشتبەرە"** یەک بۆ دامەزراندنی بارگە و بنکە و، نەخۆشخانە و بنکەکانی سەرکردەیەتیی دابین بکرێت. دیارە لە ئێران زێتر چ جێگە و شوێنێکی دیکە نەبوو کە بیری لێبکەنەوە و، بۆی بچن!

**بەبۆچوونی لێکۆڵەوەران و پسپۆرانی سیاسی و لەشکریی ئەو سەردەمە، ئەنجامەکانی جەنگی "بەسرە" و، "فاو" و، تێکشکانی سوپای ئێران لە بەرەی باشووری هەردوو وڵات، بەمانای کۆتایی جەنگ و دۆڕانی یەکجاریی ئێران و، سەرکەوتنی عێراق بوو. چۆنکە لەبەرامبەر هێزی سەرتری ئاسمانی و راکێتی دوورهاوێژ و چەکی کیمیای و جۆرەها چەکی دیکەی رووخێنەر و کۆمەڵکوژ، کە رژێمی عێراق هەیبوو، ئیدی رێخستنی شەپۆل شەپۆل مرۆڤی خۆبەختکەری موسلمان و بەکوشتدانیان لەبەرەکانی شەڕ، رۆڵ و کارکردی خۆی لەدەست دا. هەر دوو رژێمی ئێران و عێراقیش لەو راستییە گەیشتبوون، کە بەدوای "جەنگی بەسرە و فاو" دا، بارودۆخێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە و، دەبێ پلانێکی نوێ دابڕێژن بۆی.**

کارگێڕانی سیاسی و لەشکریی ئێران، بیریان لەوە کردەوە، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە کوردستانەوە، لە گەلێک لایەنەوە، لەبەرژەوەندییاندا دەبێ. لەلایەک، بەراگەیاندنی هێرش و کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، شکستی

بەرەی باشووری ئێران – عێراق لەبیری خەڵک دەبەنەوە، لەلایەکی دیکەوە، قورسایی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر باشووری ئێران کەمدەکەنەوە کە بەشادەماری ئابووری و بازرگانیی ئێران دەژمێردرێت. هاوکات، بە کۆکردنەوەی هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بە کورد و شیعە و، ڕێکخراو و حیزبی ئیسلامیی سوننەوە، لەژێر ڕێبەرێتیی ئێران خۆیدا، قورسای و گرانیی شەڕەکە دەخەنە کوردستانەوە و، لە ئێران دووری دەخەنەوە. جگە لەمانە، لەئەگەری راوەستاندنی شەڕ و راگەیاندنی ئاگربەس و، دەستپێکردنی گوتوبێژ لەگەڵ رژێمی عێراق، ئەوکات دەتوانێ، ئۆپۆزسیۆنی عێراق – بەتایبەتیی کوردەکان، وەک "کارت" بەکاربێنێ بەرامبەر نەیارە نێوخۆییەکەی (ڕێکخراوەی موجاهدنی گەلی ئێران)، کە ئەویش لەدەستی سەددام دایە.

گرێپووچکەی پلانی نوێی ئێران، لەوێدا بوو، حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان تینووی خوێنی یەکتر بوون و، شەڕی مان و نەمانی یەکدییان دەکرد. سەرەتا پێویستبوو کۆیانبکاتەوە و، بەڕێنوێنی و چاودێری و نێوبژیوانیکردنی خۆی، بەرەیەکیان لێ دروستبکات. سەرکردەیەتیی حیزبەکانی باشوور، لەسەر ویستی کاربەدەستانی ئێران، شەڕی نێوخۆییان وەستاند و لەگەڵ یەک ڕێککەوتن بۆ یەکخستنی هێزەکانیان لەدژی رژێمی عێراق. لەبەر ئەوە، هەر چەند پێکهێنانی **"بەرەی کوردستانیی"**، لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانەوە لەپاش کارەساتی هەڵەبجە، بەڕەسمیی راگەیەندرا، بەڵام لەراستیدا، ئەو بەرەیە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، پێش کارەساتی هەڵەبجە و، لەسەر ویست و ئامانج و بەرژەوەندیی ئەوکاتی رژێمی ئێران، لە تاران پێکهات.

**پێوەندیی نێوان ئێران و یەکێتیی، لە وەرزی بەهاری ساڵی 1986 ەوە دامەزرایەوە. سەرەتا هاتوچۆ و دانووستانەکان بەنهێنی بوون. لەوەرزی**

هاوینەوە، هاتوچۆ و دانووستانەکان چڕتر و خێراتر کران. یەکێتیی لە تاران نووسینگە و، لەشاری سەقزیش چەندین بنکەی دامەزراند.

بەپێی ڕێککەوتنی پێشووتری نێوان سەرکردەیەتیی ی. ن. ک. و ڕژێمی ئێران، لەڕۆژی 6/10/1986 کۆمەڵێک پێشمەرگە و چەندین فەرماندەی کەرتەکانی یەکێتیی، لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەر و پاسداری کۆماری ئیسلامیی – سەر بە "قرارگاه رمضان"، بەسواری بیست تراکتۆر و دوو ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی پڕ لە راکێت وگولله تۆپ و باڕووتەوە، بە دۆڵی ئالانی سەردەشت لە ڕۆژهەلات و چەمی "کەڵوێ" دا پەڕینەوە بۆ دۆڵی سەفرە و زەروون و، چوون بۆ گوندی "زێوێ" ی بناری "پیرەمەگروون". لەوێشەوە بەنهێنی و بەجادەی گوندەکاندا ملیان نا بۆ نێوچەی کەرکووک و، ئێوارەی 10/10/1986، پێشمەرگەی کورد و پاسداری ئێرانیی، لە گوندی "سەرچنار" ەوە بەنێوچەی "ساڵەیی" و "شێخ بزێنی" دا شۆڕبوونەوە و گەشتنە شوێنی دیاریکراو. ئەوجا لەشەوی 10-11/10/1988 دا تۆپبارانی خەستی پاڵاوگە و چاڵەنەوتەکانی کەرکووکیان کرد. دوابەدوای تەواوبوونی تۆپبارانەکە، میدیای ئێران کردی بەهەراوهۆریا و بڵاوکردنەوەی سروود و، فووی بە شەیپوور کەڕەنای سەرکەوتندا کرد... پاش ئەنجامدانی ئەو چالاکییە هاوبەشە، جەلال تالەبانی سەردانی ئێرانی کرد و، لەلایەن سەرکۆماری ئێران (هاشمی ڕەفسەنجانی) و موحسێن ڕەزایی فەرماندەی سوپای پاسدارانەوە پێشوازیی گەرم کرا. لەسەردانەکەی جەلال تاڵەبانیدا، پرسی ئاشتکردنەوەی "جود" و "یەکێتیی"، لەلایەن ئێرانییەکانەوە هێنرایە ئاراوە. شایانی باسە، "جود" (بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی)، لە پارتی دیموکراتی کوردستان، حسک، حسیک و حیزبی شیووعی عێراقی پێکهاتبوو.

بەدرێژایی ساڵەکانی 86 و 87، شەڕ و پێکدادانی توند وخوێناوی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای داگیرکەری عێراق بەردەوامبوو. ئێران، جگە لە یارمەتی دارایی، هەروەها چەک و تەقەمەنیشی دەدا بە یەکێتی و، پێشمەرگەی برینداریش دەگوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران. سوپای عێراق لەنێوان مانگەکانی رەشەممە و گوڵانی ساڵی 1987 بۆ ماوەی 37 رۆژ، لەدەیان گوندی نێوچەی **دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان و، سەرگەڵو و بەرگەڵو و دۆڵی مالوومە**، چەکی کیمیایی بەکارهێنا و، بەهۆیەوە بەسەتان ژن و منداڵ و گەورە و بچووک شەهیدکران. ئەو بریندارانەش کە برابوون بۆ نەخۆشخانەکانی **هەولێر و رانیە** و، نەخۆشخانەی شارەکانی دیکە، زۆربەیان لەلایەن دەزگەکانی ئاسایشی بەعسەوە کۆکرانەوە و بێسەروشوێنکران. ئەوکات کەس هەستی بەوە نەکرد کە رژێمی سەددام، چ نەخشەیەکی گڵاو و درندانەی بۆ لەنێوبردنی یەکجاریی نەتەوەی کورد داڕشتووە!

## دەستپێکردنی هێرشی هاوبەشی "بەرەی کوردستانی" و سوپای ئێران، بۆ سەر هەڵەبجە!

**نەخشەی هێرشکردن بۆ سەر هەڵەبجە لەلایەن ئێرانییەکان و لایەنە کوردییەکانی باشوورەوە، لەمێژبوو داڕێژرابوو، بەڵام فەرماندە و هەندازیارەکانی تۆپخانەی ئێران پێویستیان بەکۆکردنەوەی زانیاریی تەواو هەبوو، سەبارەت بە شوێنی لەشکرگە و هێزەکانی عێراق لەنێوچەکە. لەبەر ئەوە، لەکاتی چوون و شناساییکردنی شوێنە سەربازییەکان لەلایەن تیمەکانی هەندازیاری و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانەوە، چەندین فەرماندە و کەرتی پێشمەرگەی یەکێتیی دەبوونە پاسەوان و چاوساخیان.**

**ڕۆژەکانی حەوت و هەشتی مانگی ڕەشەممەی ساڵی 1988، بەسەتان پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەئۆتۆمۆبیلی سەربازیی، لە دۆڵی خڕی نێوزەنگ و نێوچەی "سوێسنایەتی" ی سەر بە شاری "سەردەشت" ی ڕۆژهەڵاتەوە گوێزرانەوە بۆ لەشگرگە (پادگان) ی شاری سنە. پاش حەوانەوە و نانخواردن، لەشەوی 8 لەسەر 9 دا، دەمژمێر(1) ی نیوەشەو بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی گوێزرانەوە بۆ نێوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵات.**

شاری هەڵەبجە، بەتایبەتی لەشکرگە و پێگەسەربازییەکانی ڕژێمی عێراق لە ئێوارەی ڕۆژی 11ی ڕەشەممەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، لە چیاکانەوە گوللەبارانی خەستی هێزەکانی تۆپخانەی ئێرانی لەسەر بوو. ئەوجا هەموو پێگە سەربازییەکانی عێراق کە لەسەر گرد و تەپۆڵکەکاندا دامەزرابوون، لەلایەن پێشمەرگەوە هێرش کرایەسەریان و، یەک لەدواییەک دەستیان بەسەردا گیرا. سەربازەکانی نێو پێگەکان کە لە بەرامبەر هێرشی خێرا و نەترسانەی پێشمەرگەدا توانای بەرگریکردنیان نەمابوو، جلوبەرگی سەربازییان لەبەریان دادەکەند و بەرەو نێو مزگەوتەکان هەڵدەهاتن. هێندێکی دیکەشیان بەرەو نێو شاری هەڵەبجە دەکشانەوە و، فەرماندەکانیان لەنێوبنکە سەربازییەکاندا، بۆبەرگریکردن ڕێکیاندەخستنەوە. بەشێکی دیکەشیان ڕێی هەڵاتنیان هەڵبژارد و، لە هەڵەبجە دوورکەوتنەوە. پێشمەرگەی **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان،** هێزی سەرەکیی بوون لە هێرشەکەدا و، شانباشانی یەک، کشانە خوارەوە بۆ نێو شاری هەڵەبجە. هێزێکی دیکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە قۆڵی **مەریوان و "ئەحمەد ئاوا"** شەوە پێشڕەوییان کرد.

ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ، سەرەتا ژمارەیەکی کەم لە پاسدارانی ئیرانی، بۆ چوونە نێو شار لەگەڵ پێشمەرگە بەشدارییانکرد، بەڵام لەڕۆژی پانزەی ڕەشەممەوە کە شار بەتەواوەتیی کەوتەدەستی پێشمەرگە، ئەوجا پاسدارەکانیش ڕژانە نێو شار. پاسدارەکان سڵاویان لە خەڵک دەکرد و، پەیتا پەیتا درۆشمی **"الله اكبر – خومینی رهبر"** یان دەگوتەوە. دەچوونە نێو ماڵانەوە و، داوایان دەکردلێیان خواردنیان بۆ ئامادە بکەن. هێندێکیان بەسواری مۆتورسیکل بەدەوری هەڵەبجەدا دەسووڕانەوە. زۆربەیان لاو و هەرزەکار بوون. هێندێکیان لە باتی چەک، دار و چەقۆیان هەڵگرتبوو. بەنێو شەقام و کۆڵانی شاردا دەگەڕان و، لەدانیشتوانەکەیان دەپرسی: **"چەندە ڕێگەیان ماوە بگەنە شارەکانی نەجەف و کەربەلای پیرۆز؟!"**. پێشمەرگەی لایەنە کوردییەکانیش لەچەند جێگەیەکی شار ، شایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد!! بەڵام ترسوسام باڵی بەسەر خەڵکی شاردا کێشابوو. بەتایبەت کاتێ خەڵکەکە زانییان فەرمانبەرەکان لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە ئاگادارکراون شار جێبێڵن، ترس و پەژارەی خەڵک زێتری کردبوو.

زۆربەی دانیشتوانی شار، دڵنیابوون لەوەی کە ڕژێمی سەددام بێدەنگ نابێ و پەلاماری شارەکە دەدا، لەبەر ئەوە هەوڵیاندا لەشار بچنە دەرەوە، بەڵام لە چەند ڕێگەیەکدا ئێرانییەکان و، لەچەند ڕێیەکی دیکەشەوە پێشمەرگە دامەزرابوون و، پێشیان لە خەڵکەکە گرت و گێڕایاننە بۆ نێو شار. لێکدانەوەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان ئەوە بوو، شاری هەڵەبجە و دەوروبەری وەک نێوچە و پێگەیەکی ڕزگارکراو لەژێردەستیان ڕابگرن، کە خەڵک و ئاوەدانیی تێدابێت، کە دیارە ئەوەش بۆچوونێکی نابابەتانە و لەڕووی زانستی جەنگەوە ساویلکانە و نەشارەزایانە بوو، چۆنکە شاری هەڵەبجە و دەوروبەرەکەی بەپشتیوانی و ئامانجی سیاسیی داگیرکەری بەشێکی دیکەی کوردستان ڕزگارکرابوو، نەک لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی

جەماوەری و، پلان و ستراتیژێکی نەتەوەیی، کە خەڵکەکە بە شەڕی خاک و پارێزگاریی لەنیشتمانی خۆیانی بزانن و، ئامادەی هەر جۆرە لەخۆبوردوویی و هێرشێکی دوژمنی داگیرکەر بن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، سوپای عێراق لەوسەردەمەدا، نەتەنێ لاواز نەبوو، بەڵکو لەهەموو روویەکەوە لەوپەڕی بەهێزبوونیدا بوو. سەرکردەیەتیی کورد، دەبوو بیانزانیبایە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و، هەروەها دنیای ئازاد، لەترسی پەرەسەندنی بیری بنچینەگرانەی خومەینیی لەنێوچەکە، پشتیوانی لە رژێمی عێراق دەکەن، لەبەر ئەوە، سوپای عێراق، هەروەک چلۆن لە **"بەسرە"** و لە نێو قامیشەڵانەکانی باشووری عێراق، دەیان هەزار سەربازی ئێرانی بەگازی کیمیایی خنکان و دنیا بێدەنگ بوو، هەرواش لە کوردستان و، بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەو تاوانە ئەنجامدەدا، بەو جیاوازییەوە کە لە باشووری عێراق – هێزی چەکداری ئێرانی تێداچوون، بەڵام لە کوردستان ژن و منداڵ و خەڵکی رەشوڕووت و بندەستی کورد لەنێودەچێ. سەرباری ئەمانەش، هاوپەیمانێتیی کورد لەگەڵ رژێمی بنچینەگری خومەینیی، تاوانەکانی رژێمی عێراق و کێشەی رەوای کورد، دەکا بەژێر لێفەوە...

هێرشی دژەهێرشی عێراق، پێشنیوەڕۆی رۆژی 16ی رەشەممە، سەرەتا، بە هێرشی ئاسمانیی کلاسیکی لەگەڵ تۆپبارانکردن لە سەربازگەی **"سەید سادق"** ەوە دەستپێکرد. زۆربەی دانیشتوانی هەڵەبجە، لە حەوشە و بەردەرکی خانووەکانیان، حەشارگە و کۆنەتەیارەیان دروستکردبوو. هێندێک لە خەڵکەکە، لەگەڵ بیستنی دەنگی فڕۆکە و تەقینەوەی بۆمباکان، چوونە نێو حەشارگەکانەوە. بەشێکی دیکەش چوونە نێو حەشارگەی پێگەکانی سەربازی و لەشکرگەی حکوومەتەوە کە لەدەستی پێشمەرگەی کورد و پاسداری ئێرانیدا بوون. فڕۆکەکانی عێراق لەیەکەم هێرشیاندا **بۆمبای ناپاڵم و فسفۆڕیان** بەسەر شارەکەدا باراند و، دەنگێکی زۆر گەورە

و گرێکی یەکجار زۆر و رووخێنەری هەبوو. هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانکردنی زەوینیی، بێپسانەوە و بۆ ماوەی چەندین سەعات بەردەوام بوو. دەرەتانی هەناسەدان و جموجۆڵی بڕیبوو. فڕۆکە بەبەردەوامی بە ئاسماندا دەسووڕانەوە، شەش فڕۆکە دەگەڕانەوە شەشی دیکە دەهاتنەجێیان.

ئەو کەسانەی کە بەنێوشەقامەکاندا دەگەڕان، توانیبوویان بەڕۆنی ببینن کە فڕۆکەکان عێراقین، چۆنکە هێندە نەوی و نزم دەفڕین کە ئاڵا و نووسراوەکانی سەر فڕۆکەکان دەبینران و دەخوێندرانەوە. لەپاشنیوەڕۆدا، دەمژمێر سێ ئەوکەسانەی لەنێو حەشارگەکان مابوونەوە، هەستیان بە بۆنێکی نامۆ و نائاسایی کرد. چڕیی هێرشەکە زیاتر بۆ سەر بەشی باکووری شار بوو – بڕێک دوور بوو لە بنکە سەربازییەکانەوە، هەرچەند بنکە سەربازییەکانیش چۆڵکرابوون. خەڵکەکە لەنێو حەشارگەکاندا هەستیان بەهێرشی کیمیایی کرد. لەوەوە ترس و پەژارە دایگرتن. سەرەتا هەوڵیاندا، بەمۆری و پەڕۆی تەڕ، درزوکەلەبەری دەرکە و پەنجەرەکان بگرن و، خاولی تەڕیاندا بەروومەتیاندا و، ئاگریان کردەوە، بەڵام کاتێ زانییان ئەوکارانە بێسوودن، هیچ چارەیەکیان نەما، جگە لە هەڵاتن بۆ نێو کۆڵان و شەقامەکان نەبێ...

پاش ئاوابوونی خۆر، وردە وردە تاریکی داهات. بەهۆی تۆپبارانی رۆژی پێشووەوە، کارەبا پچڕابوو. ئەوانەی واهێشتا مابوون، لەنێو تەم و مژ و دووکەڵ و رۆناکییەکی کەمخایەندا، دیمەنی سامناک و دڵتەزێنیان بەدیدەکرد. لاشەی مردوو – مرۆڤ و ئاژەڵ لەنێو کۆڵان و شەقامەکان و لەنێو ئۆتۆمۆبیل و حەوشەی ماڵان کەوتبوون. ئەوانەی کە مابوون، ئەو دیمە سامناکانەیان دەدیت، بەڕێگەدا دەرۆیشتن، دەکەوتن و هەڵدەستانەوە. هێندێکیان حەپەسابوون و بەدەنگی بەرز پێدەکەنین، هێندێکی دیکە

دەیانقیژاند و هاواریان دەکرد و، بەملاوئەولادا هەڵدەهاتن. بەشێک لەو خەڵکەی توانیبوویان خۆیان دوور بخەنەوە، زۆر بەزەحمەت چاویان دەیدیت، چاویان دەتگوت دەرزیئاژن کراوە، میزیان تێکەڵ بە خوێن ببوو. پاسدارەکان و سەربازەکانی ئێران کە جلوبەرگ و کڵاوی دژەگازیان لەبەردابوو، بەپەلە و راکردن، بەنێو شەقامەکاندا تێپەڕبوون و لەشار دوورکەوتنەوە...

دوو رۆژ پاش ئەوە، کە شار بەتەواوەتیی لەلایەن رژێمی رەگەزپەرست و داگیرکەری بەعسەوە خنکێندرا، ئەوجا پاسداری ئیسلامی و پێشمەرگەی حیزبەکانی باشوور، لەئێوارەی رۆژی 18 و رۆژی 19ی مانگدا گەڕانەوە بۆ نێو شار. پاش دیتنی لاشەی هەزاران کوژراوی شارەکە و، ئاواڵەبوونی دەرکەی حەوشەی ماڵان، لەپێشدا، **"جیهادچییەکان"، کە بەپێی بیروباوەڕ و رێنوێنییەکانی ئایەتوڵلا خومەینیی "رهبر مستضعفان جهان"، (رێبەری چەوساوەکانی جیهان)،** پەروەردەکرابوون، دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و مافوور و خشڵ و زێڕوزێوی نێوماڵەکان. هێندێک لە پارێزەرانی ئیسلام، بۆ دەرهێنانی بازنی زێڕوزێو لەدەستی کچان و ژنانی شەهیدکراوی هەڵەبجە، دەست و مەچەکیان بڕین. چەند پاسدارێکی دیکەش، بەوەشەوە نەوەستان و دەستدرێژییانکردە سەرلاشەی کچەکوژراوەکان. سەرکردەیەتیی حیزبە کوردییەکان، کاتێک زانییان سوپای دزوجەردەی ئێرانی هاوپەیمانیان، بەو شێوە نامرۆڤانەیە بەربووەتە تاڵانکردنی سامانی دانیشتوانی بەکۆمەڵسووتاوی شارەکەیان، نەیانتوانی لەوە زیاتر بێدەنگ و چاوەڕوان راوەستن، ئەمانیش کەوتنەخۆ و چەندین لۆری و کۆمەڵێک جەردە و شڕەخۆری گوێڕایەڵی بەنێو پێشمەرگەیان دەستنیشانکرد بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی ئەو ماڵانەی کە هێشتا لەلایەن پاسدارەکانی ئیسلامەوە تاڵان نەکرابوون. ئەوجا کەلوپەلی دزراوی

ماڵەکانیان لەژێر بەرپرسیارەتیی **(د. ک. ش)** کە خۆشی هەر خەڵکی هەڵەبجە بوو، بەسواری لۆری لە هەورامانەوە دەگواستەوە بۆ گوندەکانی داوداوێ و مام کاوێ و مەزرە لە دۆڵی سوێسنایەتی و نێزیکی خڕی نێوزەنگ، کە سەرکردەیەتیی یەکێتیی لێبوو. سەرکردەیەتیی لەوەرامی ئەو پێشمەرگانەی بەکارەکەیان زانیبوو، دەیانگوت: "**ماڵی ئەو کەسانە دەهێنرێت کە سیخوڕ و بەکرێگیراوی بەعسن!!**". پاش ئەوەی لۆرییەک لەرێگەی چوون بۆ ماڵانی سەرکردەیەتیی، دیار نەما و، لووش درا، بەرپرسیاری ئەم چالاکییە پڕشانازی و مێژووییە بانگێشتکرا بۆ دۆڵی قاسمە رەش و مەزرە، کە ئەویش لەترسی تڕۆوتێرۆکردنی نەیوێرا بچێ و لەشاری سنە خۆی شاردەوە.... لەو رۆژە تاریک و پڕنەهامەتییانەی مێژووی کورددا، گەلێک پێشمەرگەی خاوەن شەرەف و خاوەن هەڵوێست هەبوون کە بەتووڕەی و بێزارییەوە، نێوی کەسانێکی وەک **(ش. ح. م.)** و **(ق. ک.)** و **(ح. ح. غ.)**ییان دێنا و دژایەتیی خۆیانیان بەرامبەر کردەوەی ئەو کەسانە و سیاسەتی چەوتی سەرکردەیەتیی حیزبەکانیان دەردەبڕی...

**رژێمی ئێران لە کردنەوەی بەرەی نوێ لە هەورامان و هەڵەبجە، چەندین مەبەستی هەبوو:**

یەکەمیان – لەوکاتەدا شاری "**نەوسوود**" و چەندین گوندی سەر سنوور، لەوانە "**دەرەتفێ" و "پەروینی**" و "**شێخان**"، نێوچەیەکی رزگارکراو بوون و، بەدەست "**هێزی شاهۆ**"ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوون. هەروەها هێزێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەنێوی "**گوردانی شوان**"، لەو نێوچەیە بوون. بنکەی سەرەکیی **(گوردانی شوان)** لە گوندی "**بیارە**" بوو. پێشمەرگەی هەردوولایان (حیزب و کۆمەڵە)، گەلێک جار دەستیان لە هێزەکانی ئێران – لە **مەریوان و سنە و هەورامان** دەوەشاند و، دەگەڕانەوە بۆ ئەم مەڵبەندە رزگارکراوە. لەهەموو خاکی

رۆژهەڵاتی کوردستاندا، تەنیا ئەم نێوچەیە بەدەست پێشمەرگەوە مابوو، لەبەر ئەوە داگیرکردنی شاری نەوسوود و دەوروبەری، گرنگییەکی زۆری بۆ رژێمی ئیران هەبوو.

لەگەڵ گەیشتنی سوپای ئێران بۆ سەر مەتەریزی پێشمەرگە، شەڕ و لێکدانی توند دەستپێدەکات. پێشمەرگەکان دوو هێرشی لەسەریەکی سوپای ئێران تێکدەشکێنن و، بەدەیان چەکدار لەنێودەبەن و دەستدەگرن بەسەر ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنیدا، بەڵام بەهۆی بەربڵاویی بەرەی شەڕ و گیرانی هەڵەبجە و دۆڵ و چیاکانی دەوروبەریانەوە، ناچاردەبن پاشەکشە بکەن. بەشێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات، کە ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن، بە ژن و منداڵیانەوە دەکەونە گەمارۆی هێزەکانی ئێران و، بەدیل دەگیرێن. پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش، پێشتر لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا چوارده پێشمەرگەیان بە گازی کیمیایی بەخەستی برینداربووبوون، کە لە بنکەی بیارە. دایاننابوون. لەدرێژەی هێرشەکانی سوپای ئێراندا، گوردانی شوانی کۆمەڵە بەتەواوەتیی گەمارۆ دەدرێ و، شەست پێشمەرگەیان لە دوجەیلە و ئۆردووگای سیروان شەهید دەکرێن. ئەوجا پێشمەرگە بریندارەکانی نیو بنکەکەشیان، بەدیل دەگیرێن و، دەیانبەن بۆ شاری سنە و، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، گوللەبارانیان دەکەن. تەرمەکانیشیان دەبەن بۆ گۆڕستانێکی تایبەت بە پێشمەرگەی کوژراو و، تێکۆشەرانی کورد، کە رژێم دروستیکردووە بۆیان و، نێوی ناوە "گۆڕستانی لەحنەت ئاوا"، لەوێ بە جلوبەرگەکانیانەوە و، بەکۆمەڵ دەیانخەنە چاڵەوە.

**ئەو بەشە لە پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان گیرابوون، لەلایەن دوو کەس لە فەرماندەکانی یەکێتیی**

**نیشتمانیی کوردستان بەنێوی (ق. ک.) و (ح. ح. غ) ەوە، ئەم چەند ڕێگەیە پێشنیاز دەکەن پێیان:**

**1- دەتوان ببن بە پێشمەرگەی ی. ن. ک.**

**2- دەتوانن ببن بە چەکداری "قەرارگای رەمەزان" (کوردییەکەی ببن بە جاشی ئێران! ن.)**

**3- سەربەخۆ و لەسەر بەرپرسیارەتیی خۆتان، تەسلیمی ئێران ببنەوە!**

پاش ئەوەی هەردوو ڕژێمی ئێران و عێراق، لەماوەی نێزیک بە هەشت ساڵ جەنگ، بەسەدان میلیارد دۆلار زیانی ماڵی و پتر لە ملیۆن و نیوێک کوژراو و چەندین ملیۆن بریندار و پەککەوتە و کۆڵەوارو دیل و ئاوارەیان بەرکەوت و، نەیانتوانی یەکدی بڕووخێنن، ئەوجا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کورد، گۆڕەپانی کێبەرکێکەیان گواستەوە بۆ نێو خاکی کوردستان. ئێران توانی بەپێی ئەو نەخشە سەربازییەی دایڕشتبوو، زەبرێکی کوشندە بدات لە هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەلات و، سەرتاسەری سنووری دەستکردی نێوان ڕۆژهەلات – باشووری کوردستان داگیربکاتەوە. جگە لەشەهیدکرانی سەدان پێشمەرگەی ڕۆژهەلات، خێزان و ئەندامانی دەیان بنەماڵەی پێشمەرگەی بەژن و منداڵەوە ڕاپێچی شاری پاوە کرد و، پاش لێدان و سووکایەتیکردن پێیان، هەموویان بران بۆ زیندانی **"دیزڵ ئاباد"**، کە لەشاری کرماشاندا هەڵکەوتووە. جیهادچییەکانی کۆماری داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، ئەوپەڕی بێڕەوشتی و درندەیەتییان بەرامبەر دیلەکان نواند ....

پاداش و ئاکامی هاوکاری و یارمەتیدانی دڵسۆزانەی سەرکردەیەتیی حیزبەکانی باشوور، کە بەرامبەر ڕژێمی ئێران نواندیان، ئەوە بوو، لەکۆتایی جەنگ و ڕاگەیاندنی ئاگربەس لەلایەن ئێرانەوە و، ئەوکات کە **ئایەتوڵڵا خومەینیی، "جامە ژەهرە بەنێوبانگەکەی هەڵدا!"**، بژێوی و دابینکردنی پێداویستیی بنکەکانیانی بڕی و، ڕێی کارکردن و هاتوچۆکردنی

پێشمەرگە و بنەماڵەیانی بەربەستکرد. لەوەوە سەرلێشێواوی و ناهومێدی و برسێتی باڵی بەسەر پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەی پێشمەرگەدا کێشا. ئەم گوشارهێنانەش بۆ ئەوە بوو، پێشمەرگە ناچاربکرێن خاکی رۆژهەڵات جێبێڵن و، بچنەوە ژێردەسەڵاتی رژێمی عێراق. داسەپاندنی ئەو بارودۆخە، بەتایبەتیی بۆسەر ئەو پێشمەرگانەی لە بەشی **مەریوان** و **دۆڵی دزڵیی** هەورامان دەژیان، پاش ساڵانێکی زۆری خەباتی سەخت و لەخۆبردوویی لەپێناو گەلەکەیاندا، بەشێکیان بەناچاریی خۆیاندایە دەست چارەنووس و قەزا و قەدەرەوە و، گەڕانەوە بۆ ئەودیو و خۆیان تەسلیمی رژێمی بەعس کردەوە. رژێمی عێراقیش کە لە رۆژێکی وادەگەڕا، هەموویانی تێکەڵ بەکاروانی ئەنفالکراوەکان کرد  بێسەروشوێنیان کردن.

**ژمارەی پێشمەرگە، لە هەزارانەوە گەیشتە چەند سەت پێشمەرگە. ئەو هێزە گەورەیە وەک بەفری پار، لە چەند حەفتەیەکدا توایەوە. لەسەرەتای مانگی گەلاڕێزانی ساڵی 1988 و، پاش کۆتایی کارەساتی سامناکی هەڵەبجە و ئەنفالە بەدناوەکان، پێشمەرگەی قارەمان و، تێکۆشەری رێبازی پیرۆزی کوردایەتیی – ناسراو بە "حەمەڕەش"، لەگەڵ کەرتێک پێشمەرگە، بە جەولەیەکی یەک مانگی، گەڕایەوە قوڵایی باشووری کوردستان. پاش گەڕانەوەی بۆ دزڵیی هەورامان و، گێڕانەوەی بارودۆخی سامناکی دڵتەزێنی باشوور، ئەوجا کادر و فەرماندەکان و ئەو پێشمەرگانەی هێشتا مابوون، بەتەواوەتیی ئاگاداری ئەو کارەساتە مرۆڤییە بوون، کە رژێمی بەعسی داگیرکەر بەسەر کوردیدا هێنابوو. سەرکردەیەتی و پێشمەرگەی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، لەسەر دووڕێیانی چوون بۆ هەندەران، یان مانەوە لە ناهومێدی و ژیانی دژوار و چارەنووسی لێڵ و نادیاردا مابوونەوە. بەکورتی، هەرەسێکی دیکە، باڵی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵات و باشووردا کێشایەوە...**

لەشکرکێشیی ئێران بۆ نێوچەی هەڵەبجە، ئەو ئامانج و دەستکەوتانەی بۆ رژێمی ئێران بەدواوە بوو. لەروانگەی رژێمی بەعسی عێراقیشەوە،

شەهیدکرانی شاری هەڵەبجە، زەوینەی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گەورەتر و سامناکتر بوو بۆ سەر کوردستان بەنێوی "ئەنفال"، کە بەهۆیەوە سەتان هەزار ژن و منداڵ و پیروڵاوی کورد، لە زنجیرە هێرشێکی بەربلاودا، لەشار و گوند و شارۆچکەکانەوە بەرەو دەشتەکانی باشووری عێراق راگوێزران و لەنیو لموتۆز وزیخەڵانەکانی کاکی بەکاکیی وڵاتی عەرەبدا زیندە بەگۆڕکران.

**خوێنەرەوەی هێژا!**

**لەکۆبەندی باسەکەماندا، ئەگەر بمانەوێ بابەتانە و لەروانگەیەکی زانستی و بیری نەتەوەییەوە، دەستنیشانی چەوتی و هەڵەی سەرکردەیەتیی کورد لەو سەردەمەدا بکەین، دەزانین کە هۆکاری سەرەکیی سەرلێشێواوی سیاسی و، گرێدانی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد، بەکێشە و ناکۆکیی نێوان داگیرکەرانی کوردستانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و ونبوونی بەرنامە و ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی. ئەورۆکەش هەر نەبوون و پێڕەونەکردنی ئەو ستراتیژ و بیروباوەڕە نەتەوەییەیە، کە پاش تێپەڕبوونی 15ساڵ بەسەر دامەزراندنی "هەرێمی ئاسایش" و، نێزیکەی پێنج ساڵ دوای رووخانی رژێمی سەددام، جگە لەوەی کە نەتەوەی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەمان بە ئامانجەکانی نەتەوەیی خۆی نەگەیوە، بەڵکو سەرکردەیەتیی حیزبەکان، سووک و هاسان، ئەو دەرفەتە گەورەیان، قۆزتەوە بۆ دەستخستنی پلەوپایەی سیاسی و، دەوڵەمەندکردنی خۆیان و بنەماڵە و دەستەودایرەیان و، سەرلەنوێ باشووری کوردستانیان لکاندەوە بە عێراقی عەرەبی داگیرکەرەوە. ئەورۆکەش، پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجە و نێوچە ئەنفالکراوەکاندا، یادی "هەڵەبجە" و "ئەنفال"، لەژێرسێبەری ئاڵای عێراقی داگیرکەردا دەکرێنەوە. ئەمەش پێشاندەری ئەو**

**راستییەیە کە، ئێمەی کورد هیچ وانە و ئەزموونێکمان لە "هەڵەبجە" و "ئەنفال" وەرنەگرتووە. سەرەرای خەباتی دوورودرێژ و قوربانیدانی بێئەژمار، هێشتا بەرژەوەندی و ئامانج وستراتیژی نەتەوەیی خۆمان ناناسین. پاش بەرپاکردنی دەیان راپەڕینی گەورە وبچووکی خوێناویی، ئاسۆی خەباتەکەمان هێشتا لێڵ و شڵوێ و تەماوییە، پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ قوربانیدانی بەردەوام، سەرکردەیەتیی حیزبەکان، لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، لەژێر پەردەی درۆشمی نانەتەوەییانەی "دیمۆکراسی و فیدەراڵی و برایەتی و هتد"، لەگەڵ رژێمەکان و نەتەوەکانی باندەستی کورد، خەون بە وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی لەنێو رژێمەکانی داگیرکەری کوردستاندا دەبینن. هەر ئەم بیرۆکە چەوت و ناکوردانەیە کە وایلێکردوون، بەبەرچاوی گەلی کورد و دۆست و نەیاری کوردەوە، بکەونە دارکاری و چەقۆوەشاندن و، تێرۆری جەستەو کەسایەتیی یەکدی و، لەم بارودۆخە هەستیارەدا، شەڕە قۆچەقانی و حیزبحێزبێنە و دەستەودەستەگەرێتیی ببێتە چالاکی و فەرهەنگی باوی رۆژ.**

**جوولەکەکان**، کوژرانی چەند ملیۆن جوو کە بەدەستی نازییەکان لەگەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا کوژران، قۆستەوە بۆ رزگارکردنی خۆیان و سازکردنی قەوارەیەکی سیاسی و، دەولەتی سەربەخۆی ئیسرائیلیان پێدامەزراند. دەیان نەتەوەی بندەستی سۆڤێتی کۆن، لەو دەرفەتەی هەڵکەوت بۆیان، کەڵکیانوەرگرت و دەولەتی ناسیۆناڵی خۆیانیان دامەزراند. لەماوەی دە - دوانزەساڵی رابردوودا، بەچەندین نەتەوە لە **یوگسلاڤیا** جوێ بوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. دوانەتەوەش کە بەسەربەخۆیی گەیشت، **پارێزگەی کۆسۆڤۆ بوو کە رۆژی 18/2/2008، سەربەخۆیی خۆی راگەیاند.** لەکاتێکدا ئەمانە هیچیان بەنیوەی نەتەوەی کورد خەبات و تێکۆشینی رزگاریخوازییان نەبووە و، بەهەموویانەوە نیو

هێندەی کورد قوربانییان نەداوە. هەموو ئەو گەلانەی بندەستی داگیرکەرانیان بوون، لە قەڵاچۆ وماڵوێرانییەک بەسەریان هات، ئەزموونیان وەرگرت و، کارەساتەکان بوون بە هەوێن و دینەمۆی سازکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەولەتی ناسیۆناڵ بۆیان. شانبەشانی ئەوەش، کەوتنەهەوڵ بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی گەلەکەیان. بەڵام سەرکردەی کورد، جگە لەوە کە سەربەخۆیی کوردستان دەکەنە قوربانیی ئامانجی شەخسیی خۆیان، بەڵکو لەوەش خراپتر، بکوژان و تاوانبارانی گەلەکەیان دەگرنەژێر باڵیان و، پاکانە بۆ تاوانەکانیان دەهێننەوە. گەلی کوردیش، لەبەرامبەر ئەم کردەوە و سیاسەتە چەوتانەی لەدژی چارەنووسی خۆی و نیشتمانەکەی ئەنجامدەدرێ، مات و بێدەنگ و بێهەڵوێستە. ئەم دیاردە سەیروسەمەرەیە، تەنێ لەنێو کورددا دەبیندرێ و، لەنیو هیچ نەتەوەیەکی جیهاندا وێنەی نییە.

پێویستە لەم راستینەیە بگەین، تا نەبینە خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەیی، ناتوانین لەرابردوومان ئەزموون وەربگرین و، ناشتوانین داهاتوویەکی رۆشنی سیاسی بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین. پێویستە لەسەر بناخەی بیروباوەڕ و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە، لەهۆکارەکانی شکست و نەهامەتییەکانی گەلەکەمان لەکۆن و نوێدا بکۆڵینەوە. سەرکردەیەتیی کورد، هیچکاتێک هەوڵینەداوە و، بەپێویستینەزانیوە کە سەبارەت بەو هەمووە ماڵوێرانی و قوربانییە زۆر و زەوەندانەی بەسەر نەتەوەکەی هاتوون و، لەداهاتوودا بەسەریدێن، لێکۆڵینەوە بکات. هەڵە لەدوای هەڵە و، شکست لەدوای شکست دوبارە بوونەتەوە.سەرکردەیەتیی حیزبەکانیشمان، هەروەک هیچ نەقەومابێ، سەرلەنوێ لەپێناو راگرتنی دەسەلات و بەرژەوەندیی خۆیاندا، بەدرۆشم و، بەرگێکی نوێوە، سەرلەنوێ خەباتی گەلەکەیان گرێداوەتەوە بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەرکەرەوە. واتە

خەبات و قوربانیدانی نەتەوەی کورد، بەردەوام لەنێو بازنەیەکی خڕدا سووڕاوەتەوە و، نەیتوانیوە خۆی لێ رزگاربکات. لەبەر ئەوە، هەروەک **کارەساتەکانی باکووری کوردستان لە سالآنی نێوان 1925- 1938، بەدەستی تورکان لەبیرکران، قەلآچۆکردنی راپەڕینە یەک لەدواییەکەکانمان لەبیرکران، رووخانی حکوومەتەکانی شای کوردستان شێخ مەحموود و سەرکۆماری کوردستان - قازی محەممەد لەبیرکران**، هەر بەو هاسانییەش **هەڵەبجە و ئەنفال و راپەڕینی ساڵی 91ی باشووری کوردستان** و، لەدەستدانی نیوچە سەربەخۆییەکەی باشووری کوردستانیش لەبیر دەکرێن.

**بەکورتی، گەلی کورد، کاتێک دەتوانێ بەسەربەرزییەوە یادی کارەساتەکانی بکاتەوە، کە ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی گەیشتبێتە ئاستێک کەهەروەک هەموو گەلانی دیکەی جیهان، ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی ناسیبێت و، لە کوردستانیکی ئازاد و سەربەخۆدا، بەڵێن بە شەهیدانی بدات، کە نیشتمانێکی بەهێز و پێشکەوتووی خاوەندەسەلآتی سوپای و ئابووریی ئەوتۆ دادەمەزرێنێ، کە چیدی هیچ دڕندە و خوێنخۆرێکی سەرگۆی زەوین، نەوێرێ خوێنی تاکە کوردێک بڕێژێ، یان چاو ببڕێتە تاکەبستێکی خاکی پیرۆزی نیشتمان...**

**لەساڵڕۆژی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا، هەزاران سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**تێبینیی:**

**ئەم وتارە، ساڵی 2006ی زایینیی، ئامادەکرا و، لەلایەن هاوبیران شیلان بەرزنجی و شوان بەرزنجییەوە لەرادیۆ رۆژاڤای کوردستان بۆ ماوەی مانگێک بڵاوکرایەوە. لەیادی**

20 ساڵەی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا، جارێکی دی پێداچوونەوەی لەسەرکراوە و هەر لەوساڵەدا لەگۆڤاری کۆنگرە و چەندین ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە:

1 - گۆڤاری "پەیڤ" ژمارە (10) ساڵی چوارەم، حوزەیرانی 1989

2 - ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو (بەشی یەکەم) – نووسینی: سابیر کۆکەیی.

3– وتاری "کارەساتی هەڵەبجە و پەندەکانی"، نووسینی: سدیق بابایی، کاتی بڵاوکردنی ڕێکەوتی 25/2/2002.

# کورتەمێژووی چەکی ئەتۆم و،
# قەیرانی ئەتۆمیی ئێران!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (38)

مانگی پووشپەڕی (Juen) ی 2006

لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی، کە تێیدا ئەمریکا چەکی ئەتۆمی بەرامبەر ولاتی ژاپۆن بەکارهێنا، کۆمەڵی نیودەولەتیی زانیاری تەواوی پەیداکرد سەبارەت بە توانای لەسنووربەدەری وێرانکاری و، کۆمەڵکوژی بێئەژمار و، وزەی لەرادەبەدەری ئەو چەکە نوێیە کە پێیدەگوترێت **"چەکی ئەتۆم"**.

**لەپاش ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤیێت بوو بە خاوەنی چەکی ئەتۆم.** سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان بەرەی سوسیالیزم و دنیای ئازاد، لەپاش کۆتایی جەنگی دووەم، کە سەرقافڵەی هەردوو بەرەکە وەکیەک خاوەنی چەکی ئەتۆم بوون، جیهانی بەرەو دابەشکردن و ململانێ و قۆناخێکی نوێ راکێشکرد کە لەمێژووی پێوەندیی رامیاریی نێونەتەوەییدا بە **"جەنگی سارد"** نێوبانگی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆم لە دژی گەلی ژاپۆن و، قڕکردن و کۆڵەوارکردنی سەدانهەزار دانیشتووی شارەکانی **هێرۆشیما** و **ناکازاکی**، لەو راستییەی گەیاندن کە بەکارهێنانی جارێکی دیکەی ئەو چەکە، لەلایەن هەر ولات وحکوومەتێکەوە بێت، مەترسیی گەورەی بۆ تێکڕای دانیشتووانی جیهان بەدواوە دەبێت و، براوە و دۆڕاوێک لەئارادا نابێ و بەکارهێنانی، بوونی جیهان و ژینگە و تێکرای کۆمەڵگەی جیهانیی دەخاتە مەترسییەوە. ئەوەبوو بەمەبەستی پێشگیریکردن لەبلاوبوونەوەی چەکی نێۆکی لەجیهان، لەساڵی **1968**ی

زاینی، له کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جڤینێک لەنێوان پێنج دەوڵەتی زلهێزی جیهان بەسترا کە بریتی بوون لە **ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤێتی رووخاو، بەریتانیا، فەرەنسا و چین**. لەدانیشتنەکەیاندا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد، کە نێوی لێنرا پەیمانی (**NPT**). بەپێی ئەم پەیمانە، هەر پێنج ولاتەکە بوونە ئەندامی هەمیشەیی لە کۆمیسیۆنی ئاسایشی سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەشدارانی پەیماننامەی **NTP** یاسایەکی بۆ کاری خۆی دارِشت و کۆمەڵێک مادەی پەسندکرد کە گرنگترینی بەندەکانی بریتین لە:

– کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، بەرپرسیاری پارێزگاریکردنی ئاسایشە لەجیهان. جگە لە پێنج دەولەتی ئەندام لە کۆمیسیۆنی ئاسایش، هیچ حکوومەتێکی دیکە لە جیهان، مافی ئەوەی نییە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆم. ئەندامانی کۆمیسیۆن نابێ یارمەتیی هیچ حکوومەتێک بکەن لەبۆ گەیشتن بە زانستی سازکردنی چەکی ئەتۆم. هەموو حکوومەتەکانی جیهان دەتوانن کار بۆ سازکردنی نێوەندی وزەی ئەتۆم لە ولاتەکەیاندا بکەن، بەمەرجێک لەخزمەتی ئاسایش و ئاشتی و، پێشخستنی ولاتەکەیاندابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ دڵنیابوون لەچۆنێتیی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی نێوەندی ئەتۆمی وڵاتانی جیهان، رایانگەیاند کە دەبێ **"ئاژانسی نێونەتەوەیی ئێنرژی نێڤۆکی"**، بەهوردی چاودێرییان بکات. ئەوجا داوا لە هەموو ولاتانی ئەندام لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیی کرا تا مۆری بکەن. دەوڵەتەکانی **ئیسرائیل وهێند و پاکستان** پەیماننامەکەیان مۆرنەکرد، دواتر **کوریای باکووریش** لە پەیماننامەکە خۆی کشاندەوە. مەبەستیشیان ئەوە بوو بەدوور لەچاوی پسپۆڕ و چاودێرانی ئاژانس، بەدزییەوە هەوڵی سازکردنی چەکی ئەتۆم بدەن. ئەوە بوو پاش ماوەیەک ئەو چوار

دەولەتەش توانییان لەزانستی ئەتۆمیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و، بچنە ریزی وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمەوە.

ئەگەرچی زۆرینەی ولاتانی ئەندام لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەکەیان مۆرکردووە، بەڵام لە کردەوەدا گەلێک حکوومەت – بەتایبەتیی حکوومەتەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ کە زۆربەیان سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات بوون، هەرلەپاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێتەوە، کەوتنە بیری ئەوەوە دەستیان بگات بە چەکی ئەتۆم، بۆئەوەی ببێتە قەڵخانی پاراستنی خۆیان و رژێمەکەیان. لەبەر ئەوە بەئاشکرا، یان بەشێوەی نهێنیی کەوتنە پەلوپۆی دامەزرانی نێوەندی وزەی ئەتۆمی لە ولاتەکەیاندا. ولاتانی ئەندامی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، بۆ پێشگرتن لەدەستخستنی چەکی ئەتۆم لەلایەن ئەو حکوومەتانەوە، بەپێی بڕیارێکی هاوبەش، رایانگەیاند کە پێویستە "کۆمیتەی ئاژانسی نێونەتەوەیی"، دەسەلاتی زیاتری بدرێتێ، بۆ ئەوەی بتوانی بەسەربەستیی تەواوەوە سەردانی هەر ولاتێک بکات کە گومانی سازکردنی نێوەندی چەکی نێڤۆکی لێدەکرێت. ئەم پێشنیازبڕیارە بە تێکڕای ولاتانی ئەندام لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی راگەیەندرا، بەڵام تەنێ لەسەتا بیست (**20%**) ی وڵاتان بڕیارەکەیان پەسند کرد. ئەورۆکە وڵاتانی **ژاپۆن و ئەڵمانیا و کوریای باشوور**، لە زانست وتێکنۆلۆژیدا گەیشتوونەتە ئاستێک کە، هەرکات بیانەوێت دەتوانن لەماوەی چەند مانگێکدا چەکی ئەتۆم دروست بکەن. بەپێی لێکدانەوەی پسپۆڕانی زانستی ئەتۆمی جیهانیی، ئەورۆکە، **35** تا **40** ولات لە جیهاندا هەن، کە بوونەتە خاوەنی زانستی ئەتۆمی.

## ئاژانسی نێونەتەوەیی ئێنرژی نێڤۆکی، چۆن وبەچ شێوەیەک دەتوانێ پێش بە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم بگرێت؟!

بەپێی مادەی **12**ی یاسای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسیۆنی ئاسایش، بەرپرسیاری پاراستنی ئاسایشی جیهانە و، لەو بوارانەی کە بە پێویست و گونجاوی دەزانێ، سزا بۆ هەر حکوومەتێک دەبڕێتەوە کە دەیەوێت سەرپێچی لە یاسای نێونەتەوەیی بکات و، ئاسایشی جیهان بخاتە مەترسییەوە. جۆری دیاریکردنی سزاکانیش بریتین لە، گوشاری ئابووری و گەمارۆدانی ئابووری، بەلام ئەگەر دۆزی ولاتەکە مەترسیدارتربێت، ئەوا بڕیاری بەکارهێنانی گورزی سەربازی لەبارەوە دەدریت، وەک دوارێگەچارە.

دڵەڕاوکە و پەژارەی ولاتانی رۆژاڤا بەرامبەر پرۆژەی سازکردنی چەکی ئەتۆم لەلایەن رژێمەکانی سەرکێش و دیکتاتۆری جیهان بەگشتی و، رۆژهەلاتی ناڤین بەتایبەتی، کاتێ پەرەی سەند کە مانگی رەزبەری **2003**ی زاینی، پاپۆڕی **(بی بی سی چاینا)**، بەکەلوپەلی تایبەت بە سانتریفۆژی گازی کە بۆ چڕکردنی ئۆرانیۆم بەکاردێت، بەرەو ولاتی لیبی دەبرا، کە دەستیبەسەردا گیرا. ئەم پاپۆڕە، سەر بەباندێکی ئەتۆمی نێونەتەوەیی بوو کە لەلایەن **"عەبدولغەدیر خان"** ناسراو بە **(باوکی بۆمبی ئەتۆمی پاکستان)** ەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. ئەم باندە لەنێوان سالانی **1980** تا **1990** کەلوپەلی ئەتۆمی بەولاٌتانی وەک **لیبی و کوریای باکوور** فرۆشتبوو. ئاشکرابوونی باندی (عەبدولغەدیرخان) لەئەنجامی ئەوەوە بوو کە دەوڵەتی لیبی لەدوای گفتوگۆی چڕ و بەردەوامی لە گەڵ دەوڵەتی بەریتانیادا رازی بوو بەتەواوەتیی واز لەپرۆژەی سازکردنی چەکی ئەتۆم بهێنێت و، هەموو نهێنییەکانی چۆنێتیی دەستخستنی کەرەستە و پێداویستتیەکانی سازکردنی نێوەندە ئەتۆمییەکەی ئاشکراکرد، ئەوجا رۆژاڤا و دنیای ئازاد بەگشتی، کەوتنە پلاندارشتن و پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی زانستی سازکردنی چەکی ئەتۆم، بۆ ئەوەش بڕیاریاندا چاودێرییەکی چڕتر

و هوردتر بخرێتەسەر ئەو وڵاتانەی گومانیان لەسەرە – لەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**سەرەتای کێشەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ڕۆژاڤا!**

ئێران، لەسەردەمی ڕژێمی حەمەرەزاشادا بوو بە ئەندام لە پەیمانە جیهانییەکەدا و، بناخەی پرۆژەی نێوەندی وزەی ئەتۆمی لە شاری "**بووشەهر**" دارێشت، کە لەسەر لێواری کەنداو هەڵکەوتوە، بەڵام بەهۆی ڕووخانییەوە، پرۆژەکە وەستا و، لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی، پرۆژەی بووشەهر لەسەررا دەستپێکرایەوە و تا ئەوڕۆش هەر بەردەوامە.

سەرەتای کێشەی نێوان ڕۆژاڤا و کۆماری ئیسلامی لەوەوە سەریهەڵدا، کە لەمانگی ئوتی ساڵی **2002**ی زاینیی، ئەندامێکی ڕێکخستنی **ڕێکخراوەی موجاهدینی خەڵکی ئێران** بەنێوی "**عەلیرەزا جەعفەرزادە**" کە لەنێزیکەوە ئاگاداری سازکردنی نێوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران بوو، لە ئێران رایکرد و، ئاشکرای کرد، کۆماری ئیسلامی، لە شاری "**نەتەنز**"، **چرکردنی ئۆرانیۆم و، لە شاری "ئەراک" یش راکتۆری "ئاوی قورسی" هێناوەتە بەرهەم**. دوای وەرگرتنی ئەو زانیارییە، هەر لەو ساڵەدا تلویزیۆنی **CNN** ی ئەمریکا، چەندین وێنەی پێشاندا کە بە سەتەلایت (ماهوارە) لەنێوەندەکانی ئەتۆمی **نەتەنز و ئەراک** گیرابوون، بەوەش بڕوای تەواو بەزانیارییەکانی **ئەندامە نهێنییەکەی موجاهدین (عەلیڕەزا جەعفەرزادە) کرا.**

لەمانگی ڕێبەندانی ساڵی **2002** دا، **محەمەد ئەلبەرادعی**، بەڕێوەبەری تازەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی نێڤۆکی، سەردانی ئێرانی کرد و، دەستیان کرد بە پشکنینی نێوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران، بەپێی ئەو سەرچاوە و زانیارییانەی کە بەدەستیانەوە بوو. لەمانگی گوڵانی **2003** دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران دانی بەوەدا نا کە لە شارەکانی **نەتەنز** و **ئەراک** نیوەندی ئەتۆمی دامەزراندووە، بەڵام گوتیشی مەبەست لە دامەزراندنی ئەو دوو

نێوەندە، هەروەک نیوەندەکانی دیکە، تەنێ بۆ کاری خزمەتگوزاری و خزمەتی ئاشتی و پێشخستنی وڵاتە.

شاندی ئاژانسی نێونەتەوەییی، پاش گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی، لیستەیەکی سەبارەت بە ناڕاستبوونی وتەکانی کاربەدەستانی ئێران و سەرپێچیکردنی تەواوی لە پەیماننامە و یاسای نێونەتەوەیی، پێشکێشی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەییی کرد. کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، لە رۆژی **19**ی جۆزەردانی ساڵی **2003** لەبەیاننامەیەکدا داوایان لە کاربەدەستانی ئیران کرد، پێویستە بەپێێ پرۆتۆکۆل و بەندەکانی یاسای نێونەتەوەیی بجووڵێتەوە و، دەبێ هەموو چالاکییەکی رابگرێت و، پێش بە تێکەڵبوونی مادەی نێڤۆکی بۆ نێو سانتریفوژەکان بگرێت!

لەمانگی پووشپەڕی **2003**، ئاژانسی نێونەتەوەیی راپۆرتێکی دیکەی سەبارەت بە بەردەوامبوونی ئێران لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بڵاوکردەوە کە بوو بەهۆی دەرکردنی بڕیارنامەیەک لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و، تێیدا پەنجارۆژ کاتیان بۆ ئێران دیاریکرد و، داوایان کردلێی، پێویستە هەموو چالاکییە ئەتۆمییەکانی رابگرێت و، رێگەبدات بە شاندی ئاژانسی نێونەتەوەییی، هەرکات بڕیاریاندا، سەردانی هەر نێوەند و شارێکی ئێران بکەن، نابێت رێگەیان لێبگیرێت!

**دەرکردنی بڕیارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەییی، کێشەی ئەتۆمیی ئێرانی بەرەو قەیرانێکی نێونەتەوەیی برد و، ئەم دژکردەوانەی لەدژی ئێران بەدواوە بوو:**

**1 - لەرۆژی 16ی رەزبەری 2003 دا، وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئوروپا، داوایان لە ئێران کرد رێگەبدات بۆ گەڕان و پشکنینی هوردتری ئاژانس لەنێوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران. لەرۆژی ٢١ی هەرئەو مانگەدا، یەکێتیی ئوروپا ئێرانی ئاگادار کردەوە ئەگەر بێتو لەگەڵ شاندی ئاژانسی نێونەتەوەییی هاوکاری تەواو ئەنجام**

**نەدات، ئەوا یەکێتی ئوروپا ناچاردەبێت پێداچوونەوە لە پێوەندی سیاسی و ئابووری خۆی لەگەڵ ئێراندا بکات.**

**2 - ئاژانس داوای کرد لەئێران تا پرۆتۆکۆلی تایبەت بە پەیمانی بەرگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی مۆر بکات و، شاندی ئاژانس بەسەربەستی تەواوەوە بتوانێ، خۆی کات و رۆژ و جێی پشکنینی نێوەندە ئەتۆمییەکان دەستنیشان بکات و، لەلایەن ئێرانەوە هیچ چەشنە کۆسپ و تەگەرەیەک نەهێنرێتەڕێی.**

**3- گوتەبێژی کۆشکی سپی ئەمریکا بەنێوی "ئاری فیلشێر"، هەر لە مانگی رەزبەری 2003 رایگەیاند: "ئەگەر ئێران نەچێتەژێر داوای کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە، ئەوا بەکارهێنانی گورزی سەربازی لەدژی بەدوور نازانرێت.**

لەدوای ئەم گوشارە نێونەتەوەییە، رژێمی ئێران بەمەبەستی هێورکردنەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و، خاپاندنیان و کاتبردنەسەر، لەرۆژی 21ی رەزبەری ساڵی 2003، ئەم سێ مەرجەی خوارەوەی پەسند کرد:

**1- لەگەڵ ولاتانی ئینگلیز و فەرەنسە و ئاڵمان ئامادەی گوتوبێژ دەبێت، بۆ ئەوەی بەتەواوەتیی دڵنیابکرێن کە ئێران نیازی ئاشتیخوازانەی لە سازکردنی نێوەندە ئەتۆمییەکانی هەیە!**

**2- چڕکردنی ئۆرانیۆم رادەگرێت!**

**3- پرۆتۆکۆلی تایبەت بە پەیماننامە مۆر دەکات!**

پاش ئەوەی ئێران ئەم مەرجانەی قەبوڵ کرد، ئەوجا بڕیاردرا بەڕێوەبەرێتی کێشەی نێڤۆکی ئێران راستەوخۆ بکەویتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەییەوە و، کۆمیسیۆنی ئاسایش، هاوکات لەگەڵ یەکێتی ئوروپاشدا لەوبارەوە بکەوێتە گوتوبێژ و پرس و راوێژەوە.

**"گێری سیمۆر" (بەڕێوەبەری دامەزراوەی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لە لەندەن)، دەڵێ: "دوو کێشەی سەرەکیی لەبەردەم نێوەندی چڕکردنی ئۆرانیۆمی**

**ئێراندایە و، ئەگەر ئێران بیهەوێت چەکی ئەتۆم ساز بکات، دەبێ ئەو دوو کێشەیە لەسەررێگەی لاببات:**

**یەکەمیان:** ئەگەرچی ئێران توانیویەتی هەوێنی ئۆرانیۆم لە نێوەندی ئەتۆمی شاری **ئەسفەهان** بهێنێتە بەرهەم، بەلام ئەو هەوێنە کاڵە و بەرادەی پێویست پێنەگەیوە، هەر لەبەر ئەوە ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ ماشێنەکانی سانتریفوژ لێکیانبدەن و ئاوێتەیان بکەن، ئەوا زیانێکی زۆر بەماشێنەکان دەگەیەنێت.

**دووەم:** کۆسپی دووەم لەبەردەم ئێراندا ئەوەیە، کاتێ دەتوانێ چڕکردنی ئۆرانیۆم بەتەواوەتیی بگەیەنێتە ئەنجام، کە هەزار ماشێنی سانتریفوژ دابین بکات، لەکاتێکدا تێکڕای ژمارەی ئەو سانتریفوژانەی کە ئێران لەنێوەندی شاری **"نەتەنز"** دایمەزراندوون، تەنیا 164ماشێنە!

گێری سیمۆر هەروەها دەبێژێت: "تەنانەت لەگەڵ تەواوکردن و ئامادەکردنی نێوەندی چڕکردنی ئۆرانیۆم لە شاری نەتەنز، ئەم نێوەندە دەبێ چەند سالێک بەبەردەوامی کاربکات بۆ ئەوەی بتوانێ مادە و هەوێنی پێویست بۆ سازکردنی چەکی ئەتۆم پێکبێنێت. دوای جێبەجێکردنی ئەوەش، دیسان ئێران پێویستی بە پێنج ساڵ کات هەیە تا بتوانێ یەکەمین چەکی ئەتۆمی خۆی سازبکات. ئەوجا پێویستی بە شوێن و جێگەی تایبەت بەراگرتنی چەکی ئەتۆم هەیە، کە ئامادەکردنی بۆ ئێران لەم بارودۆخەی ئێستا کە لەژێر گوشارو چاودێریکردنی کۆمەڵی نێودەوڵەتیدایە، کارێکی هاسان نییە".

لەسەردەمی **سەرکۆمارێتیی محەمەد خاتەمی** دا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر گوشار و داوای کۆمەڵی نێونەتەوەییدا، بەپێی پلانێکی زۆر زیرەکانە و فێڵبازانە کاریان دەکرد. هێندێکیان سیاسەتی بەڕواڵەت سازان و، ملکەچبوونی ئێرانیان پێشاندەدا بەرامبەر داخوازییەکانی کۆمەڵی

نێودەوڵەتی و، لە دیدار و پێوەندیی دیپلۆماسی و، لە میدیا و ڕاگەیاندنی دەوڵەتییەوە دەیانگوت: "سازکردنی نێوەندی ئەتۆمی، دەبێتە جێگرەوەی نەوت لەداهاتوودا کەسەرچاوەی ئێنرژی ئێمە پێکدێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە، چەکی ئەتۆم بەپێی ئاینی ئیسلام **(حرام)** ە و، پێچەوانەی دەستوور و شەرعی ئیسلامییە". هێندێکی دیکەشیان، بەشێوەی نارەسمی و، لەڕێگەی میدیای نێوخۆی ئێرانەوە، بەردەوام ڕایاندەگەیاند کە، وازهێنانی ئێران لە پرۆژەی زانستی ئەتۆمی، بەمانای شکست و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسییە بۆ ئێران. بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن ئێرانییەکانەوە، وای لە ئاژانس و دیپلۆماسی دەرەوە گەیاندبوو کە کاربەدەستانی ئێران، هەموویان هاودەنگ و یەکدەست نین و، بیری واشیان تێدایە کە خوازیاری شەڕ و ئاژاوە نین و، بەڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە دەیانەوێ کێشەکە چارەسەر بکرێت، لەولاشەوە، بە پتەوکردنی پێوەندی بازرگانی وئابووری لەگەڵ دەولەتەکانی چین ورووسیا و هێندێک لە ولاتانی ئورووپایی، هەوڵیاندەدا دڵیان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی نەرم بکەن و، لەگرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش دووریان بخەنەوە کە ئامانج و سیاسەتی سەرەکیی ئەمریکای پێکدەهێنا. بەڵام وتەکانی ئەحمەدینژاد، پاش هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆمارێتیی ئێران و هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل و، پشتگیریکردنی ئاشکرای **"حەماس"** ی فەلەستین و، **حیزبوڵڵای لوبنان** و، پێداگرتنی دەوڵەتەکەی بۆ درێژەدان بە پرۆژەی ئەتۆمیی، هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، تەنانەت گەلیک لە دەولەتانی هەلپەرست و بەرژەوەندپەرستی ئورووپاشی ڕاچڵەکاند و، لەو ڕاستییە گەیشتن کە، کاربەدەستانی ئێران، هەموویان وەک یەک بیردەکەنەوە و، سازکردنی چەکی ئەتۆم بەلایانەوە، وەک ستراتیژی سیاسی چاویلێدەکرێت و مان و نەمانی خۆیان و ڕژێمەکەیان بە سازکردنی چەکی ئەتۆمەوە گرێداوە و وازناهینن لێی.

ئەوە بوو لەبەرامبەر ئۆلتیماتۆم و هەڕەشەی دەوڵەتی ئەمریکادا، ئایەتۆڵلا و وەزیر و، تەنانەت فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانیش بەهەڕەشەوگوڕەشە وەرامی ئەمریکایان دایەوە، کە ئەوەش بەرە بەرە بووە هۆی، نێزیکبوونەوەی لەلایەک ئەمریکا و ئۆروپا لە یەکدی و. لەلایەکی دیکەشەوە نێزیکبوونەوەی ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لەیەکدی.

**هۆی ئەم زماندرێژی و لەخۆباییبوونەی رژێمی ئێران لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە کاربەدەستانی ئێران، پشتیان بە دوو هۆکاری نێوچەیی و جیهانیی بەستووە!**

**1 – هۆکارە نێوچەییەکە، پێوەندیی راستەوخۆی بەڕووخانی رژێمی سەددام حسێنەوە هەیە کە ئێران توانی لەنەمانی سەددام کەلکوەربگری بۆ سازکردنی رێکخراوە و، هیزی میلیشیای شیعە لە عێراق و پتەوکردن و بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆی لەعێراق و، دەستێوەردانی ئاشکرای لەکاروباری نێوخۆی عێراق، بەچەشنێ کە هێزە میلیشیاکانی سەربە مەلا "باقر سەدر"، ئەورۆکە لە شاری بەغدا بەئاشکرا شەڕ لەگەڵ سەربازی ئەمریکایی دەکەن. لەدەرەوەی عێراقیش، پەرەسەندنی دەسەڵاتی سیاسی و چەکداری حیزبوڵڵای لوبنان و، حەماس لە فەلەستین و، پەرەگرتنی جەوی دژە رۆژاوایی — بەتایبەتیی دژە ئەمریکایی، زۆربەی زۆری بەفیت و پیلانی ئێران لەنێوچەکەدا بەڕیوەدەچێت. بەو مەبەستە کە ئەمریکا لە عێراق تووشی شکستی سەربازیی بێت و، دەستی نەپەرژێتە سەر ئێران و سووریا و، شوێنەکانی دیکە.**

**2- هۆکاری دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئێران لە ئاستی جیهانیدا پشتی بە پێوەندیی سیاسی و بازرگانی و ئابووری توندوتۆڵی لەگەڵ**

حکوومەتەکانی رووسیا و چین بەستووە، کە دەیانەوێت بلۆکێکی نوێ لەدژی تاکە دەسەلات و فەرمانڕەوای ئەوڕۆکەی جیهان کە ئەمریکایە، پێکبهێنن.

کاربەدەستانی ئێران، لەلێکدانەوە جیهانییەکەیاندا، تووشی ئەو هەڵەیە بوون کە کاتی خۆی سەددام حسێن - دیکتاتۆری عێراق تووشی بوو. ئەوکات، سەددام و داروەدەستەکەی وایان لێکدایەوە کە ئەمریکا لەبەرامبەر دژایەتیی توندی رووسیا و چین و فەرەنسا و ئاڵمان و، شەپۆلی خۆپێشاندانی جەماوەری لە وڵاتانی ئوروپا، ناچارە پاشەکشە بکات، تەنانەت سێ رۆژ پێش هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، دەوڵەتی رووس رژێمی سەددامی دڵنیاکردەوە کە بەهۆی نارەزایەتیی نیونەتەوەیی و دژایەتیکردنی راستەوخۆی **سێ ئەندامی هەمیشەیی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (چین، رووسیا و فەرەنسا)**، ئامریکا بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ هێرش بکاتە سەر عێراق! (ئێستەش نازانرێت کە ئایا رووسەکان بەڕاستی ئاگایان لە هێرشی ئەمریکا نەبوو، یان پێکەوەسازانێکی نهێنیی لەنێویانیاندا هەبووە و، پێشەکی بەرتیلی خۆی بەخشکەی و نهێنی لە ئەمریکا وەرگرتووە ؟!).

گومان لەوەدا نییە کە هەندێک لە ولاتانی گەورەی پیشەسازی وەکو رووسیا و چێن و هەندێک ولاتی ئوروپا، دژی ئەوەن کە ئەمریکا بەتەنێ فەرمانڕەوای جیهان بێت، بەلام دەبێ بزانین، پێناخۆشبوون لەگەڵ توانای بەرگریکردن و پێشگیریکردن، دوو شتی جیاوازن. ئەمریکا لەبواری تەکنۆلۆژیای جەنگی و ئابوورییەوە یەکەمین ولاتی جیهانە. ئەمریکا تەنانەت لەگەڵ رازینەبوونی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، لەتوانایدا هەیە بە هاسانی کۆنترۆڵی کەنداو بکات و،

**پێش بەفرۆشتنی نەوتی ئێران بگرێ و، دەستبگرێ بەسەر چاڵەنەوتەکانیدا و، بۆخۆی دەست بکات بە هەڵێنجان وفرۆشتنی و، زۆر بەخەستی بۆمبابارانی نێوەندە ئەتۆمییەکان و، لەشکرگەکانی بکات و برِستیان لێببرِێت. بابەتێکی گرنگی دیکە هەیە، ئەویش، بەپێچەوانەی کاتی هێرشکردنی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لەساڵی 2003، ئێستا یەکێتی ئوروپاش لەگەڵ ئەمریکا لەدژی ئێران هاودەنگن، هەروەها رووسیا و چین، سەرەرِای پێوەندیی ئابووری و بازرگانی کە لەگەڵ ئێران هەیانە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پێیان خۆش** نییە و رازی نین کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆم. هەروەک رۆژی پێنج شەممە **6/7/2006 ولادیمیر پۆتین سەرکۆماری رووس**، لەدیداریدا لەگەڵ **ئەنگیلا مێرکل کانسلەری ئەڵمان**، رایگەیاند: **"دژایەتیی تەواوی هەیە لەگەڵ سازکردن و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم لەلایەن ئێران، یان هەر ولاتێکی دیکەوەبێت....!"**. مەبەستی سەرەکیی رووسیا لە سازکردنی نێوەندی ئەتۆمیی ئێران، پتر بۆ دادۆشینی ئێران بووە، هاوکاتیش هەوڵیداوە لەپێوەندی سیاسی و دیپلۆماسیی لەگەڵ ئەمریکا و ئوروپادا، کێشەی ئەتۆمیی ئێران وەک **"کارت"** بەکاربێنێ.

هاودەنگی و راگەیاندنی برِیاری هاوبەشی **ولاتانی گەورەی پیشەسازی 7+1** ، هەنگاوێکی دیکەی سازبوونی ئەو بەرە جیهانییەیە لەدژی سیاسەتی شەرِخوازانەی ئێران. پلانی ئەمریکا لەدژی ئێران، وەک پلانە سەربازییەکەی ساڵی **1990**ی سەتەی رابوردوو لەدژی رژێمی سەددام حسێن دەبێ، کە هێزێکی جیهانیی لەچوارچێوەی برِیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سوپای عێراقیان لە کوێت دەرپەرِاند. پێداگرتنی بەردەوامی ئێران لەدرێژەدان بەسازکردنی چەکی ئەتۆم، پێداگریی لەپشتیوانیکردنی تێرۆریزم لەجیهان، دژایەتیی ئاشکرای بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل و

هاوپەیمانانی لەنێوچەکە، پێشیلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ و، مافی نەتەوەکانی بندەستی، هەموو ئەمانە زەوینەخۆشکەری ئەو پرۆژە جیهانییەن کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی لەگۆڕنانی یەکێک لە دواکەوتووترین رژێمەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و، یەکێک لە دڕندەترین و، خوێنڕێژترین داگیرکەرانی کوردستان.

**بەهیوای گەیشتن بە رۆژانێکی گەش و پڕ هومێد بۆ نەتەوەی کورد و، رووخان و نەمانی یەک لەدواییەکی رژێمەکانی دیکتاتۆر و داگیرکەری کوردستان.**

# "خەونی خۆشی فیدراڵیی" سەرکردەی حیزبەکان و، چارەنووسی نادیاری کورد!

سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (39)

مانگی بەفرانبار (Junuary ی 2007

راپۆرتی کۆمیتەی هاوبەشی دیمۆکراتەکان و کۆماریخوازەکانی ئەمریکا، کە لە (**10**) کەس پێکهاتبوون و، بەنێوی راپۆرتی (**بەیکر – هامیلتۆن**) ەوە لە راگەیاندن و میدیای جیهانییەوە بڵاوبووەوە، لەلایەن چاودێران و، شارەزایانی سیاسی و، هەروەها لەلایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستانەوە، شرۆڤە و، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لەبارەوە کرا.

لەوپێوەندەدا، گەلی کورد بەگشتی و، باشووری کوردستان بەتایبەتیی، پاش ئاگاداربوون لەنێوەرۆکی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی کۆمیتەی (**بەیکر – هامیلتۆن**)، سەرلەنوێ، بیرەوەرییەکانی تاڵی خەبات و قوربانیدان و، راپەڕینە تێکشکاوەکانی رابوردوو، لەدڵ و مێشکیاندا زیندوو بووەوە و، ترس و دڵەراوکە، باڵی بەسەر خۆشی و هیوای ئەم چەند ساڵەی رابوردوودا کێشا.

لەم نێوەدا، سەرکردەکانی کورد لە باشوور، کە لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات و دەستخستنی کورسی و پلەوپایەی سیاسیی لە دەوڵەتی عێراقی نوێ، رۆڵی سەرەکییان لە گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عەرەبی داگیرکەر لە عێراق گێڕا و، لەڕێگەی زورناژەنەکانیانەوە و، بەدرۆشمی دواکەوتووانە و، نازانستانەی "**برایەتی**" یەوە، کەوتنە چاوبەستن و چەواشەکردنی خەڵک بۆ دەنگدان پێیان و، جارێکی دیکە چارەنووسی باشووری کوردستانیان گرێدایەوە بە دەوڵەت و

جوگرافیای نگریسی عێراقەوە، کاتێ لەنێوەرۆکی راپۆرتەکەی **(بەیکر – هامیلتۆن)** ئاگاداربوون، راچڵەکین و، دەستیان کرد بەنووسینی نامە بۆ سەرۆکی ئەمریکا و، گلەیی و گازندەکردن لە کۆمیتەی هاوبەشی دیمۆکراتەکان و کۆماریخوازەکان، کە گوایە تەنیا لایەنە عەرەبەکانیان دیوە و، نەهاتوونەتە کوردستان!؟ ئەوجا بەشێوەی نارەسمی و ناحکوومی، کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ سازکردنی خۆپیشاندان و، پیشاندانی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵکی کورد، دژی کۆمیتەی (بەیکر – هامیلتۆن) ەوە.

بێگومان, راپۆرتەکەی بەیکر – هامیلتۆن، بەزیانی کورد نووسراوە و، جێبەجێبوونیشی دەبێتە هۆی کارەساتی گەورەتر لە جاران بۆ کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە نەتەوەی کورد ئەو راستییە بزانێت، (بەیکر)، یان بەرپرسیاری هەر داوودەزگەیەکی دیکەی ئەمریکا، لەسەر حیسابی پێخۆشبوون و، راگرتنی دۆستایەتیی لەگەڵ کورد، ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی ولاتەکەی لەنێوچەکە داناڕێژێت، بەڵکو بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی ولات و حکوومەتەکەی خۆی، دەخاتە پێش بەرژەوەندیی ولات و لایەنی دیکەوە. لەبەر ئەوە، سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لە باشوور، ئەگەر بەراستیی راپۆرتەکەی **(بەیکر – هامیلتۆن)** رایچڵەکاندوون و، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەوە کە "فیدراڵی" لەعێراق و، بیری پێکەوەژیانی ئاسوودەیان، لەگەڵ عەرەبی سوننە و شیعە، خەون و خەیاڵ و رەنج بەخەساردانە، با هەنگاوی بوێرانە و ئازایانە و، نەتەوییانە هەڵبگرن و، لەباتی سازکردنی خۆپیشاندان لەدژی کاربەدەستێکی ئەمریکایی، کە هیچی لێ ناڕوێ و، ناگاتە هیچ ئەنجامێک، بەرێگەی میدیا و راگەیاندنیانەوە، داوا لە گەلی کورد بکەن، کە بڕژێنە سەر جادە و شەقامی شار و شارۆچکەکان و، بەشێوەی شارستانییانە بکەونە رێپێوان بەرەو نێوەندەکانی سیاسی و لەشکریی هاوپەیمانان لە کوردستان و، دروشمی

**رفراندۆم بۆ کوردستان**، ببێتە درۆشم و داوای سەرەکیی تێکڕای دانیشتووانی کوردستان - بەهەموو چین و توێژێکییەوە. ئەوجا بەکردەوە، دەنگی خۆشیان بخەنە پاڵ دەنگی گەلی کورد و، داوا لە وڵاتانی هاوپەیمان بکەن، تا بەپێی بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، راپرسییەکی گشتی لە کوردستان ئەنجامبدەن. لەدەرەوەی وڵاتیش دیپلۆماسییەکی بەهێز لەکەسانی پسپۆر و شارەزا و نیشتمانپەروەر پێک بهێنرێ و، چەندین لق لە ولاتانی ئۆروپا و ئەمریکا بکاتەوە و، بەنێوی تێکرای جەماوەری کوردستانەوە، سەردانی پەرلەمانی ئۆروپا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ولاتانی دیمۆکراتەوە بکرێ و، گوشار بخرێتە سەریان، کە رێز لە داخوازیی رەوا و یاسایی گەلێکی چل ملیۆنی بگرن و، بێنە کوردستان و، چاودێریی رفراندۆمێکی ئازاد بکەن. ئەوجا پاش بڕیاردانی نەتەوەی کورد بەجیابوونەوە و، دامەزرانی دەولەتی کوردیی، پارێزگاری و پشتگیریی گەلی کورد بکەن، لەبەرامبەر دەستدرێژیکردنی رژێمەکانی داگیرکەر و رەگەزپەرستیدا، کە رژێمەکانی ئێران و ترکیا و سووریا و، عێراقن. بەڵام مخابن، سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، نەتەنیا ئەم کارانە ئەنجامنادەن، بەڵکو بۆ چەواشەکردن و، بەلاڕێدابردنی گەلی کورد، دەستیانکرد بە هاندانی خەڵک، تا بەرامبەر بۆچوونەکانی بەیکر – هامیلتۆن بێزاریی خۆیان دەرببڕن، لەملاشەوە درێژە بە پتەوترکردنی بناخە وسیستەمی سیاسی و لەشکری و دیپلۆماسی و، ئاسایشی عێراقی نوێ بدەن....

**گەلی بندەست و کۆیلەی کورد!**

**رۆشنبیران، خوێندکاران و، ئازادیخوازانی دڵسۆزی کورد!**

خەباتی لەمێژینە و، قوربانیدانی دەیان و سەدان سالەمان، پێیناوەتە قۆناخێکی گەلێک گرنگ و چارەنووسسازەوە. بێدەنگبوون و دەستەوستان

لەم قۆناخە هەستیار و مێژووییەدا، جارێکی دیکە دەمانگێڕێتەوە بۆ ژێرچەپۆکی گەلی عەرەب لە عێراق. پاش دامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق، دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی عەرەب لە بەغدا، بەکاوەخۆ و بەخشکەیی، پلانی ئەوەیان بەدەستەوەیە، تا وەکو رابوردوو، دیاریکردنی بووجە و دارایی کوردستان و، دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان ببەستنەوە بە بەغداوە و، دۆخی سیاسی عێراق و، باشووری کوردستان بگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش راپەڕین.

سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبەدەسەڵاتدارەکە (پارتی و یەکێتیی)، بەکردەوە پێشانیاندا، بڕوایان بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی نییە و، هیوا و ئاوات و داخوازیی رەوای گەلی کوردیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیی، پشتگوێ خست و، لەباتی ئەوە، بەنێو و بەیت و باڵوورەی **"فیدراڵی"** یەوە، جوگرافیای نگریسی عێراق و، دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیان زیندووکردەوە.

هەر مرۆڤێک کە ئەلف و بێی سیاسی بزانێت، دەزانێ کە فیدراڵی لە نێو ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەدا دێتەدی، کە خاوەنی شارستانییەت و، فەرهەنگی ئازادی و دیمۆکراسین. لەبەر ئەوە **"عێراقی فیدراڵ!!"** کە نێوەندی دوژمنایەتی ئاینی و، سەربڕین و، بۆمباتەقاندنەوە و، رێخستنی جۆگەی خوێنە و، بە دەستێوەردانی رژیمەکانی کۆنەپەرست و، پاشڤەڕۆی نێوچەکە، وەک ئێران و سووریا و ئۆردەن و، سعوودی و، ترکیا، نایەتەدی. مانەوەی هەرچی زیاتری کوردیش لەنێو ئەو قەیرانەدا، بارودۆخی کوردستان ئاڵۆزتر دەکا و، زیانی زۆر گەورەش بە کێشە رەواکەی دەگەیەنێ و، پرۆسە و پرۆژەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردیی بۆ دەیان ساڵ دوادەخات.

هەر بۆیە، چاوەڕوانیی رزگارکردنی کوردستان لە سەرکردەیەتیی ئەم دوو حیزبە ناکرێ و، لە ئاستی هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارەتییە مێژووییەدانین و، هیچ کات ئامادە نابن، دەست بەربدەن لە عێراق و، ناتوانن بڕیاری گەورە و مێژوویی لەپێناو ئامانجەپیرۆزەکانی گەلەکەیاندا بدەن و، ئەو سەروەت وسامانە زۆر و زەبەلاحەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کۆیان کردووەتەوە، ئامادە نابن لەدەرەوە و، لەنیوخۆی وڵات، بیخەنە خزمەتی پێشخستنی پرۆژەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانەوە. لەبەر ئەوە، گەلی کورد، پێویستە بڕوای بەهێز و توانای خۆی بێت. بڕوا و متمانە بەو لایەن و کەسانەوە بکات کە راستەوخۆ و بەئاشکرا و بێ پێچوپەنا، کار و خەبات بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن.

**داوا لە گەلی کوردمان لە باشوور دەکەین، لە شار و گوندەکان، خۆتان رێکبخەن و، بێنە سەر جادە و شەقامی شارەکان و، بە یەکدەنگ، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە، درۆشمی "رفراندۆم بۆ کوردستان" و، "راپرسی، راپرسی" بەرز بکەنەوە. داوا لە هەموو هاوبیرانی کۆنگرە و رۆڵەکانی دڵسۆزی گەلەکەمان لە باشوور دەکەین، راستەوخۆ ئەرکی رێکخستن و، سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکان بگرنە ئەستۆ. کۆی نێو و ئیمزاکان بگەیەننە دەستی کاربەدەستانی وڵاتانی هاوپەیمان و، پەرلەمانی ئۆرووپا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.**

# "هەڵەبجە"

## و،

## پەیماننامەکانی

## تایبەت بە هۆلۆکاست و جینۆساید!

**گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (40)**

**مانگی نەورۆز (March) ی 2007**

لەمێژووی پڕهەوراز و نشێوی نەتەوەی کورددا، سەدەی بیستەم، بەیەکێک لە چاخ و قۆناخەکانی پڕکارەسات و، رابوون و نووچدان و، هەڵەنگوتن و، هیوا و سەرکەوتن و، گلان و، خیانەت دەژمێردرێت. لەو سەدەیەدا، کوردستان بەشێوەی فەرمیی، لەلایەن وڵاتانی گەورەی ئیمپریالیستی جیهانییەوە، دابەش و پارچە پارچەکرا و، بەزۆرەملی و، بەبێ ویستی خۆی، لکێندرا بە خاک و جوگرافیای دەستکردی پاشڤەڕۆترین و، دڕندەترین نەتەوە و رژێمەکانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە کە داگیرکەرانی ئێران و تورکیا و عێراق و، سووریان. پارچەی پێنجەمیشی، هەروەک لاشەی قوربانیکراو، خرایە بەردەمی یەکێتیی سۆڤیێتی پێشووەوە.

یەک لەو کارەساتە جەرگبڕانەی لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم بەسەر گەلەکەماندا سەپێندرا، کارەساتی **"ئەنفال"** و، قڕکردنی شاری **هەڵەبجە** بوو بە چەکی کیمیایی.

**رۆژی شانزەی مانگی رەشەممەی، ساڵی 1988**، لەئەنجامی کۆمەڵەهێرشێکی بەربڵاوی فڕۆکەکانی سوپای عێراقدا، بە جۆرەها چەکی

کۆمەڵکوژ و تۆقێنەرەوە، شاری هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەری بە خەستی و چڕی بۆمبابارانی کیمیایی کرا. لەئاکامدا دەمودەست بەهەزاران منداڵ و ژن وپیرولاو، بە دووکەڵی گازی کیمیایی خنکێندران و، هەزاران بریندار و ژەهردەرخواردراوی دیکەش، لە مانگ و ساڵ و ولاتی جیاوازدا مردن، یان بۆ هەمیشە بە نەخۆشی و پەککەوتوویی مانەوە.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لەلایەن رژێمی بەعسی عەرەبییەوە، لەبەراورد لەگەڵ کارەساتەکانی دیکەدا، لەچەند لایەنێکەوە جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

رژێمی سەددام، لەکات و سەردەمێکدا بە چەکی کیمیایی هەڵەبجەی لەنێوبرد، کە ماوەی دەیان ساڵ بوو، بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی و، دنیای ئازادەوە، بەربەند کرابوون. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو کۆمپانیانەی لەبەرهەمهێنانی چەک و کەرەستەی کیمیایی و چەکی کۆمەڵکوژ یارمەتی رژێمی عێراقیان دا، هەموویان سەر بەوڵاتانی رۆژاوایی بوون، کە بە دنیای ئازاد و دیمۆکراسی نێودەبرێن و، پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ، لە بەندەکانی بنگەهینی یاسای وڵاتەکانیانە. هەروەها لەپێوەندیی لەگەڵ کورد خۆیدا، سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، کە ساڵانێکی زۆر، بیر و ئامانجی بەستبووەوە بە سوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان داگیرکەران و، یارمەتیوەرگرتن لێیان و، گوشار خستەسەر رژێمی نێوەندیی بۆ ئەنجامی گوتوبێژ، جارێکی دیکەش تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بوونەوە و، لەگەڵ رژێمی ئێرانی داگیرکەر، کەوتنە بەرەیەکەوە دژی رژێمی عێراق و، لەشکری پاسداری ئێرانیان راکێشایە باشووری کوردستانەوە، بەنێوی **"ئازادکردنی کوردستان!!"**، کە ئاکامەکەی هەموو دەیزانین کورد، چ زیانێکی گیانی و ماڵوێرانییەکی گەورەی بە نەسیب بوو...

بەکورتی، دڕندەیەتیی سەددام و رژێمی رەگەزپەرستی عێراق و، سیاسەتی هەلپەرستانە و دیمۆکراسی درۆزنانەی وڵاتانی رۆژاڤایی و، هەروەها، ساویلکەیی و نەشارەزایی و، بیری ناکوردانەی سەرکردەیەتیی کورد لەو سەردەمەدا، پێکەوە و وەکیەک، لە خولقان و خۆشکردنی زەوینەی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا دەوری سەرەکییان بینی و، ئەو شارە، لەسەردەمی شارستانێتی و، لەپێش چاوی دنیای مرۆڤایەتیی، نوقمی ئاگر و ژەهر و دووکەڵ و ژان و فرمێسک کرا.

گەلێک جار، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیدا، باسی جێنۆساید و هۆلۆکاست دەکرێت. بابزانین، کۆمەڵی نێودەولەتی و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبواری بەربەندکردن و رێگرتن لە ئەنجامدانی جێنۆساید، چ یاسا و رێسایەکی داناوە و، مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟!

**کۆمەڵێک پەیماننامە و رێککەوتننامەی جیهانیی، تایبەت بە تاوانی گەلکوژی و قڕکردن، مۆرکراون، کە بریتین لە:**

1 - **پرۆتۆکۆلی ژێنێڤ لەساڵی** 1925**ی زایینیی، سەبارەت بە قەدەخەکردنی گازی کیمیایی و خنکێنەر.**

2 - **دەستوورنامەی دادگەی نۆرنبێرگ، لەساڵی** 1945 **و، لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی.**

3 - **پەیماننامەی ساڵی** 1948**، سەبارەت بە قەدەخەکردنی تاوانی جێنۆساید و، سزادانی تاوانکارانی.**

4 - **رێککەوتننامەی ساڵی** 1966**، سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیی رەگەزی و ئایینیی.**

5 - **رێککەوتننامەی** 1968**، سەبارەت بە رەچاوکردنی پاراستنی گەلان و، پێڕەوانی ئاینە جیاوازەکان، پێشگرتن لە قڕکردنیان و، بەکارهێنانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیی لەسەریان.**

**6 - پەیماننامەی ساڵی 1973، سەبارەت بە ڕێگرتن و، قەدەخەکردنی بەکارهێنانی سیاسەتی "ئاپارتاید" (ڕەگەزپەرستی) و، سزادانی ئەنجامدەرانی.**

جگە لەم پەیماننامە جیهانییانە، هەروەها کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژی **11/12/1946**، بەکۆی دەنگ، بڕیارنامەی ژمارە (**96**) ی پەسندکرد. بڕیارنامەکە دەڵێ: (**جینۆساید، تاوانێکە، بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی پێشێلدەکا و، بەپێچەوانەی ئامانجەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەییە. لەبەر ئەوە، کۆمەڵی مرۆڤایەتیی، ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید، بەتوندی شەرمەزار و مەحکووم دەکات**).

**هەروەها، دەستوورنامەی کۆمەڵی نێونەتەوەیی تایبەت بە گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزیی، کە لە دادگەی شاری "نۆرنبێرگ" ئامادەکراوە و لە 30 مادە پێکهاتووە، لە بەندی (6) یدا دەڵێت، تاوانی ژێنۆساید، لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا ئاشکرادەبێت:**

**1 - ئەنجامدەری جینۆساید، بە کۆکردنەوەی کەرەستەی جەنگیی کۆمەڵکوژ و، خۆئامادەکردن و ڕێخستنی جەنگ، ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەشێوێنێت. لەبەر ئەوە بەتاوان لەدژی ئاشتی جیهانیی دەژمێردرێت!**

**2 - تاوانە لە دژی مرۆڤایەتیی! چۆنکە پەنا دەباتە بەر کوشتن و قڕکردن و ئازاردان و، دەستدرێژیکردن بۆ سەر نامووس و، ڕاگواستن و، تۆقاندن و بێسەروشوێن کردن و، دیلکردن و، دوورخستنەوەی کۆمەڵە خەڵکێک کە ڕەگەز، یان ئاینی جیاوازیان هەیە. ئەنجامدانی ئەو تاوانانەش بەبیانووی ڕەگەزی، سیاسی، یان ئاینیی بێت، یان بە هەر نێوێکی دیکەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا بە تاوان لەدژی مرۆڤایەتیی حیساب دەکرێت.**

**3 – تاوانە لەدژی یاساکانی جەنگ، چۆنکە یاساکانی جەنگ دەشکێنێ، شکاندنی یاسای جەنگ، چ لەگەڵ وڵات و گەلێکی دیکەدا بێت، یان لەگەڵ گەلێکی ژێردەستە کە بۆ مافی خۆی تێدەکۆشێت، وەک یەکە و، ئەنجامدانی جێنۆساید، بە تاوانی جەنگی حیساب دەکرێت.**

بەپێی ئەو رێککەوتننامانەی سەرەوە و، بەپێی هەموو بەندەکانی پەیماننامەی **"نۆرنبێرگ"**، رژێمی سەددام حسێن، یاساکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێلکرد و، جێنۆسایدی بەرامبەر گەلی بندەستی کورد بەکارهێنا، لەبەرئەوە، دەبوو لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە، دەستبەجێ بڕیاری دادگەییکردنی رژێمی عێراق دەربکرایە، بەڵام، هیچیەک لەو پەیماننامە و رێککەوتننامە جیهانییانە، کە بۆ پێشگرتن لە هۆلۆکاست و جێنۆساید مۆرکرابوون، نەهاتن بەهانای کوردەوە و، گەلەک مخابن، دنیای ئازاد و کۆمەڵی مرۆڤایەتیی، لەو چاخ و رۆژانەدا، چاویان لەئاست ئەو تاوانە گەورانەی سەددام و رژێمەکەی نووقاند و، هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان بەرامبەری دەرنەبڕی، هۆکەشی ئەوە بوو، بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییان لەگەڵ رژێمی عێراق لەو سەردەمەدا، بە هێڵێکدا دەڕۆیی، کە ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤانە و، جیهانیی بوو.

پاش شپرزەبوونی سوپای ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەی بەرامبەر عێراق، کە ئایەتۆڵڵا خومەینی بەناچاری ئاگربەسی راگەیاند و، **"پیاڵەی پڕ لەژەهر"** ە بەنێوبانگەکەی خواردەوە، ئێدی کاتی ئەوە هاتبوو کە لەلایەن رۆژاواوە، پێش لەسەرەڕۆی و، بەرزەفڕیی سەددام بگیرێت و لەغاوبکرێ و، هێز و توانای سوپاکەشی لاواز بکرێ کە بەهۆی پشتیوانیی لۆجستیکی رۆژاوا و، بەیارمەتی دارایی وڵاتانی عەرەبییەوە، ببووە خاوەنی گەورەترین سوپا و، چەکی کۆمەڵکوژ لەنێوچەکەدا.

**بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا، یەکەم هەنگاوەکان لە کۆنگریسی ئەمریکاوە دەستپێکرا و، لە وەرزی هاوینی ساڵی 1988، کۆنگریسی ئەمریکا، لەسەر پێشنیازی دەولەتەکەی، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی تەواو سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە باشووری کوردستان، دوو ئەندام کۆنگریسی دەستنیشانکرد بەنێوی "پیتر و. کالبرایت" و "کریستۆفێر ڤان هۆڵین"، تا سەردانی کوردستان بکەن.** ئەم دوو کەسە بەرەو کوردستان ڕێکەوتن و، لەنێزیکەوە شاری "هەڵەبجە" یان بینی و، لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرکەوتووانی گازی کیمیایی دیداریان ئەنجامدا. پاشان راپۆرتێکیان ئامادەکرد و، لەگەڕانەوەیاندا پێشکێشی گۆنگریسی ئەمریکایان کرد. کالبرایت و ڤان هۆلین، لەراپۆرتەکەیاندا نووسیبوویان کە **"رژێمی عێراق، سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزیی لەدژی کورد پێرەو کردووە و، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، هێشتا بەروخساری دانیشتووانی هەڵەبجە و، دیمەنی شار و سروشتی نێوچەکەوە ماوە و، نەسڕاوەتەوە..."**

**ساڵی 1990، کاتێ سەددام لە لایەن کاربەدەستانی ئەمریکاوە دڵنیاکرا کە وەک هاوپەیمان و دۆستێکی بەهێزی ئەمریکا لەنێوچەکە تەماشا دەکرێت، کڵاوی چووەسەر و، هێندەی دیکە لەخۆبایی بوو و، پەلاماری کوێتی دا و، داگیری کرد. ئەوەش داوێک بوو بۆی، کە ئەمریکا توانی بە هۆیەوە، بەپشتیوانیی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ماشێنی جەنگیی عێراق لەنێوببا و، تێکی بشکێنێ و، لەرێگەی کۆمیسیۆنی گەڕان و پشکنینی چەکی کیمیایی - سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بیخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی بەردەوامەوە.**

ساڵی **1989**، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەولەتی ئەڵمانی سەبارەت بە یارمەتیدان وهاوکاریی توندوتۆڵی نێوان دوو کۆمپانیای بەرهەمهێنەری چەکی کیمیایی بۆ عێراق ئاگادار کردەوە، بەڵام دەوڵەتی ئەڵمان

لەسەرەتاوە، بابەتەکەی بەهێند نەگرت و، بێدەنگیی لێکرد. پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، واتە لەنێوان ساڵانی **1996 – 1997**، دوو رۆژنامەی **Newyorck Times** ئەمریکی و **Medico-international** ی ئەڵمانی، راپۆرتێکی دیکۆمێنتییان سەبارەت بە کارەساتەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی سەددامەوە، بەرامبەر بە گەلی کورد، بڵاوکردەوە. لەراپۆرتی هەردوو رۆژنامەکەدا، نێوی دوو کۆمپانیای ئەڵمانی بەنێوی **Karl Kolbi** و **Pilon klant** نووسرابوو کە پێنج گارگەی بەرهەمهێنانی جۆرەها بۆمبای کیمیاییان بۆ رژێمی عێراق دروستکردووە. لەوەوە رای گشتیی ئورۆپا، تا رادەیەک، لەو هاوکارییە نامرۆڤانەیەی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا لەگەڵ رژێمی سەددام ئاگاداربوون. شایانی باسکردنە، بەدەیان کارگەی وڵاتانی ئۆرۆپا، لەوانە چەندین کارگەی ئینگلیزی و تەنانەت ئەمریکاییش، چەکوچۆڵی جەنگی و چەکی کۆمەڵکوژیان بە رژێمی سەددام فرۆشتبوو، بەڵام هاوکاری و پێوەندیی ئەو دوو گارگە ئەڵمانییە لەگەڵ رژێمی سەددام، لەئاستێکی بەربڵاوتر و فراوانتردا بوو.

لەساڵی **1997**دا، کاتێ دەولەتی ئەڵمان، ئاگاداری بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاوکاریی نێوان کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی و، دەولەتی عێراق بوو، ئەوجا بەشێوەی رەسمیی، راگەیاندراوەیەکی، لەژێر نێوی **"بۆ رای گشتیی ئەڵمان"** بڵاوکردەوە و، بەدەیان کەسایەتیی سیاسیی و کاربەدەستی ئەڵمان، لەوانە:

**"پرۆفیسۆر رۆمان هێرترۆس سەرۆکی ئەڵمان، دوکتۆر هێلمۆت کۆڵن پێشەوای ئەڵمان، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمان، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی ئەڵمان، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمان، وەزیری کار، سەرۆکی حیزبی دیمۆکرات – مەسیحی دەسەلاتدار و، دەیان کاربەدەست و کەسایەتیی دیکە، داوای لێبوردنیان لەگەلی کورد کرد.** ئەم راگەیاندراوەیە، لەمانگی رەشەممەی ساڵی **1997** لەرۆژنامەی بەنێوبانگی

Frankforter Allgemeine دا بڵاوبووەوە. ئەوەش لەئاستی سیاسەتی نێودەولەتیدا، هەلێکی دیکە و وەرچەرخانێکی نوێ و هیوابەخش بوو بۆ گەلی کورد. کاتی ئەوە هاتبوو تا سەرکردەیەتیی کورد، بکەوێتەخۆ و، دیپلۆماسییەکی بەهێز لەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا پێکبێنێ، کە پێوەندیی بکەن بە ولاتانی گەورە و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و، هەولبدەن بۆ پتر لەقاودانی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و، ئاگادارکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی و، دنیای ئازاد، لە چارەڕەشی و، بێبەختی کورد و، خستنەڕووی رادەی دڕندەیەتیی داگیرکەرانی و لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد، داوای راپرسیی بکەن لە کوردستان، بەچاودێریکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەنێوخۆی وڵاتیشەوە داوا لە گەلی کورد بکەن بێنە سەرجادە و شەقامی شارەکان و، بەشێوەیەکی هێمنانە و شارستانییانە، خۆپیشاندانی گەورەی دەیان و سەتان هەزار کەسیی سازبکەن بۆ بەردەم نووسینگەکانی **UN** و وڵاتانی هاوپەیمان و، بەنووسراوە و، بەنێوی تێکڕای جەماوەری کوردستانەوە داوای **"رێفراندۆم"** بکەن. ئەوجا بووجە و میدیای حیزبەکانی دەسەلاتداریش، لەدەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات، بخرێتە خزمەتی پڕۆژەکەوە... بەڵام، هەزارمخابن، لەو کات و رۆژانەدا، سەرکردەیەتیی پارتی و یەکێتیی، سەرقالی جنێودان و سووکایەتیکردنی یەکتری بوون و، بە دەیان هەزار پێشمەرگەیان لەنێو شار و گوند و دۆڵ و سەرچیا و، گردۆڵکەکاندا، بەردابووە گیانی یەک و، بەهەزارانیان لەیەکدی کوشت و، لە ئەشکەنجەدانی دیل و کوشتنی بریندارەکانی یەکدی دەستیان نەپاراست و، سوپای ئێران و ترکیا و عێراقیان هێنایە سەر **"هەرێمی ئاسایش"**، کە بە **هەوڵی دڵسۆزانە و مرۆڤانەی فرانسوا میتەران- سەرکۆماری فەرەنسا** و، بە رەزامەندیی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرابوو. کوردستانی

ئازادیان کردە مۆڵگەی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی داگیرکەران و، خۆیان کردە گاڵتەجاڕی دۆست و دوژمن و، لەو ڕێگەیەوە، گەورەترین زیانیان لە یەکێتیی نەتەوەیی و، لە سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان دا و، ئەو هەلەشیان کرد بە قوربانی دەسەلاتی تاکەکەسی و، بەرژەوەندیی حیزبی و دەوڵەمەندکردنی خۆیان و بنەماڵەیان و، بەردەوامیش رایاندەگەیاند: **"کێشەی ئێمە لە بەغدا چارەسەر دەکرێت!!".**

**خوێنەرەوەی ئازیز!**

نۆزدەساڵ، بەسەر ئەنفال و هەڵەبجەدا تێپەڕی. رۆژانێک کە دەمانتوانی هەڵەبجە و ئەنفال بکەینە رەمزی سەرکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان، بەهۆی ناهۆشیاری سیاسی و لاوازیی بیری نەتەوەیی خۆمان و، هەوڵوهەڵپەی سەرکردەکانمان بۆ گەیشتن بە پلە و پارە و دەسەلات و بەرژەوەندیی حیزبیی، لەدەستمان دا و، نەگەیشتینە ئامانج.

**بەڕاشکاوییەوە دەبێ بڵێین، ئێمە، لەراپەڕینەکان و لەقوربانی و، ماڵوێرانیی بێئەژمارمان، لەکارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە، هیچ فێر نەبووین. نە خۆمانمان ناسی، نە دۆست و، نە دوژمنمان ناسی، چۆنکە، ئامانج و ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەییمان نەبوو، هەروەک ئێستاش نیمانە و، بەردەوام لەنێو بازنەیەکی بۆش، بەدەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە و، نازانین چۆن خۆ رزگاربکەین.**

لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، **جووەکان**، سوودیان لە قەلاچۆکردنی گەلەکەیان لەلایەن ئەڵمانی نازێتییەوە وەرگرت و، دەولەتی ئیسرائیلیان پێدامەزراند. هەروەها **"ئەرمەنی"** یەکانیش، کە لەساڵانی **1910 – 1916**ی زاینیی، **لەلایەن سوپای تورکانی عوسمانییەوە قەلاچۆکران** و، پتر لە ملیۆنێکیان لێکوژرا، هەوڵێکی زۆریاندا تاکو توانییان دادگەیەکی جیهانیی ناحکوومەتیی پێک بهێنن و، پاش دامەزراندنی **"دەوڵەتی**

**سەربەخۆی ئەرمەنستان"** یش، هێشتا کۆڵیان نەداوە و، سوورن لەسەر، بەڕەسمیکردنی رۆژی جینۆسایدی ئەرمەن بەدەستی تورکان، لەئاستی نێونەتەوەییەوە.

بەڵام ئێمەی کورد، نەتەنیا ئەنجامدانی جینۆسایدکردنی گەلەکەمان بەدەستی تورکان، لە سەردەمی شۆرشەکانی **شێخ سەعید و ئێحسان نووری پاشا و سەیدرەز**امان لەبیر چووەتەوە، کە پتر لە ملیۆن و نیوێک کورد تێداچوون، بەڵکو سەرکردەی ئەوڕۆمان لە باکوور، ئەتاتورکی خوێنڕێژ و، داڕێژەری بیری تواندنەوەی رەگەزی کورد، بە دێمۆکرات و پێشکەوتنخواز نێودەبات و، لەمردنی **"بلَند ئەجەویت"** ی خوێنخۆر و گۆڕبەگۆڕیشدا دەڵێت: **"ئەجەویت مرۆڤێکی گەورە بوو!!"**. یان سەرکردەی حیزبەکانمان لە باشوور، پاش رووخانی رژێمی بەعسی عێراق و، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت وجوگرافیای نگریسی عێراق، سەرلەنوێ بناخەی دەولەتێکی نوێ بۆ عەرەبی دەسەلاتدار لە عێراق دادەمەزرێننەوە و، بکۆژان و ئەنجامدەرانی ئەنفال، بەنێوی راوێژکار و پسپۆڕ لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و، نێوچەی رزگارکروای کوردستان، دەبەستنەوە بەو عێراقەی کە، ماوەی 80 ساڵە، جگە لە کوشتن و بڕین و ماڵوێرانیی بۆ کورد، چ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە و لەداهاتووشدا نایبێت.

**هاوولاتیانی خۆشەویست**!

ئێستاش، کات بەدەستەوە ماوە و، دەتوانین لە ئاژاوە و، سەربڕین و، خۆتەقاندنەوە و شەڕی سەرومالَی **نێوان برایانی یەکێتی و پارتی!!**، واتە (عەرەبی شیعە و سوننە)، خۆمان دووربگرین و، بەرێخستنی خۆپێشاندانی هێمنانە لە شارەکان، لە دەرەوە و، لەنێوخۆی ولاتدا، داوا لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی بکەین، تا لە کوردستان رفراندۆم ئەنجامبدەن. پێویستە گەلی

کورد، لەو گاڵتەجاڕ و، پشێویەی عێراق کە سەرکردەی حیزبەکان نێویان ناوە "**عێراقی فیدراڵ**"، خۆی جیابکاتەوە و، حیزبەکانی ناچاربکات، سەر بۆ داخوازییەکانی نەوی بکەن و، لەوە زیاتر، نادیمۆکراتییانە و، بێپرس و راکردن بە نەتەوەکەیان، بڕیار لەسەر چارەنووسی نەدەن. لەم پێناوەدا، رۆشنبیران و دڵسۆزانی راستینەی کورد، پێویستە بەکردەوە، ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی و مرۆڤیی خۆیان بە جێ بێنن و، لە هاندان و رێخستن و رۆشنبیرکردنی نەتەوەکەیان، دەوری خۆیان پێشانبدەن.

**لەساڵرۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال، دەتوانین بە پێڕەوکردنی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە، ئاواتی شەهیدان و، خەبات و قوربانیدانی دەیان و سەدان ساڵەمان، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا بهێنینەدی:**

**1** – داوای سزادانی ئەنجامدەران و تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە، بکرێتە داخوازیی گشتیی گەلی کوردستان. هەروەها سیخوڕ و خاینی نێوحیزبەکان، کە لەلایەن سەرکردەکانیانەوە، بۆ نەڕووشانی کەسایەتیی نزمیان، نازناوی "**خاوەن فایل**" یان بەباڵایان بڕیوە، لەگەڵ هەموو ئەو سەرۆک جاشانەی لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا بەشدار بوون، لەدادگەیەکی بێلایەن و نەتەوەییدا، بەپێی رادەی تاوانەکانیان سزایان بۆ ببڕدرێتەوە. پێویستە، سەرۆکایەتیی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بەرەسمیی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن و، ساڵانە بووجەیەکی دیاریکراو ببڕدرێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کوردستان. هەروەک چۆن دەوڵەتەکانی یەک لەدواییەکی ئەڵمان، پاش کۆتایی جەنگ و هەتاکو ئەم دووایییانەش، هەموو ساڵێک، قەرەبووی زیانەکانی دەدایەوە بە دەوڵەتی ئیسرائیل!

**2** – هەموو ئەو کۆمپانیانەی کە لە دروستکردن و، بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، یارمەتیی رژێمی سەددامیان داوە، بدرێنە دادگەیەکی

نێونەتەوەیی و، قەرەبووی دارایی بۆ زیانلێکەوتووانی قوربانیانی چەکی کیمیایی بکەنەوە و، دەوڵەتەکانیشیان، بەرەسمیی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن و، تیمارکردنی پاشماوەکانی کیمیاباران بگرنە ئەستۆی خۆیان! داواشیان لێبکرێت تا پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێ ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاریبکات.

**3** – قەرەبووکردنەوەی سەرەکی و بنەڕەتیی، بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرێتەوە و، تەنیا لەسایی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستاندایە، کە گەلی کورد دەتوانێت، گیان و ئاوڕوو و کەسایەتیی خۆی لە فەوتان و نەمان رزگار بکات و، لە سەروەت و سامانی نەتەوایەتی خۆی، لە بەرامبەر دەستدرێژی و تالانوبڕۆی دوژمنان و داگیرکەرانی پارێزگاریی بکات. لەبەر ئەوە، پێویستە گەلی کورد، بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بناسێت و، جگە لە داوا و درۆشمی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی ، شوێن هیچ درۆشم و بەرنامەیەکی دیکە نەکەوێت و، بەرپەرچی هەر جۆرە درۆشمێکی بریقەدارو نابابەتانە و، نانەتەوەییانەی وەک، **"برایەتی"** و **"عێراقی وەکیەک"** و **"ژیانی هاوبەشی لەنێو سنووری داگیرکەرانی عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا"** بداتەوە، کە بەردەوام لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە بە گوێیدا دەدرێت.

**سەرکەوتن هەر بۆ نەتەوەی قارەمان و خۆڕاگری کوردە!**

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و، هەموو شەهیدانی رێگەی سەرفرازی و، سەربەخۆیی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت، ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆییی کوردستان!**

# رامیاریی چەوتی ئەمریکا و کورد، لەعێراق و لە ئێران!

سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (41)

مانگی جۆزەردان (july) 2007

پاش ئەوەی ئەمریکا، چەند ساڵێک، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی **محەممەد خاتەمیی**، هەوڵی زۆریدا بەڕێگەی دانووستان و پێوەندیی دیپلۆماسی لە ئێران نێزیک ببێتەوە و، لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەوجا پلانی رووخانی رژێمی مەلاکانی خستە دەستووری کارییەوە و داواشی لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی کرد، تا خۆیان و کۆمپانیاکانیان هەر جۆرە پێوەندییەکی ئابووری و بازرگانی و فرۆشتنی کەرستەی جەنگیی، لەگەڵ ئێران رابگرن. لەئالی دیکەوە، بەڕێگەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستی بە تێکۆشین کرد بۆ سازکردنی بەرەیەکی نێودەوڵەتیی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەمریکا هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆی ئێران، بووجەیەکی تایبەتی دیاریکرد بۆ پشتگیریکردنی سیاسی و دارایی لە نەیارانی رژێمی ئێران لەدەرەوە و لەنێوخۆی ولات. هەر لە چەند ساڵی رابردووەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەی، لەنێو هەموو لایەنەکانی سیاسیی ئێرانیدا، سەرقاڵی داتاشین و رێکخستن و قوتکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنیکی نوێیە لە کاربەدەستان و ئەندامانی بنەماڵەی وەزیر و ژنەراڵەکانی رژێمی رووخاوی پاشایەتیی کە کوڕەکەی حەمەڕەزاشا، بەنێوی **"رەزاشای دووەم"** سەرۆکایەتییان دەکات.

ئاشکرایە، مەلاکانی دەسەلاتدار لە ئێران کە بناخەی حکوومەتەکەیان لەسەر ڕێبازی **"وەلی فقیە"** و، بیروباوەڕی بنچینەگرانەی ئیسلامیی دامەزراوە، سەبارەت بە چاککردنی مافی مرۆڤ لەئێران و، وازهێنانیان لەپرۆژەی ئەتۆمیی، تاکو ئەوڕۆ گوێیاننەداوەتە داخوازی و گازندە و، تەنانەت هەڕەشەی ڕۆژاواوە و، زۆر جاریش بە گاڵتە و تەشەرەوە وەرامی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەمریکایان داوەتەوە. ئەمەش وایکردووە کە دنیای ئازاد بەرەو گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش هەنگاو بنێت.

دەولەتی ئەمریکا بە ئاشکرا بایەخ و گرنگییەکەی زۆر بە لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتیی دەدا و، وەک تاکە ئەلترناتیڤ و جێگرەوەی رژێمی ئیسلامیی، حیسابی لەسەردەکات. کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەنێوی ( VOA PersianTV) کردووەتەوە و، بەرنامەکانی لەئێران و لە هەموو جیهان بڵاودەبێتەوە. لەم تەلەفزیۆنەدا، چەند کەسێکی رەگەزپەرستی فارس، کە پێشکێشکەری بەرنامەن و، کارناسی سیاسی و ئابووری و ئێرانناس و، کۆمەڵناس، کۆبوونەتەوە و، لەژێرنێوی وەشانی سیاسەتی رەسمیی دەوڵەتی ئەمریکا و پەرەپێدانی دیمۆکراسی لە ئێران، راستەوخۆ کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری رەگەزپەرستانەی نەتەوەی فارسی دەسەلاتدار و پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن. هەر کوردێک پێوەندیی لەگەڵ بەرنامەکانی ئەم کەناڵەدا دەگرێت، بەبۆنە وبێبۆنە پرسیاری لێدەکرێت: **"ئایا تجزیە طلب هستی، یا خیر؟!" (ئایا جیاوازیخوازی، یان نا؟!).** لەکاتێکدا ئەگەر ئەمریکا بەڕاستی مەبەستی پەرەپێدانی دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازییە، دەبی ئەم کەناڵە زمانڕەوشی نەتەوەکانی بندەست و کەمایەتیی ئاینی و کەسایەتی پسپۆر و شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەریەک لەنەتەوەکانی بندەستی ئێران بێت. هەموو لایەنەکان بێ فەرق و جیاوازیی، بیروباوەڕ و کێشەکانی خۆیانی تێدا باس بکەن و، لەو ڕێگەیەوە

خزمەتی دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازیی دەکرا، بەڵام وا دیارە ئەمریکا هیچ ئەزموونێکی لەعێراق وەرنەگرتووە و، دەیەوێت سیناریۆی سەرنەکەوتووی عێراق، لە ئێرانی پاش رژێمی مەلاکان دووپات بکاتەوە. واتە هەروەک چۆن پێش رووخانی سەددام، بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ راپرسی و ویست و ڕای گەلی کورد و، لایەنەکانی ئاینی و نەتەوەیی عێراق، ئۆپۆزسیۆنێکی لەکۆمەڵێک کەسانی بەرژەوەندخواز و دەسەڵاتخواز پێکهێنا و، دامەزرانی حکوومەتی نوێیان راگەیاند - کە هیچکات و زەمانێک بەکردەوە عێراق دانامەزرێتەوە! هەر بەو شێوەیە، دەیەوێت، بێگوێدانە ویست و ئامانجی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێران، حکوومەتێکی کاتیی لەدەرەوە پێکبێنێت، کە پێکهاتەیەک بێت لە کەسانی گوێڕایەڵ و دەستنیشانکراو و باوەڕپێکراوی و بەیت و بالوورەی دیمۆکراسی لێبدەن و، ئامانجیان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەلاتی خۆیان و، پارێزگاریکردن بێت لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکەیاندا.

جەولەی کوڕەکەی حەمەڕەزاشا لە سەرەتای مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ بۆ وڵاتانی کەنداو و مەراکش و، هەروەها دیداری لەگەڵ جۆرج بوش لە وڵاتی چێک، هێما ونیشانەن کە ئەمریکا، بڕیاری رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێرانی لەدەستووری کااری داناوە.

لەم پێوەندەدا، سەبارەت بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بگوترێت، بەرنامەی سیاسی و هەڵسوکەوتیان بەهیچ شێوەیەک لە ئاستی بەرپرسیارێتیی بەرامبەر کێشە و چارەنووسی نەتەوەی بندەست و مافزەوتلێکراوی کورددا نییە. هەرهەموویان، لەنیوخۆیاندا و بەرامبەر یەکدی، ناکۆک و ناتەبان و، سەرقاڵی سووکایەتیکردن و، پیلانگێڕانن لەدژی یەک. سەیروسەمەرە لەوەدایە بە لاساییکردنەوە لە پارتی و یەکێتیی، ئەمانیش دەیانەوێت، یەکێتیی نێوان گەلانی ئێران پێکبهێنن و،

حکوومەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ساز بکەن، کەچی ئامادەنین پێکەوە لەسەر بچووکترین بابەت لەگەڵ یەک پێکبێن. بەوێنەی سەرکردەی حیزبەکانی باشوور، ئەمانیش خەون بە وەرگرتنی کورسی و پلەوپایەوە دەبینن، کە پاش رووخانی رژێمی مەلاکان دەستیانکەوێت. بیری نەتەوەیی و بیری دەوڵەتی کوردیی، لەبەرنامەیاندا هیچ بوونێکی نییە..

بەکورتی، ئەمریکا لەعێراق لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، کوردی بەکارهێنا، کوردیش لەپێناو بەرژەوەندی و بەدەسەلاتگەیشتنی سەرکردەی چەند حیزبێکی، ستراتیژ و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دۆڕاند و، لە گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بێوەری بوو. دووپات بوونەوەی سیناریۆی سیاسیی عێراق، لە ئێران، ویست و ئامانجی رەگەزپەرستانی فارس و لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی دابین دەکات و، سەرلەنوێ زنجیری کۆیلەیەتیی دەخاتەوە ملی کورد. **حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**، بە دیدار و دانووستانی لاوەکی و نەپەنی لەگەڵ بەرەی **"سەڵتەنەتخوازەکان" (لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی)** گەلی کورد لەرۆژهەلات تووشی هەر ئەو چارەنووسە دەکاتەوە، کە گەلی کوردمان لە باشوور، بەهۆی سیاسەتی نانەتەوەییانەی پارتی و یەکێتییەوە تووشی بوون. بەلام با هەموو لایەک دڵنیابن، رۆڵەکانی گەلی کورد، لە باشوور، لە رۆژهەلات و لەهەموو بەشەکانی کوردستان، ئامادەنین فریوی درۆشمی نانەتەوەییانەی هیچ کەس و لایەنێک بخۆن، چۆنکە هۆشیاری نەتەوەیی سەریهەڵداوە و، بیری دەولەتی کوردیی، ئەورۆکە بووە بە هیوا و ئاواتی ملیۆنان لاو و خوێندکار و رۆناکبیری کورد و لەداهاتووی نێزیکدا درۆشمی پیرۆزی سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاریی، هەموو کوردستان دادەگرێت...

# گەلی ستەمدیدە و، بندەستی کورد!

## رۆژی 24/72007 هەشتا وچوارساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر پەیمانی نگریسی لۆزان، ساڵڕۆژی دابەشکردنی کوردستان!

ئەم وتارە لە ماڵپەڕی کۆنگرە و، چەندین ماڵپەڕی دیکەی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە

ئۆسلۆ: 22/7/2007

پاش ئەوەی مستەفا کەمال (ئەتاترک) سەرۆک و دامەزرێنەری رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا، بەهەوڵی دیپلۆماسی و، پاڵپشتیی رژێمی دژ بە ئازادیی یەکێتیی سۆڤێت، توانی **"پەیمانی سیڤر"** هەڵوەشێنێتەوە، لەڕێکەوتی **24/7/1923** کۆنفرانسێکی نوێ لەلایەن دەولەتانی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا و رووسیا، لەشاری **لۆزان لەولاتی سویس**، بەسترا. مەبەست لە بەستنی ئەو کۆنفرانسە، کە بە **"پەیمانی لۆزان"** نێوی رۆیی، دارشتنەوەی سەرلەنوێی قەوارەی سیاسی و جوگرافی رۆژهەڵاتی ناڤین بوو. لەو رۆژەدا، بڕیارێکی نامرۆڤانە و، دوور لەهەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی و نێونەتەوەیی لەدژی نەتەوەی کورد درا و، بەبێ ویست و ئاگاداریی نەتەوەی کورد، خاکی کوردستان و، تێکرای دانیشتووانەکەی لەنێوان چوار رژێمی دەستکرد و رەگەزپەرست و دڕندەی وەک ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا دابەشکرا. پارچەی پێنجەمی کوردستان کە بە کوردستانی سۆر نێودەبرا، کەوتەژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێتەوە.

دەوڵەتەکانی کۆلۆنیالیست، پاش دارشتنی قەوارەی نوێی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی درێژخایەنیان لەنێوچەکە، دەستیانکرد بە یارمەتیدانی سەربازی و فرۆشتنی چەکوچۆڵ و،

پشتیوانیکردنی سیاسی و دیپلۆماسی لەو رژێمانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکردبوون.

راپەڕینی کوردان لە ساڵانی نێوان **1918 – 1938** لە باشوور و باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراوی، لەلایەن داگیرکەرانییەوە بەدڕندانەترین شێوە بەرپەرچدرایەوە. دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستیش، بە نیشانەی هاودەنگیکردن لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی سەربازی و لۆجستیکییان پێدەکردن. پشتیوانیکردنی رژێمی سۆڤێت بەسەرۆکایەتیی ستالین لە تورکیا و، دژایەتیکردنی **شۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیران، رووخانی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شای کورستان – شێخ مەحموودی نەمر، بەهاوبەشیکردنی سوپای عەرەب و ئینگلیز، هەروەها رووخانی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی، لەلایەن سوپای ئێران و، پشتیوانیکردنی ئەمریکا و ئینگلیز لە رژێمی حەمەڕەزاشا، چەند نموونەیەکی ئەو گەلەکۆمە نێوچەیی و جیهانییەیە بوون دەرحەق بە گەلی کۆیلە و بندەستی کورد، لەدوای بەستنی پەیمانی لۆزان ئەنجامدران.**

رژێمەکانی دەستکرد و داگیرکەری کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزرانیانەوە، سیاستەتێکی هاوبەشیان بەرامبەر بە کورد گرتەبەر و، دەستیانکرد بە جێنۆسایدی ئابووری و فەرهەنگی و رەگەزی و تاڵانکردنی کانزا و بەروبووی کوردەواری و، دەرکردنی کورد لەسەر زێدی خۆی، بەنیازی ئەوە کە نەتەوەی کورد لەنێو زمان و نەتەوەی خۆیاندا بتوێننەوە و، نێوی کوردستان لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕنەوە. بەکارهێنانی ئەم پیلانە رەگەزپەرستانەیە، لەدرێژخایەندا، کاریگەریی سامناکی بۆ کورد بەدواوە بوو. سنوورەکانیان بەڕووی کورد دا توندکرد. بە دەیان و سەدانهەزار، خزم وبنەماڵە لەیەکدیی دابڕان. لە سووریا و تورکیا، حاشا

له بوونی کورد وەک نەتەوە کرا. لە عێراق، سیاسەتی تواندنەوە و دەرکردن و، راماڵینی بەردەوام بەرامبەری پێرەوکرا، لە ئێرانیش، هەر لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا و، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس، هەموو نێوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بریتییە لە **پارێزگەی ورمێ، پارێزگەی سنە، پارێزگەی کرماشان، پارێزگەی ئیلام، پارێزگەی لۆرستان، پارێزگەی بەختیاری و، پارێزگەی بوویەر ئەحمەد، نێوی کوردستان لەسەریان لابرا و، تەنیا چەند شار و شارۆچکەیان نێو نا کوردستان، کە نێوەندەکەی شاری سنەیە و، سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان بۆکان و سەردەشت و کامیارانەوە.** سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران بەوێنەی رژێمەکانی پێشوو، هەر پاکتاوکردنی کوردە و بەردەوام هەوڵیداوە، کێشە و داخوازیی کورد لە رۆژهەڵات، لە چوارچێوەی ئەو ستانە نەترازێت کە خۆیان نێویان ناوە کوردستان. هەروەک لەکاتی وتووێژی نێوان دەوڵەتی **بەنی سەدر – یەکەمین سەرکۆماری رژێمی ئیسلامیی ئێران،** لەگەڵ شاندی نوێنەرێتیی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، دەوڵەتی ئێران جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، وتووێژ سەبارەت بەو نێوچەیە دەکات، کە نێوی ستانی کوردستانە!!

شایانی باسە، بەپێچەوانەی داگیرکەرانی تورک و عەرەب، کە لەرەگەزی ناکوردن و، کورد و ئەو دوو نەتەوەیە، بەپێی زانستی رەگەزناسی و زمانناسیی، خۆیان بە رەگەزی جیا لەیەک دەزانن، هاورەگەزبوونی کورد و فارس وەک رەگەزی هیندوئێرانیی، بووەتە هۆی ئەوە کە نەتەوەی فارسی داگیرکەر، لەم پێوەندییە رەگەزییە کەڵکوەربگرێ و، لەپێناو ئامانجی رەگەزپەرستانەی خۆیدا بەکاری بێنێت. بەردەوام پێشی لەوە گرتووە کە کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بدرێتە ناسین و، هەوڵدەدا زمانی کوردی و نەتەوەی کورد، وەک زاراوە و بەشیکی

جیانەکراوە لە گەلی فارس و ئێرانی ژێردەسەڵاتیان بداتە قەڵەم. ئەوەش وایکردووە تا رژێمی داگیرکەری ئێران، پتر لە داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بتوانێ ئەنفالێکی گەورەی فەرهەنگیی لەگەلی کورد بکات و، لەزۆر نێوچە و مەڵبەند بەشێکی زۆر لەنەتەوەی کورد لەخۆیدا بتوێنێتەوە. هەروەک ئەورۆکە دەبینین، **لۆڕستان و ئیلام و بەختیاری و بوویەر ئەحمەد و ستانی بووشەهر،** تووشی سەرلێشێواویی هاتوون و، ئێستاکە نازانن چین وسەر بە چ رەگەز و نەتەوەیەکن و، لەڕووی هەستی نەتەوەییەوە زیاتر خۆیان بەئێرانی دەزانن تا کورد. لە نێوچەکانی سەرووتریش وەک **سنە و مەهاباد و ورمێ،** هەستی کوردایەتی و ئێرانیبوون تێکەڵ بە یەک کراون و، بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی زۆر لاوازە. ئەو دیاردەیە لە باکوور وباشوور و رۆژاڤاش هەر بەو چەشنەیە و، بە زەقی و بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت!

داگیرکەرانی کوردستان، لەڕووی ئابووری وگەشەی پیشەسازییەوە، بەردەوام پێشیان لە رەوتی گەشەسەندنی ئاسایی و سروشتیی گرتووە. داهاتی نەوت و کانزا و سامانی کوردستان، لەماوەی ئەو هەشتا – نەوەد سالەدا، کە لە سەدان مليارد دۆلار تێپەڕدەکات، سەرفی پێشخستنی پیشەسازی و ئاوەدانکردنی وڵاتانی داگیرکەر کراوە و، سەدان هەزار کورد بەهۆی بێکاری و نەبوونی بژێویی، وەک هێزی کار، روویانکردووەتە شارەکانی ولاتانی داگیرکەر. داهاتی کوردستان لەباتی بۆ ئاوەدانکردنی بێت، بەتاڵاندەبرێ و، بەشێکی تەرخاندەکرێت بۆ کڕینی چەکوچۆڵ وسازکرددنی پێگەو مۆڵگەی سەربازیی بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد و وڵاتەکەی پێ کاولدەکرێت.

بەکورتی، کوژرانی پتر لە ملیۆنێک کورد لە راپەڕینەکانی **شێخ سەعید و ئێحسان نووری پاشا و سەید رەزای دێرسیم و، راگواستنی ملیۆن و**

**نیوێک کورد له باکوور بۆ نێوچه ترکنشینەکان، لەنێوچوونی کۆماری خودموختاری کوردستانی سۆر لەلایەن دیکتاتۆری سۆڤێت – ستالین و، پەرشوبڵاوکردنی دانیشتوانەکەی بەنێو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤێت، هێرشی سەربازیی بۆ سەر باشووری کوردستان و، رووخانی حکوومەتی پاشایەتیی کوردستان – بەسەرۆکایەتیی شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، وێرانکردنی پێنج هەزار گوند لەباشووری کوردستان و، کیمیابارانکردنی شار و نێوچەکان و ئەنجامدانی ئەنفاله بەدناوەکان لەلایەن رژێمی سەددامەوە، رووخانی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و، لەسێدارەدانی سەدان نیشتمانپەروەر لەرۆژهەڵات، پاشان هاتنەسەرکاری رژێمی کۆنەپەرستی خومەینی و، دەرکردنی فتوای جیهاد لەدژی کورد , پاشان هەموو ئەو کوشتنوبڕین وماڵوێرانییەی له باکوور و رۆژهەڵات و، هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەسەر کورد هاتووە و ئەمڕۆ و داهاتوو بەسەری دەهێنرێت، هەرهەمووی لەسایی پەیمانی نگریسی لۆزانەوەیە. هەر بۆیە، پەیمانی لۆزان، سەرچاوەی هەموو بێبەختی و نەهامەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتنی کوردە له کاروانی سەرفرازی و پێشکەوتن.**

## کورد چۆن لۆزان دەناسێ و،

## بە چ شێوەیەک یادی لۆزان دەکاتەوە!

### خوێنەرەوەی بندەستی کورد!

مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ، پێماننایە هەشتاوچوارەمین ساڵی کۆیلەتی و بندەستییەوە. هەر لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و، قۆناخی جەنگی سارد، تا هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم و، تێپەڕبوونی ئەم چەندساڵەی دوایی له هەزارەی سێیەمی زاین،

بەسەدان نەتەوە، لەهەل و دەرفەتی تایبەتی مێژوویی هەڵکەوت بۆیان، سوودیان وەرگرت و، خۆیان خستە ریزی کاروانی گەلانی ئازاد و سەرفرازەوە. بەڵام نەتەوەی کورد، سەرەرای بەرپاکردنی چەندین راپەڕین و شۆرشی خوێناوی و، پڕکارەسات، نەتەنێ بە کۆیلەتی ماوەتەوە و رووی ئازادی نەبینیوە، بەڵکو هێشتا هیچ ئاسۆیەکی رۆنی لێ دیار نییە و، چارەنووس و داهاتووی، وەک رابوردوو لێڵ و تاریکە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان کردپێی، ئەنجامەکانی پەیمانی نگریسی لۆزان، کە لەلایەن وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی جیهانییەوە بڕیاری لەسەر درا، گەورەترین ستەمی مێژوویی بوو دەرحەق بە نەتەوەی کورد کرا، **هاوکات ئەو راستییەش باشدەزانین کە لە سەت ساڵی رابووردوودا، هەر بەتەنێ کورد، کۆت و زنجیری کۆیلەتی نەخرایە ملی، بەڵکو بەدەیان نەتەوەی گەورە و بچووکی دیکەش، نیشتمانەکەیان کۆلۆنی و ژێردەستی داگیرکەران بوو، بەڵام ئەو گەل و نەتەوانە، چۆن توانییان خۆیان رزگاربکەن و، هۆی چی بووە تاکو ئەمڕۆ، کورد نەیتوانیوە خۆی و نیشتمانەکەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانی دڕندە، رزگار بکات؟!**

سەبارەت بە هۆکارەکانی رزگارنەبوونی کورد، ژمارەیەک لە لێکۆڵەوەران و، نووسەرانی کورد، راوبۆچوونی خۆیان لەم بارەوە نووسیوە، بەڵام زۆربەی نیشتمانپەروەران و، رۆناکبیرانی خاوەنهزری نەتەوەیی، لەسەر ئەو خالە کۆک و هاوبەشن، جگە لەئالیی دەرەکیی، هەروەها لایەنی سیاسیی نێوخۆی کوردیش، هۆکارێکی سەرەکی و بنەڕەتیی بووە، لە پەکخستنی بیری پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم، کە دەتوانین بە قۆناخی کۆتایی سەرکردەی کلاسیکی کورد نێوناسی بکەین، بەرە بەرە حیزب و

ڕێکخراوەی سیاسیی، لە لەلایەن ژمارەیەک لە چینی خوێندەواری هوردەبۆرژوای کوردەواریی، بەهاندان ودەستێوەردانی حیزب و پارتەکانی کۆمۆنیستی ئێران و ترکیا و سووریا و عێراق، لەکوردستان پێکهاتن، کە ئەم پارتە کۆمۆنیست و شیووعییانەش، سەرزارەکیی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و، بەکردەوە و نێوەرۆک، ڕەگەزپەرست و دژ بەئازادی و رزگاریی گەلی کورد بوون. لەگەڵ دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی لە کوردستان، بەرە بەرە، دەستکرا بە دژایەتیکردنی بیری ئازادی و سەربەخۆیی کورد - بەنێوی برایەتیی گەلان و، مافی زەحمتکێش و سەروەریی پڕۆلیتاریا. خەباتی گەلی کورد لەهەر پارچەیەک، ڕاستەوخۆ گرێدرا بەچوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ڕژێمە داگیرکەرەکەوە. ئەوجا بەلاساییکردنەوە لە شێوەی بەڕێوەبەرێتیی ولاتی پان وبەرینی یەکێتیی سۆڤێت، درۆشمی **"ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"** و سوسیالیزم و، ڕژێمی کۆمۆنیستیی، لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر بەرزکرایەوە. بەم شێوەیە، سەرکردەیەتیی ڕێکخراوە کوردییەکان، ڕەوایەتییاندا بە جوگرافیای ولاتانی داگیرکەر و، خەباتی نەتەوەی کوردیان لە هەر بەشەی، کرد بە کێشە و باسێکی نێوخۆیی ئەو ولاتانەی کوردستان بەسەریاندا دابەشکرابوو. ئەوجا ڕێ لەبەردەم هاوکاریکردنی نێزیکوتوندوتۆڵ لەگەڵ داگیرکەران کرایەوە و، پێوەندیگرتن بە داگیرکەرانی کوردستانەوە، بوو بە ستراتیژ وچاوکانیی وەرگرتنی یارمەرتی دارایی و چەکوچۆڵ، بەبیانووی ئەوەوە سوود لەناکۆکیی نێوان داگیرکەران وەردەگرن و، گوشار دەخەنە سەر داگیرکەری بەشەکەی دیکە، بەنیازی وەرگرتنی مافی فەرهەنگی و، داوای بەڕەسمیناسینی حیزبەکەیان. پێڕەوکردنی ئەم شێوە خەبات و سیاسەتکردنە، لەرەوتی خۆیدا، بەرژەوەندیی ئابووری و، پلەوپایەی حیزبی و، بیری تەسکی حیزبایەتی و، پاوانخوازی و، نێوچەگەرێتیی، کرد بە

کولتووری زاڵ بەسەر حیزبەکاندا. ئاشکرایە، داگیرکەرانیش، پاش ئەوەی بەتەواوەتیی ئەم حیزبانەیان وابەستەی خۆیان دەکرد، ئەوجا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریاندەهێنان و، بەگژ حیزب و ڕێکخراوەی دیکە و، بزاڤی پارچەی دیکەی کوردیاندا دەدان و، کاتێکیش پێویستیان پێیاننەدەما، هەڵیاندەوەشاندنەوە، یان بەهاوبەشیی لەگەڵ داگیرکەری بەشێکی دیکەی کوردستان، پەلاماری هێزی پێشمەرگە و، بنکە و بارەگەیان دەدان و، پەرتەوازەیان دەکردن و، بەدەیان و سەتان گوند و کێڵگە ومەزرای خەڵکی بێدەرەتان و ڕەشوڕووتیش، بە ئاگری بۆمبا و چەکی قورس وێران و کاولدەکران و، ژمارەیەکی زۆریش بەرەوڕووی کوشتن و گرتن و دارکاری و، دوورخستنەوە لەسەر زێد و نیشتمانەکەیان دەبوونەوە.

خەباتی سیاسیی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەمان، ساڵانی ساڵ بەم چەشنە درێژەی کێشا، ئەوڕۆکەش، سەرەرای سەرهەڵدانی گەورە و گۆرانکاریی گرنگ لەنێوچەکە و لەجیهان، سەرەرای سەرهەڵدانی دنیای یەکجەمسەری و، رووخانی رژێمی داگیرکەری سەددام و، لەشکرکێشیی رۆژاڤا بۆ نێوچەکە و، گوشاری بەربلاو بۆ سەر داگیرکەرانی ئێران و سووریا، بەڵام بۆ کورد وکێشەکەی هیچ نەگۆراوە. کورد، پاش رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، نەتەنیا نەیتوانی بەرەو رزگاریی یەکجاری و دامەزراندنی دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆ هەنگاوبنێت، بەڵکو،زۆر سووک و هاسان، ئەو نیوچە ئازادی و سەربەخۆییەشی لەدەستدا کە بۆ ماوەی چواردەساڵ، بە پشتگیریی کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتووەکان هەیبوو. بێگومان، هەر گۆرانێکی سیاسی لەوڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان رووبدات، گەلی کورد لەو بەشانەش، هەر بەشێوەی باشووری کوردستان کاردەکا و، ناتوانێت، بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی وبەختەوەریی هەنگاوهەڵبگرێت.

هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە كە پاش نێزیک بە سەدساڵ خەبات و قوربانیدانی بەردەوام، هێشتا ستراتیژی سیاسی ونەتەوەییمان نییە. سەركردەیەتیی حیزبەكان، بەردەوام ستراتیژ و ئامانجی نەتەوەییان، كردووە بە قوربانی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆیان و حیزبەكانیان. ئەمە لەلایەک، لەلایەكی دیكەشەوە، ئاستی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلی كورد لەئاستێكی زۆر نزمدایە و، هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە كە بتوانێت بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بناسێت. هەروەک پاش رووخانی رژێمی سەددام، لەلایەن سەركردەیەتیی حیزبەكانییەوە كڵاوی چووە سەر و، لە هەڵبژاردنێكدا بەشداریی كرد، كە جارێكی دیكە بوو بە هۆی كۆیلەكردنی خۆی و، بەدەسەلاتگەیاندنی چەند كەسێک لەسەركردەیەتیی حیزبەكانی. ئێستاش، چاوەڕوانی ئەوەیە، دەولەتی عەرەبی هێشتا بێدەسەلاتی عێراق، كەركووكی پێبداتەوە و، براگەورەیەكی باش بێت و، لەناردنی بووجە و داهاتی نەوت، درۆی لەگەڵدا نەكات!!

**بەكورتی، هیچ گەلێک لە دنیا نەبووە و نییە، بەوێنەی كورد، كارەساتەكانی بەسەری دێن و، بكوژانی گەورە و خوێنڕێژی لەبیر بباتەوە.** لەبەر ئەوە هیچ كات نەیتوانیوە وانە و ئەزموون لە شكست و نەهامەتییەكانی وەربگرێت. دەبوو هەر لەدەیان ساڵ بەر لەئێستاوە، هەموو ساڵێک و، لەمانگی جۆزەرداندا، بەمەبەستی شەرمەزاركردنی ئەو دەوڵەتانەی لە دابەشكردنی كوردستاندا دەستیان هەبووە، خۆپێشاندانی چەند ملیۆنی لە نێوخۆ و لەدەرەوەی كوردستان رێكبخرایە و، داوا لە كۆمەڵی نێونەتەوەیی بكرایە، تا پشتگیریی كورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بكەن. دەبوو پارتی و رێكخراوەكانی كوردستان، پاش ئەو هەموو تاقیكارییە سەرنەكەوتووانەی رابوردوویان، وازیان لەرێخستنی فشەكوردایەتی درۆزنانە و، تەفرەدانی كورد بهێنایە و، چیدی چارەنووسی كوردیان گرێنەدایە بە وڵاتانی داگیركەرەوە و، یەكگرتووانە، پەیمانی

نگریسی لۆزانیان لەقاو بدایە و، بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان، داوای رفراندۆمیان بۆ کوردستان بکردایە. دەبوو نووسەران و، رۆناکبیرانی کورد، بەنووسراوە و، بە سەمینار، گوشاریان بخستایەتە سەر حیزبەکان، کە واز لە درۆشم و بەرنامەی نانەتەوەییانە بهێنن و، درۆشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان، بکەن بە بەرنامەی خەباتی سیاسی و رێکخراوەییان، بەڵام مخابن، ئەو حیزبانەی کە سەرقاڵی شەڕ و ناکۆینانەوەی دەسەڵاتن، سەرقالی کۆتلە و کۆتلەبازی و دزی وتالانکردنی سامان وبووجەی خەڵکی رەشوڕووتی کوردستانن، کەی لێیان رادەبینرێ کار و خەباتی وا گەورە بکەن؟ ئەو نووسەر و بەنێو رۆناکبیرانەی کە زۆربەیان بوونەتە مووچەخۆر و زوڕناژەنی حیزبەکان، لەکوێ دەتوانن واز لە پارە و سات و کاتی خواردنەوە و رابواردنیان بهێنن، ئەوجا گەلێک بەشایی و هەڵپەڕکێی هەڵبژاردنی وڵاتی داگیرکەر و، ساڵیادی لەدایکبوونی حیزبەکانییەوە سەرقاڵ بکرێت، لەکوێ کات و دەرفەتی بۆ دەمێنێتەوە بیرێک لە لۆزان و، ئاکامەکانی و، نەهامەتییەکانی بکاتەوە....!

**کۆیلەتی تێکەڵ بە خوێن وکولتوورمان بووە. هێشتا زۆرمان ماوە لەو تاریکستانە خۆ دەرباز بکەین کە داگیرکەران و زوڕناژەنە رەنگاوڕەنگەکانیان بۆیان سازکردووین. بندەستی و کۆیلەتیمان هێندەی خایاندووە کە لەگەڵی راهاتووین، لەبەر ئەوە بەپێویستی نازانین هیچ هەوڵوتێکۆشینیک بۆ رزگاربوونمان ئەنجامبدەین. ....**

لەکۆتاییدا، نووسینەکەم، بەم سێ کۆپلە لەشیعری**(سەدان ساڵە)** ی **هەڵبەستڤان و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان (عەبدوڵلا پەشێو)** کۆتایی پێدێنم. **بەهیوای گەیشتن بەو رۆژەی کە کوردستان بەیەکجاریی رزگاری بێ و، نەتەوەی کوردیش هەموو ساڵێک، نەفرەت لە پەیمانی لۆزان و، سەردەمی بندەستبوونی خۆی بکات و وەک میللەتان، لە ئازادی و بەختەوەریی تەواودا بژیت و، هەموو ساڵێک جێژنی سەربەخۆیی کوردستان بەگوێی دنیا بگەیەنێت!**

سەدان ساڵە

لەوێرانە ماڵی خۆمدا،

کتکە کوڕەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.

سەدان ساڵە،

حەوشوبەرەی خۆم والایە و

لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.

......................

سەدان ساڵە

رۆژێک دەبم

بە مەیتەری والیی بەغدا،

رۆژێک لە تاران کوتاڵم.

رۆژێک لیفکەم

پشتی ژنی سوڵتان دەشۆم،

رۆژێک گەسکم شام دەماڵم

..................

سەدان ساڵە،

وەکوو چنگێک دانەوێڵە،

ئاشی مێژوو فڕێی داوم.

هەر چوار دەورم شارۆچکەیە و

مێرووولە دەمیان تێ ناوم.

......................

# ئەگەری لێدانی گورزی سەربازیی لە ئێران و، سەرلێشێواوی و ناتەبایی حیزبەکانی رۆژهەڵات!

سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (40)
مانگی نەورۆز (March) ی 2007

سەرکێشی و ملنەدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر داخوازیی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە پرۆژە ئەتۆمییەکەی، رۆژ لەگەڵ رۆژ، رەوت و قەیرانی نێوانیان، بەرەو گرژبوونی زیاتر و سازبوونی جەنگێکی دیکە لە کەنداو دەبات.

رژێمی ئێران، گەورەترین پشتیوان و پاڵپشتی تێرۆریزمە لەجیهان. تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران، هەموو ساڵێک بە هەزاران چەک و کەرەستەی جۆراوجۆری جەنگی و بە سەدان ملیۆن دۆلار دەنێرێت بۆ **حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس لە فەلەستین و موقتەدا سەدر** و، رێکخستنەکانی سەر بە سوپای پاسدارانی ئیسلامی لە عێراق و لە ئەفغانستان و، ولاتانی دیکەی جیهان. بووجە و میدیای ئێران راستەوخۆ لە خزمەتی تێرۆریزمی جیهانیدایە و، رژێمی ئێران، بە ئاشکرا بڕیارەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی پشتگوێدەخا و، هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات. رژێمی ئێران هەروەها هاوپەیمان و ئالیکاری رژێمی سووریایە کە، پشتیوانیی لە حیزبوڵڵا و رێکخراوەکانی توندڕەوی عەرەب – لەوانە فەلەستین دەکات. هەربۆیە کێشەی دنیای ئازاد لەگەڵ ئێران، بەتەنیا ئەتۆم و چەکی ناڤۆکی ناگرێتەوە، بەڵکو چەندین بابەت و خاڵی گرنگی دیکەش لەخۆدەگرێت.

هەروەک دەزانرێت، ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق، بەرەوڕووی قەیرانێکی گەورە بوونەتەوە. لەماوەی چەندسالی رابوردوودا، بەهۆی لێکدانەوەی ناڕاست و نابابەتانەی پسپۆڕان و داڕێژەرانی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا لەنێوچەکە، ستراتیژی ئەمریکا لەنێوچەکە تووشی کۆسپوگرۆی گەورە هاتووە. بەربەرەکانێی توندوبێپسانەوەی بەعسییەرەگەزپەرستەکان و، دەستە و گرووپەکانی توندڕەوی ئیسلامیی سوننە، هەروەها پەرەسەندنی دەسەلاتی مەلاکانی ئێران، لەکاروباری نێوخۆی عێراق - بەڕێگەی رێکخراوە چەکدارەکانی شیعەوە، لە پەکخستنی ستراتیژی سیاسی و نەخشەی سەربازیی ئەمریکا لەعێراق، دەور و کارکردنی سەرەکییان بینیوە.

لەبەر ئەو هۆیانە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە نێوچەکە و لە جیهان، پتر لەهەر رێگە وئەلتەرناتڤێکی دیکە، بیر لەوەشاندنی گورزی سەربازیی بەمەبەستی شکستپێهێنان، یان لەنێوبردنی ئێران دەکەنەوە. کۆکردنەوەی پاپۆڕەکانی مەزنی جەنگی و هێنانی سەدان فڕۆکە و هەزاران راکێتی دوورهاوێژ و دامەزراندنیان بە چوار قوڕنەی ئێراندا، بێگومان نەخشەیەکی نوێی جەنگیی لە پشتەوەیە.

**لەم پێوەندەدا و، لە ئەگەری دەستپێکردنی جەنگێکی بەرفرە لەدژی کۆماری داگیرکەری ئێران، حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، چ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان داڕشتووە و، تا چ رادەیەک خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە ئامادە کردووە؟!**

لەم بارەوە، دەبێ بڵێین زۆر مخابن، سیاسەتکاران و سەرکردەیەتیی حیزبەکان، نەتەنیا هیچ پڕۆژە و بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانییان بۆ داهاتووی رۆژهەڵات نییە، بەڵکو هەرهەموویان لەنێوخۆیان و، بەرامبەر یەکدیی، ناکۆک و ناتەبان. زۆر گەرم و گوڕتر لە رابوردوو، سەرقاڵی

دەستەودەستەگەریّتی و، شەڕی دەسەڵاتن. لەباتی سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانیی، بۆ یەکخستنی هێزوتوانای خۆیان و گەلی کورد، هەر خەریکی پرۆپاگەندەی حیزبین. گەلیّک مخابن، حیزبەکانی رۆژهەڵات هیچ وانە و ئەزموونیّکیان لە رووداوەکانی چەندساڵی رابوردووی باشووری کوردستان و، عیّراق وەرنەگرتووە و، هەرهەموویان، بە هاندان و دەستیّوەردانی لاوەکیی **یەکیّتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیّمۆکراتی کوردستان،** دەیانەویّت سیناریۆی چەوت و سەرنەکەوتووی باشووری کوردستان و عیّراق، لەرۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئیّرانیش دووپات بکەنەوە. واتە، هەروەک چۆن، پیّش رووخاندنی سەددام، سەرکردەیەتیی پارتی و یەکیّتیی، لەپیّناو بەرژەوەندی کەسی و حیزبیی، لەگەڵ کۆمەڵیّک عەرەبی کۆنەبەعسی و رەگەزپەرست و عەرەبی شیعەی سەر بە مەلاکانی ئیّران، دەستیان تیّکەڵکرد و، دەوڵەتی نویی عیّراقیان بونیاد نایەوە و، باشووری کوردستانیان لکاندەوە بە عیّراقی عەرەبەوە، دەقی ئەو شانۆگەرییە، هەر لە ئیّستاوە لەرۆژهەڵاتیش، خەریکە بناخەکەی لەلایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتەوە دادەڕیّژریّت. هەر لە ئیّستاوە خەون بە وەرگرتنی کورسیی وەزارەت لە ئیّرانی پاش کۆماری ئیسلامییەوە دەبینن و، بەویّنەی پارتی و یەکیّتیی، دەیانەویّ، بە درۆشمی فیدراڵی و ئیّرانی وەکیەک و درۆشمی نازانستانەی **"برایەتیی کوردی بندەست و فارسی داگیرکەر"**ەوە، گەلی کورد لە رۆژهەڵات چەواشە بکەن و، چارەنووسی پتر لە دوانزەملیۆن کوردی رۆژهەڵات، بکەن بە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆیان و، وەرگرتنی چەند کورسییەک بۆ سەرکردەیەتیی حیزبەکانیان ...

سیاسەتی دەولەتی ئەمریکاش سەبارەت بە داهاتووی ئیّران، لەپاش نەمانی رژیّمی مەلاکان هەر بەچەشنی عیّراقە. دەوڵەتی ئەمریکا، ماوەیەکە

کۆمەڵێک لە شاپەرستەکۆنەکان و ئەندامانی بنەماڵەیان و، ژمارەیەک وێژەری رادیۆ و کەناڵەکانی تلویزیۆن و نووسەری رۆژنامەکانی سەردەمی پاشایەتی و، کۆمەڵێک مامۆستای زانستگە و تێکنۆکراتی ئێرانیی، کەزۆربەیان خوێندنیان لە ئەمریکادا تەواوکردووە و، لەوێ دەژین و کاردەکەن، هەموویانی لەدەوری **کەناڵی تلویزیۆنی ئەمریکا – بەشی فارسی (Voice Of America – Persian TV)**، کۆکردووەتەوە و، بەرنامەکانی بەڕێگەی سەتەلایت، لە ئێران و لە هەموو جیهان بڵاودەکرێتەوە. بەڕێوەبەرانی ئەم کەناڵە تلویزیۆنییە، بەزیرەکی و فێڵبازانە و، بەپێڕەویی لە بیری رەگەزپەرستانەی فارسیی، پرۆپاگەندەی بەردەوام لەدەوری درۆشمی کۆن و رزیوی **(حفظ تمامیت ارضی ایران)** دەکەن و، ئەمانیش وەک عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق، لەوە دەترسن، بەرووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چوارچێوەی سنووری ئێرانەکەیان، لەبەریەک هەڵوەشێتەوە و، گەلانی بندەستی ئێران – لەوانە گەلی کورد بەرزگاری وسەربەخۆیی بگەن. ئەوەیە، کەوتوونەتە پەلوپۆ و بەخۆنێزیککردنەوە لە **حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**، لەهەوڵی ئەوەدان تا گەلی کورد لە مافی رەوای خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دوور بخەنەوە و، چارەنووسی گرێبدەنەوە بە جوگرافیا و سنووری نگریسی ئێرانی داگیرکەرەوە، ئەو ئێرانەی کە سەدان ساڵە خوێنی کورد دەڕێژێ و، کورد دەچەوسێنێتەوە. هەروەک **"عەلیرەزا نووریزادە"**، کۆنە نووسەری رۆژنامەی (اطلاعات) **ی سەردەمی حەمەڕەزاشا، کە هەموو رۆژێک لە تلویزیۆنی بەشی فارسی ئەمریکاوە بەنێوی چاودێر ولێکۆڵەوەری سیاسییەوە نێوی دێنن و گوتوبێژی لەگەڵدا دەکەن!**، رۆژی **14/2/2007 سەبارەت بە بارودۆخی**

**هەستیاری هەنووکەی ئێران و، بەوتەی ئەو، هەستی بەرپرسیارێتیی کوردەکان بەرامبەر ئێران، گوتی:**

"**پێویستە هەمووومان لەم راستییە بگەین کە ئێران لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە!** من رۆشنبیری حەفتا و هەشتاساڵەی فارس دەبینم، لەسەر ئەوە مشتومڕیانە، **(ئایا 28ی مورداد کودەتا بوو، یان شۆڕش؟!!)**. من پێتاندەڵێم، کاتی ئەو قسانە نییە. بارودۆخەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە بۆ سەر ئێران کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە! بە خۆشییەوە، کوردەکان زیاتر لەهەر لایەنێکی دیکەی ئێرانیی، هەستیان بەو مەترسییە کردووە. من، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و، کۆمەڵەدا ئەنجامدا، بە خۆشییەوە ئەو پەژارە و دڵەراوکەم لەوانیشدا بینیی. ئەوانیش بەتەواوەتیی هەستیان بە مەترسیی بۆ سەر ئێران کردووە. لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن. بەرەیەک لەهەموو **(اقوام و روشنفکران ایرانی)**، پێکبهێنن و، بەشێوەی فیدراڵی، کار بۆ رزگارکردنی ئێران بکەن؟؟!!".

نیشانەکانی ئەو هاودەنگی و رێککەوتنە نهێنییەی نێوان ئەم لایەنە بە ئەزموون و لێزان و خۆڕیکخەرە کە بە شۆڤێنیزمی فارس دەناسرێن، لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەدا، لە تلویزیۆنەکانی**Tishk TV** ، ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و، **Rojhelat TV** ی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە بەباشی رەنگدەداتەوە، کە لەم بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، لەباتی ئەوەی بەرنامەکانیان بە مێژوو و شارستانییەت و، زمان و کەلەپووری کوردی و شۆڕشەکانی کورد و هۆکاری شکستەکانی و، رێگەکانی گەیشتن بە سازکردنی بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی کوردی بڵاوبکەنەوە و، کەسانی شارەزا و دڵسۆز و ئەکادمیک و، پسپۆڕی کورد لەبوارە جیاجیاکاندا بانگهێشت بکەن و، لەهەموو

روویەکەوە، خۆیان و گەلەکەیان بۆ بارودۆخی نوێ ئامادە بکەن، کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا دێنەئاراوە، کەچی زۆربەی بەرنامەکانیان بە زمانی فارسی و بۆ گەلانی ئێرانە و، بەردەوام خەڵکانی جۆراوجۆری فارس و نەتەوەکانی دیکە دێننە سەر تلویزیۆنەکانیان و، لەزمانی خۆیان و ئەوانەوە، بیری ئێرانچێتی بەگوێی گەلی کورددا دەدەن. باسی پێویستیی سازبوونی ئۆپۆزسیۆن و بەرە و یەکگرتن لەگەڵ گەلانی ئێران و رێکخراوە ئێرانییەکاندا دەکەن، بەڵام چاویان بەراییناداِ، رێکخراوەی دیکەی کوردیی ببینن. لەم پێوەندەدا، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان – باڵی کاک مستەفا هیجری**، زیاتر لەهەر لایەنێکی دیکەی کوردیی لەرۆژهەڵات، کار بۆ ئەو بیرۆکە نانەتەوەییانەیە دەکات.

لێرەدا، **کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پژاک، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان – ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان** و، هەردوو رێکخراوەی خەباتی شۆرشگێڕ و خەباتی ئیسلامیی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە، کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە. نەتەوەی کورد لەبەردەم نەمان و فەوتاندایە. چیدی و لەوە زیاتر، خەبات و قوربانیدان و چارەنووسی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، مەبەستنەوە بە چوارچێوەی جوگرافیای ئێرانی داگیرکەرەوە. با هەموو پێکەوە، بەرەیەکی راستینەی کوردستانیی پێک بهێنین و، لەکاتی هێرش بۆ سەر رژێمی خوێنڕێژ وکۆنەپارێزی داگیرکەری ئێران، هەموو هێزوتوانایەکمان بخەینەگەڕ بۆ رزگارکردنی کوردستان و، رامالێنی هەموو ئاسەوارێکی داگیرکاریی لە کوردستان. هاوکات داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، بۆ ئەنجامدانی رفراندۆم لەکوردستان لەپێناو رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان..

داوا له گەلی کوردمان دەکەین، هەموو بیر و تێکۆشین  وخەباتی خۆیان، لەژێر درۆشمی راپرسی بۆ کوردستان و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان رێکبخەن. ئازادی و سەربەخۆیی و بەختەوەریی، تەنیا لەسایی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد خۆیدا دێتەدی.

**بۆ پێشەوە، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.**

# جەنگی تازەی کەنداو،

# رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران و،

# سەرلێشێواویی ئۆپوزسیۆنی سیاسیی کورد

# لە رۆژهەڵات!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (42)

مانگی گەلاوێژ (August)ی 2707

رۆژ لەگەڵ رۆژ، پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتر دەڕوات. کێشەی ئەفغانستان، عێراق و لوبنان و فەلەستین، بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی باڵای لە پشێوی و تێکدانی بارودۆخی سیاسی و، ناسەقامگیریی ئاسایشی ئەو وڵاتانەدا هەیە. هەروەها، راپۆرتی دەزگەکانی ئاسایشی ئەمریکا و پاکستان، ئاماژە بە پشتگیریی و هاندانی ناڕاستەوخۆ و بەنەخشەی ئێران، لەنێو رێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی ئیسلامیی لە پاکستاندا دەکەن.

لەئالیی دیکەوە، دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەماوەی بیست ساڵی رابوردودا، بە شاردنەوەی پلانی سازکردنی چەکی نێڤۆکیی، بووجەیەکی زۆریان بەختکردووە، بۆ ئەوەی دەستیان بگات بەچەکی ئەتۆم و، بیکەنە قەڵخانی پارێزگاریکردن لە خۆیان و رژێمەکەیان. پاش ئاشکرابوونی پڕۆژەکەیان، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا ئامادە نەبوون بچنە ژێر داوای کۆمەڵی نێودەولەتیی بۆ چاودێریکردنی نێوەندەکانی ئەتۆمی و، گەلێک جاریش بە گاڵتە و تەشەر و هەڕەشەوە، وەرامی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی دەداتەوە. سەرباری ئەمانەش، کاربەدەستانی ئێران،

هێشتا دەستیان بەچەکی ئەتۆم نەگەیشتووە، هەڕەشەی لەنێوبردنی ولاتی ئیسرائیل دەکەن.

**سەرکۆماری ئەمریکا – جۆرج دەبلیو بوش** لەگەڵ راوێژکارانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەوە کە، هێشتنەوەی کێشەی ئێران بەم شێوەی ئێستای، بۆ سەرکۆمار و، دەولەتی داهاتووی ئەمریکا، نەتەنێ کارکردی خراپی بۆ سەر حیزبی کۆماریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارێتیی ئەمریکا لە ساڵی داهاتوودا دەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفرە کار دەکاتە سەر تێکدانی ستراتیژ و لاوازبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، هاوپەیمانانی لەنێوچەکە. لەبەر ئەوە، پێش کۆتاییهاتنی سەرکۆمارێتیی جۆرج بوش، شەڕێکی گەورە لە دژی رژێمی ئێران دەستپێدەکات. ئامادەکارییەکانی گەورەی سەربازیی، لە چەند مانگی رابردووەوە لەلایەن هیزەکانی زەریایی و ئاسمانی و زەوینیی ئەمریکاوە دەستپێکردوە. سەرەتای مانگی ئەگوست (گەلاوێژ)، مانۆڕێکی گەورە لە دوورگەی **"گوام"** لەزەریای ئارام بەڕیوەچوو. لەم ئامادەکارییە سەربازییەدا، چەندین پاپۆڕی گەورەی جەنگیی، لەگەڵ **30** پاپۆری بچووکتری تایبەت بە سوپای زەریاوانی و **280** فڕۆکەی جەنگی و **22000** سەرباز و مەلەوان بەشدارییان تێداکرد. شایانی باسە، لەکاتی مەشقی جەنگیی ساڵی رابردوودا، فەرماندەکانی سوپای وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ بینینی بانگهێشت کرابوون، بەڵام مەشقی جەنگیی ئەم ساڵ، بەبێ چاودێریکردنی فەرماندەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بەڕێوەچوو. جێگری سەرکۆمار – دیگ چێنی، هەروەها **رابێرت گەیتس - وەزیری بەرگریی ئەمریکا** رایانگەیاندووە، بۆ پارێزگاریکردنی ولاتانی دۆست لە نێوچەکە، ئەم هێزانە لە نێوچەی کەنداو ئامادە دەبن.

ئایەتۆڵلاکان و، دەسەلاتدارانی ئێران، بەتەواوەتیی هەستیان بە پلانی جەنگیی ئەمریکا بۆ سەر ئیران و رژێمەکەیان کردووە و، ئەمەش لە

قسەکانی سەرلەشکر جەعفەری، فەرماندەی تازەی سوپای پاسداران دەردەکەویت، کە لە هەژدەیەمین کۆبوونەوەی گشتیی فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئاماژەی پێکرد و، گوتی: "ئەورۆکە، ئێمە لە گەمارۆی سەربازیداین. دوژمنان، سەرەرای بەختکردنی بووجەیەکی زۆر و کۆکردنەوەی هێز وچەکوچۆڵێکی زۆری جەنگیی، ناتوانن تەنانەت خێسەیەکیش لەئێران بکەن، چۆنکە دەزانن هێزەکانی **"سوپای پاسداران" و "بەسیج"**، بەتەواوەتیی ئامادەن. هاوکات، پیلان و ئاژاوەگێڕیی نێوخۆیی لەرابردوودا پشتی زۆربەی شۆرشەکانی لەجیهان شکاندووە، شۆرشی ئیسلامیی ئێرانیش لەنێوخۆوە لەمەترسیدایە و، بێگانەکان چاویان بڕیوەتە بەکرێگیراوان و، لایەنگرانیان لەنێوخۆی وڵات...".

ئەم قسانەی جەعفەری، پاکانەکردن و رەوایەتیدانە بۆ ئەو شەپۆلە بەردەوامەی لەلایەن ئەحمەدینژاد و بەفەرمانی **"وەلی فەقیە"** وە لەکوردستان و، سەرتاسەری ئیران خستوویانەتەڕێ و، بەهۆیەوە لەماوەی تەنیا سێ ساڵی رابردووەوە، بەسەدان تێکۆشەر و ئازادیخواز گوللەبارانکراون و بەهەزارانیش تووشی گرتن و، شکەنجە و، ئازار هاتوون.

مەلاکانی دەسەڵاتدار، لە دەرەوەی ئێرانیش بە شێواندنی بارودۆخی نێوخۆی عێراق و نێوچەکە و، بەخشینی چەکوچۆڵ و یارمەتیی دارایی بە رێکخراوەکانی تێرۆریستیی، لە هەوڵی ئەوەدان، تاکو ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەرەوڕووی شکستی سەربازیی ببنەوە و، بەوەش مەترسیی هێرش بۆ سەر ئێران لەنێو ببەن و، ستراتیژ و ئامانجی سیاسییان بهێننەدی، کە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی شیعەیە لە نێوچەکە.

بەڵام حکوومەتی ئەمریکا و، دنیای ئازاد بە گشتیی، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەوە کە سەرچاوەی هەموو ئاڵۆزی و ئاژاوەیەک لەنێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین و، لەهەموو جیهان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، تا ئەم رژێمە لەسەرکار بمێنێت، نێوچەکە رووی هێمنی و ئاسایش بە خۆیەوە

نابینێت. هەر بۆیە، پێوەندی و هاودەنگییەکی زیاتر لە نێوان **ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا** و، ولاتانی ئازاد و دێمۆکراتدا سەریهەڵداوە. بەردەوامبوونی رژێمی ئێران لە سەرەڕۆیی و ملهۆڕیکردنی بەرامبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتیی، ئەو پێوەندی و هەڵویستە هاوبەش و جیهانییە، خێراتر و چڕتر و، پتەوتر دەکات، کە ئەنجامەکەی لەداهاتوویەکی نێزیکدا بەلێدانی گورزی سەربازی و، بۆمبابارانکردنی قورسی نێوەندەکانی لەشکری و ئابووری و، لەنێوبردنی دەسەلاتی رەش و نگریسی کۆماری داگیرکەری ئێران، کۆتایی دێت..

حکوومەتی ئەمریکا، بەوێنەی عێراق، ماوەی چەند ساڵێکە سەرقالی سازکردنی ئۆپۆزسیۆن و، داتاشینی حکوومەتی داهاتووی ئێرانە. ئەم حکوومەتە داتاشراوەش، پێکهاتەیەکە لە کوڕەکەی حەمەڕەزاشا و، ژنەکەی حەمەڕەزاشا و، ژنەراڵەکان و کاربەدەستانی پێشووی رژێمی پاشایەتیی، لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسانی تێکنۆکراتی کۆن و تازە، کە دانیشتووی ولاتانی ئەمریکا و ئۆروپان. درۆشمی ئەمانە، بەڕواڵەت دێمۆکراسی و ئازادییە بۆ ئێران، بەلام ئامانج و ستراتیژی سیاسییان، پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێران و، بەردەوامیی دەسەلاتی نەتەوەی فارسی دەسەلاتدارە. حکوومەتی ئەمریکا بووجەیەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە و، تلەڤیزیۆنی ئەمریکا – بەشی فارسی و چەندین تلەڤیزیۆن و رادیۆ و سایت و رۆژنامەی وەک **(کیهان لندن)،** شەو و رۆژ بەرنامە بۆ خەڵکی ئێران بلاودەکەنەوە. شایانی باسە، لاوازکردنی رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە و، کۆکردنەوە و چاودێریکردنیان لەنیو پێگەیەکی سەربازیی لەعێراق و، نێوناسکردنیان بە "تێرۆریست" لەلایەن ئەمریکا و، ئۆروپاوە، بۆ ئەوەیە، رێکخراوەی موجاهدین بەڕادەیەک لاواز بکەن کە پاش رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەتوانێت ببێتە کۆسپولەمپەر لەبەردەم حکوومەتی دەستنیشانکراویان و، بەرژەوەندیی ئەمریکا و رۆژاوا لە ئێران.

لەم پێوەندەدا و، لە دۆخێکی هەستیار و چارەنووسسازی وەک ئەمڕۆ کە بەرەڕووی رۆژهەڵاتی ناڤین و، کوردستان بووەتەوە، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە، لەنێوخۆیاندا بە گەرمە سەرقاڵی جنێودان و سووکایەتی و دژایەتیکردن و، تیرۆری کەسایەتیی یەکدین و، گەلێک تاوان و تۆمەتی ناڕەوا و، نەشیاو دەدەنە پاڵ یەک، کە ئەمەش جگە لەوەی کە دڵی دوژمنان و، داگیرکەرانی کوردستانیان شاد کردووە، هەروەها لای دۆست و بێگانە و دنیای دەرەوە، پێشاندەری نەشارەزایی و پێنەگەیشتوویی سیاسی و تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی سیاسەتکاران و، سەرکردەیەتیی حیزبەکانی کورد دەگەیەنێت.

چالاکترین رێکخراوەی سیاسیی سەر گۆڕەپانەکە لەم بارودۆخەدا، **پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)** ە، و سەرەرای بەرخۆدان و، ئەنجامدانی گەلێک نەبەردی قارەمانانە لەدژی سوپای داگیرکەری ئێران، کەچی ئەمانیش درۆشمی **"فێدراڵی"** یان لەچوارچێوەی ئێران هەڵگرتووە، کە ئەوەش جگە لەوە کە درۆشمێکی نابابەتانە و، نازانستانەیە و، فیدراڵی و کۆنفێدراڵی و، ئۆتۆنۆمی، تایبەتن بە سیستەمی سیاسی ئەو حکوومەت و کۆمەڵگانەی کە دیمۆکراسی و بیری ئازادی و یەکسانیی، مێژوویەکی دوورودرێژی لەنێویاندا هەیە و، لەنێو ئەو ولاتانەی کە دیکتاتۆری و سەربڕین و هەڵواسین و لەسێدارەدان لە پێش چاوی خەڵک و، خۆتەقاندنەوە و بەردەبارانکردن و، بیری رەگەزپەرستیی، بووەتە کولتوور و، مێژوویەکی سەدان و هەزاران ساڵەی هەیە لەنێویاندا، هیچکاتێک سەرناگرێ و، سەقامگیرنابێت، ئیدی هەڵگرتنی درۆشمی فیدراڵی تەنێ دەبێتە وشەی سەرزار و، وەک رابردوو گەلی کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکانی بێوەریی دەکات.. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، کێشەی سەرەکی و، بنەڕەتیی کورد، لەگەڵ داگیرکەرانی، کێشەی خاکە، کێشەی

نێوان داگیرکەر و، داگیرکراوە، کێشەی نەبوونی دەوڵەت و کیان و، ناسنامەی نەتەوەییە و، ناسنامەی کورد و، هەبوونی نەتەوایەتیی، لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا دەستەبەر ناکرێت.

پێویستە، **(پژاک)** و، رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، بیرێکی بنەڕەتیی لە کێشەی نەتەوەکەیان بکەنەوە و، دروشم و، رێبازێک بگرنە پێش کە راستەوخۆ لە خزمەتی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و، سەرفرازی و رزگاریی یەکجاریی کورد و کوردستاندا بێت.

ئەوڕۆکە، رۆژی یەکگرتن و، تەبایی و هاوکاریکردنە، لە دەوری دروشم و بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان. لە داهاتوویەکی نێزیکدا، هێرش دەکرێتە سەر رژێمی داگیرکەری ئێران و، کەش و دۆخێکی سیاسیی بەوێنەی باشووری کوردستان و عێراق، لە ئێران و، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دێتە ئاراوە. دەبێ کات بەفیڕۆ نەدەین و، بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی، لەهەموو ئەو لایەن و کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی بڕوایان بە سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، پێک بهێنرێت و، پلاتفۆرمێکی هاوکاری و هاوخەباتی دابڕێژن و، بەکردەوە، لەنێوخۆی ولات و، لەدەرەوە، خەباتی بۆ بکرێت. دەبێ هۆشیار بین، چارەنووسی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، بە وێنەی باشوور نەکرێتە قوربانیی ئامانج و بەرژەوەندیی سەرکردەیەتیی حیزبەکانەوە و، پێویستە دروشمی **"رفراندۆم بۆ کوردستان"**، ببێت بە دروشمی سەرزمانی ژن و پیاو و، لاو و منداڵی کوردەواریی لەسەرتاسەری کوردستان!

**بۆ پێشەوە بەرەو رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

# ئێران،
# گرێپووچکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین
# و، پارووی چەوری زلهێزەکان!

سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (43)

مانگی سەرماوەز (December) ی 2007

ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا و دامەزرانی کۆماری بنچینەگری ئیسلامیی ئێران بەسەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، لەساڵی **1979**، بە یەکێک لەڕووداوەکانی گرنگی سەدەی رابوردوو دەژمێردرێت. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، بەمانای لەنێوچوونی هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵ و، لەدەستدانی داهاتی زەریایەک **"زێڕی رەش"** و، گەلیک داهاتی دیکە بوو لەبوارەکانی تەکنۆلۆژیای بازرگانی و جەنگی و ... هتد.

بەدرێژایی نێزیک بە سی ساڵی رابردوو، دەوڵەتەکانی یەک لەدواییەکی ئەمریکا، بەمەبەستی جۆشدانی سەرلەنوێی بەرژەوەندییەکانیان، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە هەوڵیاندا و تێکۆشین، بۆئەوەی پێوەندیی سیاسییان لەگەڵ ڕژێمی ئێران ئاسایی بکەنەوە، بەڵام دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران – لەسەرڕوویانەوە ئایەتوڵڵا خومەینی و جێنشین و پێرەوانی خومەینیی، کە هەر لەسەرەتاوە، ستراتیژی سیاسیی دەرەوەی ڕژێمەکەیان لەسەر بناخەی دژایەتیکردنی رۆژاڤا - بەتایبەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل و، درۆشمی **"صدور انقلاب"** دارشت، تاکو ئەورۆ ئامادە نەبوون پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا ئاسایی بکەنەوە و، بەردەوام نێوی ئەمریکایان بە "شەیتانی گەورە" و دوژمنی سەرەکیی ئێران نێوهێناوە.

لەو ماوەیەدا، سازکردنی جەنگی پڕکارەساتی مرۆڤی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی - بەنێوی جەنگی **هەشت ساڵەی عێراق – ئێران** و، هەوڵەکانی دیپلۆماسیی ئەمریکا بۆ گوشارخستنەسەر ئێران بەڕێگەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ و، پڕۆژەی چەکی ئەتۆم، هەروەها هەڕەشەوگوڕەشەی سەربازی و، نێوناسکردنی ئێران بە پشتیوانی تێرۆریست و سەرچاوەی ئاژاوەگێڕیی، نەتەنێ ڕژێمی ئێرانی دەستەمۆ نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەرکۆماری نوێی ئێران (ئەحمەدینژاد)، هەڕەشەی لەنێوبردنی وڵاتی ئیسرائیل دەکا و، زێتر و بەربڵاوتر لە ساڵانی پێشوو، دەستوەردەداتە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی **عێراق و لوبنان و فەلەستین و ئەفغانستان و کوێت و بەحرەین و، ولاتانی دیکە لەرۆژهەڵاتی ناڤین**. ئێران هەروەها بووجەیەکی زۆریشی تەرخانکردوە بۆ پەروەردەکردن و بڵاوکردنەوەی تۆڕەکانی سیخوڕی و یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی تێرۆریستی و، گەلێک کۆسپ و تەنگەژەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە نێوچەکەدا ناوەتەوە. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا لەبەرامبەر گوشارەکانی ئابووری و دیپلۆماسیی ئەمریکادا توانیویەتی خۆی رابگرێ و، لەکێشە و ململانێی ئابووریی نێوان زلهێزەکان و وڵاتانی خاوەن تێکنۆلۆژی و پیشەسازیی گەورە، لەپێناو درێژەدان بە مانەوەی خۆی و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لەنێوچەکە، بەتەواوەتیی کەڵکوەربگرێت.

گۆڤاری حەفتانەی **(News week)** کە لە ئەمریکا دەردەچێت، لەژمارەی مانگی دێسەمبەری **2007** یدا، وتارێکی لە ژێرنێوی "**دۆستانی کۆنی تاران**"، نووسیوە و، تێیدا سەبارەت بە ئاکامی سەرنەکەوتووی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ سەر رژێمی ئێران دواوە. وتارەکە دەڵێ:

***"گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران، لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو وڵاتەی لە چین و رووسیا نێزیک کردووەتەوە. بەپێچەوانەی ویست و بەرنامەی ئەمریکا بۆ تەریککردنی ئێران، کۆمپانیاکانی ولاتانی رووسیا و چین، لەساڵانی رابردوودا زۆرترین داهاتیان***

**دەستکەوتووە. ئەگەرچی دوو کۆمپانیای "هالیبرتۆن" ی ئەمریکا، و "شلۆمبێرگێر"ی فەرەنسا لە هەڵێنجانی نەوتدا، پسپۆڕی و شارەزاییان لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی دیکەی جیهان پترە و، نێوبانگیان زیاترێکە، بەڵام بەهۆی بڕیاری سیاسیی دەوڵەتەکانیانەوە، ئەوا هەلی باش بۆ کۆمپانیاکانی چینی و رووسی رەخساوە، تاکو رێککەوتننامەکانی تایبەت بە پرۆژەکانی نەوت لە ئێران، بەنێوی خۆیانەوە مۆربکەن".**

**"پاش ئەوەی سەرۆکی لیبیا (مەعمەر قەزافی)، وازی لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی هێنا و، لە رۆژاوا نیزیکبووەوە، بڕیاریدا رێککەوتننامەکانی تایبەت بە نەوت، لەگەڵ کۆمپانیاکانی "شێل" و "ئۆکسیدێنتاڵ" ی وڵاتانی رۆژاوادا مۆربکات. هاوکات، دەوڵەتی "سۆدان" یش لەگەڵ کۆمپانیاکانی رۆژاوا رێککەوت، ئەوەش بوو بەهۆی دۆڕانێک بۆ کۆمپانیاکانی رووسیا و چین، کە پێشتر لەو وڵاتانەدا پرۆژەکانیان دەبردبەڕێوە. بەڵام هەروەک ئاماژەی پێکرا، بەهۆی ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە، کۆمپانیاکانی چین و رووسیا داهاتی زۆریان لە ئێران دەستکەوتووە. بۆ نموونە لەساڵی 2007، چین رێککەوتننامەیەکی سێ ملیارد دۆلاری لەپێوەند لەگەڵ پرۆژەکانی تایبەت بە نەوتدا لەگەڵ رژێمی ئێران، مۆر کردووە. کۆمپانی "سینۆپێک" ی چینی، بەمەبەستی پەرەپێدانی گۆڕەپانی گازی نێوچەی (یادئاوەران) و بلۆکی نەوتی گەرمسار لەنێزیکی تاران، رێککەوتننامەیەکی هەفتاملیارد دۆلاریی لەگەڵ ئێران مۆرکردووە. کۆمپانیای تەلەفۆنی چینی (هوواوای)، رێککەوتننامەیەکی سێ ملیارد دۆلاریی لەگەڵ شیرکەتی تەلەفۆنی ئێران بەنێوی "ئێران سێڵ" مۆرکرد. لەبوارەکانی دیکەش، شێرکەتەکانی چین و رووسیا، بە گەرمە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تایبەت بە ئەلکترۆنیک و، ئۆتۆمۆبیلسازی و فرۆکەوانین و، دەیانەوێ بەتەواوەتیی بازاڕی ئێران داگیر بکەن. بەم شێوەیە، لەسایی سیاسەتی واشێنگتۆنەوە، رۆژ لەگەڵ رۆژ، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی چین و رووسیا، لە ئێران سەقامگیرتردەبێت".**

خوێندنەوەی ئەم دوو کۆپلەیە لەگوتاری حەفتانەی **"نیووزویک"**، هۆی سەرەکی و بنەڕەتیی ناکۆکیی دەوڵەتەکانی چین و رووسیا، لەبەرامبەر ئەمریکا و ئینگلیز و فەرەنسا، لەنێو کۆمەڵی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەخاتەڕوو.

هەر لەم پێوەندەدا، **هاشمی رەفسەنجانی،** گەورە کاربەدەستی رژێمی ئێران، رۆژی (**21/12/2007**)، لەکاتی نوێژی هەینی لەزانستگەی تاران، سەبارەت بە گوشاری ئابووریی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەی، گوتی: **"گوشارەکانی ئابووریی ئەمریکا، هیچ کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئێران نەبووە و، تەنیا زیانی بە ئەمریکا خۆی گەیاندووە!"**

**ئەم وتەیەی** هاشمی رەفسەنجانی، راستیی بۆچوونەکەی گۆڤاری **News Week** دەسەلمێنێ، هاوکات ئەو نهێنییەش ئاشکرادەکات، کە کاربەدەستانی گەورەی ئێران، بۆ شکستپێهێنانی پرۆژەی ئەمریکا لەدژیان، بەزانیاریی تەواوەوە سیاسەتی نێزیکبوونەوەیان لە **رووسیا** و **چین** و **ئیتالیا** و **ئۆتریش (نەمسا)** هەڵبژاردووە. **ئایەتۆڵلاکان و کاربەدەستانی ئێران، بەهەموو شێوەیەک تێدەکۆشن تاکو بە هاوبەشیی لەگەڵ رژێمەکانی کوبا و کوریای باکوور و سووریا و بەشێک لە رژێمەکانی ئەمریکای لاتین و، رژێمی سودان لە ئەفریقا و رووسیا و چین، بلۆکێکی نوێ لەدژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێکبهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن گوشاری ئەمریکا و رۆژاوا بۆ سەر رژێمەکەیان کەم بکەنەوە و، بەیارمەتیی تەکنۆلۆژیای رووسیا و کوریای باکوور و چین، دەستیان بەچەکی ئەتۆم و جۆرەها چەکی دیکەی کۆمەڵکوژ بگات و، ئەو چەکوچۆڵانە بکەن بە قەڵخانی پاراستنی رژێمەکەیان لەبەرامبەر هەر جۆرە هەڕەشە و هێرشێکی دەرەکییەوە بۆ سەر ئێران.** ئەوجا ئەو خەونەیان لەنێوچەکە بهێننەدی، کە دروستکردنی ئیمپراتۆرییەکی شیعەیە لەنێو جیهانی ئیسلامدا.

شایانی باسە، پشتگیریکردنی ئەو حکوومەتانە لەئێران، تەنێ پێوەندیی بە دانووستان و ساتوسەودای ئابووری و بازرگانییانەوە نییە کە لە گەڵ ئێران هەیانە، بەڵکو هۆی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە، ئەو رژێمانە خۆشیان، لەریزی رژێمەکانی تۆتالیتیر و دیکتاتۆر و سیستەمی تاکەحیزبین و، بیری دژ بە ئازادی و دیمۆکراسییان هەیە. بۆنموونە **سەرۆکی وڵاتی رووسیا (ڤلادیمیر پۆتین)**، کە پێشتر ئەندامی دەزگەی سیخوڕیی یەکێتیی

سۆڤێت بوو، ئەورۆکە یەکێکە لەسەرمایەدارەکانی گەورەی فدراسیۆنی رووسیا و، خاوەنی دەیان کۆمپانیای گەورە و بچووکە. هەروەها لەکەرتی نەوت و گازی وڵاتدا خاوەنی **37%** یەتی کە لەبازاڕدا نرخەکەی بە **20** ملیارد دۆلار مەزەنە دەکرێت.

سیستەمی سیاسیی ئەو رژێمانەی ئێران بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی نێویاندەبات، بەشێوەیەک دارێژراوە، کە هەردەنگێکی ئازادیخوازانە بەبیانووی پیلان و نەخشەی بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەیان بەتوندی کپ دەکەن و، هەرجۆرە داخوازییەکی دەرەکییش کە لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و، دنیای ئازادەوە بۆ رێزگرتن لە دیمۆکراسی دەکرێ لێیان، بەنیشانەی دەستێوەردانی دادەنێن لەکاروباری نێوخۆی وڵاتەکەیاندا و، دژایەتیی دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین، سەرەڕای بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیی جیاواز، کە لە نێوانانیاندا هەیە، رژیمەکانی کۆمۆنیست و ئیسلامیی توندڕۆ و رژێمەکانی دیکتاتۆر، لەبەرەیەکی هاوبەشدا یەکیانگرتووە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، هاوپەیمانانی هاوستراتیژی **(ئینگلیز و ئیسرائیل)**، پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤێت، بەتایبەتیی پاش رووداوی **(11ی سێپتەمبەری ئەمریکا)**، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان لە جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتیی، ستراتیژێکی نوێیان هەڵبژاردووە کە تەواو بەپێچەوانەی سەردەمی **"جەنگی سارد" ە**. ئەم ستراتیژی نوێیە، بریتییە لە دابەشکردنی ئەو ولاتانەی پڕحەشیمەتن و سەرچاوەی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، هەڵچوون و، قەیرانی سیاسین، بە چەندین ولات و دەوڵەتی بچووکتر وەک **(پاکستان و ئێران و عێراق و تورکیا و ئەفغانستان و سۆدان)** و، لەنێوبردنی بزووتنەوەی چەکداری و ئەو رێکخراوە سیاسی وچەکدارییانەی نێویان پێشتر خراوەتە لیستی **"تێرۆریست"**، یان لەداهاتوودا دەخرێنە لیستەکەیانەوە، هەروەها لەنێوبردنی پاشماوەی رژیمەکانی کۆمۆنیستی و،

گۆڕینی رژێمەکانی دیکتاتۆر و، هێنانەسەرکاری رژێمی دیمۆکرات لەجێیان، کە رێز لە دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بگرن.

رووخاندنی خێرای رژێمی تاڵەبانەکان لە ئەفغانستان و، رژێمی بەعس لەعێراق لەساڵی **2003**، جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا و دەوڵەتەکەی، بەسەرکەوتنی هەرچی خێراتری ستراتیژی نوێی ئەمریکا لەنێوچەکە گەشبینتر کرد. هاوکات، جۆرج بوش تووشی لەخۆباییبوون و لووتبەرزییەکی وەها بوو کە دەستبەجێ بیرۆکەی رووخاندنی ئێران و سووریای هێنایە ئاراوە، بەوەشەوە نەوەستا و، داوای لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی وەکو **تورکیا و میسر و سعوودی و کوێت** و ... هتد کرد، کە دەبێ مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا بپارێزن و، زەوینە خۆشبکەن بۆ ئەنجامدانی راپرسی و رفراندۆم لەولاتەکانیاندا. ئەوجا پەنجەی بەرەو چین و رووسیا راکێشا و، داوای لێکردن مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا بپارێزن.

ئەم هەڵوێستە بەپەلە و هەڵنەسەنگێندراوەی سەرۆکی ئەمریکا و دەوڵەتەکەی، کە هێزەکانی بە هاوبەشیی لەگەڵ سوپای هاوپەیمانان لە عێراق، هێشتا بەتەواوەتیی سەرکەوتنیان مسۆگەر نەکردبوو، جموجۆڵێکی گەورەی لەنێو رژێمەکانی دژ بە ئازادیی نێوچەکە (بەدۆست و نەیاری ئەمریکا) وە پێکهێنا. رژێمی ئێران کە لە هەموو لایەنێک زیاتر هەستی بە مەترسیی دەکرد، بەهەموو توانایەکییەوە کەوتەخۆ و، رێکخراوەکانی **حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و بەدر و، سوپای مەهدی لە عێراق و لوبنان و فەلەستین پرچەک کرد و، هەزاران پاسداری ئیسلامیی، بەنێوی زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق، رژاندە نێو بەغدا و ئەو پارێزگانەی بەدەست شیعەکانەوەن.** لەولاشەوە لە **پاکستان و ئەفغانستان، پێوەندیی لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانی تاڵەبان و، "ئەلقاعدە"** گرت، بۆ ناردنی چەک بۆیان. رژێمی سووریاش هەر بەم شێوەیە، وڵاتەکەی کردە بەردەباز و پردی پەڕینەوەی هەزاران عەرەبی رەگەزپەرست لەوڵاتانی عەرەبی و، ناردنەوەی هەزاران کۆنەبەعسی و موسوڵمانی توندڕەوی سوننە بۆ نێو

عێراق. ئەوجا رژێمەکانی تورک و سعوودی و میسریش کەوتنەخۆ و، بەهەموویانەوە بارودۆخی عێراق و نێوچەکەیان بەم رۆژە برد کە بینیمان، کە ئەمریکا ناچار بوو بۆ ئەوەی بەتەواوەتیی کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی لەدەست دەرنەچێ، واز لە پرۆسەی بەدیمۆکراسیکردنی رژێمەکانی دیکتاتۆری هاوپەیمانی بهێنێت و، پشتیوانی لە **ژنەراڵ پەرویز موشەرەف** بکات و، هاودەنگیی لەگەڵ رژێمی رەگەزپەرستی ترکیادا بکات دژ بە بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە باکوور، ئەوجا داوا و تکا لە حکوومەتی سعوودی بکات، تاکو لە پشتیوانیکردنی بەرەی سوننە لەعێراق کەم بکاتەوە. سەرباری ئەمانەش، بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی، سەبارەت بە هێورکردنی بارودۆخی نێوخۆی عێراق، چەند جارێک لە بەغدا لەگەڵ باڵوێژی ئێران کۆببێتەوە...

هەر لەم پێوەندەدا، دەتوانین ئاماژە بە خاڵێکی لاوازی دیکەش بکەین لە دارشتنی ستراتیژی نوێی ئەمریکا، کە لە شێواندنی بارودۆخی عێراقدا کارکردی هەبوو، ئەویش کەمئەزموونی و نەشارەزاییی دارێژەرانی ستراتیژی نوێی ئەمریکا بوو لەجێبەجێکردنی پرۆژە نوێیەکەیاندا کە پەرەپێدانی دیمۆکراسییە لەولاتانی پاشکەوتووی جیهان. هیچ تاقیکردنەوە و ئەزموونێکی پێشووتریان لەو بارەوە نەبوو. چۆنکە بەدرێژاییی دەیان ساڵ و، تا پێش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت، ستراتیژی ئەمریکا، بریتیبوو لەئەنجامدانی کودەتای سەربازی و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی رژێمەکانی سەر بەبلۆکی رۆژهەلات و، لاوازکردنی بەرەی **"سۆسیالیزم"**. لەو پێناوەشدا، بەدەیان سەرۆک و دیکتاتۆری ولاتانی گۆڕیبوو، لەجێیان دیکتاتۆر و ملهۆڕی دیکەی دانابوو. هەروەها بەکارهێنان، یان لەنێوبردنی دەیان بزووتنەوەی رزگاریخوازیی لەوانە **"شۆرشی ئەیلوول"** و، بەختکردنی سەتان ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی پلان و نەخشەی سەربازی و سیخوڕیی لەجیهان، بەڕێوەبەرانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکای لەرادەبەدەر شارەزا و قاڵ و پڕئەزموون کردبوو. بەلام پاش

هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت، بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر، بەرژێمی دیمۆکراسی و، پەرەپێدانی ئازادی و دیمۆکراسیی لە وڵاتەکانیاندا، دیاردەیەکی نامۆ و تازە بوو بۆیان. هەر ئەوەش بوو، پاش لەنێوبردنی ڕژێمی سەددام، بێئاوڕدانەوە بە تایبەتمەندی و جیاوازی ئاینی و سیاسی و کەلتووریی نێوان گەلان و ئاینەجیاوازەکانی عێراق، بێ لەبەرچاوگرتنی ناهۆشیاری سیاسی و کۆمەلایەتی و، زاڵبوونی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرستانە و دژ بە ئازادیی لەنێوچە و هەرێمەکە، ئەلتەرناتیڤی ئەمریکا بۆ حکوومەتی نوێی عێراق، لەکۆکردنەوەی چەند سەرکردەیەکی کورد و چەند عەرەبێکی سوننە و شیعە لەدەوری یەک و، هەڵڕشتنی ملیۆنان دۆلار بۆیان، ڕەنگیدایەوە و، لەو باوەڕەدا بوو، دیمۆکراسی بەزوویەکی زوو لە عێراق دەچەسپێ و، عێراق دەبێتە نموونە و سەکۆی هاویشتنی دیمۆکراسی بۆ ولاتانی نێوچەکە. ئەوجا **شەپۆلی ئازادی و دیمۆکراسی لە نەجەف و کەربەلا و تکریتەوە هەڵدەستێ و، لێوارەکانی دەگاتە ئەوپەڕی سنوورەکانی یەمەن و سودان و پاکستان و کشمیر.** بەڵام کاتێکیزانی بەشێکی زۆری ئەو پارە و چەک و بووجەیەی بۆ چاندنی تۆوی دیمۆکراسی ناردوویەتە عێراق، لەلایەن ئەو کەسانەوە دزراوە و لرف دراوە کە پشتی پێیان بەستبوو.

ئەوڕۆکەش، پاش تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن و، لەسەرەتای ساڵی **2008**، هێزەکانی ئەمریکا بە **فڕۆکەی فانتۆمی "F16"**، ئەو گەڕەکانەی بەغدا و، شار و شارۆچکانەی عێراق بۆمباباران دەکەن کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆنە بەعسییەکان و چەکدارەکانی **"ئەلقاعدە" و، سوپای مەهدی (سەر بە ئێران)** دایە. واتە پاش چوارسال هێشتا کۆنترۆڵی بەغدای بۆ نەکراوە.

بێگومان، ئەمریکا، ئەگەر لەسەر سیاسەتی پێکەوەلکانی زۆرەملیی عێراق بەردەوام بێت، ڕەنگە بتوانێ بەشێوەی کاتی و بەزەبری چەک و ڕژاندنی پووڵ وپارە بۆ سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکان و لایەنە سیاسییەکانی

کورد و عێراقی، هێمنی و ئاسایش بەسەر عێراقدا بسەپێنێ، بەڵام لەداهاتوویەکی نێزیکدا کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە و، ئاژاوە و خوێنڕشتن هەموو عێراق دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ڕێگە چارەی ڕاست و گەنجاو ئەوە بوو، هەر لەسەرەتاوە، واتە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام، بە هاوکاری و چاودێریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆی کورد و عەرەبی سوننە و، شیعە دابەشبکرایە. بەوەش، لەلایەک شەڕ و خوێنڕشتن و ئاژاوە و دەستێوەردانی وڵاتانی دیکتاتۆری دراوسێی عێراق لەنێو دەچوو، لەلایەکی دیکەشەوە، ئاوەدانی و پڕۆژەکانی ئابووری و ئاسایشی پێویست بۆ خستنە گەڕی سەرمایە دابیندەکرا، کە ویست و ئامانجی سەرەکیی ولاتانی گەورەی پیشەسازییە لەنێوچەکە. بەڵام بەهۆی هەڵە و نەشارەزایی ئەمریکا، لە جێبەجێکردنی سیاسەتی نوێی لەنێوچەکە و، سازکردنەوەی عێراقی نوێ، ئەوجارەیان هەلی ڕەخساند بۆ عەرەبی شیعە، کە ماوەی پتر لە هەشتاساڵ لەژێر چەپۆکی عەرەبی سوننەدا بوو. هاوکات، دەرفەتێکی زێڕینیش بوو بۆ ڕژێمی ئێران، تاکو بەهۆی پێوەندیی ئاینیی لەگەڵ شیعەی عێراق، ناڕاستەوخۆ و، لەماوەیەکی کورتدا دەسەڵاتی خۆی لە عێراق و، نێوچەکە بباتە پێشەوە و، کێشە و کۆسپێکی ئەوتۆ بۆ ئەمریکا سازبکات، کە ناچاربێت لەگەڵی بکەوێتە دانووستانەوە....

بەڵام، سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و گیروگرۆیانە لەنێوچەکە سەریانهەڵداوە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لێناگەڕێن کە ئێران هەروا درێژە بە ملهوڕی و پەرەپێدانی ئاژاوە لە نێوچەکە بدات. هەبوون و ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل و چارەنووسی ستراتیژی سیاسیی ئەمریکا و، بەرژەوەندییەکانیان لە نێوچەکە، بەسەرکەوتنیان لە جەنگی عێراقەوە گرێدراوە. تا ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لەسەر دەسەڵات بمێنێت، بەرژەوەندییەکانیان و ئاسایشی وڵاتانی هاوپەیمانیان لە مەترسیی بەردەوامدا دەبێت. لەبەر ئەوە لەداهاتووکی نێزیکدا هێرش دەکرێتە سەر

رژێمی ئێران و، بەوێنەی رژێمی خوێنخۆر و کوردکوژی بەعس، لەگۆڕ دەنرێت، بەڵام پێش رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی، بەگەورەکردنەوەی مەترسیی ئێران لای وڵاتانی کەنداو، لەپێشدا سی – چل ملیارد دۆلارێک چەک و تەقەمەنیی دەفرۆشن پێیان، بەنێوی ئەوەوە لەئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەریان، دەبێ بتوانن بەرگریی لەخۆیان بکەن. لەبەر ئەوە پێویستیان بە چەکی مۆدێڕن و، دامەزراندنی پێگەی سەربازیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە شوێنە ستراتیژییەکانی کەنداودا دەبێت...!

**جارێ ئەوە یەکەم وەجبەی فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی کوێت و بەحرێن و قەتەر و عەرەبستانی سعوودی و عومان، بڕیاری لەسەر درا و، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش لە سەردانەکەی بۆ کەنداو، کە لەنیوەی مانگی یەکی 2008، ئەنجامیدا، رێککەوتننامەی ناردنی راکێت و چەکی دیکەی لەگەڵدا مۆرکردن، کە بایی بیست ملیارد دۆلارە...**

# پڕۆژەی رووخاندنی
# رژێمی ئێران
# و،
# حیزبحیزبێنە و شەڕەگەڕەکی
# سەرکردەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان!

لەماڵپەڕی کۆنگرە و، چەنددین ماڵپەڕی دیکەدا
بڵاوکراوەتەوە
24/10/2007

رۆژ لەگەڵ رۆژ، پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتر دەڕوات. کێشەی ئەفغانستان، عێراق و لوبنان و فەلەستین، بە ئاڵۆزی و چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی باڵای لە پشێوی و تێکدانی بارودۆخی سیاسی و، ناسەقامگیریی ئاسایشی ئەو وڵاتانەدا هەیە. هەروەها، راپۆرتی دەزگەکانی ئاسایشی ئەمریکا و پاکستان، ئاماژە بە پشتگیری و هاندانی ناڕاستەوخۆ و بەنەخشەی ئێران، لەنێو رێکخراوە و کۆڕوکۆمەڵی ئیسلامیی لە پاکستاندا دەکەن.

لەئالیی دیکەوە، دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەماوەی بیست ساڵی رابوردودا، بەشاردنەوەی پڕۆژەی سازکردنی چەکی نێڤۆکیی، بووجەیەکی زۆریان بەختکردووە، بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە چەکی ئەتۆم و، بیکەنە قەڵخانی پارێزگاریکردن لە خۆیان و رژێمەکەیان. بەڵام

پاش ئەوەی سێ ساڵ لەمەوبەر پرۆژە نهێنییەکەی لای کۆمەڵی نێودەولەتیی ئاشکرابوو، کەوتە سەرپێچیکردن و، تاکو ئەمڕۆ ئامادە نەبووە بچنە ژێر داوای کۆمەڵی نێودەولەتیی بۆ چاودێریکردنی نێوەندەکانی ئەتۆمی و، گەلێک جاریش بە گاڵتە و تەشەر و هەڕەشەوە، وەرامی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی داوەتەوە. سەرباری ئەمانەش، کاربەدەستانی ئێران، هێشتا دەستیان بەچەکی ئەتۆم نەگەیشتووە، هەڕەشەی لەنێوبردنی ولاتێکی وەک ئیسرائیل دەکەن.

**سەرکۆماری ئەمریکا – جۆرج دەبلیو بوش،** لەگەڵ کاربەدەستان و راوێژکارانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەوە کە، هێشتنەوەی کێشەی ئێران بەم شیوەی ئێستای، نەتەنێ کارکردی خراپی بۆ سەر هەڵبژاردنەکانی گەڕی داهاتووی سەرکۆماریێتیی ئەمریکا و، حیزبی کۆماریی لەساڵی داهاتوودا دەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفرە کار دەکاتە سەر تێکدانی ستراتیژ و لاوازبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، هاوپەیمانانی لەنێوچەکە. لەبەر ئەوە، پێش کۆتاییهاتنی سەرکۆماریێتیی جۆرج بوش، شەڕێکی گەورە لە دژی رژێمی ئێران دەستپێدەکات. ئامادەکارییەکانی گەورەی سەربازیی، لە چەند مانگی رابردووەوە لەلایەن هیزەکانی زەریایی و ئاسمانی و زەوینیی ئەمریکاوە دەستپێکردوە. سەرەتای مانگی ئەگوست (گەلاوێژ) ی ئەمساڵ، مانۆڕێکی گەورە لە دوورگەی **"گوام"** لە زەریای ئارام بەڕێوەچوو. لەم ئامادەکارییە سەربازییەدا، چەندین پاپۆڕی گەورەی جەنگیی، لەگەڵ **30** پاپۆر و پاپۆڕشکێنی تایبەت بە سوپای زەریای و، **280** فرۆکەی جەنگی و **22000** سەرباز و مەلەوان بەشدارییان تێدا کرد. شایانی باسە، لەکاتی مەشقی جەنگیی ساڵی رابردوودا، فەرماندەکانی سوپای ولاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لەنێزیکەوە چاودێریی مەشقەکەیان دەکرد، بەلام مەشقی جەنگیی ئەم ساڵ، بەبێ چاودێریکردنی فەرماندەکانی ولاتانی هاوپەیمان

بەڕێوەچوو. **جێگری سەرکۆمار – دیگ چێنی، هەروەها رابێرت گەیتس – وەزیری بەرگریی ئەمریکا** رایانگەیاندووە، بۆ پارێزگاریکردنی **"ولاتانی دۆست"**، ئەم هێزانە لە نێوچەی کەنداو ئامادە دەبن.

ئایەتۆڵلاکان و دەسەلاتدارانی ئێران، بەتەواوەتیی هەستیان بە پلانی جەنگیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و رژێمەکەیان کردووە و، ئەمەش لە قسەکانی **سەرلەشکر جەعفەری**، فەرماندەی تازەی سوپای پاسداراندا دەردەکەوێت، کە لە هەژدەیەمین کۆبوونەوەی گشتیی فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئاماژەی پێکرد و، گوتی:

**"ئەوڕۆکە، ئێمە لە گەمارۆی سەربازیداین. دوژمنان، سەرەرای بەختکردنی بووجەیەکی زۆر و کۆکردنەوەی هێز وچەکوچۆڵێکی زۆری جەنگیی، ناتوانن تەنانەت خێسەیەکیش لە ئێران بکەن، چۆنکە دەزانن هێزەکانی سوپای پاسداران و "بەسیج"، بەتەواوەتیی ئامادەن. هاوکات، پیلان و ئاژاوەگێڕیی نێوخۆیی لەرابوردوودا پشتی زۆربەی شۆرشەکانی لە جیهان شکاندووە، شۆرشی ئیسلامیی ئێرانیش لەنێوخۆوە لەمەترسیدایە و، بێگانەکان چاویان بڕیوەتە ئاژاوەنانەوە و، پیلانی بەکرێگیراوان و، لایەنگرانیان لەنێوخۆی ولات...". فەرماندەکانی دیکەی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی هەریەکە و، لەئاستی خۆیانەوە، لە لێدوانەکانیاندا سەبارەت بە ئامادەیی تەواوی هێزەکانی (بەسیج و سوپای پاسداران) بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی دەرەکییەوە دواون.**

**وتەکانی کاربەدەستانی سیاسی و لەشکریی ئێران، ئەو راستییە دەردەخەن کە ئایەتۆڵلاکان و، کاربەدەستانی ئێران، بەتەواوەتیی لەهێرشی ئەمریکا دڵنیان، هاوکات، بەرنامەی هێرشی ئەمریکایان کردووەتە بیانوو و رەوایەتیدان بۆ ئەو شەپۆلە بەردەوامەی لەلایەن ئەحمەدینژاد و بەفەرمانی وەلی فەقیە" وە لە کوردستان و، سەرتاسەری ئێران خستوویانەتەڕێ و،**

**بەهۆیەوە تەنیا لەماوەی سێ ساڵی رابردووەوە، بەسەتان تێکۆشەر و ئازادیخواز گوللەبارانکراون و بەهەزارانیش تووشی گرتن و، شکەنجە و، ئازار هاتوون، یان بەناچاری وڵاتیان بەجێهێشتووە.**

بەکورتی، حکوومەتی ئەمریکا و، دنیای ئازاد بە گشتیی، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەوە کە سەرچاوەی هەموو ئاڵۆزی و ئاژاوەیەک لەنێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین و، لەهەموو جیهان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، تا ئەم رژێمە لەسەرکار بمێنێت، نێوچەکە رووی هێمنی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت. هەر بۆیە، پێوەندی و هاودەنگییەکی زیاتر لە نێوان ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و، ولاتانی ئازاد و دیمۆکراتدا سەریهەڵداوە. بەردەوامبوونی رژێمی ئێران لە سەرەڕۆیی و ملهۆڕیکردنی بەرامبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتیی، ئەو پێوەندی و هەڵویستە هاوبەشە جیهانییە، خێراتر و چڕتر و، پتەوتر دەکات، کە ئەنجامەکەی لەداهاتوویەکی نێزیکدا بەلێدانی گورزی سەربازی و، بۆمبابارانکردنی قورسی نێوەندەکانی لەشکری و ئابووری و، لەنێوبردنی دەسەلاتی رەش و نگریسی کۆماری داگیرکەری ئێران، کۆتایی دێت...

حکوومەتی ئەمریکا، بەوێنەی ئەو پرۆژەی پێش رووخانی سەددام بۆ عێراقی دانابوو، ماوەی چەند ساڵێکە سەرقالی سازکردنی ئۆپۆزسیۆن و داتاشینی حکوومەتی داهاتووی ئێرانە. ئەم حکوومەتە داتاشراوەش، لە کوڕەکەی حەمەڕەزاشا (رەزاشای دووەم) و ژنەکەی حەمەڕەزاشا و، ژنەراڵەکان و کاربەدەستانی پێشووی رژێمی پاشایەتیی، هەروەها کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووس و شارەزای سیاسی و تێکنۆکراتی کۆن و تازەی ئێرانی پێکهاتوون، کە دانیشتووی وڵاتانی ئەمریکا و وڵاتانی ئۆروپان. درۆشمی ئەمانە بەڕواڵەت دیمۆکراسی و، مافی مرۆڤ و ئازادییە بۆ ئێران، بەڵام ئامانج و ستراتیژی سیاسییان، پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێران و، دەستەبەرکردنی دەسەلاتدارێتیی نەتەوەی فارسە. بەشێکی زۆر لە

بووجەی دەیان ملیۆن دۆلاریی ئەمریکا کە بۆ پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەستنیشانی کردووە، دەدرێت بەم پێکهاتەیە و، **تلەڤیزیۆنی ئەمریکا – بەشی فارسی و چەندین تلەڤیزیۆنی وەک Pars TV و Shannel One و رادیۆی** (صدای ایران) **و چەندین ماڵپەڕ و رۆژنامەی وەک (کیهان لندن)، هەروەها بەشێک لەکاتی بەرنامەکانی TISHK TV ی (بەشی فارسی) حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران،** بەرێخستنی بەیت و بالوورەی **ئێرانێکی ئازاد و دیمۆکرات و (ئێران بۆ هەمووان!!)**، کار بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکە رەگەزپەرستانەیە لە نێومێشکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێراندا دەکەن.

شایانی باسە، پلانی لاوازکردن و، تواندنەوەی بەکاوەخۆی **رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران** لەلایەن ئەمریکا و، کۆکردنەوە و چاودێریکردنیان لەنێو پێگەیەکی سەربازیی لەعێراق و، نێوناسکردنیان بە **تێرۆریست،** لەلایەن ئەمریکا و ئۆروپاوە، هەروەها پێشگرتن لە چالاکیی سیاسی و رێکخستن و جموجوڵی چەکدارییان، بۆ ئەوەیە، هەر لە ئێستاوە رێکخراوەی موجاهدین بەڕادەیەک لاواز بکەن کە پاش لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامیی ئیران، دوارۆژ لەبەردەم حکوومەتی دەستنیشانکراوی رۆژاوا و، بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران، نەتوانێت ببێتە کۆسپ و لەمپەر. بەتایبەتیی پاش رووخانی رژێمی مەلاکان، دەوڵەتانی رۆژاڤا رێگەنادەن جارێکی دیکە و، بەنێوێکی دیکەوە، حکوومەتێکی تازەی ئیسلامیی لەئێران دابمەزرێتەوە.

لەم پێوەندەدا و، لە دۆخێکی هەستیار و چارەنووسسازی وەک ئەمڕۆ، کە بەرەڕووی رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان بووەتەوە، باشترین هەلی مێژوویی بۆ سەرکردەیەتیی حیزبەکانی رۆژهەڵات هەڵکەوتووە، تا پەلە بکەن لەسازکردنی بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی و، لەنێوخۆیاندا چەند کۆمیتەیەک بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی چالاکی و براڤی جەماوەریی دروستبکەن، هێزی چەکداریان یەکبخەن و، بناخەی سوپای رزگاریخوازی کوردستان دابرێژن. هەروەها کۆمیتەیەک بۆ پێوەندیی دیپلۆماسیی

لەکەسانی زانا و شارەزا و سیاسەتزان و نیشتمانپەروەر پێکبهێنن و، بەنێوی بەرەی نیشتمانییەوە لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئۆروپا و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە ئەنجامبدەن و، داوایان لێبکەن کە دوای رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران، لە رۆژهەڵاتی کوردستان راپرسییەکی فەرمی و ئازاد ئەنجامبدرێت. **بەڵام مخابن، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنێ لەو بوارانەدا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو بەوپەڕی سەرسوورمانەوە، لەنێوخۆیاندا بەگەرمە سەرقاڵی جنێودان و هاندان و تیژکردنەوەی کەسانی ساویلکە و، چەقۆوەشێن و، گۆپاڵ بەدەستن لەدژی ئەندامانی ناڕازی و، رەخنەگر و، دەستیانکردووە بەتێرۆری کەسایەتیی یەکدی و، گەلێک تاوان و تۆمەتی ناڕەوا و، شیاو و نەشیاو دەدەنە پاڵ یەک. ئەوجا لە ئۆروپا و، ولاتانی سکاندیناڤیا کە بە نێوەندی ئازادی و دیمۆکراسی لەجیهان دەژمێردرێت، شاندی ئەم بەنێو حیزبە کوردییانە، هاتوچووی پۆلیس و ئۆرگانەکانی سیاسی و، دیپلۆماسیی ئەو وڵاتانە دەکەن و، ئاگاداریان دەکەنەوە، کە "حیزب" یان "ڕیکخراوە" (رەسەن) هکە (ئێمەین) و، ئەو دەستە و خەڵکەی دیکە پێوەندیتان لەگەڵ دەگرن، (ناڕەسەنن) و، لەئێمە نین و، دەرکراون!! ئەوجا نێوزڕاندنی یەکدی بە دزیکردن و، تاڵانکردنی کەلەپەلی رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەلوپەلی بنەماڵەی پێشمەرگە و ... هتد، لە ئۆروپا و لە کوردستان و، بلاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕ و بلاوکراوەی حیزبیدا، هەموو کوردێکی بەشەرەف و خاوەن هەستی سەرسام کردووە، کە ئەمە جگە لەوە کە شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ کورد، کە پاش تێپەڕبوونی نێزیک بە نەوەدساڵ بەسەر دابەشکردنی کوردستان و،** سیی ساڵ خەبات و قوربانیدان و رابوونی بەردەوامی گەلی کورد لە رۆژهەڵات و، لەنیوچوونی دەیان هەزار رۆڵەی کورد، حیزبە سیاسییەکانی بەم شێوە دواکەوتووانە و ناشارستانییانە کێشەکەی بە دۆست و بە دوژمن و بە دنیای دەرەوە بناسێنن، هاوکات، وانەیەکی گەورە و بەنرخیشە بۆ ئەو بەشە لە ئەندامانی

حیزبەکان کە بەڕاستی و دڵسۆزییەوە خەباتیان کردووە و، نایانەوێ چیدی و، لەوە زیاتر، ببنە ڕێخۆشکەر و بەردەباز بۆ ئامانجی ناتەوەییانەی کۆمەڵێک بازرگانی سیاسیی، تا بیرێکی کوور و بنەڕەتیی لە خەباتی داهاتووی خۆیان و چارەنووسی نەتەوەی کۆیلە و بندەسیتان بکەنەوە و، ڕێیەکی راست و پاگژ هەڵبژێرن و، لە سەرلێشێواوی و ناهومێدی خۆیان رزگار بکەن و، بە کردەوە خزمەتی رزگاریی گەلەکەیان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن.

ئەوڕۆکە، چالاکترین ڕێکخراوەی سیاسی و چەکداریی لە رۆژهەلات، **پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)** ە. ئەم پارتە سیاسییە (پژاک)، ئەگەرچی لە وتەدا، خۆی بە حیزبێکی نوێخواز و، داهێنەر نێودەبات، کەچی ئەمیش هەروەک حیزبەکانی دیکەی رۆژهەلات، درۆشمی **"فێدراڵیی"** لەچوارچێوەی ئێراندا هەڵگرتووە، لەکاتێکدا ئەوەی ئەلفوبێی سیاسی بزانێ، دەزانێت کە هەڵگرتنی درۆشمی فیدراڵی لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا، درۆشمێکی نابابەتانە و، نازانستانەیە و، فیدراڵی و کۆنفێدراڵی و، ئۆتۆنۆمی، تایبەتن بە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو حکوومەت و کۆمەڵگانەی کە فەرهەنگی دێمۆکراسی و بیری ئازادیخوازی و یەکسانیی، مێژوویەکی دوورودرێژی لەنیویاندا هەیە و، لەنێو ئەو وڵاتە دواکەتووانەی کە دیکتاتۆری و سەربڕین و هەڵواسین و لەسێدارەدان لە پێش چاوی خەڵک، خۆتەقاندنەوە و بەردەبارانکردن و، بیری رەگەزپەرستیی، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە کولتوورییانەوە هەیە و، مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە لەنێویاندا، فیدراڵی و پێکەوەژیان و دابەشکردنی دەسەلات و مافی وەکیەک، سەرناگرێ و، سەقامگیرنابێت. لەبەر ئەوە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشینی چەکدارانەی ئەوڕۆکەی (پژاک)، بەوێنەی حیزبەکانی دیکە، بەستنەوەی خەبات و کێشەی رزگاریخوازانەی کوردە بە چوارچێوەی سنووری داگیرکەری ئێرانەوە و، لەڕووی سیاسی وئامانج و بیروباوەڕەوە،هیچ گۆڕانکاری و داهێنانێکی نوێی تێدا

بەدیناکرێت. هەر بۆیە، شەڕوشۆڕی ئەم دواییانەی پژاک و، لەشکرکێشیی نوێی هێزی داگیرکەری ئێران بۆ نێوچەکە و، تۆپبارانکردن و، ئاوارەبوونی دانیشتووانی نێوچەکانی سەرسنوور، بەوێنەی خەباتی سی ساڵی رابوردووی حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵات، دەبێتە هۆی تەفرەدان و دواخستنی زیاتری کێشەی رەوای کورد و، بەفیڕۆدانی خوێنی رۆڵەی کورد و، زیانگەیاندن بە ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی کورد!

بەکورتی، کولتوور و بیری تەسکی حیزبایەتیی، بەرادەیەک کارکردی لەسەر ئەندامانی سەرکردەیەتی و تێکڕای ئەندامانی حیزبەکان داناوە کە تەنانەت پاش سەرهەڵدانی قەیران و ناکۆکی نێوخۆیی و جیابوونەوەی بەشێکیان، بەهیچ شێوەیەک هومێدی ئەوەیان لێناکرێت، رێبازیکی راست و نەتەوەییانە هەڵبژێرن. چۆنکە پاش جیابوونەوەیان، بەر لە هەر شتێک بیر لە تۆڵەسەندنەوە لە هاوڕێیانی پێشوویان دەکەنەوە و، ئەلتەرناتیڤ و، رێگەچارە لەوەدا دەبیننەوە، حیزبێکی تازە بەئامانجی لاوازکردن و شەرمەزارکردنی سەرکردەیەتیی حیزبەکە پێکبهێنن، کە رەنج و ماندووبوون و، تێکۆشینی دەیان سالەیانی بەفیڕۆداوە و، لەدانی پلەوپایەی حیزبی و دەسەڵاتدا حیسابیان بۆ نەکردوون... . بەم چەشنە، هەتادێ ناکۆکی و، ئاژاوەی نێوخۆیی و دوژمنایەتی و، شەڕە قۆچەقانێی حیزبایەتیی پتر پەرە دەستێنێ. ئەوەش وا بەخەیاڵدا نایەت و، نێوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نییە و، پشتگوێ دەخرێت، نەتەوەی کورد و، کێشە رەواکەی و، بیری رزگاری وسەربەخۆییە.

**چاوکانیی ئەم سەرلێشێواوی و بێسەروبەرییەی باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کێشاوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە حیزبەکانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لەسەر بیروباوەڕ و، بناخەیەکی زانستی و نەتەوەیی دانەمەزراون. خەبات و تێکۆشینی سیاسی و حیزبییان گرێداوە بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر و، لەپێناو بەڕەسمی ناسینی حیزبەکەیان لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکەوە، بانگەواز و پرۆپاگەندەیان بۆ هاوڵاتیبوون**

**لەچوارچێوەی ئەو ولاتانەدا کردووە کە کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە. هەروەک شەهید دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکیدا گوتبووی: "ئێمە لەهەر ئێرانییەک، ئێرانیترین!". واتە دامەزراندنی حیزبەکان لە کوردستان، هاوکات بوو لەگەڵ وەلانانی ستراتیژی سیاسی و، نەتەوەیی و، دەستپێکردنی خەبات و قوربانیدان و، شەڕی چەکداری و، هێشتنەوەی خۆیان و گەلی کورد لە چاوەڕوانیی، بە هومێدی ئەوە کە حکوومەتی نێوەندیی ( بەگوتەی خۆیان، میری) بانگهێشتیان بکات بۆ وتووێژ. ئەوجا زۆربەی ئەو کەسانەش روویان لە حیزبەکان کردووە و، بوونەتە ئەندام و، پێشمەرگەیان، بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە، شوێن کۆمەڵێک درۆشمی بریقەداری هەڵخڵەتێنەر و نانەتەوەییانەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان کەوتوون، کە ئەو درۆشمانەش رۆژ لەگەڵ رۆژ، بەهۆی هۆشیاربوونەوەی چینی خوێندەوار و، رۆشنبیری کوردەواریی، بەرە بەرە بایەخ و نرخی خۆیان پتر لەدەستدەدەن.**

(شایانی باسە، لێدوان سەبارەت بە پەیدابوونی حیزب و، شێوەی دروستکردنی حیزبی سیاسی لە کوردستان، کە لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەریهەڵدا، بابەتێکی جیاوازە و لێکدانەوەی چڕوهوردی تایبەت بەخۆی دەوێ و، لەم باسەدا جێی نابێتەوە)

خوێنەرەوەی خۆشەویست!

**کەسایەتی و ئاوڕوو، پارێزگاری لە خاک و، نیشتمانی هەزاران ساڵەمان، پارێزگاریکردن لە کانزا و سامانی کوردەواریمان، ژیان و ناسنامە و، هەبوونمان وەک نەتەوە، بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە گرێدراوە. تا نەبینە خاوەنی ناسنامە و کیانێکی سەربەخۆی کوردی، دەبێ گومان لە هزر و هۆشیاریی خۆمان وەک مرۆڤ بکەین. مرۆڤی خاوەن هزر و کەسایەتیی، ناچێتە ژێرباری بندەستی و کۆیلەیەتییەوە. ئەوڕۆکە، رۆژی یەکگرتن و، تەبایی و هاوکاریکردنە لە دەوری درۆشم و بەرنامەی**

سەربەخۆیی کوردستان. لە داهاتوویەکی نێزیکدا، هێرش دەکرێتە سەر ڕژێمی داگیرکەری ئێران. تەمەنی نگریسی یەکێک لە کۆنەپەرستترین ڕژێمەکانی دنیا و، یەکێک لە دڕندەترین داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو، رووی لە تەواوبوونە. لە داهاتوویەکی نێزیکدا، کەش و دۆخێکی سیاسیی بەوێنەی باشووری کوردستان و عێراق، لە ئێران و، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دێتە ئاراوە. دەبێ کات بەفیڕۆ نەدرێ و، بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی، لەهەموو ئەو لایەن و کەسایەتی و، نیشتمانپەروەرانەی بڕوایان بە سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، پێکبهێندرێ و، پلاتفۆرمێکی هاوکاری و هاوخەباتی دابڕێژرێ و بەکردەوە، لەنێوخۆی وڵات و لەدەرەوە، خەباتی بۆ بکرێت. لەم بوارەدا نەتەوەییەکان و نیشتمانپەروەرانی راستینەی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئەوانەی هیوا و ئاوات و ئامانجیان بەختیاری و سەرفرازیی نەتەوەکەیانە، ئەرکی گەورەیان بە ئەستۆیە و، پێویستە خەباتی بێوچان بۆ بردنەسەری ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە وێنەی باشووری کوردستان بەلاڕێدا نەبرێ و، نەکرێتە قوربانیی گەیشتن بە کورسی و، پلەوپایەی کاتی و بەرژەوەندیی سەرکردەیەتیی حیزبەکانییەوە. دروشمی "رفراندۆم بۆ کوردستان" و "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، ببێت بە دروشمی سەر زمانی ژن و، پیاو و لاو و منداڵی کوردەواریی، لەسەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان!

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی رزگاری و، سەربەخۆییدا!

بۆ پێشەوە بەرەو رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان!

# ڕەخنەی "بان کی مۆن" سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕژێمی ئێران و، پشتگوێخستنی مافی دوانزە ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**سەروتاری گۆڤاری کۆنگرە ژمارە** (46)

**مانگی سێپتەمبەر (گەڵاڕێزانی)** 2008

**"بان کی مون سەرۆکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان"**، لە لێدوانێکیدا کە ڕۆژی **20**ی ئۆکتۆبەر بەڕێگەی ماڵپەڕی فەرمیی UN بڵاوکرایەوە، دەڵێ: (مافی ژنان بە ئاشکرا پێشێلدەکرێ و، بە بەراورد لە گەڵ سالانی پێشوودا چەوسانەوە بەرامبەر چینی ژنان پەرەی سەندووە. یەکسانی لە یاسای بنچینەیی ئێران سەبارەت بە ڕەگەزی نێر و مێ بەرچاونەگیراوە. هێزەکانی پۆلیس و لایەنگرانی توندڕەوی ڕژێم، هێرشدەکەنە سەر **"کۆمەڵی بەهایی"** یەکانی ئێران و، ئەم کەمایەتییە لەوەرگرتنی دەسەلاتی سیاسیی بێبەشکراون و، ڕێگەشیان پێنادەن خوێندنی بەرز لە زانستگەکانی وڵاتدا تەواو بکەن. سەرباری ئەمانەش، دوکان و ماڵ و دارایی و سامانیان تاڵاندەکرێ و، تاکو ئیستا ژمارەیەکی زۆریان گیراون و بەرەوڕووی شکەنجە و دارکاری بوونەتەوە و، هێندێکیشیان لەسێدارە دراون.

**حوکمی گوللەبارانکردن بۆ کەسانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ دەردەکرێت، کە ئەمە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی "مافی منداڵ"ن).**

**بان کی مون**، لەکۆتایی لێدوانەکەیدا، داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکات، پێداچوونە بکەن لە یاسای بنچینەیی وڵاتەکەیان و، بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی ئالوگۆڕی تێدا بکەن.

بێگومان، ئاماژەی کورتی بان کی مون، گرنگیی خۆی هەیە و، بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران بۆ دنیای دەرەوە ئاشکرا دەکات، هاوکات، سکرتێری **UN** و، سەرۆکی هەموو ئۆرگانەکانی نێونەتەوەیی و، تەنانەت تێکڕای سەرۆکی وڵاتانی دنیای ئازاد، ئەو راستینەیەش باشدەزانن، کە دەربڕینی گلەیی و گازندەکردن و رەخنەگرتن لە بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران بەهیچ شێوەیەک کاریگەرییان نییە و، لە داهاتووشدا نابێت. هۆکەشی ئەوەیە، کاربەدەستانی ئیران بەپێڕەوی لە دەستوور و یاسای ئاینییەوە بناخەی سیستەمی حکوومەت و، جۆری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان داڕشتووە و، ئەم بۆچوونەش لە نووسراوەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و، لە یاسای بنچینەیی ئێراندا بە تەواوەتیی رەنگیداتەوەتەوە. کاربەدەستانی ئێران، گەلێک جار لەوەرامی ئەو رەخنە و گلەییانەی لێیان کراوە، ئەوەیان نەشاردووەتەوە و، بە ئاشکرا گوتوویانە: **"ئێمە پێڕەوی لە یاسای ئیسلامیی دەکەین و، یاسای ئێران، دادپەروەرانەترین یاسای سەر زەوینە!"**. لەبەر ئەوە تا ئەم رژێمە لەسەر دەسەڵات بمێنیت، یاساکانی پەسندکراوی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بە هێند ناگرێ و، درێژە بە سیاسەتی دژ بە ئازادی و مرۆڤیی خۆیدەدات.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، یان کی مون، لەکات و رۆژانێکدا رەخنە لە پێشێلکردنی مافی ژنان و کەمینەی ئاینیی لە ئێران دەگرێت، کە بەدەیان رۆشنبیر و چالاکڤانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کورد، لەنێو بەندیخانەکانی ئێران و کوردستاندا، بۆ ماوەی مانگ و نیوێک دەستیاندابووە مانگرتنی سەرتاسەری و، چەندین نامە لەلایەن **KNC** و چەند رێکخراوەیەکی رامیاریی کوردییەوە بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی دژوار و نامرۆڤانەیان لەزیندانەکاندا، ئاراستەی **UN** و رێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرابوو. لێ مخابن سەرۆکی **UN** لە وتەکانیدا هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکرد، سەرباری پێشێلکردنی ماڤی مرۆڤ، رژێمی ئێران هەروەها ماوەی (**30**) ساڵی تەواوە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەی فارسی

بەرامبەر 12 ملیۆن کورد لە کوردستانی بندەستیدا پێڕەو دەکا! لەبەر ئەوە دەبێ، بەنووسراوە، ئەم پرسیارە ئاراستەی بان کی مون بکرێ، لە کاتێکدا ئەرکی UN پارێزگاریکردنە لە مافی نەتەوەکان و، پاراستنیانە لە جێنۆساید و تواندنەوەی رەگەزیی، هۆی چییە داوای لە کاربەدەستانی ئێران نەکرد، سیاسەتیان بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی بندەستیاندا بگۆڕن.

**لێرەدا، نابێ ئەم راستییەمان لەبیر بچێت کە هۆکاری سەرەکیی خۆگێلکردن و بێدەنگی و پشتگیرینەکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دنیای ئازاد لە کێشەی رەوا و رزگاریخوازانەی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە، هێشتا کورد خۆی نەیتوانیوە لەپێوەندیی لەگەڵ چارەنووسی سیاسیی خۆیدا، هەست بە بەرپرسیارەتیی بکا و، داکۆکیی لە مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆیبکات. پاش دەیان ساڵ خەباتی بەردەوام و قوربانیدانی بێئەژمار، هێشتا ستراتیژی سیاسی و ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی ناناسێت، هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستێک لێوەشاوەیی و زانیاری و لێهاتوویی خۆی لەبواری دیپلۆماسی و سیاسەتی نێونەتەوەییدا پێشانی دنیای دەرەوەی بدات، هێشتا نەیتوانیوە، لەهیچ بەشێکی نیشتمانی بندەستیدا، نێومالّی خۆی یەکبخا و، بەرە و نێوەندێکی کوردستانیی دابمەزرێنێ، بۆ ئەوەی لە بواری دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەدا، ببێتە دەمڕاست و زمانڕەوشی کورد. بیرۆکەی چەوت و نانەتەوەییانەی حیزبپەرستی و نێوچەگەرێتی و ئێرانچێتی و عێراقچێتیی و سووریاچێتیی، بەشەو و ڕۆژ بەڕیگەی میدیای حیزبەکانەوە، وەک ژارێکی کوشندە بەمێشک و دەماری گەورە و بچووکی جەماوەری کورددا بڵاودەکرێتەوە. ناکۆکیی حیزبایەتی و شەڕی دەسەڵات و، گەندەڵی و گەلێک دیاردەی چەوت و نابەجێی دیکە، بوونەتە کۆسپ و رێگر لەبەردەم سازکردنی نێوەند و بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی بە درۆشم وئامانجی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە.**

لەڕێگەی ئەم حیزبە کوردزمانە خۆ بەعێراقی و ئێرانی و تورکی و سووریازانانەوە، ناهومێدی و سەرلێشێواویی باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کێشاوە. هیچ حکوومەت و ئۆرگانێکی نێونەتەوەیی، حیسابی نەتەوەیەکی بندەست بۆ کورد ناکەن، کە خاکەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە زەوتکرابێت، هۆکەشی ئەوەیە، تێکڕای حیزبەسیاسییەکانمان لە دانووستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ داوودەزگەی سیاسیی دەرەوەدا، هەوڵ بۆ ناساندنی حیزبی خۆیان و، ئامانج و تێکۆشینی حیزبەکەیان لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا دەکەن. هیچ باسێک بۆ رزگاریی کورد و، سەربەخۆیی کوردستان ناهێننە گۆڕێ. ئەم چالاکی و تێکۆشینە بەردەوامەش کە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەیکات بۆ خستنەرووی کێشەکانی گەلی کورد بە جیهان و، بۆ دەستخستنی قەوارە و ناسنامەی سیاسیی بۆ نەتەوەی چل ملیۆنیی کورد، گەلێک جار لەلایەن ئەم حیزبانەوە کۆسپ خراوەتە سەرڕێگەی و دژایەتی و بەربەرەکانێکراوە.

بەکورتی، ئەگەر دەمانەوێ، خەبات و قوربانیدانی دەیان ساڵەمان بەفیڕۆ نەڕوات، ئەگەر دەمانەوێ دنیای دەرەوە، حیساب بۆ ماف و بەرژەوەندی و سنوور و دەسەلاتی سیاسیمان بکات، ئەگەر دەمانەوێ، شکەنجە و دارکاری و لەسێدارەانی رۆڵەکانی گەلەکەمان لەلایەن رژێمی دڕندە و داگیرکەری ئێران و، رژێمەکانی داگیرکەری بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە کۆتایی پێبهێنرێت، دەبێ واز لە گەمەی حیزبحیزبێنە و، بیرۆکەی دژ بەستراتیژی نەتەوەیی کورد و بەستنەوەی چارەنووسی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەرەوە بهێنین. یەکبگرین و، پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی دابڕێژین کە لە خزمەتی رزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بێت.

# عەرەبی سوننە، ئەمریکا و،
# هەڵوێستی دەسەلاتدارانی شیعە،
# لەنێو حکوومەتی تازەی عێراق!


نووسینی:

دەیڤید ئەندرز – نەشناڵ

"Washington Prism"

وەرگێڕانی بۆ کوردی:

سیروان کاوسی



*مانگی رەزبەری 2008، گۆڤاری کۆنگرە (ژمارە 46)*


شاری بەغدا لەساڵی **2003** وە تاکو ئەمڕۆ، زۆرترین تەقینەوە و شەڕ و ئاژاوەی ئاینی و سیاسیی بەخۆیەوە بینیوە. پردی **"ائمة"** ی بەغدا، دوو گەڕەکی **"کازمیە"** و **"اعظمیە"** پێکەوە گرێدەدات. سوپای عێراق لە هەدوو سەری پردەکەوە دامەزراوە، بۆ ئەوەی نەهێڵێت دانیشتوانی ئەم دوو گەڕەکە هاتوچۆی یەکدیی بکەن.

**گەڕەکی "کازمییە" نێوی خۆی لە مەزاری مووسا کازم - ئیمامی هەشتەمی شیعەکانەوە وەرگرتووە. گەڕەکی "ئەعزەمییە" ش، نێوەکەی خۆی لە مزگەوتی "ئەبوو حەنیفە"وە وەرگرتووە.** مەزاری ئەبوو حەنیفە نەعمان لەگەڕەکی "ئەعزەمییەیە و لەلای پێڕەوانی سوننە پلەیەکی ئاینیی بەرزی هەیە و جێگەی رێزە بۆیان. لەماوەی چەند ساڵی رابوردوو - واتە پاش رووخانی رژێمی سەددام بەملاوە، بەدەیان هەزار پێڕەوی شیعە و

سوننەی دانیشتووی ئەم دوو گەڕەکە، بەدەستی یەکدیی کوژراون، بریندارکراون و ژمارەیەکی بەرچاویش بێسەروشوێنکراون. سەرەتای مانگی خەرمانانی **2005**، لەئەنجامی تەقینەوە و، پشێوییەک کە لە مەزاری ئیمام کازم روویدا، پتر لە هەزار شیعە کوژران. بەسەدان کەسیان لە سەر پردەکەوە کەوتنە خوارەوە و، لەئاوی چۆمەکەدا خنکان.

دانیشتوانی گەڕەکی **"کازمییە"** پێرەوی ئاینزای سوننەن، بەڵام بڕوای نەتەوەییان زۆر لە بڕوای ئاینییان بەهێزترە و، زۆربەیان لایەنگری رژێمی سەددام حسێنن و لەئەندامانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە و لە کاربەدەستانی پێشووی رژێمی عێراق پێکهاتوون. لەبەر ئەوە، تاکو ئێستا ئەو گەڕەکە، نێوەندێکی گەورەی شەڕ و بەربەرەکانێ بووە لەدژی هێزەکانی ئەمریکا لە بەغدا.

لەساڵی **2006** دا، جارێکیان لەگەڵ کاروانێکی سەربازیی ئەمریکادا چوومە گەڕەکی **"ئەعزەمییە"** و، توانیم لەگەڵ مامۆستایەکی زانستگە وتووێژ بکەم. رۆژێک دواتر، تەلەفۆنم بۆ مامۆستاکە کردەوە، پێمیگوت: دوێنێ چەند دەقیقە پاش دەرچوونی ئێوە، چەکدارەکان کە نێوی خۆیانناوە **"رابوون"**، هاتنە ماڵەکەم و، پرسیاریان لێکردووم: "ئەو کەسە بیانییە کێ بووە سەردانی کردوویت؟". کاتێک لەساڵی **2007** دا دەمویست جارێکی دیکە سەردانی گەڕەکی "ئەعزەمییە" بکەمەوە، لەلایەن فەرماندەیەتیی هێزەوە ئاگادارکرام، لە بڕیارکەم پەژیوان ببمەوە و، ئەفسەری فەرماندە بەڕاشکاویی پێمیگوت: **"چوونی ئێمەش جێی مەترسییە و، هێزی ئەمریکا، لەبەر زۆریی ژمارەی تێرۆریستەکان لەو گەڕەکە، هێشتا نەیتوانیوە پێ بنێتە قووڵایی کۆڵان و، شەقامەکانییەوە".**

هاوینی ئەمساڵ (**2008**) ماوەی مانگێک لەعێراق مامەوە. لەم سەفەرەمدا توانیم لەگەڵ هێزێکی هاوبەشی **"رابوون"** و ئەمریکا بچمە نێو گەڕەکی "ئەعزەمییە" وە. پاش هەوڵێکی زۆر و دانووستانی بەردەوام، ئەمریکا توانیویەتی بەشێک لە رێکخراوەکانی سوننە و لایەنگرانی پێشووی

ڕژێمی سەددام، ڕازیبکات، واز لە شەڕکردن لەگەڵ هیزەکانی ئەمریکا بهێنن و، هاوکاریی چەکدارەکانی **"ئەلقاعدە"** نەکەن. **فارۆق ئەلعوبەیدی،** یەکێکە لە فەرماندەکانی بەنێوبانگی سوننە و، لە وەرامی پرسیارێکی مندا سەبارەت بە هاتنی هیزەکانی ئەمریکا، بەڕاشکاوییەوە گوتی: **"هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق داگیرکەرن و، وڵاتی ئێمەیان داگیرکردووە. شارۆچکەکەی ئێمە (ئەعزەمییە) دواشوێنێک بوو کە ئەمریکا توانی داگیری بکات". ئەلعوبەیدی هەروەها گوتی: "ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئەوڕۆکەی عێراق، هەموویان لە ئێران پێکهاتوون. دەبێ ڕاست بین و، بەڕاستیی شتەکان ببینین. سەرۆکی ئەم حیزبانە، کاتێک لاو و کەمتەمەن بوون، چوون بۆ ئێران و، بە پیری گەڕانەوە بۆ عێراق. لەبەر ئەوە هیچ سۆز و خۆشەویستی و هاوخەمییەکیان بۆ گەلی خۆیان و بۆ وڵاتی خۆیان نییە، سۆز و خۆشەویستیی ئەمانە بۆ ئێرانە. ئێمە پێویستمان بە ڕێبەرانێک هەیە کە عێراقی بن و، خەڵکی عێراق بن. ئێمە سەرۆکی وامان بۆ چییە کە وەک "مۆرەی شەترەنج" دەوڵەت و کەسی دیکە دایاننێت و، لایانبەرێت!".** شایانی باسە، لە کاتی ئەنجامدانی وتووێژەکەم لەگەڵ عوبەیدی، بەسەدان چەکداری سوننە لە دەورمان کۆببوونەوە و، پەیتا پەیتا درۆشمیاندەدا **"نا، نا بۆ ئەمریکا!"** ، **"ئەمریکا بۆ دەرەوە"** و ... هتد.

چەکدارەکانی ئەلعوبەیدی، لەسەر ڕێگەکانی هاتوچۆی گەڕەکی ئەعزەمییە، بە ئاشکرا و بە ئاگاداریی هێزەکانی ئەمریکا پرسگەیان دامەزراندووە و، کۆنترۆلی شارۆچکەکە بەدەست خۆیانەوەیە. چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، بارگرژییەک لەنێوان هێزەکانی عێراق و چەکدارەکانی سوننە ڕوویدا و، چەند کاربەدەستێکی حکوومەت، ڕایانگەیاندبوو فەرماندەی **"ڕابوون" (ئەلعوبەیدی)** بەتاوانی کوشتنی سەربازەکانی ئەمریکا و عێراق، دەبێ تەسلیمی دادگە بکرێت. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، چەکدارەکانی "ڕابوون" هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی جەنگیان کردەوە، بەوەش بێدەنگیی لە گرتنی فەرماندەی ڕابوون کرا. هەموو لایەنەکانی

سوننه، به نه‌ته‌وه‌یی و ئاینییه‌وه، له‌و راستینه‌یه تێگه‌یشتوون به‌هۆی ئه‌نجامدانی جه‌نگ و تێکهه‌ڵچوونیان له‌گه‌ڵ ئه‌مریکا، کۆنترۆڵی به‌غدایان له‌ده‌ستداوه. شیعه‌کان ئێستاکه کۆنترۆڵی **75%**ی به‌غدایان به‌ده‌سته‌وه‌یه. ئه‌مه‌ش، به‌شێک له‌سوننه‌کانی ناچارکردووه، به‌خۆیاندا بێنه‌وه و، له‌گه‌ڵ ئه‌مریکا رێکبکه‌ون. ئه‌مریکا رازیبووه له سه‌ره‌تای مانگی ئۆکتۆبه‌ری **2008**ه‌وه، سه‌ت هه‌زار چه‌کداری سوننه تێکه‌ڵ به سوپای عێراق بکات. هه‌روه‌ک پێشتر ئاماژه‌م کردپێی، زۆربه‌ی ئه‌م سه‌ت هه‌زار چه‌کداره له کادره‌کانی سوپا و نه‌ته‌وه‌په‌رسته‌کان و لایه‌نگرانی رژێمی به‌عسی رووخاون. ئه‌مریکا هه‌روه‌ها رازیبووه بیستهه‌زار چه‌کداری دیکه‌ی سوننه تێکه‌ڵ به هێزی پۆلیس بکات. ده‌وله‌تی عێراقی نوێ به‌م رێککه‌وتنه رازییه، به‌ڵام داوای گرتنی ژماره‌یه‌ک له سه‌رۆک و، فه‌رمانده‌کانی سوننه ده‌کات، که له‌ساڵانی نێوان **2004** بۆ **2006**، به‌رپرسیاری ته‌قینه‌وه و پاکتاوی ئاینیی بوون له به‌غدا و له عێراقدا. ئه‌مه‌ش بناخه‌ی رێککه‌وتنی نێوان شیعه و سوننه سست و لاواز ده‌کات.

له‌راستیدا هێزی چه‌کدار و ئه‌ندامانی **"رابوون"**، له‌نێوان عه‌ره‌بی توندڕۆی سوننه و شیعه‌کانی رکه‌به‌ر و دوژمنیان گیریانخواردووه. له‌لایه‌ک له دوژمنایه‌تیی دێرین و له تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی شیعه‌کان ده‌ترسێن. له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه، ترسی ئه‌وه‌یان هه‌یه، به‌هۆی رێککه‌وتنیان له‌گه‌ڵ ئه‌مریکا، له‌لایه‌ن چه‌کداره‌کانی توندڕۆی سوننه‌وه تیرۆر بکرێن، هه‌روه‌ک دوانزه‌رۆژ پاش گه‌ڕانه‌وه‌م له عێراقه‌وه بۆ ئه‌مریکا، **عوبه‌یدی و چوارده‌که‌س له پاسه‌وانه‌کانی له ته‌قینه‌وه‌یه‌کی خۆکوژیی له ده‌ره‌وه‌ی مزگه‌وتی "ئه‌بوو حه‌نیفه" تێداچوون.** رێکخراوه‌یه‌کی سه‌ر به "ئه‌لقاعده" به‌رپرسیاره‌تیی ته‌قینه‌وه‌که‌ی گرته ئه‌ستۆی خۆیه‌وه.

خوێنه‌ره‌وه‌ی به‌ڕێز!

لێره‌دا قسه‌کانی **"ده‌ڤید ئه‌ندرز"** کۆتاییهات. خوێندنه‌وه‌ی وته‌کانی عوبه‌یدی و، گێڕانه‌وه‌ی بارودۆخی عێراق له‌زمانی ده‌ڤید ئه‌ندرزه‌وه،

ئاستی دوژمنایەتی و ناکۆکی و بێبڕوایی دوو پێکهاتەی سەرەکیی عێراق کە سوننە و شیعەن، بەرامبەر بە یەکدیی پیشاندەدا، ئەمەش پتر دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەوە، ئەو فیدەراڵییەی کە سەرکردەیەتیی پارتی و یەکێتیی، شەو و رۆژ بانگەشەی بۆ دەکەن، تا چ رادەیەک بۆش و بێبناخەیە و دوورە لە راستیی. عەرەبی سوننە، بەدرێژایی مێژووی دراوسێتیی لەگەڵ کورددا، هیچ مافێکی بە کورد رەوا نەبینیوە و، بەردەوام هەوڵی قەڵاچۆ و داگیرکردنی خاکەکەی داوە، ئەوجا عەرەبی شیعەی تازە بەدەسەلاتگەیشتووی دەستپەروەردەی مەلاکانی ئێرانیش، جگە لەهەڵلووشینی داهاتی چاڵەنەوتەکانی باشووری عێراق، چاوی تەماحیان بڕیوەتە سەر هەموو کانزا و چاڵە نەوتەکانی کوردستانیش. لەبەر ئەوە، هیچ لایەنێکیان بەو نیوەونیوەچڵە دەسەڵاتەی کە ئێستا کورد هەیەتی، رازی نین و، چەند ساڵێک نابات هەموو ئەو دەستکەوتە تاکهەڵکەوتە مێژووییەی بۆ کورد هەڵکەوتبوو، بەزۆری چەک و گوشاری سیاسیی، لەکوردی دەستێننەوە. لەبەر ئەوە، دەبێ لەو راستینەیە دڵنیابین، کە چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقی نوێدا، لە سەردەمی رژێمی سەددام باشتر نابێت. بێگومان سووچی ئەمەش، بە پلەی یەکەم، بۆ سەرکردەیەتیی نەشارەزا و تەسکبینی کورد دەگەرێتەوە، بە پلەی دووەمیش، بۆ نزمبوونی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد خۆی، کە سووک و هاسان فریوی سیاسەتی هەڵەی سەرکردەکانی خوارد و، نەیتوانی لەو هەلومەرجە مێژوویی و چارەنووسسازەی کە پاش رووخانی رژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەددام هەڵکەوت بۆی، ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی بناسێ و، بڕیارێکی ژیرانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدا و، رێگەنەدات، چەند کەسانێک بۆ خاتری بەرژەوەندیی خۆیان، خەبات و قوربانیدان و، ماڵوێرانیی دەیانساڵەی بە فیڕۆ بدەن.

# دیمانەیەک لەگەڵ سیروان کاوسی

# سەبارەت بە کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان

سازدانی دیمانە: دیاری محەمەد

لەگۆڤاری ڕێگا ژمارەی (4) لەباشووری کوردستان،

لەساڵی 2008 دا بڵاوکراوەتەوە.

**دیاری محەمەد: کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان چیە؟ کەی و چۆن و بۆچی دروست بووە؟**

**سیروان کاوسی:** کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، مانگی گوڵانی ساڵی **1985** لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی و نیشتمانپەروەر و زانای کورد، لەوانە **دوکتۆر جەمال نەبەز، ژنەڕاڵ عەزیز عەقراوی، کاک جەواد مەلا، شێخ لەتیف مەریوانیی، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆماە، هەندازیار بروسک ئیبراهیم، دوکتۆر محەممەد ساڵح گابوری** و چەندین نیشتمانپەروەر و دلسۆزی دیکەی گەلەکەمان لە شاری لەندەن لە بریتانیا دامەزرا.

هێژای گۆتنە، کۆنگرە حیزب نییە، بەڵکو چەترێکی سەرتاسەریی نەتەوەیی و کوردستانییە و، بۆ یەکگرتنی هەموو لایەنێکی رامیاری و ناڕامیاری و ئاینی و چین و توێژی جیاوازی نێوکۆمەڵگەی کوردەواریی دامەزراوە. کۆنگرە، لەرۆژی دامەزرانییەوە لە گەڵ هەموو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان پێوەندیی گرتووە و، لەئێستا و داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لە کۆبوونەوە و پێوەندییەکانی، بۆ ئەوەی یەکگرتنێکی نەتەوەیی پێکبهێنین و، پلاتفۆرمێک بۆ خەبات و تێکۆشینی سیاسیمان دابڕێژین کە لە رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بێت.

لەڕوانگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، کێشەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانیدا، کێشەی خاک و نەتەوەیەکی داگیر و دابەشکراوە. ئەم کێشەیەش تەنیا بە رزگارکردنی خاکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چارەسەر دەکرێت. ناکۆکیی سەرەکی و بنەرەتیی لە کوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە. لابردنی ئەو ناکۆکییەش تەنێ بە دەرکردنی داگیرکەران و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی باووباپیرانی کۆتایی دێت.

**بە کورتی، ئامانج و ستراتیژی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئەم چەند تەوەرەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

**• کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**

**• کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**• کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە تررککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**

**• کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**

**● کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن!**

**دیاری محەمەد: لەئێستادا کۆنگرەی نیشتیمانی چ تیرِوانینێکی بۆ داهاتووی کورد و کوردستان هەیە؟**

**سیروان کاوسی:** داهاتووی کورد و کوردستان چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێ؟ وەرامی دروست و راستی ئەم پرسیارە، راستەوخۆ پێوەندیی بە ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و نەتەوەیی کورد خۆیەوە هەیە. پێوەندیی راستەوخۆی بەرادەی دڵسۆزی و لێوەشاوەی و زانایی رێبەرانییەوە هەیە. پێوەندیی بەوەوە هەیە، تا چ رادەیەک چینی خوێندەوار و رۆشنبیری کورد، ئەرکی رۆشنبیری و نەتەوەیی خۆیان بەجێدەگەیەنن و، لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، نابنە بەردەباز و زورِناژەنی هیچ کەس و دەسەلاتدارێک کە برِوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە.

بەباوەرِی من، باشتر دەبوو ئەگەر لە پرسیارەکەتاندا، ئاماژەتان بە بارودۆخی ئەورِۆکەی کوردیش بکردایە، چۆنکە بارودۆخی سیاسیی ئەورِۆی کورد، راستەوخۆ کارکردی لەسەر چارەنووسی داهاتووشی هەیە.

بارودۆخی ئەورِۆی کوردستان بە گشتیی، زۆر لە بارودۆخی سیاسیی سەردەمی **"پەیمانی لۆزان"** دەچێت. رژێمی تورکیا بەوێنەی سەردەمی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەستنی **"پەیمانی سێڤر"** لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە، گەرِێکی دیپلۆماسی بەرفرەی دەستپێکردووە و وەک ساڵانی رابوردوو، پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکای بۆ دژایەتیکردنی **پێ کێ کێ** و بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە باکوور، لەگەڵ خۆی خستووە و، سەرلەنوێ پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەهێز کردووەتەوە. تورکیا هەروەها، لە پێوەندی و دانووستانی بەردەوامیدا لەگەڵ ئەندامانی **"ناتۆ"** و یەکێتیی ئۆروپا، توانیویەتی نێوی پێ کێ کێ لەلیستی رێکخراوە

تیرۆریستییەکاندا بهێڵێتەوە و، دەوڵەتی ئەڵمان رازیبکات، سەر لەنوێ، بکەویتەوە دژایەتیکردنی پ.ک.ک. کە ئەمەش بێگومان وەک رابوردوو، لەژێر نێوی بەربەرەکانێکردن لەگەڵ تیرۆریزم، هەموو مافێکی مرۆڤی و چاندی و نەتەوەیی کورد لە باکووری نیشتمانەکەمان پشتگوێدەخات. رژێمی تورکیا، لەئاکی دیکەشەوە لەگەڵ رژێمی داگیرکەر و رەگەزپەرستی ئێران رێککەوتووە کە هێزەکانیان هاوکاری یەکدی بکەن بۆ سەرکوتکردنی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لەرۆژهەڵات و باکووری کوردستان. لەپێوەندیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا، تاکو ئێستا سیاسەتی بێرێزیکردن و، بە هێندنەگرتن و ترساندن و هەڕەشە و گوڕەشەی بەکارهێناوە و، هەوڵیداوە لەو ڕیگەیەوە، سەرۆکایەتیی هەرێم ناچاربکات، دژایەتیی پ.ک.ک بکەن. مخابن دەوڵەتی تورک لەم بوارەشدا سەرکەوتوو بووە و، گەلێک لە ئەندامانی سەرۆکایەتیی پارتی و یەکێتیی، دژی پ.ک.ک لێدوانیان داوە. رژێمی تورک، هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ عێراقدا، بەشێک لە تورکمانەکانی خستووەتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی داگیرکەرانەیەوە و، لەگەڵ کاربەدەستانی عەرەبی سوننە و شیعە لەنێو دەولەتی عێراق، لەپێوەندیی بەردەوامدایە و تێدەکۆشێت، بەرەیەک لەنێوخۆی عێراق بەبەشداریی عەرەبی سوننە و شیعە و تورکمان، لەدژی نەتەوەی کورد لە باشوور پێکبهێنرێت. رێککەوتنی نێوان بەرەی تورکمان وعەرەبەکان لە کەرکووک، هەروەها کۆبوونەوەی ئەم دواییەی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکووک لەدژی کورد، لەریزی ئەو پیلان و گەلەکۆمە نێوچەییەن کە بە مەبەستی لەنێوبردنی پاشماوەی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشوور، بەرێوەن. سەباری ئەمانەش، مۆرکردنی پەیمانی هاوکاریی نێوان ئەمریکا و عێراق، لەداهاتوودا، کۆسپ ولەمپەری گەورە لەبەردەم داخوازی و ئامانجەکانی نەتەوەیی کورددا دروستدەکات.

بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسییە و، بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش و ڕۆناک، سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە پەلە بکات لە کۆبوونەوە و دیداری لە گەڵ زانایانی نیشتمانپەروەری کورد لەهەموو بوارەکاندا. کۆمیتەیەکی سەرۆکایەتیی بە بیروئامانج و ستراتیژی نەتەوەییەوە پێکبێت، کە دووربێت لە بیری حیزبایەتی و، تێگەیشتنێکی زانستانە و، بابەتانەی هەبێت لەسەر بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و، نێوچەکە و، رامیارییەکی راست و گونجاو دەستنیشانبکات، کە بتوانێ پێش بە کارەساتێکی دیکە، بۆ سەر گەلەکەمان و شۆرشە رەواکەی بگرێت.

**دیاری محەمەد: ئەی چۆن سەیری ئەو پلانانە دەکات کەئێستا لەدژی کورد لەباکوور و شاری کەرکوک بەرنامەرێژییان بۆ دەکرێت؟**

**سیروان کاوسی:** پلان بە تەنێ بۆ سەر کەرکووک و باکوور نییە، پلان بۆ لەنیوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە. پلان بۆ لەنێوبردنی ئەو نیوە ئازادی و سەربەستیەی باشووری کوردستان بەدەستەوەیە. تەقینەوە خۆکوژییەکەی **28/7/2008** شاری کەرکووک، سەرەتای دەستپێکردنی ئەو گەلەکۆمە نێوچەییەن لەدژی دەسەڵاتدارێتیی کورد لە باشوور. تەقینەوەکەی کەرکووک، وەرامی هەموو دەسەڵاتدارانی عەرەبی سوننە و شیعە وتورکمانە، کە بەسایی سەرکردەیەتیی حیزبەکانمانەوە، حکوومەتی نوێی عێراقیان بۆ دامەزرایەوە و، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، چەند ساڵێک سەرکردەیەتیی کوردیان، بە درۆشمی درۆزنانەی **"برایەتی" و "ئاشتی" و "عێراقی وەکیەک و یەکسان"**، تەفرە دا.

گەلەک مخابن، سەرکردەیەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستان هێندە نوقمی دەسەلاتی حیزبی و بەرژەوەندیی ئابوورییانن، هێشتا هەستیان بە هاتنە کایەی بارودۆخی سیاسیی نوێی

ناوچەکە نەکردووە. سەرەڕای هاتنەکایەی ئەم بارودۆخە پڕمەترسی و هەستیارەوە، هێشتا ئامادەنین، پەلە بکەن لە یەکخستنی سێ وەزارەتەکە. هەموو ئەو وەزارەتانەش کە پێشتر بەڕواڵەت یەکخراون، هەر بەپێی ڕێککەوتنی **"فیفتی بە فیفتی"** یەکەی جارانە و، هیچ نەگۆڕاوە. ئەگەر بێتو پەلە نەکەن لە یەکگرتنێکی نەتەوەیی وکوردستانیی، جگە لەوە کە کێشەی کورد بەرەوڕووی کارەساتێکی گەورەی دیکەی دەبێتەوە، بەڵکو دڵنیابن بۆخۆشیان ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستە هەیانە، بەرە بەرە لەدەستیدەدەن. ئەوکات دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین، لەداهاتوویەکی نێزیکدا، بەوێنەی **(هەرەسەکەی 75)**، هەرەس و نەهامەتییەکی دیکەی نەتەوەیی رووبدات. بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارەیان، سەرکردەیەتیی کورد، خۆی رۆڵی سەرەکیی لە خۆشکردنی زەوینەی خولقاندنی کارەساتە نەتەوەییەکەدا گێڕاوە!

وەک لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە، پێویستی بە داڕشتنی پلانێکی ژیرانە هەیە لەلایەن سەرکردەیەتیی کوردەوە. بۆ ئەمەش دەبێ کات بەفیڕۆ نەدرێ و، لەگەڵ کەسانی زانا و نیشتمانپەروەر و سیاسەتزانی کورد کۆببنەوە و، بناخەی یەکگرتنێکی نەتەوەیی دابڕێژرێت. بەرنامەیەکی سیاسی ئامادە بکرێت، کە بتوانێ وەرامدەرەوەی بارودۆخی هەنووکەی کوردستان بێت. پێکهێنانی دیپلۆماسییەکی شارەزا و نیشتمانپەروەر، پەرەپێدانی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی لە کوردستان و، لە دەرەوە لەژێر درۆشمی **"رفراندۆم بۆ کوردستان"** و **"سەربەخۆیی بۆ کوردستان"**، کێشەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر دەهێنێتە دەرەوە و، دەیکات بە کێشەیەکی نێونەتەوەییی. تەنیا لەم ڕێگەیەوە، کورد دەتوانێ، پیلان و، نەخشەی ئەوڕۆکەی داگیرکەرانی تورک و عەرەب و فارس پووچەڵبکاتەوە.

**دیاری محەمەد: ئایا بارودۆخ لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کەئەوە یەکێکە لە داواکارییەکانی کۆنگرەکەتان؟**

**سیروان کاوسی:** بەکارهێنانی ئەم وشەی **"لەبار" و، "نالەبار"** ە، لەنێو وێژەی سیاسیی کورددا، لەمێژە جێکەوتوە. پەنجاساڵە حیزبەکانمان شەڕی چەکدارییان هەڵگیرساندووە و، ماڵی کوردیان وێرانکردووە و، هەر کاتێکیش پرسیاریانلێکراوە، گەلی کورد کەی رزگاری دەبێت، گوتوویانە: **"جارێ هەلومەرج لەبار نییە!!"**. بەڵام کاتێک رۆژی هات و، دوای هەشتاساڵ بندەستی و ماڵوێرانی و، کوژرانی سەدان هەزار کورد، رژێمی دڕندە و رەگەزپەرستی سەددام حسێن لە گۆڕنرا و، دەوڵەت و سوپا و ئابووری و جوگرافیای عێراقی دەستکرد لەبەر یەک هەڵوەشایەوە، سەرکردەکانمان، ئەوەشیان بە **(هەلی لەبار)** نەزانی بۆ کورد و، کەوتنە پەلوپۆکردن و رژێم و جوگرافیای سیاسی عێراقی نوێیان سەرلەنوێ زیندوو کردەوە و، عێراقیان گێڕایەوە باوەشی **"نیشتمانی عەرەبی"** و، ئەو هەلومەرجە لەبار و مێژووییەی بۆ نەتەوەکەیان هەڵکەوتبوو، گۆڕییانەوە بە وەرگرتنی چەند کورسییەکی کاتی لە دەوڵەت و پەرلەمانی عێراقی نوێ. ئەوجا بە ئاشکرا دەستیانکرد بە پروپاگەندەکردن بۆ عێراقی نوێ و، گوتیان ئەو کوردەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراقدا بەشداری نەکات، خاین و، تاوانبارە!! هاوکاتیش بۆ دڵخۆشکردنی دوژمنانی کورد، کەوتنە دژایەتیکردنی نەتەوەییەکانی کورد و، لە میدیای داگیرکەرانەوە، بیری دامەزرانی دەولەتی کوردستانیان، بەبیری کەسانی شاعیر و سەرلێشێواو دایە قەلەم.

ئەزموونی خەباتی گەلان پێشانیداوە، ئەو نەتەوانەی بندەستی داگیرکەرانیان بوون، دەست لەسەردەست و چاوەڕوان نەبوون کە

لەلایەکەوە رۆناکاییەکیان بۆ بکرێتەوە، یان بەتەمای ئەوە نەبوون، داگیرکەرانیان ببنە دیمۆکرات و، سەربەخۆییان پێڕەوابیبنن، بەڵکو بە رەچاوکردنی ستراتیژێکی نەتەوەیی نەگۆڕ و، دارشتنی پلانێکی ژیرانە و خەبات و تێکۆشینی بەردەوام توانیویانە بچنە ریزی گەلانی ئازاد و بەختەوەرەوە. ئەوجا ئێمەی کوردیش، ئەگەر دەمانەوێت وەک مرۆڤ بژین و، بندەستی و کۆیلەتی بە ژیانێکی سەرشۆڕی و پڕ شەرمەزاریی دەزانین، دەبێ هەمووکات و ساتێک بیر لە رزگاریی بکەینەوە. هەرکەس و لایەنێک، چارەنووسمانی گرێدا بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەرەوە، بە ناکورد و، نانەتەوەیی بدەینە قەلەم و، شوێن درۆشم و، بەرنامە و، پرۆپاگەندەی نەکەوین. بەڕاستیی، شەرمەزارییەکی گەورەیە، پاش تێپەڕبوونی پتر لە سەت و بیست ساڵ خەبات وقوربانیدان وماڵوێرانیی بەردەوام، هێشتا رێی رزگابوونی خۆمان نەناسیوە، هیشتا ئاسۆمان لێڵوتاریکە. لەهەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر بەم شێوەیە و، بیری سەربەخۆیی، بیری دامەزرانی دەولەتی کوردیی زۆر لاوازە. حیزبەکان کاریان بۆ ئەوە نەکردووە، رەوتی خەبات و تێکۆشینیان ببێتە هۆی زەوینەخۆشکردن بۆ رزگارکردنی گەلەکەیان، بەڵکو بەردەوام هەوڵیانداوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵە و بەرژەوەندیی حیزبەکانیان. تێگەیشتنێکی بابەتانە و زانستانەیان سەبارەت بە کێشە و دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نییە. بەکورتی، کورد دەبێ خۆی بارودۆخی لەبار بۆ رزگاربوونی خۆی بخولقێنێت، ئەمەش وەک گوتم، بە سەرکردەیەتیی نیشتمانپەروەر و هۆشیار دێتە دی. بەوە دێتە دی کە نەتەوەی کورد، بەرژەوەندیی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەباشی بناسێت.

**دیاری محەمەد: کاک سیروان بەهەر شێواز و لەژێر هەر پەردەیەک دا بێت قەندیل ئابڵوقە دراوە؟ لەلایەن حکومەتی باشوور و پارتە سەرەکیەکانی هەرێم کۆنگرەکەتان چ لێکدانەوەیەکی هەیە بۆ ئەم ئابڵوقەیە؟**

**سیروان کاوسی:** ئەم بارودۆخە هەستیارە کە ئەوڕۆکە باڵی بەسەر نێوچەکە و، باشووری کوردستاندا کێشاوە، پێویستی بە یەکگرتنی زیاتر و تەبایی و، یەکڕیزیی هێز و لایەنە کوردییەکان، لەسەر بناخەیەکی نەتەوەیی و کوردستانیی هەیە.

لەرابردوودا، داگیرکەرانی کوردستان گەلێک جار لە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان کورد، کەڵکیانوەرگرتووە و، کوردی لایەکیان بەگژ کوردی بەش و نێوچەیەکی دیکەدا داوە. بەوەش سیاسەتی داگیرکاریی خۆیان درێژە پێداوە. لەدۆخی هەستیار و چارەنووسسازی وەک ئیمڕۆدا، داگیرکەرانی کوردستان، هەموو بیرو ئامانجیان ئەوەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن بە گژ حیزب و رێکخراوەی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. لەبەر ئەوە، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم پێویستە هۆشیار بن و، نەکەونە داوی گوشاری سیاسیی، یان گفت و بەڵێنەکانی بەڕواڵەت دۆستانەی ئێران و تورکیاوە. لە بەرامبەر گوشار و پیلانی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان و، لە بەرامبەر هەموو ئەو رووداوانەی پێوەندییان بە باشوور و عێراق و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە هەیە، هەڵوێستێکی هاوبەش لەخۆیان پێشانبدەن. دەربڕینی جیاواز لە هەڵوێستی سەرکردەیەتیی باشوور، لەلایەک، دەبێتە هۆی پەژارە و ناهومێدیی جەماوەری کورد، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆیەک کە داگیرکەرانی کوردستان، زیاتر لە خۆیان رابببینن و، پتر هەوڵی تێکدانی ریزەکانی گەلی کورد بدەن. لەبەر ئەوە، لەبارودۆخی هەستیار و چارەنووسسازی ئەمڕۆدا، پتر لەهەر کات و زەمانێکی دیکە، نەتەوەی کورد پێویستی بە یەکگرتن و تەبایی هەیە. تەنیا رێزگرتن لە ئامانجەکانی لەمێژینەی کورد و، رەچاوکردنی ستراتیژ و بەرژەوەندیی نەتەوەییە کە دەتوانێ، پیلانی نگریسی داگیرکەرانی کوردستان پووچەڵ بکاتەوە و، گەلی کورد لە گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی نێزیک بکاتەوە.

**دیاری محەمەد: کاک سیروان ئێوە وەک لەناوەکەتاندا دیارە پێویستە ڕۆڵی نەتەوەیی بگێڕن بەراشکاوی بپرسم لەبەڕێزت بۆچی هیچ جموجۆڵێکتان نیە بۆ لێکنێزیککردنەوەی پارتە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**سیروان کاوسی:** ئەم پرسیارەی ئێوە مانای وایە، حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر تەبا و کۆکن لەنێو یەکدا و، کورد کوتەنی: **"بەسەری یەکدی سوێند دەخۆن و موو ناچێ بەنێوانیاندا"** و، پەیتا پەیتا داوا لە کۆنگرەی نیشتمانیی دەکەن پەلە بکات و بەرەیەکی نەتەوەیی لەنیویاندا پێکبێنێت! بەڵام کۆنگرە کەمتەرخەمە و، بەدەنگ بانگەوازەکەیانەوە ناچێت! ئەمە بەو شێوەیە نییە و، تێکرای گەلی کورد و دۆست و دوژمن، ئاگاداری ئەوەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو چ قەیران و گێژاوێکی گەورەی سیاسیدان. بەباوەڕی من، دوو هۆکاری سەرەکیی لە قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دوورکەوتنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە یەکدیی دەوریان هەیە:

**1- نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و، تێنەگەیشتن لە ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەییی لەنێو سەرکردەیەتیی تێکرای حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشوور نیشتەجێن. ئەم حیزبانە هیچیان بڕوایان بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نییە. ئامانج و ستراتیژیان بریتییە لە لاسایکردنەوە لە یەکێتیی و پارتی و، چاوەڕوانن پاش ڕووخانی ڕژێمی مەلاکان، "ئێرانی نوێ!!" دامەزرێننەوە و، ئەمانیش بە بەیت و بالوورە و کڵاوی "فیدەراڵی" و "ئیرانی دێمۆکرات" و، "کورد دەبێتە پلە یەک" و ... هتد، دەستەودایرەی خۆیان بهێننە سەر جادەکان و ماوەیەک هەڵیانپەڕێنن!**

شایانی باسە، لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، تەنێ "پژاک" چالاکیی چەکداری و ڕێکخستنی لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە و، لەدژی سوپای داگیرکەری ئێران لە جەنگێکی دژوار دایە. هاوکات، ئەوەش دەزانین، "پژاک"، لقی پ ک ک یە لەرۆژهەڵاتی کوردستان و، لەساڵانی ڕابردوودا، بەهۆی گۆڕینی چەندین

ئامانج و درۆشمی جیاواز لە بەرنامە و ستراتیژ و خەباتی پێ کێ کێ، نازانرێت رەوت و ئەنجامی ئەو چالاکی و لەخۆبوردووییە جەماوەرییە بەرەو کوێ دەچێت.

**2 - تێکۆشین و خەباتی سەرەکیی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، لەباتی ئەوەی لەدژی رژێمی داگیرکەری ئێران بێت و، لەخزمەتی یەکخستنی هێز و توانای جەماوەری کورد بێت لە رۆژهەلاتی کوردستان، خراوەتە خزمەتی شەڕی دەسەلات و، دەستەودەستەگەرێتی و، هەوڵدان بۆ تێرۆری کەسایەتی و جەستەیی یەکدیی. دژایەتی و ناکۆکییان گەیاندووەتە ئاستێک، وەک رەشەخەلکی شڕەخۆر، لەدزیکردن و رفاندنی کەلوپەل و پارەی یەکدیی سڵیان نەکردووەتەوە. لەبەر ئەوە، تا سیاسەت و خەباتی ئەم حیزبانە بەم شێوەیە بێت، ناتوانین بیر لەو یەکگرتنە نەتەوەییە بکەینەوە کە مەبەستی ئێوە و، جەماوەری گەلەکەمانە. بەلام کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەپێی ئامانج و ئەرک و بیروباوەڕی، بەردەوام دەبێت لە پێوەندییەکانی و، داوا و تکا لە هەموو حیزب و لایەنەکانی کوردستان دەکات، رێز لە خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەیان بگرن و، بە کردەوە یەکبگرن و تێبکۆشن بۆ رزگارکردنی لە کۆیلەتی و بندەستیی.**

هێژای گوتنە، جموجوولی تەواو و سەرەکیی **KNC**، لەنێو جەماوەری گەلەکەمان، بەتایبەتیی لەنێو چینی رۆشنبیر و خوێندەواری کورد دایە. ئەم خەباتەش لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و، بە سەدان رۆڵەی زانا و تێگەیشتوو و نیشتمانپەروەر لە شار و نێوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و، لە دەرەوەی وڵات، لەنێو رێکخستنەکانی کۆنگرەدا سەرقاڵی خەبات و تێکۆشینی نەتەوەیین.

**دیاری محەمەد: هەوڵی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ چەسپاندنی مافی کورد لەبغداد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**سیروان کاوسی**: پاش رووخانی رژێمی سەددام حسێنی دیکتاتۆر، عەرەبەکان پێویستیان بە کات بوو، پێویستیان بە یارمەتیی کورد بوو.

دەیانویست لەلایەک بە وادە و بەڵێنی درۆ، سەرکردەیەتیی کورد لەبیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دوور بخەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، بەوەرگرتنی کورسی وپلەوپایەی گەورە لەنێو دەوڵەتی عێراقی نوێ دڵخۆشیان بکەن. عەرەبەکان، بۆ پاراستنی خۆیان و بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی شڵەژاوی عێراق، پێویستیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خوێناوی و پڕکارەساتی کورد، گەلێک نموونەی وەک بارودۆخی ئێستای باشوورمان بەرچاو دەکەوێت. ئێستا، عەرەبەکان لە عێراق (بە شیعە و سوننە) وە، بە تەواوەتیی لە ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان نێزیک بوونەتەوە. رۆژ لەگەڵ رۆژ، لە دەستکەوتەکانی کورد کەمدەکەنەوە. نەتەنێ **"لیستی هاوپەیمانیی کورد"**، بەڵکو حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش رۆژ لەگەڵ رۆژ لاوازتر دەکرێت و، لەهەموو لایەکەوە گوشار دەخرێتەسەری. بەکورتی، سەرکردەیەتیی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا، گەورەترین هەلی مێژوویی دۆڕاند.

**دیاری محەمەد: کاک سیروان ئەگەر پرسیارێکی تر لەبەرێزت بکەین؟زۆرجار هەندێ لەبەرپرسانی کورد رەخنە لەکردەوەکانی پەکەکە دەگرن و بەتیرۆریست وەسفی دەکەن؟ کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان هەڵوێستی چیە بەرامبەر ئەو کەسانە؟**

**سیروان کاوسی:** دەستنیشانکردنی هەڵە و ناتەواوی و، رەخنەگرتن، سەبارەت بە هەموو دیاردەکانی ژیان لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، ئاستی هۆشیاری سیاسی و رۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگەیە دەردەخا و، دەبێتە هۆی ئەوە کە رەوتی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە، بەردەوام لە گەشە و پەرەسەندندا بێت. یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی وڵاتانی دیمۆکرات و دنیای ئازاد بەگشتی، لەوەوە هاتووە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردە و ... هتد دەکۆڵنەوە و، کەموکورتی و گیروگرۆ و

هەڵەكان دەستنیشاندەكەن و، پلان و، پێشنیازی نوێ و گونجاو لەجێیان دادەنێن. هێندێكجار، لەئەنجامی لێكۆڵینەوەی پرس و بابەتێكدا، ئاشكرادەبێت كە سەرۆكی وڵات، وەزیرێک، یان كاربەدەستی دەزگە و نێوەندێک، لەجێبەجێكردنی ئەركی پێسپێردراویدا، سستیكردووە، یان برێ لەو بووجە و پارەی لەدەستیدا بووە، دیار نەماوە و، ونبووە. ئیدی بێگوێدانە پلە و پایە و، خزمەتی رابردووی كەسەكە، نێو و جۆری تاوانەكەی بەچوار قوڕنەی وڵاتدا بڵاودەبێتەوە و، رەخنەی توندی ئاراستە دەكرێ و، لەسەر كارەكەی لادەبرێت و، دەڕوا بەلای ژیانی ئاسایی خۆیەوە. ئەم كارە لەپێناو خاوێنڕاگرتنی كۆمەڵگە و بۆ پێشگرتن لە گەندەڵبوونی سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتییان دەكەن و، لەبەر راگرتنی دڵی تاكە كەسێک، زیان لە بەرژەوەندیی وڵاتەكەیان نادەن. لەم پێوەندەدا، میدیای سەربەخۆ و ئازاد، لەخستنەڕووی هەڵە و چەوتییەكان و، لەزانیارییپێدان و، هۆشیاركردنەوەی دانیشتوانی وڵاتەكەدا، رۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

دەبێ هەوڵبدرێت، رەخنەگرتن بەشێوەی زانستانە، لەنێو كۆمەڵگەی ئێمەشدا جێی خۆی بكاتەوە. ئەوەش بەبردنە سەری ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و، بەداڕشتنی یاسایەكی هاوچەرخانە دەكرێت.

بەڵام وشەی **"تیرۆریست"**، بەپێچەوانەی وشەی **"رەخنە"** یە و، بەرامبەر دوژمن و، نەیار بەكاردەبرێت. هەروەک ئەمریكا، لەژێر نێوی شەڕ لەدژی تیرۆریست، رژێمی تاڵەبانەكان لە ئەفغانستان و رژێمی بەعسی عێراقی رووخاند و، هەروەها بەرنامەشی بۆ لەنێوبردنی چەندین رژێم و رێكخراوەی توندڕەو هەیە و، لەلیستی تیرۆریستدا دایناون. كۆمەڵێكی زۆریش لە وڵاتانی ئازاد و دیمۆكراتی جیهان بۆ دەربڕینی هەڵوێستیان لەدژی تیرۆریزم، بەرەیەكی هاوبەشیان لەگەڵ ئەمریكادا پێكهێناوە. لەم نێوەدا، بەشێک لە رژێمەكانی دیكتاتۆر و دژ بە ئازادیی لە جیهان، لەوانە

رژێمەکانی رەگەزپەرستی تورکیا و ئێران و سووریاش، رایدەگەیەنن، گوایە تێرۆریست تەنگی پێهەڵچنیون و، بەرەورووی شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ تێرۆریست بوونەتەوە!!

بەراستی سەیرە! رژێمێکی درِندە و، رەگەزپەرستی وەک تورکیا، کە لەرابردوودا و، لە ماوەی پتر لە هەشتاساڵ، مافی نەتەوەی کوردی خستووەتە ژێرپێیەوە و، تەنانەت گوێینەداوەتە ئەو بەڵێنانەی کە لەمۆرکردنی **"پەیمانی لۆزان"** دابووی بە وڵاتانی هاوپەیمان و، پاش لەنێوبردنی راپەڕینەکانی **شێخ سەعیدی پیران، ئیحسان نووری پاشا و سەید رەزای دەرسیم،** کە پتر لە ملیۆن و نیوێک کوردی تووناکرد، ئەوڕۆکەش وا بێشەرمانە، لەژێر نێوی شەڕ لەگەڵ پ‌ ک‌ ک‌ و، تێرۆریست، پرۆژەی لەنێوبردن و پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد دابڕێژێتەوە و، لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەر و رەگەزپەرستی ئێران و، سووریا و رژێمی **"عێراقی نوێ"** ش، پیلان بۆ لەنێوبردنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور، بگێڕێت. سەرباری ئەم هەمووە تاوانانەش، رایبگەیەنێت کە شەڕی تێرۆریست دەکات!!! لەوەش سەیروسەمەرتر ئەوەیە، سەرکردەیەکی کورد پەیدابێ و، لەبەر خاتری پلەوپایە و بەرژەوەندیی خۆی، دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی داگیرکەری تورک، یان داگیرکەری بەشێکی دیکەی نیشتمانەکەی و، دژایەتیی حیزب و بزاڤی گەلەکەی بکات لە بەشێکی دیکەی نیشتمانە داگیرکراوەکەی، بەڕاستی ئەمە، جێی داخ و شەرمەزارییە و، بێگومان ئەو کەسە، بەو کارەی زیان لە کەسایەتیی خۆی و، لە بەرژەوەندی و ئامانج و ستراتیژی نەتەوەکەی خۆیدەدات.

ئێوە ئەگەر چاوێک بە هەموو ئەو راگەیاندراوانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا بخشێننەوە کە لە ساڵانی نێوان **93** تا **98**ی زایینیی، لەدژی یەکدی بلاویانکردووەتەوە، مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێت کە چلۆن کەسانێک لەبەرگی شۆرشگێڕی و

نیشتمانپەروەرێتیدا، توانیویانە ئەو هەمووە وشە ناپەسند و دزێوانە لەدژی یەکدی بەکاربهێنن و، کوردستان بکەن بە گۆڕەپانی رمبازێنی سوپای داگیرکەران و، سیخوڕ وچڵکاوخۆرەکانیان و، هەزاران رۆڵەی لێقەوماوی کورد بەدەستی یەک بە کوشت بدەن!؟ وا دیارە، هێشتا کەسانێک لەنێو سەرکردەیەتیی **PDK** و **YNK** دا ماون، کە هیچ وانە و ئەزموونێکیان لە کارەسات و تاوانەکانی رابوردووی شەڕی نێوخۆیی وەرنەگرتووە و، لەگەڵ کولتووری شەڕی نێوخۆیی و کوردکوشتن راهاتوون، یان ژیانی سیاسییان بە شەڕی کوردکوژی و رازیکردنی دڵی داگیرکەران هەڵدەسووڕێت؟!

رژێمی داگیرکەری تورکیا، چۆن رێگە دەدات بەخۆی، دەستوەرداتە کاروباری باشووری کوردستان و عێراقەوە و، عەرەب و تورکمان بانگێشتی تورکیا بکات بۆ ئەوەی دژایەتیی گەلی کورد بکەن. بۆچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زاتی ئەوە نەکات و، رێنەدات بەخۆی، لەگەڵ پێ کێ کێ و حیزب و رێکخراوەکانی باشوور و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆببێتەوە و، لەکۆنفرانسێکی بەریندا، پلانێک بۆ چۆنێتیی پاراستنی دەستکەوتەکانی باشوور و، پاراستنی خەباتی بەشەکانی دیکە دابڕێژرێت؟

دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، بەرازیکردنی دڵی رژێمەکانی داگیرکەری تورک و فارس و عەرەب دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو بە تەبایی و رێزگرتنی کورد لەخۆی و، بە پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکخستنی هێزوتوانای گەلی کورد و، بە سازکردنی دیپلۆماسییەکی شارەزا و لێهاتوو و نیشتمانپەروەر دەکرێت.

**دیاری محەمەد: کۆنگرەی گەلی کوردستان زۆر جار داوای لەپارتە کوردیەکانی باشوور کردووە بۆ کۆنفرانسێکی نەتەوەیی. بەڵام وەڵام نەدراوەنەتەوە؟ ئێوە ئامادەن بۆ هاوکاریکردن و سەرخستنی ئەو بانگەوازە؟**

**سیروان کاوسی:** پێوەندیی نێوان **KNC و KNK** و، هەوڵی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بۆ تێکەڵاوبوونی ئەو دوو کۆنگرەیە، لەسەر بناخەی بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردستانیی، کورتەمێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە و، کات و لێدوانی تایبەت بۆخۆی دەوێت. لێرەدا بۆ وەرامی پرسیارەکەتان، تەنێ ڕۆنکردنەوەیەک باسدەکەم.

پاش دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەلایەن پێ کێ کێ وە لەساڵی **1997**، بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوە و، کەسایەتیی ئاینی و نیشتمانپەروەری کورد، ڕویان لەو کۆنگرەیە کرد و، بوون بە ئەندام تێیدا. هەروەها هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیش پێشوازییان لەو هەنگاوە کرد و داوایان لێکردن، بۆ پێشخستن و سەرخستنی ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی کورد، پێویستە ئەو کۆنگرەیە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و، نەچێتە ژێرکارکردی هیچ حیزبێکەوە. لێ مخابن هەر زوو بۆ لایەنەکان ئاشکرا بوو، کە مەبەست لە دامەزراندنی **KNK** بۆ ئەوەیە، تێکرای پارتی و ڕێکخراوەکان و، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانیدا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سەرکردەیەتیی پێ کێ کێ وە. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە، **بوونی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سووریا و، پێوەندی و هاوکاریی پێ کێ کێ لەگەڵ سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان و، ئێران، بەنێوی بەرەی دژە ئیمپریالیستی و دژ بە زایۆنیزم** و ...هتد، لەپێوەندیی سیاسی و نێونەتەوەییدا کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم پێشکەوتن و چالاکییەکانی **KNK** دا دروستدەکرد. ئەمەش پەژارە و دڵەراوکەی لەدڵی هەموو ئەو کەسانەدا سازکردبوو کە بەدڵێکی تەژی و پاگژ لە هەست وباوەڕی نەتەوەییەوە ڕوویان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کردبوو.

**لەکاتی دامەزراندنی کۆنگرەکەدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێ کێ کێ هاوپەیمانێتییەکی حیزبییانەیان پێکهینابوو، لەدژی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە جەنگدا بوون.** ئەم دوو لایەنە هەردووکیان، خۆیان بەبڕیاردەر دەزانی لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە و بڕیارەکانی کۆنگرەدا. بەیاننامە و، راگەیاندراوەکانی کۆبوونەوەی **KNK**، کە لەلایەن تێکڕای ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە دەنگی لەسەر دەدرا، بە پێی ویست و ئامانجی حیزبیی خۆیان گۆڕانیان تێدا دەکرد. بۆ وێنە "بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەی برۆکسل – رێکەوتی **13 – 14/ 1997/12**، کە لەلایەن **29** کەسایەتی و حیزب و رێکخراوەی کوردییەوە واژۆکرابوو، خاڵی (**4**) ی بەندی پێنجەم، وەک خۆی بڵاوکرایەوە، چۆنکە دەڵێ: **"جێگەی داخە کە پارتی دیمۆکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق لە جیاتی ئەوەی لەبەرامبەر ئەو هێرشە هەڵوێست بگرێ و پارێزگاری لە ناوچەی پارێزراو بکا، بەلەژێرپێنانی هەموو پرنسیپێکی مرۆڤایەتی لەو هێرش و سیاسەتە نامرۆڤانەیەدا بەشدارە".**

بەڵام خاڵی (**5**) ی بەندی پێنجەم، لەلایەن **YNK** و **PKK** ەوە لابرا و، هیچ گوێشیاننەدا بە ناڕەزایەتیی کەس و لایەنەکانی دیکە. لە خاڵی (5) دا هاتبوو: **"داوا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، گیانی نیشتمانپەروەرانی کوردی رۆژهەڵات، لە ناوچەی بندەسەڵاتیدا بپارێزێ و، سنوورێکیش دابنێت بۆ ئاستی پێوەندییەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران!".**

ئەمە و، زۆر نموونەی دیکەی لەم چەشنە، زیانی گەورەیان لەسازبوونی ئەو یەکێتییە نەتەوەییەدا، کە مەبەست و هیوای ئێمە و، تێکۆشەرانی رێبازی پیرۆزی کوردایەتیی بوون. لەبەر ئەوە، سازکردنی نێوەندێکی نەتەوەیی، کاری حیزب و پارتی سیاسیی نییە، بەڵام حیزب و پارتە

سیاسییەکان، ئەگەر مەبەست و ئامانجیان رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان بێت، دەتوانن پاڵپشت و هاریکارێکی بەسوود و گەورەبن بۆ سەرخستنی پرۆژەکە.

**دیاری محەمەد: ئەگەر شتێکت مابێ؟**

**سیروان کاوسی: ئەوەی کە مابێت و، گوتنی بە پێویستدەزانم، بارودۆخی کەرکووک و نێوچەدابڕاوەکانە! بەباوەڕی من، سەرکەوتن، یان ژێرکەوتنی خەبات و قوربانیدانی دەیانساڵەی کورد لە باشوور، سەندندوەی تۆڵەی شەهیدان وماڵوێرانی و سووکایەتی و دەستدرێژیی بێئەژماری داگیرکەری عەرەب بۆ سەر کورد، گێڕانەوەی ئاوڕوو و کەرامەت و کەسایەتیی نەتەوەیی کورد، بەسەرخستنی پرسی کەرکووکەوە گرێدراوە.** ئەمە دوا دەرفەتێکە سەرکردەیەتیی کورد بتوانێت، کەرکووک و نێوچەدابڕاوەکان بەفەرمیی بگێڕێتەوە بۆ سەر کوردستان. **گێڕانەوەی کەرکووک و خانەقین و، نێوچەکانی دیکە بۆ سەر کوردستان، بەبیری حیزبایەتی و درۆشمدان و سازکردنی بۆنە و، شیعرخوێندنەوە و هۆتافکێشان و دەربڕینی هەست و هەڕەشەی بێ بناخە و فشەکوردایەتیی ناکرێت،** بەڵکو بە داڕشتنی پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی دەکرێت. پێویستە بەزووترین کات، کۆمیتەیەک لە کەسانی دڵسۆز و ژێهاتی و نیشتمانپەروەر لەسەرکردەیەتیی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و، لە پارتی و رێکخراوە و کەسایەتیی نەتەوەیی و سیاسەتزان پێکبهێنرێت، کە بتوانێ چالاکییە جەماوەرییەکان و، چالاکیی دیپلۆماسیی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات سەرپەرشتی بکا و، رێکیان بخات. بە کورتی، نەتەوەی کورد لە دۆخی هەستیاری ئەوڕۆکەدا، پێویستی بە یەکگرتن و، تەبایی و، یەکهەڵوێستی و، بەڕێوەبردنی پرۆژەی رزگاری و سەربەخۆیی هەیە.

**تێبینییەک لە (ماڵپەڕی ئەمڕۆ)وە :**

ئەم دیمانەی بەڕێز (سیروان کاوسی) کە پێشتر بۆ ڕۆژنامەی میدیا ئەنجامدراوە بەڵام لەوێ بڵاونەکراتەوە و بە دواکەوتنێکی زۆرەوە لە گۆڤاری میدیا بڵاوبۆتەوە، بە کورتییەکەی کە ئێستا بۆ ئێمەی ناردووە سەربردەکەی بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

**<u>وتەیەکی کورت سەبارەت بە چاپی ئەم گوتوبێژە لەلایەن گۆڤاری "ڕێگا" وە!</u>**

**خوێنەرەوەی هێژا!**

بەڕێزێک بەنێوی دیاری محەممەد کە لە باشووری کوردستان دەژی، لەمانگی خەرمانانی ئەمساڵ (2008)، وەک ڕۆژنامەنووسێک خۆی ناساندپێم و، گوتی، دەیەوێت وتووێژێم لەگەڵدا بکات بۆ ڕۆژنامەی "میدیا" (زمانڕەوشی یەکێتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان) کە لە هەولێر دەردەچێت. منیش ئامادەیی خۆمم پێشاندا و، لەڕێکەوتی 27/8/2008 وەرامی پرسیارەکانم ناردەوە بۆی. بەڵام پاش ماوەیەک لەلایەن ئەم بەڕێزەوە ئاگادارکرام، گوتوبێژەکە، لەباتی میدیا، لە گۆڤاری "ڕێگا" (www.knesdaily.com) دا بڵاودەبێتەوە. پاش تێپەڕبوونی پتر لە دوومانگ، گوتوبێژەکە لە ژمارەی (4) ی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکرایەوە، بەڵام بێ هیچ ڕۆنکردنەوەیەک بەشێک لە وتووێژەکە پشتگوێخراوە، لەبەر ئەوە، بەباشمزانی دەقی تەواوی وتووێژەکە وەک خۆی لەگۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (49) دا بڵاوبکەمەوە.

# بەئاگاداری و ڕەزامەندیی نوێنەرانی کورد، داگیرکەرانی کورد لە بەغدا، پیلان بۆ پاکتاوکردنی سەرلەنوێی نەتەوەی کورد دادەڕێژنەوە!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (45)

مانگی جۆزەردان (June) ی 2008

پاش سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکوەزیرانی ڕژێمی خوێنڕێژ و ڕەگەزپەرستی تورکیا بۆ عێراق و، دیداری لەگەڵ نووری مالکی سەرۆکوەزیرانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق لەڕۆژی **10/7/2008** هەردوولایان لەسەر هێمنی و پاراستنی سنوورەکانیان ڕێککەوتن و، جەختیان لەسەر گرنگیی داڕشتنی پلانێکی سەربازیی هاوبەش کردەوە، بۆ ئەوەی بە وتەی خۆیان "**پێش بگرن لەدزەکردن و هاتوچۆکردنی ڕێکخراوە تێرۆریستەکان و، ڕێبگرن لە گەیشتنی چەک و چۆڵ و پێداویستییەکانی دیکە بۆیان**".

دوابەدوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیان، تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق، جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا، هەروەها سەرکۆماری ترک عەبدوڵلا گول، شادمانی و ڕەزامەندیی خۆیان سەبارەت بە ئەنجامی کۆبوونەوەی بەغدا دەربڕی.

ئاشکرایە، مەبەستی ئەم دوو ڕژێمە دژ بەئازادییە لە هێنانی وشەی "**تێرۆریست**"، هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەم شێوەیە، پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق و حیزبی هەڵوەشاوەی بەعس، ڕژێمەکانی تورکیا و عێراقی نوێ، لەدژی نەتەوەی کورد و مافەڕەواکانی ڕێکدەکەونەوە.

تەیب ئەردۆغان، لەم دیدارەشیدا، بەوێنەی دیدارەکانی پێشووی خۆی و هەموو سەرکردەکانی تورکیا، سیاسەتی بێڕێزیکردن و، بەهێندنەگرتنی سەرکردەکانی باشووری کوردستانی پێڕەوکرد و، ئامادە نەبوو چاوی بە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بکەوێت. بەڵام ئەوە بوو دیتمان، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، هەوڵیاندا، هەڵوێستی ئاشکرای ئەردۆغان، ئاسایی بدەنە قەڵەم و، سەرلەنوێ جەختیان لەسەر گرنگیی پێوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێم و رژێمی تورکیا کردەوە.

**بێگومان، داگیرکەرانی کوردستان و، سەرکردەیەتیی حیزبەکانمان و، هەروەها هەموو سیاسەتزانێکی خۆیی و بێگانە، لەو راستینەیە باش ئاگادارن، کە هەر لە کۆنەوە پێوەندی و لێککەیشتنێکی تەواو لەنێوان داگیرکەران و، سەرکردەیەتیی حیزبەکانی کورد دا دروستبووە. دەیان ساڵە ستراتیژی نەتەوەیی و بیری پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان، جێی خۆیداوە بە سیاسەتی پاوانخوازی و بەژەوەندیی حیزبی و، وەرگرتنی کورسی و پلەوپایەی سیاسیی لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر. دەیان ساڵە، یارمەتیوەرگرن لە داگیرکەران و، دانووستان لەگەڵیان، کولتووری بێبڕوای و خۆبەکەمزانینی لەلای سەرکردەیەتیی کورد دروستکردووە. هەر ئەم باوەڕ بە خۆنەبوون و، خۆبەکەمزانینەش بوو کە لەرۆژانی دامەزرانی "هەرێمی نەفڕێن" یش بەملاوە، کە لەساڵی 1991 دا، بە دەستپێشخەریی دۆستی کورد فرانسوا میتەران و، بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ئاراوە، نەیانتوانی سوودی لێوەربگرن و، لەباتی ئەوەی پلان و ستراتیژێکی نەتەوەیی دەستنیشانبکەن و، بکەونە پەلوپۆکردن بۆ دەستخستنی قەوارەیەکی سیاسیی بۆ نەتەوەی تازە ئەنفال و کیمیالێدراوی کورد، هاتن دەستیانکرد بە شەڕە گەڕەک و یەکدی کوشتن و، سوپای داگیرکەرانیان هێنایە باشووری رزگارکراوەوە، بەنیازی شکانی یەکدیی، کە ئاکامە زیانبارەکەی هەموو دەیزانین و، پێویست بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە قیزەوننانە ناکات. ئەوڕۆکەش، هیچ نەگۆڕاوە و ئەوی کە وەک رابردوو،**

**بایەخ و گرنگیی پێدەدرێت، هەر پاراستنی دەسەڵاتی حیزبی و، بەرژەوەندیی ئابوورییە.**

هێژای گوتنە، ئەگەر باس لە نواندنی هەڵوێستی رۆنی سیاسی و نەتەوەیی سەرکردەکانمان لەدژی کاربەدەستانی تورکیا دەکرێت، مەبەست ئەوە نییە، سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور، وەرامی دەسەڵاتدارانی تورک بە شەڕ بداتەوە و بچێ بە گژ سوپای تورکیا و، داگیرکەرانی دیکەی کورددا، بەڵکو، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بهاتنایە لەماوەی شانزەساڵی رابوردوودا، لەباتی شەڕی نێوخۆیی و یەکدی کوشتن و، پاراستنی بەرژەوەندیی حیزب وبنەماڵە، کاتیان بەفیڕۆ نەدایە و، حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستانییان لە هەموو لایەنێکی کورد و کورستانیی و، لە کەسانی دڵسۆز و شارەزای بوارەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و، .... هتد، پێکبهێنایە، سوپای کوردستان و، وەزارەتی داراییەکی رێکوپێکی ناحیزبی و دەزگەی پاراستنی کوردستان دابمەزرایەتن و، رێیان خۆشبکردایە بۆ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیی ئازاد. رێزیان لە بیرورای جیاواز بگرتایە و، گەلی کوردیان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیدا بەشدار بکردایە، ئەوجا نەتەنێ وڵاتانی دۆست و دیمۆکراتی جیهان، بەڵکو تەنانەت رژێمەکانی دیکتاتۆر و داگیرکەری کوردستان، حیسابێکی دیکەیان بۆ لێوەشاوەیی و، یەکگرتوویی کورد دەکرد و، بە چاوێکی دیکەوە دەیانڕوانییە کورد و کێشەکەی. ئەوکات بەدڵنیاییەوە، باشووری کوردستان و، دەستکەوتە بەنرخەکانی، دەبوونە نموونە و سومبول بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. بەڵام، هەزار مخابن، پاش تێپەڕبوونی شانزەساڵ، دەرفەتی زێڕین، جگە لە حیزب و رێکخراوەی بەشەکانی دیکە نەبێ، کە بەوێنەی پارتی و یەکێتیی، چاوەڕوانی ئالوگۆڕی سیاسیین لە وڵاتانی داگیرکەر، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و کورسی و پلەوپایە، تێکڕای رۆشنبیران و،

نیشتمانپەروەران و دڵسۆزانی راستینە گەلەکەمان، بە پەرۆشەوە دەڕواننە رەوتی رووداوە سیاسییەکانی باشوور و عێراق.

دوادەرفەتی لەبار و مێژوویی، لەسەروبەندی لێدانی رژێمی سەددام حسێندا بۆ کورد هەڵکەوت، چۆنکە رژێمی داگیرکەری تورکیا لە ساڵی **2003** دا، یارمەتیی ئەمریکای نەکرد بۆ لێدانی رژێمی سەددام و، نێوانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا تێکدا و، ئەمریکای ناچارکرد روو لە کورد بنێ، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەشێک لە بەرەکانی شەڕدا هاوکاریی سوپاکەی بکات. لەوەوە هەلێکی دیکەی گرنگ و چاوەڕواننەکراو بەرەورووی سەرکردەکانی کورد لە باشوور بووەوە، کە دەرفەت لەدەستنەدەن و، گرێبەستێکی سیاسی و لەشکریی لەگەڵدا مۆر بکەن و، داوا لە ئەمریکا بکەن، کە پاش رووخانی رژێمی عێراق، دەستبەجێ، سەدان هەزار کورد کە بەپێی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی عەرەبیی، لە خاک و زێدی خۆیان دەرکراون، بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان. ئەوجا راپرسییەکی سەرتاسەریی لە کوردستان ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات. بەوەش کۆتایی بەماڵوێرانی و بندەستیی گەلەکەیان بهێنن و، بۆ هەتا هەتایە، رێز و وخۆشەویستیی وەچەکانی ئێستە و داهاتووی بنەماڵەی شەهیدان و، تێکڕای نەتەوەکەیان بۆلای خۆیان راکێشن. لێ مخابن، نەتەنێ ئەم کارەیان نەکرد، بەڵکو بێ هیچ گەرەنتی و رێککەوتنێکی پێشوەخت، هەزاران رۆڵەی کوردیان ناردە بەرەکانی شەڕەوە و، چالاکانە لە رووخانی رژێمی گۆڕ بە گۆڕی سەددامدا بەشدارییان کرد. ئەوجا بە بۆنە و بێبۆنە، دەستیانکرد بە پرۆپاگەندەکردن لەدژی بیری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورستان و، بە رێگەی دەیان زوڕناژەنی شارەزا و کارامەیانەوە، دەستیانکرد بە چەواشەکردنی گەلی کورد، گوایە **"عێراقی نوێ، دەبێتە ئەو بەهەشتە بەرین و خۆش و پڕ لە کامەرانییە، کە گەلی کورد دەیان ساڵە خەونی پێوە دەبینێت!!". بەرزکردنەوەی دروشمی**

**درۆزنانەی "برایەتی کورد و عەرەب". ئەوە بوو حکوومەتی عێراقی نوێیان پێکهێنایەوە بۆ کۆمەڵێک عەرەبی بێناوونیشان و، بێڕابوردووی کۆنەپەرست و، ڕەگەزپەرستی وەک غازی عەجیل عەلیاوەری کۆنە بەعسی، ئەحمەد چەڵەبیی سەر بە ڕژێمی مەلاکانی ئێران، برایم جەعفەریی کۆنەپەرست ودژ بە کورد و سەر بە ڕژێمی ئێران. ئێستاش چەند ساڵێکە چاوەڕوانن، نووری مالکی (مادەی 140) و، داخوازییەکانی دیکەی کورد، بە پێی "یاسای نوێی عێراق!!!"، چارەسەر بکات!".**

وا دیارە سەرکردەیەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستان هێندە نوقمی دەسەلات و بەرژەوەندیی ئابوورییانن، هێشتا هەستیان بە هاتنە کایەی بارودۆخی سیاسیی نوێی ناوچەکە نەکردووە و، دەرکیان بەوە نەکردووە بەوێنەی (**هەرەسەکەی 75**)، هەرەس و نەهامەتییەکی دیکەی نەتەوەیی بەڕێوەیە. بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارەیان، سەرکردەیەتیی کورد، خۆی ڕۆڵی سەرەکیی لە خۆشکردنی زەوینەی خولقاندنی کارەساتە نەتەوەییەکەدا دەگێڕێت!

ڕژێمی تورکیا، بەوێنەی سەردەمی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەستنی "**پەیمانی سێڤر**" لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە، گەڕێکی دیپلۆماسی بەرفرەی دەستپێکرد و توانی بە هەوڵی دیپلۆماسیی، پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ هاوکاری سیاسی و دژایەتیکردنی پ ک ک و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە باکوور، بۆلای خۆی ڕابکێشێت و، پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا سەر لەنوێ بەهێز بکاتەوە. تورکیا هەروەها، لە پێوەندی و دانووستانی بەردەوامیدا لەگەڵ ئەندامانی "**ناتۆ**" و یەکێتیی ئۆروپا، توانی نێوی پ ک ک لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکاندا بهێڵێتەوە و، دەوڵەتی ئەڵمان ڕازیبکات، سەر لەنوێ، بکەوێتەوە دژایەتیکردنی پ ک ک. هاوکات، لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەر و

ڕەگەزپەرستی ئێرانیش، بەمەبەستی سەرکوتکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لەڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، ڕێککەوتنی ئەنجامدا کە سوپای هەردوو وڵات، پێکەوە بەرەنگاری **شەڕڤانانی پێ کێ کێ و پژاک** ببنەوە. ئەوجا، گوشاری خستەسەر دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بۆ نواندنی هەڵوێستیان لە دژی پێ کێ کێ و، بەڕێگەی کۆمپانیاکانی سەر بە **"میت"** ەوە، سیاسەتی تاڵانکردنی بەشێک لە بووجەی کوردستانی گرتەبەر. لە پێوەندیی لە عێراقیشدا، خۆی لە کاربەدەستانی **عەرەبی سوننە و شیعە لەنێو دەولەتی عێراق** نێزیک کردووەتەوە و، ئامۆژگارییان دەکات، کە **داخوازییەکانی گەلی کورد لە عێراق، پشتگوێ بخەن. ڕێککەوتنی نێوان بەرەی تورکمان و، عەرەبەکان لە کەرکووک، لەریزی ئەو پیلان و گەلەکۆمە نێوچەییەن کە بە مەبەستی لەنێوبردنی پاشماوەی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشوور، بەڕێوەن.**

**سەرکردەیەتیی یەکێتی و پارتی، دڵنیابن، بیری "دەست بەکڵاوی خۆوە گرتن" و، خۆپاراستن و شادمانی دەربڕین بۆ ڕێککەوتنی نێوان ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، تەمەنێکی درێژی بۆ دەسەڵاتی خۆیان و ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانەی بۆ گەلەکەیان بەدواوە نابێت. پاش نەهێڵانی هێزە میلیشیاکان لە عێراق و، هێورکردنەوەی بارودۆخی شڵەژاوی عێراق کە پێشمەرگەی کورد، لە گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنی بۆ "عێراقی نیشتمانی عەرەبی"، دەستی باڵای هەیە، ئەوجا سەرە دێتە سەر چەک داماڵین بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتیی. هەموو گرێبەستە ئابوورییەکان و، دەرهێنانی نەوت و، کانزاکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ دەکەوێتەوە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە. لەمە بەدواوە، ڕژێمی عێراق هەموو ئەو پڕۆژانەی کە دەبنە هۆی سەقامگیریی**

زیاتری چوارچێوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری و لەشکری و دیپلۆماسی و...هتد، بە پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتانی دۆست و دراوسێی جێبەجێدەکات، ئیدی پێویستی بە کورد نەماوە، لەبەر ئەوە سەرکردەیەتیی کورد، دەبێ بیرێک لە داهاتووی خۆی بکاتەوە و وەرام بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکات، کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا، لەلایەن گەلە هەمیشە بندەستەکەیەوە بەرەوڕووی دەکرێتەوە!

**گەلۆ!! تۆ بڵێی ئەوانەی کە خەبات و قوربانیدان وماڵوێرانی و، ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان، خستووەتە خزمەتی پێگەیاندنی خۆیان و بنەماڵە و حیزب و دەسەلاتی خۆیانەوە، دەبێ وەرامیان چی بێت!؟**

# وتوویژی ڕۆژنامەی "هاوولاتی"
# لەگەڵ سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردەیەتیی
# کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

سازدانی هاوڕێ کەریمی/پەیامنێری ڕۆژنامەی "هاوولاتی"

ژمارە 429 یەکشەممە 8/6/2008 لاپەڕەی (5)

**هاوولاتی: بەبڕوای ئێوە هۆکاری بێدەنگی و نەبوونی هەڵویستێکی جدی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە (هەروەک لە بەیاننامەکەدا ئاماژەتان پێداوە)، سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئێران و تورکیا چییە؟**

**سیروان کاوسی:** لەڕاستیدا چەند هۆیەک کارکردیان لەو بێدەنگییەی سەرکردەیەتیی کورد لە باشووردا هەیە، کە گرنگترینیان بریتین لە: **1-** نەبوونی بیروباوەڕ و ستراتیژی نەتەوەیی، لە بەرنامەی سیاسیی سەرۆکایەتیی کورد لەباشوور. **2-** بەهۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیی حیزبایەتی و ئابوورییەوە، لەدەربڕینی بیروڕای سیاسییاندا، سەبارەت بەو دیاردە و ڕووداوانەی پێوەندییان بە جۆر و ئاستی دانوستانیان بە وڵاتانی دراوسێوە هەیە - کە ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانن، هاودەنگ نین و، هەڵوێستێکی هاوبەشیان نییە، هەروەک هەڵوێستی **بەڕێزان کاک مەسعوود بارزانی و هۆشیار زێباری و جەلال تاڵەبانی و، نێچیرڤان بارزانی** و، ... هتد، سەبارەت بە کێشەی **پی کی کی و تورکیا**، تاکو ئێستاش زۆر لەیەکدیی جیاوازن. کە ئەوەش لە ئاستی نێوچەکە و، دەرەوە، ڕاستەوخۆ زیانی لە کەسایەتیی نەتەوەیی و قەوارەی سیاسی و دەسەڵاتداریێتیی کورد داوە، هاوکات، لەنێو کورد خۆیشیدا، ناهومێدی و بێبڕوایی، بەرامبەر

ئاستی لێوەشاوەیی و شارەزای و بیری نەتەوەیی سەرکردەکانی دروستکردووە.

**3**- بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کەسی و حیزبایەتیی لەلایەن سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە بەزەقی و بەئاشکرا پێڕەو دەکرێت، ئەمەش رێیگرتووە لەبەردەم، دەستنیشانکردنی رێچارەی شیاو، کە بتوانن ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەیی بگرنەبەر.**4**- دەوڵەمەندبوونی لەنەکاو و لەرادەبەدەری سەرکردەیەتیی هەردوولا، کە هەرهەمووی لەبووجە و داهاتی خەڵکی رەشوڕووتی ئەنفاللێدراو وماڵوێرانی کورد دەستیانکەوتووە و، وەگەڕخستنی بەشێک لە پارەوسامانیان بو کردنەوەی پێوەندیی ئابووری و بەستنی دەیان رێککەوتننامەی بازرگانیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی داگیرکەر - بەتایبەتیی ئێران و تورکیا، تووشی ترس و دڵەڕاوکەی کردوون و، بەردەوام پەرۆشی لەدەستدانی سەروەت و سامانەکەیانە. لەبەرئەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن، دڵی داگیرکەرانی کوردستان رابگرن و، زیز و تووڕەیان نەکەن. لە کاتێکدا دەزانین، ئەو گرێبەستە بازرگانییانەی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەر هەیانە، هیچیان لەسەر بناخە و مەرجەکانی پێوەندیی نێودەوڵەتیی نین، کە تێیدا رێز لە بەرژەوەندیی هەردوولایەن دەگیرێت. ئەو رژێمانە لەراستیدا، سیاسەتی وابەستەکردنی کوردستان و زیانگەیاندن بە بناخە و ژێرخانی ئابووریی باشووری کورستان پێڕەودەکەن، هاوکات، بەزانیاری و تێگەیشتن لەبارەی دۆخی دەروونی و ویستی بەرژەوەندخوازانەی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمەوە، بەشێوازی جۆراوجۆر گوشار دەخەنە سەریان بۆ دوورخستنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و باکوور لە سنوورەکانیان و لاوازکردنیان، بە پێی ویستی داگیرکەران. ئەمە با لەو لاشەوە بوەستێ کە، دەیان گرێبەستی چەندین و چەند ملیۆن

دۆلاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورک و ئیران، کە زۆربەیان بە نیوەچڵی و ناتەواوییەوە جێهێڵاوە و، هەموو رۆژێک لە میدیای حیزبەکانەوە گوێبیستی گلەیی و گازندەی خەڵکین، سەبارەت بە سەقەتی و بەجێنەگەیاندنی پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیانەی کە لە ئێران و تورکیاوە دێنە باشووری کوردستان.

**هاووڵاتی: ئێوە باستان لەوە کردەوە کە بێدەنگیەکەی حکومەتی هەرێم گومان دروست دەکات، ئایا ئێوە ئەو گومانە چۆن دەبینن؟**

**سیروان کاوسی:** لەراگەیاندراوەکەی KNC دا هاتووە: "بێگومان، ئەم بێهەڵویستی و بێدەنگییەی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، لە بەردەوامیی خۆیدا، شک و گومان لەنێودڵی جەماوری کورددا دروستدەکا، کە ئەوەش بەهیچ چەشنێک خزمەتی یەکرێزیی کورد و، بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد ناکات".

**زەلال و ئەشکەرەیە، بەردەوامبوونی بێدەنگیی حکوومەتی هەرێم، سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی تورک و ئیران، چەند پرسیارێک دروستدەکات:**

**1**- کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، ئەو سەت هەزار چەکدارەی هەیانە و، لە بووجە و داهاتی خەڵکی کوردستان دەیانژێنن، ئایا، بۆ پاراستنی بنکە و بارەگە و، خانووەکانی خۆیان رایانگرتوون، یان بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ژێردەسەڵاتیان – کە باشووری کوردستانە؟!

**2**- ئەگەر پارتی و یەکێتیی، لەسەر داوای ئەمریکا و، هاندانی حکوومەتی عێراق و گوشاری تورکیا، رازیبووبێتن، بۆ لێدان و، لاوازکردنی پ‌ی ک‌ی ک‌ی، ئەمە بێگومان لە خزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژیی نەتەوەیی کورددا نابێ و، زیانی گەورە لە یەکێتیی کورد و، ئامانجەکانی گشتیی نەتەوەی کورد دەدات. ئەمەش بەمانای پشتگیریکردن لە سیاسەت و

بیروباوەڕی پ‌ی ک‌ی ک‌ێ نییە و، هەموو سیاسەتزان و ڕۆشنبیران و، هەروەها نەتەوەییەکانی کورد، زۆر باش لەو ڕاستینەیە ئاگادارن، سەرەرای پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و ڕاپەڕینی بەشکۆی جەماوەریی لە باکووری کوردستان، مخابن، سیاسەتەکانی پ‌ی ک‌ێ ک‌ێ، تاکو ئەمڕۆ، هۆکاری سەرەکیی بووە بۆ ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە باکوور، لەئاستی نێوخۆ و دەرەوە، نەکەوێتە سەر شاڕێی ڕاستینەی نەتەوەییەوە و، کێشەی ڕەوای نەتەوەی کورد، بەکێشە و پرسی نابابەتانە و نازانستانەی لابەلاوە سەرقاڵکردوە. **ساڵانێک بوو، پ‌ی ک‌ێ ک‌ێ خەونی بە پێکهێنانی بەرەی دژە ئیمپریالیستیەوە دەدیت لە نێوچەکە، کە لەگەڵ ڕژێمی دڕندەی بەعسی سووریا و، کۆماری کوردکوژ و بێمێشکی مەلاکانی ئێران و، حیزبوڵڵای لوبنان پێکی بێنێ و، دەیگوت، شەڕەکەی، جەنگی پرۆلیتاریا و گەلانی نێوچەکە و ڕژێمەکانی دژ بەئیمپریالیستە لە دژی بەرەی ئیمپریالیست و بەکرێگیراوانیان لەرۆژهەڵاتی ناڤین!** ئەوڕۆکەش، خەون بەفەرمیناسینی پ‌ی ک‌ێ ک‌ێ و، دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایەن ڕژێمی تورک و، بە دیمۆکراتبوونی ڕژێمی تورکەوە دەبینێت. لەبەر ئەوە، کاکڵ و مەبەستی سەرەکیی ئێمە (KNC)، لەدەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکورتییەکان و، ڕەخنەگرتن لە هەڵویستێکی تایبەتی حکوومەتی هەرێم، یان هەر دەزگە و لایەنێکی دیکەی کوردی و کوردستانیی، لەروانگەی بیروباوەڕ و پرنسیپی نەتەوەییمانەوە سەرچاوەدەگرێت، نەک ئەوەی ئێمە بمانەوێ، لایەنگریی لە لایەنێک بکەین، لەدژی لایەنێکی دیکەی کوردیی. لەروانگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، شکست، یان سەرکەوتنی خەباتی هەر پارچەیەک، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بزاڤی پارچەکانی دیکەش دەبێ، چۆنکە چارەنووسی سیاسی و هەبوونمان وەک نەتەوە، پێکەوە گرێدراوە و، جیا لە یەکدیی نین.

**هاووڵاتی: حکومەتی هەرێم، باس لەوە دەکات کە ئەرکی هێزی هاوپەیمانە کە سنوورەکانی هەرێم بپارێزێت ئایا ئێوە راتان چیە سەبارەت بەوە؟**

**سیروان کاوسی**: ئەوی خۆی بە حکوومەت بزانێ، بێگومان گاڵتەی بەم وتەیە دێت، کە حکوومەت و دەوڵەتی ولاتێک، سەت، یان سەت و پەنجا هەزار هێزی چەکداری پۆشتە و پەرداخی ببێ، ئەوجا روو لە وڵاتانی دیکە بنێ و، تکایان لێبکات: "وەرن ئیوە بمانپارێزن، چۆنکە هێزەکەی خۆم، نازانن شەڕ بکەن؟!

زۆر مخابن، کاتی خۆی، سەرکردەیەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، کە ئامادە بوون هاوکاریی ئەمریکا بکەن بۆ خستنی سەددام، لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان، هیچ کۆبوونەوەی رەسمی و رێککەوتنیکیان لەگەڵیان ئەنجامنەدا و، هێندە دووربین نەبوون کە بە هاوکاری لەگەڵ کەسایەتیی نەتەوەیی و، لایەنەکانی دیکەی کورد و کوردستانیی، پێشوەخت پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی ئامادە بکەن و، بە یەکدەنگ و بەنێوی گەلی کوردەوە، بەرەوڕووی گۆرانکارییەکانی پاش رووخانی سەددام ببنەوە. ئێستا ئیدی وایلێهاتوە، هێزی چەکداری کورد دەنێرنە بەغدا و بەسرە بۆ پارێزگاریکردن لە سەرۆک هۆز و کاربەدەستە عەرەبەکان و، شەڕی نەیارانی حکوومەتی بەغدایان پێدەکەن، بەڵام تاقە چەکدارێکیان نییە، پارێزگاریی لە سنووری کوردستانەکەی خۆیان بکاتن! ئەوجا کە حکوومەتی هەرێم هێندە سەربازی زیادەی هەبێ، بیاننێرێتە بەغدا و خوارووی عێراق، بۆچی دەبێ چوار چەکداری نەبێت، کە گوللە بەنێوچاوانی هەر چەکدارێکی داگیرکەرەوە بنێت، کە پێدەنێتە سەر خاکی نیشتمانەکەیەوە؟! **بۆچی دەبێ پێنج ساڵ پاش رووخانی سەددام، هێشتا دەسەلاتداریتیی کورد نەتوانێت، ئاسایشی نێوچە دابڕاوەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و، شار و مەڵبەندەکانی دیکە بپاریزێت، کە لە لایەن**

**عەرەبە رەگەزپەرستەکانەوە، کوردرفاندن و سەربڕینی کورد بەردەوامە تێیاندا؟!**

کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، پێوستە لە پێش هەر شتێکدا، پشت بە هێزوتوانای خۆیان و، گەلەکەیان ببەستن، ئەوجا بەرەسمیی داوا لە هێزی هاوپەیمانان بکەن، بەڵێنی خۆیان سەبارەت بە پاراستنی باشووری کوردستان بهێننەجێ و، پێیانرابگەیەنن، ئەگەر بێتو ئەمریکا لەوە زیاتر لەبەرامبەر هێرشی ئێران و تورکیا بێدەنگی پیشانبدات، تاقەچەکدارێکی کورد، نانێرنە نێو عێراقەوە کە شانبەشانی سەربازی ئەمریکا شەڕی تێرۆریستان بکەن. هاوکات، داوا لە **UN** بکەن، هێزی ئاشتیپارێز لەسنوورەکانی نێوان باشوور – رۆژهەڵات و باشور – باکوور دابنێت، بۆ ئەوەی ئێران و تورکیا نەتوانن چیدیکە بەنێوی پژاک و پی کی کی وە، دەستدرێژیی بکەنە سەر باشووری کوردستان. بەمەش، کێشەی کورد لە باشوور، دەبێتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی .... .

**هاووڵاتی: نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی سەبارەت بەو کێشەیە نەبووە ئایا ئێوە پێتان وایە کە بە ئاگادارکردنەوەیان تا چەند دەتوانن ئاراستەکە بگۆڕن؟**

**سیروان کاوسی**: پاش ئەوەی عێراقی نوێ بە هەوڵی بێوچان و دڵسۆزانەی سەرکردەکانی پارتی ویەکێتیی دامەزراوەیە و، نیوە سەربەخۆییەکی باشووری کوردستانیان گۆڕییەوە بە وەرگرتنی چەند پلە و کورسییەکی کاتیی لە دەوڵەتی عێراقی نوێ و، ناسنامەی عێراقییان دایەوە بەنێوچاوانی باشووری کوردستان - کە کورد خۆشی لەمەدا بەهۆی ناهۆشیارییەوە سووچبارە، ئێدی لەو کاتە بەدواوە، کێشەی کورد لە باشووری کوردستان – لەلایەن کورد خۆیەوە، بووەوە بە کێشەیەکی نێوخۆیی لە عێراقدا. هەر لەبەر ئەمەشە، کە سەرکردەی هەردوو حیزبە

دەسەلاتدارەکە، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی لەدژی بۆمبابارانەکانی ئێران و تورکیا، راستەوخۆ داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن، پشتیوانیی لە یەکپارچەیی عێراق بکات و، بەڕێگەی دیپلۆماسییەوە لەگەل ڕژێمەکانی تورک وئێراندا دانووستان بکات، بۆ ئەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر **"کوردستانی عێراق!!"** بوەستێنن و، رێز لە سەروەریی خاکی عێراق بگرن! هەر لەو پێوەندییەشدا، سەرکۆماری عێراق و وەزیری دەرەوەی عێراق و سەرۆکوەزیرانی عێراق و .... هتد، چەند جارێک هاتوچۆی پێتەختەکانی ئێران و تورکیایان کرد و، گەلی کورد و داگیرکەران و دنیای دەرەوەش، بەڕیگەی میدیای کورد و بێگانەوە، ئاگاداری هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد بوون کە لەنێو دەوڵەتی عێراق و کوردستاندا دەسەلاتدارن، بۆیە لێرەدا پێویست بە نووسینەوەی قسەکانیان ناکات.

تێپەڕبوونی پێنج ساڵ پاش رووخانی سەددام، بۆ سەرکردەیەتی و گەلی کوردمان لە باشوور، بەسە، بۆ ئەوەی لەو راستینەیە تێگەیشتبێتن، کە عەرەبی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، دۆستی کورد نین و، چاوەروانی رۆژێکن دەسەلات و، هێزوتوانایان بگەڕێتەوە دۆخی جارانیان و، بە هاوبەشیی لەگەڵ داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، دەکەونە وێزەی کورد. ئەوجا بەم نزمیی باوەڕی نەتەوەیی و حیزبپەرستی و نێوچەگەرێتییەی کە هێشتا بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی نیشتمانەکەماندا زاڵە، زۆر بەهاسانی دەتوانن شەڕە گەڕەک و شەڕە قەڵماسک و یەکتر هەڵابڕین لەنێو حیزبە کوردییەکاندا بەرپا بکەنەوە.

لەبەر ئەوە ژیربێژیی (**منطق**) و هەست و باوەڕی بەرزی نەتەوەیی پێمانیدەڵێت: بێترس و شەرمکردن لە ولاتانی دراوسێ (داگیرکەر)، پێویستە سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، لەپێش هەر شتێکدا، لەگەڵ سەرکردەیەتیی پێ کێ کێ کۆببێتەوە و، لە بارودۆخی هەستیاری

ئەورۆکەی باشووری کوردستان بەهوردی ئاگاداریان بکەنەوە و، پێکەوە، بە هاوبەشیی لەگەڵ هەموو لایەنێکی کورد و کوردستانیی، پلاتفۆرمێکی هاوبەش دابڕێژرێت بۆ پارێزگاریکردن لە باشوور و، پارێزگاریکردن لە بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. لەمیدیای کوردییەوە لە باشوور و لەدەرەوە، شاندی رەسمیی حکوومەتی هەرێم و، پ‌ی ک‌ێ ک‌ێ و، هەموو لایەنەکان، بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و، نێوچەکە هەڵبسەنگێنن و، بیروڕای خۆیان بە ئاگاداریی یەکدی و نەتەوەی کورد بگەیەنن.

لەم پێوەندەدا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ رێخستن و مێوانداریکردنی کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ، بە بەشداریی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، شاندی پ‌ی ک‌ێ ک‌ێ کە لە هەندەران ئەنجامبدرێت. ئەگەر هەردوو لایەن ویستیان کۆبوونەوەکان لەباشووری کوردستان ئەنجامبدرێن، دیسان شاندی رەسمیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پشتگیریی تەواوی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەدا، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی راست و نەتەوەییانە، کە بە تەواوەتیی ئامانج و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کوردی تێدا رەچاوبکرێ. بێگومان ویست و داخوازیی تێکڕای نەتەوەی کوردیش، تەبایی و یەکگرتنی ریزەکانیەتی. لەبەر ئەوە، پێویستە لە رێگەی میدیاوە نەتەوەکەمان ئاگاداری نێوەرۆکی قسەوباسەکان بکرێنەوە.

هاوکات، لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان، داوای کۆبوونەوەی رەسمی بکرێ و، داوا بکرێ لێیان، بەڵێنی خۆیان بەرامبەر کورد بە جێ بهێنن و، گەلی کورد لەبەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی وڵاتانی داگیرکەریدا بپارێزن. شاندی دیپلۆماسی لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و نیشتمانپەروەر پێکبهێندرێ و پێوەندیی بکەن بە کۆمەڵی نەتەوە

یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئۆروپاوە، بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و، چاودێریی رفراندۆمێکی سەرتاسەریی بکەن، کە نەتەوەی کورد بتوانێ، بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، خۆی بڕیار بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات، نەک حکوومەت و حیزب و لایەنی دیکە بڕیاری بۆ بدەن. لەم ڕێگەیەوە کورد دەتوانێ پرس و کێشەکەی خۆی بکات بە کێشەیەکی نیودەوڵەتی و، لە چوارچیوەی وڵاتانی داگیرکەر بیهێنێتە دەرەوە.

**هاووڵاتی: پژاک پێیوایە کە هێرشەکانی ئیران و تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم بە ئاگاداری نەچیروان بارزانی بووە ئیوە راتان چییە لەو بارەوە؟**

**سیروان کاوسی: لەم بارەوە هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە، کە بیسەلمێنی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانیی لەگەڵ کاربەدەستانی رژێمی تورکیادا، لەسەر بابەتێکی وا رێککەوتبیت. لەبەر ئەوە بەباشیدەزانین ئەم پرسیارە ئاراستەی "پژاک" خۆیان بکەن.**

# گەلی کورد لەنێوان گێژاوی بێچارەنووسی و، پرسی "بەشداری، یان بەشدارینەکردن" لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا!

لە ماڵپەڕی "کۆنگرە" و چەندین ماڵپەڕی دیکەدا،
ڕێکەوتی: 29/5/2009 بڵاوکراوەتەوە!

کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی رژێمی داگیرکەری ئێران، سەر لەنوێ شانۆگەریی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان رێخستووەتەوە و، **"شورای نگهبان"** کە راستەوخۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی بەئەستۆیە، پاش سڕینەوەی نێوی سەدان کەس کە خۆیان بۆ سەرکۆماریی نێونووس کردبوو، لەنێو دوو لایەنی بەنێو رێفۆرمخواز و بنچینەگراندا، **موحسین رەزایی (سەرۆکی پێشووی سوپای پاسدارانی ئیسلامی و، فەرماندەی سوپای ئێران)، مەلا مەهدی کەڕووبی (سەرۆکی پێشووی پەرلەمان)، میرحسێن مووسەوی (سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئێران) و، ئەحمەدینژادی سەرکۆماری ئێستای بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن، دەستنیشان کرد.**

وەک دەزانین، ئەم چوارکەسە لە ئێستا و رابردوودا، لەریزی کاربەدەستە گەورەکاندان و لەماوەی بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییاندا، پێشانیانداوە لە چەواشەکردن و فریودانی خەڵک و تاوانکاری و پیڕەوکردنی سیاسەتەکانی نامرۆڤانەی رژێمدا، گەلێک کارامە و لێهاتوو و خاوەن ئەزموونن. جگە لەمیدیای رژێم کە لەچاوبەستن و سەرلێشێواندنی خەڵکدا بەتەواوەتیی شارەزایە و ئەرک و رۆڵی خۆی بەباشی دەبات بەڕێوە، هەروەها میدیای وڵاتانی دیمۆکراتیش لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانیاندا، شرۆڤە و لێکدانەوەی خۆیان لەمەڕ مێژووی سیساڵەی

دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و، ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران بۆ ئاگاداریی خەڵکی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

لەم نێوەدا، میدیای کوردییش کە بەشی زۆری لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرپەرشتیدەکرێ، هەر لایەنێک بەجیا هەڵوێست و راوبۆچوونی خۆی بۆ ئاگاداریی گەلەکەی بڵاودەکاتەوە و، هەر لایەنەش ئاوات و ئامانجی ئەوەیە گەلی کورد پشتیوانیی لە بۆچوون و هەڵوێستەکەی ئەوەوە بکا و، راوپێشنیازی لایەنەکانی دیکە پشتگوێخات. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، ئاگاداربوون، یان ئاگادارنەبوونی جەماوەری کورد لە نێوەرۆکی ئەم راگەیاندنە لەیەکنەچووانەی کە لەلایەن نێزیکەی بیست حیزب و ڕێکخراوی دژبەر و ناکۆکەوە بڵاودەکرێنەوە، هیچ کاریگەرییەکی نابێ بۆ سەر گۆڕینی رای جەماوەر، کە لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا بەشداری بکەن، یان نەیکەن!

چەند هۆیەک لە گوێنەدان و بەهێندنەگرتنی هەڵوێستی حیزبەکان لەلایەن جەماوەری کوردەوە کارکردیان هەیە. هۆی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پتر لە بیست ساڵە حیزب و ڕێکخراوەکان لەگەلی خۆیان دابڕاون و، پێوەندیی راستەوخۆیان بە جەماوەرەوە نەماوە. ڕێکخستنی نێوخۆی وڵات لەمێژە هەڵوەشێندراونەتەوە و، ئاگاداربوون لە بارودۆخی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕێگەی کەسوکاری پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و، خەڵکی بازرگان و، قاچاخچییەوەیە کە هاتوچۆی ئەمدیووئەودیو دەکەن، یان لەڕیگەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەوە دەستیاندەکەوێ کەلەژێر چاودێریی رژێم لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاودەکرێنەوە. دیارە هۆکاری ئەم دابڕانەش بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستانەوە بەسەریاندا سەپێندراوە و، لەڕووی ناچارییەوە ملیان بۆ ژیانی ئۆردووگانشینی دانەواندووە و، لەوەوە زەوینە خۆشکراوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، سیاسەتێکی وابگرنەبەر کە بە وابەستەکردنی ئابوورییان، مەرج بۆ هاوکاری و

یارمەتیدانیان دابنێن و، بەرە بەرە سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەییان تێکبدەن و، لەپێناو بەرژەوەرندیی خۆیان و، گوشاری بەردەوامی ڕژێمی داگیرکەری ئێراندا، ڕێی جموجوڵی سیاسی و چالاکیی چەکداری و پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لێ بەربەست بکەن.

بەڵام چاوکانیی دوورکەوتنەوەی جەماوەری کورد لەحیزبەکانی لەرۆژهەلات، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرکردەیەتیی حیزبەکان سێ دیاردەی زیانباری وەک **کولتووری خێڵەکی و کولتووری ژێردەستەیی و ئێرانچێتیی و کولتووری حیزبایەتیی لەشێوەی چەپی کلاسیکی "ستالینیستیی"**، دەیان ساڵە تێکەڵ بە مێشک و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتیان کراوە و، ناتوانن دەستبەرداری بن. نیشانەکانیشی ئەمانەن: **بیری پاوانخوازی و ناکۆکی و نەحەوانەوە لەگەڵ یەکدیی، شەڕولێکدانی نێوخۆیی حیزبی، نێوزڕاندن و تیرۆری کەسایەتیی یەکدیی، دەستەودەستەگەرێتیی بۆ مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی حیزبی. زاراوەپەرستی و نێوچەگەرێتیی. خۆبەکەمزانین بەرامبەر نەتەوەی سەردەست و، خۆبەزلزانی بەرامبەر خۆیی. دژایەتیکردن وتیرۆری جەستەیی و کەسایەتیی رەخنەگری خۆیی و، ملکەچی و نەرمونیان بوون بەرامبەر نەتەوەی سەردەست. دژایەتیی ئاشکرای بیری پیرۆزی سەرفرازی و سەربەخۆیی کوردستان و، پاکانەکردن و رەوایەتیدان بە بیرۆکەی بندەستی وکۆیلەتیی کورد بەدرۆشمی نابابەتانە و سەرلێشێوێن. ئەم دیاردە چەوتانە بەتێکڕا بوونەتە هۆی ئەوەی کە حیزبەکان رۆژ لەگەڵ رۆژ پشتیوانیی جەماوەری ناحیزبی و، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیی زیاتر لەدەست بدەن.**

بەپێچەوانەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە حیزبەکانی رۆژهەڵات تووشی هاتوون، لەنێو شارەکاندا، لەماوەی بیستساڵی رابوردوودا، چینێکی رۆشنبیر و خوێندەوار پێگەیشتوون کە لێکدانەوەیەکی نوێ و بابەتانەیان سەبارەت بە کۆمەڵ و نەتەوە و گۆڕانکارییەکانی جیهان هەیە. ئەم جیلە

نوێیە خوێندەوارە، بزاڤێکی رۆشنبیری و فەرهەنگی و نەتەوەیی لەشارەکان دەستپێکردووە و، ئەگەرچی بەلەش لەژێر چەپۆکی رژێمی نگریسی داگیرکەری ئێراندایە، بەڵام بە بیروزانست پێگەیوە و، تێگەیوە کە، بەشێوەیەکی ژیرانە چالاکی نەتەوەیی و فەرهەنگی و رۆشنبیریی خۆی ببابەڕێوە. **(شایانی باسە، ئەم بزاڤە رۆشنبیرییە لەباکووری کوردستان، لەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، لەبەر چەند هۆیەک لەئاست و پلەیەکی گەلێک فراوانتر دایە).**

پاش ئەم رۆنکردنەوە کورتە، دەگەڕێینەوە سەر باسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئیران!

سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، با ئێمەش لاسایی هێندێک لایەن و حیزبی سیاسیی کوردی نەکەینەوە کە بەوێنەی خەڵکی ساویلکە، شوێن پرۆپاگەندە و وادە و بەڵێنی کاندیداکانی هەڵبژاردەی رژێم کەوتوون، بەڵکو نێوەرۆکی ئەم هەراوزەنایەی کاربەدەستانی ئێران بخەینەڕوو کە بەڕێگەی میدیاکانیانەوە بۆ چاوبەستن و فریودانی خەڵک خستوویانەتەڕێ. بۆ ئەمەش، پێویستە پێش هەرشتێک، لاپەڕەکانی یاسای بنچینەیی ئێران هەڵدەینەوە و، بزانین بەوشێوەی کە لە وڵاتانی ئازاد و دیمۆکراتدا کاری پێدەکرێ، سەرکۆماری ئێران بەپێی یاسا چ دەسەڵاتێکی هەیە و، بەکردەوە چەندە دەستی ئاواڵەیە لە جێبەجێکردنی ئەو وادە و بەڵێنانەی کە دەیدات بەخەڵک؟!

سەرەتا ئاماژە دەکەین بە **"بەندی 121"ی** قانونی بنچینەیی ئێران، کە تایبەتە بە سوێندخواردنی سەرکۆماریی، کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

***"من بەنێوی سەرکۆمار، لەبەرامبەر قورئانی کەریم و، نەتەوەی ئێران، بە خودێ سوێند دەخۆم، کە پارێزگاریی لە ئاینی فەرمی و سیستەمی کۆماری ئیسلامی و یاسای بنچینەیی وڵات بکەم....."***.

**له بەندی 12ی یاسادا هاتووە: "ئاینی فەرمیی ئێران، ئاینی ئیسلام و، "ئاینزای شیعەی جەعفەری دوانزەئیمامی" یە و، تا دنیا دنیایە، ئەم بەندە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و، ناگۆڕدرێت....".**

بەندی 67- سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمان:

**"من لەبەرامبەر قورئانی پیرۆز و خودای گەورەدا سوێند دەخۆم، بەپشیبەستن بە شەرەفی مرۆڤیی خۆم بەڵین دەدەم، کە پاسەوانی هەرێمی ئیسلام بم و، پارێزگاریی لەدەستکەوتەکانی شۆرشی ئیسلامیی ئێران و، چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی بکەم..... بەرگریی لەیاسای بنچینەیی ولات بکەم.."**. وەک دەبینین، بەپێی یاسا **ئەرکی گرنگ و سەرەکیی سەرکۆمار و پەرلەمان، پارێزگاریکردنە لە ئاینزای شیعە و سیستەمی کۆماری ئیسلامی و، پێبەندبوون بە یاسای بنچینەیی ئێران. لەسەرووی سەرکۆمار و دەولەت و پەرلەمانەوە**، نێوەندێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتیی هەیە، کە ئەرک و پیشەی چاودێریکردنە بەسەر بەڕێوەچوونی یاسای بنچینەیی و ئەو یاسایانە تاوتوێ دەکات کە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر دەدات. ئەم دەزگەیە نێوی لێنراوە، **"شورای نگهبان"**، **(شورای چاودێر)**. ئەم کۆمیتەیە، بەپێی **بەندی 91ی قانوونی بنچینەیی ئێران**، لە دوانزە ئەندام پێکهاتووە. شەش کەسیان راستەوخۆ **"وەلی فەقیە" (رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران)** هەڵیاندەبژێرێ و، شەش ئەندامەکەی دیکەش لەنێو کۆمەڵناس و مافناسانی وڵات دەستنیشان دەکرێن، کە پێویستە ئەمانەش سەر بە ئاینزای شیعە بن.

**ئەوجا لەسەرووی "شۆرای نگهبان" یشەوە، نێوەندێکی دیکە هەیە کەنێوی "مجمع تشخیص مصلحت نظام"، (نێوەندی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی رژێم)، ە و، بەپێی بەندی 112ی یاسا، کاری ئەم نێوەندە چاودێریکردنە بەسەر کاری سەرکۆمار وشورای نگهبان و پەرلەمان و نێوەندەکانی دیکەی دەسەڵاتدارێتی و راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکی وڵات (وەلی فەقیە) لەپێوەندیدایە.**

**پاش خستنەڕووی ئەم تەلاری دەسەڵاتدارێتییە، ئێستا با بێینە سەر باسی وەلە فەقیە و، بزانین لە یاسادا چ ماف و دەسەڵاتێکی بۆ دەستنیشانکراوە؟!**

بەندی 109 – مەرجەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕێبەر

1- پێویستە لەڕووی زانستییەوە شارەزایی تەواوی لەبوارەکانی زانستی ئاینی دا بێ و، کەسێکی شیاو و لێوەشاوەبێ بۆ وەرگرتنی ئەو پلەیە.

2- بۆ سەرپەرشتیکردنی ئۆمەتی ئیسلام، کەسێکی دادپەروەربێ، لەخودێ بترسێ و، لەبیری جێبەجێکردنی فەرمانی خودێ دابێت.

3- تێگەیشتن و شارەزایی تەواو لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەبێ و، توانای شیکردنەوەی قووڵ و بەجێ سەبارەت بە بابەتەکان بێ، ئازا و نەترس بێ، هونەری سەرۆکایەتیکردن بزانێ.

بەندی 110 - ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕێبەر!

1 - دەستنیشانکردنی رامیاریی گشتیی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاش راوێژکردن لەگەڵ نێوەندی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی.

2 - چاردێریی دەکات بەسەر بەڕێوەچوونی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی.

3- دەرکردنی بڕیاری راپرسیی لەوڵات.

4 - سەرۆکایەتیی تێکرای هێزی سەربازیی ئێران.

5 - راگەیاندنی جەنگ و ئاگربڕ و ئاشتی و کۆکردنەوەی هێزی چەکدار.

6 - دانان، یان لەسەر دەسەڵات لابردن، یان پەسندکردنی خۆکشانەوەی:

- ئەندامانی شورای نگهبان.
- سەرۆکی وەزارەتی دادی وڵات.
- سەرۆکایەتیی رادیۆ و تەلەفزیۆن.
- سەرۆک و فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران..
- فەرماندەی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامیی ئێران.
- دانان، یان لابردنی فەرماندەکانی لەشکری و پاراستنی وڵات.

- **چارەسەرکردنی کێشەکان و، ڕێکخستنی پێوەندیی سێ هێزی سەرەکیی وڵات (زۆوینی، ئاسمانی، زەریایی).**

- **پەسندکردنی کاندیداکانی سەرکۆماریی.**

- **وەلی فەقیە، هەروەها ئەو کێشانە چارەسەردەکات کە لەنێوخۆی دەزگەکانی ڕژێمەوە سەرهەڵدەدەن و، بەشێوەی ئاسایی و یاسایی چارەسەرناکرێن.**

- **لابردنی سەرکۆمار.**

- **وەلی فەقیە هەروەها دەتوانێت، هێندێک لە کار و ئەرکەکانی خۆی بسپێرێ بە نوێنەر و کەسێکی دیکە، کە خۆی دەستنیشانی دەکات!**

چاوخشاندن بەم چەند بەندەی یاسای بنچینەیی ئێران، بۆمانی ئاشکرا دەکات کە ئەم رژێمە لەسەر بناخەی دیکتاتۆریی ئاینیی دەچێت بەڕێوە. لەسێدارەدانی بەردەوامی ژنان و پیاوان لەشەقام وگۆڕەپانی شارەکان، بەردەبارانکردن، بێسەروشوێنکردن، تیرۆرکردن، شکەنجە ودارکاری و دەستدرێژی و سووکایەتیکردن بە کەسایەتیی مرۆڤ لە بەندیخانەکان، گاڵتەکردن بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و، پێشێلکردنی هەموو دەستوور و یاسایەکی مرۆڤی، لەنیشانەکان و دیاردەکانی هەرەزەق و ئاشکرای ئەم رژێمە دیکتاتۆر و دژ بەئازادییەن. سەرچاوەی کێشەکان لە رژێمی ئیسلامیی خۆیدایە. لەبوونی یاسایەکدایە کە بۆ پارێزگاریکردن لە چینی دەسەلاتداری ئاینیی، بەڕوانگەیەکی نامرۆڤانەوە داڕێژراوە. لەبەر ئەوە، لێدوان لە ئازادی و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەچوارچێوەی ئەم رژێمەدا، یان لەڕووی ساویلکەی و نەزانینەوەیە، یان بۆ مەبەستی خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکی تایبەت لەسایی ئەم رژێمە کۆنەپەرستەدا.

**کورد وهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران!**

ئەگەر ئێمەی کورد، باوەڕمان بەوە هەیە کە ئێمەش نەتەوەین و، بەشێک لە نەتەوە و نیشتمانەکەمان لەلایەن رژێمی داگیرکەری ئێرانەوە داگیرودابەشکراوە، سەبارەت بەهەر دیاردەیەک کە پێوەندیی بەچارەنووسمانەوە هەیە، پێویستە لەروانگەی ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە، شرۆڤە و هەڵوێستەیان لەسەر بکەین. لەرژێمێکی دڕندە و خوێنڕێژی وەکو رژێمی داگیرکەری ئێران، کە بناخەکەی لەسەر شۆڤێنیزمی ئاینی و رەگەزیی دانراوە، لەڕۆژی دامەزرانییەوە تاکو ئەورۆ بەدەیان هەزار رۆڵەی کوردی لەنێوبردووە و، پتر لە دوانزە ملیۆن کوردی لە خوێندن بەزمان و مافی سیاسی و کۆمەلایەتیی بێبەشکردووە، **مەلاکەڕووبی ببێ بە سەرکۆمار، ئایەتوڵڵا زوڵفەلی بێ، ئاخوند گورگەلی، ئەحمەدینژادی کۆنەپاسداری کوردکوژ بێ، یان هەر خوێنڕێژێکی دیکەیان ببێت بە سەرکۆماری ئێران، دەبێ دڵنیابین کە هیچ گۆڕانێک لە بارودۆخی کوردی کۆیلەی مافخوراودا ناکات.** لەبەر ئەوە بەشدارینەکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، باشترین وەرام و پەیامێکی سیاسییە کە نەتەوەی کورد دەتوانێت، بە رژێمی ئێران و، هەروەها بە دنیای دەرەوەی بدات کە خۆی بەنەتەوەیەکی جیا و سەربەخۆ دەزانێ و، لەسەر خاکی خۆی، ئەو هەڵبژاردنانە بە ناڕەوا و نایاسایی دەداتە قەڵەم.

بەلام لەم هەلومەرجەی ئێستەدا، ئەو ڕاستییە دەزانین کە رەنگە گەلی کورد لەڕۆژهەلات، بەڕێژەیەکی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکانی رژێمی ئیسلامیدا بەشداری بکات. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی. بێگومان لایەنی ئابووریش دەور دەبینێ و، خەڵکانێک بۆ ئەوە بەشداریدەکەن، چۆنکە دەترسن ئەگەر ناسنامەکەیان مۆری بەشداریکردنی لێنەدرێت، کۆپینی خواردەمەنییەکەیان لەکیس بچێ و، لەلایەن بەکرێگیراوانی رژێمەوە تووشی کێشە بن.

لەکۆتاییدا، پێوسیتە ئەم پرسیارە بەرەوڕووی خۆمان بکەینەوە، چی بکرێت، کە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد بگاتە ئاستێک، بەرژەوەندی و ئامانجی نەتەوەیی خۆی بناسێ، چی بکرێت، کە گەلی کورد بتوانێ باوەڕ بەخۆی، لەلا دروست ببێ، کوردستان بە خاک و نیشتمانی خۆی بزانێ و، پشت بە هێز و توانا و **"ڤین" (ارادە)**ی خۆی ببەستێ. خۆی رێکبخا و، یەکێتییەکی پتەو لەنێوخۆیدا پێکبهێنێ و، دروشمی رفراندۆم بۆ کوردستان بەگوێی رژێمی داگیرکەری ئێران و، دنیای ئازاد بگەیەنێت؟!

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگانە، کە **بێگومان لەلای هێندێک کەس و لایەنی خۆپەرست و دەسەلاتخواز، بە خەون و خەیاڵ دادەنرێن،** لەسەرەتادا پێویستە بەرەیەک، یان یەکێتییەک پێکبهێنرێت لەنێوان هەموو کەسایەتیی نەتەوەیی و ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە ستراتیژ و ئامانجیان، رزگاریی نەتەوەی کورد و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە و، بەکردەوە خەباتی بۆ دەکەن. سەرۆکایەتییەکی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و خەباتی هاوبەشیان پێکبهێنن. پلاتفۆرم و پێڕەوێک بەرەچاوکردنی ئامانج وستراتیژی نەتەوەییەوە ئامادەبکرێ و، لایەنەکانی بەشدار، بەپێی بەندەکانی ئەو پلاتفۆرمە جۆری خەبات و هاوکاریی نێوانیان رێکبخەن. بەشێک لە کات و بەرنامەی میدیا و راگەیاندنیان تەرخان بکەن بۆ کاری پەروەردە و پێگەیاندنی ئەندامانی خۆیان و جەماوەری کورد بە گشتیی، بەبیروباوەڕی نەتەوەیی و، مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتیی. مامۆستایان و، پسپۆڕانی هەموو بوارە زانستییەکان بانگێشت بکرێن، بۆ گەیاندنی زانست و ئەزموونی خۆیان بە جەماوەر. کۆمیتەیەک لە زمانزان و شارەزایانی بواری دیپلۆماسیی پێکبێت، کە لەدەرەوەی وڵات، خەباتی بەردەوام بکا و، بتوانێت پشتیوانیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی رابکێشێ بۆ چاودێریکردنی رفراندۆمێکی ئازاد لە کوردستان.

تەنیا هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مرۆڤی و نەتەوەیی و مێژوویانەیە کە دەتوانێت، نەتەوەی کورد لەسەرلێشێواوی و بێچارەنووسی رزگار بکا و، ڕێگەی ڕاست و ڕۆناکی پێ بناسێنێ و، بیخاتە سەرشاڕێی گەیشتن بە بەختەوەری و ئازادی و سەرفرازیی.

# دیمانەی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"
# ژمارە (795)
# لەگەڵ
# سیروان کاوسی،
# ئەندامی سەرکردەیەتیی
# کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**سازدانی :**

**جەبار عەزیز،**

**رۆژنامەنووس لە (ئاڵای ئازادی)**

مانگی ئاپریل (نەورۆز)ی 2009

**پرسیار: بەتێڕوانینی ئێوە بەو سیاسەتەی کورد لەعێراقدا دەیکات، دەتوانێت ئەو مافە خوراوانەی بەدەست بهێنیتەوە کەبەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لێی زەوتکراوە؟**

سیروان کاوسی: **ئەگەر مەبەستی ئێوە لە سیاسەتی کورد، سیاسەتی دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان (پارتی و یەکێتی) یە،** دەبێ بەڕاشکاوییەوە بڵێم، مافی خوراوی کورد نەتەنیا ناگێڕدرێتەوە بۆی، بەڵکو لەگەڵ سەقامگیربوونەوەی چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و دامەزراندنەوەی سوپا و داودەزگەکانی سەرکوتکەری دەوڵەتی عێراقی نوێ، ئەو ماف و دەسەڵاتە نیوەچڵەش کە ماوە، بەرە بەرە لە کورد و لە پارتی و یەکێتیی دەستێننەوە.

کورد نەتەوەیەکی بندەستە و خاکەکەی داگیر و دابەشکراوە، کە وابوو خەباتی نەتەوەی کورد، لە پێناو رزگارکردنی نیشتمانەکەیەتی و، سەندنەوەی مافی خوراوی کورد، تەنیا و تەنیا بە رزگارکردنی خاکەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دێتەدی. لەبەر ئەوە بیرکردەنەوە و بۆچوونێکی هەڵە و نابابەتانە دەبێت ئەگەر ئێمە وا تێبگەین کورد دەتوانێ مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی جوگرافیای رژێمەکانی داگیرکەردا دەستەبەر بکات. گەلێک مخابن، **لەدوای شۆرشە رزگاریخوازانەکەی شێخ مەحموودی نەمر و رووخانی مەملەکەتی سەربەخۆی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شای کوردستان (شێخ مەحموود)**، بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، تاکو ئەمرۆ بە بیرۆکەی سەرلێشێوێن و لاوەکییەوە سەرقاڵکراوە و، لە هێڵ و رێبازی راستینە و نەتەوەیی دوور کەوتووەتەوە.

**پرسیار: بەپێی لێدوانی بەرپرسانی کورد ئێستا لەعێراقدا هەوڵێک لەئارادایە، بۆگۆرینی کێشەکان بۆکیشەی بەینی عەرەب و کورد، بەتێڕوانینی ئێوە لەئەساسدا ئەمەخودی کێشەکە نییە؟ لەکاتێکدا زۆریک لەلایەنە عیراقیەکان لەسەر دژایەتیکردنی خواستەکانی کورد دەیانەویت هاوسۆزی شەقامی عەرەبی عێراقی بۆخۆیان کێش بکەن؟**

**سیروان کاوسی:** هەروەک لە وەرامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم کردپێی، خەباتی نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا بۆ رزگارکردنی خاکەکەی و، پچڕانی زنجیری کۆیلەتی و، گەیشتن بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. کە وابوو، ناکۆکیی سەرەکیی لە کوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە و ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکانی داگیرکەر و بەهێنانەگۆڕی درۆشمی تێکدەرانە و نازانستانەی وەک دیمۆکراسی و فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی و، هاوولاتیی پلەیەک و ... هتد"

لەگەڵ نەتەوەکانی باندەستی کورد، نایەتەدی. هەر کوردێک خۆی بە ئازادیخواز بزانێ و، لە نێوەرۆک و مانای وشەی **"نەتەوە" و "نەتەوەیی"** تێبگات، ئەم خاڵە وەک پرنسیپ و خاڵی بنگەهینی بیری پیرۆزی رزگاریی کوردستان تەماشا دەکا و، لادانلێی بە **"هێڵی سوور"** و بە خیانەت و تاوان دەزانێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، بیری رەگەزپەرستیی عەرەبیی، بە رۆژێک و مانگێک و ساڵێک دروستنەبووە، بەڵکو مێژوویەکی کۆنی هەزار و چوارسەت ساڵەی لە پشتە و، لەپرۆسەیەکی مێژووییدا ئەو بیرە چەوتە لە مێشکیدا چەسپیوە کە خۆی بە نەتەوەیەکی پاگژو پیرۆز بداتە قەڵەم و، نەتەوەکانی دیکە - بەتایبەتیی کورد بە کەمتر لەخۆی بزانێت. **ئەوجا سازکردنی عێراقی دەستکرد لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی 1923، کە باشووری کوردستانی بە زۆرداری و بەزەبری بۆمباوبارووت خستەژێر چەپۆکی عەرەبی دەسەڵاتدارەوە،** بیری رەگەزپەرستیی عەرەبیی لە عێراق، شانبەشانی پەیدابوونی بیری ناسیۆنالیستیی تورکی و فارسیی لە لایەن ئەتاترک و رەزاشاوە، هێندەی دیکە لەنێو نەتەوەکانی ترک و فارس و عەرەبدا ریشەی داکوتا و، هێندەی دیکە هەبوون و ناسنامەی نەتەوەییی کورد بەرەورووی دوژمنکاری و مەترسیی گەورەتر بووەوە و، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، لەوە بەدواوە بەدارشتنی پلانی هاوبەش و بە گەلەکۆمە، کەوتنە هەوڵی تواندنەوەی رەگەزیی کورد لەسەر خاکی باوباپیرانی. لەبەر ئەوە، کورد، پاش رووخانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی عێراق، هەڵەیەکی گەورە و کوشندەی کرد، کە شوێن درۆشمی چەوت و وادە و بەڵێنی نانەتەوەییانەی سەرکردەکانی کەوت و، بەدەستی خۆی، چارەنووسی سیاسیی خۆی گرێدایەوە بە جوگرافیای عێراقی داگیرکەرەوە و، باشووری کوردستانی لکاندەوە بە عێراقی عەرەبەوە. ئەو عێراقەی کە

بەپێی یاسا و بیری کۆمەڵگەی عەرەبیی، بە بەشێک لە خاک و نیشتمانی عەرەب دەدرێتە قەڵەم. پاش هەشتا ساڵ خەبات و ماڵوێرانی و دەستدرێژی و لەسێدارەدان و قوربانیدانی بێیەژمار، هاتینەوە سەر "سفر" و، ئەزموونمان لەو هەموو کارەسات وتاڵی وخوێنڕشتنە بەکۆمەڵانە وەرنەگرت، کە عەرەب هێنای بە سەرماندا و، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەییمان هێندە لاوازە، کە ئێستاش نازانین ئەم کێشەیە، **کێشەی نێوان لایەنەکانی سیاسیی عێراقییە، یان کێشەی نێوان کورد و عەرەب؟!".**

ئەو بەڕێزانەی بەنێوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان وەکو وەزیر و ئەندام پەرلەمان لە بەغدان، ئێستا ئەوانیش وەخەبەر هاتوون و، هەموو رۆژێک گلەیی لە عەرەبەکانی شەریکەدەسەڵاتیان دەکەن و، دەڵێن: **"نیازیان باش نییە بەرامبەرمان و، بەتەمان لە دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کەم بکەنەوە!!".**

ئەو سیاسەتەی کە سەددام و رژێمەکەی دوێنی بەرامبەر کورد پێڕەویاندەکرد، لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی دەوڵەتی نوێی عێراق کە جەحفەری و ئێستێ مالکی و مەشهەدانی و ... هتد، بەرامبەر کورد دەیبەن بەڕێوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ یەک نییە و، هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی نێو کۆمەڵکەی عەرەبە لەعێراق. شەقامی عەرەبی عێراق - سوننەکەی لە دەرفەت دەگەڕێت، بارودۆخێکی وەک رابوردووی بۆ هەڵبکەوێ و، تۆڵەی ئەم چەند ساڵە بە چەشنێک لە کورد بکاتەوە، کە سەددام نەیکردبێت. شەقامی عەرەبی شیعەش - بیر لە دامەزراندنی حکوومەتێکی شیعەی وەک ئێرانی دۆست و برا و هاوپەیمانیان دەکەنەوە، کە عێراق ببێتە دووەم حکوومەتی ئیسلامیی - شیعە لەنێوچەکە. لەو پێناوەدا، لایەنەکانی شیعەی بەشداری نێو حکوومەت، تاکو ئەمڕۆ باشترین سوودیان لە پێوەندییان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و هێزی پێشمەرگە و،

بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، وەرگرتووە. بەدڵنیاییەوە پاش ئەوەی بەتەواوەتیی دەسەلاتیش کەوتە دەستیان، بە بڕیارێکی پەرلەمان پاشەکشە بە لەشکری ئەمریکا دەکەن لە عێراق، ئەوجا وەک چۆن ئایەتوڵڵا خومەینیی، بەنێوی ئیسلامەوە، فتوای جیهادی لەدژی نەتەوەی بندەستی کورد لە رۆژهەلات دەرکرد و، سەدان هەزار بەکرێگیراوی رژاندە کوردستانەوە، هەر بەو شێوەیەش، قوتابییەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی، باشووری کوردستان داگیردەکەنەوە. لەبەر ئەوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم، لە خەونی خۆشی کۆشکنشینی و مەلەکردن لەنێو شەپۆلی پارە و پووڵی خەڵکی رەشوورووتی کوردەواریی، راچڵەکێن و، تا ئەم چەند رۆژ و مانگە بەدەستەوە ماوە، کۆبوونەوەیەک بە هاوبەشیی لەگەڵ هەموو کەسانی زانا و نیشتمانپەروەر و، شارەزا لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و کاری دەوڵەتداری و یاسازانی کورد ئەنجام بدەن و، بیرێکی بنەڕەتیی بۆ ئەم دۆخە پڕمەترسی و هەستیارە بکەنەوە کە بەدەستی خۆیان بۆ کوردیان سازکردووە.

**پرسیار: کەرکوک بووتە گرێکوێرەیەک کەکردنەوەی بەو ئاسانیە نەبێت، هەندێک لایەن بەبەرمیلە باروتی دەچوێنن، چارەسەری ئەم پرسە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەی عەرەبی عێراقی سیاسەتی پێدەکەن زۆر قورسە، هەروەها گازندەیەکی زۆر لەسیاسەتی هێزە کوردیەکانیش هەیە لەو شارەدا، بەتێڕوانینی ئێوە لەم بارودۆخەدا دەگەڕێتەوە سەر کوردستان؟**

**سیروان کاوسی:** ئەم ئاڵۆزی و گرێکوێرەی کە ئەوڕۆکە سەبارەت بە کەرکووک هەیە، لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە سەریهەڵدا. لەکاتی لەشکرکێشیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ خستنی رژێمی سەددام، پاش

ئەوەی رژێمی تورکیا ئامادەنەبوو هاوکاریی سوپای ئەمریکا بکات بۆ رووخانی سەددام و، ئەمریکای ناچار کرد لە کورد نێزیک ببێتەوە و، دەیان هەزار پێشمەرگەی کورد، شانبەشانی سوپای هاوپەیمانان، لە رووخانی رژێمی داگیرکەری عێراقدا بەشدارییان کرد، زۆر بەداخەوە، سەرکردەیەتیی کورد لەو دەرفەتە زێڕینە هەڵکەوت بۆت، نەیتوانی سوود وەربگرێ و، نەیتوانی ژیرانە پلانێکی نەتەوەیی دابڕێژێت بۆ رزگارکردنی کەرکووک و نێوچە رزگارکراوەکان و، لکاندنی خێرای ئەو نێوچانەوە بە سنووری ژێردەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمەوە. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، لەکاتی هێرش بۆ سەر داوودەزگەی رژێمی بەعس لە کەرکووک، بە جیا و بە پەلە هەوڵیاندا حیزبەکەی خۆیان و رێژەی لایەنگرانی حیزبەکەی خۆیان باڵادەست بکەن. ئەوجا ئەو پشێوی وشڕەخۆرییەی لەڕۆژانی یەکەمدا لەو شارە سەریهەڵدا، بیانوویدا بەدەست عەرەبەکان و، تورکمان و رژێمی داگیرکەری تورکەوە، کە داوا لە ئەمریکا بکەن، راستەوخۆ کۆنترۆڵی شاری کەرکووک بکا و، هێزی پێشمەرگە لە شارەکە دەربکات. لەوەوە بەشێک لەو عەرەبەهاوردانەش کە رایانکردبوو، زاتیاندایە بەرخۆیان و، گەڕانەوە بۆ کەرکووک. بۆیە لەپێش هەر شتێکدا، سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکە، سەبارەت بە دۆخی ئاڵۆزی کەرکووک و نێوچە هێشتا رزگارنەکراوەکان، دەبێ لۆمەوگازندەی خۆیان بکەن و، خۆیان بەشەرمەزاری کوردی کەرکووک و شەهیدان و، لێقەماوانی ئەو شارە بزانن.

جێگەی داخە، ئێستاش YNK و PDK، لەباتی ئەوەی پێداچوونەوە بەهەڵەکانی چەند ساڵی رابردووی خۆیاندا بکەنەوە و، پەلەبکەن لەقەرەبووکردنەوەی هەڵەکانی رابردوویان و، پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی

دابڕێژن، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە کەمەی بەدەستەوە ماوە لەدەستینەدەن و کارێکی وابکەن، ئاسەواری بەعەرەبکردن لەشارەکەدا نەهێڵن، کەچی ئێستاش هەر بیر لەبەرژەوەندیی خۆیان و حیزبەکانیان دەکەنەوە.

بەکورتی، گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان، لە پلەی یەکەمدا پێوەندیی بە یەکێتی و پارتییەوە هەیە، کە بڕیار بدەن لەمە بەدوا سیاسەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی بگرنەبەر و، ئامانج و بەرژەوەندیی تاکەکەس و بنەماڵە و حیزبایەتیی پشتگوێ بخەن و، هێزی پێشمەرگە و توانای ئابووری و دیپلۆماسییان بخەنە خزمەتی پڕۆژەی رزگارکردنی کەرکووکەوە. هەروەها پێوەندیی بە هۆشیاریی گەلی کورد و هەڵوێستدەربڕین و، بێدەنگنەبوونی جەماوەری کوردەوە هەیە، کە بە رێخستنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی لە دەرەوە و، لەنیوخۆی وڵات، گوشار بخەنە سەر وڵاتانی دێمۆکرات و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکووک و نێوچەکانی هێشتا رزگارنەکراون، بخرێنەوە رۆژەڤەوە و، بایەخی تەواوی پێبدەن. لەم پێناوەدا، نیشتمانپەروەرانی کورد و هەموو حیزبەکانی سەرتاسەری کوردستان لەنێوخۆ و لە ئەورووپا و ئەمریکا، دەتوانن کۆمیتەی سەرپەرشتیکردن و، کۆمیتەی رێکخستنی خۆپێشاندان و لیژنەی پێوەندیی دیپلۆماسی و میدیا پێکبهێنن و بە کردەوە پێشانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی و دۆستانی کورد و داگیرکەرانی بدەن، کە نەتەوەی کورد سەبارەت بە کێشە چارەنووسسازەکانی یەکدەنگ و یەکهەڵوێستە.

بابەتێکی دیکە، گوتنی لێرەدا بە پێویستدەزانم ئەوەیە، بەشێک لە سیاسەتکارانی کورد – بەتایبەتیی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ، زۆرجار بە هەڵە و لەنەشارەزایی سیاسییەوە، لە میدیای کوردی و، لە

لێدوانەکانیاندا نێوی ئەو کەمایەتییانەی لە کوردستان نیشتەجێن بە **"نەتەوە"** نێو دەبەن. ئەمەش هەروەک گۆتم، لە نەشارەزایی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. چۆنکە "نەتەوە" پێوانە و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و، هەر کۆمەڵەخەڵکێک، بەهۆی ئامانجێکی تایبەتی سیاسیی دەسەڵاتدارانەوە، یان بەهۆی کارەساتێکی سروشتی و کۆمەڵایەتیی، یان قاتوقڕی و هەژارییەوە، لە زێد و نیشتمانی خۆی هەڵکەندرا و، لە خاک و نیشتمانێکی دیکەدا نیشتەجێ بوو، بەو کۆمەڵە و ژمارە خەڵکە ناگوترێت **"نەتەوە"**، بەڵکو پێیاندەگۆترێت: "دانیشتوو"، یان **"دانیشتووان"**. نێوهێنانی هەر کۆمەڵە خەڵکێک بە **"نەتەوە"**، مانای ئەوەیە ئەو خاکەی لەسەری دەژیی، خۆی خاوەنیەتی. بۆ وێنە، ئەو سەدانهەزار کوردەی لە ساڵانی نێوان **1925** هەتاکو **1938** لەلایەن رژێمەکانی داگیرکەری تورک و لە ئەنجامی سیاسەتی تواندنەوەی رەگەزیی کورد لە باکووری کوردستانەوە بەزۆرەملیی راگوێزران بۆ شارە تورکەکان و، لە ئەستەمۆڵ و ئەنقەرە و ئەزمیر و قۆنیە و ... هتد دا نیشتەجێکران، پێیانناگوترێت: "نەتەوەی کورد لە قۆنیە"، یان "نەتەوەی کورد لە ئەنقەرە". چوار **ملیۆن کوردی دانیشتووی ئەستەمۆڵ و دوو ملیۆن کوردی دانیشتووی تاران و، پتر لە ملوێنێک کوردی دانیشتووی خۆراسان و، دوو ملیۆن ئێرانییەک کە لە ئەمریکا دەژین و، دەیان هەزار کوردی دانیشتووی مۆسکۆ و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و ئەمریکا و.... هتد، نەتەوە نین، بەڵکو دانیشتووی ئەو شار و وڵاتانەن. هەر بەو پێیە، تورکمان لە تورکمانستان نەتەوەیە، نەک لە کوردستان. کوردستان نیشتمانی کورد و ئاسۆری و کلدان و تورکمان و، ئەو کەمایەتییانەی دیکەیە کە خۆیان بە کوردستانی و، نیشتمانی خۆیان بە کوردستان دەزانن. لەبەر ئەوە، بەهەڵە بەکارهێنانی هەر وشەیەک، لەلایەن**

**نووسەر و سیاسەتکاری کوردەوە، دەبێتە کێشەیەکی دیکەی چاوەڕواننەکراو بۆ داهاتوو، کە سڕینەوەی زۆر دژوار و ئەستەم دەبێت.**

**پرسیار: ئەمریکا لەزۆر پرۆژەدا دژی خواستەکانی کورد بووە ، لەپرسی مادەی 140 ئەمە بەئاشکرا دەبینرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کورد دڵسۆزترین دۆستن بۆ ئەمریکا لەعێراقدا، بەتێڕوانینی ئێوە ئەم سیاسەتی سۆزداریە کورد دەگەیەنێتە کوێ، لەگەڵ ئەمریکا؟**

**سیروان کاوسی: بەباوەڕی من،** بیرکردنەوە و شێوازی پێوەندیی سەرکردەیەتیی کورد لەگەڵ ئەمریکا، تاکو ئێستا بیرکردنەوە و شێوازێکی "عەشایەر"یانە بووە و، دوور بووە لە جۆری پێوەندی و بیرکردنەوەیەکی سیاسی و دیپلۆماسیی کە ئەوڕۆکە لە جیهاندا باوە و، پێڕەودەکرێت. لەماوەی حەڤدەساڵی رابوردوودا، بەدەیان جار، کاربەدەستانی یەکێتی و پارتیی سەبارەت بە کێشە و بابەتی جیاجیا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکادا کۆبوونەتەوە، بەڵام با بێن و تاکە دێڕیکمان پێشانبدەن کە بەڕەسمیی لە گەڵ ئەمریکادا مۆریان کردبێت. بەلای ئەمریکاوە، سەرکۆمارەکان و، دەوڵەتەکان و هاوپەیمانەکان دەگۆڕدرێن، ئەوەی کە نەگۆڕە و هەمیشەییە، ستراتیژی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئابوورییە. ئەم شێوازە لە پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسیی، لە هەموو وڵاتانی دنیادا هەر بەم شیوەیە. **ساڵی 2003، فەرەنسا و، ئەڵمانیا دژی لێدانی عێراق بوون لەلایەن ئەمریکاوە و، تا رادەیەکی زۆریش ساردی و گرژیی کەوتە نێوانیانەوە، بەڵام، ئێستە سەبارەت بە ئێران و، ئاڵوگۆڕەکانی نێوچەکە، کەوتوونەتە بەرەیەکەوە و، هاوپەیمانی یەکن.**

ئەوڕۆکە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ راگرتنی بەرەژەوەندیی درێژخایەنی خۆی لە عێراق، پێوەندیی راستەوخۆی بە حکوومەت ودەوڵەتی عێراقەوە

دەبەستێ، کە عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە تێیدا باڵادەستن و، لایەنی کوردیش بەشێکە لەو پێکهاتەیە کە نێوی حکوومەت و دەولەتی نوێی عێراقە. ئەمریکا، پەیماننامەی سەربازی و بازرگانی و ... هتد، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا مۆردەکات. سەردەمی **"هەرێمی دژە فڕین"** و **"کوردستانی ئازاد"** تێپەڕ بوو، ئێستا قۆناخێکی تازە لە پێوەندیی نێوان عێراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی هاتووەتە کایەوە. چەند ساڵ لەمەوبەر، ئەمریکا لە بارودۆخێکدا بوو کە لە بایەخ و گرنگیی رۆڵی کورد تێدەگەیشت و، دەبوو کوردیش نرخی خۆی بزانێ و، مەرجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەراشکاوییەوە لەگەڵ ئەمریکادا بهێنێتە گۆڕێ و بەڕەسمی لەگەڵی رێکبکەوێت. ئەو رۆژانە بەسەرچوون، ئێستا ئەوە عەرەبەکانن کە ئەمریکا پێویستی پێیانە و، مەرجی بۆ دادەنێن. بێگومان ئەمریکاش ناچارە لەزۆر رووەوە هاودەنگیی خۆی پێشانبدات لەگەڵیان، چۆنکە هەروەک گوتمان، خاڵی گرنگ بەلای ئەمریکاوە چۆنێتیی راگرتنی بەرژەوەندییەکانییەتی لە عێراق و لە نیوچەکە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ئەم دیاردەی ژنکوژی و ژنسووتان و، تێرۆر و هەڕەشەکردن بۆ سەر نووسەران و پەرەسەندنی بیری ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی بنکە و تۆڕەکانی سیخوڕیی ئێران و، بەردەوامیی دەستبەسەرداگرتنی دوو حیزبەکە بەسەر بووجە و ئابووری و پەروەردە و میدیا و... هتد، کەشەهەوایەکی نائاسایی و ئاڵۆزی پێکهێناوە و، ئاستی تێگەیشتووی و لێوەشاوەیی هەردوو حیزبەکە، سەبارت بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دیمۆکراسیی، لەلای ئەمریکا و وڵاتانی دیمۆکرات و رێکخراوەی مافی مرۆڤی جیهانییەوە خستووەتە ژێر پرسیارەوە. رێگەچارە ئەوەیە، حکوومەتی هەرێم، شێوازیکی دیمۆکراتیانە و هاوچەرخانە بگرێتە بەر و، متمانەی گەلەکەی و دنیای ئازاد بۆ لای

خۆی راکێشێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە. کاتێک دیاریبکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە شارەکان و، داوا لە وڵاتانی دنیای ئازاد و پەرلەمانی ئەوروپا بکات، بێنە کوردستان و، چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکەن. لەراپرسییەکی ئازاد و نهێنیدا پەرلەمانی نوێی کوردستان هەڵبژێردرێتەوە و، جێی ئەندام پەرلەمانەکانی ئێستا بگرنەوە کە **16** ساڵی رەبەقە، وەکو کوڕی **مەلەک حسێن** بەشێوەی سیستەمی پاشایەتیی لەسەر کورسییەکانیان دانیشتوون. پاشان، هەڵبژاردنی سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی وەزیران ئەنجامبدرێ و، پەرلەمان و حکوومەت، بەرپرسیار بن، لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان بە پێی یاسایەک کە مافی هەموو هاووڵاتییەکی کورد و کوردستانیی بە یەکسانیی بپارێزێت.. ئەم شێوازە دیمۆکراسییە پێڕەو بکرێ و، هەر چوار ساڵ جارێک سەرلەنوێ هەڵبژاردن بکرێتەوە. بەکورتی، بۆ راکێشانی سەرلەنوێی سەرنج و پشتیوانیی دنیای ئازاد، پێویستە ئەو گرێ و ئاستەنگە نێوخۆییانە لابەرین کە دەبنە هۆی ناکۆکیی نێوخۆیی و دوورکەوتنەوەی گەل لە دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆی.

**پرسیار: لەناوخۆیی کوردستاندا نارەزایەکی زۆر هەیە لەئەدائی حکومەت، گەندەڵی و بێسەرو بەرەیەکی زۆر لەئارادایە جگەلەوە پاشەکشەیەکی زۆر هەست پێدەکریت لەبەرامبە پرسی بەدیموکراسی بوون لەکوردستاندا، لەزۆربەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکاندا لەسەر پرسی مافی مرۆڤ ئازادی تاک و مافی ژنان و گەندەڵی ... هتد ..رەخنە لەحکومەتی هەرێم دەگیرێت، ئەم پرسانە چەند کاریگەریان هەیە لەسەر پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێم؟**

**سیروان کاوسی: سەرچاوەی ئەم قەیران و دۆخە نالەبارەی ئێستا لە ئەنجامی سەپاندنی سیاسەتی "فیفتی بە فیفتی" یەکەی نێوان یەکێتیی**

**نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوەیە کە ڕێیانگرت لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتیی لە باشووری کوردستان و، بە ویست و ئارەزووی خۆیان و لەپێناو بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیاندا، باشووری کوردستانیان گرێدایەوە بە عێراقی داگیرکەرەوە و، بەنێوی "ستراتیژی هاوبەش" و "هاوپەیمانێتی دوو قۆڵیی"، باشووری کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و، تێکڕای حیزب و ڕێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاریی کورد و کوردستانی و، نووسەر و هونەرمەندی باشوور و بەشەکانی دیکەی کوردستانیان وابەستەی ئابووریی خۆیان کرد و، سەرچاوەی داهات و بژێویی وڵاتیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ڕەخنە و گازندە لە سیاسەت و کردەوەیەکی ناڕاستیان بگرێت. ئەوجا مانەوەی بەردەوامی سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و، ڕێنەدان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و نێوەندەکانی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، ڕێی خۆشکرد لەبەردەم قوتبوونەوەی لەنەکاوی توێژێک سەرمایەداری گەورە لەنێو ئەندامانی سەرکردەیەتیی هەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و، بنەماڵەکانیان.**

ئەم ناڕەزایەتییەی ئەوڕۆکە، باشووری کوردستانی تەنیوە و، سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبەکە خۆیانی لێ گێل دەکەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایانەوێ دەستبەرداری دەسەڵات و ئەو پارە و سامانە زۆر و زەوەندەبن، کە بە سایی جەنگی کەنداو و لێدانی ڕژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە دەستیانکەوتووە. ئەگەر چەند ساڵێک بەر لەئێستا، گەلی کورد لە باشووری کوردستان پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی لێدەکرا، لێ ئیستا ئەو پشتیوانییە، جێی خۆیانداوە بە ڕەخنەگرتن و گازندەی نوێنەری وڵاتانی دیمۆکرات لە کاربەدەستەکانی هەرێم. ئەمڕۆکە

له میدیای وڵاتانی دنیای ئازادەوە، زۆر بەداخەوە، باس لە دیاردەکانی دواکەوتووانەی ژنکوژی و ژنسووتان و چەندژنی و، ڕێگرتن لە ئازادیی بیروڕادەربڕین و، هەڕەشە و تیرۆرکردنی نووسەری ئازادیخواز و بوێر دەکرێت. نێوبردنی کورد، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ لە میدیای دنیای ئازادەوە، جێیَ داخ و شەرمەزارییە و، بێگومان، بەردەوامیی ئەم دۆخە دواکەوتووانەیە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دۆزی ڕەوای کورد. لەبەر ئەوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەر دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، بناخەی پەرلەمان و حکوومەتێکی کوردستانیی دابڕێژن و، بۆ ئەمەش پێویستە زەوینە خۆشبکەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکرات، کە گەلی کورد بتوانیَ بە ئازادی و سەربەستیی، نوێنەرەکانی خۆی بۆ حکوومەت و پەرلەمان دەستنیشان بکات. دەسەڵاتی تاکەکەس و حیزب بەسەر حکوومەتەوە نەمێنێت. چەکوچۆڵ و تەقەمەنیی لە سەرجەم حیزبەکان و سەرکردەیەتی و ئەندامان و، خەڵکی ئاسایی دابماڵدریَ و، لەبری ئەوە لەشکری کوردستان پێکبهێنریَ کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەیەتیی وەزارەتی بەرگریی حکوومەتی کوردستاندا بێت. پاشان ڕاپرسییەکی گشتی لە سەرتاسەری خاکی باشووری کوردستان ئەنجامبدریَ، بەچاودێریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە ئازایدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات. ئەگەر سەرکردەیەتیی هەر دوو حیزبەکە بەزوویەکی زوو ئەم کارە نەکەن، ئەوا بەدەستی خۆیان، دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور لە گۆڕ دەنێن و، سەر لەنویَ شەڕی نێوخۆیی و هێرشی داگیرکەران وماڵوێرانیی ڕوو لە کوردستان دەکاتەوە. جارێکی دیکە، باشووری کوردستان دەبێتەوە بە گۆڕەپانی ڕمبازێنی سوپا و سیخۆڕی داگیرکەرانی خوێنڕێژ.

**پرسیار: دێمە سەر پرسی کورد لەباکوری کوردستان: دۆزی کورد لەباکوری کوردستان زۆر باش چۆتە پێش تاچەند گەشبینن بەچارەسەری پرسی کورد لەباکوور ، لەماوەی نزیکدا؟**

**سیروان کاوسی:** هەروەک هەموو لایەک ئاگادارین، لە باکووری کوردستاندا بزاڤێکی رۆشنبیری و جەماوەریی دەستپێکردووە. لەنیوخۆی شارەکانی باکووری وڵاتەکەمان و، لە قووڵایی شارەکانی تورکیا وەک **ئەستەمۆڵ و ئەنقەرە و قۆنیا و ئەزمیر** و... هتد، نێوەندی رۆشنبیری و زمان و کولتووری کوردی سازکراون. شانبەشانی ئەم خەباتە رۆشنبیرییە، هێزی پێشمەرگە لە بەرخۆدانێکی کەموێنە و دلێرانەدایە بەرامبەر سوپای رژێمی دڕندەی تورک و، لەساڵی رابردوودا، هێرشی پێشمەرگە لە باکوور و سنووری باشوری کوردستاندا سوپای تورکیای ناچارکرد، بکەوێتە دۆخی بەرگریکردن لەخۆی. لەئالی نێونەتەوەییشەوە، یەکێتیی ئەوروپا، بە بەردەوامیی داوای لەرژێمی تورک کردووە، مافی مرۆڤ بپارێزێ و، مافی کولتووری و فەرهەنگیی بۆ کورد لە وڵاتەکەیدا رەچاوبکات.

بێگومان، خەباتی سیاسی و چەکداری و رێکخستنی جەماوەریی لەلایەن پ‌ ک‌ ک‌ وە، لە چارەکە سەدەی رابردوودا، رۆڵی سەرەکیی گێڕاوە لە بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان، لێ مخابن سەرەڕای ئەم خزمەتە زۆرەی پ‌ ک‌ ک‌ لە باکوور کردوویەتیی، خاوەنی ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی و سیاسیی نییە و، بەتایبەتیی لە پاش گیرانی **بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان** تاکو ئەمرۆ، پ‌ ک‌ ک‌ چەند جارێک و درۆشم و نێوی خۆی گۆڕی و، درۆشمی ئێستاشی داوای **"بەدێمۆکراتبوونی رژێمی تورکیایە"**. ئەمە بە باوەڕی من، ئاسۆی خەباتی

رزگاریخوازیی کوردی له باکوور – وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان، لێڵ و تاریک کردووه. **چۆنکه داواکردن له دەوڵەتی تورکیا که ببێت به دیمۆکرات!! ئەوه ناهێنێت شەڕێکی ماڵوێرانکەری چەندین وچەند ساڵه هەڵگیرسێنێ و، بەهۆیەوه پتر له سێ هەزار گوند وێران بکرێ و دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد شەهید و پەککەوته وبریندار بکرێن و، سێ ملیۆن کەسێکیش لەسەر گوند و زێدی خۆیان هەڵکەندرێن و، ئاوارەی شارەکانی تورکیا بن.** بەوتەی زانا و سیاسەتکارێکی شارەزا که وا بزانم **ئیسماعیل بێشکچی** قسەکەی کردبێت، دەڵێت: **"پێ کێ کێ رێکخراوەیەکی گەورەیه که داوای ئامانجی بچووک دەکات!"**. زیانی دیکەی ئەم به نزم سەیرکردنەی داخوازیی کورد لەلایەن پێ کێ کێ، وه ئەوەیه، لەئالی نێونەتەوەییشەوه، دۆزی کورد وەک کێشەیەکی نێوخۆیی نێو تورکیا دەهێڵێتەوه و، پشتیوانیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، له داخوازیی پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی رۆشنبیریی بۆ کورد تێپەڕ ناکات.

**پرسیار: (پارتی داد و گەشەپێدان) پرۆژەیی چارەسەری کێشەی کوردی هەڵگرتووه، لەم پێناوەشدا کەناڵێکی بەزوبانی کوردی کردۆتەوه، بەتێڕوانینی ئێوه ئەمه سیاسەتی راستەقینەی AKP یه یاخود تەنها لەپێناوی بەدەستهێنانی دەنگی کوردە لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا؟**

**سیروان کاوسی:** پێویسته ئەم راستییه وەک رۆژ هەمیشه لەبەرچاومان بێت، هیچیەکێک له پارتەکانی سەربه نەتەوەکانی باندەستی کورد – بەدەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنانەوه، بیر لەپرۆژەی چارەسەریی کێشەی کورد بەشێوازی دیمۆکراسی و ئاشتییانه ناکەنەوه. **پارتی دەسەڵاتداری تورکیا – بەنێو "پارتی داد و گەشەپێدان"**، هەوەک ئێوه نووسیوتانه، مەبەستی له کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردیی، پڕۆپاگەندەی

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و فریودانی جەماوەری کوردە لە باکووری کوردستان. هاوکات، پارتی AKP لەلایەک دەیەوێت پێشانی یەکێتیی ئەوروپای بدات کە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەنگاوی هەڵگرتووە و، تەلەفزیۆنیکی بە زمانی خۆیان داناوەبۆیان. بەڵام باشدەزانین، ئەگەر تورکیا بیهەوێت واز لە سیاسەتی چەپەڵ و رەگەزپەرستانەی رابردووی بهێنێت، دەتوانێ وەک هەنگاوی یەکەم، خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ئازاد بکا و، لەگەڵ پ ک ک ئاگربەس رابگەیەنێ و، لەگەڵ نوێنەرانی کوردی باکوور بکەوێتە گۆتوبێژەوە بۆ ئەوەی شەڕ و خوێنڕشتن کۆتایی پێبهێنرێت و، لاپەڕەیەکی نوێ و مرۆڤانە لە پێوەندیی خۆی لەگەڵ کوردی دراوسێیدا بکاتەوە. بەڵام کورد گۆتەنی: **"تۆبەی گورگ، مەرگە"**.

**پرسیار: ئێستا هەست بەپیلانێکی نێودەوڵەتیی دەکرێت لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە هەرسێک حکومەتی(تورکیا و عێراق و ئەمریکا) پلانی لەناوبردنی PKKدارشتووە، زۆرجار باسی بەشداری هەرێم دەکرێت لەوپلانەدا ، پێت وایە جارێکی تر براکان بەخوێنی یەکتر دەستیان سوربکەن؟**

**سیروان کاوسی: بەباوەڕی من، هەڵە و کەمایەسیی گەورەی پ ک ک لەوەدایە، لەباتی ئەوەی لایەنی بیری نەتەوەیی لە خەبات و تێکۆشینی سیاسیدا زەق بکاتەوە و، لە هێڵی ئامانج و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەییەوە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ رووداوە سیاسیەکانی جیهان و نێوچەکە و کوردستان، کەچی لەڕوانگەی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی کۆمۆنیستییەوە کێشە جیهانی و نێوچەیی و رووداوەکانی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت، لەپێوەندیی دەرەوەش‌یدا لە ئەورووپا و ئەمریکا بەتایبەتیی، لە گەڵ ئەو رێکخراوە توندڕەوە چەپانە هاوکاریی دەکات کە دژایەتیی وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی دەکەن. هەر ئەم روانگەیەش بوو کە پێش**

**گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و، ئەوکات کە لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری ئێران و سووریا و رێکخراوەی تێرۆریست و توندڕۆی وەک "حیزبوڵڵای لوبنان" بکەوێتە بەرەیەکەوە لەدژی ئەمریکا و ئیسرایلەوە و، حیزبێکی سەرەکیی باشووری کوردستانیش، بە هێزی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بداتە قەلەم و، رەوایەتیی بدات بە هێرشکردن بۆ سەری. پێڕەوکردنی ئەم روانگە سیاسییە لەلایەن پ ک ک وە تاکو ئەمڕۆ، هۆکارێک بووە بۆ دژایەتیکردنی وڵاتانی دنیای ئازاد لەگەڵی و، ئەوەش لەئالی دیپلۆماسی وپێوەندیی نێونەتەوەییەوە زیانی بەکێشەی رزگاریخوازانەی کورد گەیاندووە.**

سەبارەت بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لەنێوان پ ک ک و، هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان، هیوادارم، هەردوولایان و هەموو حیزبە کوردییەکانی دیکە، وانە و ئەزموونیان لەو شەڕە خۆکوژییانەی پێشوو وەرگرتبێ و، لەمەبەدواوە نەکەونە داوی گوشار، یان دۆستایەتیی درۆزنانە و، سیاسەتی فێڵبازانەی داگیرکەرانی کوردستانەوە. دڵنیام، پارتی و یەکێتیی بەتەواوەتیی لەو راستینەیە ئاگادارن، کە بەلەنێوچوونی پ ک ک، یان بە لەنێوچوونی خەباتی هەر بەشێکی دیکەی گەلەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، زیاتر سەریان دەپەرژێتە پیلانگێڕان بۆ تێکدانی بارودۆخی باشووری کوردستان.

**پرسیار: لەمیدیاکانەوە زۆر باس لەسەردانی عەبدولا گول دەکرێت بۆ هەولێر، لەوماوەیەشدا هەست بە بەرەو پێشچوونێک دەکرێت لەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و تورکیا، بەبروایی چاودێران ئەم بەرەوپێشچونە پەیوەندی بەهاوکاری حکومەتی هەرێم هەیە بۆ دژایەتیکردنی PKK**

**سیروان کاوسی: ئەوڕۆکە عەبدوڵلا گول،** نوێنەری ئەو سیستەمە رەگەزپەرستانەی تورکیایە، کە لەلایەن ئەتاتورکی خوێنخۆرەوە بناخەکەی

داڕێژراوە. لەبەر ئەوە نابێ هیچ شک و گومان لەوە بکەین، کە عەبدوڵڵا گول، یان هەر کاربەدەستێکی دیکەی داگیرکەران بۆ مەبەستی دۆستێنی و نیازپاکیی نییە دێنە باشووری کوردستان. هەموو سەرۆکەکانی پێشووی ڕژێمی تورکیا و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان لە کۆن و ئێستادا، هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەن، چەندبەرەکی و شەڕی نێوخۆیی لەنێوان کورددا سازبکەن. ئەم پیلانگێرییەش چەندین ئامانج و مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە بووە و، بەداخەوە گەلێک جار داگیرکەران توانیویانە بە هاسانی و بێگرفت، کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان، یان پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان بەردەنە گیانی یەک و، تۆوی ناکۆکی و ناهۆمێدیی لەنێو مێشک و دڵی کورددا بەرامبەر یەکدیی بچێنن. هەر ئەم ڕابوردووە تاڵەشە کە وایکردووە ئەوڕۆکە جەماوەری کورد بە چاوی گومانە بڕواننە ئاکامی کۆبوونەوەی نێوان سەرکردەیەتیی باشوور و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران. لەم پێوەندەدا، بۆ ڕەوینەوەی ترس و دڵەراوکەی جەماوەری کورد، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم پێویستە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکان نەشارنەوە و لەڕێگەی میدیاوە، چۆنێتیی لێدوانی کاربەدەستانی وڵاتانی داگیرکەر و، وتە و هەڵوێست و وەرامی خۆیان بۆ گەلەکەیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی متمانەکردنی گەلی کورد بەرامبەر سەرکردەکانی و، دڵنیادەبێ کە فریوی سیاسەتی پیلانگێڕیی داگیرکەران ناخۆن.

**پرسیار: دێمەسەر پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەرتبوونێکی سەیر بەدی دەکرێت، هیچ تروسکایەک بەدی ناکرێت بۆ لێکنزیکبونەوەی هێزەسیاسیەکان ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**سیروان کاوسی: ئێستا لەڕۆژهەڵاتدا هێزێک نابیندرێت، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوەی ناکۆک و ناتەبا و دوژمن بەیەکن کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن و، ئەمانیش چاوەڕوانی قەزا و قەدەر و**

**هەڵکەوتنی هەل و دەرفەتی مێژوویین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە ئێرانی وەک عێراقی فیدراڵ!!. هۆکاری ئەم پەرتەوازە بوونە بەبۆچوونی من، بریتییە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:**

**1 - نەبوونی بەرنامە و ستراتیژی نەتەوەیی، کە بریتی بێت لە تێکۆشین لە پێناوی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و رزگارکردنی خاکی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لە دەستوور وپرۆگرامی حیزبییاندا نییە.**

**2 - بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە لەپاش رووخانی یەکێتیی سۆڤێتەوە لەجیهان سەریانهەڵدا و، شەپۆلەکەی هەموو جیهان و رۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت کوردستانیشی گرتەوە و، بیری نەتەوەیی و بیری ئازدیخوازیی لە دیاردە بەرچاوەکانی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە بوون.**

لەکوردستانیش گۆڕانێکی بەرچاو بەلایەنی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازیی لەنێو چینی رۆشنبیر و خوێندەوار و وەچی تازەپێگەیشتووی کوردەواریدا سەریهەڵدا. کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە بەڕادەیەک بوو کە حیزبەکانیشی گرتەوە و، بەشێک لەئەندامانی حیزبەکان کە خوێندنەوەیەکی زانستانە و بابەتانەیان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی تازەی دنیا هەبوو، هۆشیارتر و چاوکراوەتر لە ئەندامانی کۆن، نەبوونی ئازادیی نێوحیزبی و نەبوونی بەرنامە و ستراتیژێکی روونی سیاسی و نەتەوەیی، لەلایەن سەرکردەیەتیی حیزبەکانیانەوە دایە بەر رەخنە و لێکۆڵینەوە و، داوای گۆڕینی درۆشمی سیاسی و گۆڕانکاریی نێوخۆی حیزبەکانیان کرد. لە ئالییەکی دیکەشەوە، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای راگەیاندن و ماسەمێدیا، وەک ئەنتەرنێت و سەتەلایتی تەلەفزیۆنی و، دروستبوونی دەیان ماڵپەر و رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی سەربەخۆ، هەروەها، نیشتەجێبوونی دەیانهەزار کورد لەوڵاتانی پیشەسازیی دیمۆکرات و، تێکەڵاوبوون و تێگەیشتنیان لەشێوازی

کاری ڕاگەیاندن و دەوڵەت و ئازادی و دیمۆکراسیی، بیری نوێخوازی و پێویستیی گۆڕانکارییان لەنیو کۆمەڵگەی کوردەواری و گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا پەرەپێدا. بەڵام، لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە دەرەکی و نێوخۆییانەدا، سەرکردەیەتیی حیزبەکان، بێگوێدانە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی نوێی جیهان، هەوڵیاندا دەسەلاتی خۆیان وەک ڕابردوو بپارێزن و، بە کولتووری خێڵەکی و، ئاغایەتی و بیرۆکەی **"سانترالیزمی دیمۆکراتیک" ی "شێوازی سەردەمی "ستالین" وە،** هێژمۆنی خۆیان بەسەر حیزبەکەیاندا ڕابگرن. بەڵام تەوژمی گۆڕان هەروەک چۆن لەماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا دەیان نەتەوەی بە سەربەخۆیی گەیاند و، چەندین حکوومەتی دیکتاتۆری ژێروژوور کرد، هەرواش تەنگی بە سەرکردەیەتیی حیزبەکان هەڵچنی و، دابڕان و "انشعاب" سەریهەڵدا و، بۆ پێشگرتن لە هەلوەشاندنەوەی حیزبەکانیان و، چەواشەکردنی ئەندام و لایەنگریان، کەوتنە دروشم **گۆڕین و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان. ئەم قەیرانە زۆربەی حیزبەکان، لەوانە حیزبێکی گەورەی وەک یەکێتیی نیشیمانیی کوردستانیشی گرتەوە. بێگومان، ئەم بای گۆڕانە هەڵیکردووە، بەوەشەوە ناوەستێ و، لەداهاتوویەکی نێزیکدا هەردوو دەسەلاتی پارتی و یەکێتیش دەگرێتەوە و، ئەم دوو حیزبە ناتوانن بۆ هەتاهەتایە، بە چاوسۆرکردن و بەرتیلدان و تەخشان و پەخشانی بێسەروبەر کە لە بووجەی خەڵکی ڕەشووڕووتی کوردەواریی دەستیاندەکەوێت، درێژە بەم شێوازە حیزبایەتیکردن و دەسەلاتدارێتییەیان بدەن. بای گۆڕان لە کوردستان دەستیپێکردووە و، لەگەڵ خۆی تۆفان دێنێ، تۆفانی نوێخوازی و بیری سەربەخۆیی کورد. هیچ هێزێکیش ناتوانی پێشی لێبگرێت.**

**3** –هۆکارێکی دیکەی ئەم پەرتەوازییەی حیزبەکانی ڕۆژهەلات، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی

دێمۆکراتی کوردستان، سەبارەت بە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە هەر لەپەنجاساڵی رابوردووەوە، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە، رێکخراوەی بەشەکانی دیکەشیان لە شەڕ و ئاژاوەی نێوان خۆیانەوە گلاندووە و، رۆڵی گەورەیان لە سازکردنی دووبەرەکیی لەنێوان ئەندامانی حیزبەکان و، حیزبەکان بەرامبەر یەکدیی گێڕاوە. ئەگەرچی ئێستا یەکێتی و پارتی، بەڕواڵەت هاوپەیمانی یەکدین و هاوستراتیژی یەکن، بەڵام هەر یەکەیان بە ئاشکرا و نائاشکرا، لە هەوڵی گەورەکردنەوەی قەوارەی رێکخستنی خۆی و، لاوازکردنی لایەنەکەی دیکەیە.

**پرسیار: لەئێستادا هەست بەخەفەبوون دەکرێت لەکێشەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان، جگە لەو چالاکیانەی کە پژاک دەیکات هێزەکانی تر چالاکیەکی ئەوتۆیان نیە و لەئاستی نێودەوڵەتیش پرسی کورد لە رۆژهەڵات هیچ دەنگێکی ئەوتۆی نیە، ئەم بێدەنگیە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**سیروان کاوسی:** بەڵێ وایە، جگە لە **"پژاک"**، حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات چالاکیی پێشمەرگانەیان نییە. بەڵام با ئێمە بیر لەوەش بکەینەوە، بەم ناکۆکی و ناتەباییەی کە ئێستێ لەنێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا هەیە، کە لەباشوور نیشتەجێن و، جارجارە بە چەک و دار و چەقۆوە پەلاماری یەکدیی دەدەن و، پرۆپاگەندەی سەیروسەمەر لەدژیی یەکدیی بڵاودەکەنەوە، ئەگەر بێتوو بەچەکەوە ڕوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمانیش، بەسەدان و بگرە بە هەزاران رۆڵەی کورد بەدەستی یەکدیی بەکوشتن دەدەن و، هێندەی دیکە بێزاری و ناهۆمیدیی باڵ بەسەر رۆژهەلاتی کوردستاندا دەکێشێت. لەبەر ئەوە تا ئەم ناکۆکییەیان بنبڕ نەکەن، باشتروایە نەگەڕێنەوە بۆ رۆژهەڵات، چۆنکە ئەوکات لەباتی **"خێر"**، **"شەڕ"** یان دەبێت!.

هۆی بێدەنگبوونی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانێکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتدا، کە پێکەوە لە نێوەندێکی یەکگرتووی نەتەوەییدا، کۆببنەوە و، هێزی پێشمەرگە و خەباتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات یەکبخەن، بەتایبەتیی لەدەرەوە کۆمیتەیەکی دیپلۆماسی پێکبهێنن، کە بەنێوی هەموویانەوە و بەنێوی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لەگەڵ دەوڵەت و ئۆرگانەکانی سیاسی و مرۆڤیی نێونەتەوەیی کۆبوونەوە بکات. پاشان ئەو میدیا و راگەیاندنەی کە هەیانە، بیخەنە خزمەتی ئەم پڕۆژە نەتەوەییەوە لە رۆژهەڵات. بەوەش رێز و متمانە و پشتیوانیی گەلەکەیان بۆلای خۆیان راکێشن. ئەوکات بێگومان، لەئاستی نێونەتەوەییشدا، گوێ لە وتە و خەبات و داخوازییەکانیان دەگیرێت.

**سەبارەت بە "پژاک" یش، ئەوە راستە کە ئەوڕۆکە تاکە هێزی چالاکی چەکدارییە لەرۆژهەڵات، هاوکات دەبێ ئەوەش بزانین "پژاک" یش وەک حیزبەکانی دیکە، باوەڕی بەسەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی نییە و، باس لە کۆنفێدراڵی دەکات کە ئەوە لەڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لێکدانەوە و جێ و رێی تایبەت بەخۆی هەیە و، لەگەڵ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناڤین و وڵاتێکی دواکەوتووی وەک ئێراندا ناگونجێت.** چۆنکە دەزانین، پێشزەوینەی پێشنیازی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی، یان کۆنفێدراڵی لەنێوچەیەکدا، بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتنی دانیشتوانەکەیەتی لە فەرهەنگی ئازادیخوازی و یەکسانی و دیمۆکراسیی. ئەوجا پاش ئاگاداربوونی تێکڕای دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لەنێوەرۆک و ئامانج و مەبەستی پڕۆژەی فیدرالییەکە، راپرسییەکی ئازاد لە سەرجەم دانیشتووانی ئەو وڵاتانە ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوە بزانرێت ئەو گەلانە رازین لە

چوارچێوەیەکدا پێکەوە بژین، یان خوازیاری سەربەخۆیی خۆیانن! **بەڵام ئەم دروشمی کۆنفیدرالی "پژاک"، هەروەک دروشمی "فیدرالی"** حیزبەکانی دیکە، لەڕووی یاساییەوە رەوایەتیی نییە و، بێڕیزیکردنی تەواویشە بە گەلی کورد.

**پرسیار: دواپرسیار لەسەر کارو چالاکی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان دەپرسم چیتان لەبەرنامەدایە و هەڵوێستی کۆنگرە لەسەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی چۆنە؟**

**سیروان کاوسی:** کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە **18/4/1985**، تێکۆشیوە بۆ سازکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی، بەبەشداریی هەموو لایەنەکانی رامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی، لەپێناو رزگارکردنی خاکی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. خەباتی دیپلۆماسیی، بەشێکی سەرەکیی لە خەبات و تێکۆشینی کۆنگرە پێکدێنێت. کۆنگرە هەروەها لە پەرەپێدانی هزر وبیروباوەڕی نەتەوەیی بەشێوەی زانستانە و لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی نەتەوەییدا خەباتێکی بێوچانی ئەنجامداوە و، بەدەیان پەرتوک و گۆڤاری بۆ پێگەیانی جەماوەری گەلەکەمان بەبیروباوەڕی نەتەوەییەوە بڵاوکردووەتەوە. لە باشووری کوردستان و، رۆژهەڵات و رۆژاڤا و باکوور و، لە دەرەوەی وڵات، بە هەزاران خوێندکار و رۆشنبیر و کەسایەتیی نەتەوەیی کە لە هەموو زاراوە و ئاین و نێوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە پێکهاتوون، لەنێو ریزەکانی کۆنگرەدا، خەباتی رەوا و پیرۆزی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، تاکو ئێستا (**5**) کۆنگرەی بەستووە و، کۆنگرەی (**6**) رێکەوتی **18/4/2009** **لە**شاری لەندەن لە بریتانیا

بەڕێوەدەچێت، هاوکات دەبێتە یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی **"کاژیک"** لە باشووری کوردستان.

لەبارەی هەڵوێستی کۆنگرە، لەسەر بارودۆخی کوردستان بەکورتی ئەگەر بۆتانی باسبکەم، داگیرکەرانی کوردستان لەئەنجامی ڕێککەوتنێکی بەردەوام و نەگۆڕ، پلانێکی درێژخایەنیان بۆ لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانیدا داڕشتووە. بەلای داگیرکەرانەوە، **یەکێتی و پارتی و پی کێ کێ و دیمۆکرات و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و ئیزدی و شیعە و سوننە ومەسیحی و عەلەویی،** جیاوازییان نییە و، هەتا بۆیان بکرێ هەوڵی لەنێوبردنی هەمووی دەدەن. ستراتیژی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییان لە فەوتان و تواندنەوەی نەتەوەی کورددا رەنگدەداتەوە. دەبا ئێمەی کوردیش، سەربە هەر ئاین و زاراوە و نێوچە و بیروباوەڕیکین، یەکبگرین و، رێنەدەین چیدیکە و لەوە زیاتر لە بندەستیدا ژیان بەرینە سەر، یەکبگرین و، هەمووومان پێکەوە نیشتمانەکەمان رزگار بکەین و، بناخەی سیستەمێکی پێشکەوتوو دابرێژین کە تێیدا هەموو مرۆڤێکی کورد و هەموو کوردستانییەک، لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیدا ، بە یەکسانیی و لە ئازادی و ئاسایشدا ژیان بەرێتە سەر.

**بەهیوام رۆژێک بێت ئالای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لەسەرتاسەری خاکی پیرۆزی کوردستان بشەکێتەوە.**

**لەکۆتاییدا سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم و، سوپاستان دەکەم کە دەرفەتتان پێدام لەرێگەی رۆژنامەی هێژای "ئاڵای ئازادیی" یەوە، بیرورای خۆم بە ئاگاداریی خوێنەرەوەی هێژا و نیشتمانپەروەری رۆژنامەکەتان بگەیەنم.**

# رژێمی خوێن و شکەنجە و سێدارە و تیرۆر و، تۆقاندن، پێینایە (31) ەمین ساڵی دامەزرانییەوە!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (47)
مانگی بەفرانبار (Junuary) ی 2009

چینی مەلاکانی سەر بە ئاینزای شیعەی ئێران بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینیی، هەرلە هاوینی سالی **1978** ەوە، بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی پێشکەوتنخواز و دیمۆکراتەوە، توانییان بەرە بەرە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەریی گەلانی ئێران سەرپەرشتی بکەن و، بیانخەنە خزمەتی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیانەوە. لە گەڵ پەرەسەندنی ئاستی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان، ئایەتوڵڵا خومەینیی لە گوندی **"نۆفل لۆشاتۆ"** ی پاریسەوە، بەناردنی پەیامی یەک لەدواییەک و، بە دانی گفت و بەلێنی درۆ بە گەلان و چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی ئێران، رێبەریی ئەو راپەرینە بێوێنە و مێژووییەی خستە ژێردەستی خۆیەوە، کە لەمانگی رێبەندانی ساڵی **1979** دا، بە یەکجارەکیی کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتیی هێنا و، تەختوکۆشکوتەلار و بناخەی رژێمی حەمەرەزاشای دیکتاتۆر و دژ بە کوردی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە و، رژێمێکی کۆماریی، بە بیروباوەری بنچینەگەرێتیی ئیسلامییەوە لەجێی دامەزراند.

مەبەست و هیوای نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە تێکرا ئەوە بوو بەرووخانی رژێمی پاشایەتیی، ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی کۆتایی پێدەهێنرێ و، باری ئابووری و بژێویی چینەکانی کەمدەرامەت باشتر

دەکرێ و، دیکتاتۆریی، جێی خۆیدەدات بە ئازادیی رادەربڕین و دیمۆکراسیی. بەڵام هەر لەیەکەم رۆژەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵڵا خومەینی و پێڕەوانییەوە، یاسا و داوونەریتی کۆنی هەزاران سال پێش داڕێژرانەوە و، لەماوەیەکی کورتدا، هەموو وادە و بەڵێنەکان خرانە پشتگوێ و، بەبیانووی مەترسیی **"ضد انقلاب"** و رێگرتن لە دەستێوەردانی بێگانە و سیخوڕیی دوژمنانی ئیسلام، دەستکرا بەدژایەتیکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، کە لەلایەن رۆشنبیران و ئازادیخوازان و حیزب و پارتە سیاسییەکانەوە ئاراستەی رژێم دەکران.

پاش داڕشتنی یاسای بنچینەیی وڵات و، دەستبەکارکردنی دەوڵەتی پەسندکراوی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لەرێگەی میدیای رژێمەوە، گەلانی ئێران و کۆمەڵی نێونەتەوەیی، ئاگاداری نێوەرۆکی روانگە و ئایدۆلۆژی و بیرۆکەی دامەزرانی ئیمپراتۆریی شیعە بوون لە نێوچەکە و، کاربەدەستانی رژێم بە درۆشمی **"لاشرقی و لاغربی، جمهوری اسلامی" و "صدور انقلاب"** و پڕۆژەی پێکهێنانی **"سوپای بیست ملیۆنی"** ستراتیژی سیاسیی خۆیانیان ئاشکراکرد.

لەپێوەندیی لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستاندا، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لەیەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتداریتییانەوە بەڕێگەی نوێنەرەکانی خومەینی و سیخوڕ و بەکرێگیراوانیانەوە، دەستیانکرد بەسازکردنی ناکۆکی و تێکدانی بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، چۆنکە پاش رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پارێزگەی **ورمێ و سنە** و بەشێک لە پارێزگەی **کرماشان**، دەسەڵاتی حکوومەتی تارانی بەسەرەوە نەمابوو و، لەلایەن نووسینگەی کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردەوە دەچوون بەڕێوە. ئەو نیوە و نیوەچڵە ئازادییەی کە کوردی رۆژهەڵات

بەدەستیهێنابوو، نەیدەویست لەدەەستیبدات و، پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، ئامانج و داخوازییەکانی خۆی بەڕێگەی نوێنەرانییەوە بەگوێی کاربەدەستانی ئێران گەیاندبوو. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی کە بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە لەمپەر و مەترسیی بۆ سەر ئامانج وبیروباوەڕی داگیرکارییان دەزانی، بەبیانووی شەڕ لە پاوە و هەورامان، پلانی داگیرکردنەوەی کوردستانیان دارِشت و، ئایەتۆڵڵا خومەینیی کە بەپێی یاسای هەڵقوڵاوی بیری ئایەتۆڵڵاکانەوە، ببوو بە **"وەلی فەقیە"**ی موسڵمانانی شیعەی جیهان و، نوێنەری خودا و **"ئیمامی زەمان"** لەسەر رووی زەوین، لەمانگی گەلاوێژی ساڵی **1979** دا فتوای جیهادی لەدژی نەتەوەی بندەست و بێدەسەڵاتی کورد دەرکرد و، سەدان هەزار بەکرێگیراو و موسڵمانی حیزبۆڵڵایی کنفنلەبەری رژاندە کوردستانەوە.

لەو سات و رۆژانەوە تاکو ئەمڕۆ، رژێمی داگیرکەری ئێران، بەدەیانهەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی بەشێوازی جۆراوجۆرەوە لەنێوبردووە. سەروەتوسامانی سەرزەوی و کانزا و ئاسەواری مێژوویی کوردستانی بەتاڵانبردووە. هیچ مافێکی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی بەکورد رەوا نەبینیوە و، ئازادیخوازان و رۆژنامەنووس و مافناسان و چالاکڤانانی بوارەکانی کۆمەڵایەتیی، بەبیانووی جۆربەجۆرەوە لەسێدارەداوە، یان بەرەو شکەنجەخانەکان بەڕێیکردوون. بەکورتی، دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی، لەماوەی سیساڵی رابوردوودا، وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ، لەلایەن رژێمی داگیرکەری ئێرانەوە بەڕێوە چووە.

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەدا کە رژێمی داگیرکەری ئێران لەماوەی سیساڵی رابردوودا لەدژی نەتەوەی کورد پێرەوی کردووە،

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات تێڕادیوی و چاوەڕوانیی ئەوەیان لێدەکرا، کە بە پشتیوانیی گەلەکەیان و بە پێشینە و ئەزموونێکی چڕوپڕ لە خەبات و تێکۆشینی حیزبی و سیاسییەوە کە لەماوەی سیساڵی رابوردوودا بەدەستیانهێناوە، پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش لەسەر بنچینەی بیروباوەڕێکی زانستانەی نەتەوەیی دابڕێژن و، چالاکیی چەکداری و نارەزایەتیی جەماوەریی سەرپەرشتی بکەن و، پێکەوە نوێنەرێتیی کێشەی کورد بکەن لە دەرەوەی وڵات و، بە خستنەڕووی تاوانەکانی رژێمی ئیران، ئەو رژێمەیان لە ئاستی جیهان شەرمەزار بکردایە و، سەرنجی دنیای ئازادیان بۆلای کێشەی رەوای کورد رابکێشایە. بەڵام بەداخەوە، نەتەنیا لەم بوارانەدا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو ساڵ لەگەڵ ساڵ، خەباتی سیاسی و بەربەرەکانێی چەکداریی پاشەکشەی کردووە و، تووشی شکست هاتووە. چوارچێوەی ژیانی رێکخراوەیی حیزبەکان لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە و، بەرەوڕووی دابڕان و ناکۆکی و ئاژاوەی نێوخۆیی و دەستەودەستەگەرێتیی نێوخۆیی بوونەتەوە. لەلایەنی سیاسیشەوە، بێ ستراتیژ و داهێنان و لێکدانەوەیەکی بابەتانەن، ئەوەش لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، لەلایەنی دەرەکی و نێوخۆییەوە، ئاکامی خەباتی سیساڵی رابردووی بردووەتە ژێرپرسیارەوە و، لەڕەوتی خۆیدا، بەوێنەی مامەڵەکردنی **پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان** لەگەڵ کێشەی رزگاریی نیشتمانیی کورد لە باشوور، زیانی گەورە لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لەرۆژهەڵات دەگەیەنێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، پتر لە بیست ساڵە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات، لە باشووری عێراق نیشتەجێن و، هێندێکشیان کە لەماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا لەباشوور پێکهاتوون، هەرهەموویان، بەهۆی وابەستەبوونی داراییان بە یەکێتیی و پارتییەوە، دەستی **(پارتی و**

**یەکێتیی)** یان لەوەدا ئاوەڵا کردووە کە بتوانن، لەسەر ویست و داخوازیی ڕژێمی ئێران، پێش بە چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانەیان بگرن لە ڕۆژهەڵاتدا. پێوەندیی سیاسی و بازرگانی و بەرژەوەندیی زۆروزەوەندی دارایی سەرکردەیەتیی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی باشوور لەگەل کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەسەستێنێ و، ئەوەش کاریگەریی زیاتر لەسەر خراپبوونی پێوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم دادەنێت. بێگومان گەر بێتوو ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە بڕواتە بەرەوە، ڕژێمی ئێران هەوڵدەدات یەکێتی و پارتی ڕازیبکات چەکوچۆڵ لەحیزبەکانی ڕۆژهەڵات دابماڵن و، یارمەتیی داراییان لێببڕن و، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر دووریان بخەنەوە، یان ڕەنگە بیرێکی وابکەنەوە لە دۆڵێک، یان لە ئۆردووگایەکدا کۆیان بکەنەوە. سەرکردەیەتیی **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان،** وەک لە ڕابردوودا پیشانیانداوە، ئامانج و ستراتیژیان پاراستنی دەسەڵات وبەرژەوەندیی حیزبییە و، هەرکات بارودۆخێکی هەستیار بەرەوڕوویان بووبێتەوە، سڵیان لە هەڵەی سیاسی و ژێرپێخستنی ستراتیژ و پرنسیپی نەتەوەیی نەکردووەتەوە. شەڕەکانی نێوخۆیی ڕابردوو، بێدەنگیی یەکساڵەیان بەرامبەر بۆمبابارانەکانی سوپای تورکیا و ئێران بۆ لێدانی **پی کی کی و پژاک لە قەندیل** و گوندەکانی سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، یەکنەخستنەوەی دەزگەکانی حکوومەتی هەرێم و **"ڕێککەوتنی ستراتژیک!!"** ی نێوانیان بۆ دابەشکردنی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لەنێوخۆیاندا، چەند نموونەیەکن بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستینەیە. سەردانەکەی مەنووچێر موتوکی – وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەولێر و سلێمانیی لەڕۆژی **12/2/2009**، سەرەتای گەڕێکی سیاسیی نوێیە بۆ ڕازیکردنی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، کە

یارمەتیی حیزبەکوردییەکانی رۆژهەڵات کەم بکاتەوە و، هەروەها هاوکاریی بکەن بۆ نەهێڵانی پێ کێ کێ و پژاک لە سەر سنووری حکوومەتی هەرێم. لەبەر ئەوە، پێویستە سەرکردەیەتیی حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەتەواوەتیی ئاگاداری رەوتی پێوەندی و ئەنجامی کۆبوونەوەکان و بڕیارەکانی نێوان داگیرکەرانی کوردستان بن لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم.

لەئالیی نێونەتەوەییەوە، پرسی ئێران ئەوڕۆکە لەنێو رۆژەوی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی گەورەدایە. پاش رووخانی رژێمی سەددام حسێن، رۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕیی ئێرانەوە پێیناوەتە دۆخێکی گرنگ و هەستیارەوە. بەردەوامبوونی ئەم پشێوییە لەنێوچەکە، بێگومان بەسوودی ئێران و دەوڵەتەکانی دیکتاتۆری نێوچەکە و رێکخراوە تێرۆریستییەکانی دەستپەروەردەیان تەواودەبێ و، زیانی گەورە و بنەڕەتیشی بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەدواوە دەبێت.. دەوڵەتی ئەمریکا، لە عێراق و لە ئەفغانستان بەرەوڕووی کێشەی گەورە بووەتەوە. هاوکات ئیسرائیلیش لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان و رێکخراوی حەماس دا لەکێشەی بەردەوامدایە و، هێندێک جاریش ناکۆکیی نێوانیان دەگاتە ئاستی شەڕولێکدانی گەورە و خوێناویی. لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماریی ئەمریکادا، پرسی ئێران و عێراق و فەلەستین و رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیی، بابەتێکی گرینگ بوون لە پرۆپاگەندەی نوێنەری هەردوو حیزبی کۆماریخواز و، دێمۆکرات و، پاش سەرکەوتنی دێمۆکراتەکان و، دەستبەکاربوونی ئۆباما وەک سەرکۆماری نوێی ئەمریکا، داوای دیدار و وتووێژی راستەوخۆی لەگەڵ رژێمی ئێرانی کرد. ئەمەش هێندەی دیکە کارگێڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی بەرزەفڕی و لەخۆباییبوون کردووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێران هەروا بەردەوام بێت لەسەر دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی رۆژاڤا، تەمەنی ئەم

بەرزەفڕینەی ئێران زۆر کورت دەبێ. ئێران دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە، وازهێنان لەپڕۆژەی چەکی ئەتۆمی و دەستهەڵگرتن لە یارمەتیی دارایی و پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی تیرۆریستیی لەنێوچەکە - بەمەرجی مانەوەی ڕژێمەکەی و هێرشنەکردن بۆ سەری لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، یان ئەوەی کە بەردەوام بێت لە ملهۆڕیکردن و ڕێگەی شەڕ هەڵبژێرێت، کەئەنجامەکەی بێگومان دەبێتە هۆی رووخان و لەنێوچوونی.

بەکورتی، ئەو ستراتیژە نوێیەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ نێوچەکە دایانڕشتووە، بە سەرکۆمارێتیی جۆرج بوش دەستپێکرد و، لەسەردەمی سەرکۆماریی ئۆبامادا دەگاتە ئەنجام و کۆتایی خۆی. ئەوڕۆکە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران و، پشتیوانیکردنی ئاشکرای ئەم ڕژێمە لەتیرۆریزم، هاودەنگی و لەیەکگەیشتنی تەواو هەیە لەنێوان ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی ڕۆژاوادا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران و، ملنەدانی ئێران بە داوای کۆمەڵی نێودەوڵەتیی، دەستیان ئاوەڵا دەکات لە دەستنیشانکردنی بڕیارێکی جیهانیی لەدژی. لەبەر ئەوە ساڵی **2009**ی زایینیی، بۆ ڕژێمی ئیسلامیی ئیران، ساڵێکی گرنگ و چارەنووسساز دەبێت.

لەم پێوەندییەدا، ئۆپۆزیسیۆنی ڕەنگاوڕەنگی ئێرانیی، بە هەموو لایەنەکانی ناکۆک و دژبەرەوە، لێکدانەوەی بابەتانەیان سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە و، لە ڕادوێ و تەلەفزیۆنەکانیانەوە دەستیانداوەتە پڕۆپاگەندەکردن بۆ ڕێکخراوە و بەرە و سەرکردەکانی خۆیان و، هەموویان بەشەوورۆژێک بوونەتە دیمۆکرات و ئازادیخواز و، بەتەمان پاش رووخانی ڕژێمی ئیسلامیی، دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەستی خۆیان. هێندێکیشیان وەکو بەرەی لایەنگران و

پاشماوەی دەسەڵاتدارانی رژێمی رووخاوی پاشایەتیی، توانیویانە وەک عەرەبەکانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی عێراق، بەدانی پەیمانی بێبناخە و گفتوبەڵێنی درۆ، یەک – دوو حیزبی کوردیش بخەنە ریزی بەرەکەیانەوە. سەرەڕای بوونی ناکۆکیی لەنێوان لایەنەکانی ئێرانیدا، هەرهەموویان بەچەپ و سووپەرچەپ و راست و ئاینی و بەنێو دیمۆکراتیانەوە لەسەر بابەتی پاراستنی دەسەڵات و هێژمۆنی نەتەوەی فارس و یەکێتیی خاکی ئیران - ئەوەی کە خۆیان نێویاننناوە **"تمامیت ارضی ایران"**، کۆک وتەبا و هاودەنگن و، گوێقولاخی ئەوەن بزانن لەکوێ، دەنگی کوردێکی ئازادیخواز و سەربەخۆییخواز دەبیستن، بەرپەرچی بدەنەوە و، بانگێشتی نوێنەری ئەوحیزبە کوردییانە بکەن کە **"شانازیی گەورەیان، ئێرانی بوونیانە"**، داوایان لێدەکەن بەئاشکرا بانگی ئێرانیبوون بەگوێی نەتەوەی کورددا بدەن و، بیری رزگاریی لەمێشکی کورد ببەنەدەرەوە و، بەو شێوەیە، لەرێگەی کورد خۆیەوە، بەوتەی خۆیان، مەترسیی بیری **"تجزیەطلبی!!"** لەسەر ئێرانەکەیان نەهێڵن. لەم پێوەندییەدا، لەماوەی سیساڵی رابردوودا، ئەو لایەنەی کە لەهەموو لایەنێکی دی زیاتر خەبات و تێکۆشینی هەبووە و، بەرەورووی سوپای درِندە و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتەوە، کورد و حیزبە سیاسییەکانی بوون. ئەوەی لەهەموو لایەنێک زیاتر قوربانیداوە و، تووشیماڵوێرانی و شالاوی گرتن و دەستدرێژی و، شکەنجە و گوللەبارانکردن بووەتەوە و، وڵاتەکەی تالانکراوە، کوردەکە بووە، ئەوەش کە وا پتر لەهەموو لایەنێک بێ ستراتیژ و بێ پلانێکی رۆشنی سیاسییە و، سەرلێشێواوە، دیسان هەر کوردەکەیە.

**لەکۆتاییدا، لێکدانەوەی بابەتانەی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و نێوچەکە و دەستنیشانکردنی رێگەچارەیەکی زانستانە و ژیرانە بۆی، بە تێرۆری کەسێتی و شەڕەچەقۆ و پاوانخوازی و دەستەودەستەگەرێتیی و بیری حیزبایەتییەوە ئەنجامنادرێ،**

بەلکو بەهۆشیاری و زانای و دڵسۆزی و بیری رزگاری و نەتەوەییەوە دەکرێت. ناکۆکی و دژایەتیی نێوخۆ کارێکی وایکردووە ئەم رژێمە نگریس و خوێنرێژەی کە لەگەڵ هیچ یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی سەردەمدا یەکناگرێتەوە، درێژە بە دەسەلاتی، داگیرکاری و نامرۆڤانەی بدات. پێویستە سەرکردەیەتیی حیزبەکان لەساڵرۆژی (31) ساڵەی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا، بەهەڵەوکەموکورتی و چەوتییەکانی خۆیاندا بچنەوە و، لەسەر بناخەی بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەگەڵ یەکدیی کۆببوونەوە و بەبەشداریی هەموو حیزب و رێکخراوەی رامیاری و نارامیاریی کوردستانیی، بەرەیەک پێکبێنن، بەدرۆشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد، زەوینە خۆشبکەن بۆ ئەنجامدانی راپرسییەکی گشتیی، بەچاودێری و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکراتی جیهان.

کوردستان لەسەر دووڕییانی "مان" و نەمان" دایە و، تەنیا کورد خۆی دەتوانێت، خۆی و خاکەکەی لە فەوتان بپارێزێ، ئەوەش بە یەکێتی و تەبایی و دارشتنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی دەکرێت.

# چارەسەرکردنی کێشەی کورد
# لە روانگەی رژێمی تورکیاوە!

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (50)

مانگی خەرمانان (July) 2009

پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و، دامەزرانی رژێمی نوێی تورکیا لەسالی **1923** و لکاندنی بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمان لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە بەنەخشەی جۆگرافیای تورکیاوە، رژێمی کەمال ئەتاتورک بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا، پلانی تواندنەوەی رەگەزیی کورد و سڕینەوەی نێوی کوردستانی داڕشت. ئەتاتورک و داروودەستە رەگەزپەرستەکەی، وەرامی داخوازی و دۆستێتی و هاوپەیمانێتیی کوردیان بە گوللە و باروت دایەوە. لە ئەنجامی دەربڕینی ناڕەزایەتی و راپەڕینەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی **شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نووری پاشا و سەید رەزای دەرسیم دا، کە لەساڵی 1925 هەتاکو ساڵی 1938 درێژەیان کێشا،** پتر لە ملیۆن ونیوێک کورد قەلاچۆکران و، بە سەتان هەزاری کورد دیکەش بۆ شار و مەڵبەندە تورکنشینەکان راگوێزران.

ئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی **"یەک نەتەوە، یەک خاک و یەک نیشتمان و یەک ئاڵا"** بوو بە سیاسەتی فەرمی و، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا پێڕەوکرا. زمان و فەرهەنگ و داوونەرێتی کوردان رێبەندکرا. لەساڵانی شەستەکان وهەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەئەنجامی خەباتی دژوار و نهێنیی رۆناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کوردەوە، هەزاران کورد گیران و، بەرەورووی زیندان و شکەنجە و تیرۆر و سێدارە هاتن.

دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی پ‌ی کێ کێ لەساڵی **1984**ی زاینیی، شکاندنی ترس وشەوەزەنگی گورگەبۆرەکان بوو. وەرامێکی بەجێبوو بۆ سیاسەتی نکولیکردنی کورد. چارەکە سەدەیەک لە شەڕ و بەربەرەکانێی چەکداری و خەباتی جەماوەریی لەدژی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا تێپەڕ بووە. لەو ماوەیەدا، کاربەدەستانی تورکیا و لەسەروویانەوە ژنەراڵەکانی سوپای تورک، پاش بەکارهێنانی هەموو فرتوفێڵ و پیلانێکی سیاسی و دەیان هێرشی گەورە و بچووکی سەبازی و سووتاندنی مەزرا و کێڵگە و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستان، نەتەنێ نەیانتوانی بزاڤی رزگاریخوازیی باکووری نیشتمانەکەمان وەک رابوردوو سەرکوت بکەن، بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی مانگ و ساڵەکان، بەربەرەکانێی بەرینی جەماوەریی سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و، ئۆروپا و وڵاتانی دیکەی جیهانیشی گرتووەتەوە و، نێوەرۆکی گەندەڵ و نامرۆڤانەی سیستەمی سیاسیی تورکیای بۆ جیهان ئاشکرا کردووە.

ئەورۆکە، رژێمی تورک بەرەورووی چەندین کێشەی گەورە بووەتەوە و، کۆی ئەم کێشانە، بارودۆخی سیاسیی تورکیای تووشی ئاڵۆزی و قەیرانی گەورە کردووە. تورکیا پاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت، بۆ رۆژاوا گرنگیی خۆی لەدەستداوە، چەندین وڵاتی نوێ لە قەفقاز و باڵکان بوونەتە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئەندام لە ناتۆ کە لەپێشدا لەنێو بلۆکی رۆژهەڵاتدا بوون، لەبەر ئەوە لەلایەن رۆژاوا – بەتایبەتیی لەلایەن ئەمریکاوە وەک رابردوو پشتیوانیی دارایی ناکرێلێ. گوشاری یەکێتیی ئۆروپا سەبارەت رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی پرسی کورد، سەرئێشەی بەردەوامی کاربەدەستانی تورکیایە. شەڕی **25** ساڵەی بێئەنجامی سوپای تورک لەگەڵ پێشمەرگەی پ‌ی کێ کێ و، سەرنەکەوتنی سوپای تورک لە بەرامبەر شەڕڤانانی **پ‌ی کێ کێ،** لەلایەک زیانی گەورەی

به ئابووری وبووجەی لاوازی تورکیا گەیاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە، بەردەوامبوونی شەڕ و بەرخۆدانی گریلای پی کی کێ لەرەوتی خۆیدا بووەتە هۆی گەشاندنەوەی هەستی نەتەوەیی و، بەرزبوونەوەی ورەی جەماوەری کورد و، شکاندنی ترس و سام و هەیبەتی سوپای تورک کە بە ئازایەتی و دلێریی نێوی رۆیبوو. جۆشدانی خەباتی شاخ و شار لەلایەن سەرکردەیەتیی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە باکوور و، خستنەڕێی چالاکیی رۆشنبیری و خەباتی جەماوەریی بەڕێگەی سازکردنی حیزبێکی وەک **DTP (پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی)**، کە لێهاتووی و شارەزاییەکی باشی لە بواری رامیاری و دیپلۆماسی و رێکخستندا لەخۆی پیشانداوە، بەشێکن لەو کێشە گرنگانەی تورکیای تووشی قەیران کردووە. ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە، کاربەدەستانی تورکیای هێناوەتە سەر ئەو بیرەوە کە بەڕێگەی سیاسی و، بە کردنەوەی دەرگەی بەنێو وتوویژ، تێبکۆشن بۆ تێکدانی یەکێتیی نێوان سەرکردەیەتیی کورد و، تێکشکاندنی خەون و ئاواتی لەمێژینەی بۆ گەیشتن بە ئازادیی واتە، ئەگەر پتر لە هەشتاساڵ بە جینۆسایدکردن کورد لەنێو بەرن، ئێستا دەیانەوێ لەڕێگەی سیاسییەوە درێژە بە ئامانج وسیاسەتی داگیرکاریی بدەن.

نەتەوەی کورد، گەلێک بیرەوەریی لە وتوویژ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا هەیە. وتوویژی نێوان رژێمی بەعسی عێراق لەساڵی **1970** لە گەڵ سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول، هەروەها وتوویژی نێوان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دەستەی نوێنەرێتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی **1979**، دوو نموونەی زەق و دیارن کە ئەو دوو رژێمە داگیرکەرە پیشانیاندا مەبەستی سەرەکییان لەخستنەڕێی شانۆگەریی وتوویژ لەگەڵ کورد، دەستخستنی کات و رەخساندنی هەلومەرجی سیاسی و لەشکریی لەبارتر بوو بۆ لاوازکردنی یەکێتیی کورد

و، شکاندنی هێزوتوانای پێشمەرگە. لەهەر دوو ئەو دانووستانانەشدا کاربەدەستانی رژێمی تورکیا، سەردانی تاران و بەغدایان کردبوو، بێزاری و ترس و دڵەڕاوکەی خۆی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ کورد بەئاگاداریی کاربەدەستانی عێراق و ئێران گەیاندبوو. بەدڵنیاییەوە ئێستاش لەبیروباوەڕی دژ بەکوردی ئەم رژێمە هیچ نەگۆڕاوە و، مەبەست و ئامانجی تورکیا، تەنیا و تەنیا پیلانگێڕی و تێکدانی یەکێتیی نێوان کوردانە.

پێوسیتە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکووری کوردستان، بەهۆشیارییەوە ئەم قۆناخە گرنگ و مێژووییەی خەبات و پشتیوانیی بێوێنەی جەماوەریی گەلەکەمان هەڵسەنگێنێت. لەپێش هەر شتێکدا، پێویستە بە پلان و داخوازیی دیاریکراوەوە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا کۆببێتەوە. **داوا لە رژێمی تورکیا بکرێت، پاش ئەو هەمووە کارەساتانەی بەسەر نەتەوەی کوردیدا هێناوە، بۆ پێشاندانی نیازپاکیی خۆی، داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکا و، وەک یەکەم هەنگاوی کردەییش، پەرلەمانی تورکیا گۆڕانکاری لە ئاسای بنچینەیی وڵات (زاگۆن) دا پەسندبکات. لە زاگۆنی وڵات، بەڕەسمیی بنووسرێت، تورکیا لە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکهاتووە** و، دەبێت لەهەموو بوارەکاندا خاوەنی مافی یەکسان بن. **رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هەموو گیراوانی سیاسیی ئازاد بکرێن.** پاشان هەر دیدار و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ تورکیادا ئەنجامدەدرێت، پێویستە بۆ رێگرتن لە پیلانگێڕیی تورکیا، نوێنەری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، شاندێکی هەڵبژاردەی پەرلەمانی ئۆروپا وەک چاودێر بەشداری کۆبوونەوەکان بن. کۆبوونەوەکان دەبێ بە ئاشکرا بن و، نەتەوەی کورد لە نێوەرۆک و ئەنجامی هەموو لێدوانەکان ئاگادار بکرێنەوە.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا، هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکی بەجێ و ژیرانە، سەرکەوتنی هەنگاوەکانی دواتر دەستەبەر دەکات. چارەنووسی تێکڕای

نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا، بە سەرکەوتنی گەلی کورد لە باکوورەوە گرێدراوە. باکووری کوردستان گەورەترین بەشی نیشتمانە لەڕووی خاک و حەشیمەتەوە. ڕژێمی تورکیاش سەرقافڵە و پێشڕەوی دڕندەیەتی و دژایەتیکردنی کورد و کێشە ڕەواکەیەتی. سەرکەوتن بە سەر تورکیادا، دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ سەرکەوتن بەسەر داگیرکەرانی دیکتاتۆر و کۆنەپارێزی وەک عێراق و ئێران و سووریادا.

**بێگومان، ڕژێمی تورکیا و گەلی تورک کە سەدان ساڵە بەبیری ڕەگەزپەرستی و قڕکردنی گەلانی دیکە پەروەردەکراون، هیچ کاتێک ئامادەنابێت دان بە مافەکانی کورددا بنێت. لەبەر ئەوە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکووری کوردستان بەگشتی و، پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی (DTP) بەتایبەتیی، پێویستە پشتیگیریکردنی یەکێتیی ئۆروپا و وڵاتانی دیمۆکرات، بخەنە خزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردەوە. ملنەدان بە مافەکانی کورد و پێداگرتنی ڕژێمی تورکیا لەسەر پاراستنی پرنسیپەکانی ڕەگەزپەرستانەی، بکرێتە هەوێن و زەوینەخۆشکەری ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە کورد و، داوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتی و ئازاد بکرێت لە باکووری کوردستان بە چاودێریی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئۆروپا و وڵاتانی دیمۆکرات. چۆنکە هەتاکو کێشەی کورد، نەکرێت بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، کۆمەڵگەی جیهانیی، کێشەی کورد بە کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە تەماشا دەکات کە کوردستان لەنێویاندا دابەشکراوە. هەر ئەوەشە کە ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان لەکاتی پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی کوردستاندا هەوڵدەدەن وتووێژ و دیدارەکانیان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، بەنهێنی بێ و، جگە لە خۆیان چ کەس و لایەنێکی دەرەکیی بەشداری کۆبوونەوەکان نەبێت، ئاکامی ئەم چەشنە کۆبوونەوانەش هەمیشە بەزیانی کورد تەواو بوو.**

# بەشدارینەکردنی (پارتی و یەکێتی)
# لە کۆنگرەی (6) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
# و چەند پرسیارێک!

سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (49)

مانگی گوڵان (May) 2009

هەروەک زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و، نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان ئاگادارن، کۆنگرەی (**6**) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، رۆژی **18/4/2009**/لەشاری لەندەن لەبەریتانیا بەڕێوەچوو.

دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە، دوو مانگ پێش بەستنی (**کۆنگرەی 6**)، بانگێشتنامەی بۆ هەموو کەسایەتی و حیزب و رێکخراوەکانی کوردی و کوردستانیی لەوانە بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرێکرد. پەیامی پیرۆزبای و پشتیوانیی زۆرینەی لایەنەکانی کورد و ناکوردمان پێگەیشتەوە. بەشیک لەرێکخراوە و حیزبە کوردییەکان، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام پەرلەمان و کەسایەتیی ئۆروپایی، کە دەرفەتی هاتنیان بۆرەخسا، خۆیانگەیاندە هۆڵی کۆنگرە و، پەیامی خۆیانیان پێشکێشکرد و، لێدوان و شرۆڤەی خۆیان سەبارەت بە مافی رەوای نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و، ئاستەنگەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەی کوردەوە خستەڕوو.

لێ، هەردوو پارتی دەسەڵاتداری باشوور نەتەنیا بەشدارییان نەکرد، بەڵکو تەنانەت ئامادەش نەبوون، بەدێڕێک وەرامی بانگێشتی کۆنگرە بدەنەوە کە بەڕێزەوە بۆیان نێردرابوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوەشی تێپەڕاند، ئەندام و لایەنگرانی خۆی لە شاری لەندەن ئاگادار کردبووەوە، بەشداریی کۆنگرەی **6**ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەکەن! شایانی باسە، ئەمە جاری یەکەم نەبوو، لەکۆنگرەکانی پێشووشدا هەڵسوکەوت و تەگەرەخستنەسەرڕێی لەم چەشنەیان بەرامبەر کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامدابوو.

لەبەرامبەردا، سەرۆکایەتیی کۆنگرە، هەر لە کاتی دامەزرانی حکوومەتی هەرێمەوە تاکو ئەمڕۆ، چ بەناردنی نامە و پەیامی دۆستانە، چ لە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەردوو لایاندا، تێکۆشیوە رازییان بکات گوێ لە بۆچوون و پێشنیازی دڵسۆزانەی کۆنگرە و هاوبیرانی نەتەوەیی رادێرن و، پێکەوە هەوڵێکی وابدەین کە ئەو بارودۆخە گرنگ و مێژووییەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، لەبار نەچێ و، بەژیری و هۆشیاری و، بە رەچاوکردنی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی، پلانێکی وا دابڕێژرێ کە داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن ئەو نیوچە سەربەخۆییەی باشوور لەنێو بەرن. بۆ ئەمەش هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجامبدرێت بۆ دامەزرانی حکوومەت و پەرلەمانێکی کوردستانیی. لەشکری کوردستان سازبکرێ، یاسایەکی هاوجەرخ ئامادەبکرێت کە کەسایەتیی مرۆڤ و یەکسانیی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگە بپارێزرێ و، بووجە وسامانی وڵات سەرفی ئاسایش و پێشکەوتنی وڵات و دانیشتوانی بکرێت. بەڵام بەپێچەوانەی هەوڵ و چاوەڕوانیی ئێمە و، جەماوەری گەلەکەمان، وا دەبینین ئەم دوو پارتە دەسەڵاتدارە، بە تەواوەتیی رێککەوتوون، پارێزگاریی لە دەسەڵات و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بکەن و، گوێنەدەنە رێنوێنی و پێشنیازی دڵسۆزانی کورد و، بایەخ بە گلەیی و رەخنەی جەماوەر نەدەن. لە پێناو بەرژەوەندیی خۆشیاندا، دەرفەتی تاکهەڵکەوتووی باشوور و، بزاڤی رزگاریخوازیی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن بە بەردەباز بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی خۆیان بە سەر جەماوەری لێقەوماوی کورددا.

لێرەدا ئەم پرسیارە بەرەڕووی دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبەکە دەکەینەوە، ئەگەر کلەیی و گازندەیان لە پێ کێ کێ و پژاک ئەوەیە، لە

خاکی باشووری کوردستانەوە پەلاماری هێزی چەکداری ئێران و تورکیا دەدەن و، ئەو دوو رژێمە داگیرکەرە، بوونی هێزی چەکداری ئەوانیان کردووەتە بیانوو بۆ زیانگەیاندن لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان و، لەنێوبردنی گیان وسامانی هاوولاتیان لە سنوورەکانی رۆژهەلات و باکوور، خۆ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بەهێزی چەک و پێشمەرگەوە لە باشوور نییە، هۆی چییە ماوەی **18** سالی رەبەقە رێیپێنادرێ لە باشووردا نووسینگەیەکی رەسمی بکاتەوە؟! کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان چارەکە سەدەیەکە، بێوچان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و، بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ، هۆی چییە بانگەوازی بەستنی گوایە کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر بلاودەکرێتەوە، بێئەوەی ئاوڕ لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و دەیان کەسایەتی و زانا و رێکخراوی نەتەوەیی و سەربەخۆی دیکە بدرێتەوە؟!

ئێمە زۆر بەداخەوەین، دەسەلاتدارانی حکوومەتی هەرێم، سیاسەتێکی وا پێڕەو دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک خزمەتی یەکڕێزیی گەلی کورد و خەباتی رەوای ناکات. دژایەتیکردنی نەتەوەییەکانی کورد و، ئەو کەسانەی دلسۆزی راستینەی گەل و نیشتمانەکەیانن، پێشێلکردنی ئازادی و بێڕێزیی بەرامبەر مافی ئازادیدەربڕین، بەفیڕۆدانی بووجە و سامانی خەلکی لێقەوماو و ئەنفاللێدراوی کورد و، خۆسەپاندن و خۆدەولەمەندکردن، تەمەنی درێژی نییە و نابێت. نەتەوەی کورد هەروەک چۆن لەدژی زۆرداری و چەوساندنەوەی داگیرکەرانی راپەڕیوە، هەرواش ناتوانێت بەرامبەر ستەم وزۆرداریی دەسەلاتدارانی خۆیی، بێدەنگ بێت. لەبەر ئەوە، داوا لە سەرکردەیەتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، کات لەدەستنەدەن و، بیرێک لە هەلەوکەموکورتییەکانی چەندسالی رابردوویان بکەنەوە و، کارێکی وابکەن، رێز و متمانەی جەماوەری کورد و دلسۆزانی گەلەکەیان بۆلای خۆیان راکێشنەوە!

# کوردی بێ ناسنامە و
# هەلی مێژوویی و،
# سەرکردەیەتیی بێ ستراتیژ!

*ماڵپەڕی "کۆنگرە" و، چەندین ماڵپەڕی دیکەی کوردی*

*مانگی گەلاوێژ (August) ی 2009*

پاش شەهیدکرانی پێشەوا قازی و رووخانی کۆماری کوردستان، بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، لەهەموو بەشەکانیدا، لەدیاریکردنی ستراتیژدا تووشی قەیران و سەرلێشێواوییەکی گەورە هاتووە. ونکردنی ناوەرۆک و ئامانج و داخوازیی راستینەی گەلەی کورد لەلایەن سیاسەتکاران و، حیزبەکانی کوردەوە و هەڵبژاردنی درۆشمی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و گرێدانی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە چوارچێوەی سنووری داگیرکەر، لەڕەوتی خۆیدا تێکڕای حیزبەکان و بەهۆیانەوە گەلی کوردیش، تووشی "قەیرانی ناسنامە"(بحران هویت) هاتوون. ئەم قەیرانی ناسنامەیە وەک گوتم لە حیزبەکانەوە گوێزراوەتەوە بۆ نێو کورد و، ئەورۆکە پڕاوپڕی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، لەنێو سەرلێشێواوی و گێژاوێکی قووڵدا دەسووڕێتەوە.

سەرهەڵدانی بیرۆکەی دژایەتیکردنی بیروباوەڕی سەربەخۆییی کوردستان لەلایەن رێکخراوە و سیاسەتکاری کورد خۆیەوە، مێژوویەکی دەیانساڵەی هەیە. لەرۆژهەڵاتی کوردستان، پاش رووخانی کۆمار و، بەماوەی چەند ساڵێک، کە زۆرینەی سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات، روویان لە باشووری کوردستان و عێراق کردبوو، لەوێ،

بەسەر چەندین تەیاری هزری و سیاسیی جیاواز دابەش ببوون، لەگەڵ ئەوەشدا، درۆشمی رەسمیی حیزبی دیمۆکرات، لە کۆنگرەی دووەمیدا، کەمانگی پووشپەڕی **1348**ی هەتاوی (**1969**) ی زایینیی گیرا، هەر **سەربەخۆیی بۆ کوردستان** بوو. لە کۆنگرەی دووەمدا، **شەهید ئەحمەد تەوفیق** بەسەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا. پاش شەهیدکرانی ئەحمەد تەوفیق لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی بەعسەوە، کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەمانگی جۆزەرانی ساڵی **1350**ی هەتاوی (**1971**) ی زایینی بەڕێوە چوو. لەم کۆنگرەیەدا، لەژێر کاریگەرێتیی حیزبی توودەی ئێران و، لەڕێگەی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودەی ئێران کە لەنێو حیزبی دیمۆکراتدا بوون، گۆران و وەرچەرخانێکی گەورە لە ستراتیژی سیاسیی حیزبدا پێکهات. بەشێوەی رەسمی و بەئاشکرا درۆشمی حیزب، لەسەربەخۆیی بۆ کوردستان، گۆڕا بۆ درۆشمی **خودموختاری لەچوارچێوەی ئێران**. هەروەها نێوی حیزب، **"حیزبی دیمۆکراتی کوردستان"**، گۆرا و بوو بە (**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**). لە کۆنگرەی سێیەمدا، **شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو**، بەسەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا.

پاش تێپەڕبوونی نێزیک بە (**38**) ساڵ، **حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران،** هێشتا بەرەسمی وبەکردەوە، نەیتوانیوە بگەڕێتەوە سەر بەرنامە و ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی پێشووی حیزب، کە لە کۆنگرەی (**1**) و کۆنگرەی (**2**) دا بڕیاریان لەسەردرابوو (**1***).

لەباشووری کوردستان، هەر لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە کە مەلامستەفا بارزانیی لە تاراوگە و لە سۆڤێت دەژیا، بەشێک لە رۆشنبیرانی کورد لەدەوری پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەبەغدا

کۆببوونەوە و، بەتەواوەتیی کەوتبوونە ژێرکاریگەرێتیی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و، بیری رەگەزپەرستانەی عەرەبییەوە.

**کۆچکردوو برایم ئەحمەد**، یەکێکە لەو سیاسەتزان و خوێندەوارانەی کورد، کە سەرەتای بیری سیاسی و چالاکیی سیاسیی، بەدژایەتیکردنی بیری نەتەوەییەوە دەستپێکردووە. سالانی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەبەغدا، بەئاشکرا دژایەتیی نەتەوەییەکانی کوردی کردووە. لەکۆتایی شەستەکاندا، کاتێک سەرنووسەری رۆژنامەی **(النور)** بوو، کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە درابوو بە مامۆستا برایم و هاوڕێیانی، لەدژی شۆرشی ئەیلوول و پێشمەرگەی کوردستان گوتاریان بڵاودەکردەوە و، سەرکردەیەتی و پێشمەرگەی کوردستانیان بە نۆکەری ئیسرائیل و ئەمریکا و ئێران نێودەبرد. جگە لەوەش بەهاوبەشیی لەگەڵ سوپای داگیرکەری عێراق، دەیان چالاکیی چەکدارییان لەدژی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامدا.

**ساڵی 1958، میشل عەفلەق سکرتێری گشتیی پارتی بەعس و برایم ئەحمەد، چاوپێکەوتنێکی هاوبەشی تەلەفزیۆنییان لە بەغدا ئەنجامدا. برایم ئەحمەد بەزمانی عەرەبی گوتی:**

**(ئەو هاوبەشییەی رۆڵەکانی کورد و عەرەب هەڵیانبژاردووە، باووباپیرانیشمان هەر هەڵیانبژاردووە، کاتێک لە چاخەجۆربەجۆرەکانی مێژوودا پێکەوە وەستان و بەرگرییان لەم وڵاتە (عێراق) کردووە... براکوردەکانتان شانازی بەراپەڕینی ناسیۆنالیستانەی عەرەبەوە دەکەن لەخەباتی رزگاریخوازانەیدا و، دڵنیاین هەر هەنگاوێک کە عەرەب بینێ بەرەو یەکگرتن یا یەکێتیی عەرەبی و گەشەپێدانی هێزی عەرەب، دەبێتە خێروبێر ودەرژێ بەسەر کورددا).**

**هەروەها نەوشیروان مستەفا سەرنووسەری گۆڤاری "رزگاری"، زمانڕەوشی پارتی دیمۆکراتی کوردستان باڵی برایم ئەحمەد - جەلال**

تاڵەبانی کە لەژێر سێبەری بەعسدا بڵاودەکرایەوە، ساڵی 1969، لەژمارە (2) یدا لەڕۆژی 27/4/1969 دەرچووە، ئاوای نووسیوە:

**(بۆچی دژی جیابوونەوەین؟**

**جووڵانەوەکەشمان بێبەرییە لە جیابوونەوەخوازەکان و لەشوێنی ئەوە، لایەنەکەی تری مافی چارەنووس، بەدەست خۆمان بێ ئەو مافە یا نەبێ، بمانمدرێتێ یان نەماندرێتێ ئێمە جۆری مانەوەی بە ئارەزوو لەگەڵ گەلی عەرەب دا هەڵمانبژاردووە و، هەڵی ئەبژێرین وهەر لەبەر ئەو راستییەشە گەر بە زۆریش ئەو جیابوونەوەیە بسەپێندرێ بەسەرماندا بەرامبەری ئەوەستین).**

ئەم روانگە و بۆچوونە نانەتەوەییانە، لەرەوتی خۆیدا، بوو بەفەرهەنگی سیاسیی زال و، لەنێو دڵیدا، شەڕی نێوخۆیی و پاوانخوازی و دژایەتیکردنی بیری نەتەوەیی چەکەرەی کرد و، لەماوەی دەیان ساڵدا رەگ و ریشەی بەهەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە. بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی شەخسی و بەرژەوەندیی حیزبی و لەنێوبردنی هەستوباوەڕی کوردایەتیی، درۆشمی بریقەدار و شۆرشگێڕانە قوتکرانەوە. هەموو رێیەکی هەڵە گیرایە بەر و، هەموو سیاسەتێکی چەوت بەکارهێنرا، بۆ نموونە، **جەلال تاڵەبانی،** لەنامەیەکیدا لەڕێکەوتی **17/51983** نامەی ژمارە **8/975** **ئاراستەی سەرۆکی دەزگەی پاراستنی رژێمی داگیرکەری سووریا بەنێوی "حەسەن ئەلنەقیب" دەکا و، دەنووسێ بۆی:**

**"برای بەڕێز .........**

**جەماعەتی پاسۆک، کە لە بنچینەدا بەشێکی جیابوونەوەن لە "کاژیک" ە رەگەزپەرستەکانی دژ بە نەتەوەی عارەب، لە نامە تایبەتییەکانیاندا جنێوی ناشیرین بە سەرۆک (حافز ئەسەد) دەدەن، کە ئەمرۆ لەترۆپکی هێزی بەرهەڵستی و خۆڕاگرتنی عەرەبیدایە و، سەرکردەیەتیی شەڕی نەتەوەی عەرەبی سەربەرز دەکات دژی ئیمپریالیزم**

**و زایۆنیزم و پێیدەڵێن "حافظ الواوی" (حافزە چەقەڵ). ئەم هەموو جنێوانە لەنامەکانی (ئازاد – سەرۆکی پاسۆک) دا هەن، کەچی ئێوە لە نامەکەتاندا لە 21/10/1982 (بەبرای بەنرخ و تێکۆشەری راست ئازادی بەڕێز) ناوی دەبەن و لە نامەکەی 28/91982 بەبرای بەڕێز مامۆستا ئازادی خۆشەویست نێوی دەبەن. ئەو نامانە لای منن، و ئامادەم وێنەی فۆتۆگرافیی نامەکانی ئازادت بۆ بنێرم کە تێیدا جنێو بە هەڤاڵ ئەسەد و هێزی پێشکەوتنخوازی عەرەب و سوپای سووریای قارەمان دەدات".**

شەڕی بەردەوامی نێوخۆیی گەورە و خوێناویی وەک **کارەساتی هەکاری و، قڕناقا و پشت ئاشان و شارەزوور و شارباژێر و دۆڵی جافەتی** و، ئەوجا کوژرانی هەزاران پێشمەرگە دوای راپەڕین و لەسەر داگیرکردنی شاروگوندی باشووری کوردستان، کە لە نێوان پارتی و یەکێتیی بەرپاکرانەوە، زیانی زۆر گەورەیان لەیەکێتیی نەتەوەیی و کەسایەتیی کورد و کێشە رەواکەی گەیاند. ئەمە بێجگە لەو تێکهەڵپرژان و، شەڕ و لێکدانانەی کە لەبەشەکانی دیکەی کوردستان و، بە فیتی داگیرکەران کوردستان سالانی ساڵ بەڕێوەچوون.

نووسینەوەی ئەم چەند کۆپلەیە لە وتە و بیروباوەڕی بەشێک لە سیاسەتکارەکانی کورد و، کردەوەی حیزبەکان لە سالانی رابردوودا، کورد گوتەنی: بەمەبەستی **"کای کۆن بە با دان"** نییە، بەڵکو خستنەڕووی ئەو راستییەیە کە، ئەو بارودۆخەی وا لەپاش جەنگی کەنداو لە باشوور سەریهەڵدا و زۆرینەی گەلی کورد، بە هەلێکی زێڕین و مێژووییان دەزانی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، کەوتەدەستی هەر ئەو سەرکردانەوە کە سالانی ساڵ بەیتوبالوورەی کۆمۆنیزم و ئەتۆنۆمی و دیمۆکراسی و ژیانی وەکیەک و هاوبەشیان لەگەڵ گەلانی باندەستی کورد دەژەند و رۆڵی سەرەکییان لە شەڕە نێوخۆییەکاندا گێڕا. بارودۆخی

نوێشیان خستەخزمەتی ئامانجی سیاسی و حیزبی و، دەوڵەمەندکردنی خۆیان و دەوروبەریان و، عێراقی نوێیان بۆ گەلی عەرەبی دەسەڵاتدار بووژاندەوە....

– ئەو سەدانهەزار کوردەی کە ئەمڕۆکە لەنێوخۆی باشووری کوردستان و، لەدەرەوە، گلەیی و گازندە لە بوونی گەندەڵیی لەنێو دەسەلاتداریێتیی کوردیدا دەکەن، ئەو سەدانهەزار کوردەی، ئەمڕۆکە ڕەخنە لەسەرلێشێواویی سیاسیی سەرکردەکانی کورد و، سیاسەتی دژ بەکوردی دەولەتی عێراق **(لە عەلاوییەوە تا مالیکی)** دەگرن، دەبێ لەپێش هەرشتێکدا ڕەخنە و گازندە لە خۆیان بگرن، کە بەبێلێکدانەوە و، بێئەوەی لەنێوەرۆکی بیروباوەڕی سەرکردەکانیان گەیشتبێتن و پەند و ئەزموونیان لە کارەساتەکانی هەشتاساڵی بندەستیی وەرگرتبێ، هەروا سووک و هاسان شوێن قسەی سەرکردەی حیزبەکان کەوتن و، بە هەڵپەرکێ و چەپڵەڕیزان، عێراقی نوێیان سازکردەوە و بەدەستی خۆیان، ڕاستەوخۆ بوونە هۆی لەدەستدانی هەرێمە سەربەخۆکەی باشوور و، بەفیڕۆدانی خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عەرەبی داگیرکەر.

هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی و، دواکەوتنی کورد لە کاروانی ڕزگاری وسەربەخۆیی، هەر بەتەنێ ئەستۆی سەرکردەیەتیی حیزبەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو بەشە لە چینی خوێندەواری کوردەواریش دەگرێتەوە، کە بەنێوی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پێشکەوتنخواز، خۆیان خزاندووەتە نێو حیزبەکانی دەسەڵاتدارەوە و، لەپێناو پلەوپارە و بەرژەوەندیی خۆیاندا، چاو لە ڕاستییەکان دەنووقێنن و، بوونەتە زوڕناژەنی سەرکردەیەتیی حیزبەکان و، کاروپیشەیان چەواشەکردنی گەلی کوردە و، لەو ڕێگەوە ڕۆڵێکی زیانبار و ڕووخێنەر دەگێڕن. هەروەها گەلی کوردیش، سووچبارە، چۆنکە نەتەوەیەک، ئەگەر بەڕاستیی، خۆی بە بندەست و، نیشتمانەکەی بە داگیرکراو بزانێ و، خولیای ڕزگاری و سەربەخۆیی بێت، ئەوا پێویستە هۆشیاربێ و، ڕێی ڕزگاری و سەربەستیی

خۆی بناسێ. بەدرۆشم و هەراوهوریا هەڵنەخڵەتێت. خاوەنی هەست و باوەڕی نەتەوەیی بێت. خۆی بەخاوەنی خاک و سامانی وڵاتەکەی بزانێ و، کوردستان بەنیشتمانی کورد بزانێت، نەک بە نیشتمانی تورک و فارس و عەرەب. کاتێک هۆشیاری و تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی گەیشتە ئەم ئاستە کە خۆی ناسیی، ئەوجا بەرنامە و درۆشمی نەتەوەیی و، نانەتەوەیی لەیەکدی جیا دەکاتەوە و، بەئاشکرا رێی رزگاربوونی خۆی دەزانێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ئەو پارتی وکۆڕوکۆمەڵە سیاسییانەی کوردی و کوردستانیی، کە خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن و، بەرنامە و ئامانجیان بەئاشکرا و بێ پێچوپەنا رزگاریی نەتەوەکەیانە و، بەکردەوە خەباتی بۆدەکەن، پێویستە یەکبگرن و درۆشمی **رفراندۆم بۆ کوردستان و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان،** بکەن بە درۆشم و بەرنامە و خەباتی سیاسییان. لەکاتی لاوازبوون، یان رووخانی هەریەک لە رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، پێویستە کورد دەستبگرێت بەسەر، سامانی وڵاتەکەی خۆیدا، وەک نەوت و کانزاکانی دیکەی کوردستان، کە تاکو ئەمڕۆ سەرچاوەی پێشخستنی ئابووری و سەربازی و ئاوەدانیی وڵاتانی داگیرکەر و وێرانکردنی کوردستان بوون. دیپلۆماسییەکی شارەزا و لێهاتوو لە کەسانی نەتەوەیی پێکبهێنرێ و، پێوەندیی بەکۆمپانیاکانی بێگانە و پێوەندیدارەوە بکرێ و، بەڕەسمیی داوا بکرێت لێیان، لەوەبەدواوە، هەر جۆرە رێککەوتن و، دانووستانێکی ئابووری و مۆرکردنی پەیماننامەکان لەگەڵ کورددا مۆر بکرێت. واتە بوونی ئەو سامانە گەورەیەی لە کوردستاندا هەیە، وەک کارتێک بەکار بهێنریت بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی کورد. شاندی دیپلۆماسیی کوردیی، پێویستە تێبکۆشێت بۆ رازیکردنی وڵاتانی دیمۆکراتی جیهان و، بەستنی رێککەوتننامەی ئابووریی لەگەڵیان - بەمەرجێک پشتیوانیی سیاسیی کێشەی کورد بکەن. هاوکات، ئاگاداربکرێنەوە، ئەگەر بێتوو، وڵاتانی دیمۆکرات و ئازاد وەک رابردوو بەردەوامبن لە سیاسەتی هەلپەرستانەیان

و، لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی کورد پشتگوێ بخەن، ئەوا بەلای نەتەوەی کوردەوە، هەر جۆرە رێککەوتننامەیەکی ئابووریی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، بەمانای دزیکردن و تالآنکردنی سامانی نەتەوایەتیی حیسابدەکرێ و، نەتەوەی کور بۆ پێشگرتن لە دزیکردنی سامانەکەی، بەمافی رەوای خۆی دەزانێت، هەموو رێگە و شێوازێک بگرێتەبەر کە بە شیاو و گونجاوی بزانێت.

ئاڵوگۆڕی مەزنتر و بەربلآوتر لەنێوچەکەدا بەڕێوەن، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، بەسەرە و لەماوەی جیاجیادا، لە نێو چەقی گۆڕانکارییەکان جێیانگرتووە. دەبێ کورد، بەئامادەیی تەواوەوە بەرەوڕووی گۆرانکارییەکان بچێت، لەبەر ئەوە پێویستە پلەبکات لەخۆڕێخستن و، تێبکۆشێت بەتەبایی و زانایی و لێوەشاوەییەوە، پلانێکی سیاسی و نەتەوەیی دابڕێژێت. لە نێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات و، لە هەموو بوار و ئاستێکدا، بەبەشدارکردنی هەموو بیروباوەڕ و چین و توێژێکی کوردەواریی، بۆ پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێ - بەرەو شاڕێی بەختەوەری و سەرفرازی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

**لەپێناو جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی ئەوتۆ پیرۆز و گەورە، پێویستە "هێڵی دووەم" پێکبهێنرێت. هێڵی دووەم، بریتیدەبێت لە:**

**"نیشتمانپەروەران، رۆشنبیرانی خاوەن بیری کوردستانیی، کەسایەتیی کورد و کوردستانیی، هەروەها هەموو ئەو پارتی و رێکخراوە سیاسییانەی کە بڕوایان بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە و ستراتیژ و بەرنامەیان دامەزراندنی دەولەتی کوردییە!"**

**کوردستان لەبەردەم مەترسیی گەورەدایە و، تەنیا کورد خۆی دەتوانێت، خۆی و نیشتمانەکەی، لە فەوتان رزگار بکا و بیپارێزێت!**

**(1*)- دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لەڕێکەوتی 7/6/2004 ی زایینیی لەباشووری کوردستان بەڕێوەچوو، بەشێکی گەورەی لێ**

**جیابووەوە و، گەڕانەوە سەر نیوە کۆنەکەی حیزب، واتە "حیزبی دیمۆکراتی کوردستان". ئەمە هەنگاوێکی بەجێ و دڵخۆشکەرە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆنگرەی (14) ی حیزب بین کە بە (باڵی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە) نێوی رۆیوە. بزانین دەگەڕێنەوە سەر پێرەوپڕۆگرامی سەردەمی پێشەوا قازی، یان نا؟!).**

# سەرچاوە

**(1*) – پەرتۆکی "من شێواندوومە لێتان، یان هەر خۆتان سەرلێشێواون"، لاپەڕە (103) نووسینی مامۆستا جەمال نەبەز**

**(2*) – پەرتۆکی "دۆزی ناسیۆناڵی کورد" لاپەڕە (21)، نووسینی مامۆستا جەمال نەبەز، چاپی سوێد ساڵی 1985.**

**(3*) – پەرتۆکی "دۆزی ناسیۆناڵی کورد" لاپەڕە (25)، نووسینی مامۆستا جەمال نەبەز، چاپی سوێد ١٩٨٥.**

**(4*) – هەڵوێستی یەکێتی وتاڵەبانی دەربارەی شۆرشی کوردستانی باشوور، لاپەڕە (43) چاپی سوێد ساڵی 1989، نووسینی رێبوار.**

# درۆشمی تازەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەنێوبردنی مەترسیی "پەیمانی سێڤر" و بووژاندنەوەی "پەیمانی لۆزان"!؟

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (47)

مانگی بەفرانبار (January) ی 2009

**بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان** کە ماوەی دەساڵە لەزیندانی **"ئیمڕاڵی"** رژێمی رەگەزپەرستی تورکیادایە، لەڕێگەی کەسوکار و پارێزەرەکانییەوە کە ناوبەناو دەچنەلای، پەیام و هەڵوێستی سیاسیی خۆی سەبارەت بە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و نێوچەکە دەنێرێت بۆ دەرەوەی زیندان و، لەپێشدا لەلایەن میدیای سەر بە **پی کێ کێ** وە بۆ ئاگاداریی جەماوەری کورد بڵاودەکرێنەوە. لەنێو پەیامەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا، هێندێک جار، هەڵوێست و روانگەی ئەوتۆ بەرگوێدەکەون، کە بەتەواوەتیی دوورن لە باوەڕ و پرنسیپ و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی کوردەوە.

دوایین بابەتێک لەڕێگەی **RojTv** و **NewrozTv** بەنێوی بەڕێز ئۆجەلانەوە بڵاوکرایەوە، لەڕێکەوتی **28/1/2009** دا بوو، کە تێیدا ئاماژەی بە بوونی پیلانێکی گەورە کرد بۆ سەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین – لەوانە گەلی کورد و، گوتی: (**زلهێزەکان پرۆژەی گۆڕانی رۆژهەڵاتی ناڤینیان بەدەستەوەیە و، بەتەمان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەوڵەتی گچکە کچکەی سەربەخۆ دروستبکەن و، سازکردنی دەوڵەتی کوردستانی بچووکیش لەنێو ئەم پیلانەدا جێیگرتووە. ئەم پیلانە لەساڵی 1923 ەوە هەیە و، دەیانەوێ**

**"پەیمانی سیڤر" قوتبکەنەوە و، لەو رێگەیەوە رەگەزپەرستی و ناکۆکیی رەگەزیی لەنێو گەلاندا پەرە پێبدەن. لەبەر ئەوە کورد دەبێت خۆی دووربگرێ لەم پیلانە و هەوڵبدات بەندەکانی "پەیمانی لۆزان" ببووژێنێتەوە و پێداگرییان لەسەر بکات. ساڵی 1997 پێشنیازی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییان لەگەڵ من باسکرد، بەڵام من داواکەیانم پەسند نەکرد، لەبەر ئەوە ئیسرائیل خستمیە زیندانەوە...).**

ئەمە یەکەم جارنییە کە **بەڕێز ئۆجەلان** لەنێو زیندانەوە هەڵوێستی لەم چەشنە دەردەبرێ. ئاشکرایە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە بەندیخانەی یەکێک لە رەگەزپەرستترین رژێمەکانی سەردەم و، دڕندەترین رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بەدرێژایی مێژوویدایە. لەبەر ئەوە هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە بەشێوازی جۆراوجۆرەوە، گوشاری جەستەیی و دەروونی دەخەنەسەری، بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن. ئەمەش گومان و پرسیارێکی وای لەلای رۆشنبیران و نەتەوەییەکانی کورد و سیاسەتکارانی کورد دروستکردووە کە، **"ئایە ئەم وتە و بۆچوونانە بەڕاستی هی ئۆجەلانن، یان، هەڵوێست و روانگەی دەوڵەتی تورکیان و، هەموو جارێک پێش دیتنی پارێزەرەکانی، لەلایەن دەزگەی "میت" ەوە، بابەتێکی سیاسیی زیندووی رۆژ ئامادەدەکرێ و، ئۆجەلان ناچاردەکەن، ئەو نووسراوانە بەنێوی دوایین روانگە و هەڵوێستی خۆیەوە بدات بە پارێزەرەکانی؟!"**. بەڵام بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو نووسراوانە لەلایەن میدیای پی کی کی وە، بەنێوی پەیامی تازەی ئۆجەلان، ئەو گومانە ناهێڵێ و، مرۆڤ دڵنیادەکات کە بوختان و هەڵبەستراونین و، راستەوڕاست، لە مێشک و زار و قەڵەمی بەڕێز ئۆجەلانەوە دادەڕێژرێن. کەناڵەکانی **Roj Tv** و **NewrozTv** ش، بێهەڵسەنگاندن و بێگوێدانە نێوەرۆکی پەیامەکان، هەموو جارێک وتەکانی بەڕێز ئۆجەلان وەکو پەیامی نوێی سەرۆکی نەتەوەیی گەلی کورد بڵاودەکەنەوە.

بەندەكانی پەیمانی **"لۆزان"** كە بەڕێز ئۆجەلان و، سەركردەیەتیی پ‌ی ك‌ی ك‌ی، خوازیاری ئەوەن، كورد بۆ بووژاندنەوە و زیندووكردنەوەیان پێداگرییان لەسەربكات، ئەو پەیمانە نگریسەیە، كە لەساڵی **1923** مۆركرا و، بەهۆیەوە نەتەوەی كورد و نیشتمانەكەی كوردستان، وەك گۆشتی قوربانیكراو لەنێوان چوار رژێمی كۆنەپەرست و شۆڤێنیستی وابەستە و دیكتاتۆردا پارچە پارچەكرا و، زنجیری كۆیلەتیی خرایە ملی. هەر لە ئەنجامی پەیمانی لۆزانەوە بوو كە لە باكووری كوردستان لە ساڵی **1925**ەوە هەتاكو ساڵی **1938** لە ئاكامی هێرشی دڕندانەی سوپای داگیركەری تورك، پتر لە ملیۆنونیوێك ژن و منداڵ و گەورە و بچووكی كورد قەلاچۆكران و، زیاتر لە ملوێنێكی دیكەش بۆ شار و هەرێمەكانی توركیا دوورخرانەوە. هەر لەئاكامی بەستنی **"پەیمانی لۆزان"**ەوە بوو كە داگیركەرانی كوردستان، بە گەلەكۆمە و داڕشتنی پلانی هاوبەش، دەرفەتیان بۆ رەخسا، جینۆسایدی رەگەزی و ئابووری و مێژووی و فەرهەنگیی بەسەر نەتەوەی كورددا بسەپێنن و، سەروەت و سامانی بە تاڵان بەرن و، نیشتمانەكەشی لێبكەن بە لەشكرگە و هەماری چەكوچۆڵ و جبەخانە و، ژیانی لێبكەن بە دۆزەخ.

لە ئاكامی پەیمانی نگریسی لۆزانەوە بوو، كە بەفیت و پیلانی داگیركەران، بیری نانەتەوەییانە و، شەڕی نێوخۆیی و پاوانخوازی و خۆپەرستی و بەرژەوەندیی حیزبی و كەسیی، بوون بە بیروباوەڕی زاڵ و، جێگەی بیری سەرفرازی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانیان گرتەوە .

داوای جێبەجێكردنی بەندەكانی پەیمانی لۆزان لەلایەن سەركردەیەتیی پ‌ی ك‌ی ك‌ی وە، هیچ جیاوازیەكیان نییە لەگەڵ هەڵوێست و روانگەی سەركردەكانی پارتی دیمۆكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی

کوردستان، کە بەدرۆشمی دیمۆکراتیی بۆ دەوڵەت و نەتەوەی داگیرکەری عەرەبەوە، هەشتا ساڵ و خەبات و قوربانیدانی گەلەکەیان خستە پشتگوێیان و، نێوچەی رزگارکراوی باشووری کوردستانیان گۆڕییەوە بە پارەوپووڵ و وەرگرتنی چەند کورسی و پلەیەکی سیاسی کاتیی لە بەغدای پێتەختی عێراقی عەرەبیی.

بیری نەتەوەیی کوردیی لەم ساڵانەی دواییدا لەنێو جەماوەری گەلەکەمان، بەتایبەتیی لەنێو چینی خوێندەوار و رۆشنبیری باکووری نیشتمانەکەمان سەریهەڵداوەتەوە. هەروەک لەسەرەتای ساڵی نوێی زایینیی، (**228**) مامۆستای زانستگە و رۆژنامەنووس و پارێزەر و سیاسەتکاری باکووری کوردستان، لە راگەیاندراوێکی هاوبەشدا، پاش شرۆڤەی کورتی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و، ئامانجی راستینەی گەلی کورد، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە. لەبەر ئەوە سەرکردەیەتیی **پی کی کێ**، کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە، لە بووژاندنەوەی هەست و باوەڕی خۆییبوونی کورد، دەوری زۆریگێڕاوە، لەم بارودۆخە هەستیارەی ئەوڕۆکەدا، دەبی بەرپرسیارانەتر بەرەوڕووی گوشاری سیاسی و سەربازیی رژێمی تورکیا ببێتەوە و، هەڵوێستێکی نەشیاو و چاوەڕواننەکراو نەنوێنیت، کە راستەوخۆ دژایەتیکردن بێت لەگەڵ داوا و بۆچوونی رەوا و نەتەوەییانەی ئەو کەسایەتییە دڵسۆزانەی گەلەکەمان کە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکەن. دژایەتیکردنی ئیسرائیل، یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی جیهان دەبێ لەروانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردەوە هەڵسەنگێندرێ، نەک لەڕووی ئایدۆلۆژی و تێڕوانین و جیهانبینینی حیزبییەوە.

لە روانگەی نەتەوەییەکانی راستینەی کورد و، هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازەوە، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، نەک هەر لە

باکوور، بەڵکو تەنانەت لە بەشی رۆژاوای کوردستانیشدا بێتەدی کە پارچەی بچووکی کوردستانە، بەمانای رزگاربوونی بەشێکی نەتەوەکەمانە لە کۆیلەتیی. سازبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەتەنیا نابێتە هۆکار بۆ پەرەسەندنی بیری رەگەزپەرستیی لەنێوچەکە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی و ئاسایش و هێمنیی لەنێوچەکە، هاوکات دەستەبەری پاراسنتی گەلی کورد و خاکەکەی و سامانی نەتەوایەتیی کورد دەکات، لە بەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریاوە.

**بەکورتی، مەرجی سەرکەوتنی کورد، رەچاوکردنی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەییە و، بەبی دەستنیشانکردنی پلاتفۆرم و ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی و کوردستانیی، شەڕی چەکداری و خەبات و قوربانیدان و تێکۆشینی حیزبی و، هەر باس و لێدوانێک لە رزگاریی کوردستان و، سازکردنی بەرەی کوردستانیی بکرێت، بەوێنەی "شەن کردنی با" بەفیرۆدەچێ و، ناگاتە هیچ ئەنجامێک.**

# ڕێوڕەسمی (28ی گەلاوێژ) لە لەندەن و، وەرامێک بۆ عەلیڕەزا نووریزادە و دارودەستەکەی.(1*)

## ئەم وتارە لە ماڵپەڕی کۆنگرە و، لەچەندین ماڵپەڕی دیکە، وانە "ئەمڕۆ" دا بڵاوکراوەتەوە!

**22/9/2009**

لەمێژووی پڕ هەورازو نشێو و هەڵەنگوتن و نووچدان و پڕکارەساتی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کورددا، گەلێک جار دەسەڵاتداران و داگیرکەرانی سەردەم بە بیانووی بڵاوکردنەوەی ئاین، یان ئاینزایەکی تایبەتەوە پەلاماری کوردستانیان داوە و، نیشتمانەکەیان داگیرکردووە، بە دەیان هەزار کوردیان لەنێوبردووە و، بەهەزارانیشیان لەسەر زێد وخاکی خۆی ڕامالْداوە. لە مێژووی هاوچەرخ و پاش پەیدابوونی بیری شارستانێتی و ئازادی و دیمۆکراسیی لەجیهان، پڕۆژەی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی کورد، بە هۆی ژێردەستەبوونی کورد و داگیرکراویی نیشتمانەکەیەوە، هێشتا نەبڕاوەتەوە و، بەدرێژایی چەرخی بیستەم و، ئێستاشی لەگەڵ بێت، کە لە سەرەتای هەزارەی سێی زاینیدا دەژین، بیری ڕەگەزپەرستانە بۆ تواندنەوەی ڕەگەزیی کورد لەلایەن داگیرکەرانییەوە پێڕەودەکرێت.

کۆتایی ساڵەکانی سەدەی بیست، ئایەتوڵڵا خومەینیی سەرۆکی شۆرشی ئیسلامیی ئێران، بەمەبەستی داگیرکردنەوەی بەشێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لەژێر دەسەلاتی کورد خۆیدا بوو، لەڕۆژی **19**ی ئەگۆستی ساڵی **1979**ی زاینیی، **"فتوای جیهاد"** ی دەرکرد و فەرمانی بە تێکڕای هێزی چەکداری ئێران دا، لەماوەی (**24**) دەمژمێردا کوردستان داگیربکەنەوە. دوابەدوای دەرکردنی فەرمانەکەی خومەینیی، سەتانهەزار حیزبوڵلایی کفنلەبەر و موسڵمانی تەنگەتیلکە و دەمارگرژ، خۆبەخشانە شانبەشانی سوپای ئێران بەرەو کوردستان هێرشیان هێنا و شەڕیکی

گەورە و گرانیان بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاند و، گەلێک تاوان و کردەوەی نامرۆڤانەیان لە کوردستان ئەنجامدا. بەڵام بەهۆی پشتیوانیی کەموێنەی جەماوەری کورد و نەبەردی دلێرانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ، لمۆزی سوپا و جیهادچییەکانی رژێمی داگیرکەری ئێران لە زەویدرا و، تووشی شکستێکی ئەوتۆهاتن کە **"وەلی فەقیە"** ناچار ما ئاگربەسی راگەیاند و، ماوەی دوو مانگ لەڕێگەی نوێنەرەکانییەوە شانۆگەریی **"مذاکرات"** ی خستەڕێ، تاکو دەرفەتی بۆ بلوێ سەرلەنوێ هێزەکانی لە کوردستان رێکبخاتەوە. لەئالیی سیاسیشەوە شاندی رژێم کەوتە پیلانگێڕیی بۆ سازکردنی ناکۆکیی لە نێوان دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد دا.

پاش تێپەڕبوونی دوومانگ وتووێژی بێئەنجام، جارێکی دیکە لە ئاسمان و زەوییەوە هێرش کرایەوە سەر کوردستان. زۆری پێنەچوو، بەرە بەرە ناکۆکی و شەڕ و لێکدانی چەکداریی لەنێوان حیزبە کوردییەکاندا سەریهەڵدا و، رژێم توانی سوودیان لێوەربگرێ و، تێکڕای شار و مەڵبەندەکانی رۆژهەلات داگیر بکاتەوە و، بنکە و بارگەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەیان بەرەو باشووری کوردستان راماڵبدات. لەو ساوەوە تاکو ئەوڕۆ، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهەموو شێوازێک سیاسەتی رەگەزپەرستانەی خۆی بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێڕەو کردووە.

مانگی ئەگۆستی **2009**، سی ساڵ بەسەر فتوای ئایەتۆڵلا خومەینیدا تێپەڕ بوو. حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان کە زۆربەیان ئێستا بوونەتە خاوەنی تلوێزیۆنی ئاسمانی، لەمیدیای خۆیانەوە وتار و راگەیەندراوی تایبەت بەم یادەیان بڵاوکردەوە. هەر بەم بۆنەیەوە، لەلایەن ژمارەیەک لە کوردەکانی دانیشتووی شاری لەندەن لە بریتانیا، رێورەسمێک لە رۆژی شەممە **15**ی مانگی ئەگۆست لە زانستگەی **"سۆئاس"** (**2***) بەڕێوەچوو.

ژمارەیەکیش سەرۆک و بەرپرسی حیزبە کوردییەکان و سیاسەتکارانی کورد و ئێرانیی تێیدا بەشداربوون، بەڵام نە لە وتار و راگەیەندراو و لێکدانەوەی حیزبەکان و، نە لە رێورەسمی (**28ی گەلاوێژ**) لەشاری لەندەن گوێبیستی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتانە و زانستانە سەبارەت بە هۆی سەرەکیی دەرکردنی "**فتوای جیهاد**" و، هێرش بۆ سەر کوردستان نەبووین. ئەمەش سەرلێشێواویی سیاسیی حیزبەکان و رۆشنبیرانی گەلی کورد پیشاندەدات کە پاش تێپەڕبوونی سی ساڵ بەسەر بڕیاری قڕکردنی نەتەوەکەیان و، کوژرانی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی کورد، هێشتا نەیانتوانیوە لەنێوەرۆکی کێشەی لەمێژینەی تێبگەن و، ناتوانن رێیەکی راست پیشانی گەلەکەیان بدەن کە بەوێنەی گەلانی دیکە بکەوێتە سەر شاڕێی پێشکەوتن وئازادی و سەرفرازیی. هاوکات داماوی و کلۆلیی گەلی کورد پیشاندەدات کە لە پاش تێپەڕبوونی **120** ساڵ راپەڕینی بەردەوامی خوێناویی بۆ گەیشتن بە رزگاریی، لەسەرەتای هەزارەی سێی زایندا، پێشڕەو و سەرکردەی لەم چەشنەی لێهەڵدەکەوێت.

**بۆ چوونە نێو کاکڵی باسەکەمان، سەرنجتان بۆ چۆنێتیی بەڕێوەچوون وقسەوباسەکانی یادی ٢٨ی گەلاوێژ رادەکێشم کە لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو!**

رێورەسمەکە، رۆژی شەممە **15/9** دەمژمێر **دووی** نیوەڕۆ **بەبێ خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب)، بە پەیامی کۆمیتەی ئامادەکار بەزمانی فارسی دەستییپێکرد. لەپێشەکیی پەیامەکەدا، رێز لە شاعیری نەتەوەپەرستی فارس ئەبولقاسم فردەوسی گیرا کە (30) ساڵ زەحمەتی کێشاوە بۆ نووسینی شانامە و، بۆ زیندووکردنەوەی "عەجەم" و، بیرەوەریی مێژوویی ئێرانییەکانی لە مەترسیی فەوتان رزگار کردووە!** لەکاتێکدا دەبوو لەجیاتی فردەوسی، یاد لەئەحمەدیخانی بکرایە کە پتر لە **300** ساڵ بەر لە ئەمڕۆ شاکاری "**مەم و زین**" ی هۆنیوەتەوە و، تێیدا باس لە زۆرداری و ملهوڕی نەتەوەکانی تورک و فارس و عەرەب

بەرامبەر کورد دەکا و، داوای یەکگرتنی کورد و، سازکردنی کیان و سەربەخۆیی کورد دەکات. لە پەیامەکەدا بۆ جارێکیش نێوی کورد بە **"نەتەوە"** نەهێندرا، بەڵکو هەموو جارێک بە **خەڵکی کورد (مردم کردستان)** نێوی هات. لە هۆڵەکەدا و، لەنێو بەشداراندا هیچ میوانێکی بیانی لە ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و پەرلەمانی ئۆروپا و نوێنەری رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و، نووسەر و دۆستانی کورد لە ئۆروپا و ئەمریکای لێ نەبوو.

پێویستبوو، بەرنامەی یادەکە، بە دووزمانی کوردی و ئینگلیزیی بوایە. فیلم و وێنەی گوللەبارانکردنەکان و، کوشتارە بە کۆمەڵەکان پێشتر بەزمانی ئینگلیزیی ئامادەبکرایە و، لەنێو بەشداراندا بڵاوبکرایەتەوە. بانگێشتی میدیای کوردی و ئینگلیزیی، وەک **بی بی سی** و چەند رۆژنامەیەکی ناسراوی ئینگلیزیی بکرایە بۆ گواستنەوەی بەرنامەی رێورەسمەکە و، لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان. بەداخەوە ئەمانە هیچیان نەکران. بەشدارانی نێو هۆڵەکە تەنیا بریتین لە کورد و ئێرانیی، کە بەشێکیان وەک دواتر لەدرێژەی رێورەسمەکەدا دەرکەوت، بۆ گەیاندنی پەیام و ئامانجی سیاسیی تایبەت بە خۆیان هاتبوونە ئەوێ.

لەتەوەرێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، هەڵبەستڤانێکی ئێرانی کە نێوی دوکتۆر ئیسماعیل خۆیی یە، هۆنراوەیەکی خوێندەوە و لەوەدوا هاتە سەرباسی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران. پاشان یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبردنی رێورەسمەکە **(رێزدار مینا سوارە)**، داوای لە **عەلیڕەزا نووریزادە** کرد وتەیەک پێشکێش بکات کە پێوەندیی بەم رۆژ و یادەوە بێت!

**چەپڵەیەکی گەرم لێدرا بۆ نووریزادە و، ئەویش هاتە پشتی مایکرۆفۆن و، گوتی:**

"بەسڵاو بۆ هەمووتان و بۆ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی خۆشەویست و "یارانش" (هاوڕێیانی). من وتەکەی دوکتۆر خۆیی لەو روانگەیەوە دوپاتدەکەمەوە، هەموو ئێوە کە لێرەن لە هۆنراوەکەی چێژتان وەرگرت، چۆنکە بەزمانی هاوبەشمان قسەی کرد. ئەگەر لێرە کەسێک شیعری شێرکۆ بێکەسی بخوێندایەتەوە، ئێمە لە جوانیی هۆنراوەکەی تێنەدەگەیشتین و، دەبوو کەسێک وەریگێڕێتە سەرزمانی فارسی. وێڕای رێزدانان بۆ زمان و قەوم و مێژوو و رابردوو، تێبکۆشین ئەم "لێفە چل پارچەیە" بپارێزین (مەبەستی جۆگرافیای ئێرانە -ن). کوردەکان هەر بەو شێوەیەی کە نەمر دوکتۆر قاسملوو دەیگوت: "لە هەر ئێرانییەک، ئێرانیترن!). کاتێک کوردەکان بناخەی یەکەم دەولەتی ئێرانیان داڕشت، خاوەنی ولاتەکەن. لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین پێیان بڵێین "تجزیەطلب" (جیابوونەخواز). کەسێک کە "خانەخوێ" (صاحب خانە) بێت، ناتوانێت جیابوونەوەخواز بێت. زمانی هاوبەش، لەو روانگەیەوە من ئاماژەی پێدەکەم، کە هەمووماان ئێش و ئازارەکان و شادی وشانازییەکانمانی پێ هاوار بکەین. ئەمە زمانی هاوبەشە. من کوردستانی عێراق دەبینم، شاد دەبم. پێنج دانە تلویزیۆنیان هەیە، رادیۆ و رۆژنامەیان هەیە، بەڵام کاتێک دەیانەوێ لەگەڵ بەسراوییەک قسە بکەن، بەزمانی عەرەبی قسە دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا لە عێراق دوو زمانی یەکسان و وەکیەک هەیە. لەئێرانیش دەتوانین هەموو زمانەکانمان بپارێزین، هاوکات زمانێکی هاوبەشیش بەکار بهێنین. تا پۆلی شەشی سەرەتایی بەزمانی زگماکیی بخوێندرێ، پاشان زمانی فارسی پێ زیاد بکرێت. کاکە عەبدوڵڵای موهتەدی بەرادەیەک لە هۆنراوەکانی حافزی شیرازی "بە وجد میاد" (گەشکە دەیگرێت)، زۆربەی ئەو کەسانەی وێژەی فارسییان خوێندووە، وەک ئەم چێژی لێوەرناگرن. یان قاسلموو هەمیشە لایەنگری فێردەوسی بوو. بەباوەڕی من شکۆی لەمێژینەی ئەم ئەدەبیاتە هاوبەشەمان نابێ بگۆڕینەوە بە کورتبینی و بڵێین کە ئێمە نەتەوەیەکین دەچەوسێینەوە! براکانی من هی ئێوەیە! ژێردەستەین چ واتایەکی هەیە؟! ئەم مەلایانە هاتن ئێمەیان وا لێکرد. ئێمە دەبێ کارێک بکەین کە عەبدوڵڵای موهتەدی ببێت بە سەرکۆمار لە ئێران! بۆچی نەبێت؟ تالەبانی کاتێک بوو بە سەرکۆماری عێراق، یەکێتیی عێراقی پاراست. کوردێک لە عێراق بوو بە سەرکۆمار. لە مامجەلالم پرسی: "مامجەلال تۆ هیچ لەبیری کوردستان

**..."(لێرەدا قسەکە تەواو ناکات –ن). مامجەلال گوتی: "کاکە من بێم ببم بە سەرکۆماری شوێنێکی بچکۆلە (قامکەکانی هەردوودەستی پێکەوە دەنووسێنێ –ن)، لەگەمارۆی مشتێک دوژمن! ئێستا من سەرکۆماری عێراقم". لەبەر ئەوە من تکاتان لێدەکەم، با لەولاوە ڕەگەزپەرستەکان لەدژی خۆمان هاننەدەین. لەماوەی سی ساڵی رابوردوودا مەینەتییەکی زۆرمان کێشا، هێندەمان گوت مافی کەمایەتییەکان بپارێزرێ، تاکو توانیمان مافی کەمایەتییەکان و فیدراڵی لەمێشکیاندا جێ بکەینەوە. سەلماندنی ئێرانی فێدراڵ بابی دەرهێنراین. بۆیە لەملاوە پشتیوانیمان بکەن و، شتێک مەڵێن کە لە هەر دوولاوە بەتەپڵی سەرماندا بدەن. لەبەر ئەوە من تکاتان لێدەکەم! من کاتێک کۆمەڵە لەوێنە و روخساری تازەیدا دەبینم، کاتێک دیمۆکرات لە وێنە و روخساری تازەیدا دەبینم، شانازی دەکەم کە لە گەڵ ئەم دوو حیزبە گەورە و خۆشەویستەدا لە پێوەندیدام...... کێشەی سەرەکیی ئێمە، ئەورۆ ئەمەیە ئایا ئێمە لەشەڕی ئەم رژێمە خوێنخۆرە رزگاربین، یان بەسەروگوێی یەکدیدا بدەین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، شاری "میاندووئاو" کەوتووەتە نێو خاکی ئازەربایجانی رۆژئاوە، یان لەنێو خاکی کوردستاندا هەڵکەوتووە؟! یان بابەتی ئالا... ئێمە هەموو ئەو هۆیانەی کە دەتوانن ببنە هۆی ناکۆکیی نێوانمان زەقدەکەینەوە، هەموو ئەو شتانەش کە دەتوانن ببنە هۆی یەکگرتنمان لەبیریان دەکەین. ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە .... لە بارودۆخی ئێستەی ئێراندا، هێڵەکانی ناکۆکیی نێوانمان کاڵ و کەمڕەنگ بکەینەوە، پێوەندیی نێوانمان بەهێزتر بکەین و، دژ بەم رژێمە راوەستین کە نیشتمانی ئێمەی گرتووە و، هیچ جیاوازییەکی دانەناوە لەنێوان کورد و ئازەری و عەرەب و بەلوچ و قەشقایی. زەمانی ناکۆکی و جیاوازییەکان نییە ... سەری رێز لە گیانبەختکردووەکانی کوردستان دادەنەوێنم و، لێرە پێتانی دەڵێم، ئێوە خاوەنماڵن. من بەڵێنتان پێدەدەم، ئەگەر زیندوو بمێنم، پاش لەنێوچوونی ئەم ئاژاوەیە، کوردێک دەبێتە یەکەمین سەرکۆماری ئێران..".**

لەلایەن **"یاران"** و جەماعەتی چەپڵەلێدەرەوە دیسان چەپڵەیەکی گەرمتر لێدرابۆی.

نووریزادە، گەلی کورد و سەرکردەی حیزبەکانی بە گێل و نەزان تەماشا دەکا، وتەی سەرکردەی ئێستا و رابوردووی هێندێک حیزبی کوردیی دەکاتە بەڵگە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی و، بۆ پاراستنی **زمانی هاوبەش (فارسی)** و، تێگەیشتن لە شیعری حافزی شیرازی، **کاک عەبدوڵلا موهتەدی** بەنموونە دەهێنێتەوە.

**هەموو ئەو کادر و پێشمەرگە دێرینانەی کۆمەڵە لەبیریانە، کاک عەبدوڵلا موهتەدی، ئەوکات کە بیروباوەڕی شۆرشگێڕێتی و کۆمۆنیستی لەبرەودا بوو، چلۆن بەوتە بێسەروبنەکانی مەنسوور حیکمەت "بەوجد میآمد" (گەشکە دەیگرت)، ئەوڕۆکەش لای نووریزادە بە شیعری حافزی شیرازی "بە وجد میاد"، بێگومان سبەینێ بە شتێکی دیکە بە "وجد میآید".** یان **مامجەلال سالآنی دووردورێژە بەدینتی کاربەدەستانی گەورە و بچووکی رژێمەکانی داگیرکەر "بەوجد می آید" (گەشکە دەیگرێ) و ماندووش نەبووە، بەڵام ئایا، گەشانەوە و شاگەشکەبوونی ئەم بەرێزانە بەویژەی وڵاتانی سەردەست و دیداری کاربەدەستەکانیان، یان خۆ لەعەرەب بەعەرەبترزانین و، لە ئێرانی بە ئێرانیترزانینی سەرۆکی حیزبێکی دی، چ خێرێکی بۆ دۆزی رەوای کورد و، خەباتی سەدان ساڵە و قوربانیدانی بێئەژمار و ئامانج و ستراتیژی نەتەوەی بندەستی کورد هەبووە و لەداهاتوودا دەیبێت، جگە لەزەرەر و زیان زیاتر؟**

عەلیرەزا نووریزادە، لەساڵرۆژی فتوای خومەینیدا، تەنیا سووکایەتیی بە نەتەوەی کورد و کێشەرەواکەی نەکرد، بەڵکو سووکایەتییەکی گەورەشی بە سەرکردەیەتیی حیزبەکان و سیاسەتکارانی کوردیش کرد. لەبەر ئەوە کاک عەبدوڵلا موهتەدی و ئەندامانی سەرکردەیەتی و بەرپرسانی هەردوو باڵەکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و، باڵەکانی کۆمەڵە کە لەوێ بوون، پێویست بوو نووریزادە و رەگەزپەرستانی وەک ئەویان تێبگەیاندبایە، کە سەرۆکایەتیی حیزبەکوردییەکان و سیاسەتکارانی کورد بۆ گەیشتن بە

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیان خەبات دەکەن، نەک بۆ گەیشتن بە سامان و دەسەڵات و پلەوپایەی سیاسیی بۆخۆیان و بنەماڵە و داستەودایرەیان! دەبوو بە ئاغای نووریزادەیان بگوتایە، کێشەی کورد، کێشەی نەتەوەیەکی دابەشکراوە و بەشیکی گەورەی نیشتمانەکەی لەژێر دەستی رژێمی رەگەزپەرستی فارسدایە کە بەدرێژایی مێژووی بندەستبوونی، لەلایەن رژێمەکانی فارسەوە هەوڵی لەنێوبردنی دەدرێت. لەبەر ئەوە تەنێ لە رزگاربوونی نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندایە کە مافەکانی رامیاری و نەتەوەیی و کۆمەلایەتیی نەتەوەی کورد دابیندەکرێت... لێ بەداخەوە، نەتەنیا وەرامی نەدرایەوە، بەڵکو بەچەپڵەرێزانێکی گەرم پێشوازیی لە وتەکانی کرا.

لەو نێوەدا، ئەوە تەنیا **مینا سوارە، کچەکوردی نەتەوەیی و شۆرشگێڕ و نیشتمانپەروەر** بوو کە بوێرانە دەنگیهەڵهێنا و، باسی لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەی کرد و گوتی: "**رووخاندنی رژێم تاکە ئامانج نییە، بەڵکو دەبێ ئێستا کێشەکانی نێوانمان چارەسەر بکەین. نابێ هەڵەی (30)ساڵ پێش دووپاتکەینەوە، کە رژێمی ئیسلامیی هێنرایە سەرکار، پاشان ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کورددا هێنا... ئەگەر لەداهاتوویەکی دووریشدا، کوردستان بە سەربەخۆیی بگات، ئێمە خوازیاری پێوەندیی دۆستانەین لەگەڵ دراوسێکانمان ...**".

نووریزادە کە تا ئەوکات پێیوابوو هەموویانی خاپاندووە، دەنگیهەڵهێنا و گوتی: "**این تجزیه طلبی است" (ئەمە جیابوونەوەخوازییە)**. من لە شوێنێک دانانیشم دەنگی جیابوونەوەخوازیی لێوەبێت!".

**مینا سوارە لەوەرامیدا گوتی: "ئەگەر ئەمڕۆ لەم شوێنەدا رێگەمان پێنەدەن بەئازادیی قسەی خۆمان بکەین، ئەی چۆن لە ئێرانی داهاتوودا رێگە بەمنی کورد دەدرێ، دەنگم هەڵبڕم و، داوای مافی گەلەکەم بکەم!؟".**

**نووریزادە هەستا و بەتووڕەییەوە چووە دەرەوە، هەر بەدوای وی دا، بەڕێز عەبدوڵلا موهتەدی و بەڕێز هەمزەی بایزیدی نوێنەری حیزبی**

**دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانیان، بەنیشانەی دەربڕینی پشتیوانیی لە نووریزادە، هەڵسان و ڕێوڕەسمەکەیان بەجێهێشت، کە بۆ یادی (30) ساڵەی قڕکردنی نەتەوەکەیان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گیرابوو!**

پاش ئەوەی نووریزادە و دارودەستەکەی لە هۆڵەکە دەچنە دەرەوە، چەندکوردێکی سەرلێشێواو کە ساڵانی ساڵە دژایەتی و سووکایەتیکردن بە بیروباوەڕی نەتەوەیی، بووە بە کولتوور لەلایان و، بیری نۆکەرایەتیی، بەنیشانەی سەربەرزی و پێشکەوتن دەزانن، دەیکەن بە غەڵبەغەڵب و هەرا و ئاژاوە و تاوانبارکردنی بەڕێز مینا سوارە، گوایە نەدەبوو وەرامی وتەکانی نووریزادە بداتەوە. لەئەنجامدا کارێکی وادەکەن ڕێوڕەسمەکە بەپێی بەرنامەی دیاریکراوی بەڕێوەنەچێت.

چەند ڕۆژێک دواتر، عەلیڕەزا نووریزادە، لە حەفتەنامەی **"کەیهان"** ی فارسی کە لە لەندەن دەردەچێ و، لەریزی زوڕناژەنەکانی سەر بە شاپەرستەکان و شۆڤێنیستە فارسەکانە، دیتن و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕێوڕەسمی **28**ی گەلاوێژ، لەوتارێکدا لەژێر نێوی **"وطنم، نور و آب و عطر و عسل" (نیشتمانم، ڕۆناکی و ئاو و بۆن و هەنگوین)** بڵاوکردەوە. بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەکرێتەوە، تەنێ چەند دێڕێک لە وتارەکەی بۆ ئاگاداریی خوێنەر دەخەمەڕوو!

**(لەساڵڕۆژی قەلاچۆی درندانەی هاووڵاتیانی کوردم لەلایەن پێڕەوانی وەلی فەقیە وە، هاوڕێیانی کۆمەڵە ڕێوڕەسمێکیان لەزانستگەی سۆئاس ڕێکخستبوو. بەشانازییەوە لەو یادکردنەوەیەدا منیش ئامادە بووم، لەگەڵ دوکتۆر ئیسماعیل خۆیی و کاک عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری گشتی و ئازادبیر و نەتەوەیی کۆمەڵە و، دۆستانی دوور و دێرینم کاک هەمزەی بایزیدی و مەولوود لەحیزبی دیمۆکراتی کوردستان و .... چەند حەفتەیەک پێشتر، بۆ ساڵڕۆژی تێرۆری شەهید دوکتۆر قاسملوو، بانگێشت کرابووم، وێنەی منیان لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دانابوو کە ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکان و هاوڕێیانی قاسملوو و شەرەفکەندی وەسیەتی سەرکردەکانیان بە دڵ و بەگیان وەرگرتووە**

**و، لەپێناو گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد دا تێدەکۆشن کە تێیدا کورد و ئازەری و بەلوچ و عەرەب و تورک و تالش و قەشقایی و بەختیاری و لوڕ و بویەرئەحمەدی، بەوێنەی ئەسفەهانی و خۆراسانی و فارس دەست لەدەستی یەکدەنێن بۆ دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودگەردانی، وشەیەک کە نەمر داریووش فرووهەر لەسەروبەندی شۆرش دا پێشنیازی کرد لەجێی وشەی خودموختاری بەکار ببرێت. دوکتۆر قاسملووش بە گەورەیی و لێهاتوویی بێسنووریان، پێشنیازەکەی پەسندکرد... لەمێژە لەگەڵ کاک عەبدوڵلا موهتەدیدا پێوەندیم هەیە... بەڕێزیان بەشێک لەکاتی تلویزیۆنی "رۆژهەلات" ی داوەپێم، کە بەو بۆنەوە خۆم بەقەرزداری دەزانم. موهتەدی نموونەی ئێرانییەکی رۆشنبیرە کە ئامادە نییە موویەک لەسەری ئێران کەم بێتەوە. زۆر شادمانم کە لەریزی کوردانی تێگەیشتوودا، پیاوێکی وەک عەبدوڵلا موهتەدیمان هەیە. لەڕێوڕەسمەکەدا خاتوونێکی لاو کە دیارە بیرەوەریی هەزارسالەی لەئێش و ئازارەکانی خەلکەکەی هەیە، باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی دەکات... ئێمە "قوّم فارس" مان نییە، بەلکو زمانی فارسیمان هەیە و، دەبێ شانازیی بکەین کە ئەورۆ ئەم زمانە لە تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکمەنستان و قەزاقستان و قرقیزستان و ئازەربایجان و ئەفغانستان و، لە کوردستانی عێراق بەکاردەبرێت. سەرۆکوەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: "یەک ملیۆن کورد دەتوانن زمانی فارسی بنووسن و بخوێننەوە. بەڕێز کاک عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەلە ئافەرینی لێبێت کە پاش هاتنەدەرەوەی من، ئەویش هاتەدەر و، منی لەرادەبەدەر شادمان کرد.. چەند کەسێک لە بەڕێوەبەرانی رێوڕەسمەکە دواتر تەلەفۆنیان کردبۆم و، لەوەی کە روویدا داوای لێبوردنیان کردلێم. پێیاندەلێم تا ئێوە هەن، تا کاک عەبدوڵلا هەیە، تا هاوڕێیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەن، سەبارەت بە پێوەندی و یەکڕیزی و یەکێتیی خانە پدری، (نیشتمانی باپیران)، ئاسوودە و دلنیام".**

نووریزادە، گەورەیی و لێهاتوویی **شەهید دوکتۆر قاسملوو** بەوەدەزانێ کە لەسەر داوای نوێنەری رژێم وازی لە وشەی خودموختاری هێنا و خودگەردانیی لەجێی دانا! نووریزادە، ئەم وشەی خودگەردانییەش لەبەر ئەوە دەدات بەگوێی حیزبەکان و سیاسەتکارانی کورد دا، گەر هاتوو

سبەینێ گەڕانەوە بۆ ئێران و، حکوومەتیان دامەزراندەوە، دیسان باسی خودگەردانی بێننەوە سەرمێزی وتووێژ لەگەڵ کورد، چۆنکە دوکتۆر قاسملوو پەسندی کردووە. شایانی باسە، چوارچێوەی سنووری "خودگەردانی" یەکەش کە لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی ئەبولحەسەنی بەنیسەدر دا رژێمی ئێران پێی لەسەر دادەگرت، ئەوە بوو نێوچەی خودگەردانی دەبێ تەنیا ستانی کوردستان بگرێتەوە، نەک ستانەکانی دیکەی وەکو کرماشان و ورمێ و ئیلام و لوڕستان و بەختیاریی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، نووریزادە لەرێوڕەسمی (**28**ی گەلاوێژ) لەلای کورد باس لە فیدرالی بۆ ئێران دەکا، کەچی لە وتارە فارسییەکەیدا کە لە هەفتەنامەی **"کەیهان"** دا بڵاویکردووەتەوە، باس لە خودگەردانی بۆ کورد دەکات!!؟

کۆمیتەی ئامادەکاریی رێوڕەسمی (**28**ی گەلاوێژ) پاش ئاگاداربوونی لە نووسراوەکەی نووریزادە کە لە حەفتەنامەی "کەیهان" ی فارسیدا بڵاویکردبووەوە، نامەیەک دەنێرن بۆ "کەیهان" لەندەن و، تێیدا لەچەند خاڵدا ئاماژە بەناڕاستبوونی قسەکانی نووریزادە دەکەن. **(بڕوانە دەقی نامەکە لەکۆتایی ئەم وتارەدا بڵاوکراوەتەوە!).** بەڵام سەرپەرشتکاری رۆژنامەکە، لەباتی ئەوەی دەقی نامەی کۆمیتەی (**28**ی گەلاوێژ) بڵاوبکاتەوە، دەینێرێت بۆ عەلیڕەزا نووریزادە و، ئەویش پاش دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕپێکردنی وشەکان، دیسان چەند دێڕێک قسەی ناڕاست دەخاتەسەری و، دەینێرێتەوە بۆ کەیهان لەندەن. سەرپەرشتکاری رۆژنامەکەش بێگوێدانە یاسای رۆژنامەگەریی، لەرێکەوتی **9/9/2009** دا بڵاوی دەکاتەوە. نووریزادە لەو لاپەڕەیەشدا، دیسان ئاماژە بەچوونەدەرەوەی خۆی و هاوڕێیانی کوردی دەکا و، دەڵێت: (پاش ئەوەی بەنیشانەی نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر وتەکانی ئەو خاتوونە لاوە خوێنگەرمە هۆڵەکەم بەجێهێشت، لەدەرەوە **کاک عەبدوڵلا موهتەدی و خاتوونی نازەنینیان ناهیدخانم و، کاک حەمزەی بایزیدی و کاک هاشمی کەریمی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و**

**دۆستانی دیکەم ببینی، کە ئەوانیش هاتبوونە دەرەوە و، گوتیان ڕێوڕەسمەکە تەواو بووە، لەبەر ئەوە نەگەڕامەوە بۆ نێو هۆڵەکە).**

عەلیڕەزا نووریزادەی فیلزان، کە ئەگەر دوو قسە بکات یەکێکیان "**خلیج همیشه فارس**" ە، بێئەملاوئەولا ئەوڕۆکە لەنێو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا، جێی وەزیری درۆودەلەسەی سەددام (محمد سعید الصحاف) ی گرتووەتەوە، لیستێک نێوی نووسیوە، نێوی چەند کوردێکیشی تێدایە و، پۆستی سەرکۆماری و وەزارەتەکان و کورسییەکانی حکوومەتی داهاتووی ئێرانی بەسەریاندا دابەشکردووە و، ناوبەناو پێشانی هێندێک سەرۆک و ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دەدا و، وای پێشاندەدا گوایە هەموو شتێک بەدەستی وییە و، ئەمریکاش ئاگای لەو لیستەیە هەیە، بەوەش خەونی شیرینی لە هێندێکیان زڕاندووە و، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە خەون و ئاواتەکانیان لەسایی هاوکاری و پشتیوانیی ئاغای نووریزادەدا بێتەدی. هەر لەبەر ئەمەشە، ئاغای نووریزادە، خوا بیپارێزێ! روو لەهەر کوێ دەکا و هەرچییەک دەڵێ، شوێنی دەکەون و، لەبەری هەڵدەستن و چەپڵەی گەرمی بۆ لێدەدەن.

ئاغای نووریزادە، لەلایەن بەرەی لایەنگرانی رژێمی پاشایەتییەوە دەستنیشانکراوە بۆ لەخشتەبردنی سەرکردەیەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ دوورخستنەوەیان لە پێڕەوکردنی بەرنامە و بیروباوەڕی نەتەوەیی لەحیزبەکەیاندا، تاکو لەکاتی پێویستدا هێزی پێشمەرگە و ئۆپۆزسیۆنی کورد بەگشتیی، بەوێنەی عێراقی سەروبەندی رووخانی رژێمی سەددام، بخەنە خزمەتی پڕۆژەی سیاسییانەوە و، بە تەمان سیناریۆی عێراق(**بەبێ شەڕ و لەشکرکێشیی ئەمریکا و ئۆرووپا بۆ سەر ئێران)،** لە ئێرانیش رووبدا و، لەداهاتوویەکی نێزیکدا بگەڕێنەوە ئێران و حکوومەت دامەزرێننەوە، ئەوجارەیان لەجلوبەرگی دیمۆکراسیدا، درێژە بە ئاغایەتیی فارس بدەنەوە و، دەسەڵاتی رەگەزپەرستانەیان بۆ سەر نەتەوەی کورد و، نەتەوەکانی دیکەدا بگرنەوە دەست. پاراستنی جۆگرافیای

سیاسیی ئێران (تمامیت ارضی ایران) و ڕاگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی لەدەستی بەژمارە کەمینەی نەتەوەی فارسدا، ستراتیژ وئامانجی سیاسی و نەتەوەییان پێکدێنێ و، لادان لەو خاڵانە هێڵی سوورە و بەواتای تاوان و خیانەت دەژمێردرێت. ئەو هەزاران کۆنەسەرلشکر و وەزیر و کاربەدەستی ڕژێمی ڕووخاوی پاشایەتیی، لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانیان، لەگەڵ هەزاران نووسەر و تێکنۆکرات و ئەکادمییک و خوێندەواری فارس کە ئەوڕۆکە لەدەوری کوڕەکەی حەمەڕەزاشا (کە نێویاننناوە ڕەزاشای دووەم)، کۆبوونەتەوە و، بووجەیەکی زۆر لەدەستیاندایە و، چەندین تلویزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و تەنانەت کەناڵی تلویزیۆنی ئەمریکا بەشی فارسییەکەیان خستووەتە خزمەتی پرۆپاگەندەکردن بۆ پێشخستنی ئامانجی ڕەگەزپەرستانەیان، هەموویان بەتەمان، هاوکات لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران، بگەڕێنەوە و، دەسەلات بگرنەدەست. ئەوجا ئەمانە کە ئەوڕۆ لە ئۆرووپا و ئەمریکا پەنابەرن و بێزیان نایە باس لەمافی کورد و ژیانی وەکیەک لە گەڵ نەتەوەکانی نافارس لە ئێرانی داهاتوودا بکەن، ئەی ئەگەر سبەینێ دەسەلاتیان گرتەوەدەست، ئایە بەوێنەی سەردەمی حەمەڕەزاشای گۆڕبەگۆڕ، هەوڵی پاکتاوکردنی کورد نادەنەوە؟! لەم پێوەندەدا، ڕۆژانی **19/9** و **20/9/2009** بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لایەنەکانی گوایە دێمۆکراتخواز و مەشروتەخوازەکان و، سەڵتەنەتخوازەکان لە کەناڵی فارسی "ئەندیشە" سەبارەت بە چۆنێتیی سازکردنی بەرەیەکی هاوبەش و، بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش قسەیان دەکرد. ناوی کۆبوونەوەکە **"همصدایی" (هاودەنگیی)** بوو، لەلایەن **فەرامەرز فرووزەندە** وە پێشکێشدەکرا. ئەو کەسانەی بانگێشت کرابوون، بریتیبوون لە **دوکتۆر مەنووچەهر گەنجی، دوکتۆر مەجید محەممەدی، دوکتۆر مورتەزا محیط و عەلی ڕاجی**. خاڵی هاوبەشیان کە لەسەری ڕێکبوون بریتیبوو لە:

1- **پارێزگاریی لە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی ئێران.**
2- **جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت.**

**3 - پاراستنی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی.**

باسولێدوانی ئەو دوو رۆژە سەرجەم حەوت سەعاتی خایاند، بەڵام بۆ چرکەیەکیش باسێک لە ئازادی  ومافی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە کورد و بەلوچ و ... هیتد نەکرا. ئاخافتن و لێکدانەوەکان هەمووی لەنێو بازنەی داهاتووی ئێران و، حکوومەتی نوێ و مافی مرۆڤدا دەخولایەوە.

نووریزادە و، هاودەستە رەگەزپەرستەکانی دڵنیابن، ئەو پیلانەی بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستانیان داڕشتووە، ناچێتەسەر بۆیان. ئەورۆکە، بیری ئازادیخوازی و سەربەخۆیی و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لەنێو چین و توێژەکانی کورددا بەڕادەیەک پەرەیسەندووە کە دۆست و دوژمن و دڵسۆزی خۆی بەباشی دەناسێت. خەونی ئەو چەند کوردەش نایەتەدی کە بەوێنەی دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان، دەیانەوێت قوربانیدان و ئامانج و چارەنووسی گەلەکەیان، تەنانەت خەباتی رابوردووی هاوڕێیان و ئەندامانی حیزبەکەشیان بکەن بە بەردەباز بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی رامیاری و پارە و چاوسۆرکردنەوە لە خەڵکی لێقەوماو و چەوساوەی وڵاتەکەیان. ئەو هەلومەرجە سیاسییە و، ئەو هەلەی کە بۆ سەرۆکایەتیی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان لەکاتی رووخانی رژێمی سەددامدا هەڵکەوت، لە رۆژهەڵات و لەهیچ یەکێک لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا روو ناداتەوە. چۆنکە ئەو سیستەمی چەکداری و هۆزپەرستی و، بیروکولتووری خێڵەکییەی کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی گرتووەتەوە و، بۆماوەی پتر لە **60** ساڵە، باڵی بەسەر خەباتی رزگاریخوازانەی باشووری کوردستاندا کێشاوە و، ئامانجی هۆز و حیزب و بنەماڵەی زاڵکردووە بەسەر ئامانج و ستراتیژی نەتەوەییدا، لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاڤا، جێی خۆیداوە بە بزووتنەوەی جەماوەری و هۆشیاریی سیاسی و رۆشنبیریی کە لەلایەن کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و، ئەکادمیک و تێکنۆکرات و رۆشنبیرەوە سەرپەرشتیدەکرێن. لە باشووری کوردستانیش بای گۆڕان دەستیپێکردووە

و، سەرهەڵدانی **"ڕەوت و لیستی گۆڕان"**. سەرەتا و گۆڕانگارییەکی بنەڕەتییە لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا و، بەدڵنیاییەوە، لەڕەوتی خۆیدا بەرەو گۆڕانێکی گەورەتر دەڕوا و پێدەنێتە ئاقارێکی نەتەوەیی و پێشکەوتووترەوە. ئەو زەمانە تێپەڕ بوو کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان، چاویان لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بڕیبوو، یان بەتەما بوون سەرۆک و قارەمانێک لەدەرەوەی سنوورەکانەوە بگەڕێتەوە و، لەدەستی زۆرداری و ملهوڕیی ڕژێمی داگیرکەر ڕزگاریان بکات، ئەوڕۆکە، شار و شارۆچکەکانی کوردستان نێوەند و جەرگەی بەرخۆدان وخەباتی جەماوەری و ڕۆشنبیری و کولتوورین و، ڕێبەرانی ڕاستینەی گەلیش، هەر لەنێو دڵی ئەو خەباتە جەماوەرییەوە سەریانهەڵداوە و، سەرهەلدێنن. **لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، عوسمان بایدەمیر، ئامینە ئاینا، مەعشووق خەزنەوی، محەممەد سدیق کەبوودوەند، بەهادینی ئەدەب،** نموونەی ئەو دەیان ڕێبەرە جەماوەرییەن کە لەنێو ڕەشەکوژی و شەوەزەنگ و زیندان و شکەنجە وسەرکوتی داگیرکەراندا، شانبەشانی نەتەوەکەیان تێکۆشیون، لە داهاتووشدا هەر ئەم خەباتە جەماوەرییەیە کە لەنێو دڵی خۆیدا، بەدەیان ڕێبەری لێهاتووی دیکە پەروەردە دەکات. لەبەر ئەوە هەر حیزب و ڕێکخراوەیەکی کوردی نەتوانێت ئەم بارودۆخە نوێیە هەڵسەنگێنێ و، نەتوانیت خەباتی خۆی تێکەڵ بەو خەباتە بەرینە جەماوەییە بکات، ئەوا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەنێو قەیران و ناکۆکیی نێوخۆییدا نوقم دەبێ و بەرە بەرە دەتوێتەوە.

ئەزموونی پێوەندی و هاوکاریی نێوان کورد و ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی داگیرکەر، لە ڕابوردوودا ئەو ڕاستینەیەی پێشانداوین کە مەبەست و ئامانجی نێزیکبوونەوە و پێوەندیی هەموو ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بەداگیرکەرانی کوردستان، لەگەڵ کورد دا، بۆ ئەوە بووە سوود لە هێز و توانای کورد وەربگرن بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی ڕامیاریی بۆ خۆیان و، ژێردەستەکردنی سەرلەنوێی نەتەوەی کورد. ڕووخانی ڕژێمی بەعسی

عێراق بەسەرۆکایەتیی سەددام حسێن، دوانموونەیە لەم بارەیەوە کە چەند عەرەبێکی بێ نێوونیشان بەسایی سیاسەتی نانەتەوەیی و هەلپەرستانەی دوو حیزبەکەی باشووری کوردستانەوە، دەوڵەت و سوپا و عێراقی نوێیان بۆ دامەزرایەوە و، ئێستاش گەمە بە داخوازییەکانی کوردەوە دەکەن. لەبەر ئەوە، داوا لەو بەڕێزانە دەکەم، کە فریوی وادە و بەڵێنەکانی نووریزادەی زمانلووس و درێژدادڕیان خواردووە، ئاوڕێک لە سیاسەتی رابوردووی هەڵەی حیزبەکەیان بدەنەوە، بیرێک لە هۆکاری دابڕانی زۆرینەی ئەندامانی حیزبەکەیان بکەنەوە، بیر لە هۆکاری لەدەستدانی پشتیوانیی جەماوەرییان بکەنەوە و، رێی پیرۆزی ئازادیی نەتەوەی کۆیلەی کورد و بیری سەربەخۆیی کوردستان هەڵبژێرن، واز لەناکۆکی و چەندبەرەکی و پاوانخوازی و دەسەلاتخوازیی بێنن. بڕیاربدەن لەمەودوا لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەیاندا تێبکۆشن و، تف بکەن لە هەرچی پلەوپایە و سامان و پارەیەک، کە لەسایی داگیرکەران، یان ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەکانی باندەستی کوردەوە دەستیاندەکەوێت. کارێکی وابکەن، ئەو پەندەی پێشینان بەڕاست نەگەڕێ، کە دەبێژێت: **"ئەوی فێری بووی بەشیریی، تەرکی ناکەی بەپیریی!"**.

## ژێدەر:

**(1*) - بەتەمابووم ئەم وتارە لە مانگی ئاگۆستدا بڵاوبکەمەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی و تێکچوونی باری تەندروستیم دواکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا چۆنکە بابەتە پێوەندیی هەیە بە مێژووی خەبات و قوربانیدانی سی ساڵی رابوردووی گەلی کوردمان لەبەشێک لە نیشتمانەکەیدا، بەباشمزانی بڵاوی بکەمەوە.**

**(2*) - زۆر سوپاسی هاوبیری هێژا کاک ئازاد مافکۆ دەکەم کە فیلمی تەواوی رێورەسمی (28ی گەلاوێژ) ی شاری لەندەن، لەگەڵ وتارەکانی عەلیرەزا نووریزادەی نارد بۆم کە لە رۆژنامەی (کیهان)ی فارسی چاپی لەندەندا بڵاویکردبوونەوە.**

سەرنج!

بڕوانە نامەی کۆمیتەی ئامادەکاریی ڕێوڕەسمی (28ی گەلاوێژ) بۆ هەفتەنامەی "کەیهان" چاپی لەندەن!

<u>از: کمیته هماهنگی برنامه 28 مرداد</u>

به: روزنامه وزین کیهان لندن

با سلام و درود

در شماره 1270 پنجشنبه 29 مرداد کیهان لندن مطالبی به قلم دکتر نوری زاده در رابطه با شرکت ایشان در مراسم یاد بود قربانیان 28 مرداد 1358 که به دست رژیم ضد انسانی جمهوری اسلامی کشته شدند به چاپ رسیده است.

خواهشمند است طبق قانون مطبوعات توضیحات ذیل را در همان ستون جهت آگاهی هر چه بیشتر خوانندگان گرامیتان به چاپ برسانید.

1) برگزاری مراسمی که آقای نوری زاده به برادران کومله نسبت داده اند طبق اطلاعیه پیوست از طرف کمیته هماهنگی برنامه 28 مرداد با عنوان روز "همبستگی با مردم کردستان" برگزار گردیده است. که لازم به ذکر است کمیته فوق مستقل و به هیچ حزب و گروه خاصی تعلق ندارد.

2) با وجود اینکه دکتر نوری زاده جزو لیست دعوت کنندگان به مراسم نبوده اند، بنا به رسم مهمان نوازی نتنها ایشان مورد استقبال گرم برگزارکنندگان مراسم قرار گرفتند بلکه نامشان در لیست اولین سخنرانان گذاشته شد. متاسفانه جناب نوری زاده در سخنرانیشان نه تنها از جانباختگان و قربانیان آن روز یادی نکردند و اعمال آمران و عاملان این جنایات، همچون فتوای نابجای آیت الله خمینی و جنایت آیت الله خلخالی جلاد را نیز محکوم نکردند بلکه بیشتر به بحثهای حاشیه ی و معمولی پرداختند که

**خود انتقاد جمعی از دعوت کنندگان و نا خرسندی خانواده های قربانیان را نیز به همراه داشت.**

**3) آقای نوری زاده!بهتر نبود بعد از سخنرانیتان به جای بگو مگوهای دو نفره که بیشتر جنبه شخصی داشت به احترام جمع سالن را ترک نمی‌کردید و در کنار بقیه ی سخنرانان ( رهبران احزاب و سازمان های سیاسی آقایان دکتر جواد ملا ، اسماعیل خویی، محسن خاتمی و برادران آذری ، عرب و بلوچ و ....) می‌ماندید که تا این اندازه مورد انتقاد حضار قرار نگیرید. ما بر گزار کنندگان مراسم برادرانه به شما پیشنهاد می‌کنیم در موارد مشابه قدری سنجیده تر عمل نمایید.**

(کمیته هماهنگی برنامه 28 مرداد).

# پیلانگێڕیی هاوبەشی
# ڕژێمەکانی داگیرکەری ئێران و تورکیا و
# دۆخی ئێستای کورد!

### لە ماڵپەڕی "کۆنگرە" و چەندین ماڵپەڕی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە
### لەڕێکەوتی: 22/1/2010

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی بەهاری ئەمساڵدا، سوپای ڕژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئێران هێرشەکانیان بۆ سەر بنکەکانی سەرۆکایەتی و هێزی پێشمەرگەی پ ک ک لە قەندیل و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چڕتر کرد، شانبەشانی ئەوەش هێزەکانی ئاسایشی تورک و ئێران لەشارەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێوەیەکی بەرفرەتر و دڕندانەتر لە جاران، دەستیانکردووە بە گرتن و، شکەنجە و تێرۆر و گوللەبارانکردنی تێکۆشەران و خەڵکی ئاسایی و، سووتاندنی کێڵگە و سامان و بەروبووی گوندەکانی کوردستان.
پێوەندی و هاوکاریی سیاسی و لەشکریی ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا کە لەچەند مانگی ڕابردووەوە پتەوتر و گەرموگوڕتر بووە، بۆ وڵاتانی ناوچەکە دیاردە و ڕووداوێکی سیاسیی تازەیە و، بۆ گەلی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازانەکەشی بە قۆناخێکی تازەی پڕمەترسیدارتر دەژمێردرێت.
دانووستان و دیدار و لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئەم دوو ڕژێمە پێش دەستپێکردنی چالاکییەسەربازییەکان و، لەشکرکێشی و بۆمباباران و پروپاگەندەکانی ئێستایان لە میدیاکانیانەوە، ئەو ڕاستینەیە دەردەخەن، کە ئەم دوو ڕژێمە پێکەوە ڕێککەوتوون بۆ لەنێوبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد. ئەم دۆخە نوێیە، ئەرکی گەورە و بەرپرسیارەتیی مێژوویی

دەخاتە ئەستۆی سەرکردەیەتیی کوردەوە، کە بەهۆشیاری و زانایی تەواوەوە هەلومەرجەکە هەڵبسەنگێنێ، لەلایەک پیلانی سەربازیی رژێمەکانی داگیرکەر پووچەڵ بکاتەوە، لەلایەکی دیشەوە، لەڕووی سیاسییەوە، بەڕەچاوکردنی ئامانج و پرنسیپە نەتەوەییەکان، ئاکامێکی سەرکەوتوانەی لێ بەدەست بێنێ و، بیخاتە خزمەتی لاوازکردنی دەسەلاتی سیاسی و لەشکریی داگیرکەران لە کوردستان.

پارتی کرێکارانی کوردستان و، زۆرینەی حیزب و رێکخراوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە لەخۆیان و لە گەلی کوردیان رادیوە بەدەستی بەتاڵ و چەکی سووکەڵەوە بەرەوڕووی سوپای پڕچەک و دڕندەی داگیرکەرانی کوردستان ببنەوە، دەبێ لەڕووی سیاسیشەوە ئەو بوێری و ئازایەتییەیان تێدابێ و داوای ماف و داخوازییەک بۆ گەلەکەیان بکەن، کە شیاوی ئەو هەموو قوربانیدان و وێرانکاری و قەڵاچۆکردنانەبێت، کە رژێمەکانی داگیرکەر بەسەر نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیدا دەیهێنن.

رازیبوون و پێداگریی رێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی **"پەیمانی لۆزان"** لەلایەن رژێمی تورکیاوە کە لەمانگی رەشەممەی **2009** لە میدیای سەر بە پێ کێ کێ وە بڵاوکرایەوە، پاشان جەختکردن لەسەر هەر ئەو مادانەی پەیمانی لۆزان لەلایەن رێزدار ئەحمەد تورک لەمانگی رابردوودا، بەمانای گێڕانەوەی داخوازی و ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی گەلی کوردە بۆ **90** ساڵ بەر لەئەمڕۆ. ئەمەش لەکاتێکدا، لەماوەی نەوەدساڵی رابردووەوە تاکو ئەوڕۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زایینیدا دەژین، لەنێوەرۆکی رەگەزپەرستانەی تورکیا هیچ نەگۆڕاوە و، گەلی کوردی ئەمڕۆش، گەلی **90** ساڵ لەمەوبەر نییە کە بەکۆلکەمافێکی هیچکات نەدراوی پەیمانی لۆزان رازیبکرێت. دڵخۆشکردنی گەلی کورد لە باکوور بەوەرگرتنی چەند داخوازییەکی رۆشنبیریی، لەسەر

داوا و پێشنیازی سەرکردەیەتی و سیاسەتکارانی کورد خۆیەوە، بەوێنەی هەڵەمێژووییەکەی سەرکردەکانی باشووری کوردستانە، کە پاش رووخانی رژێمی سەددام، درۆشمی خەیاڵیی **"برایەتی" و دیمۆکراسی و "عێراق بۆ هەموان"** و ... هتد یان بەرزکردەوە و ئەو هەلەزێڕین و تاکهەڵکەوتە مێژووییەیان لەکیس گەلی کۆیلە و ئەنفالکراو و کیمیالێدراوی کورد دا. لەبەر ئەوە پێویستە هەر لەئێستاوە، راپەڕینی باکوور ئامانج و درۆشمی دیاریکراو ورۆنی بۆ گەلەکەی ببێ و، بەئاشکرا بانگەوازی بۆ بکات، بۆ ئەوەی گەلی کورد بزانێ شوێن چ ئامانجێک کەوتووە، هەروەها داگیرکەران و دنیای دەرەوە و دۆستانی کوردیش بزانن کورد چیدەوێ و، لەپێناو گەیشتن بە چ ئامانجێکدا تێدەکۆشێت.

رژێمی تورکیا لەمانگی رابردوودا بۆ شاردنەوەی هێرشی دڕندانەی بۆ سەر گەلی کورد و چەواشەکردنی رای گشتی، کێشەیەکی لاوەکیی لەگەڵ ئیسرائیلدا سازکرد و، بەڕواڵەت ساردییەک باڵی بەسەر پێوەندیی نێوان ئەو دوو رژێمەدا کێشاوە، ئەمەش لەکاتێک روودەدات کە تورکیا نێزیکترین هاوپەیمانی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا و، لەپاش ئەمریکا، ئیسرائیل دووەمین وڵاتە لەفرۆشتنی چەکوچۆڵ و کەرەستەی جەنگیی بە تورکیا. فڕۆکەڤانانی تورک پۆل پۆل دەنێردرێن بۆ ئیسرائیل و، لەلایەن ئەفسەرانی ئیسرائیلەوە رادەهێنرێن و پەروەردە دەکرێن. لەسالانی رابردوودا، ئیسرائیل لەدژی بزاڤی رزگایخوازیی باکووری کوردستان، بەناردنی تێکنۆلۆژیای ئەلێکترۆنی جەنگیی یارمەتیی سوپای تورکی داوە. لێ، سەرەڕای ئەم هاوپەیمانێتی و هاوکارییە سیاسی و سەربازییانەی نێوان تورکیا و ئیسرائیل و، سەرەڕای ئەندامەتیی تورکیا لە ناتۆ، کاربەدەستانی تورکیا، بەرامبەر پلان و سیاسەتی داهاتووی ئیسرائیل و رۆژاوا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین، رەشبینن. ئەمەش وایلێکردوون کە جۆرێک لە

سەرلێشێواوی و هەڵچوون و هەڕەشە و خۆگیفکردن، لە هەڵوێستی سیاسی و روانگەی دەسەلاتدارانی تورکدا بەدیبکرێت.

بڕیاری ئەمدواییەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران و، دەستبەسەرداگرتنی پارەپووڵ و داخستنی کۆمپانیاکانی کاربەدەستانی ئەو ولاتە لە کەنداو و ولاتانی دیکە لەلایەن ئەمریکاوە، پلانی هێرشکردنە سەر ئێران لەلایەن ئیسرائیل و رۆژاڤاوە بەمەبەستی رووخاندنی ئەم رژێمە دژ بەمرۆڤایەتییە، رازینەبوونی یەکێتیی ئۆروپا بۆ هاتنی تورکیا بۆ نێو یەکێتیی ئۆروپا، دەنگۆی گۆڕینی جۆگرافیای سیاسیی نێوچەکە، کە بێگومان کوردستان و ولاتانی داگیرکەر دەکەونە نێو چەقی ئەو گۆڕانکارییانەوە، هەروەها، کێشەی کوردستان کە سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکی مۆدێرن و ئەنجامدانی هەموو شێوازێکی دڕندانە، بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، رژێمی تورکیای هەراسانکردووە و، ناچاریکردووە، کەشێکی وا لە نێوچەکەدا دروستبکات کە رۆژاڤا بەوێنەی شەڕی ئەفغانستان و عێراق، بەئامانجەکانی خۆی نەگات، بۆ ئەوەی رۆڵی تورکیا لەهەرێمەکە وەک خۆی بمێنێ، لەنێوخۆدا درێژە بەسیاسەتی نادیمۆکراسییانە و دژ بەئازادیی خۆیبدا و، لەپێوەندیی دەرەوەشیدا، وەک رابردوو، رۆژاوا دابدۆشێت. بۆ گەیشتن بەم مەبەستانەشی، دەستیداوەتە بزواندن و وروژاندنی هەستی ئاینیی موسڵمانانی تورکیا و ولاتانی موسڵمانی رۆژهەلاتی ناڤین و راکێشانی سۆزیان بەلای خۆیدا و، رێخستنی کاروانی پاپۆڕی یارمەتیی بۆ خەڵکی غەززە، هەروەها نێزیکبوونەوەی لە ئێران وسووریا، کە وەکو کارت و هەڕەشە لەبەرامبەر رۆژاڤادا بەکاریان بێنێت.

بێگومان ئەم مانۆڕەگەوجانەی تورکیا، لەداهاتووی نێزیکدا زیانی گەورەی پێدەگەیەنن. پەرەسەندنی بیری دەسەلاتدارێتیی ئیسلامیی،

شانبەشانی بەهێزبوونی بیری رەگەزپەرستیی لە تورکیا، شتێک نییە لەچاو رۆژاڤا شاراوەبێ و، لەوە ئاگادارن بەردەوامیی ئەم دۆخە، لەڕەوتی خۆیدا بەبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سووریا و رێکخراوەکانی دەستوپێوەندیان لە ناوچەکە، مەترسیی گەورە بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندیی رۆژاڤا لەهەرێمەکەدا دروستدەکەن. کاربەدەستانی تورکیا لەو راستییە تالە تێگەیشتوون کە سەردەمی **"چەرخی هەنگوین"** ی لەگەڵ رۆژاڤا، پێیناوەتە دواساڵەکانی کۆتاییەوە و، تۆفانی گۆڕان لەداهاتووی نێزیکدا چوارچێوەی سنوور و شۆرە و قەڵای لەرزۆکی هەڵدەتەکێنێت.

لەهەلومەرجی ئێستادا، ئەرکی مێژووی ونەتەوەیی سەرۆکایەتیی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد ئەوەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم یەکگرتووی و راپەڕینە مەزن و کۆموێنەیەی کە لە باکووری کوردستاندا هەیە، کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیاوە بهێنێتەدەرەوە و، بیکەن بەپرس و کێشەیەکی نێونەتەوەیی. گەڕێکی دیپلۆماسی دەستپێبکرێ و، داوا لە وڵاتانی دیمۆکرات و پەرلەمانی ئۆروپا و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، سەرپەرشتی و چاودێریی رفراندۆمێکی سەرتاسەریی بکات لەکوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ پاش **90** ساڵ کۆیلەتی و بندەستیی، لەئازادی و سەربەستیی تەواو و بەبێترس، چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاریبکات. جەختکردن لەسەر جێبەجێکردنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلان و، درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان، دەبێ بکرێت بە داخوازیی گشتیی گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان.

لەم پێوەندەدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە تاکو ئەوڕۆ وەک پێویست ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان لەبەشەکانی دیکەدا ئەنجامنەداوە، چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەکرێت

لەمەبەدواوە بەرپرسیاریێتی و ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ بێنێ. پێوەندییەکانی سیاسی و ئابووریی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دنیای ئازاددا بخاتەخزمەتی خۆشکردنی زەوینەی ئەنجامدانی رفراندۆمێکی ئازاد لە باکووری کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش، پێشوەخت بەپرسوراوێژ و رەزامەندیی سەرۆکایەتیی باکوور، بابەتە لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکرات بهێننەگۆڕێ و، داوا لە کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی بکەن، بۆ کۆتاییهێنان بەخوێنڕشتن وماڵوێرانی و، سازکردنی کەشێکی ئازاد و دیمۆکرات لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، رۆڵی خۆیان بگێڕن.

**لەکۆتاییدا، سەرکردەیەتی بزاڤی گەلەکەمان لەباکوور (لەچیا و لە شارەکان)، بەرەورووی تاقیکردنەوەیەکی گەورەی مێژوویی بووەتەوە. تێکشکانی پیلانی ئەم جارەی سیاسی و سەربازیی رژێمی تورکیا و ئێران، خەباتی گەلی کورد بەتێکرا دەخاتە قۆناخێکی تازەی هۆمێدبەخشەوە. باکووری کوردستان لە گەلێک لایەنەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و، رزگاربوونی باکووری کوردستان بەمانای رزگاریی هەموو کوردستانە. رۆژانی گەورەی مێژوویی و چارەنووسساز لە رۆژهەڵاتی ناڤین بەڕێوەن. پێویستە کورد، لەژێر چەترێکی هاوبەشی نەتەوەییدا، بە ئامانج و ستراتیژی نەتەوەییەوە بەرەو پیری گۆڕانکارییەکان بچێت.**

# له یادی 22 ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و، کارەساتی ئەنفالدا، کورد، شایی و لۆغان و رەشبەڵەک، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراق دەگێڕێت!؟

گۆڤاری کۆنگره ژماره (52)
مانگی نەورۆز (March)ی 2010

**بیستودووساڵ** ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی عێراقەوە تێپەربوو. ئەورۆکە لە بارودۆخێکدا یادی هەڵەبجە دەکەینەوە، کە دەنگوباسی گەندەڵی و دزیکردن و پاوانخوازی و تاڵانکردنی داهات و بووجەی جەماوەری رەشوڕووت و ئەنفالليێدراوی کورد، لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، سنوورەکانی کوردستانیان تێپەڕکردووە.

پاش بیستودووسال ساڵ، یادی هەڵەبجە لە بارودۆخێکدا دەکەینەوە، کە عەرەبی سوننە و شیعە لەم عێراقە نوێیەی کە بەشەونخوونی و ماندووبوونی لەرادەبەدری (پارتی و یەکێتیی) سازکرایەوە، لە شوێنەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقدا، چاودێرانی کورد بەزۆر دەردەکەن و، دەنگەکانی کورد دەسووتێنن و، ئاڵای کوردستان دێننەخوارەوە و، لە کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان، پیلان لەدژی کورد و داخوازییەکانی دەگێڕن.

ئەگەر سەرکردەکانی کورد خاوەنی هەست و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی بوایەتن، ئەوکات کە هەرێمی کوردستان کەوتە ژێرچاوەدێریکردنی راستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە و،

"**هەرێمی ئاسایش**" دانرا، دەیانتوانی حکوومەت و پەرلەمانێک دامەزرێنن کەبەدەنگدانی جەماوەری باشووری کوردستان هاتبێتەسەرکار. لەشکر و بووجەی کوردستان و ئاسایش و پەروەردە و ..هتد، یان لەدەست حیزب دەهێنایەدەرەوە و، دەیانخستە خزمەتی حکوومەتەوە، ئەوجا، زۆر بەهاسانیی دەیانتوانی کێشەی لەمێژینەی کورد و **پرسی هەڵەبجە و ئەنفال،** بەرنە نێو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، داوای راپرسییەکی گشتیی بکەن، کە لەژێر چاودێریی **UN** ئەنجامبدرێ، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ئازادی و سەربەستیی تەواودا، دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات. ئەمە نەک کارێکی گران و دژوار نەبوو، بەڵکو هەموو ئەو نەتەوانەی کە بەوێنەی کورد کارەساتیان بەسەرهاتبوو، سوودیان لە دۆخ و هەلی سیاسیی گونجاو وەرگرت و، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. بەڵام سەرکردەکانی پارتی و یەکێتیی، لەپاش رووخانی سەددام، لەپێناو پلەوپارە، ئەو هەلە گەورەیان لەکیس کورددا و، ئێستێ دەبێ لە بەغداوە چاوەڕوانی ئەوە لە عەرەبەکان بکەین، رێز لەیاسا بگرن و، هەستی مرۆڤی و ویژدانیان بجووڵێ و، وەک رابوردوو، غەدرمان لێنەکەن.

داننانی سەرزارەکیی ژمارەیەک عەرەبی دەسەلاتداری عێراقی، بە قڕکردنی هەڵەبجە و ناسینی وەک جینۆساید، بۆ ئەوەیە دەوڵەتی عێراق، بەبەخشینی هێندێک یارمەتیی دارایی بە کورد، دەرگەی ئەو کێشەیە لەچاو دنیای دەرەوە و، نێوخۆدا دابخا و، رایبگەیەنێت کە پرسی هەڵەبجە کۆتاییهاتووە و، زیانلێکەوتوانی قەرەبوو کراونەتەوە. ئێدی ناوی ئێران و پارتی و یەکێتی کە رۆڵیان لە ئەنجامدانی تاوانەکە هەبوو، هەروەها ناوی ئەو دەوڵەت و کۆمپانیا بیانییانەی کە لەسازکردنی چەکی کۆمەڵکوژدا یارمەتیی رژێمی سەددامی گۆڕبەگۆڕیاندا، هەرهەمووی دەکرێت بەژێر خۆڵی بینای کۆشکوتەلار و **شاری خەونەکانی** سەرکردەکانی باشوورەوە و، کورد بەوە دڵخۆشدەکەن، کە بڕەپارەیەکیان لە حکوومەتی عێراقەوە بڕیوەتەوە بۆ هەڵەبجە و، لەباتی ئەم سەرکەوتنەگەورەیەش بۆ کورد

دەستیانخستووە، دەبێ بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان و بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجە، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەرۆژنامەکانەوە سوپاسیان لێبکەن!!

**جێی داخێکی گەورەیە، پاش 22 ساڵ، شاهیدی شایی ولۆغان و رەشبەڵەکگێرانی حیزبەکانین، بەبۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقەوە. حیزب و پارتە سیاسییەکان، هەر بەرە و لایەنێکیان، لە دهۆڵی سەرکەوتن دەدا و، لایەنەکەی دیکەی کورد بە ژێرکەوتوو ناودەبات، بەڵام لەڕاستیدا، ئەوە شایی وهەڵپەرکێی ژێردەستییە و، گەلێکی بندەستی نیشتمانداگیرکراو، هەرهەمووی بندەست و ژێرکەوتووە.**

چارەسەریی ئەم قورِبەسەری و دۆخە شڵەژاوەی کە لەسایی حیزبپەرستی و دەستەودەستەگەریتی و بیروباوەڕی نانەتەوەییەوە بەسەر گۆڕەپانی خەباتی رزگاری نیشتمانیی کورددا داسەپاوە، تەنیا بەدەستی کورد خۆی و، لە ئەنجامی گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە هزرو تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەییدایە، کە دەیخاتە سەر ڕێبازی راستینە و گەیشتن بە سەرفرازی و بەختەوەریی. ئەمەش بێگومان، ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤی و مێژوویی هەموو کوردێکی خاوەنویژدان و بەرۆمەت و پاگژ و خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەییە، کە بەبێ ماندووبوون بۆ هۆشیارکردنی نەتەوەکەی لەڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە تێبکۆشێ و، بەڕاشکاوی و بەبێترس، بانگی ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەهەموو کوردستان و جیهاندا بڵاوبکاتەوە.

***لەساڵڕۆژی 22 ساڵەی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا، هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!***

***هەر شەکاوەبێت، ئالای بەرز و پیرۆزی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!***

# سەدەیەک جینۆسایدی بەردەوام و چارەنووسی بزووتنەوەی باکووری کوردستان لەسایی رێبەریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا!

لەگۆڤاری کۆنگرە ژمارە (53) و ماڵپەڕی کۆنگرە وچەندین ماڵپەڕی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە

**مانگی بەفرانباری 2010**

**مەحموود ئەسعەدبەگ وەزیری دادی تورک(1*) :**

**بڕوا و تیۆری من ئەمەیە: "با دۆست و دوژمن، تەنانەت با چیاکانیش بزانن کە تورک سەرداری ئەم وڵاتەیە و، ئەوەی لە خوێن و رەگەزدا تورک نەبێ، لەمافێک زیاتر هیچی تری نییە، ئەویش ئەوەیە، دەبێ نۆکەر و کۆیلەی تورک بێت. ئێمە لەوڵاتێکداین، لەهەموو دنیا زیاتر ئازادیی تێدایە، ئێرە تورکیایە! هیچ دەرفەتێک لەمە زیاتر و گەورەتر بۆ ناتورک روونادات. دەبینن من سۆز و هەستی خۆم لەکەس ناشارمەوە، با نوێنەرەکانتان هەر بیروڕایەکیان هەیە بێن دەریببڕن!".**

**پاش کۆتاییهاتنی "پەیمانی لۆزان"** لەساڵی **1923**و، دڵنیابوونی کاربەدەستانی رژێمی تازەدامەزراوی تورکیا بەسەرۆکایەتیی **مستەفا کەمال (ئەتاتورک)،** سەبارەت بەپشتگوێخستنی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە، کە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیان لەنێوان پێنج رژێمی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیدا دابەشکرد، مستەفا کەمال و داورودەستەکەی بەمەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەلاتی سیاسییان بەسەر

سنوورەکانی تورکیا کە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی پێبڕابوو، بناخەی سیستەمێکی سیاسیی رەگەزپەرستانەیان بەئیدۆلۆژیی تورکچێتییەوە دارشت، کەبەپێی ئەوە، نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ناتورکی دیکە دەبوو لەنێو ئەو جوگرافیا سیاسییە نوێیەدا بتوێنەوە کەنێوی تورکیای لێنرابوو.

لەوساتەوە حکوومەتەکانی یەک لەدواییەکی تورکیا، بەپێڕەویکردنی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی مستەفا کەمال، سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی کوردیان بەڕێوەبردووە. قوڵاچۆسامناکەکانی پاش سەرکوتکردنی **شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئێحساننووری پاشا و سەیدڕەزا دەرسیم لە ساڵەکانی 1925** بۆ **1938** کە بەهۆیانەوە پتر لەملیۆنونیوێک کورد تێداچوون و، سەدانهەزاری دیکەش لەزێدونیشتمانی خۆیان دوورخرانەوە، پاشان بەکارهێنانی جێنۆسایدی کولتووری و ئابووری و مێژووی و شاڵاوی گرتن و شکەنجە و تیرۆر و تۆقاندن، تاکو ئەمڕۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەی زایندا دەژین، بەرامبەر نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی، پێڕەوکراون و دەکرێن.

لێ، سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە لەلایەن تورکیاوە، نەک هەر نەتەوەی کورد لەنێو رەگەزی تورکدا نەتوایەوە، بەڵکو ئەورۆکە بزاڤێکی بەرفرە و مەزن و بێوێنەی جەماوەریی لەسەرتاسەریی باکووری کوردستان سەریهەڵداوە. شار و شارۆچکە  و گوندەکانی کوردستان، هەروەها ئەو شار و مەڵبەندانەی تورکیا کە بەهۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەردەمەجیاجیاکاندا کوردیان لێ نیشتەجێکراوە، بەتێکڕا بوونەتە گۆڕەپانی بزاڤ و خۆپیشاندانی جەماوەریی لەدژی رژێم و سوپا و داودەزگەی سەرکوتکەری تورکیا. هەست و بیری یەکبوون و یەکێتی و هاوچارەنووسی و بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەم بەشەی نیشتمانەکەماندا لەپەرەسەندنی بەردەوامدایە و، رۆژ لەگەڵ رۆژ

داخوازییەکانی جەماوەری کورد، زیاتر نێوەرۆک و چەمکی نەتەوەیی وەردەگرێت.

ئاشکرایە، چاوکانیی پەرەسەندنی ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە، دەگەڕێتەوە بۆ خەبات و چالاکیی بەردەوامی **پارتی کرێکارانی کوردستان،** کە بەهەڵگیرسانی شەڕی چەکداریی لەدژی رژێمی داگیرکەری تورک لەساڵی **1984**دا، بەرە بەرە جەوی ترس و شەوەزەنگ و رەشەکوژی و تۆقاندنی شکاند، کە رژێمی تورک و سوپادڕندەکەی دەیان ساڵ بوو بەسەر باکووری کوردستاندا سەپاندبوویان. شانبەشانی ئەمەش، دامەزراندنی بنکە و کۆڕوکۆمەڵەی فەرهەنگی و مرۆڤی و رۆشنبیریی لەدەرەوە و لەنێوخۆی وڵات و سازکردنی رێکخستنی حیزبی لەنێو چین و توێژەکانی جەماوەر، هەروەها کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی **"Med Tv"** کە شۆرشێکی فەرهەنگی و رۆشنبیریی کوردیی لەسەرتاسەری کوردستان پێکهێنا، زەوینەی خۆشکرد کە چینی تێکنۆکرات و خوێندکار و رۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد بەگشتی، لەشارەکانی باکووری کوردستان و لەتورکیا، زات بدەنەبەرخۆیان و، راستەوخۆ بەشداری لەچالاکی و خەباتی حیزبی و مرۆڤی و رۆشنبیریی کوردیدا بکەن. ئەمەش لەڕەوتی خۆیدا بوو بەهۆی خولقاندنی ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ کە کۆمەڵانی خەڵک لەشار و لەدێ، بەئاشکرا و بەبێترس و سڵکردن، داوای مافی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دەکەن. لەبەر ئەوە شانازیی پێکهێنانی ئەم دۆخە گەشە سیاسییە، بۆ **پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی (رێزدار عەبدوڵلا ئۆجەلان)** دەگەڕێتەوە و، وەک لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان و، بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان لە باکووردا تۆماردەکرێت.

**ئەمساڵ (2010ی زاینی)، خەباتی نوێی رزگاریخوازیی گەلی کورد کە بەشۆرشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینییەوە دەستپێکرا، سەدوبیست و**

**پێنج ساڵی تێپەڕکرد.** بەدرێژایی ئەم مێژووە پڕکارەساتەی کورد، دەیان ڕاپەڕینی گەورە و بچووک لە کوردستان بەرپاکراون. چەندین جاریش کورد توانیویەتی سەرکەوتنی سیاسی و سەربازیی بەشێوەیەکی کاتی دەستخات، بەڵام بەدرێژایی ئەم سەدوبیستوپێنج ساڵە و پێش ئەوەش، بەربەرەکانێکردنی گەلی کورد، هیچکاتێک بۆماوەی 26 ساڵ نەیتوانیوە لەدژی داگیرکەرێکی خوێنڕێژی درێژە بکێشێت. لەهیچ کات و سەردەمێکیشدا گەلی کورد نەیتوانیوە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیدا، بەوێنەی ئەمڕۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆی بپارێزێت، کە ئەمە جێی دڵخۆشی و سەربەرزییە، هاوکات سەرۆکایەتیی باکووری کوردستان کە خەباتی گەلەکەی سەرپەرشتیدەکات، لەهەرکات و سەردەمێکی دیکە پێویستە هەست بەمەترسیی زیاتر بکا و، هۆشیاربێت کە رژێمی داگیرکەری تورک و هاوپەیمان و هاوبەرژەوەندەکانی لەنێوچەکە، نەتوانن لەڕێگەی پیلانگێڕیی بەردەوامیانەوە، ئەم بزووتنەوە مێژووییەی کورد تووشی شکست بکەن و، نەهێڵن کورد کۆتوزنجیری کۆیلەتی بپسێنێت، کە لەپەیمانی لۆزانەوە تاکو ئەمڕۆ لەملودەستوپێی ئالاوە.

پاش نووسینی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە سەبارەت بە خزمەتی گەورە و مێژوویی پارتی کرێکارانی کوردستان لەزیندووکردنەوەی هەستی کوردایەتی لەباکووری کوردستان، لێ کەمایەسییەکی گەورە کە لەرامیاریی پێ کێ کێ دا بەدیدەکرێت ئەوەیە، ئەم پارتە خاوەنی ستراتیژ و بەرنامەیەکی ڕۆنی نەتەوەیی و کوردستانیی، نییە! لەباتی بەرزکردنی درۆشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد وەک داوایەکی رەوا و یاسایی، رۆژێک باس لە پرۆژەی سازکردنی فدراسیۆنی رۆژهەڵاتی ناڤینی ئازاد و دیمۆکرات دەکا. رۆژێک باسی دیمۆکراتی لەتورکیا دەهێنێتەگۆڕێ و، داوای زیندووکردنەوەی بەندەکانی پەیمانی لۆزان دەکا

و، سازبوونی حکوومەتی کوردی لەباشووری کوردستان بەمەترسی بۆسەر یەکێتیی خاکی تورکیا و پشێوی لەناوچەکە ناودەبا، رۆژێکیش داوا لە پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی دەکا، کە لەگەڵ **"چەپی تورک"** دا یەکبگرێت!؟ ئەورۆکەش باس لەدامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانیی دەکات. هاوکات لەزمانی "پژاک" و، بەناوی "پژاک" (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) ەوە، داوای ئاگربڕ و کردنەوەی گوتوبێژ لەگەڵ دڕندەترین وپاشکەوتووترین رژێمی سەردەم - کۆماری مرۆڤخۆر و دوژمن بەکوردی ئیسلامیی ئێران دەکات.

ئەم هەڵوێست و روانگە لەیەکنەچووانەی سەرۆکایەتیی پێ کێ کێ، کە لەزمانی **رێزدار عەبدوڵلا ئۆجەلان،** یان باشترە بڵێین بەنێوی ئەوەوە بڵاودەکرێنەوە، لای شارەزایانی سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد و دنیای دەرەوە، ئەم پرسیارەی دروستکردووە کە بەڕاستی **پێ کێ کێ** لەکام روانگە و ئیدۆلۆژی سیاسی ولەپێناو چ ئامانجێکی سیاسیدا شەڕی رژێمی تورکیا دەکا و، ئاکامی ئەم بزووتنەوەیە بەرەوکوێ دەبات؟

**پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی** بەسەرۆکایەتیی **رێزدار ئەحمەد تورک و ئامینە ئایدال و لەیلازانا و ئۆسمان بایدەمیر** و بەگشتی ئەو کەسانەی کە سەرۆکایەتیی بزاڤی جەماوەریی کورد لەنێوخۆی باکووری کوردستان دەکەن، تاکو ئێستا بۆ راگرتنی یەکێتیی ریزەکانی گەلەکەیان پشتگیریی ئەم هەڵوێستە لەیەکنەچووانەیان کردووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە، زۆر ناخایەنێت، نەبوونی ستراتیژ و پلاتفۆرمێکی نەگۆڕی نەتەوەیی کە کۆمەڵانی گەلی کورد لەدەروی درۆشم و بەرنامەیەکی رۆشن و دیاریکراودا کۆبکاتەوە، گەل و سەرۆکایەتییەکەی تووشی سەرلێشێواویی سیاسیی دەکا و، ئەوەی لەونێوەدا سوودی لێدەبینێ، رژێمی داگیرکەری تورکیایە، کە ساڵانێکە

لەهەلێک دەگەڕێ ئەم خەباتەمەزن و یەکڕیزییە تاکهەڵکەوتووەی باکووری کوردستان لەنێوبەرێت.

**ماوەیەکی نادیارە، کۆبوونەوە و دیداری نهێنیی لەنێوان رژێمی تورک و نوێنەرانی پ.ک.ک دا دەستپێکردووە.** دەسەڵاتی نوێنەرەکانی هەردوولا و ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان لەچ ئاستێکدان؟ ئەوە جارێ کەس نایزانێت! پ.ک.ک و سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکوور، ئەگەرچی لەوتە و نووسیندا وای پیشاندەدەن کە لەکاری سیاسی و دیپلۆماسیدا لەهەموو پارتی و رێکخراوەکانی پێشوو و ئێستای کوردستان کارامە و شارەزاترێکن، لێ، ئێمە لەکردەوەدا هیچ جیاوازییەک نابینین. نەتەوەی کورد دەیان ئەزموونی تاڵ و دڵتەزێنی لەشانۆگەریی **"مذاکرات" و "مفاوضات"** ی نێوان داگیرکەران و لایەنەکانی کوردیدا هەیە، کە لەهەموویاندا کورد تووشی شکان و کارەسات بووە. بۆنموونە وتووێژەکانی نێوان کورد و تورک لەسەرەتای دروستبوونی تورکیای تازە و، دوای رووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، وتووێژەکانی دەیان جارەی نێوان سەرۆکایەتیی باشووری کوردستان و رژێمەکانی عێراق، وتووێژەکانی نێوان رژێمی حەمەڕەزاشا و کۆماری کوردستان و، دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوردی رۆژهەلات، بەتایبەتیی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەهەرهەموویاندا دەوڵەتانی داگیرکەر ئەگەر نەیانتوانیبێ لەڕێگەی شەڕەوە بزووتنەوەی کورد دامرکێنن، پەنایان بردووەتە بەر شانۆگەریی وتووێژ لەگەڵ کورد و بۆماوەیەک بەدانی وادەوبەڵێنی درۆ، زەوینەیان خۆشکردووە بۆ تێکدانی چوارچێوەی بزووتنەوەکە و، جارێکی دی شەوەزەنگ ودیکتاتۆرییان بەسەر گەلی کورددا سەپاندووەتەوە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، تاکەی دەبێ سەرۆکایەتیی کورد نەتوانێت پاش دەیان ساڵ خەبات و قوربانی وماڵوێرانیی، کێشەی

نەتەوەکەی بکات بەکێشەیەکی نێونەتەوەیی. لەباتی کۆبوونەوەی نهێنیی لەگەڵ داگیرکەران کە بەداخەوە بەشانازیشەوە دەیگێڕنەوە، کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکرات وەک چاودێر و نێوبژیوان بکەن بەلایەنی سێیەمی گفتوگۆکان و، بەردەوام نەتەوەی کورد لەچۆنێتیی ئەنجامی وتوویژ و، ناوەرۆکی ئەو مادە و خاڵانەی باسیان لەسەر دەکرێن ئاگادار بکرێن، لەوڕیگەیەوە دنیای دەرەوەش لەناوەرۆکی کۆبوونەوەکان و، نیازپاکیی (حسن نیت) هەردوولا تێبگەن، بەوەش پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ کورد دروستبکەن.

**ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان زۆر باش لەم بابەتە تێگەیشتوون و، هەمیشە ویستوویانە وتوویژەکانیان لەگەڵ کورد بەنهێنی و، بەشاراوەیی بێت، بۆ ئەوەی نیازناپاکی و فرتوفێڵیان ئاشکرانەکرێ، هاوکات رێنەدەن لایەنی سێیەم بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان لەکۆبوونەوەکاندا بەشداربێت. ئەمەش زیانی گەورەی بەکێشەکەمان گەیاندووە و تاکو ئەمڕۆ، کێشەی کورد وەک کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە چاولێکراوە کە کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە.**

**لەئالیی دیکەوە، بیری دامەزراندنی سیستەمی سوسیالیزمی مۆدێرن و پێکهێنانی کۆنفیدرالی دیمۆکرات لەرۆژهەڵاتی ناڤین کەماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن سەرۆکایەتیی پی کی کی وە، بانگەوازی بۆ دەکرێت، لەگەڵ ئیدۆلۆژی و کولتووری رەگەزپەرستیی تورکیدا، چۆن لەگەڵ یەکدیی دەگونجێن، کە بتوانن لەچوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی هاوبەشدا پێکەوە بژین و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەکیەک ببەن بەڕێوە؟! ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە، بێگومان بۆ نەبوونی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی و، بۆ ئەو سەرلێشێواوییە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە لەهەموو بەشەکاندا سەرتاخواری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی داگیرکردووە.**

**پێ کێ کێ و سەرۆکایەتیی باکووری کوردستان، لەنێوان "سێ ڕێیانی" سیاسەتی پێکەوەژیان لەگەڵ تورک و، درێژەدان بەبیروباوەڕی چەپ و دژایەتیکردنی دنیای ئیمپریالیستی و، بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، دەبێ یەکیان هەڵبژێرێت. بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانرێ بەپێی بارودۆخی کات ورۆژ جێگۆڕکێ بەم سێ هەڵوێستە جیاواز لەیەکە بکرێت. پشتیوانیی گەرموگوڕی نەتەوەی کورد لە پێ کێ کێ بەهۆی ڕەوایەتیی ئیدۆلۆژی و جیهانبینینی سیاسییەوە نییە، بەڵکو ئامانج و داخوازیی نەتەوەیەکی کۆیلە و بندەستە کە ساڵانێکی زۆرە بەدوای ئازادی و ڕزگاریی خۆیدا وێڵە و، متمانەی بەهەر سەرۆکێکی کورد کردووە کە وشەی ئازادی و ڕزگاربوونی بەگوێیدا داوە.**

ئێمە ئەم ڕوانینە هەڵەیەمان پێشتر و ئێستاش لەوتە و ڕوانگەی سەرۆکایەتیی حیزب و ڕێکخراوەی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بینیوە، کە بوون بەئەندام و بوون بەپێشمەرگەی هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەمۆسڵمان و کۆمۆنیست و جۆتکار و مامۆستا و خوێندەوار و دەوڵەمەند و دیمۆکرات و ئاینەکانی دیکە و ... هتد، لەحیزب و ڕێکخراوەی دڵخوازی خۆیاندا، بەنیشانەی ڕاستوڕەوابوونی سیاسەتی حیزبەکانیان داوەتەقەڵەم، لەکاتێکدا بەشداربوونی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەخەباتی سیاسی وحیزبیدا، ئەم ڕاستینەیە بەزەقی ئاشکرادەکات کە تێکڕای نەتەوەی کورد سەر بەهەر چین و توێژێک بێت، حەز بە ژێردەستی ناکا و، خوازیاری ئازادییە. ئەمەش مانای وایە ئەم گەلە لەم بارودۆخەی ئێستادا پێویستی بە سازییەکی گشتی و نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت وەک بەرەیەکی هاوبەش، هێزوتوانای تێکڕای گەلەکەی بخاتە خزمەتی پڕۆژەی ڕزگاریی نیشتمانییەوە. ڕاپەڕینی جەماوەریی باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، هەروەها ڕۆژاڤای کوردستان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی تێرۆری شەهیدی

ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان دوکتۆر مەعشووق غەزنەویی لەدژی داودەزگەی سەرکوتی ڕژێمی داگیرکەری سووریا ڕابوون، نموونەی بەهێزن بۆ زانینی ئەم ڕاستییە.

هەموو ئەو نەتەوانەی کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی، خاکەکەیان لەلایەن هێزی دەرەکی و زۆردارانی سەردەمەوە داگیرکراوە، تێکۆشیون و نیشتمانەکەیان لەدەستی داگیرکەر ڕزگارکردووە. خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلان بەتایبەتیی پاش سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانیی لەدووسەدەی ڕابردوودا، بەپانتایی هەموو کیشوەرەکانی جیهان گەیشتە لووتکە و، دەیان نەتەوە لەسەرتاسەری جیهان، دوای دەرکردنی هێزەکانی داگیرکەر، بەسەربەخۆیی گەیشتن. ئەم دیاردەیە، بێگومان نەتەوەیەکی بندەستی وەک نەتەوەی کوردیش دەگرێتەوە کە لەپاش کۆتایی جەنگی دنیاگری یەکەم، بەزۆرەملێ و بێپرسوڕاکردن پێی، لەنێوان پێنج ڕژێمی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیدا دابەشکرا و، بەپێی نەخشەیەکی ڕەگەزپەرستانە کەوتنە جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەڕووی ڕەگەزی و ئابووری و زمان و کولتووری و کانزا و سامانی کوردەواری و ئاسەواری مێژوویی کوردستانەوە. ئەمەش مانای وایە **هەوێن و دینەمۆی هەموو بزاڤ و ڕاپەڕینێکی نەتەوەی کورد لەکۆن و ئێستادا بۆ مەبەستی ڕزگاربوون بووە لەبندەستی وکۆیلەتییەک کە بەسەریدا سەپێندراوە. ناکۆکیی سەرەکیی لەکوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە و، ئەم ناکۆکییەش بەداتاشینی ئیدۆلۆژی و بیرۆکەی چەوت و نانەتەوەییانە، نەیتوانیوە و ناتوانێت ئەم ڕاستینەمێژوویی و ڕەوایە لە ناوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.**

**قۆناخی ئێستای خەبات لە کوردستان، قۆناخی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییە و، ئەم قۆناخەش لەڕۆژی دابەشکردنی کوردستانەوە دەستپێکردووە و، بەدەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان و دامەزراندنی**

**دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کۆتایی دێت. ئەگەر لەم روانگەوپرنسیپەوە بڕوانینە پێڕەوپڕۆگرام و خەباتی زۆرینەی پارتی و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، دەتوانین بەڕاشکاوییەوە بڵێین: "نەک هەر خەبات و ئامانجیان لەخزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی کورددا نەبووە، بەڵکو زیانی گەورەشیان لە یەکێتیی نەتەوەیی و بیری رزگاری و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان داوە".**

**بەڕەسمی** ناساندنی سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، هێنانەخوارەوەی داخوازیی گەلی کورد لەسەربەخۆییەوە بۆ مافی کولتووری و هێندێک دەسەلآتی بەرتەسکی نێوخۆیی، بەستنەوەی خەباتی نەتەوەی کورد بەچوارچێوەی سنووری وڵاتانی داگیرکەرەوە و، کردنی کێشەی کورد بەکێشەی نێوخۆیی وڵاتانی داگیرکەر، سواڵکەریکردن و پشتبەستن بەداگیرکەری لایەکی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕ و تەقەکردن لەهێزی داگیرکەری بەشێکی دی بەبێ هیچ پلان و ستراتیژی سیاسی و چەکداریی. حیزبپەرستی و پاوانخوازی و هاندانی ئەندام وپێشمەرگە لەدژی یەکدی، سازکردنی شەڕی نێوخۆیی و بەکوشتدانی هەزاران رۆلەی کورد بەدەستی یەک و، یەکتری راونان لەدەشت وچیاوگوندەکانی کوردستان بەناوی "شەڕی چینایەتیی!!"، پیلانگێڕیی لەدژی هاوڕێ و هاوسەنگەری حیزبی و، پەنابردنە بەر سازکردنی دەستەودەستەگەرێتیی و پرۆپاگەندەی ژەهراوی لەدژی یەک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلآتی حیزبی کە تاکو ئەوڕۆ بەردەوامە. سەرباری ئەمانەش دژایەتیکردنی بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەبیانووی داتاشراو و ناقۆڵا و نابەجێوە، بەتێکڕا خەباتی نەتەوەی کوردیان لەهێڵی راستینەی خۆی کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بووە، لاداوە. ئەوەش گەلێک ماڵوێرانی و نەهامەتی و قوربانیدانی بێئەنجامی

لێکەوتووەتەوە و، پاش تێپەڕبوونی سەدوسی ساڵێک خەبات و قوربانیدانی لەژمارەنەهاتوو، هێشتا لەهیچ لایەکەوە ئاسۆیەکی روونمان لێ دیارنییە.

حیزب و پارتی و رێکخراوەکانی کوردستان جگە لەوەی کە ماوەی شەستوپێنج ساڵێکە **(لەپاش کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەواقازی)،** لەرێبازی نەتەوەیی لایانداوە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە هیچیان لەسەر بناخەیەکی بابەتانە و زانستی و، بەپێی هەڵسەنگاندنی دروست لەبارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتیی کوردستان دانەمەزراون و، لەڕاستیدا سەرچاوەی قەیرانی نێوخۆیی حیزبەکان هەر بۆ ئەم دوو دیاردەیە دەگەڕێتەوە.

**حیزب و رێکخراوە سازکردن، پێویستی بەبوونی وڵاتێکی ئازاد و بەکەشێکی ئازادی سیاسی و دیمۆکراسی هەیە ،پێویستی بەوڵاتێکی ئازاد و دیمۆکرات هەیە کە لەیاسایدا، مافی دروستکردنی حیزب و کۆمەڵە و سەندیکای سەر بە رەگەز و چین و روانگەی جیاواز، پارێزراوبێ. ئەمەش مانای وایە لەدروستکردنی حیزبدا دوو مەرجی سەرەکیی پێویستن:**

**یەکەمیان، هەموو ئەو حیزب و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ناڕامیارییانەی کە لەوڵاتێکدا پێکدێن، پێویستیان بە کەشێکی ئازاد و دیمۆکرات هەیە کە بەپێی یاسا ئازادی سیاسی و چالاکییان دەستەبەرکرابێ و، بتوانن لەرێگەی میدیای سەر بەحکوومەت ومیدیای ئازادی دیکەوە، لەوبووجە و مووچەی کە لە حکوومەتەوە وەریدەگرن، پرۆپاگەندە بۆ روانگە و ئامانجەکانی خۆیان بکەن و، هیچ بەربەست و ئاستەنگێک لەسەررێی چالاکی سیاسی و پرۆپاگەندەکردن بۆ حیزبەکەیان نەبێت.**

**دووەم، پێویستە لەیاسادا هەموو ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و ئازادی رادەبڕین و سەربەستیی تەواو لەبڕیاردانی سیاسییدا رەچاوکرابێت، بۆ**

**ئەوەی هەرکەسێک لەماڵی خۆی لەڕێگەی میدیاوە، یان بەبەشداریکردنی لەسەمینار و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی وحیزبیدا، حیزب و ڕێکخراوە وسەندیکای دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت و دەگاتە باوەڕێکی وا کە بەرژەوەندیی ئابووریی لەڕێگەی فلانە حیزب و فیسارە سەندیکاوە دەستەبەردەکرێت. ئەوجا لەڕێگەی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمی شارەداری و پەرلەمانەوە، هەر حیزب و ڕێکخراوەیەک ڕێژە و قەبارە و گەورەیی و بچووکی خۆی تەنیا لەو خولەتایبەتییەدا بۆ دەرکەوێ. دەوڵەتی هەڵبژێردراو تاخولی داهاتوو کە ماوەکەی یاسا دیاریکردووە دەسەڵات بگرێتەدەست. پاش تەواوبوونی ماوەکەی سەرلەنوێ خەڵکی وڵاتەکە دیسان لەڕێگەی دەنگدانەوە، حیزب یان حیزبەکانی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرنەوە و،دەوڵەتی نوێ دامەرزێتەوە. ئەوجا پێکهاتەی دەولەتی نوێ بەپێچەوانەی خولی پێشوو دەبێ، یان نا! ئەوە لەڕێگەی دەنگدانی خەڵکەوە دیاریدەکرێت!**

**بەهۆی بەڕێوەنەچوونی ئەم مەرجە زانستی و بنەڕەتییانە سەبارەت بەچۆنێتیی سازکردنی حیزب و ڕێکخراوە لەکوردستاندا کە نەتەوەی کورد بندەستی کۆمەڵێک ڕژێمی نادیمۆکرات و دیکتاتۆر و دژ بەئازادییە، بۆچوونێکی ناڕاست و نازانستانەیە ئەگەر سەرۆکی حیزبێک، خۆی و حیزبەکەی، بەسەرۆک وپێشڕەوی نەتەوەکەی، یان بەسەرۆکی چین و توێژێکی تایبەتی نەتەوەکەی بزانێت و، ئەومافە بدات بەخۆی، چارەنووسی سیاسیی نەتەوەکەی دیاری بکات.**

بێگومان، تاکو ئەو ڕۆژەی نەتەوەی کورد بندەستی داگیرکەرانیەتی، ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، لەکوردستاندا دابینیان بکەین. حیزبحیزبێنە و سازکردنی پارت و حیزبی تازەش هێندەی دیکە پرسی کورد ئاڵۆزتر دەکا.

تاکەڕیگەیەک کە بتوانێت لەڕوانگەی زانستی و نەتەوەیی و مێژووییەوە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەی لەمێژینەی نەتەوەی کوردبکات، ئەوەیە ناوەندێکی کوردستانیی بەهێز دابمەزرێندرێ و، هەموو ئەو پارت و رێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاری و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و، نوێنەری هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان کە باوەڕیان بەسەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، تێیدا بەشداربن. سەرپەرشتیی لەشکری رزگاریخوازی کوردستان و راگەیاندن و رێکخستنی جەماوەری و خەباتی دیپلۆماسی و... هتد بگرێتەئەستۆی و، تێبکۆشێت، بۆ سەرۆکایەتیکردنی پرسی کورد لەدەرەوە و لەنێوخۆی وڵات.

**بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مێژووییە، لەساڵی 1985 دا کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا – کە منیش یەکێکم لە ئەندامەکانی. دواتر لەساڵی 1995 کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان هاتەدامەزراندن. ئەم دوو سازییەنەتەوەییە، سەرەڕای هەموو هەوڵوچالاکی و دڵسۆزییەک کە پێشووتر وئێستا و لەداهاتوودا نواندوویانە و دەینوێنن، لێ پتر وەک حیزب کاریان کردووە و، هەریەکەیان بەهۆی هەڵەوکەموکورتیی جیاوازی تایبەت بەخۆیانەوە، نەیانتوانی و ناتوانن لەئاست ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەیەدابن کە لێیان چاوەڕواندەکرا (بەتەمام لەدەرفەتی گونجاودا، سەبارەت بەهۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئامانج و پرۆژەکانی ئەم دوو کۆنگرەیە بنووسم).** بۆیە ئەگەر بڕیاری دامەزراندنی ناوەندێکی نەتەوەیی دەدرێت، دەبێ لە هەڵەوکەموکورتی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم دوو ناوەندە بکۆڵدرێتەوە و، بناخەی ناوەندێکی کوردستانیی ئەوتۆ دابڕێژرێ کە لەنێوخۆی کوردستان پشتی پێببەسترێ و، لەئاستی نێونەتەوەییشدا وەک دەمڕاستی پرسی کورد حیسابی لەسەر بکرێت.

ئەو حیزب وپارت و ڕێکخراونەی کە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان دامەزراون و، پڕۆگرامی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵگرتووە، دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو وگرنگ لەپێکهێنانی ئەم دەزگە نەتەوەییەدا بگێڕن و، توانای مادی و ڕاگەیاندن و ژمارەی ئەندام و سەرکردەیەتییان تێکەڵ بەیەک بکەن بۆ پتەوکردنی بەردی بناخەی ئەم سازییە نەتەوەییە. بەڵام ئەگەر ئەمانیش هەر گیرۆدەی ناوناوبانگ و حیزبپەرستی و دەسەڵاتخوازیی بن، ئەوا لەداهاتوودا دەبن بە کۆمەڵێک سیاسەتکاری ناکۆک و ناتەبا و دژبەیەک، کە جیاوازییان لەگەڵ حیزبەکانی دی، تەنیا لەوەدادەبێ کە باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و، سەربەخۆیی کوردستانیان پێخۆشە، بەمەرجێک پلەوکورسیی سەرۆکایەتییان بپارێزری، کە ئەوەش بێگومان هیچ خزمەتێک بە کێشەی کورد ناگەیەنێت.

لەبەر زۆر هۆ وکێشەی نێوخۆیی کە حیزبەکانی کلاسیک و دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەخولقاندنیدا دەستی باڵایان هەیە، لەبارودۆخی ئێستادا دژوار و ئەستەمە دەزگەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دابمەزرێت. لەبەر ئەوە دەتوانرێت لەپێشدا لەهەر یەک لەبەشەکانی کوردستان بەدرۆشم و ئامانج و پرۆگرامی نەتەوەییەوە کۆنگرە، یان ناوەندی نەتەوەیی لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان سازبکرێت. هاوکات هەوڵبدرێ بۆ ڕێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمیکی هاوبەش لەنێوان حیزب و پارتەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان کە لەبەرامبەر پیلانی داگیرکەراندا یەکدیی بپارێزن و، بەبیری یەکبوون وهاوچارەنووسییەوە بەرەوڕووی ئەو کێشانە ببنەوە کە بەرەوڕووی هەر یەکێک لەبەشەکانی کوردستان دەبێتەوە. ستراتیژ و ئامانجی دواڕۆژیش، یەکخستنی خەباتی تێکڕای نەتەوەی کورد بۆ ڕزگارکردنی خاکی

سەرتاسەری کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی فیدەراڵی کوردستان بێت.

کورت وکرمانجیی، بەهۆی بیروباوەڕ و کولتووری رەگەزپەرستی و هەستی مەزنخوازیی نەتەوەکانی باندەستی کورد کە مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە، زەمانێکی زۆری دەوێت کە ئەو کولتوورە رەگەزپەرستانەیە گۆڕینی بەسەردا بێ و، بیری ئازادیخوازیی و یەکسانی و، کولتووری رێزگرتن لەنەتەوە و رەگەزی جیاواز جێی بگرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییەش لەبیرومێشکی نەتەوەکانی باندەستی کورد کە دیارنییە چ ساڵ و زەمان و سەدەیەک روودەدات، ئەرکی نەتەوەی بندەستی کورد نییە، بەڵکو ئەرکی رۆشنبیران و چینی خوێندەواری ئەو گەلانەیە کە لەباتی دژایەتیکردنی گەلی کورد و، خۆشکردنی ئاگری قەلاچۆکردنی گەلی کورد، بڕیاربدەن بۆ گۆڕینی سیستەمەکانی دیکتاتۆر و نامرۆڤانەیان. ئەگەرچی ئەوکاتیش نابێ گەلی کورد بەوە دڵخۆشبکرێت کە لەسایی حکوومەتێکی دیمۆکراتی داگیرکەردا، مافی کورد دابیندەکرێت. **چۆنکە ئێمە حکوومەتەکانی دیمۆکراتی ئیسرائیل و ئینگلیز و سپانیا دەبینین کە بەرامبەر داخوازیی فەلەستین و ئیرلەند و باسک، هەڵوێستیان چۆنە!** دروستکردنەوەی عێراقی نوێ لەلایەن سەرۆکایەتیی باشووری کوردستانەوە باشترین نموونەیە بۆ دڵنیابوونی ئەم راستییە، کە هەر لەیەکەم رۆژەوە دەسەلاتدارانی تازەی عێراق لە **غازی عەجیل عەلیاوەر (کۆنەزاواکەی پارتیمان!!) تاکو جەعفەری و مالکی،** دڵسۆزیی لەرادەبەر و پێوەندیی نازانستانە و ناسیاسییانەی کوردیان بەکارهێنا بۆ پتەوکردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی تازەی عێراقی عەرەبی، بێئەوی یەکێک لەو مافانە بەڕەسمی بناسن کە لە 2003 وە تاکو ئێستێ سەرۆکایەتیی کورد بەتکا و رجاوە داوای جێبەجێبوونیان دەکات!

لەبەر ئەوە بائیتر **"بەس بێ!"** و، لەباتی سەرقاڵکردنی کورد بەچارەسەریی لابەلا و چەوتەوە، با سەرۆکایەتیی کورد بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو، داوا لەنەتەوەی کورد بکات درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان هەڵبگرێ و، داوا لە کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و، وڵاتانی دیمۆکرات بکرێت با بێنە کوردستان و، سەرپەرشتیی راپرسییەکی گشتیی بکەن لەکوردستان، بۆ ئەوەی نەتەوی کورد بتوانێ، لەمێژووی پڕکارەسات و خوێناویی خۆیدا، جارێک بەبێ ترس، لەئازادیی تەواودا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. با لەمەبەدواوە، بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسی و رێزگرتن لەبیروڕا و داخوازیی راستینەی گەلی کورد، لەلایەن حیزبەکانییەوە پێڕەوبکرێت. **سەردەمی حیزبپەرستی و سەرۆکی تاقانە و حیزبی پێشرەوی فەرمانڕەوا کە تایبەت بوون بەکولتووری سیاسیی چەپی کلاسیکی ستالینیزم، بەسەرچووە و، ئەم کولتوورە نادیمۆکراتییە دەبێ لەوێژەی سیاسی و گۆڕەرپانی خەباتی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانیدا ریشەکێش بکرێت.** بەشداریکردنی راستەوخۆی هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان بەهەموو ئاین و ئاینزا و ئیدۆلۆژی و چین و توێژەجیاوازەکان لەژێر چەترێکی هاوبەشی کوردستانیدا کە دەنگ و رەنگی خۆیانی تێدا ببیننەوە، جگە لەوەی کە هێزوتواناى مەزن بە خەباتی نەتەوەی کورد دەبەخشێت، هاوکات هاوکاری و هاوخەباتیکردنی هەموو ئەو پێکهاتانە پێکەوە، تێکڕای دانیشتوانی کوردستان فێری پێکەوەژیانی هێمنانە و رێزلێنان لەبیروڕای جیاواز دەکا و، لەڕەوتی خۆیدا کولتووری سیاسی و دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازی و یەکسانیی لەنێو مێشکی تاک تاکی دانیشتوانی کوردستان بەئاین وئیدۆلۆژی و بیروڕای جیاوازەوە دەچێنێ و، ئەو حکوومەتە کوردستانییەی کە دوارۆژ لە کوردستان دادەمەزرێ،

حکوومەتێک دەبێت کە لەسەر بناخەی دادپەروەری و ئازادی و دیمۆکراسی و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ دادەنرێت.

**لێرەدا بەنووسینەوەی دووکۆپلە لەوتەکانی یەکێک لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی جوو بەناوی مەناخیم بێگن (2*)** کۆتایی بەنووسینەکەم دێنم. **مەناخیم بێگن**، پێداچوونەوەیەکی وردی لەسەر خەباتی جووەکان لەسەرزەویی فەلەستین، لەدژی سوپای ئینگلیز و عەرەبەکانی نیشتەجێی ئەو مەڵبەندە، لەسالانی نێوان **1942** بۆ **1948**ی سەدەی رابردوودا نووسیوە. جێکردنەوەی ئەم قسانەی **مەناخیم بێگن** لەم وتارەدا، بەمانای پشتیوانیکردن و دژایەتیکردن کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل نییە، چۆنکە ئەو کێشەیە نەلەرابردوو و، نەئیستا و، نەلە داهاتوودا هیچ پێوەندییەکی بەکورد و کێشەی رەوای کوردەوە نییە و، نایبێت، بەڵکو تەنیا بۆ زانینی ئەو راستییەیە کە سەرکردەی گەلێک **65** ساڵ بۆ **70** ساڵ پێش ئێستا بەوشێوەیە بیریان لەیەکێتیی گەلەکەیان و، سازکردنی دەوڵەت بۆ گەلەپەرشوبڵاوەکەیان کردووەتەوە و، ئەورۆ وڵاتەیەکەیان لەڕووی ئابووری و پیشەسازی و سەربازییەوە گەیاندووەتە ریزی پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان، ئەوجا با بەراوردیان بکەین لەگەڵ سەرکردەکانی کورد کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە یەکێتیی سنووری وڵاتانی داگیرکەر بپارێزن و، لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زایندا‌ین، هێشتا مەترسیی رووداني شەڕی نێوخۆیی دەکەین!

سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی وتەکانی مەناخیم بێگن رادەکێشم:

**"... ئەوەی ئازادیی دەوێ، نەفرەت لەکۆیلەتی دەکات... ئەوەی گەلەکەی خۆشدەوێت، رقی لەدوژمنی گەلەکەیەتی. ئەوەی نیشتمانپەروەرە، رقی لەهەموو**

زروزۆڵەکێکی نێو نیشتمانەکەیەتی. لەبەرامبەر پیلانەکانی کاربەدەستانی ئینگلیز وگوشاری سوپای ئینگلیز و سیخوڕەکانی بۆ سەرمان، چەند هۆیەک هەبوون دەبوونە بەربەست کە شەڕی نێوخۆیی لەنێوماندا روونەدەن:

یەکەم – ئێمە هیچکاتێک لەحیزبەکەماندا، حیزبی (ئەرەگۆن زڤای لیۆمی)، ئەندامان و لایەنگرانمان بەوە گۆش نەکرد کە دژایەتی حیزبەکانی دیکەی جوو بکەن. چۆنکە ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەتهاوێژێتە سەر کەڵەکەی شەڕی براکوژیی.

دووەم – هۆیەکی دیکەی هەڵگیرسانی "شەڕی براکوژیی"، نیازی چوونەسەر تەختی دەسەلاتە. ئێمە هیچکاتێک بۆ ئەوە نەجەنگاین کە دواڕۆژ دەسەلات بگرینەدەست. ئێمە تەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەجەنگاین. ئێمە شۆرشمان کرد بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەمان، نەک بۆ حوکمکردنیان!! هاندەرمان بۆ خەبات بیروباوەڕەکەمان بوو. تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕەکەشمان پێویستی بەخوێنی خۆشمان بوایە، درێخیمان نەدەکرد و، ئامادەبووین لەپێناو ئامانجماندا بکوژرێین، بەڵام دواڕۆژ کێ حوکمی ئەو دەوڵەتەدەکات کە ئێمە رەنجمان بۆداوە و، قوربانیمان بۆ داوە، گرنگ نییە. مەبەستی سەرەکیی ئێمە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەیە و، کردنەوەی دەرگەکانییەتی بۆ گەڕانەوەی هەزاران جوو، بۆ ئەوەی پاش ساڵانێکی دوورودرێژی بندەستی و بەشمەینەتیی، هەناسەیەک بەئازادیی بدەن. ئەگەر بمانویستایە لەپێناوی دەسەلاتوەرگرتندا شۆرش بکەین، ئەوا دەبووینە دوو دەستەی جیاوازی دژ بەیەک و، خەبات و شەڕمان دژی عارەب و ئینگلیز تووشی شکست دەبوو. ئەوەی بۆ دەسەلاتوەرگرتن شۆرش دەکات، ئامادەیە لەوپێناوەدا هاوکاریی دوژمنی نەتەوەکەشی بکات! بەڵام ئێمە کاری وامان لێ نەوەشایەوە... دەست لەنێو دەست، شەڕی ئینگلیز و شەڕی عەرەبانیشمانکرد، چۆنکە ئامانجی هەمووماں رزگارکردنی گەلەکەمان بوو. نەخێر ئێمە یەکین و ناتوانین رقمان لەیەکدی بێتەوە. ....".

(1*) – قسەکانی مەحموود ئەسعەدبەگ (وەزیری داد) ی تورکیا لەرۆژنامەی "ملیت" ی تورکی، رۆژی 19ی جۆزەردانی ساڵی 1930 بڵاوبووەتەوە. لە پەرتۆکی "کێشەی مێژینە و ئێستای کورد"، وەرگیراوە لەنووسینی: "سەرکردەی نەتەوەیی و قارەمانی کورد، ژنەراڵ ئێحساننووری پاشا. بەڕێز محەممەد حەمەباقی لەعەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

(2*) – پەرتۆکی "راپەڕین" (The Revolt)، لەنووسینی مەناخیم بێگن، سەردار سدیق ئەمین کردوویەتی بەکوردی. ساڵی 1996 لە سوێد چاپکراوە.

# کوردستان لەسەردەمی
# رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا

## بەبۆنەی تێپەڕبوونی (32) ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا لەئێران!

***- بۆچی لەئێرانی فرەنەتەوەدا، رژێمێکی ناسیۆناڵی فارس دامەزرا؟!**

***- دۆخ و ئەرکی ئێستا!**

**تێبینیی**!

لەماڵپەڕی "کۆنگرە"، "ئەمڕۆ"، "راڤە"، "رۆژهەڵات" و چەندین ماڵپەڕی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە

15/10/2010

**رەزاخانی میرپێنج فەرماندەی هێزی قەزاق**، دوای ناردنی ئەحمەدشای قاجاڕ بۆ دەرەوەی وڵات کە بەنەخشەی ئینگلیز بەڕێوەچوو، کۆتاییهێنا بەحکوومەتی هۆزی قاجاڕ و، لەرۆژی **25/4/1926 ی** زاینی لەڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بوو بەشای ئێران و، بناخەی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی داڕشت، کە بۆماوەی 53 ساڵ درێژەی کێشا.

هۆی پشتگیری و یارمەتیدانی رەزاخان لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ئەوە بوو، **بلشویکەکان بەسەرۆکایەتیی لینین لەساڵی 1917** دا بەدەسەڵاتگەیشتبوون و، لەسەر خاکی پانوبەرینی ئیمپراتۆریی رووخاوی سێزاردا، یەکێتیی سۆڤێتیان دامەزراندبوو. پشتیوانی لەچینی چەوساوە و گەلانی بندەست و

مافخوراو و، نەهێڵانی ئیمپریالیزمی جیهانیی، ئامانج و ستراتیژی سیاسیی ڕژێمی تازەدامەزراوی کۆمۆنیستیی رووسیای پێکدەهێنا.

لەئێران، لەنێو کۆڕوکۆمەڵە و چین وتوێژی رۆشنبیری و کرێکاریدا، بیری کۆمۆنیستیی پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆمۆنیستەکانی رووسیا بڵاوببووەوە، چۆنکە لەساڵانی کۆتایی سەدەی **19**ی زاینیدا بەهۆی قاتوقڕی و برسێتییەک کە ئێرانی گرتبووەوە، پتر لەنیو ملیۆن ئێرانیی بۆ پەیداکردنی کار وبژێویی ژیان روویان لە رووسیا کرد و، لەوێ لەنێو کارگە و کانزا و کێڵگەی دەرەبەگە گەورەکاندا، لەڕێگەی ئەندامان و کادرە نهێنییەکانی کۆمۆنیستەکانەوە بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان ناسی.

ئەم حەشاماتە زۆرە کاتێک گەڕانەوە بۆ ئێران، ئەو بیروباوەڕە نوێیەی وا فێری ببوون، بۆ خەڵکی شاروگەند و زێدی خۆیان گێڕایەوە. کاتێکیش یەکەمین ڕێکخراوەی کۆمۆنیستیی بەناوی **"حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"** لەمانگی جۆزەردانی ساڵی **1299**ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی جۆنی **1920** ی زانیی، لەپارێزگەی **گێلان** کە هاوسنوورە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت، لەلایەن کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیریی ئەو سەردەمەی ئێران بەنێوی **حەیدەر عەمووئۆغڵی** یەوە دامەزرێندرا و، ئەکادمییەکی ناوداری وەک **دۆکتۆر تەقی ئەرانی** بوو بە ئەندامی حیزبەکە، ئەم حیزبە توانی لەماوەیەکی کەمدا لەنێو کۆڕوکۆمەڵەی رۆشنبیری و کرێکاریی لەئێراندا بەخێرایی گەشەبکات.

ئەم کەشەسیاسییە تازەیە، بریتانیای تێگەیاند ئەگەر بێتوو بەپەلە چارەسەری گونجاو نەدۆزێتەوە، ئەوا سەرهەڵدانی شۆرشی کۆمۆنیستیی لەئێران، رووسیا بەهاسانی و بێکێشە دەگەیەنێتە لێوارەکانی کەنداو کە شادەماری وزە و ئابووریی بریتانیا بوو. بریتانیاش کە لەو سەردەمەدا گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو، خۆی بەخاوەنی هەتاهەتایی

نەوت و سامانی ژێرزەویی ئێران و، وڵاتانی بەپیتوبەرەکەتی دیکە دەزانی کە داگیری کردبوون، لەبەر ئەوە ئامادەنەبوو واز لەبەرژەوەندیی زۆروزەوەنی خۆی لەناوچەکە بهێنێت.

بەدەسەڵاتگەیاندن و پەروەردەکردنی سوپا و دامەزرانی داوودەزگەی حکوومەتیی بۆ رەزاشا و رژێمەکەی لەلایەن بریتانیاوە، لەلایەک کۆتاییهێنا بەحکوومەتی لاواز و بێدەرەتانی بنەماڵەی قاجاڕی بەرەگەز تورک، لەلایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ئێران لەباکوور بەسەرۆکایەتیی **میرزاکووچکخان** و رۆژاوای باشووری ئێران (عەرەبەکانی خوزستان) بەسەرۆکایەتیی "**شێخ خەزعەل**" ی لەنێوبرد. هاوکات توانی راپەڕینی کوردەکانی بەختیاریی لەنێو ئاگروباروت وگوللەدا نوقمی خوێن بکات بەچەشنێکی وا کە ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئێران، نازناوی **"قەساوی لوڕستان"** یان پێبەخشرا. هەروەها بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە**هەرێمی ورمێ** بەسەرۆکایەتیی سەرکردەی مێژوویی و قارەمان **سمکۆی شکاک** بەهێرشی یەک لەدواییەکی سوپای ئێران و، هاوکاری و پیلانگێڕیی تورکیا و رووسیا و کاربەدەستانی ئینگلیز لەعێراق، تێکشکا و، لەئەنجامی پیلانێکدا لەشاری شنۆ ڕێکەوتی **21/6/1930** لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژرا.

سەرباری ئەمانەش، لەتاران و لەشارەگەورەکاندا، پۆلیس و هێزەکانی دیکەی سەرکوتکەری رژێم، هەڵیانکوتایە سەر کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و، دەستیانکرد بەلەنێوبردنی پاشماوەی دەستکەوتەکانی **"انقلاب مشروطه" (شۆرشی نوێخوازیی)**، کە بەخوێنی هەزاران ئازادیخواز بەدەستهێنرابوون، زیندانەکان پڕکران لە ئازادیخوازان و رۆژنامەنووسان و، هەرچییەک رۆژنامەی سەربەخۆ هەبوون، داخران. ترس و شەوەزەنگ، جێی ساڵانی ئازاد و دیمۆکراتی سەردەمی حەوتساڵەی شۆرشی نوێخوازییان گرتەوە.

**لێ، سەرەرای خولقانی ئەم دۆخەدژوارە بەسەر رۆشنبیران و ئازادیخوازان و گەلانی ئێراندا، بۆ نەتەوەی فارس هەلێکی گەورەی مێژوویی هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی، بتوانێت لەسایی دامەزرانی حکوومەتی پەهلەویدا، هێژمۆنی و دەسەلاتی سیاسیی خۆی بەسەر نەتەوەکانی نافارس لەئێراندا بسەپێنێ و، بەشێوازی جۆراوجۆر دەستبکات بە جینۆسایکردنی رەگەزی و ئابووری و ئاسەوار و فەرهەنگ وشارستانییەتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوانە نەتەوەی کورد کە تاکو ئەمرۆش هەر بەردەوامە لەسەری.**

لێرەدا بەپێویستیدەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ خاڵێکی گرنگ رابکێشم، ئەویش ئەوەیە، بەرلەدامەزراندنی رژێمی پەهلەویی لەلایەن رەزاشاوە، زەوینە لەبەردەم بەدەسەڵاتگەیشتنی نەتەوەی فارسدا بەتەواوەتیی خۆشکرابوو. بۆ زانینی ئەم راستییەش دەبێ چەند لاپەڕیەک لە رابردووی ئەو هۆکارە سیاسی و مێژوویی و جوگرافییە هەڵدەینەوە کە دەستیاندایە دەستییەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی فارس لەخۆیڕاببینێ خۆیبکات بە دەمڕاست و گەورە و چاوساخی نەتەوەکانی دیکەی ئێران!

**ئاغامحەممەدخانی قاجاڕی بەرەچەڵەک تورک** لەساڵی **1781**ی زاینیدا، بەپیلان و خیانەتی فارسێک بەناوی **"حاجی برایمی هاشمیان کە دارۆغەی شیراز بوو (1*)"**، لەگەڵ براکەی و چەندین فەرماندەی لەشکر و سەرۆکهۆزی دیکەی فارس، توانی کۆتایی بە دەسەڵاتدارێتیی کوردی زەند لەئێران بێنێ و، دەسەلاتی تورکەقاجاڕەکان بەسەر ئێران و رۆژهەڵات و بەشێک لەباشووری کوردستاندا بسەپێنێ و، شارەدێی **"تاران"** بکات بە پێتەختی حکوومەتەکەی.

دەستنیشانکردنی شارەدێی تاران لەلایەن ئاغامحەممەدخان و فەرماندەکانی هۆزی قاجاڕەوە لەبەر چەند هۆیەک بوو. تاران لەڕووی

هەڵکەوتوویی جوگرافییەوە پاڵیداوە بە ریزەچیای بەرز و رژد و هەڵەموتی **"ئەلبورز"** ەوە، لەلایەک لە مازندەران و لەباکووری ئێرانەوە نیزیکە کە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاغامحەممەدخان و هۆزەکەی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دوورییەوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کەمتر مەترسیی ئەوەی لێدەکرا هۆزەکانی کورد بتوانن هێرش بکەنەسەری و داگیری بکەن.

بەڵام دەستنیشانکردنی تاران بۆ پێتەخت کە لەنێو جەرگەی گەلی فارسدا هەڵکەوتووە و، بەهۆی بوونی پێشینەیەکی چەند سەتساڵەی زمانی فارسی لەڕێگەی شاعیرانی ناوداری وەک **مەولەوی و خەیام و عەتار نەیشابوری و فێردەوسی و حافز و سەعدی** و ... هتد، وێژە و ئەدەبی فارسی توانیبووی نەک تەنیا لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو گەلانی دەوروبەریشیدا پلە و جێگەی تایبەت وەربگرێت. لەلایەنی سیاسیشەوە بوونی کەسایەتییەکی ناوداری وەک حاجی برایمی دارۆغە لە دەسەڵاتدا کە بەهۆی خزمەتی گەورەی بە ئاغامحەممەدخان، کرابوو بە سەرۆکوەزیران و، نازناوی **"ئێعتمادولدەولە"**ی پێدرابوو، دوای مردنی ئاغامحەممەدخان و، لەسەردەمی پاشایەتیی **فەتحعەلیشای قاجار**دا، جگە لەوەی کە دەسەڵاتی فارسەکان بە هۆی حاجی برایمەوە زیاتر پەرەی سەند، بەڵکو لەوەش گرنگتر زمانی فارسی بەرە بەرە بوو بەزمانی فەرمیی نێو کۆشک و سوپا و نێوەندەکانی حکوومەتی. **شاکانی قاجاڕ و شازادە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان کە چەند هەزار کەسێک دەبوون، بەپێچەوانەی باپیریان ئاغامحەممەدخانەوە، کە شانازیی بە تورکبوون ومەغۆلبوونی خۆیەوە دەکرد، ئەمان شانازییان بە زمانی فارسی و ئێرانیبوونیانەوە دەکرد و، لەڕێگەی ئایەتوڵڵاکانەوە ئامۆژگاریی دەکران، پارێزگاریی لەو خاک وسنوور و سەرزەمینانە بکەن کە دانیشتوانەکەی پێڕەوی ئاینزای شیعەن.**

هەر لەسەرەتاكانی سەدەی هەژدەی زاینەوە، رازاوەیی ئۆروپا و نێوبانگی زانست و سیستەمی پەروەردە و پێڕەوكردنی دێمۆكراسی و ئازادیی كۆمەڵایەتیی لەلایەن حكوومەتەكانییەوە، بنەماڵەی شا و شازادەكان و وەزیر و كاربەدەستان وبازرگانە گەورەكانی ئێرانی هاندا كە كوڕەكانیان بۆ خوێند بنێرن بۆ ئۆروپا، بۆ ئەوەی پاش تەواوكردنی خوێندنەكەیان، بگەڕێنەوە و، لەلایەن شاوە كورسی و پلەوپایەیان پێببەخشرێت. لەشاری تارانیش، لەساڵی **1851**ی زایینییەوە، زانستگەیەكی گەورە بەناوی **(دارالفنون)**، لەبوارەكانی پزیشكی و لەشكری و دۆزینەوەی كانزا و بەشی دەرمانسازیی لەلایەن سەرۆكوەزیرانی نەسرەدینشا بەناوی **میرزاتەقیخانی فەراهانی (امیر كبیر)** ەوە دامەزرا و، جگە لەمامۆستایەكی ئێرانی، هەروەها شەش مامۆستای دیكە، لەوڵاتی **ئۆتریش (نەمسا)** وە هێنران بۆ **"دارەلفنوون"**، بۆ ئەوەی خوێندكارانی ئەم نێوەندە زانستییە كە لە منداڵی بنەماڵە دەستڕۆیشتووەكانی ئێرانی پێكهاتبوون، بەبیروزانستی نوێ پەروەردەبكرێن.

بەڵام بەپێچەوانەی ویست و ئامانجی كاربەدەستان و چینی زەنگینی وڵاتەوە، زۆربەی ئەم خوێندكارانە دوای ئاشنابوونیان بە زانستی نوێ ودنیای مۆدێڕن، لەرادەی دواكەوتوویی كۆمەڵگەی خۆیان و، لاوازی و نزمیی حكوومەتی قاجاڕ و، كارنەزانیی دەسەڵاتدارانی ئێران لەسیاسەت و حوكمدارێتیی تێگەیشتن و، كەوتنە خولیای ئەوەوە كە گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و كۆمەڵایەتیدا بكەن، بۆ ئەوەی ئێرانیش لەكاروانی پێشكەوتن دوانەكەوێت.

**"تاران"**ی پێتەختیش ئیدی ئەو گوندەی پێشوو نەمابوو، ببوو بەشارێكی رازاوەی پڕلەباخوباخات، سەدان كۆشكوتەلار و باڵەخانە و، چەندین لەشكرگە و شەقامی زۆر و گۆڕەپان و بازاڕ و مزگەوت و گەڕەك و

کۆڵانی لێسازکرابوو. بەماوەیەکی کەم تاران بوو بەنێوەندی کاروباری بازرگانی و سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریی. چینی دەسەڵاتداران و چینی ئاینی و چینی بازرگان و بازاڕی و، هەروەها چینی کرێکار و هەژار، لەگەڵ توێژی رۆشنبیر و خوێندەوار پێکهاتەی سەرەکیی تارانیان پێکهێنا. هەرچییەک تاران گەورەتر دەبوو، کێشە و ناڕەزایەتیی نێوخۆیی زیاتر بەرەورووی حکوومەتی قاجاڕ دەبووەوە.

دەولەتەکانی کۆلۆنیالیستی رووسیا و بریتانیاش هەر لەسەدەی نۆزدەوە سوودیان لەم لاوازییەی حکوومەتی قاجاڕ دەبینی، رووسیا لەشکری خستەڕێ و چەندین هەرێمی گەورەی ئێرانی لە باکوورەوە داگیرکرد. بریتانیاش ئەفغانستانی لەئێران جیاکردەوە و، داهاتی کانزا و سامانی باشووری ئێرانی خستبووە دەستی خۆیەوە، بەوەشەوە نەوەستابوون و، بەپێی رێککەوتنێکی نهێنیی ئێرانیان لەنێویان خۆیاندا دابەشکردبوو. هاوکات هەردوولاشیان پێکەوە لەتاران، وەکیەک دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان و، حکوومەتی گوێڕایەڵ و ئاڵقەلەگوێی قاجاڕیان دەپاراست. لەبەرامبەر سەرهەڵدانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی لەشارەکان، یان لەلایەن نەتەوەکانی بندەستی قاجاڕەوە، سیاسەتێکی هاوبەشیان پێڕەودەکرد و، لەنێویاندەبرد. وابەستەیی حکوومەتی قاجاڕ بەم دوو زلهێزە و، گوشاری لەڕادەبەدەری کاربەدەستان و هێزەکانی حکوومەت بەرامبەر بەخەڵک لەلایەک، چەوساندنەوەی چینی هەژار و کەمدەرامەت و جۆتکار لەشار ولەدێ، هەروەها نەبوونی ئازادی و گوشار بۆ سەر رۆشنبیران و، پشتگوێخستنی دەسەلاتی سیاسی و ئابووریی چینی مەلاکان، دەستیاندایە دەستییەک و، لەساڵی **1890**، لەسەردەمی پاشایەتیی ناسرەدینشا کە چوارەمین شای قاجاڕ بوو، بزووتنەوەیەکی گەورەی رێفۆرمخوازیی هەڵگیرسا کە لەمێژوودا

بەشۆرشی مەزنی "انقلاب مشروطه"، **(شۆرشی نوێخوازیی)** ناوبانگیرۆیی. کۆی ئەم ڕووداوانە لەتارانی پێتەخت، بەرەبەرە بیری ئێرانچێتیی نەک هەر لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو ئەو نەتەوانەشدا پەرەپێدا، کە کاتی خۆی بەسەرکوت و زۆرەملێ لکێندرابوون بەحکوومەتی قاجارەوە. ئەمەش بوو بەبناخەیەک بۆ پەیدابوونی بیری ناسیۆنالیستیی فارسی، کە لەرەوتی خۆیدا لەساڵانی **1953 - 1950** بزووتنەوەی **"جبهه ملی ایران"، (بەرەی ناسیۆناڵی ئێران)** بەسەرۆکایەتیی **"دوکتۆر محەممەد موسەدق"** ی لێکەوتەوە، **کە لەگەڵ ئەم باسەماندا ناگونجێت!**

ئەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییە لەتاران، بەدرێژایی حکوومەتی قاجاڕ بۆ ماوەی **145** ساڵ درێژەی کێشا. ئەمەش مانای وایە ئەگەر شارێک بۆ ئەم ماوە دوورودرێژە پێتەختی وڵاتێک بێت، زمان و زاراوە و داونەریت و کولتووری زاڵدەبێت بەسەر دانیشتوانی هەموو ئەو مەڵبەند و هەرێمانەی کە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین. لەوەوە هەستی مەزنیخوازی و لووتبەرزی بەرامبەر زاراوە، یان زمانی نەتەوەکانی بندەستی، لەلادروست دەبێت. هەروەک لە کوردستانیش، چەندین ئەمارەتی کوردیمان هەبوون کە لەسەردەمە جیاجیاکاندا و لەچەند هەرێمێکی کوردستاندا دامەزرابوون، بەهۆی ئەو نیوەدەسەڵات و نیوەسەربەخۆییەی کە هەیانبوو، لەڕووی پیشەسازی و هونەری و وێژە و مێعماری و، هەستی نەتەوەییەوە تارادەیەک پێشکەوتن و، زاراوە و شێوازی گۆرانی و مۆسیقاکەشیان بە هەرێمەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبووەوە. شارەکانی **سنە و دیاربەکر و سلێمانی و رەواندز و مەهاباد** نموونەن بۆ ئەمە.

**لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە حکوومەتی رەزاشای پەهلەویی!**

رەزاشای پەهلەوی بەمەبەستی زاڵکردنی زمان و فەرهەنگی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیدا، پێویستی بە داڕشتنی سیستەمێکی تازەی

پەروەردە و خوێندن هەبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە رەگەزپەرستانەشی، لەساڵی 1934ی زایندا سەردانی تورکیای کرد و، لەنێزیکەوە **مستەفا کەمال (ئەتاتورک)** ی بینی و، دوای تێگەیشتنی لەشێواز و ناوەرۆکی سیستەمی رەگەزپەرستانەی تورکیای نوێ، لەگەڕانەوەیدا جلوبەرگی ئۆروپای کرد بەجلوبەرگی فەرمیی هەموو دانیشتوانی ئێران. بڕیاری لابردنی چارشێوی دەرکرد، زمانی فارسی کرد بەزمانی فەرمیی وڵات. **ناوەندی هەواڵنێریی بەزمانی فارسی، فەرهەنگستانی ئێران و، زانستگەی تارانی دامەزراند.** لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە **مێژوویەکی خەیاڵی و درۆ بۆ وانەی قوتابخانەکان ئامادەکرا، کە بەپێی ئەوە لەکۆنەوە شاکانی ئێران زۆرینەیان لەرەگەزی فارس بوونە و پارێزگارییان لە خاکی ئێران کردووە و، ئەم میراتە لەوانەوە گەیشتووە بە رەزاشای زانا و بوێر و لێهاتوو!**

رەزاشا هەروەها لەئالیی کۆمەڵایەتیشەوە، لەدەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی مەلاکانی کەمکردەوە و، رێیگرت لەبەردەم رێوڕەسمی مانگی **"محرم"** کە پێڕەوانی ئاینزای شیعە وەک ساڵانی رابردوو بڕژێنە نێو شەقام وکۆڵانەوە و لەسەر و سینگی خۆیان بدەن.

تاکو زەمانی رەزاشا، بەوڵاتی ئێران دەگۆترا **"پرشیا" (Pershia)**. لەساڵی **1935** لەسەر راسپاردەی رەزاشا، دەوڵەتی ئێران داوای لە **کۆمەڵەی نەتەوەکان** کرد نێوی **"پرشیا"** بگۆڕدرێت و بکرێت بە **"ئێران"**. رەزاشا بەلابردنی نێوی **"پرشیا"** و هەڵبژاردنی نێوی ئێران، نیازیوابوو هەموو نەتەوەکانی نافارس لەنێو زمان و کولتووری فارسدا بتوێنێتەوە و، ئێرانێکی وادروستبکات کە بەوێنەی تورکیا ببێت بەخاوەنی یەک مێژوو، یەک کولتوور و یەک نەتەوە کە ئەویش زمان و کولتووری نەتەوەی فارسە!

## سیاسەتی دابڕاندنی ناوچەکوردنشینەکان لەیەکدی، لەڕێگەی پڕۆژەی دابەشکردنی پارێزگەکانەوە!

لەلایەن پەرلەمانی رژێمەوە، سیاسەتی دابەشکردنی گەلی کورد لەڕۆژهەلات، بەڕێگەی یاسای تازەی دابەشکردنی **پارێزگەکان (ستانەکان)** پەسندکرا و، لەمانگی گەلاڕێزانی سالی 1316ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی نۆڤەمبەری 1937، ئێران کرا بە **شەش پارێزگە** و، کوردستانیش بەسەر دوو پارێزگەدا دابەشکرا:

1- **پارێزگەی باکووری رۆژاوا** (**شمال غرب**): **بریتیبوو لە تەورێز، ئەردەبیل، ورمێ، مەراغە و مەهاباد.** شایانی باسە لە ماکۆ و بازرگانەوە کە سنووری دەستکردی نێوان تورکیا و ئێرانە هەتاکو بۆکان و سەردەشت خرایە سەر ئەم پارێزگەیە.

2- **پاریزگەی رۆژاوا: لەسنووری شاری سەقز و بانەوە تا دەگەیشتە سنووری خوزستان (ناوچەی عەرەبنشینی باشووری رۆژاوای ئێران!).**

**بەپێی ئەم دابەشکردنە،** پارێزگەی **کوردستان جگە لە پارێزگەی ورمێ، تەواوی هەرێمە کوردنشینەکانی وەک پارێزگەی سنە و کرماشان و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەرئەحمەدی دەگرتەوە. ئەمەش راستییەکە بۆ ئەوەی بزانین لەکۆنەوە تاکو سەرەتای دامەزراندنی رژێمی پەهلەویی، حکوومەتەکانی ئێران، کوردستانیان بەو ناوچانە زانیوە کە ئەوڕۆکە پێیاندەگۆترێت: کرماشان و سنە و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەر ئەحمەد.**

بەلام رژێمی رەزاشا، هەرزوو هەستیان بەناتەواویی ئەم دابەشکردنە بۆ سەر ئامانجی رەگەزپەرستانەیان کرد. ئەوە بوو هێشتا دوومانگ بەسەر

یاسای دابەشکردنی پاریزگەکاندا تێنەپەڕیبوو کە لەمانگی ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا (**1937**)، پەرلەمان یاسای تازەی دەرکرد و، شەش پاریزگەکە کران بە **(10) پارێزگە**.

لەدابەشکردنی نوێی پارێزگەکاندا، **ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر ئەم ستانانەدا دابەشکرا:**

**پارێزگەی چوارەم: بریتیدەبێت لە: خۆی، ورمێ، مەهاباد، مەراغە و بیجاڕ.**

**پارێزگەی پێنجەم: بریتی دەبێت لە: ئیلام، شائاباد، کرماشان، سنە، مەلایر و هەمەدان.**

**پارێزگەی شەشەم: بریتیدەبێت لە: خوڕەمئاباد (خورمۆوە)، گوڵپایگان، ئەهواز و خوڕەمشەهر.**

لەگەرمەی دووەم جەنگی جیهانیدا، کاتێک سوپای ئەڵمانیا توانی بەخێرایی دەستبگرێت بەسەر چەندین وڵاتانی ئۆروپادا، ڕەزاشا وای لێکدایەوە کە هیتلەر لە جەنگەکەیدا سەردەکەوێت، لەبەر ئەوە پێوەندیی لەگەڵ ئەڵمانیا خۆشکرد و پشتیکردە ئینگلیز کە بەدەسەڵاتیگەیاندبوو. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە **"هاوپەیمانان"، (ئینگلیز و ئەمریکا و رووسیا)**، ڕێکەوتی **21/3/1941** ئێران داگیربکەن و، ڕەزاشا لەسەر دەسەڵات لابەرن و، بۆ باشووری ئەفریقا دووری بخەنەوە. شەش مانگ دواتر، **لەڕێکەوتی 16/9/1941، دەوڵەتی ئینگلیز، حەمەڕەزاشا (کوڕی گەورەی ڕەزاشا) ی لەجێی باوکی کرد بەشای ئێران.**

## دەستپێکردنی حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەویی!

**ساڵێک دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، ڕێکەوتی (٢)ی ڕێبەندانی 1946، لەشاری مەهاباد، کۆماری سەربەخۆی کوردستان**

**دامەزرا.** بەچەند مانگێک دوای دامەزرانی کۆمار، بەنەخشەی ئینگلیز، رێککەوتنێکی ساختە لەنێوان **قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران و، ستالین دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤێت** مۆرکرا. سوپای رووسیا لە کوردستان چووە دەرەوە و، سوپای ئێرانیش بەپشتیوانیی ئینگلیز و ئەمریکا توانییان کۆماری کوردستان و، ئازەربایجان بڕووخێنن و، سەرلەنوێ دەسەڵاتی رژێمی پەهلەویی بەسەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابسەپێننەوە.

**لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای کورد – قازی محەممەد** و، دەیان کەسایەتی و کاربەدەستی کۆمار، ئەوجا سڕینەوەی ئاسەواری کۆمار و هەڵمەتبردن بۆسەر ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد دەستیپێکرد. ژمارەیەکی زۆر گیران و خرانە ژێر شکەنجە و دارکارییەوە و، زیندانی هەتاهەتایی، یان کورتخایەنیان بۆبڕایەوە. بەشێکی دیکەش رایانکرد و بەرەو **گەرمێن (باشووری کوردستان)** و، بەغدا و شارەکانی عێراق رۆیشتن و، پاش گۆڕینی نێوی خۆیان و پەیداکردنی کار و پیشەی جۆراوجۆرەوە، لەنێو ترس و دڵەراوکە و بێ هیواییدا، ژیانی تازەی پڕلە چەرمەسەرییان دەستپێکرد.

کاتێک حەمەڕەزاشا رۆژهەڵاتی کوردستانی بەتەواوەتیی خستە ژێردەسەڵاتییەوە، زمانی فارسیی کردە زمانی فەرمیی قوتابخانە و دایرە و ناوەندەکانی حکوومەتی و، رێی لە پەروەردە و فێربوونی زمان و وێژە و هونەر و کولتووری کوردی گرت. لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا پەیڤین و نووسین بەزمانی کوردی قەدەخەکران. ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانەیە ساڵ دوای ساڵ بەردەوام و فراوانتر دەبوو. دوای تێپەڕبوونی چەندساڵێک، رێ لەقوتابییەکان گیرا کە تەنانەت لەکاتی پشووی کورت لەحەوشەی قوتابخانەکاندا بە زمانی زگماکیی خۆیان لەگەڵ یەکدیی بدوێن و،

لەحەوشەی هەموو قوتابخانەکاندا، تابلۆیەکی گەورەیان هەڵواسی و، لەسەری نووسییان "به فارسی صحبت کنید". هیچ جۆرە پەرتۆکێکی کوردی لەپەرتۆکفرۆشییەکاندا دەستنەدەکەوت و، نووسین و لەچاپدان و بڵاوکردنەوەشی **ڕێبەند (ممنوع)** کرا. نەک هەر نووسین کتێبی کوردی ڕێبەندکرابوو، بەڵکو نووسینی چەند دێڕیکیش بەزمانی کوردی تاوان بوو، سزاکەشی زیندان وشکەنجە و، حوکمی چەندین ساڵ زیندان و، پەکخستنی کاروژیانی ئاسایی بوو بەسەر کەسەکەدا. شەوەزەنگ و دیکتاتۆریی شا بەرادەیەک پەرەی سەند، کەس نەیدەوێرا تەنانەت لەنێومالی خۆشی بە خراپە نێوی شا بەرێت، چۆنکە دەترسا قسەکەی بەگوێی ساواک بگاتەوە. ساڵ دوای ساڵ هێزوتوانا ودەسەڵات و ناوبانگی شا لەئێران و لەناوچەکە فراوانتر دەبوو، هەر بەو پێیەش دیکتاتۆری و شەوەزەنگی فرەتر باڵی بەسەر کوردستان وئێراندا دەکێشا.

**ساڵی 1971ی زاینی، شا مێژووی ئێرانی لە هەتاوییەوە گۆڕی بۆ شاهەنشاهی** و سەرەتای مێژووەکەشی بردەوە بۆ کاتی دەستپێکردنی پاشایەتیی **کۆرش** دامەزرێنەری حکوومەتی هەخامەنشی و، مێژووی دامەزرانی ئیمپراتۆریی **"مادەکان"** ی پشتگوێخست، چۆنکە لەرەگەز و بنەچەی کوردن، ئەمەش رادەی بیری رەگەزپەرستانەی حەمەڕەزاشای بەرامبەر بەکورد پێشاندەدا.

**سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووی زاینیی، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، لەدژی رژێمی داگیرکەری عێراق**. جارێکی دیکە، شەڕوشۆر کەوتەوە کوردستان و، بە هەزاران رۆڵەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی نیشتمان، روویان لە چیا و مەڵبەندەکانی کوردستان کرد. سەرهەڵدانی ئەم دۆخە تازەیە، بۆ

ئەو بەشە لەئەندامانی **حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)**، کە لەعێراق و باشووری کوردستان دەژیان، دەرفەتێکی لەباری هێنایەپێشەوە کە لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و، دەستبکەنەوە بەچالاکی و خەباتی سیاسی و حیزبیی. لەشار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، کۆمەڵێک کوردی دڵسۆز و خاوەن هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی، پاش ئاگاداربوون لەسەرهەڵدانی شۆرش، بەرەو باشوور رۆیشتن و پێوەندییان بە هاوڕێیان و ناسیاری کۆن و سەرکردەیەتیی حیزبەوە گرت. دەستەی پێشمەرگە رێکخران و بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسیی، بە نهێنیی گەڕانەوە رۆژهەڵات و، شانە و رێکخستنی حیزبی لەشار و گوندەکان، بەتایبەتیی لەنێوچە سنوورییەکان سازکران. بەرە بەرە تەقە و لێکدانی پێشمەرگە، لەگەڵ ژاندار و سەربازی رژێم نێوچەکانی **گەورک و موکریان و بانە و سەردەشت و شنۆ و سۆماو برادۆست و مەریوان و سەقزی** گرتەوە. ئەم جموجوڵە سیاسی و چەکدارییەی کە لەباشووری کوردستان هەلگیرسابوو، ترسی خستەدڵی داگیرکەرانی کوردستانەوە، چۆنکە دەیانزانی بەردەوامبوونی ئەم کەشەسیاسی و چەکدارییەی کە لەبەشی گەرمێنی کوردستان هەڵگیرساوە، کاریگەریی لەسەر کوردی ئەو بەشانەی دیکەش دادەنێت کە لەبندەستیاندایە. ئەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتیی رژێمی حەمەڕەزاشا کە لەو سەردەمەدا پتر لە داگیرکەرانی دیکە لەناوچەکە رۆڵی دەگێڕا و، بەژانداری ناوچەکە دەناسرا، هەوڵیدەدا، بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی وهاوپەیمانانی لە ناوچەکە.

**هەر لەدوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، کە رژێمی پاشایەتیی "فەیسەڵ"ی رووخاندبوو، حەمەڕەزاشا، گرنگیی زۆری بەعێراق دەدا و، دژی قاسم و حکوومەتەکەی بوو، پیلانی دەگێڕا بۆ لەنێوبردنی قاسم و**

گێڕانەوەی سیستەمی پاشایەتیی بۆعێراق. ئەوەبوو سێ ساڵ بەر لەدەستپێکردنی شۆرشی ئەیلوول، واتە لەساڵی 1958ی زاینی، سیخوڕێکی زیرەک و لێهاتووی "ساواک"، (دەزگەی پاراستنی ئەوکاتی ئێران)، کە ناوی عیسا پژمان (2*) بوو، لەلایەن شاوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدرا، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی سیاسیی باشووری کوردستاندا پێوەندیی ببەستێ و، هانیان بدات بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لەدژی رژێمی قاسم. عیسا پژمان، هەر لەوساڵەدا توانیبووی خۆی لە مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نێزیک بکاتەوە و، ساڵی 1961، کاتێک شەڕ لەنێوان کورد و سوپای عێراق هەڵگیرسا، عیسا پژمان بڕی 300000 هەزار تمەن و 10000 چەکی بڕنەوی پێشکێشی سەرۆک بارزانی و سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول کرد.

شەڕوشۆری گەرم و خوێناویی لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستیپێکرد و، ئاگری شەڕ زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە. زۆری پێنەچوو رژێمی قاسم رووخا، بەڵام شەڕی نێوان کورد و رژێمەکانی یەک لەدواییەکی عێراق تاکاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی 1970 لەنێوان کورد و رژێمی بەعسی عێراق هەر درێژەیکێشا. هاوکات، پێوەندیی نێوان رژێمی شای ئێران و، سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوول و، وابەستەیی شۆرشەکە بەئێرانەوە، ساڵ دوای ساڵ پتەوتر دەبوو، زیاتر ریشەی دادەکوتا.

**حەمەڕەزاشا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، هەوڵی نێزیکبوونەوەی لە سەرکردەیەتیی پارتی دیمۆکرات و، پلانی وابەستەکردنی شۆرشی کوردی دارشت:**

**1- خۆشکردنی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەیەتیی پارتی و، رازیکردنیان بۆ هاوکاریی توندوتۆڵ و دوولایەنە.**

**2 - لەنێوبردنی پێشمەرگە و جموجوڵی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆڕشی ئەیلوولەوە.**

**3 - پشتیوانیی لۆجستیکی و یارمەتیی سەربازی و بەخشینی دراو و پووڵی زۆر بە سەرکردەیەتیی شۆڕش، بەمەبەستی گوشارخستنە سەر ڕژێم و سوپای عێراق و، لاوازکردنی، بەڕێگەی جەنگ و پێکدادانی پێشمەرگە، کە لەدوارۆژدا، بتوانێت داخوازیی سنووری و سیاسیی خۆی بەسەر ڕژێمی عێراقدا بسەپێنێت.**

**4 - عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرنگی بلۆکی یەکێتیی سۆڤێت، لەنێوچەکە لاواز بکات، کە ئەمە بەپلەی یەکەم ویستی ئەمریکاش بوو!**

**5 - لەنێوبردنی شۆڕشی ئەیلوول و، دڵنیابوونی ڕژێمەکەی خۆی و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بۆ لەنێوبردنی بیری سەربەخۆیی، بەوتەی داگیرکەران خۆیان، "بیری جیاخوازیی کوردەکان" لەهەموو بەشەکانیدا.**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان **مەلامستەفا بارزانی و سەرکردەیەتیی پارتیی** لە ساڵانی **63-64**ی زایینی بەرە بەرە، ناکۆکیی کەوتە نێوان سەرکردەیەتی و **ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات بەگشتی، ئەمانیش بوون بەسێ بەشی ناتەبا و ناکۆک و دوژمن بەیەک.** بەشێکیان بوون بە لایەنگری **بارزانی**، بەشێکی دی پشتگیرییان لە **"مەکتەب سیاسی"**، واتە لەهێڵی **برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی** دەکرد، دەستەیەکی دیکەش ئەندام و لایەنگری **حیزبی توودەی ئێران (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)** بوون کە ئاڵقەلەگوێی یەکێتیی سۆڤێت بوو.

لەمانگی سەرماوەزی ساڵی **1964**، لە گوندی **"سونێ"** ی سەر بەنێوچەی **"پشتدەر"، کۆنگرەی دووەمی حیزب** گیرا. لەو کۆنگرەیەدا، **عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق)** سەرۆکی حیزب بوو، هاوکات، خۆشەویست و جێباوەڕ و متمانەی بارزانی بوو، ڕێگەینەدا ژمارەیەک لە

ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بەشداریی لە کۆنگرەکەدا بکەن، چۆنکە لایەنگری **"هێلی برایم ئەحمەد"**، یان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران بوون. لەونێوەدا، حیزبی توودەی ئێرانیش کە لەدوای **کودەتای دژ بە سەرۆکوەزیرانی ئێران دوکتۆر محەممەد موسەدق لەساڵی 1953ی** زاینەوە، لەئێران دابڕابوون و، هیچ چەشنە چالاکییەکیان لەنێوخۆی ئێراندا نەمابوو، لەگەڵ بووژانەوەی ژیانی ڕێکخراوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەرۆژهەڵاتی ئوروپاوە، کەوتنە پەلوپۆوهاتوچۆکردن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی بەڕێگەی ئەندامان و لایەنگرانی کوردیان – **لەوانە کاک کەریمی حیسامی، کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک حەسەن قزڵجی، کاک غەنی بلووریان، کاک عەلی گەلاوێژ و، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و** .. هتد، حیزبی دێمۆکرات بکەن بەلقی حیزبی توودە لەکوردستان و، جێپێیەک بۆ حیزبەکەیان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بکەنەوە.

لەمبارەوە، **کاک کەریمی حیسامی** کە ساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، لە**بەرگی سێیەمی** بیرەوەرییەکانیدا پتر ڕۆناکایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، دەڵێ:

**"..... رۆژی 5/2/1968، دوکتۆر رادمەنش (سەرۆکی حیزبی توودەی ئێران بوو – ن.) هاتە بەغدا و هەر ئەو رۆژە هاتەلای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کە برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق بۆیان دیاریکردبووین.... رۆژی 9/2/1968، کۆبوونەوەیەکی رەسمی لەنێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێکهات. بەشداربووەکان بریتیبوون لە سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر رادمەنش و کەریمی حیسامی. لەلایەن حیزبی توودەوە دوکتۆر رادمەنش و دوکتۆر قاسملوو، لەلایەن حیزبی دێمۆکراتیشەوە کاک سلێمان موعینی و کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی. ... (جگە لە کاک سلێمانی موعینی، ئەوانی دیکە بەڕەسمیی ئەندامی حیزبی توودە بوون – ن.).**

دوکتۆر رادمەنش گوتی: **"پێم خۆشە ئێوە لەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشینی خۆتان راپۆرتێک بنووسن و پێشنیازتان دیاریبکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە پێی ئەوە بتوانین بڕیار بدەین!"**

کاک سلێمان گوتی: **"ئێمە راپۆرت نانووسین. ئێمە لەلایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێوەندیی بگرین و، باس بکەین. لەو باسکردنەدا ئێوە دۆخەکەتان بۆ روونبدەبێتەوە و ئێمەش لە بیروڕای ئێوە تێدەگەین....!"**.(لەڕووی زمانەوانییەوە هێندێک دەستکاریکراوە ن.).

پاش چوارڕۆژ باسولێدوانی ورد و بەردەوام، لەسەر چوار بەند و چەندین بڕگە و تێبینی پێککەیشتن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (کۆمیتەی شۆڕشگێڕ)**، کە لەباڵەکەی سەر بە **ئەحمەد تەوفیق** جیاببوونەوە و، سەربەخۆ خەباتیاندەکرد، بەتەواوەتیی بوو بەلقی حیزبی توودەی ئێران. لەژێرەوە بۆ رۆنبوونەوەی زیاتر، چەند بەندێکی رێککەوتننامەکە دەخەینەڕوو:

**- حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ، بە مەرجێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەژێر رێبەرێتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت!".**

**- "هەردووک حیزب، بەبێ راوێژ لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشەی کورد، لەگەڵ هیچ حیزب و حکوومەتێک پێوەندیی نەگرن!".**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەبەشێک لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران دادەنێن .....**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، جووڵانەوەی گەلی کورد بەبەشێکی جیانەکراوە لە بزاڤی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودە و حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن....".**

وەک لێرەدا دەیبینین، بابەتێکی گرنگ کە لە ڕێککەوتنی نێوان کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێراندا، بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، ئەو کۆبوونەوە و ڕێککەوتنە لە کات و سەردەمێکدا ئەنجامدراوە، کە شای ئێران لەوپەڕی دەسەڵاتدابوو. سەرکردەیەتیی حیزبی توودە، لە ڕۆژهەڵاتی ئۆروپاش لەترسی ساواک خۆیان دەشاردەوە، کەچی سەبارەت بە کێشەی کوردستان تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێ هاتوون و، ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی باشووری کوردستان، کاریگەریی بۆ سەر شۆڕشگێڕان و جەماوەری کورد لە ڕۆژهەڵات دانەنێ و، هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی لەنێوان کوردی ڕۆژهەڵات و باشووردا پێک نەیەت! لەبەر ئەوە سێ بەندی ڕێککەوتننامەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێکە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی گەلانی ئێران!

بەمشێوەیە، تێکڕای ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات، لەنێو ئەو سێ هێڵە جیاواز و دژ بەیەکەدا بڵاوببوونەوە. زۆر مخابن، خۆتێهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)، بە کێشە و شەڕی سەرکردەیەتیی باشوورەوە کە لەنێو کورددا بە شەڕی **(مەلایی و جەلالی)** ناسرا، زیانی گیانی و سیاسیی گەورەی لەیەکپارچەی و ژیانی ڕێکخراوەیی حیزب گەیاند. دووبەرەکیی و ناکۆکیی نێوخۆیی، هەروەها دەستێوەردانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا لەکاروباری شۆڕشی ئەیلوول، بەگشتیی بارودۆخێکی گەلەک دژواری بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنابوو کە لەباشوور دەژیان و، خەباتیاندەکرد. لەساڵی 1965 بەملاوە بەرە بەرە ڕاوی پێشمەرگە و ئەندامانی

سەرکردەیەتیی حیزب لەلایەن سەرکردەیەتی و فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلوولەوە دەستیپێکرد.

لەمانگی خەرمانانی **1967**، **عەولاغای پشتدەر**، ئەندامێکی حیزبی دیمۆکرات کەنێوی **"سوارە سەکری"** بوو تەسلیم بە ئێران کردەوە. بەماوەی دووحەفتە دواتر، **عەبدولوەهاب ئەترۆشی** ئامرهێزی **"خەبات"**، لەگوندی **"تەوێڵە"**ی نێوچەی **هەورامان**، شەش ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی تەسلیم بە رژێمی حەمەڕەزاشا کردەوە. یەکێک لە گیراوان بەنێوی **میرزا محەممەد**، لەبەرامبەر ئەم کردەوە ناکوردانە و نامرۆڤانەیەدا ناڕەزایەتیی پێشاندەدات، بەڵام لەلایەن **عەبدولوەهاب ئەترۆشییەوە** دەدرێتە بەر شەق و زللە و، بەقۆناخی چەکەکەی دەستی سەروچاوی خوێناویدەکا، ئەوجا دەیداتە بەردەستڕێژی گوللە و شەهیدی دەکات. **ساڵی 1969، حەسۆمیرخان – فەرماندەی هێزی کاوە**، لەگەڵ **عەبلاغای پشتدەر و، عەلی شەعبان فەرماندەی هێزی "بێتوێن"**، لەهێرشێکی هاوبەشیاندا بۆ سەر بنکە و ماڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات، هەموویان چەکدەکەن و **سەرجەم 76 پارچە چەکیان لێدەستێنن و دەستیشدەگرن بەسەر هەموو کەلوپەل و بەڵگەنامەی حیزبیی، پاشان کۆی بەڵگەنامەکان دەنێرن بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک). ئەوجا بەدیلگرتنی ژن و منداڵی هێندێک لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات، وەک ژن و منداڵی سلێمان موعینی لەلایەن حەسۆمیرخان و دەستەودایەرەیەوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار و سامناکیان بۆ تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشوور پێکهێنابوو، کە ئەوەش بەتەواوەتیی دوور بوو لە فەرهەنگ و داونەرێتی کوردەواری و، بەپێچەوانەی هەموو یاسایەکی مرۆڤی و، پرنسیپێکی نەتەوەیییەوە بوو...**

**مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف و دەیان کەسی دیکە لە کادرە ناسراوولێهاتووەکانی حیزب، لەچەندین بەرەنگاربوونەوەی**

**چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی رژێمی شا، شەهیدکران، یان گیران و، لەسێدارەدران. شەهیدکردنی سلێمان موعینی لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول و، تەسلیمکردنەوەی لاشەکەی بەرژێمی ئێران، بێسەروشوێنکردنی سدیق هەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تەوفیق خۆشەویستی بازرانی بۆ "مانی ماسی" لەسەر ویستی رژێمی ئێران و، دواتر هەڵاتن و خۆتەسلیمکردنی بەرژێمی عێراق و، بێسەروشوێنکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بەشیک بوون لەو زنجیرە کردەوە دڵتەزێنانەی کە لەپێناو دەسەلات وبەرژەوەندیی حیزبی و بنەمالەییدا، پێشکێشی حەمەڕەزاشای دیکتاتۆر و رژێمە داگیرکەرەکەی کران.**

**ژنەڕاڵ ئۆوەیسی کە ئەوکات فەرماندەی هێزی ژاندارمی سەرتاسەری ئێران بوو، بەهاوکاریی فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلوول و دەزگەی پاراستنی شۆرش، پلانی جێبەجێکردنی لەنێو بردنی پێشمەرگەی رۆژهەڵات و، بنبڕکردنی تۆوی خەباتیان لەو بەشەی کوردستان دەبرد بەڕێوە**

دەزگەی ساواک و هێزەکانی رژێم، پاش وەرگرتنەوەی شۆرشگێڕانی رۆژهەڵات، لەرۆژی گوللەبارانکردنیاندا، چەند سەعاتێک زووتر، بەنێو شەقامی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئۆتۆمۆبیل دەگەڕان و، بە بڵندگۆ بانگەوازیاندەکرد و، داوایان لە خەڵک دەکرد، بۆ بینینی دیمەنی گوللەبارانکردنی گوایە **"چەتەکان"**، بەرەو سەربازگەی شار برۆن. بە بیستنی ئەو دەنگوهەرایە، قوتابخانەکان دادەخران و، بە هەزاران قوتابیی تەمەن شەش سال و حەتساڵەوە هەتاکو لاو و، ژنوپیاوی تەمەن حەفتا ساڵ، روویان لە سەربازگە دەکرد. لەپێشدا، لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە پەیامی توند و ئاگرین لەدژی **(ئاژاوەچی و بکوژ و چەتەکان!!)** و لەنێوبردنیان و، دلێری و گەورەیی سوپا و شای شاکان – حەمەڕەزاشا، دەخوێندرایەوە، ئەوجا کۆمەڵێک چەکداری رژێم، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی،

پێشمەرگەکانیان یەکەیەکە و دوان دوان دەهێنایە ریزی پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵک و، گوللەبارانیاندەکردن. پاشان بۆ ترساندن و تۆقاندنی زیاتری خەڵکی کورد، لاشەی کوژراوەکانیان بە سەر زرێپۆش و، ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە شۆڕدەکردەوە و، بەنێو شەقام و جادەی شارەکاندا دەیانگێڕان.

بەم شێوەیە رژێمی حەمەڕەزاشا، لە پشت درۆشمی زل و بریقەدار و بێ بناخەی **"تاریخ 2500 ساله شاهنشاهی"** و **"بەسوی تمدن بزرگ"**، **(بەرەو شارستانێتیی مەزن)**، لەسەدەی بیستەم و، لەسەدەی زانست و پێشکەوتندا، بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی پێشانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی دەدا و، بە نواندنی دوژمنایەتی بێسنووری، مێژووی دڕندەیەتیی باوباپیرانی لە سەدەکانی کۆن بەرامبەر بە کورد دەخستەوە ڕوو.

شەروشۆری بەردەوام لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، پشتیوانیی لۆجستیکی رژێمی شا لە شۆرشی کورد، رژێمی بەعسی عێراقی ناچارکرد، بەنهێنیی بکەوێتە دانووستانی سیاسیی لەگەڵ رژێمی ئێران و، دوای چەند دیدارێکی نهێنیی کە سێ مانگی خایاند، سەرەنجام هەردوو رژێمی ئێران و عێراق لەوڵاتی **جەزایر**، بەنێوبژیوانیی سەرۆکی ئەوکاتی جەزایر بەناوی **هواری بومدیەن**، **لەرۆژی 6ی مارچی 1975 بەرامبەر بە 15ی رەشەممەی 1353ی هەتاویی، پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بریتیبوو لە (7) مادە و (5) تێبینیی.** هەر لەوساڵەدا رێککەوتننامەکە بەشێوەی فەرمیی بەناوی گرێبەستەکانی نێوان عێراق و ئێران لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا.

**پرۆتۆکۆلی (3) و (7)** تایبەت بوون بە لەنێوبردنی شۆرشی ئەیلوول و، رێگرتن لە هەرچەشنە جموجۆڵێکی چەکداریی کورد لەهەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەهاوبەشی و هاوکاریی یەکدیی.

**ڕێککەوتننامەی جەزایر** بۆ حەمەڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. چۆنکە بەهۆیەوە توانی کۆمەڵێک داخوازیی سنووریی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێت. لەپێوەندیی لەگەڵ کوردیشدا، ئاشبەتاڵی بەشۆرشی ئەیلوول کرد و، رژێمەکەی خۆی و داگیرکەرانی دیکەی کوردستانی سەبارەت بە کێشەی کورد لە وڵاتەکانیاندا ئەرخایەنکرد. هەروەها توانی بەهۆی هاوکاریی گەرموگوڕ و دڵسۆزانەی کاربەدەستانی شۆرشی ئەیلوولەوە، هێزی چەکدار و ڕێکخستنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، پەرشوبڵاوبکاتەوە و زەبری کاری و کوشندەی لێبوەشێنێ و، تۆوی بێهیوایی لەنێودڵی نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و، بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەرامبەر بە سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول بچێنێت.

**شەڕی نێوخۆیی لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حیزبی و، لە قاڵبی ڕێکخراوی سیاسیی، لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولەوە کە دەکاتە پەنجاساڵێک بەر لەئەمڕۆ، بەهۆی دوژمنایەتیی قووڵی نێوان سەرۆک بارزانی و، باڵی مامۆستا برایم ئەحمەد بناخەکەی داڕێژرا و، پاش نەمانی شۆرش و سەرهەڵدانەوەی حیزب و ڕێکخراوەی نوێی سیاسی و چەکداریی، ئەم دیاردە نگریس وماڵوێرانکەرە بەشێوەی سیستەماتیک و بەردەوام لەژێر نێو و درۆشمی ناکوردانە و نانەتەوییانەدا، دیسان بۆ ئامانجی کەسی و حیزبیی پێرەوکرا و، داگیرکەرانی کوردستان تێگەیشتن، چۆن دەتوانن وەک چەکێکی کاریگەر، لەسیاسەتی "سەرکوتکردنی کورد بەدەستی کورد" کەڵکوەربگرن...**

لەراستیدا کەمایەسییەکی گەورەیە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی بابەتانە و زانستانە سەبارەت بە شۆرشەکانی کورد، بەهەموو تەوەرەکانییەوە نەکراوە و، نووسەری کورد لەبەر گەلێک هۆ، خۆی

لەقەرەی ئەم بابەتە گرنگە نەداوە و نایدات. هۆکەشی ئەوەیە، ئازادیی بیروڕادەربڕین، نە لەلایەن ڕژێمەکانی دڕندە و داگیرکەری کوردستان و، نە لەلایەنی ڕێکخراوە و دەسەڵاتی ڕامیاریی کورد خۆیەوە، نەبووەتە یاسا و کولتوور و پێڕەوە ناکرێت. لەکۆندا بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە، بایەخ و گرنگیی بەنووسینەوەی سەربردە و ڕاپەڕینەکان نەدراون، ئەوڕۆکەش، دەسەڵاتی حیزبی و نان و بەرتیل و گوللە، ڕێگرن لەبەردەم، خستنەڕووی زانستانەی بەسەرهاتی ڕاپەڕینە بێئەنجام و خوێناوییەکانمان.

**وەنەبێ منیش بەنووسینەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول، بڵێم کاری توێژینەوەم ئەنجامداوە!** نا! لێدوان و نووسین سەبارەت بە شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی ئەیلوول، کە لەقۆناخێکی گەلێک هەستیاری جیهانی و، لەگەرمەی **"جەنگی سارد"** و کێشمەکێشی قووڵی نێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاڤا هەڵگیرسا و، سیاسەتی نێودەولەتیی، بەهۆی گرێدراویی داگیرکەرانی کوردستان بەدنیای دووجەمسەرییەوە، لەوسەردەمەدا ڕێگەی بەسەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردان و سازبوونی دەولەتێکی کوردی لەهیچ بەشێکیدا نەدەدا. ئەم ڕاستییەش لەبیرەوەرییەکەی **هێنری کیسینگەر (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو) (3*)** بەباشی ڕەنگیداوەتەوە و، دانیپێداناوە، کە چلۆن **ئەمریکا و شای ئێران و ئیسرائیل** و ڕۆژاڤا بەگشتیی، کورد و کێشەی کوردیان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژی سیاسیی خۆیان بەکارهێناوە، لێ سەرەرای ئەمانە، لاوازبوونی دیپلۆماسی و، ناهۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و، شەڕی نێوخۆیی و، هەڵنەسەنگاندنی زۆرلایەنی نێوخۆیی ودەرەکی و، گرێدراویی شۆڕشەکە بە ڕژێمی شای ئێرانەوە،

پێویستیان بە شیکردنەوەی هورد و بابەتانە  وهەمە لایەنتر و پوخت وتێروتەسەلتر هەیە.

**بێگومان، کاتێک دەتوانین شیکردنەوەی راست و زانستانە سەبارەت بە شۆرش، یان بزاڤێکی نەتەوەکەمان لە قۆناخێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژووییدا ئەنجامبدەین، کە چاوکانی و پێوانەمان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی بێت. ئەوجا لەوپێداچوونەوە و شیکردنەوەیەدا، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆرش، پێکهاتەی بەڕێوەبەرێتییەکەی، پێگە و روانگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی سەرکردەیەتیی شۆرشەکە، ئامانج و بەرنامەی سیاسیی رێبەرانی شۆرش، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەوسەردەمەی کە راپەرینەکەی تێدا بەڕێوەچووە، بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و گەلێک لایەنی دیکەی نێوخۆیی و دەرەکیی دەگرێتەوە، کە نووسین و ئامادەکردنی هەموو ئەمانە، کاری تاکە کەسێک و دوو کەس نییە و، پێویستی بە کۆمەڵێک مرۆڤی پسپۆڕ و زانا و نیشتمانپەروەر و دڵسۆز هەیە، کە لە نێوەندێکی ستراتیژی نەتەوەییدا کۆببووبێتنەوە و، بووجەی تایبەتیان بۆ دیاریکرابێ و، لەژێر کارکرد و دەستێوەردانی هیچ حیزب و خاوەندەسەلاتێکدا نەبن، کە ئەمەش بێگومان ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە هەڵسێ بەجێبەجێکردنی  ئەم ئەرکە گرنگە.**

هەرلەو کات و رۆژانەدا کە ساواک و داوودەزگەی سەرکوتی حەمەڕەزاشا، لە رۆژهەڵات راوی پێشمەرگە و شۆرشگێڕانیاندەکرد و، لە باشووری کوردستانیش بەهاوکاریی ژمارەیەک **لە فەرماندە و بەرپرسانی شۆرشی ئەیلوول، تاک تاک و پۆل پۆل دەگیران و، تەسلیم "ساواک" دەکرانەوە، جموجوڵێکی خوێندکاری و رۆشنبیریی لە شارەکانی رۆژهەڵات**

**سەریهەڵدابوو. دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی، دەوریان لەو سەرهەڵدانە رۆشنبیرییەدا دەگێڕا:**

**یەکەم،** هەڵگیرسانی **شۆرشی ئەیلوول** و دەنگوباس و رووداوەکانی باشووری کوردستان، هەستی نەتەوەیی لەرۆژهەڵات بووژاندەوە. ئەگەرچی رژێمی حەمەڕەزاشا، هەموو هەوڵێکیدەدا تاکو هیچ جۆرە پێوەندی و زانیاریوەرگرتنێک لەنێوان کوردی باشوور و رۆژهەڵاتدا پێکنەیەت، لەگەڵ ئەوەشدا، هاتوچووی بەردەوامی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ شارەکانی رۆژهەڵات و، دواندن و پرسیارکردنی خەڵک، بەتایبەتیی لاوانی رۆژهەڵات لێیان، هەروەها گوێگرتن لە **"رادیۆی شۆرش"،** کە بەدزی ساواک و سیخوڕەکانی حکوومەتەوە لەنێو ماڵان و لەنێو دوکان و بازار گوێی لێدەگیرا، بەتەواوەتیی ئاگاداری دەنگوباسەکانی باشووری کوردستان دەبوون. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**دووەم،** ئەو بەشە لە چینی خوێندکار و رۆشنبیرانی کورد کە لە زانستگەکانی شارەکانی ئێران بەتایبەتیی لە تاران دەیانخوێند، ناسیاری و تێکەڵاوییان لەگەڵ بزاڤی رۆشنبیری و خوێندکاریدا پەیداکرد و فێری شێوازێکی نوێی خەبات بوون کە نێوەندەکەی نێو شار و قوتابخانەی شارەکان بوو. ئەم بەشە لە خوێندکار و رۆشنبیرانی کورد، پێکەوە و لەنێو خۆیاندا، شانە و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیرییان دادەمەزراند، بەڵام بەشوێنپێیهەڵگرتن و، لاساییکردنەوە لە چەپی ئێرانی، بەتەواوەتیی کەوتبوونە ژێرکارکردی بیری کۆمۆنیستی و ئێرانیگەرێتییەوە.

لەشاری تاران، بزاڤی خوێندکاریی لەساڵەکانی **1970- 1971-** بەملاوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر پەرەیدەسەند. هەر بەو پێیە، دەزگەی **"ساواک"** یش گرنگی و بایەخی زۆری بە نێوەندەکانی خوێندکاران دەدا و،

بەڕێگەی سیخوڕەکانییەوە چاودێریی جموجوڵیانیدەکرد و، پاش دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان، دەیانگرتن، و دوای لێدان و شکەنجەکردنیان لە زیندان، ماوەی زیندانیبوونیان بۆ دەبڕایەوە. لەماوەی چەند ساڵێکدا، تێکڕای ئەندامانی سەرکردەیەتی و ڕێکخستنەکانی **ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران** و، **ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران** و، دوو ڕێکخراوەی ئیسلامیی سەر بە مەلاکان بەناوی **"ڕێکخراوەی فداییەکانی ئیسلام" و، "مؤتلفه اسلامی"**، لەلایەن "ساواک" وە گیران. سەرکردە و کادرەکانیان گوللەبارانکران، یان لەرووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی شا تێداچوون. ئەوانیشیان کە گیران، کەوتە ژێر شکەنجەی دژوار و توندەوە. کۆمەڵێک لە خوێندکارەکوردەکان وەک **فواد مستەفا سوڵتانی، شوعەیب زەکەریایی، جەعفەر شەفیعی، برایم وەتەندووست و تەیب روحوڵلاهی و حەمەحسێن کەریمی و سەید برایمی عەلیزادە** و، چەندین کەسی دیکە کە یەکیان دەناسی، بەنهێنیی چەند شانەیەکی ڕۆشنبیریی کۆمۆنیستییان پێکهێنا و، لەکێشەی نێوان چینی کۆمۆنیست و یەکێتیی سۆڤێتی ئەوکاتدا، ڕێبازی مائۆ سەرۆکی چینیان بەڕەوا زانی و، بوون بەلایەنگری مائۆ. **فواد مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی دیکە لەمانەی نێومهێنان، گیران و، کەوتنە زیندانەوە. بەهۆی ڕێککەوتنەکەیساڵی 1975 لەنێوان ڕژێمەکانی عێراق و ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تازە دوو سێ ساڵێک بوو شەڕی چەکداریی لەدژی ڕژێمی عێراق ڕاگەیاندبوو، بەرەوڕووی بارودۆخێکی گەلەک دژوار هاتبوو، ڕێگەی هاتوچۆی ئێرانیان لێگیرابوو، سوپای عێراقیش پەیتاپەیتا هێرشیدەکردە سەریان. لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی، کۆنەهاوڕێیانی لە بۆکانەوە بڕێکی باش پووڵ و نان و خواردەمەنی و دەوادەرمانیان**

**کۆکردنەوە و، دوو کەس لەهاوڕێیانی ئەم شانە نهێنییە مائۆئیستییە بەناوی دوکتۆر جەعفەر شەفیعی و ساعد وەتەندووست (مامۆستا برایم)، شتەکانیان بردبۆیان و، تاکاتی رووخانی رژێمی شا، لەنێو بارگە و پێشمەرگەی یەکێتیدا مانەوە.**

بەم چەشنە، حەمەڕەزاشا، لەسایی هۆشیاری و تێکۆشێنی ساواک و زەبروزەنگی سوپای داپڵۆسێنەرییەوە، هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و رۆشنبیری و چەکداریی لە ئێران و لە رۆژهەلاتی کوردستان لەنێو برد و، ئۆپۆزسیۆن و رێکخراوەیەکی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا نەهێڵا و، بەدڵنیایی و ئاسوودەییەوە، کوردگوتەنی: **"پاڵی لێدایەوە!".**

**ساڵی 1976**، حەمەڕەزاشا لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا، رێیدا بە رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی سەردانی زیندانەکان بکا و، لەنێزیکەوە لەگەڵ زیندانییەکان بدوێن و لەبارودۆخی نێوزیندانەکان ئاگاداربن، هاوکات رێدرا بە نووسینی هێندێک هەواڵ و وتاری رەخنەگرانە لەڕۆژنامەکاندا. ئەمەش تارادەیەک کەشێکی سیاسیی تازەی هێنایەپێشەوە، کە رۆشنبیران و، نەیارانی سیاسیی رژێم، پاش ساڵانێکی زۆر زاتبدەنە سەرخۆیان و، لەڕۆژنامەکاندا بنووسن، یان شەونامەبڵاوبکەنەوە.

رۆژی **16ی مانگی گەلاوێژی 1356ی هەتاوی (7/8/1977)**، بەفەرمانی شا، **سەرۆکوەزیران ئەمیر عەباس هۆوەیدا** پاش **13** ساڵ لابرا و، "**جەمشید ئاموزگار**" لەجێی دانرا. لەرۆژی **25**ی گەلاڕێزانی **1356،** سەرکۆماری ئەمریکا **جیمی کارتر** هاتە تاران و، داوای لەشا کرد مافی مرۆڤ لەوڵاتەکەیدا زیاتر بپارێزێت. شا بەڵێنی چاکسازیی دا، بەڵام بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت. لەکاتی سەردانەکەی جیمی کارتردا خۆپێشاندانێکی بەرین لەلایەن خوێندکارانی زانستگەکانی تارانەوە بەڕێوەچوون، کە لەمیدیای دەرەوە دەنگیدایەوە. **سەرۆکوەزیران جەمشید**

**ئاموزگار**، نەیتوانی هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی ئەنجامبدات، چۆنکە بڕیارەکان راستەوخۆ لەلایەن شاوە دەردەکران و، سەرۆکوەزیران، یان هەر کاربەدەستێکی دیکە دەبوو تەنیا جێبەجێکەری ئەو فەرمان وراسپاردانە بن کە شا دەریاندەکات. خۆپێشاندانەکان سەرەتا لە نێوەندی ئاینی **قوم**، پاشان لە **تەوریز** سەریانهەڵدا و، دوای چەند حەفتەیەک وەک پووش و ئاگر بەرەو شارەگەورەکان و شاروشارۆچکە و هەموو نێوەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کرێکاریی تەشەنەی سەند.

## بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان
## لەدواسالی تەمەنی رژێمی حەمەڕەزاشادا

خۆپێشاندان و پەلاماردان بۆ سەر بانکەکان و دەزگە و پێگەکانی سەرکوتی رژێم لەپارێزگەی **کوردستان (سنە) و، لەپارێزگەی ورمێ**، سەرەتا لەلایەن بەشێکی کەم لەخوێندکاران و رۆشنبیرانی شۆرشگێڕەوە دەستپێیکرد. بەڵام لە **ستانەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان**، بەهۆی ئەوەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پارێزگانە سەر بە ئاینزای شیعەن، هەر لەسەرەتاوە، مەلاشیعەکان رۆڵی گەورەیان لە سازدان و رێکخستنی خۆپێشاندانەکان بەئاراستەی بیروباوەڕی ئیسلامیدا گێڕا. لەپارێزگە شیعەنشینەکاندا مەلاکان ولایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینیی سەرپەرشتیی رێپێوانەکان و، جۆری درۆشمەکانیان دەکرد و، بەوێنەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، لایەنەسیاسییەکانی دی، ناچاربوون لەژێر چەتری پێڕەوانی ئایەتوڵڵا خومەینیدا لەپلانی رووخانی رژێمی پاشایەتیدا بەشدارییکەن.

بەڵام، ستانەکانی **سنە** و **ورمێ**، بەبەراورد لەگەڵ ستانەکانی دیکەی کوردستان و بە بەراورد لەگەڵ مەڵبەند و شارەکانی ئێراندا جیاوازبوو. زۆربەی مزگەوتی شارەکانی ئەم دوو پارێزگەیە (**سنە و ورمێ**)، وەکو

شارەکانی ئێران، کرابوون بەنێوەندی کۆبوونەوە و باسولێدوانی سیاسی و ڕێخستنی خۆپێشاندانی جەماوەریی، سەرەڕای ئەمەش، هەر لەسەرەتاوە، لەم دوو پارێزگەیەدا ڕۆشنبیرانی چەپ و دیمۆکرات، ریزی خۆیان و، تەنانەت مزگەوتی خۆشیان لە ئیسلامیستەکان جیاکردبووەوە. ئەو بەشە لەمامۆستایانی سەربە ئاینزای سوننە و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی لەکوردستان کە دژایەتیی شایان دەکرد، هێندێکیان لایەنگری **مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی** بوون، کە لە شاری **مەهاباد** دادەنیشت. هێندێکی دیکەش لایەنگری کەسایەتییەکی ئاینیی خەڵکی شاری **سنە** بوون بەنێوی **کاک ئەحمەو موفتیزادە.**

**شێخ عێزەدین حوسێنی،** مامۆستای ئاینی و، خاوەنی بیروباوەڕی ئیسلامیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دیمۆکرات و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوو. لە پەیام و وتەکانیدا باسی یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کوردی دەکرد بە هەموو ئایدۆلۆژی و پێکهاتەجیاوازەکانییەوە. هیچ جیاوازییەکی لەنێوان کوردێکی موسڵمانی خەباتگێڕ و، کوردێکی کۆمۆنیستی شۆرشگێڕدا نەدەکرد. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی کەمدا شێخ عێزەدین لەنێو ڕۆشنبیرانی چەپ ودیمۆکرات و جەماوەری خوازیاری ئازادیدا خۆشەویست بێ و، لەدەوری کۆببنەوە.

**بەپێچەوانەی شێخ عێزەدینەوە، کاک ئەحمەد موفتیزادە** کە هەر لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشاوە، پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکان و مەلاشیعەکانی نەیاری شادا هەبوو، لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستی نارەزایەتیی گەلانی ئێران لەدژی ڕژێمی پاشایەتیی، ئەم پێوەندییەی نێوان خۆی و مەلاشیعەکانی توندوتۆڵتر کرد. هێشتا چەند مانگێکی مابوو ڕژێمی پاشایەتیی بەتەواوەتیی هەرەس بێنێ، ژمارەیەک لەمەلا پایەبەرزەکان و ئایەتوڵڵاکان بەنوێنەرێتیی لەلایەن ناوەندەکانی ئاینزای

شیعەوە، دەهاتنە کوردستان و، راستەخۆ لەگەڵ کاک ئەحمەد موفتیزادەدا پێوەندییان دەگرت و، پێکەوە پلانیان دادەڕشت، کە ڕووی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش وەکو باقی شوێنەکانی ئێران، بەلای داخوازیی ئاینی وبیری ئیسلامیەتیدا بەرن. **"ئایەتوڵلا سەفدەری"** بۆ شاری **سنە** و، **"ئایەتوڵلا جەننەتی"** بۆ شارەکانی **سەقز و بانە دەستنیشانکران...**

**ئەحمەد موفتیزادە**، بەوەرگرتنی ڕێنوێنی لە مەلاشیعەکانەوە، دووبنکەی سیاسی و چەکداریی لەنێوچە سوننەکانی کوردستاندا دامەزراند و، نێوی **"مکتب قورئان"** و **"کۆمیتەی ئیسلامیی"** لێنان. بۆ کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئاینیی لەدەوری خۆی، دەستی بەجەولە کرد و، لە ناوچەکانی **بۆکان وسەقز و کرماشان و مەهاباد و بانە و مەریوان و کامیاراندا توانی دەیان مامۆستا و فەقێ و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی بۆلای خۆی راکێشێت. لەلایەن ئایەتوڵلاکانەوە بووجەی تایبەت بۆ خۆی و پێڕەوانی و بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانیان براپەوە و، ئەو بووجەیە راستەوخۆ لە شاری ئاینیی "قۆم" ەوە دەنێردرا بۆیان و، لەنێو پێڕەوانی و چەکدارەکانی بنکەکانی "کۆمیتەی ئیسلامی" و "مکتب قورئان" دا بڵاودەکرایەوە.**

**(هێژای گۆتنە، ئەحمەدموفتیزادە و زۆربەی پێڕەوانی و چەکدارەکانی "کۆمیتەکانی ئیسلامیی"، لەدوای رووخانی یەکجارەکیی رژێمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، هاوکارییان لەگەڵ رژێمی مەلاکانی ئێران درێژەپێدا و، لەکاتی هێرشی سوپا و پاسدارانی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان، خیانەتیان لەگەلی خۆیان کرد و، بوون بە "جاش").**

**حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، هەروەها کۆمۆنیستەکانی سەربە ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران** لەرۆژهەلاتی کوردستان، کەوتنە هەوڵی ئەوەوە کە شانە و ڕێکخستن پێکبهێنن و لەخۆپێشاندانەکانیشدا چالاکانە بەشدارییان دەکرد.

بەشێک لەرۆشنبیرانی سەر بە هێڵی چەپ، لەشارەکانی سەر بە پاریزگەی **سنه و ورمێ**، نێوەندێکیان بەنێوی "**جمعیت دفاع از آزادی زحمتکشان**"، **(کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان)** دامەزراند. هەردوو بەرەی ئیسلامی سیاسی و چەپەکان لە کوردستان، واتە "**کۆمیتەکانی ئیسلامی**" سەر بە ئەحمەد موفتیزادە و، "**جمعیت**"ی سەر بە کۆمۆنیستەکان، تێدەکۆشین بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکان و، ببوون بەجێگرەوە و ئالتەرناتیڤی دوای نەمانی دەسەلاتی رژێمی پاشایەتیی لە کوردستان. لەبەر ئەوە **لەشارەکانی کوردستان – بەتایبەتی لەشارەکانی سنە و سەقز، ئاستی دژایەتیی نێوانیان توندوتیژتر بوو.**

لەگەڵ ئازادبوونی ژمارەیەک لە**ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان** لە گرتووخانەکانی رژێمی شا، بەتایبەتیی دوای ئازادبوونی کارگێڕ و سەرکردەی کۆمەڵە **فواد مستەفا سوڵتانی**، کۆمەڵە لە چەند مەڵبەندێکی کوردستان وەک **مەریوان** و **سنە** و **سەقز**، "**یەکێتیی جوتیاران**"ی سازکرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکبهێنان و، لەدژی بەگزادە و فیودالەکان رێکیخستن. لەناوچەکانی **دیواندەرە** و **سەقز**، شەڕولێکدان لەنێوانیاندا دروستبوو. **رژێمی تازەدامەزراوی ئیسلامییش سوودی لەم کێشەیە بینی و، پشتگیریی ئاغاوبەگزادەکانی ناوچەکەی کرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکهێنان. درێژەی ئەم باسە پێوەندیی بەناوەرۆکی ئەم نووسینەوە نییە.**

## بارودۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەدواساڵەکانی رژێمی مەمەڕەزاشادا!

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەنێو نیشتمانپەروەران و، وەچی بەساڵاچوو و بەتەمەنی کوردستان خاوەنی ناوبانگ و پێشینەیەکی گەش بوو. حیزبی دێمۆکرات، لەدوای رووخاندنی کۆماری کوردستان و**

**لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە کاربەدەست و وەزیرەکانی کۆمار، تا کاتی دەستپێکردنی خۆپێشاندانی بەرینی گەلانی ئێران لەدژی رژێمی حەمەڕەزاشا، ساڵانێکی دوورودرێژی لەنێو شەوەزەنگ و تیرۆر و دیکتاتۆریی پەهلەویدا تێپەڕ کردبوو. بەهۆی هێرشی ساواک و سوپا بۆ سەر ئەندامان و رێکخستن و هێزی پێشمەرگەی حیزبەوە، زەبرێکی کاری وگەورەی لێدرابوو. لەنێوخۆی وڵات، رێکخستن و شانە نهێنییەکانی لەدەست دابوو. زۆربەی ئەندامانی لێهاتوو و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کە لەباشووری کوردستان دەژیان، لەلایەن سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوولەوە تەسلیم بە شای ئێران کرابوونەوە، یان تیرۆرکرابوون، یان دورخرابوونەوە.** بەشێکی دیکە لەکادر و پێشمەرگەی حیزب، لەسایی سەرکردەیەتیی شۆرشی کورد و، دوای هەرەسهێنانی شۆرش، دەستیان لەهەموو شوێنێک دابڕابوو، بەناچاری خۆیان تەسلیم بە رژێمی شا کردبووەوە و، وازیان لەچالاکیی سیاسی و حیزبی هێنابوو سەرقاڵی کار و ژیانی ئاسایی خۆیان بوون. چەند کەسێکی دی لەسەرکردەیەتی و کادرەکانی حیزب لە ئوروپا لەوڵاتانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت دەژیان، یان لە بەغدا دانیشتبوون و، چاوەڕوانی قەزاوقەدەریان دەکرد. لەبەر ئەوە لەکاتی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێراندا، پەرتەوازەیی و هەروەها کاریگەریی ترسوسام و دیکتاتۆریی رژێمی حەمەڕەزاشا بەرادەیەک لەسەریان مابوو کە خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێرانیان وەکو رووداو و هەڵچوونێکی کاتیی تەماشا دەکرد و لەو باوەڕەدابوون رژێمی شا بەرادەیەک بەهێز و خاوەندەسەڵاتە، کە خۆپێشاندانەکان بەهاسانی سەرکوتدەکا و، وەک ساڵانی پێشووتر، دەستدەکاتەوە بەگرتنوکوشتن و لەسێدارەدان. بەکورتی، راپەڕینی گەلانی ئێران سەرتاسەری شار و نێوەندەکانی ئابووری و پیشەیی و کۆمەڵایەتیی

گرتبووەوە، بەڵام سەرکردەیەتیی حیزب، لەدوورەوە و، لەڕێگەی رادیۆ و رۆژنامە و راگەیاندنەکانەوە، چاودێریی رەوتی رووداوەکانی دەکرد.

**لەمبارەوە، کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتیری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە پەرتۆکی "نیوسەدە تێکۆشان" لاپەڕە (109) دا ئاوای نووسیوە:**

**(.... ئەوەی راست بێ تەنیا کەس کە بەبێ قەید وشەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا خوالێخۆشبوو سید رسوول دهقان (سەید رەسووڵ بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لەبەهاری ١٣٥٧ دا بەتاقی تەنیا گەڕایەوە کورستانی ئێران و بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ لەناوچەکانی مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار لەنێو خەڵکدا کاری کرد. ... هاوڕێیانی دیکە دوو بەش بوون. بەشێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەڕاستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێک کە هەتا ئاخر و ئۆخری پاییزی ١٣٥٧ ، (دێسەمبەری 1978)، نەگەڕانەوە کوردستان. بەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەک لەنێوخۆی وڵاتدا نەببوون...).**

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەدوای رووخانی کۆمار و سەردەمی شۆرشی ئەیلوول، تاکاتی رووخانی رژێمی پاشایەتیی لەئێران، لەبری ئەوەی بەروانگەیەکی نەتەوەییەوە یەکێتی و تەبایی نێوان خۆیان بپارێزن و، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندنی خۆیان و پەروەردەکردنی کادری حیزبی و، رێکخستنی نهێنیی لەشار وگوندەکان، بۆ ئەوەی لەئەگەری سەرهەڵدانەوەی بارودۆخێکی سیاسیی گونجاو، بەئامادەیی تەواوەوە بێنەوەمەیدان و، بەلێوەشاوەیی و ئەزموونێکی زیاتر لەرابردوو، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان بگرنەوەدەست، کەچی کێشەی نێوان باڵەکانی **"مەلایی" و "جەلالی" و لایەنگیری لەحیزبی توودەی ئێرانیان کردبوو بەکێشە وسەرقاڵیی بۆخۆیان و، ساڵانێکی زۆریان بەناکۆکیی نێوخۆیی و، دژایەتیکردنی یەکدییەوە تێپەڕکردبوو. ئەوە بوو کاتێک رژێمی**

**حەمەڕەزاشا بەرەو رووخان دەچوو، سەرکردەیەتیی حیزب بەسەر بارودۆخێکدا کەوت، کە بەهیچ شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو.**

سەرکردەیەتیی حیزب لەکۆبوونەوەیەکیدا کە لە شاری بەغدا دەیگرێت، بڕیاردەدات کۆمیتەیەکی تازە پێکبێنێ لەو کەسانەی ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات و، ناوی دەنێن **"کۆمیتەی زاگرۆس"**. بەڵام پاش گەڕانەوەی ئەم کۆمیتەیەش بۆ نێو شارەکان، بەهۆی لێکدانەوەی هەڵەی حیزب سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی رژێمی شا و ئێران بەگشتیی، بڕیاردەدات لەنێو جەماوەری کورددا بەنهێنیی خەباتی سیاسی بکات.

**کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەم پێوەندییەدا پتر رۆناکایی دەخاتە سەر ئەم باسە و، لەلاپەڕەی (122) ی "نیوسەدە تێکۆشان" دا دەڵێت:**

**(کاتێک بۆ رۆژی 2ی رێبەندانی 1357 لە مەهاباد خەڵکمان بۆ رێپێوان و کۆبوونەوە لە مزگەوتی سوور بانگهێشتن کردبوو، شەوی دووی رێبەندان پێشنیارم کرد، کە بەیانی بچم لەمزگەوتی سوور بەناوی خۆم قسە بۆ خەڵک بکەم، کەچی بەو بیانووەوە کە "زاگرۆس" بڕیاریداوە ئێمە بەنهێنی بژین، دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ویش دا کاک غەنی موافەقیان لەسەر نەکرد. رووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان رانەدەگەیشتین. بەتایبەتی کە هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین و هەم بەهێندێ بڕیاری وشک دەست و باڵمان بەسترابوو. بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێک رژێمی شا رووخا لەڕاستی دا بەسەرمان دا رووخا. چونکە لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکرابوو کادری پێویستیشمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەرکەکانی ئەو قۆناخە بۆ پەروەردە نەکرابو کە هیچ، هەر نەشمان بوو....).**

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پاش پتر لە سی ساڵ خەباتی نهێنیی، سەرەنجام لەمانگی رەشەممەی ساڵی 1357، (2/3/1979)، لەشاری مەهاباد میتینگی گەورەی گرت و، دوکتۆر قاسملوو کە لە کۆنگرەی**

**سێیەمەوە ببوو بە سەرۆکی حیزب، لەبەرامبەر دەیانهەزار خەڵکی بەشدار لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەدا، گوتی:** "لەمڕۆوە، خەباتی ئاشکرای سیاسی و یاسایی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستپێدەکات...".

لەگەرمەی خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەهۆی نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسیی خەڵکەوە، زۆربەی ئەو دروشمانەی دەکەوتنە سەرزار و لەنێو کۆڵان و شەقامەکاندا دوبارە دەکرانەوە، هیچ پێوەندییەکیان بەکێشەی ڕەوای نەتەوەیی کورد و داخوازییەکانییەوە نەبوو. **ڕۆژ، ڕۆژی هوتافکێشان و هەڵچوون و دەمارگرژیی بوو لەسەر بیروباوەڕی ناقۆڵا و نەگونجاو بەرامبەر دۆزی ڕەوای کورد. دروشمی کۆمۆنیستی و ئیسلامی و ڕاست و چەپ و سووپەرچەپ دەگەیشتنە ئاسمان و ئالای زەرد و سۆر و کەسک و داسوچەکوچنیشان و ئالای ئیسلام بەسەر دەستەوە دەشەکانەوە، بەڵام ئاڵای کوردستان و، دروشمی نەتەوەیی، نێوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو.** لەشارەکان، لەڕێگەی هێندێک لەهاوڕێیانی نێزیکی سەرکردەیەتی و لایەنگرانی سەر بە **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، گەلێک دروشم دەکەوتنە سەر زارانەوە لەدژی پارتی و بارزانی و "قیادە موقت"، بێئەوەی خەڵکەکە بزانن، چ ئامانجێک لە پشت ئەو دروشمانەوەن و، لە سوود و بەرژەوەندیی کێدەدرێن. ئەوەش لەرەوتی خۆیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزاڤە ساوا و کەمئەزموونەکەی لە ناکۆکییەکەوە وەردا، کە زۆر بە زیانی یەکڕیزیی کورد و بەرژەوەندییەکانی شکایەوە ...**

**چەند مانگێک بەر لەڕووخانی ڕژێمی پەهلەویی، لە شاری سەقز ڕێکخراوەیەک بەناوی** "کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان" **دامەزرا. دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە کاک مەلا سەید ڕەشێد ئەندامی پێشووی**

**سەرکردەیەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو. مەلا سەید رەشید لەهاوڕێیانی نێزیکی ئەحمەد تۆفیق و، کەسێک خاوەن بیری نەتەوەیی بوو. رێکخراوەکە ماوەیەک لە سەقز و دەوروبەری پەرەی سەند و، توانی دەیان پێشمەرگە و ئەندام لەخۆی کۆبکاتەوە. بەڵام بەهۆی کوژرانی مەلاسەید رەشید لەشەڕی ئاغاکانی ناوچەی دیواندەرەوە و، دژایەتیی توندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ بوونی ئەم رێکخراوەیە، دوای چەند مانگێک هێزوتوانای خۆی لەدەستدا و، ساڵانێکی زۆر وەک شانەیەکی رۆشنبیریی مانەوە و، هیچ کاریگەرییەکیان نەما.**

بەکورتی، لە کوردستان و لە ئێران بەگشتیی، لەنێو هەموو لایەنەکانی نەتەوەیی و سیاسیدا، تەنیا چینی مەلاکان بوون کە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی رێکخراو و، پلاندارێژراو، هێدی هێدی، رووی داخوازیی خەڵک و، درۆشمەکانیان بۆلای بیروباوەڕی ئیسلامیدا سووڕاندەوە و لەرێگەی مزگەوتەکانەوە و، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیام و وتەکانی خومەینییەوە توانییان تێکڕای ئۆپۆزسیۆنی رەنگاوڕەنگی ئێرانی لەژێر چەتری رێبەریتیی ئایەتوڵڵا خومەینیدا کۆبکەنەوە. ئایەتوڵڵا خومەینیش لە پاریسەوە پەیتا پەیتا، نامە و راگەیاندراوەی دەگەیشتە دەستی مەلاکان و، بەرێگەی لایەنگرانییەوە، لەهەموو ئێراندا بڵاودەکرانەوە.

خومەینی دەیگوت: **"چاوی لەماڵی دنیا و دەسەلات نییە و، پاش رووخانی رژێمی پەهلەوی کە بەکرێگیراوی بێگانەیە، خۆی لە سیاسەتەوە وەرنادا و، دەچێتەوە بۆ مزگەوت و بەڕینوێنیکردنی ئاینیی خەڵک و نوێژ و پەرستکاریی خۆیەوە سەرقاڵ دەبێ! دەیگوت، ئەم باب و کوڕە (مەبەستی رەزاشا و حەمەڕەزاشا بوو! – ن.)، ئێرانیان وێرانکردووە، شارەکانیان وێرانکردووە و، گۆڕستانەکانیان ئاوەدانکردووە. دەبێ ئەم رژێمە نەمێنێت، چۆنکە خەڵک شایان ناوێ. خەڵک ئازادییان دەوێت ...!"**

خەڵکی ئێران لەمێژبوو ئەم قسانەیان لەزاری نەیارێکی شا و کەسایەتییەکی سیاسیی ئێرانییەوە نەبیستبوو. تەمەنی زۆر و پلەی کۆمەڵایەتی و ئاینیی خومەینیی هۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک باوەڕ بە وتە و پەیامەکانی بێنن. لەبەر ئەوە، تێکڕای دانیشتوانی ئێران، گەیشتن بە هەموو هیوا و ئاوات و ئامانجێکیان لە گەڕانەوەی خومەینیی بۆ ئێران و، لە کەسایەتی و هزر و رامانی خومەینیدا دەدیت. جگە لە خەڵکی ئاسای و رەشوڕووتی وڵات، هەروەها چینی خوێندەوار و تێکنۆکرات و، رۆشنبیران و، نووسەران و تەنانەت کۆمۆنیستەکانیش، بێئاوڕدانەوە لەروانگە و بۆچوونەکانی رابردووی ئایەتوڵڵا خومەینیی کە دەیان ساڵ بەرلەوەی بەدەسەڵات بگات، لە دوو پەرتۆکی **"کشف الاسرار"** و **"توضیح المسائل"** و نووسراوەکانی دیکەیدا نووسیبوونی، تەنیا شوێن وادە و بەڵێن و درۆشمەکانی کەوتن!

وەرزی پایزی ساڵی **1979**، شەپۆلی ناڕەزایەتیی، ریزەکانی خوارەوەی سوپا و پۆلیس و ناوەندەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و پەروەردەی گرتەوە، شا جگە لە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات، هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نەمابوو. ئەوە بوو **رۆژی 26ی بەفرانباری ساڵی 1357ی هەتاوی ( 16 january 1979)، حکوومەتی سپاردەدەستی کۆنەنەیارێکی خۆی بەناوی "شاپوور بەختیار" و، لەنێوپەژارە و گریانی دەستوپێوەند و پاسەوانەکانیدا بەچاوی پڕلەگریانەوە لەئێران چووە دەرەوە.**

**لەگەڵ هەڵاتنی شا، مەلاکان دڵنیابوون کە ئێدی چ کۆسپێک لەسەررێی بەدەسەڵاتگەیشتنیاندا نەماوە. ئایەتوڵڵا خومەینیی لەمێژووی چەندسەتساڵەی پڕهەورازونشێوی چینی ئاینیدا، توانی بەڕووخانی رژێمی پاشایەتیی، لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا یەکەمین حکوومەتی ئاینیی**

**بەسەرۆکایەتیی مەلاکان لەئێران دامەزرێنێت. بەدەیان ملیۆن جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران کە لە ڕۆژان و حەفتەکانی سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، بۆ وەدەستهێنانی "نان و کار و ئازادی" هاتبوونە سەر جادە و شەقامەکان، پاش چەند مانگێک و، لە ڕۆژانی نێزیک بە رووخانی ڕژێمی شادا، شەوانە دەچوونە سەربانی خانوو و باڵەخانەکانیان، تا لەنێو دیمەنی مانگدا وێنە و روخساری ئایەتوڵڵا خومەینی ببینن!! ئەوەش پێشاندەری ڕاستییەک بوو کە نەئەمریکا و ڕۆژاوا و، نەبەرەی چەپ و ئازادیخوازانی نێوخۆی ئێرانیش، لێکدانەوەی ڕاستودروستیان سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێران نەبوو، بەڵکو ئەوە تەنیا مەلاکان بوون کە بەهۆی پێوەندی و ژیانی بەردەوام و سەدان ساڵەیان لەنێو ئەو کۆمەڵگەی تێیدا ژیابوون و دەژیان، ئاست و ڕادەی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەناسی و، زۆر باش دەیانزانی چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە، بیانخەنە خزمەتی ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆیانەوە..**

مانگی ڕێبەندان، خۆپیشاندان لە سەر شەقام و جادەکانەوە، گوێزرایەوە بۆ تەقە و لێکدانی چەکداری و هێرشبردن بۆ سەربازگە و بنکەکانی پۆلیس و ژاندارم و ماڵی ئەندامانی ساواک و دایرەکانی ساواک و، بەندیخانەکان و، تالانکردنی ماڵ و سامانی کاربەدەستانی گەورەی ڕژێم.

**سەرەنجام ڕاپەڕینی بێوێنە و مێژوویی گەلانی ئێران گەیشتە لووتکە و، لەرۆژی 22 ی ڕێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی (11/2/1979ی زاینی)، بەوێنەی ئەرخەوانەسوور کەوتەڕێ و، تەختوبەخت و کۆشکوتەلار و داوودەزگەی ڕژێمی پاشایەتیی تێکەوەپێچا و لەنێوییبرد.**

## دۆخ و ئەرکی ئێستا

رێنیسانس و شۆرشی نوێخوازیی لەرۆژهەڵاتی ناڤین سەریهەڵداوە و، راپەڕینی گەلانی **میسر و تۆنس** بۆ گەیشتن بەئازادی و ژیان و گوزەرانێکی ئاوڕوومەندانەتر، لەماوەی مانگێکدا رژێمەکانی دیکتاتۆری **تۆنس و میسری** هەڵتەکاند. گەردەلوولی گۆڕان بەرەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەرێوەیە. تێکڕای رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیی ترسیان لێنیشتووە و، لەپیلان و رێچارەیەک دەگەڕێن، خۆیان لەم گەردەلوولە رزگار بکەن کە تادێ گەورەتر دەبێت. ئەگەر هەرەسهێنانی **یەکێتیی سۆڤێت** جیهانی بەرەو قۆناخێکی نوێ راکێشا، رووداوی **(11)ی سێپتەمبەری ئەمریکا**ش، دەستپێکی هاتنەکایەی قۆناخێکی نوێ و چارەنووسساز بوو بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین. بوونی رژێمەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و مرۆڤکوژ، چیدیکە سوودیان بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیی رۆژاوا لەنێوچەکەدا نەماوە و، مانەوەی هەرچی زیاتری سیستەکانی تۆتالیتێر و مافیاکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی، هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەسەندنی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامی و، رێکخراوەی تێرۆریستی و دژایەتیکردنی گەلانی ناوچەکە بەگشتیی لەدژی رۆژاوا. ئەمە راستییەکە دەوڵەتەکانی رۆژاوا پێیگەیشتوون و، ناچاریکردوون بۆ کرمکردنەوەی ئەو قورساییە سەربازی و ئابوورییەی لە **ئەفغانستان** و **عێراق** و، بەگشتیی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا لەگەڵی بەرەوڕوون، ستراتیژێکی سیاسیی نوێ دابڕێژن. پشتیوانیکردنی ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا لەراپەڕینی گەلانی موسڵمان لەدژی رژێمەکانیان بەڕۆنی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پیشاندەدات.

بەکورتی، قۆناخێکی نوێ لەمێژووی چەندین هەزارساڵەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەستپێکردووە. سەردەمی خۆسەپاندنی زۆرەملێ، پیرۆزیی رێبەر

و بنەماڵە و، بێڕێزیکردن و، پێشێلکردنی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بڕیاردان لەچارەنووسی گەلان، تێپەڕیوە و جێی خۆیداوە بە خەباتی جەماوەری و هێنانەسەرکاری سیستەمی دیمۆکراتیک و دادپەروەرانەتر. لەپێوەندیی لەگەڵ کێشەی لەمێژینە و چارەسەرنەکراوی کورددا، پێویستە ئەم هەلومەرجە نوێیە بەزانایی و ژیرییەوە شرۆڤەبکرێت. ئەگەر لە رابردوودا ئیدۆلۆژیسەپاندن و، درۆشمی چەوت و نەگونجاوسەپاندن بۆ دەیانساڵ خەبات وچارەنووسی نەتەوەی کوردی بە لاڕێدابرد، بائیدی بەس بێ و، لێگەڕێن نەتەوەی کورد وەکو باقی نەتەوەکانی سەرگۆی زەوین، سوود لەم گۆڕانە جەماوەری و هزرییە وەربگرێ و، یاساکانی پەسندکراوی نێونەتەوەیی بکات بەدرۆشم و ئامانج و داوای رەوای و، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

لەپڕۆگرامی **رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، مادەی (1) و مادەی (25) و مادەی (55)** تایبەتن بەمافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، لەڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەم پێنج خاڵەی خوارەوەدا جێکراوەتەوە:

**1 - هەموو گەلێکی خاوەندەوڵەت مافی سەربەخۆیی هەیە و، هیچ حکوومەتێک مافی نییە دەستوەرداتە یەکێتیی خاک و کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەوە. سازکردنی هەر جۆرە کێشەیەکی دەرەکیی بۆی، رەفزدەکرێ و، رەوایەتیی نابێت.**

**2 - هەر گەلێک کە خاکەکەی لەلایەن حکوومەتێکی داگیرکەرەوە، داگیرکراوە، مافی رەوای خۆیەتی خاکەکەی رزگاربکا و، سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و، کۆتایی بهێنێت بە بندەستبوونی.**

**3 - هەر گەلێک دەتوانیت لەهەڵبژاردندا دەوڵەتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت. (وەک ئەمەی لەوڵاتانی رۆژاڤای ئۆروپادا پێڕەودەکرێت!).**

**4 - هەر گەلێک مافی هەیە جۆری سیستەمی حکوومەتی خۆی دەستنیشانبکات.**

**5 - مافی بڕیاردانی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا کە لەمادەی (25)ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیدا هاتووە و، هەموو مافەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێدارەچاوکراوە و، دەڵێ: " تێکڕای دانیشتوانی هەر وڵاتێک، مافی بەشداریکردنی چالاکانە و هەمیشەییان هەیە لەبڕیاردان و دەنگدان، بەیەکسانیی لەبەڕێوەبردنی حکوومەت ووڵاتی خۆیاندا.**

ئەگەر ئەم پێنج پرنسیپانەی سەرەوە بکەینە بنەمای تێڕوانینمان سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد، ئەوا بەدڵنیاییەوە، داتاشینی هەموو ئەو ئیدۆلۆژی و درۆشمە ناقۆڵانەی کە بۆماوەی دەیانساڵ سەپێندران بەسەر خەباتی نەتەوەی کورددا، بەناڕەوا ونایاسای و نامرۆڤانە و، نانەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێن و، لەمەبەدواوە رۆشنبیران و، نیشتمانپەروەران و گەلی کورد بەگشتیی، نابێ ڕێگەبدەن، سەرۆک، یان سەرکردەیەتیی هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی کوردی، لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەیدا، گەمە و سووکایەتیی بەچارەنووسییەوە بکا و، مافی بڕیاردانی لێ زەوتبکات

تێگەیشتنی راستورەوا بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا ئەوەیە نێوەندێکی کوردستانیی پێکبێت بەبەشداریی ئەو حیزب و ڕێکخراوەسیاسی و کۆمەمەڵایەتییانەی کە نەفرەت لە گەندەڵی و دەستەودەستەگەرێتی و حیزبحیزبێنە دەکەن و، هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەیە نەتەوەی بەشمەینەت و کۆیلەی کورد لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنرێژ و درِندە و دژ بەمرۆڤ رزگاربکرێت. پلاتفۆرمێک دابڕێژرێ، خەباتی نەتەوەی کورد لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات یەکبخرێ، **درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی دیاریکردنی چارەنووس** بۆ کورد وەک داوای یاسایی و رەوا، بکرێت بەدرۆشمی تێکڕای کۆمەڵانی گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی پێش

رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، یان لەئەگەری هاتنەکایەی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی تازە لەڕۆژهەڵاتی ناڤین، گەلی کورد پێشوەخت بەئامادەیی تەواو و، بەبەرنامە و داخوازیی ئاشکرا و روونەوە بەرەو پیری رووداو و گۆڕانکارییەکان بچێت.

**ئەو پلانە گەورەیەی بۆ گۆڕینی رۆژهەڵاتی ناڤینی تازە، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی هاوستراتژیکییەوە نەخشەی بۆدارێژراوە، سەرەداوەکەی لە وڵاتی "تونس" ەوە دەستپێکرد و، بەڕووخانی رژێمی ئێران کۆتایی پێدەهێنرێت.**

**(32) ساڵ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم پرسیارە دەبێ لەخۆمان بکەین، پاش کوژران و بریندابوون و لەسێدارەدانی دەیانهەزار رۆڵەی نەتەوەکەمان، پاش هەموو سووکایەتی و بێڕێزی و دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر کچان وکوڕانی نەتەوەکەمان، پاش بەتاڵانبردنی سەدان ملیارد داهاتی کانزا و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوینی کوردستان لەلایەن رژێمی خوێنڕێژ و داگیرکەری ئێرانەوە، لەماوەی ئەم سی و دووساڵەدا، چ ئەزموون و وانەیەکی سیاسیی فێربووین؟! یەکڕیزی و تەبایی و رێزگرتن لەبیروڕای جیاواز و، پێشکەوتنی خەباتی نەتەوەییمان لەچ ئاست و رادەیەکدایە؟! جێگەی داخە، نەتەنیا لەهیچپەیەکێک لەم بوارەگرنگانەدا پێشنەکەوتووین،** بەڵکو لەسایی سیاسەتی هەڵەی حیزبەکانمانەوە، چارەنووسی سیاسیمان لێڵ و تاریکە. ئەم حیزبانەی ئێستا هەمانن، کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و، هێشتا بستێک خاک بەدەستیانەوە نییە، لەسەر کورسی و پلەوپایە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی بوونەتە دەیان پارچەوە و، بەبیستنی ناوی یەکدیی تووشی لەرزوتادێن و، تف لەسێبەری یەکدەکەن، ئەگەر رژێمی ئیسلامیی ئێران رووخا و، گەڕانەوە بۆ نێوخۆڵک و شارەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایە نایکەن بەشەڕەگەڕەک و شەڕەقۆچەقانێ و هەرلایەنەیان ناکەونە پەلوپۆ کە لای دەوڵەتی تازەدامەزراوی ئەوکاتی ئێران حسێبیان لەسەربکرێ و، بەوەش بەوێنەی سەرکردەکانی باشووری کوردستان، هەلێکی دیکەی مێژوویی لەکیس کورد نادەن؟!

**بۆ ڕێگرتن لەهاتنەکایەی دۆخێکی ئەوتۆ دزێو و ناجوامێرانە و نانەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە هەر لەئێستاوە، ڕێکخراوەکانی مەدەنی و مرۆڤی و رۆشنبیریی بەئامانجی نەتەوەییەوە زیاتر پەرەبستێنن. دڵسۆزان ونیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان پێویستە کۆمیتەی رفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد پێکبهێنن و، هەموو توانای راگەیاندن و دارایی و ڕێکخستن و دیپلۆماسی بخرێتەکار بۆ ئەوەی ئەم دروشم و داخوازییە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، ببێت بەدرۆشم وداخوازیی ملیۆنان کورد. بێگومان سەدان کوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەنێو حیزبەکاندا هەن کە بیری نەتەوەییان هەیە و، دەتوانن لەنێو حیزبەکانی خۆیاندا رفراندۆم بۆ کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد، بکەن بەباسی سەرەکیی. وازهێنانی سەرۆکایەتیی حیزبەکان لەسەپاندنی درۆشمی فیدراڵی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کەهیچکات سەرکەوتوونابێت (ئێمە نموونەی شکستخواردووی باشووری کوردستانمان هەیە، چۆنکە پێشزەوینەی دامەزرانی سیستەمی فیدراڵی لەهەر وڵاتێکدا کە چەند نەتەوەی جیاجیای تێدادەژین، بوونی فەرهەنگ و بیری یەکسانی و ئازادیخوازییە کەلەپرۆسەیەکی دووردرێژی مێژووییدا کاری پێکرابێ)، و، بەرزکردنەوەی درۆشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆکورد، دەبێتەهۆی ئەوە کە هاودەنگییەک لەنێوان نەتەوەی کورد و، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەدەوری درۆشمێکی هاوبەش پێکبهێنرێت. ئەمەش بێگومان دەستەبەری سەرکەوتنی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دەکا و، تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین پشتیوانیی دنیای ئازاد و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرین، کە چاودێریی راپرسییەکی ئازاد لە کوردستاندا بکەن و، نەتەوەی کورد بتوانێت دوور لەترس و هەڕەشەی هیچ**

داگیرکەر و هەلپەرست و زۆردارێک، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. ئێمە ئەم نموونەسەرکەوتووەمان لەراپرسییەکەی باشووری سۆدان دا بینیی، کە خەڵک و حیزبەسیاسییەکانی پێکەوە رفراندۆمیان کرد بەداخوازییەکی گشتیی بۆ دەستخستنی ئازادی و سەربەخۆییان.

## ژێدەر:

(1*)- حاجی برایمی هاشمیان ناسراو بە حاجی برایمی کەلانتەر، کوڕی حاجی هاشمی شیرازی لە بازرگانانی دەوڵەمەندی شیرازبوون. ئەم بنەماڵەیە لەپێشدا جوولەکە بوون و وەک گەلێک جوولەکەی دیکە بۆڕاگرتنی سامانیان و دەستخستنی پلەوپایەی سیاسی و کۆمەلایەتیی، دەبوون بە موسڵمان، بەلام لەنێوخۆیاندا داونەرێتی خۆیان و ئاینەکەیان دەپاراست. حاجی برایم لەلایەن کەریمخانی زەندەوە کرا بە داڕۆغەی چەند گەڕەکێک لەشیراز. دواتر پلەی بەرزکرایەوە و بوو بە "کەلانتەر" و بەرپرسیارێتیی پاراستن و ئاسایشی شیراز پێتەختی حکوومەتی زەندی پێسپێردرا. لەمەوە نێوبانگ و دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتیی حاجی برایم زیادیکرد و نێزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بنەماڵەی زەنددا پەیداکرد.

دوای مردنی کەریمخان، کوڕەگەورەکەی بەناوی لەتفعەلیخان بوو شا. لەکاتی هێرشی تورکەقاجاڕەکان بەسەرۆکایەتیی ئاغامحەممەدخان، لوتفعەلیخان بەرەو ئەسفەهان لەشکری کێشا کە ئەو شارە لەدەستی لەشکری قاجاڕ رزگاربکات، بەلام لەگەڵ گەیشتنی، یەکێک لە براکانی حاجی برایم کە فەرماندەی لەشکر بوو، لەگەڵ چەندین فەرماندەی دیکە، چەکدارەکانی خۆیان هەڵگرت و، هۆردووی لوتفعەلیخانیان بەجێهێشت. ئەوە بوو شای زەند لەبەرامبەر لەشکری زۆروزەوەندی قاجاڕ و هۆزەکانی دیکەی نەیاری زەنددا خۆپێڕانەگیرا و بەرەو شیراز کشایەوە. کاتێک گەیشتە بەر دەوازەی شار، حاجی برایمی کەلانتەر فەرمانیدا دەروازەکانی شار دابخەن. لەتفعەلیخان

که تازه له پیلانی هاوبەشی حاجی برایم و هۆزەکانی دیکەی فارس و هۆزی تورکانی قاجارِ ئاگادار ببوو، بەرەو شاری کرمان پاشەکشەی کرد و، دوای چەندین هەفتە نەبەردی خوێناویی، خۆی لەشکرەکەی و دانیشتوانی کرمان قڕکران.

ئاغامحەممەدخان حکوومەتی شیرازی دایەدەستی حاجی برایم و، بۆ هەموو کاروبارێکی سیاسیی پرسیپێدەکرد و، هەموو فەرماندەکان و چەکدارەکانی ئاگادارکرد، که هەر فەرمانێک لەدەمی حاجی برایمەوە دەردەچێت، فەرمانی ئەویشه و دەبێ جێبەجێی بکەن. دوای مردنی ئاغامحەممەدخان، حاجی برایم له دانانی جێنشینیدا رۆڵی گەورەی گێڕا و، توانی لەنێو هەموو برا و برازاکانیدا، "فتحعلی میرزا" بکات بەشای ئێران. ماوەیەک دوای تێپەڕبوونی پاشایەتیی فەتحعەلیشا، حاجی برایمی کەلانتەر، زۆرینەی پلەوپایەی سیاسی و لەشکری و کۆمەڵایەتیی بەسەر کوڕەکانی و برا و برازاکانی خۆیدا دابەشکرد. سامان ودارایی و موڵکی له گەورەکانی قاجارِ زیاتر بوو. لەمەوە فەرماندە و گەورەکانی هۆزی قاجارِ کەوتنە گومان لێی و، شایان له نیاز وئامانجی حاجی برایم تێگەیاند. شا فەرمانی گرتنیدا و، هەردوو چاو و زمانی خۆی و کوڕەکانی وبراوبرازاکانی حاجی برایم دەرهێنرا و، بەکوێریی زیندانی کران و، خرانە ژێر شکەنجەوە و، سووکایەتیی زۆر بەخۆیان وژن و منداڵیان کرا. پاشان هەموو سامانەکەشیان زەوتکرا.

(2*) – "کارەساتی کوردەکان" بەرگی سێیەمی یاداشتەکانی هێنری کیسنگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو. سەباحی غالب لەوەرزی هاوینی ساڵی 1999 کردوویەتی بەکوردی.

(3*) - عیسا پژمان کوڕی عەبدۆڵڵا ساڵی 1303 ی هەتاوی (1924) لەشاری سنه هاتووەتەدنیاوە. خوێندنی سەرەتای وناوەندی و دواناوەندیی لەشارەکەیدا تەواوکرد. لەتاران درێژەی بەخوێندن دا و، لەزانستگەی (ملی)، خوێندنی لەبواری یاسایدادوەریدا تەواوکرد. هەرلەو کاتەدا لەلایەن "ساواک" ەوە وەرگیرا. عیسا پژمان،

لەساواكدا پلەی بەرزكرایەوە و، بوو بەسەرۆكی ساواك لەكاروباری عێراقدا. ماوەی چەندین ساڵ سەرۆكی پاراستنی پۆلیسی هەموو ئێران بوو. پێش بەدەسەلاتگەیشتنی عەبدولكەریم قاسم لەعێراق، عیسا پژمان لەڕێگەی شانەكانی خۆیەوە، ئاگاداری نەخشەی كودەتا دەبێ و، لەراپۆرتێكدا ئەم بابەتە بەئاگاداریی شا و، وەزیری پاراستنی رژێمی شا، بەناوی تەیموور بەختیار دەگەیەنێ و، تەنانەت كێندی سەركۆماری ئەمریكاش ئاگاداردەكات، بەڵام شا وئەمریكا بۆچوونەكەی بەڕست نازانن، تەنانەت شا لێشی تووڕەدەبێت. بەڵام پاش ئەوەی كودەتا روودەدات، شا بەتەواوەتیی متمانە بە توانای و راستگۆی ودڵسۆزییەكەی دەكا و، لەپێوەندیی لەگەڵ عێراق و باشووری كوردستاندا، دەیكات بەنوێنەری خۆیو ، هەموو دەسەلاتێك دەداپێی.

ساڵی 1958 بەناوی مامۆستای قوتابخانە دەچێ بۆ باشووری كوردستان و، لەشاری سلێمانی سەرەتا لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد پێوەندیی دەگرێت. پاشان لەباڵوێزخانەی ئێران لەمێوانییەكدا كە بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە گیراوە، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنادەبێ. پێوەندیی نێوانیان بەردەوام دەبێت تاكاتی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول لەساڵی 1961. دوایی جۆری پێوەندییەكان دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی سەركردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول و، سازكردنی پێوەندیی لەگەڵ مەلامستەفا بارزانیی. دوای هەرەسهێنانی شۆرش لە 1975 كۆتایی دێت.

## سەرچاوە:

1- مێژووی دەسەڵاتداریتیی ئاینیی لەئێران- نووسینی سیروان كاوسی، مانگی جۆزەردانی ساڵی 2010 لەوڵاتی نۆروێژ چاپكراوە.

2 - ماڵپەڕی ویكیپیدیا بەزمانی فارسی. ژیان و بەسەرهاتی حاجی برایمی دارۆغە!

3 - لەبیرەوەرییەکانم بەرگی (بەرگی سێیەم) نووسینی: کەریم حیسامی.

4 - بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینگەر بەرگی سێیەم.

5 - پەرتۆکی «تند باد حوادث» بەزمانی فارسی لەنووسینی: عیسا پژمان

6 - چگونگی اعمال حق تعیین سرنوشت (مقاله)، از دکتر محمد علی بهمنی قاجار، لاپەڕەی (2) کۆپلەی دوو.

# هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد بەڕێوەیە، بەمەرجێک ئەم هەلەش نەکرێتە قوربانیی حیزبحیزبێنە و، هەڵوهەڵپەی کورسی و پووڵ و پلەوپایە!

## سەروتاری گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (53)
## مانگی رەزبەر (October) ی 2010

دژایەتیی نێوان رژێمی ئیسلامیی ئێران و، رۆژاوا، پاش دەستپێکردنی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد توندتر و ئاڵۆزتر بووە و گەلێک لە چاودێرانی سیاسیی، هاتنی ئەحمەدینژادیان بەنیشانەی گەڕانەوەی رژێم بۆ رێباز و بناخەفکرییەکانی سەرۆکی شۆرشی ئیسلامیی - ئایەتوڵڵا خومەینیی داوەتەقەڵەم. لێدوانەکانی توندی ئەحمەدینژاد لەدژی ئیسرائیل و ئەمریکا و، راگەیاندنەکانی پەیتاپەیتای فەرماندەکانی سوپای رژێم لەساڵانی رابردوودا کە گوایە هێزەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە هێرشی دەرەکیی، لەئامادەیی و مەشقی بەردەوامی جەنگیدان، وەرامی ئەو داخوازییەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بووە کە چەندین سالە داوا لەئێران دەکەن، واز لەپرۆژەی سازکردنی چەکی ئەتۆم بهێنێت. فەرماندەکانی سوپای رژێم زۆرجار باسیان لەتاقیکردنەوەی راکێتی دوورهاوێژ و چەک و فڕۆکەی سیخۆڕیی کردووە و گوتوویانە هەموویان لەلایەن ئەندازیاری ئێرانییەوە دروستکراون و، بەسەرکەوتوویی تاقیکراونەتەوە. سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵ سەرکۆماری ئێران مەحموود ئەحمەدینژاد و راوێژکاری راگەیاندنی سەرکۆمار رایانگەیاند: **"لەخولی تازەی وتووێژەکاندا لەگەڵ گروپی 1+5 ئامادەنین سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران قسەبکەن، بەڵکو دەیانەوێ سەبارەت بە سەرۆکایەتیی جیهان**

**لەگەڵیان کۆببنەوە!!"**. هاوکات، **فەرماندەی بنکەی بەرگریی ئاسمانیی (خاتم الانبیا) بەناوی سەرتیپ ئەحمەد میقانی** لە تلویزیۆنەوە رایگەیاند، بەمەبەستی بەرگریکردن لەهێرشی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، مەشقێکی گەورەی سەربازیی لەدەوروبەری ناوەندەئەتۆمییەکان لە **تاران، قۆم، ئەسفەهان، بووشەهر، نەتەنز** و شوێنێکی دیکە لە رۆژاڤای ئێران (نێوی نەهێنرا)، بەڕێوەدەچێت. میقانی هەروەها گوتی: ئەم ئامادەکارییە لەبەرامبەر هێرشی فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و، راکێتی "کرووز" ی ئەمریکاییدا دەکرێت بۆ پاراستنی ناوەندەکانی ئەتۆمیی ئێران.

ئێران لەسالانی رابردوودا بەهۆی پێوەندیی گەرموگوڕی ئابووریی لەگەڵ رووسیا و چین، پشتی بەپشتگیریی ئەم دوو زلهێزە لەبەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکادا بەستبوو، بەڵام ئێستا دەبینێ کڵاوی سەرچووە. رووسیا لەناردنی سەدان راکێتی **"S 300"** بۆ ئێران پاشگەزبووەوە کە پێشتر لەگەڵ رژێمی ئێران لەسەری رێککەتبوون. دەوڵەتی رووس هەروەها ئەو رێککەتننامەیەی پشتگوێخست کە دەبوو لەچەند قۆناخێکدا ناوەندی ئەتۆمیی بووشەهر بخاتەگەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ملیارددۆلاری لەئێران وەرگرتبوو. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی تازە زانیویانە کە، نیازی رووسیا تەنیا دادۆشینی ئێران بووە و، رووسیا هەر لەسەرەتاوە، نەیویستووە ئێرانێکی خاوەنچەکی ئەتۆمی لەدراوسێتی خۆیدا بەدەستی خۆی دروست بکات. لەمانەش تاڵتر بۆ رژێمی ئێران هەڵوێستی ئەمدواییەی رووسیا بوو، کە وازی لەگەمەی پشتیوانیکردنی ئێران هێنا و، بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەسندکرد کە گوشاری ئابووریی توندتر بخرێتەسەر ئێران، ئەمەش یەکڕیزی وهاودەنگیی پتەوتری لەئاستی نێونەتەوەیی لەدژی ئێران دروستکرد.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەم راستییە تێگەیشتوون کە رازیبوونیان سەبارەت بەگەڕان و پشکنینی سەربەستانەی کارناسانی **UN** لەناوەندەکانی ئەتۆمیی ئێران، سەرەتایەکە بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی

سیاسی و سەربازییان لەنێوخۆ و لەئاستی نێوچەکە، لەبەر ئەوە تاکو ئەورۆ تێکۆشیون سیاسەتی ناکۆکیی خستنەنێو وڵاتانی گرووپی **5+1**، پێڕەوبکەن، کات و زەمانی پێویست دەستخەن کەبتوانن دەستیان بگات بەچەکی ئەتۆم.

پرۆپاگەندەکردنی زیاتر و بەردەوامی میدیاکانی ئەمریکا و ئۆرووپا لەدژی ئێران و، ناساندنی ئەو رژێمە، بەرژێمێکی پڕمەترسیدار بۆ ئاسایشی نێوچەکە و جیهان، گفتوگۆکردن لەگەڵ نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژ بەرژیم لەدەرەوە، ئەو رۆژانە بیردەهێننەوە کە رۆژاڤا پێش لەشکرکێشیی بۆ سەر رژێمی عێراق و تالەبان لە ئەفغانستان رێیخستبوو. هێورکردنی زیاتری بارودۆخی ئەفغانستان و عێراق، لەمانگەکانی داهاتوودا، گوشاری زیاتری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئێران بەدواوەدەبێت. ئەگەرچی پێش روودانی هەرشتێک، پێویستە بڕێکی باش چەکوچۆڵی جەنگیی بەوڵاتانی کەنداو بفرۆشرێت، چۆنکە هەرچەند ساڵ جارێک دەبێ بەسەرهاتی **"پێستی گورگی گیسکەکەی هەیاس"** بەسەر وڵاتانی دۆستی رۆژاوا لەناوچەکە دووپاتبکرێتەوە.

کاربەدەستانی ئێران کە بەوردی چاودێریی رەوتی سیاسەتەکانی رۆژاوا بۆ سەر رژێمەکەیان دەکەن، بەوێنەی رژێمی سەددام دەستیانکردووە بە پێشاندانی ماسوولکە و، هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و، هاوپەیمانەکانی، بەڵام سوپای یەک ملیۆنی و هەزاران راکێت و فڕۆکەی جەنگی و تانک و تۆپ و جبەخانەی زۆروبۆر چەند بەفریای سەددام حسێن و رژیمەکەی کەوتن، هەرهێندەش دەتوانن رژێمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران لەفەوتان بپارێزن.

ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیی، بەتایبەتیی رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران بەسەرۆکایەتیی مریەم و مەسعوود رەجەوی، بەهەوڵی بێوچانی دیپلۆماسی، نەک هەر رێکخراوەکەیان لەلیستی رەشی ئۆرووپا هێنایەدەرەوە، بەڵکو توانیویانە لۆبییەکی بەهێز لەنێو پەرلەمانی ئۆرووپا و

کۆنگرەی ئەمریکادا دروستبکەن و، لای ولاتانی دیمۆکراتی جیهان وەک ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز وجێ متمانە حیسابیان لەسەربکرێت. هەزاران لایەنگری رژێمی پاشایەتیی و، چەندین حیزبی دیکەی ئێرانیی کە نیشتەجێی ئەمریکان، سەرقاڵی خۆڕیخستنەوە و، دیدار و کۆبوونەوەن لەگەڵ کاربەدەستان و، دیپلۆماتەکانی ئۆروپا و ئەمریکا و، خۆیان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیی ئامادەدەکەن. لەڕوانگەی ئەمریکاوە، حکوومەتی داهاتووی ئێران پێویستە پێکهاتەیەک بێت لەنەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژبە رژێمی ئیسلامیی، کە لەداهاتوودا ئاسایشی دڵخواز بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەی دەرەکیی لەوڵاتیاندا دابین بکەن و، دژایەتیی بەرژەوەندیی رۆژاوا نەکەن لەناوچەکەدا.

لەم نێوەدا ئەوی وا لەنێو گێژەڵووکەی ناکۆکی و دەمارگرژیی حیزبی و پاوانخوازی و، بێبەرنامەی و سەرلێشێواویی سیاسیدا خولدەخوات، ئۆپۆزسیۆنی کوردە لەرۆژهەڵاتی کوردستان کە چاویان بەدیتنی یەکتر هەڵنایە و، لەترسی لەدەستدانی کورسی و پلەی حیزبیی ئامادەنین لەژێر چەتر و بەرەیەکی هاوبەشدا کۆببنەوە و، هەرهەمووشیان چاوەڕوانن دوای رووخانی رژێمی ئێران، بگەڕێنەوە سەرسفرەی حازر و، هەریەکەیان گەڕەک و گوندێک داگیربکەن و، بۆ وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی، بەئاشکرا و بەنهێنیی سەردانی تاران بکەن و، بکەونە دانووستان لەگەڵ ئەو نادیمۆکراتانەی کە بەناوی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ، دەسەلاتی حکوومەتی تازەی ئێران دەگرنەدەست.

بەکورتی، هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد بەڕێوەیە، بەمەرجێک سەرکردەیەتیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لاسایی یەکێتیی نیشتمانی وپارتی دێمۆکرات نەکەنەوە و، حیزبحێزبێنە و بیرتەسکی و هەوڵو هەڵپەی پلەوپایەوکورسی و پووڵ و بەرژەوەندیی حیزبیی، بەسەر بەرژەوەندی و ئامانجی رەوا ولەمێژینەی نەتەوەی کورددا نەسەپێنن!

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

1- ئەفیون، Drug، تلیاک، چاپی 1 و 2 لە ولاتی نۆرویژ، سالی 2009 چاپکراوە.

2- میژووی دەسەلاتداریتیی ئاینیی لەئیران، لە "ئیمپراتۆری سەفەوییەوە، تا ڕووخانی رژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی". سالی 2010 لەولاتی نۆرویژ چاپکراوە.

3- تایپ و ئامادەکردنی گۆڤاری "کۆنگرە"، لەسالی 1999 وە هەتاکو مانگی گولانی سالی 2011 پەنجاوسێ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە. کاری تایپ و ئامادەکردن و، نووسینی سەروتار و وتاری دیکە و دارشتنی لەڕوی زمانەوانی و ئەرکی دیکەی هەر لەئەستۆی خۆم بووە.

4- "کۆبەرهەم" ژمارە (1) مانگی گولان لەولاتی نۆرویژ لەچاپدراوە.

**وێنەی هێندێک لەبەشدارانی کۆنگرەی (4)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان،**
**رۆژانی 10 و 1998/10/11 لەشاری لەندەن.**

**لە کۆنگرەکەدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووم. دوای کۆتایی کۆنگرە، راگەیەندراوەی کۆتایی کۆنگرەم ئامادەکرد و، بۆ سەدان لایەنی سیاسیی کوردی و بێگانە بەڕێکران. دواتر دەقی بەیاننامەکەم لە گەڵ دەستوور وپێڕەوی نێوخۆیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا چاپ وبڵاوکردەوە.**



نووسینگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن، ریزی پێشەوە، لەچەپەوە: سابیر کۆکەیی، عەبدوڵڵا پەشێو، سیروان کاوسی، جەمال نەبەز،خاتوون هەنە لە ئەڵمانیاوە، ریزی پشتەوە لەراستەوە: تامان شاکر، جەواد مەلا، نەورۆز، شێروان رەشید، بروسکە ئیبراهیم، ئازاد قورئانی، سەردار پشدەری، کامیل ژیر. بەداوای لێبووردنەوە ناوی 4کەس لەوێنەکە نەزانرا. رێکەوت: 31/7/2005





لەگەڵ هاوبیران مامۆستا نەبەز و مامۆستا پەشێو، لەنووسینگەی کۆنگرە لە لەندەن: رێکەوتی: 31/7/2005



لەگەڵ مامۆستا کامیل ژیر، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – سەرکردەیەتیی باشوور. ئەم وێنەیە لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەلەندەن، رێکەوتی 30/7/2005 گیراوە!



پەرلەمانی نۆروێژ 23ی مانگی ڕەزبەر (ئۆکتۆبەر) ی 2008 دیدار لەگەڵ توور بیۆڕن یاگلاند، سەرۆک وەزیرانی پێشووی نۆروێژ، سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمان و سەرۆکی ئێستای کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل. لەوێنەکەدا چەند بڵاوکراوەیەک لەگەڵ ئامانجەکانی KNC پێشکێشدەکەم



پەرلەمانی نۆروێژ دیدار لەگەڵ کریستین هالڤۆرشێن سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی چەپ و وەزیری دارایی نۆروێژ.
لەچەپەوە، سیروان کاوسی، کریستین هاڵڤۆرشێن، حشمەت شەفیعیان، شوان بەرزنجی. 18/8/2008



لەگەڵ شێخ لەتیف مەریوانی، کۆنگرەی (6)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکەوتی 18/4/2009



لەچەپەوە: بروسکە ئیبراهیم، ئەحمەد تورک، جەواد مەلا، سیروان کاوسی، حەمەساڵح کەرکووکی.
پەرلەمانی بریتانیا ڕێکەوتی: 20/4/2009



ژمارەیەک لەبەشدارانی کۆنگرەی (6)ی KNC لەشاری لەندەن، ڕێکەوتی: 18/4/2009